وتارو لێكۆڵینەوە

# دەسەڵات و حەقیقەت

و: ئیدریس شێخ شەرەفی

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٠٤



لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی(٢٩)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب
ئیسماعیل کوردە_ ریبین رەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب: دەسەلاتو هەقیقەت
نووسینی: کۆمەلێك بیرمەند
بابەت : وتارو لێکۆڵینەوە
پیت چنین: عیماد رەسوڵ –باری عومەر
نەخشەسازی‌و بەرگ: ئیسماعیل کوردە
تیراژ: ١٠٠٠
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٤
نرخی (٣٠٠٠)دینارە
چاپ: چاپخانەی رەنج

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

# نێوەرۆك

★پێشەکی.................................................................٤
★ لەگۆیمانەی چەپاندنەوە تاوەکو بایۆ دەسەڵات...................٧
★جینالۆژیای مرۆڤی مۆدێرن وەك بابەت..........................٣٦
★جینالۆژیای مرۆڤی مۆدێرن وەك بکەری ناسین..................٧٨
★ سیاسەتو عەقڵ...............................................................١٠٤
★دەسەڵاتو حەقیقەت.......................................................١٤٥
★خودو دەسەڵات...........................................................١٧٩
★ دەسەڵات.....................................................................٢٠٨
★ ئەویتر، رۆژهەڵاتناسی.................................................٢٢٦



## پێشەکی

ئەگەرچی فۆکۆ خۆی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ڕۆشنبیری دیارکراو تایبەتە (Specific) وخـەریکی تـیۆری دانان نییە سەباەت بەجیهانو لە پانتاییەکی دەست نیشان کراودا کار دەکاتو هەر لە بنەڕەتدا بڕوای بەڕۆڵی پێغەمبەر ئاسایی ڕۆشنبیر نـیە، ئـەو ڕۆشـنبیرە گشتبینەی کە کلیلی هەقیقەتو نهێنییەکانی ژیانی لە گیرفان دایەو دەتوانێ پێشبینیکەرو پێشڕەوی جەماوەر بێتو بەرەو ڕزگاریان بەرێت، بەڵام بەوحاڵـەش مـەیدانی توێژینـەوەو خوێـندنەوکانی گەلێك پانتایی جۆراوجۆری وەکو کۆمەڵناسـی، فەلسـەفە مـێژووو زانسـتە سیاسـیەکان لـەخۆ دەگرێـت کـە پێویسـتیان بەتـێڕامانو لێ وردبوونەوەیـەکی لـێهاتووانە هەیـە. لـە پێناسەی جیاوازدا بیرمەندان فۆکۆیـان وەکـو ئارکیۆلۆژیسـتی کولـتوری ڕۆژئـاوا، نهێلیسـتو وێـرانکەری زانسـتە کۆمەڵایەتـیەکان کـە بـەو زانسـتی مەشـکوكو جـێگەی گومانـیان لـە قەڵـەم دەدات، ناساندووە.

فۆکۆ لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەو لە دەرەوەڕاو بەبێ پەسەندکردنی هیچ چەشنە پـێش گـریمانەیەك، گەرەکیەتی لەو کەڵەکەبوونی مەعریفەیە ڕامێنێت کە بەردەوام لـە قاڵبی هەقیقەتدا خۆی دەردەخات کە دواتر هەر ئەم هەقیقەتانە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیـاو هـزرە تۆتالیـتارو گشتگیرەکاندا خـۆ دەنوێـننو هەوڵی یەکڕەنگ کردنی جیهان دەدەن، فۆکـۆ لـە گـەڕانو بیروبۆچوونە داهێـنەرەکانی خۆیـدا تەنات هەندێ زاراوەی ئـەوتۆش بـەکار دێنێت کە لە زانستە کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتییەکاندا کاریان پـێ ناکرێـت، یەکـێك لـەو زاراوا، ((ئارکـیۆلۆژیا-شوێنەوارناسـی)) یەکـە لـە زانسـتە مرۆڤایەتـیەکاندا بریتـیـە لـە هـەڵکۆڵینو لەژێرخاك دەرهێنانی دەسکردو پاشماوەی نـەوەکانی ڕابـردوو کـە خـۆی لـە قـەڵاو تاشـەبەردی نووسـراوو گۆزەڵـەو شـتی لـەم جۆرەدا دەبینێتەوەو هەر بەم پێیە ئارکیۆلۆژیای فەلسەفی فۆکۆش بریتییە ((لەژێر خـاك دەرهێنانی جۆرێکی دیکەی دەستکردو دروستکراوەکا، واتە: تیۆرە زانستیەکانی ڕابـردوو، بیروهـزری ڕابـردوو سـەبارەت بـە مەعریفە. زاراوەیەکی دیکە کە بەردەوام لـە بەرهەمـەکانی فۆکـۆدا ئامادەیی هەیە ((جینالۆژیا))یە کە لە نیچەی دەخوازێتو ((دژکـردەوەیەکی دیکەیـە دژی گـەڕان بـۆ دۆزیـنەوەی هەقـیقەی کۆایـیو ماهیـیەتی

جێگیرو یاسازێر خانیەکان لە شیکردنەوەی مێژوودا)). فۆکۆ دەڵێت جینالۆژیا لە پانتاییەکدا سوودی لێ وەردەگیرێت کە پڕاوپڕە لە پێستی نووسراوە نامەفهومو ئاڵۆزەکان... لە جینالۆژیادا دەبێت سەیرو سەمەرەیی ڕووداوەکان بەدەر لە هەر چەشنە غایی بوونێکی بەردەوامی یەکڕیتمی، تۆماربکرێت: دەبێ لە نەخوازراوترین شوێندا بەدوایان دابگەڕێین، لەو شتەی حەزمان لێیە هەستبکەین بێ مێژووە- لە هەستو سۆز، عیشق، ویژدان.غەریزە، لە جینالۆژیادا دەبێ لەهەمبەر ڕودانی ئەمانەوەهەستیار بن نەك لەبەرئەوەی بەدوای پێچی بەرەبەرەی پەرەسەندنیان دابگەڕێین بەڵکو لە پێناو جیاکردنەوەی ئەو پانتاییە جیاوازانەی کە تێیاندا ڕۆڵی جودایان دەکەوێتە سەر شان.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەیەك کات (هەڵبەتە بەشێوەیەکی گشتی لە زانستە کۆمەلأیەتیو مرۆڤایەتییەکان)دا هەم بابەتو هەم بکەرە، هەربۆیە ئەو هەقیقەتو مەعریفەی کە بەرهەمیشی دێنێت بەڕادەیەك نسبیو ڕێژەییەکە کە لە هەموو ساتێکدا دەکرێ گومانی لێ بکرێت، هەروەك بۆ خۆی دەڵێت ئەو کتێبەی کە بۆ نمونە لە ساڵی ١٧٥٠ لەسەر پزیشکی نووسراوەو (لەسەردەمی خۆیدا وەکو بەشێك لە زانست سەیریکراوە) ئەمڕۆکە جگە لە هەندێ لاپەڕوپارچەی بێ سەروبەرو گاڵتەجاڕانەی کولتوری بازاڕیو خەڵکی ئاسایی هیچیدی نییەو ئێستا بەڕادەیەك (نازانستیە) کە ئێمە هیچی لێ تێناگەین. لە کتێبی (دیسیپلینو سزا)دا کە ناوی دووەمی (لەدایك بوونی زیندانە) فۆکۆ بەدوورودرێژی باس لە سیستەمی وردی چاودێریو تێڕوانینو کۆنترۆڵو کۆتووبەندکردنو نۆماڵسازیو پەیوەندی نێوان دەسەلأتو مەعریفە دەکات کە مرۆڤی مۆدێرنی تووشی ملکەچیو لارەملی کردووەو لە ڕوانگەی ئەوەوە دەسەلأت تەنیا لە (سەرکەوت)دا کورت نابێتەوە بەڵکو دەسەلأت ئاوێتەیەکە لەستراتیژو تۆڕو میکانیزمو هەموو ئەو تەکنیکانەی کە بەیارمەتی ئەوان بڕیارێك قبول دەکرێت.

ئێمە کاتێك دەتوانین گرنگی هزری فۆکۆ بۆ کۆمەڵگای کوردی تێبگەین کە بەناخی ئەم وتەیەی یەکێك لە جەللادەکانی (ئەنفال)دا ڕۆبچین: ((ئێمە دەبێ ئەو خەڵکە بخەینە کۆمەڵگاکانەوەو چاویشمان لەسەریان بێت... با لە من نزیك ببنەوە،



دەنگم ببیستنو منیش ئەو شتانەیان بۆ باس دەکەم کە بڕوام پێیانەو پێویستن بۆ ئایدیۆلۆژیاو فێرکردنو هەستی هاوبەش...)) (چارەنووس، ژمارە١٦). دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین کە فۆکۆ لە کتێبی ((ویستی زانین)) کە دواتر لە کتێبێکی چواربەرگی بەناوی ((مێژووی جنسییەت)دا بلأوکرایەوە، تێڕوانینی باو لەهەمبەر جنسیەتەوە دەخاتە ژێر گومانو دەڵێ بەزۆری لە کۆمەڵگاکانی ئێمەشدا باس لەوە دەکرێت کە خەڵك ناوێرن سەبارەت بە جنسیەت بدوێن، هەڵبەتە ئەوە ڕاستە کە خەڵك جورئەتی ئاخاوتن لەسەر هەندێ شتیان نییە، بەلأم ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوەیە کە سەیر دەکەین لە سەدەی دوازدەوە هەموو کاسۆلیکەکانی ڕۆژئاوا ناچاربوون حەزو ئارەزووی سێکسی خۆیانو هەموو ئەو گوناهانەی کە لەدونیای کردەوەو فیکردا کردوویانە، قبوڵ بکەن بەم جۆرە ئیدی ناتوانین بڵێین دوان لەسەر جنسییەت بەتەواوی یاساغ یان سەرکوت کراوە. دواتر هەر لە درێژەی توێژینەوەکەی دا باس لەوە دەکات کە چۆن مرۆڤی ڕۆژئاوایی لە ڕێگای تەکنەلۆژیای دانپیانانەوە بۆتە ئاژەڵێکی ئیعترافیکەر...

بەشێك لە کتێبەکانی فۆکۆ بریتین لە: شێتیو شارستانیەت: مێژووی شێتی لە چەرخی کلاسیك (عەقڵ)دا، لەدایك بوونی دەرمانگە: ئارکیۆلۆژیای تێگەیشتنو دەرکی پزیشکی، نەزمی شتەکان : ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتیەکان، دیسیپلینو سزا: لەدایك بوونی زیندان، مێژووی جنسیەت لە چواربەرگدا .

وەرگێڕ

# له "گریمانەی چەپاندن"ەوە تا "بایۆ- دەسەڵات"

فۆکۆ لە وانەکانو، دیمانەو کتێبەکانی دەیەی ١٩٧٠ی خۆیدا، جارێکی تر خۆی بە شیکردنەوەی کرداره کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریك کرد. لە دیسپلینو سزا (١٩٧٥)و مێژووی جنسیەت (١٩٧٧)دا بەشە سەرەکییەکانی تەعبیرو ڕاڤەی گشتگیری خۆی لە هەمبەر مۆدێرنیتە دەدا بە دەستەوە. لەم بەشەی (کتێبەکە)دا کورتەیەکی سەرپێی لە تیۆری گشتی فۆکۆ بە پێی هێڵە گشتییەکانی بەڵگەخوازی خۆمان دەخەینەڕوو.
دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە فۆکۆ هیچ کاتێك بیروبۆچوونەکانی بەم شێوەیە نەخستۆتەڕوو، هزری فۆکۆ تاکو ئێستاش لە حاڵەتی گۆڕانو تەعدیل دایە.
هەندێ لە پانتایی نادیارو گشتی بێژی لە بەرهەمی فۆکۆدا هەیە پێویستە وەکو پەرێشانیو پشێوی فیکری لەقەڵەمیان بدەینو یان ئەگەر بمانەوێ بە هاودەردیەکی زیاترەوە باسی بکەینو وەکو ئەو پانتایانە حسێبیان بۆ بکەین کە ئەو بۆ تاوتوێکردنی زیاتر لە ئایندەداو لە بەرهەمەکانی دواتری خۆی یان خەڵکانی تردا، هێنابوونیە بەرباس.
پێکەوە نەگونجانی ئەو لایەنە وردە مێژووییانەی کە فۆکۆ جەختیان لەسەر دەکات لەگەڵ مێژوونووسی باویشدا گرفت خولقێنو مشتومڕ وروژێن بووە(١). لەبەرئەوەی ئێمە لە مەوقعیەتێکدا نین کە بتوانین لایەنە وردە مێژووییەکانی تیۆری فۆکۆ هەڵبسەنگێنین، هەر بۆیە تەنیا هەوڵ دەدەین بابەتە مێووییەکانی بەرهەمەکانی تا ئەو شوێنەی پێویستە بە ڕوونی دەرببڕین. لەئەنجامدا، قەبارەیەکی مەزنی ئەو بابەتە بچووكو پڕ وردەکاریانەی کە فۆکۆ وەکو جینالۆژیست لە ڕێگەی ئەوانەوە خەسڵەتە تایبەتییەکان، جۆراوجۆری خۆجێییو پێکهاتە (ی کرداره کۆمەڵایەتییە)کان ڕوون دەکاتەوە، پشتگوێ دەخرێن، هەروەها لێرەدا، شێوازی ئاڵۆزو پڕ لە گرێوگۆڵی توێژینەوەکانی فۆکۆ لە پانتایی مێژوودا، وەبەرچاو ناگیرێن..ئامانجی ئێمە یەکالاکردنی ئەو بابەتانە نییە کە پەیوەندییان بە فاکتەکانەوە هەیە، بەڵکو دەمانەوێت جۆری تێڕوانینی فۆکۆ ڕوون بکەینەوە. ئەگەر تێگەیشتنێکی باشتر لەم ڕووانگانە بەدەست بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەو باسانەی کە



تایبەتن بە شێوازی کاری تایبەتی فۆکۆ لە پانتایی خستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەکان، لەوانەیە لانی کەم لە چوارچێوەیەکدا شوێنی ببێتەوە کە سنوورەکانی بۆ ئەو کەسانەی ئەم جۆرە بابەتانە دێننە بەرباس لەهەموو لایەکەوە ڕوونتر بێت.
بێگومان دەبێ فۆکۆ شیکردنەوەیەکی ڕوونتر سەبارەت بە شێوەی کاری خۆی لەگەڵێك پانتاییدا بخاتەڕوو. هێماو ئاماژەو پێوەری پێویست بۆ سەلماندن، ڕەمزو ڕاڤەو شیکردنەوە تەعبیرییەکانی یان بیروبۆچوونی لەمەڕ مێژووی ئێستا، بەڕواڵەت لەبەرهەمەکانیدا دەست دەکەون، بەڵام دەبێ سۆسە (حدس)یان بکەین. مەبەست ئەوە نییە فۆکۆ قەرزێکی لەسەر ملەو دەبێ تیۆرێك سەبارەت بە مێژوو یان کورتە کتێبێك لەمەڕ میتۆدۆلۆژی بخاتە بەردەستی ئێمە، بەڵام وردە وردە کە بیروبۆچوونەکانی پەیڕەوکارانی زیاتر پەیدا دەکاتو هەندێ پاڵنەر بۆ توێژینەوە دروست دەکا، پێویستە ئەم بابەتانە بە ڕوونی بخەینە ژێر باسو لێدوانەوە، ئەگینا لە هەناوی میتۆدە مێژووییە ئەزموونگەرایانەکاندا شی دەبێتەوەو دەتوێتەوە. (بێگومان فۆکۆ ناتوانێت پێشی ئەم جۆرە ئینتماو ئاراستەیە بگرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نایەوێ پشتیوانی لەم چەشنە ئاڵوگۆڕەش بکات. کەواتە بێدەنگییەکەی لەم بارەیەوە هیچ یارمەتییەك بە ئامانجەکانی ناکات. ئەو شتەی لەوانەیە لە پانتایی ڕۆشنبیری پاریسدا تاکتیکێکی کاریگەر بێت، لە زانکۆکانی ئەمریکادا ئەرکێکی جیاواز وەردەگرێت).
دوو چەمکی لێك بەستراو، ڕێکخەری بەرهەمەکانی دەیەی ١٩٧٠ی فۆکۆن: یەکێکیان چەمکی گریمانەی سەرکوتەو ئەویتریان چەمکی بایۆ-دەسەڵاتو تەکنیکە (یان بایۆ- دەسەڵات/ ئەو دەسەڵاتەی بەسەر ژیاندا دەڕوانێت/). فۆکۆ لە مێژووی جنسیەتدا دژی گریمانەی سەرکوت بەڵگەی هێناوەتەوە، بەپێی ئەم گریمانەیە حەقیقەت لە خودی خۆیدا دژی دەسەڵاتەو هەر بۆیە بمانەوێو نەمانەوێ ڕۆڵێکی ڕزگاریکەر دەگێڕێ. ئەم ڕوانگەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەخراوەتە پاڵ هیچ بیرمەند یان قوتابخانەیەکی هزرییەوە، بەڵکو وەکو هەڵسەنگاندنێکی نیچەیی توانج ئامێز لە بیروباوەڕی باو یان لانی کەم لە بیروباوەڕی کۆڕو کۆمەڵی چەپگەرای فەرەنسا

دەخرێنەڕوو. (نەك هەر لە ڕاڤە مێژووییەکاندا بەڵکو لە بانگەشەی تیۆرییەکانی فۆکۆشدا جۆرە ئینتمایەکی نیشتمانیو دیاریکراو بەرچاودەکەوێت. ئەگەرچی هەندێ نموونەی لە وڵاتانی تری وەکو بەریتانیاو ئەمریکاش هێناوەتەوە، بەڵام بەشی سەرەکی بابەتە مێژووییەکان، چوارچێوەی باسو ئەو نەیارانەی فۆکۆ لە هزری خۆیدا ململانێیان لەگەڵدا دەکات، هەر هەموویان پەیوەندییان بە فەرەنساوە هەیە). بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە مێژووی جنسیەت پوختەی پرۆژەیەکی (گەلاڵەیەکی) بەرفراوانترە کە جێبەجێکردنی تەواوی ئەم پرۆژەیە پێویستی بە چەندین ساڵ هەیە. کەواتە پێویستە تێڕوانینی گشتی فۆکۆ وەکو زێدەڕۆییەکی تیۆری سەیر بکەین کە ئامانجەکەی، دیاریکردنی دووربینییەکی گشتی لە پانتایی باسەکە، ئەگەر هەندێ باسی بنەڕەتیو پێداچوونەوە بە بیروباوەڕو بوارە باوەکانە.

فۆکۆ لە بەرانبەر گریمانەی چەپاندن دا، تەعبیرێکی زۆر جیاواز بۆ پەیوەندی نێوان جنسیەت، حەقیقەت، دەسەڵات، جەستەو تاك دەخاتەڕوو. ئەو دەرەنجامی ئەم فاکتەرانە بە بایۆ- دەسەڵاتو تەکنیك یان بایۆ- دەسەڵات ناوزەد دەکات. لێرەدا دانانی گریمانەی چەپاندنو بایۆ- دەسەڵات لە تەنیشت یەکتریدا، شێوازێکی گونجاوە بۆ هێنانەبەرباسی، بابەتە سەرەکیەکانی بەرهەمی فۆکۆ. ژیل دۆلۆز ( Giles Deleuze) بە زمانێکی ڕەمزاوی وتوویەتی دەبێ فۆکۆ نەك وەکو مێژوونووس بەڵکو وەکو نەخشەکێشێکی نوێ سەیر بکەین، بەڵام ئەو نەخشانەی فۆکۆ دەیانکێشێت بۆ کێشانی وێنەی سەرزەوییەك نییە.

گریمانەی چەپاندن:

بەگشتی بەپێی گریمانەی چەپاندن، مێژووی ئەوروپا شایەدی تێپەڕین بووە لە قۆناغێك لە ئازادیو ڕاشکاوی ڕێژەیی سەبارەت بە جەستەو وتەی مرۆڤ بەرەو قۆناغێکی تر لە چەپاندنو دووڕوویی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر. لەسەر بنەمای ئەم ڕیوایەتە بە درێژایی سەدەی حەڤدە جۆرێك لە ڕاشکاوی ئاشکراو زیندوو هێشتا باڵادەست بوو "ئەم قۆناغە، قۆناغی جوڵەو ئاماژەی ئاشکراو ڕاستەوخۆ، گوتاری خاڵی لە شەرمو گوناهکاری ئاشکرا بوو و قۆناغێك کە تێیدا جەستەکان نمایش دەکرانو بە ئازادی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو دەبوونو منداڵانی ئاگادار {لە کاروباری سێکسی} لەنێو پێکەنینی بە تەمەنەکاندا دەسووڕانەوە" (مێژووی جنسیەت، ل٣).

بەڵام تا بەر لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدە بارودۆخەکە بە چەشنێکی بەرچاو ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو و بەرەو خراپیو شڕی ڕۆیشتبوو. ئەم پێکەنینە جێگەخۆی بۆ "شەوە بێدەنگەکانی بۆرژوازی چەرخی ڤیکتۆریا" چۆڵ کرد. جنسیەتو یان ئەوەی لەپاشی بەجێمابوو، ئێستا تایبەت بوو بە سنوورو چوارچێوەی ماڵو تەنانەت لەوێشدا بۆ ژووری خەوی دایكو باوك بەرتەسك کرایەوە. یاسای بێدەنگی داسەپێنراو سانسۆر حاکم کرا. ئەو جنسیەتەی کە مابۆوە خاڵی بوو لە کەیفو چێژو ببوو بە {شتێکی} قازانگەرایانە. جنسیەت لە خێزانی ناوەکیدا تەنیا ببوو بە ئامرازی بەهەمهێنانەوە. هەموو ئەو کردەوە، گوتارو خواستانەی کە لەگەڵ ڕێسای توند، چەپێنەرانە ڕیاکارانەدا هەماهەنگ نەبوون، بەتۆبزی وەلانرانو سەرکوت کران، لەبەرانبەردا، یاسا، سەرکوتو پووچترین چێژ باڵادەست بوو. هەر ئەم لۆژیکە تەنانەت تەشەنەی کردە پەراوێزی کۆمەڵگای چەرخی ڤیکتۆریاش، بەو مانایە کە بەڕەڵاییو عەیاشی (ڕابواردن) وردە وردەو بە تۆبزی چاوپۆشی لێکرا. تەنانەت لەم حاڵەتەو بەتایبەتی لەم حاڵەتەدا، مۆڵەتی چالاکی درا بە بازرگانییەکی چاودێری کراوو سودهێن کە وەکو ڕیزپەڕێك (استپناو) ڕێسای {ژیانی خێزانی} پەسەند دەکرد. نەیارانی چەرخی ڤیکتۆریا تەنیاو بەنۆرەی خۆیان سەرکەوتنی ئەو ئەخلاقیاتە توندو تاقەت پڕوکێنەیان سەرلەنوێ پەسەند دەکردەوە کە لە ڕووخساری عەبووسو بێ بزەی شاژندا خۆی دەنوواند.

سەرنجراکێشانی (جاذبە) ئەم جۆرە ڕوانگەیە بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان پێی هەیە، ئەوەیە کە دەتوانین بەئاسانی بەسەرهەڵدانی سەرمایەداری ببەستینەوە" کورتە مێژوی کورتی جنسیەتو بەڵاکانی بەرەو ناو مێژووی پڕ لە ڕەسمیاتو فۆرمالیتەی ڕووخسارەکانی بەرهەمهێنان دەگوازێتەوە، ڕەهەندە پڕ لە سوکایەتییەکەی لە دید{مان} ون دەبێت" (پێشوو، ل٥). لەم ڕوانگەیەوە، جنسیەت چەپێنرا چونکە لەگەڵ ئەخلاقکاری جێگەی مەبەستی سیستەمی سەرمایەداری نەدەگونجا. دەبوایە هەموو هێزەکان لە خزمەتی بەرهەمهێناندا کۆنترۆڵ بکرێن. بەم جۆرە دیالیکتیکی

مێژوو، شتە لاوەکیو کەم بایەخەکان لەگەڵ شتە قووڵو گرنگەکان لەهەناوی تاکە پێکهاتەیەکی گشتیدا لێك دەچنێت. لەدیدگایەکی ئەوتۆوە، جنسیەت تەنیا پاشکۆیەکی داستانی ڕاستەقینەی مێژوو، واتا سەرهەڵدانی سەرمایەداریە، بەو حاڵەش پاشکۆیەکی گرنگە چونکە لە سیستەمی سەرماتیەداریدا سەرکوت، شێوازی گشتی دەسەڵاتە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لێرەدا دەتوانین بەئاسانی دژی فۆکۆ هەڵوێستێکی باشتر وەرگرین. ئەگەر لەو ڕستانەی کە لەسەرەوە وەرمان گرتوون لەجیاتی وشەی "بەرهەمهێنان" وشەی "دەسەڵات" دابنێین، وەسفێکی بێ ئینسافانەمان لە هزری فۆکۆ بەدەستەوە نەداوە. ئەگەرچی فۆکۆ لەهەوڵی دۆزینەوەی یاساکانی مێژوو یان نکۆڵی کردن لە گرنگی سەرمایەداری نییە، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە، ئەو هەوڵ دەدات ئەو گرنگییەی کە جنسیەت بەم دواییانە لە شارستانییەتی ئێمەدا وەدەستی هێناوە، پیشان بداتو دەری بخات کە ئەم گرنگیە، پەیوەندی بە جنسیەت یان دەسەڵاتەوە هەیە. لەبەر ئەوەی فۆکۆ، هەروەك دەبینین، بڕوای بەبوونی جنسیەتێکی بان مێژووییو نێوان کەلتووری نییە، هەر بۆیە بە هەموو هێزییەوە هەوڵ دەدات دەری بخات کە جنسیەتی ئێمە پەیوەندی لەگەڵ شتێکی تردا هەیە. "ئەم شتەی تر" لانی کەم تا ڕادەیەك، هەمان شێوازە تایبەتییەکانی دەسەڵاتە. ئەو {بابەتە} کە چۆن ڕوانگەیەك لەهەمبەر دەسەڵاتەوە دروست بکەین کە بەرەو "خودێکی" بنەمایی یان مەفهومێکی میتافیزیکییان دەستەواژەی گشتگیری بۆشو پووچ گۆڕانی بەسەر دانەیەت، گرنگترین پرسە کە بەرهەمەکانی دواتری فۆکۆ لەگەڵیاندا بەرەو ڕوویە.

یەکێکی تر لەسەرنجڕاکێشییە دەروونییەکانی گریمانەی چەپاندن ئەو ئەنجامگیرییەیە کە ڕزگاری سێکسی یان بەرەنگاربوونەوە لەبەرانبەر چەپاندندا، تێکۆشانێکی گرنگو بایەخدارە، ئەگەرچی سەرکەوتن تێیدا دژوارە. (تەنانەت هزری فرۆید لەم زەمینەیەدا دەسکەوتێکی کەمی هەبوو، چونکە بەخێرایی لەناو دەزگای زانستی پزیشکیو دەروونپزیشکیدا هەڵوەشراو شێوەیەکی نوێی وەرگرت). بێگومان لەسەدەی نۆزدە بەدواوە، قسەکردن بەشێوەیەکی ڕاشکاو و بوێرانە

سەبارەت بە جنسیەت خۆی لەخۆیدا وەکو هێرشێك لەدژی چەپاندنو کردەیەکی لەبنەڕەتدا سیاسی، لەقەڵەم دراوە. ڕزگاری سێکسیو رووخانی سەرمایەداری هێشتا وەکو بەشەکانی یەك بەرنامەی سیاسی حسێبیان بۆ دەکرێ. بەپێی ئەم بەڵگەخوازییە کاتێك ئێمە باسی جنسیەت دەکەین نکۆڵی لە دەسەڵاتی سەقامگرتوو دەکەینو ڕەفزی دەکەین. مۆڵەت بەخۆمان دەدەین "تا دژی دەسەڵاتە مەوجوودەکان قسەبکەین، ڕاستییەکان دەربڕینو بەڵێنی بەختەوەریو خۆشی بدەین، ڕۆشنگەری ڕزگاریو چێژە جۆراوجۆرەکان لەیەکتری ببەستین {ئەو مۆڵەتە بە خۆمان بدەین تا} گوتارێك دەربڕین کە حەزی مەعریفە ورەی گۆڕینی یاساکانو خۆزگەی بەهەشتێکی زەمینی لەگەڵ یەکتر ئاوێتە دەکات" (پێشوو، ل٧). چ کەسێك دەتوانێت لەبەرانبەر ئەو هەمووانەدا بەرەنگاری بکات؟ گریمانەی چەقاندن ڕەگی لەناو نەریتێکدایە کە دەسەڵات تەنیا بەبەرتەسککردن، ڕەفزو زۆرەملێ دەزانێت. دەسەڵات وەکو بەرەنگارییەکی ڕێكو پێك لەبەرانبەر واقیعییەتدا، وەکو ئامرازی سەرکوتو وەکو بەربەستی حەقیقەت، پێشی پێکهاتنی زانینو مەعریفە دەگرێو یان لانی کەم لەکەداری دەکاو دەیروشێنێ. دەسەڵات ئەم کارە لەڕێگەی چەپاندنی حەزەکان، پێکهێنانی ئاگایی درۆییەوە، پەرەپێدانو بڵاوکردنەوەی نائاگاییو بەکارهێنانی گەلێك فرتو فێڵی دیکە، ئەنجام دەدات. لەبەر ئەوەی دەسەڵات لە حەقیقەت دەترسێت، {هەربۆیە} دەبێ سەرکوتی بکات. لەم ڕوانگەیەوە وا دێتە بەرچاو، دەسەڵات وەکو چەپاندن، لەلایەن حەقیقەتی گوتارەوە بە باشترین شێوە بەربەرەکانیو دژایەتی لەگەڵدا دەکرێ. کاتێك حەقیقەت دەوترێت، کاتێ کە دەنگی ناڕەزایی ڕزگاری بەرزدەبێتەوە، بە ڕواڵەت دەسەڵاتی چەپێنەر بەرەو ململانێی پەلکێش دەکرێت. حەقیقەتیش بۆخۆی بەتەواوی خاڵی لە دەسەڵات نییە، بەڵام دەسەڵاتەکەی لە خزمەت ڕاشکاویو ڕاستیو جۆرە چاکەیەکی بەرزدایە، هەرچەندە ئەم چاکە بەرزە شتێکی بنەڕەتیترو حەقیقەتتر نەبێت لە ڕاشکاویو ئاشکرایی. سەرەڕای ئەوەی لێرەدا فۆکۆ بەتوانجەوە دەدوێت بەڵام قسەکانی لە ئامانجەوە دوورنین. ڕەنگە ئەمڕۆ ئاڵۆزترین هزری نەیاری مەوجود لە بەرانبەر بیروبۆچوونەکانی فۆکۆدا، هزری یورگن هابرماس بێت کە بەرگری لە جۆرە

تێگەیشتنێکی نیمچە ئستعلایی لە عەقڵ دەکات وەکو ئامرازی ڕەخنەگرتن لەو خوارو خێچانەی کە لە دەسەڵاتو بەرەنگارییەوە سەرچاوە دەگرن.

فۆکۆ ئەم ڕوانگەیە بۆ دەسەڵات بە "حقوقی- گوتاری" ناوزەد دەکات (پێشوو، ل٨٢). ئەم ڕوانگەیە سەرانسەر نێگەتیڤانەیە، دەسەڵاتو حەقیقەت بەتەواوی نسبەت بە یەکتری دەرەکین. دەسەڵات شتێکی زیاتر لە "مەحدوودیەتو کەمایەتی" بەرهەم ناهێنێت. دەسەڵات، یاسا دادەنێتو پاشان گوتاری حقوقی {بابەتەکان} بەرتەسكو سنووردار دەکات. سزای سەرپێچی، بەردەوام مومکینە. دەسەڵات لەهەموو شوێنێکدا یەکسانە: "و بەپێی هەندێ میکانیزمی سادەو لە ڕادەبەدەر دووبارە بۆوەی یاسا، حەرام کراوەو سانسۆر کار دەکات" (پێشو، ل٨٤). هێز دەسەڵاتەو کارەکەی تەنیا پێشگرتنو فرمانەکەی تەنیا فەرمانبەرییە. دەسەڵات، دواجار چەپاندنە، چەپاندن دواجار سەپاندنی یاسایەو یاساش دواجار خوازیاری ژێردەستەییو تەسلیم بوونە.

لەم بارەیەوە فۆکۆ دوو بەڵگەی تر دێنێتەوە کە بۆچی دیدگایەکی ئەوتۆ بۆ دەسەڵات بەو ئاسانیە لەناو گوتاری سەردەمی ئێمەدا قبووڵ کراوە. سەرەتا ئەو لە شتێك وەکو "بەرژەوەندی قسەکەر" دەدوێت (پێشوو، ل٦). قسەکەر لە پێگەی ڕۆشنبیرێکی هەموو شت زانەوە دەئاخڤێتو زۆر بەجدی ئاماژە بۆ ئاینده دەکات کە بە بڕوای ئەو بێگومان لە ئێستا باشتر دەبێت. ئاوازی پێغەمبەرانەو چێژی وادەدراو (موعود) بە باشی لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن. بەهیچ جۆرێك، "دەربڕینی ڕاستیەکانو بەڵێنی بەختەوەریو خۆشی" هەڵوێستێکی ناخۆش نییە بۆ قسە لەسەرکردن. ڕۆشنبیر وەکو قسەکەری ویژدانو ئاگایی، خۆی لە پێگەو هەڵوێستێکی بەم جۆرە نایابدا دەدۆزێتەوە. ئەو لە درەوەی دەسەڵاتو لەناو حەقیقەتدا جێگەی گرتووە. ئامۆژگاریو مەوعزەکانی لەهەمبەر زوڵمو ستەمو بەڵێنی سیستەمی نوێ بۆ ئەو چێژبەخشو لای ئەوانی دی پەسەندە. هەڵبەتە دەتوانین هەر ئەم وتەیە وەکو پێگەی نایابی خودی فۆکۆش حسێب بکەین، ئەویش بۆ خۆی تا ڕادەیەك لەم تۆمەتەی بەری نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا فۆکۆ وەکو جینالۆژیستێك بێگومان لافی ئەوە لێنادات کە لە دەرەوەی پانتایی دەسەڵاتایەو یان بەڵێنی دەستڕاگەیشتن بە یۆتۆپیاو بەختەوەری دەخاتەڕوو. بەڵگەی دووەمی فۆکۆ زیاتر جێگەی پەسەندە. ئەو بەڵگەخوازی دەکات کە دەسەڵاتی مۆدێرن تەحەمول دەکرێ بە مەرجێك ڕووخساری خۆی حەشار بدات، و ئەم کارەشی بە چەشنێکی کارایانە ئەنجام داوە. ئەگەر حەقیقەت لە دەرەوەی دەسەڵاتو دژی بێت ئەوا لەم حاڵەتەدا "بەرژەوەندی قسەکەر" تەنیا وەکو ئینتمایەکی لاوەکی حسێب دەکرێ. بەڵام ئەگەر حەقیقەتو دەسەڵات لەهەمبەر یەکتری دەرەکی نەبن، هەروەك فۆکۆ بە ئاشکرا بڕوای وایە، ئەوا لەم حاڵەتەدا "بەرژەوەندی قسەکەر"و سەرجەم گەمە پەیوەندیدارەکانی تر، دەبنە بەشێکی سەرەکی کاروکردەوەی دەسەڵاتی مۆدێرن. دەسەڵاتی مۆدێرن، خۆی لەگەڵ بەرهەمهێنانی گوتارێکدا کە بەڕواڵەت دژی دەسەڵاتە بەڵام بە بەشێك لە پراکتیکە بوونی بەرفراوانتری دەسەڵاتی مۆدێرن دەژمێردرێ، پەنهان دەکات. هەروەك فۆکۆ دەڵێت: "دەسەڵات وەکو سنوورێکی پەتی کە بۆ ئازادی دانراوە، لانی کەم لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا، شێوەی گشتی مەقبوول بوونی ئازادییە " (پێشو، ل٨٦).

ڕەگو ڕیشەی ئەم مەسەلەیە مێژوویە. بە بڕوای فۆکۆ دەسەڵات بەرلەوەی جنسیەت بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی، لە ڕاستیدا لە ڕێگای پێکهێنانی مەحدوودیەتو یاساغی کاری دەکرد. گرنگترین دەزگاکانی دەسەڵات واتە پاشاو دەوڵەت لەهەناوی کۆمەڵێکی مەزن لە هێزە بەرهەڵستکارو لۆکاڵیەکاندا سەریان هەڵدا. لەگەڵ دەرکەوتنی پاشایەتی ناوەندگەرا لەنێو هەزاران سازشو شەڕی خۆجێیی، دەرفەتی داڕشتنی ڕێسا، حوکمدانو دیاریکردنی سنوور بە شێوەیەکی گشتی سەری هەڵدا. لەهەمان کاتدا پاشایەتی ناوەندگەرا لە هەوڵی تێکشاندنی نەریتو دابەکانی فیودالی بوو و تێکۆشا لەڕێگای کۆنترۆڵ کردنی تیولدارییە (ڤیسالە) پەرشوبڵاوە خۆجێیەکان، نەزمو ڕێکوپێکییەکی چەقبەستووتر بێنێتە ئاراوە. "ئەم جۆرە شێوە مەزنەی دەسەڵات کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هێزە شەڕخوازەکاندا بەرەو ڕوو بوو وەکو بنەماو بنەڕەتی مافێك کاری دەکرد کە لە ژوور هەموو بانگەشە جۆراوجۆرەکان بوو و سێ تایبەتمەندی ڕژێمی ناوەندگەراو یەکگرتووی ئاشکا دەکرد کە /بریتی بوون لە/ بە یەکسان دانانی ئیرادەی خاوەن دەسەڵات لەگەڵ یاسادا، هەنگاونان لەم ڕێگای کەناڵی تابۆ کردنو پێکهێنانی

یاساغییەتو پیادەکردنی سزا" (پێشوو، ل٨٧). بەلاّم ئەو دەسەلاّتەی کە پێکهات لە بنەڕەتدا یەکپارچە نەبوو و سەرەڕای ئەوەی چەمکی زۆری بەکاردێنا بەلاّم زمانەکەی زمانی یاسا بوو. یاسا، پاساو و مەشروعیەتی دەبەخشی بە پاشا هەم بۆخۆیو هەم بۆ پەیڕەوکارانی (ڕەعییەتەکانی). هەڵبەتە واقیعیاتی مێژووی وردی تایبەت بەم جۆرە مەشروعییەت بەخشییە یاساییە بە دەسەلاّت، لە ڕادەبەدەر ئاڵۆزن. بەسەرنجدان لەبەرهەمەکانی ژێرژ دوبی (Georges Duby)و قوتابییەکانی سەبارەت بە مێژووی ئەم قۆناغەو بە وەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەم باسانە، چاوەڕوان دەکرێت لە ئاینەدا لە مەیدانەدا توێژینەوەی تێروتەسەل تر ئەنجام بدرێت.

یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی بەلّگەخوازی فۆکۆ ئەوەیە کە گوتاری یاسا وەکو سیستەمێکی مەشروعیەت بەخش شکلێکی وەرگرت کە تاکو ئێستاش باوە. ئاماژە بەوە دەکات کە تەنانەت نەیارەکانی ڕژێمێکی سیاسیش بەهەمان گوتار سەبارەت بە یاسا دەدوێن کە خودی ڕژێمەکە قسەی پێدەکات. لەچەرخی کلاسیکدا ڕەخنەگرتن لە سیستەمی پاشایەتی فەڕەنسا لە قالّبی هێرشکردنە سەر سوودوەرگرتنی خراپی پاشا لە یاسا، دەهاتە بەرباس. دواتر ئەو ڕەخنە بنەماییانەی کە ئاراستەی دەولّەت دەکران دەریخست کە ڕژێمە بۆرژوازییەکان چۆن چۆنی لە بەرژەوەندی خۆیان دەستاری یاساکانیان دەکرد. هەروەك دیارە ئەم جۆرە دەستکاری کردنە لەبەرئەوە ناڕەوا بوو کە حکومەت یاسای لەکەدار دەکرد. بەیەك مانا ئەم خاڵە سەبارەت بە خودی فۆکۆش ڕاستە، چونە ئەویش بەپێی ئەم بەلّگەخوازییە پێکۆڵی (تەحەدای) دەزگاو گوتارەکانی دەسەلاّتی مۆدێرنی دەکرد کە ئایدیا یاساییەکان بەردەوام لەگەلّ نەزمی کۆمەلاّیەتی هەلّقولاّو لەتەکنەلۆژیای سیاسیدا لە گرژیو دژایەتیدان.

فۆکۆ بە ئاشکرا مەفهوومی گریمانەی چەپاندن وەکو گریمانەیەکی هەلّخەلّەتێنەر (فێلاّوی) وەبەرچاو دەگرێت کە دەبێ یەکالاّ بکرێتەوە. ئەو ناتوانێت تەنیا بەهۆی پێشنیارکردنی پێچەوانەی بابەتەکە، واتە تەنیا بەهۆی گۆڕانی شێوەی گوتار، لەهێرشی خۆیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، چونکە مەسەلە ئەوە نییە کە کامە گوتار ڕاستەو یان تەنانەت بە ڕاستی دەسەلاّت دەداتە بەر ڕەخنە.

سەرەڕای ئەوە فۆکۆ بانگەشەی ئەوە ناکات کە مەفهوومی گریانەی چەپاندن دواین پێشکەوتنەکانی توێژینەوەی ئەزموونی وەبەرچاو نەگرتوەو کەواتە دەتوانین لە ڕێگای بەدەستهێنانی زانیاری ڕاستو دروست چاکسازی تێدا پێکبێنین، بەلّکو فۆکۆ ئەو هەلّوێستانەی کە هەر لەو سەردەمەدا بەهۆی پەیڕەو لایەنگرەکانی ئەم هەلّوێستانە، بە جیدی وەردەگیران، بە جیدی وەردەگرێ، ئامانجەکەی جینالۆژیای چۆنییەتی تەکوینی گریمانەی چەپاندنو ئەو ڕۆلاّنەیە کە ئەم گریمانەیە لە کۆمەلّگای ئێمەدا، دەیانگێڕێت. فۆکۆ بەشە جیاوازەکانی گریمانەی چەپاندن نەك وەکو فرتوفێلّەکان بەلّکو وەکو بەشە سەرەکییەکانی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان حەقیقەتو دەسەلاّت سەیر دەکات کە بۆخۆی لەهەولّی شیکردنەوەیاندایە. بەم جۆرە ڕەهەندی شیکردنەوەیی باسەکە هێشتا لە (مێژووی جنسیەت)دا تەواو نەبووە..

بەتەواوی ڕوون نییە فۆکۆ خۆی لە پەیوەندی لەگەلّ ئەو وەسفانەی کە بۆ گریمانەی چەپاندنی دەدات، چ شوێنگەیەکی هەیە. فۆکۆ لەو بابەتە کە ئایا ئەو بۆ خۆی لەو وەسفانەی کە دەیانخاتە ڕوو بەشراو و بەریە یان نا، بەهێمنی ڕادەکات. بە تەواوی ڕوونە فۆکۆ شیکردنەوەکانی خۆی سەبارەت بە دەسەلاّتو حەقیقەت لەبەرئەوە دێنێتە بەرباس کە بەبڕوای ئەو هەندێ گیروگرفت لە پانتایی پەیوەندی نێوان ئەم دووانە لە کۆمەلّگادا بوونی هەیە. فۆکۆ جینالۆژیستیانە، ئەو شێوازەی کە لە ڕێگەیەوە بیرمەندەکانی تر ئەم چەمکانەیان لەیەکتر بەستووە تا پێشانی بدەن ئەم پەیوەندییە بە هیچ جۆرێك ڕەها نییە، وەکو بابەتێك دێنێتە بەرباس. ڕەنگە ئەم وتەیە ئەو گریمانەی لێ بکەوێتەوە کە فۆکۆ خۆی دەخاتە دەرەوەی پانتایی نفوزی ئەم چەمکانە. بەلاّم هەروەك لە درێژەی باسەکەدا بەلّگەمان بۆ هێنایەوە، فۆکۆ وەکو ڕۆشنبیرێك، ئیتر پێی وانییە کە خۆی لە دەرەوەی ئەو شتەیە کە شی دەکاتەوە.

فۆکۆ دەتوانێت تا ڕادەیەك لە میتۆی ئارکیۆلۆژی دووربکەوێتەوە بەلاّم ئەم دوورکەوتنەوەیە تەواو و کاملّ نییە. سەرەڕای ئەمە میتۆدی جینالۆژی بۆ خۆی دەبێتە هۆی دەرگیریو دەستێوەردان.ﺤﻬلاّم هەولّدان بۆ سەلماندنی ئەو {ڕاستیە}

کە پەیوەندییەکانی نێوان حەقیقەتو دەسەلأت لەبەر هەندێ هۆ، بە هەڵە وەکو پەیوەندیەکی پارادۆکساڵ (دژایەتی) لێك دراونەتەوە، هێشتا لە خۆگری بەکارهێنانی شێوازێکی نوێو هەموارکراوی عەقڵە لە دژی راڤەیەکی زۆر ئاڵۆز بۆ دەسەلأت. (کە لە خۆگری توخمێکە لە حەقیقەت وەکو یەکێك لە گرنگترینو بەرجەستەترین توخمەکانی خۆی). لەم پەیوەندییەدا فۆکۆ هێندە لە ئادۆرنۆ یان تەنانەت ڤیبەریش دوورنەکەوتۆتەوە. لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە فۆکۆ کاری خۆی لە تێڕوانینی ڤیبەر جیادەکاتەوە. بە بڕوای ئەو نموونەی ئایدیالی ڤیبەر ئامرازێکە کە کۆمەڵێك تێبینی مێژووی جیاواز بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەستەبەر دەکات، بۆئەوەی "جەوهەری" بابەتی مێژوویی جێگەی خوێندنەوە (بۆ نموونە کالڤینیزم، سەرمایەداری، ریازەتکاری "ڕەنجکێشی" دونیەوی) ڕوون بکاتەوە. بەم چەشنە نموونەی ئایدیالی، دیاردە پەرشوبلأوەکان دەخاتە نێو پارادایمێکی مانادار کە مێژوونووس بەهۆی ئەوەوە، ئەو دیاردانە ڕوون دەکاتەوە کە ئاماژەمان بۆ کردن. فۆکۆ میتۆدی خۆی /بە میتۆدێکی/ جیاواز دەزانێ، بەو مانایە کە ئەو هۆگری دەستنیشانکردنی "بەرنامە ئاشکراکانی" وەکو پرۆژە (گەلالە)ی سەرانسەربینی {بێنتهامە} کە وەکو بەرنامەی زانستی بۆ هەنگاونانو چاکسازی خراونەتە ڕوو. ئەم "بەرنامە" لە هیچ ڕوویەکەوە پەنهانو حەشاردراو نینو مێژوونووسەکانیش دایان نەهێناون تاکو ڕوونکردنەوەو شیکردنەوە پێشکەش بکەن. لەبەرئەوە هەروەکو فۆکۆ بۆ گروپێك مێژوونووسی فەڕەنسی ڕوونی کردەوە، "دیسپلین"، دەربڕی " نموونەیەکی ئایدیالی: (نموونەی ئایدیالی مرۆڤی ژێر دیسپلین) نییە، بەڵکو بریتییە لە گشتییەتو پەیوەندی ئەو تەکنیکە جۆراوجۆرانەی کە خۆیان کۆمەڵێك دژکردەوەن لە بەرانبەر ئامانجە دیاریکراو و لاوەکییەکانی (وەکو قوتابی قوتابخانە، پێکهێنانی سوپایەك کە توانای چەکهەلگرتنی هەیە)" (زیندان، ل٤٩).

لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە بەرنامە ڕاشکاو و ئاشکرایانە هیچ کاتێك ڕاستەوخۆ و بەتەواوی لەنێو دەزگاکاندا وەدی نەهاتن. ١٧ هۆیەکەی ئەوە نەبوو کە واقعیەت هیچ کاتێك بە شێوەیەکی تەواو پەیڕەو لە ئایدیال ناکات بەڵکو بەرنامەی دژ، ناکۆکی خۆجێییو ستراتیژی تر لە ئارادا بوون کە بە تەواوی بۆ شیکردنەوەو ئەردن

(تجزبە) دەشیان، ئەگەرچی سەرەنجام جیاوازیان هەبوو لەگەڵ بەرنامەی بەراییدا. فۆکۆ وەکو جینالۆجیستێك هەوڵ دەدات، تا ئەو شوێنەی دەلوێت لە ئاستی (ڕووکاری) حاڵەتەکاندا بمێنێتەوەو خۆی لە گەڕانەوە بۆ مانای ئایدیالی، نموونەی گشتیو جەوهەری دیاردەکان ببوێرێت. بەهەرحاڵ، ئەگەر چاوپۆشی لە چەند ڕاوبۆچوونێکی ڤیبەر سەبارەت بە میتۆلۆژی بکەین (ئەو چەند دێڕەی کە ڤیبەر لەمەڕ نموونە ئایدیالییەکاندا نووسیویەتی هاوتا نییە لەگەڵ ئەو گرنییە بەرفراوانەی کە پێی دراوە)و چاو بە شیکردنەوە مێژوویەکاندا بخشێنین، دووری نێوان فۆکۆ و ڤیبەر بە جۆرێکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

لەڕووی بنچینەیشەوە بێگومان ئەو وتەیەی فۆکۆ کە دەڵێت نابێ بە شێوەیەکی میتافیزیکی بەڵکو دەبێ لەڕووی مێژوویییەوە لەگەڵ "پرسی عەقڵ"دا هەڵسوکەوت بکرێت، لەلایەنڤیبەرو ئادۆرنۆشەوە پەسەند دەکرێت. فۆکۆ بە ڕاشکاوی دەڵێ: "بەبڕوای من دەبێت واتای وشەی "بە عەقلأنی بوون" بۆ مانای ئارازییو ڕێژەیی بەرتەسك بکرێ..و وەوە ببینین چۆن شێوازەکانی بە عەقلأنی بوون لە هەناوی کردارەکان یان سیستەمگەلی کردارەکاندا بەرجەستە دەبن" (پێشوو، ل٤٧). پێشڤەچوونی فۆکۆ بە بەراورد لەگەڵ نیچە، ڤیبەرو ئادۆرنۆ ئەوەیە کە ئەو، ئەم مۆڵەتەی بە جیدی وەرگرتووەو هەندێ شیکردنەوە انچامیو ئاراستەکراوی مێژوویی تایبەتی بە دەستەوە داوە کە تێیاندا حەقیقەتو دەسەلأت پرسی سەرەکی پێکدێنن. فۆکۆ لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی ناسکتر لە شیکردنەوەی ڤیبەر، میکانیزمەکانی دەسەلأتی بە عەقلأنی بوونی دەستنیشان کردووەو ناسیویەتەوە. بەلأم نابێت ئەم وتەیە بە واتای ڕەفزی هزری ڤیبەر لێك بدەینەوە بەڵکو دەبێ وەکو پێشکەوتنی ئەم هزرە سەیری بکەین.

دواین خاڵ ئەوەیە کە فۆکۆ هێرش ناکاتە سەر عەقڵ بەڵکو دەریدەخات کە چۆن عەقلأنییەت لە شکڵە مێژوویییەکەیدا ئیشی کردووە. هەروەك بۆ خۆی دەڵێت: "ئەگەر ئەم شیکردنەوە، وەکو ڕەخنە ١٨ لە عەقڵ بەمانای گشتییەکەی سەیر بکرێ، تەسەورێکی ئەوتۆ پێکدێنێت کە عەقڵ تەنیا دەتوانێ خوڵقێنەری چاکە بێتو خراپە (شڕ) تەنیا دەتوانێ لە ڕەفزی عەقڵەوە سەرچاوە بگرێت. ئەم وتەیە

بێمانایە. عەقلانییەتی شتە ناپەسەندەکان، واقعیەتێکە تایبەتە بە مێژووی هاوچەرخ. بەلام ئەم بابەتە هیچ چەشنە مافێکی تایبەتی بە ناعەقلانییەت نابەخشێت" (پێشوو، ل٣١). بەلگەخوازی ئێمە لە سەرانسەری ئەم تێبەدا ئەوەیە کە میتۆدی شیکردنەوەی راڤەییەکانی فۆکۆ ئارازێکی بەهێزو پێویست بوونە بۆ خۆدوورکردنەوە لە هەندێ گیروگرفت. لەم ناوەدا بە تایبەتی بابەتی بێلایەنی بەهایی کە هزری ڤیبەری زۆر بە توندی بە خۆیەوە خەریك کردبوو و پرسی وەسوەسەی دژایەتی لەگەڵ عەقڵو ئینتما بۆ نائومێدی (یان پەنابردنە بەر هونەر) کە لەنێو بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا گرنگی پێدەدرا، بۆئەوە دەبن ئاماژەیان پێ بکەن. فۆکۆ بە چەشنێکی زۆر مەعقووڵ هەڵسوکەوت دەکا، هەر لەبەرئەوە کارو کردەوەی "حەقیقەت" لە ڕژێمەکانی دەسەلاتی مۆدێرن دەخاتە چەقی توێژینەوەکانی خۆیەوە.

بایۆ- دەسەلات

فۆکۆ بەهۆی دیاریکرنی شوێنگەی مێژوویی بەشەکانی گریمانەی چەپاندن، ئەم گریمانەیە سەرلەنوێ بە شێوازێکی جینالۆژیانە دەاتەڕوو. ئەم بەشانە لەڕووی مێژووییەوە بۆ دەوڵەت- شاری یۆنانی، لەشکری ڕۆم، کۆماری ڕۆم، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیو بنەما ڕۆژهەلاتیەکانی مەسیحییەت دەەڕێنەوە. هەرچۆنێ بێت تەنیا لە سەدەی حەڤدەدا بووکە بایۆ- دەسەلات/ ئەو دەسەلاتەی بەسەر ژیاندا دەڕوانێت "زیندە- دەسەلات"/ وەکو تەکنەلۆژیایەکی سیاسی یەکگرتوو (منسجم) دەرکەوت، هەرچەندە تەنانەت لەو سەردەمەشدا واتە تەکنەلۆژیای سیاسی بالادەست لە قەڵەم نەدەدرا. بەم حالەش ئەمە قۆناغێك بوو کە تێیدا پیادەکردنی سەرپەرشتی کردنی ژیانو گەشەی دانیشتووانو چاوەدێری کردنی بوو بە یەکێك لە هۆگرییە سەرەکییەکانی دەوڵەتو جۆرێکی تازە لە عەقلانییەتو کداری سیاسی لە شکلێکی یەکرتودا سەری هەڵدا. فۆکۆ ناوەرۆکی شێوازی نوێی عەقلانییەتی سیاسی لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا بەراورد دەکات کە گالیلۆ لە زانستی سروشتیدا پێکیهێنا. لەزانستی سروشتیدا یا ئازادسازی شتو دۆخەکان لە چنگی بوونیادەکانی مەعریفەی تەقلیدی، ئالوگۆڕێکی تیۆری سەرکەوتوانەو زۆر گرنگی بەرهەم هێنا. بەلام لە

پانتایی سیاسەتدا، فەیلەسوفەکان هەروا بڕوایان بە تۆرییە تەقلیدییەکانی سەروەری، مافی سروشتیو پەیمانی کۆمەلایەتی هەبوو و بەجیدیان وەردەگرتن. فۆکۆ بەلگەخوازی دەکات کە ئەم جۆرە گوتارە، ئەو ئالوگۆڕە بنەماییانەی پەنهان دەکرد کە بەکردەوە لە ئاستی کرداره کولتوورییەکاندا لە حالی ڕوودانداا بوون. "دەسەلاتی {مۆدێرن} تەنیا بەو مەرجە تەحەموول دەکرێت کە بەشێکی گرنگی خۆی بە حەشاردراوی بهێلێتەوە. سەرکەوتنەکەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە توانای پەنهانسازی میکانیزمەکانییەوە هەیە" (مێژووی جنسیەت، ل٨٦).

هەر لەو کاتەدا کە تیۆرییە سیاسییەکانی پێشوو بەردەوامییان هەبوو، چەرخی کلاسیك، عەقلانییەتێکی سیاسیو ئامرازێکی نوێی بە دیاری هێنا. لە نێوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا، توێژینەوەی ڕێکوپێكو ئەزموونی لە بارووخی مێژوویی، جوگرافیو دانیشتووان بووە هۆی سەرهەڵدانی زانستێکی کۆمەلایەتی نوێ. ئەم مەعریفە نوێیە، پەیوەندی لەگەڵ شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئەخلاقیو کرەیی کۆنو تەنانەت لەگەڵ ئامۆگاریەکانی ماکیاڤیلی بۆ دەسەلاتارە سیاسییەکانیش نەبوو. لەبەرانبەردا زانستە کۆمەلایەتییە پسپۆڕییەکان لە داوێنی تێبینی ئیداریدا دروست بوون. ئەم زانستە بە پێچەوانەی زانستە سروشتییەکان زانستێکی جیهانشمول، سەربەخۆ لە زەمینەی کۆمەلایەتی، گشتیو "ئامادەی قالبەندی صوری" نەبوو، بەڵکو لەبەرانبەردا بریتی بوون لە شێوازێکی تێگەیشتن کە لایەنە وردەکانی (جزئیات) وەبەرچاو دەگرت. زانستە کۆمەلایەتییە نوێیەکان لە تیۆری سیاسی تەقلیدی حیکمەتیکردەییو لە تیۆرییەکی گشتی لەمەڕ کۆمەلگا جیابوونەوە کە هۆبز بە لاسایکردنەوەی زانستە سروشتییەکان، خستبوویە ڕوو. دواتر ەری دەخەین کە ئەم جۆرە هاوبەندیەی نێوان زانستی مرۆڤو بونیادەکانی دەسەلات چ شوێنەوارێکی بۆ زانستە کۆمەلایەتییە هاوچەرخەکان پێکهێناوە. لێرەدا ئێمە تەنیا خەریکی تاوتوێکدنیئەو شێوازە دەبین کە بەهۆی ئەوەوە هەندێ لە زانستە کۆمەلایەتییەکان پەیوەندییان لەگەڵ تەکنەلۆژیاکانی بایۆ- دەسەلاتدا پەیدا کرد. "بایۆ- دەسەلات، ژیانو میکانیزمەکانی هێنایە ناو پانتایی محاسبەی ئاشکراوەو مەعریفە/ دەسەلاتی کردە فاکتەری گۆڕانی شێوازی ژیانی

مرۆیی..مرۆڤی مۆدێرن ئاژەڵێکە کە سیاسەتەکەی، بوونەکەی{بوونی مرۆڤ} دەخاتە ژێر پرسیارەوە" (پێشوو، ل١٤٣).

بەپێی ڕیوایەتی فۆکۆ بایۆ- دەسەڵات لە سەرەتای چەرخی کلاسیك لە دەوری دوو جەمسەر گەڵاڵە بوو. ئەم دوو جەمسەرە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە لەیەکتر جیابوون بەڵام لەو سەدەیەدا ئاوێتەی یەکتری بوونو تەکنەلۆژیای ئەو دەسەڵاتەیان دوست کرد کە تاکو ئێستاش تایبەتمەندی ئاشکرای باروۆخی هەنووکەیی ئێمە دیاری دەکات. یەێك لەم دوو جەمسەرانە، هۆگری بۆ جۆری مرۆڤ بوو. بۆ یەکەین جار لەمێژوودا، هەندێ چەمکی زانستی وەکو جۆر، دانیشتووانو هتد لەجیاتی چەمکی حقوقی، بە شێوایێکی هەمیشەییو بەردەوام لە ڕووی سیاسییەوە وەبەرچاو گیران. بەم جۆرە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەکانی نوێکردنەوەی ژیانی مرۆڤ، لەنزیکەوە لکا بە ئامانجێکی سیاسی ترەوە. وا بڕیارە کۆنترۆڵو ڕێکوپێك کردنی جموجۆڵی ژیان بەم چەشنەو بکەوێتە ناوەندی باسی بەری شەشەمی مێژووی جنسیەت. جەمسەری دووەمی بایۆ- دەسەڵات، نەهێندە وەکو ئامرازی سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەی مرۆڤ بەڵکو زیاتر وەکو بابەتی دەستکاری سەیری جەستەی کردووە. زانستێکی نوێو یان بە جۆرێکی ڕاستر تەکنەلۆژیای جەستە وەکو بابەتی دەسەڵات، هێدی هێدی لە پانتاییە پەرشوبڵاو پەراوێزیەکاندا پێکهات. فۆکۆ ئەم زانستە نوێیە بە "دەسەڵاتی دیسپلینی" ناوزەد دەکاتو بەدوورو درێژی لە کتێبی (دیسپلینو سزا) شی کردۆتەوە. ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتی دیسپلینی بەهەمهێنانی مرۆڤێك بوو کە وەکو "جەستەیەکی ڕامو لارەمل" سەیر بکرێ. ئەم جەستە ڕامە دەبووایە لە هەمان کاتدا جەستەیەکی بەرهەمهێنەریش بووایە. تەکنەلۆژیای دیسپلینی لە کارخانەکان، مەعسکەرەکان، زیندانەکانو نەخۆشخانەکاندا گەشەی سەندو پەرەی پێدرا، لە هەر کام لەم دەزگایانەدا، ئامانجی گشتی "زیادکردنی سوودمەندیو لارەملی" تاکەکانو دانیشتووان بە شێوەیەکی هاوکات بوو. تەکنیکە پێویستەکان بۆ پیادەکردنی دیسپلین بەسەر جەستەکاندا بە تایبەتی بەسەر چینە کرێکارو دەستکورتتدا پیادە دەکران ئەگەرچی هەر ئەوانی نەدەگرتەوە، چونکە لە زانکۆو قوتابخانەکانیشدا پیادە کران.

کۆنترۆڵی دیسپلینیو دروستکردنی جەستەی ڕامو لارەمل بێگومان پەیوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەوە هەیە. ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان کە کەڵەکەبوونی سەرمایەی لێ کەوتۆتەوەو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان کەڵەکەبوونی دەسەڵاتی بەدوای خۆیدا هێنا بە تەواوی لەیەکتر جیا نین. بۆ نموونە "تەشەنەدانو بڵاوکردنەوەی شێوازە سەربازیەکان بۆ ناو ڕێکخراوی ئابووری لە ئاستێکی بەربڵاودا نموونەیەك بۆ پارادایم بوو، کە بەهۆی شێوازەکانی دەسەڵاتەوە بەرقەرار کرابوو. بەڵام ئەم شێوازانەی دەسەڵات لە بەشەکانی ئابووریدا پەیدا نەبوونو لە سنووری ئەم پانتایەشدا نەدەمانەوە" (دیسپلینو سزا، ل٢٢١).

فۆکۆ ئەم دوو ئاڵوگۆڕە سەرەکییە بە شێوازێکی ناهۆو هۆبەندی لە پەنا یەکتری دادەنێت، بەڵام بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە تەکنەلۆژیای سیاسی بە تەعبیری ئەودا بەر لە تەکنەلۆژیای ئابووری سەری هەڵداوە. ئەو بەڵگەخوازی دەکات کە تەکنەلۆژیا دیسپلینەکان بنەمای گەشەو بەرفراوانبوونو سەرکەوتنی سەرمایەداریان وەکو بزوتنەوەیەکی ئابووری پێك دێنا. بەبێ ئامادەیی تاکی ڕێکوپێكو بە دیسپلین لەنێو دەزگای بەرهەمهێناندا، نیازە نوێیەکانی سەرمایەداری وەدی نەدەهات. لەبەرئەوە سەرمایەداری بەبێ ناوەندێتی، کۆنترۆڵو دابەشکردنی عەقڵانی دانیشتووان لە ئاستێکی بەریندا نامومکین دەبوو. بەپێی بەڵگەخوازی فۆکۆ ئەم جۆرە تەکنیکە دیسپلینانە، پشتیوانیان لە ئاڵوگۆڕی مەزنترو بەرچاوتر دەکرد لە ڕێکخراوی بەرهەمهێناندا. لانی کەم لە فەڕەنسادا، گەشەی هێواشی تەکنەلۆژیای دیسپلینی، هەم لە ڕووی مێژوویيو هەم لەڕووی لۆژیکیەوە، بەر لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری دەستی پێکرد. ئەم تەکنەلۆژیانە نەبوونە هۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداری بەڵکو وەکو زەمینە تەکنەلۆژیکیەکانی سەرکەوتنەکەی لە قەڵەم دەدرێن.

هەروەك پێشتر وتمان، فۆکۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تەکنەلۆژیا دیسپلینەکان هەر لەو کاتەدا کە تا ڕادەیەك بەپەنهانی مانەوە، بەرفراوان بوون. ئەوان بە سادەیی گوتاری تیۆری سیاسی، یاسا، مافو ئەرکەکانو دادپەروەریان بەلاوە نەنا. جێبەجێکارانی تەکنەلۆژیا یسپلینەکان لە ڕاستیدا چەندین تیۆریان لەهەمبەر

دەوڵەتەوە بەکارهێنا کە هەرکامیکیان لە زەمەنێکی تایبەتی لە ڕابردوودا خرابووە ڕوو. ئەم تۆرییە جیاوازانە دەیانتوانی لە شوێنگە جیاوازەکانی دەرکەوتنی دەسەڵاتدا، واتە لە کارخانەکان، قوتابخانەکان، زانکۆ و ئیداراتی حکومی بەیەکەوە بژین. مەبەست ئەوە نییە کە ئەم جۆرە تیۆرانە گرنییان نەبوو بەڵکو ئاڵۆزیو تەنانەت ڕکەبەرایەتی نێوان هەڵوێستی تیۆری، ئەم واقیعیەتەی پەنهان دەکرد کە کردارە تەواو نوێیەکان لە پانتایی بایۆ- دەسەڵاتدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن خەڵکەوە پەسەند دەکران. بۆ نموونە، وتاری هیومانیستی (مرۆڤگەرایی) سەدەی هەژدە لە هەمبەر یەکسانییەوە، بزاڤێکی سیاسی تەواو بێ پێشینەی ورووژاند. بەڵام لەهەمان کاتدا، دیسپلینی توند لە ناو کارخانە پیشەسازییەکان، ناوەندەکانی بێگاری کرن بە بێ کارو بەرەڵاکانو چاوەدێریو تێڕوانینی ڕوو لە زیادی پۆلیس بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا، گرانتی گەشەی هێمنو بێدەنگی کۆمەڵە پەیوەندیەك بوو کە بێگومان نەیاندەتوانی پەیوەندی یەکسانی، برایەتیو ئازای بن. ئەگەرچی ڕوودانی ڕادەیەك لە پێشکەوتن لە دەزگا حکومیەکان لە ڕووی بەشداریو یەکسانی سیاسییەوە ناکرێ نکۆڵی لێبکرێت، بەڵام تەکنیکە دیسپلینەکان دەریان خست کە ئەندامانی کۆمەڵگا نە یەکسان بوونو نە بەیەك ڕادە دەسەڵاتیان هەبوو: "دیسپلینە واقعیو جەستەکان، بنەمای ئازادیە صوریو حقوقییەکانی پێکدێنا. ڕەنگە پەیمان {ی کۆمەڵایەتی} وەکو بنەمای ئایدیایی یاسا لەقەڵەم بدرێت، بەڵام تەکنەلۆژیای دیسپلینی، تەکنیکی ناچارکردنو دیلایەتی لە ئاستێکی بەرفراواندا پێکدەهێنا" (دیسپلینو سزا، ل٢٢٢، لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری لە وەرگێڕاندا).

ئەگەرچی ئەم تەکنەلۆژیا سیاسییە لەناو تۆڕی ئاڵۆزی تیۆری یاسی تەقلیدیدا نەبوو بەڵام ناعەقڵانیو بێ بابەتیش نەبوو بەڵکو لە ڕاستیدا عەقڵانییەتی سیاسی تایبەتی خۆی هەبوو. ڕێك هەر ئەم عەقڵانیەتەو تەکنەلۆژیای نوێی بایۆ- دەسەڵاتە کە بابەتی شیکردنەوەی فۆکۆ پێك دێنێت. بۆ تێگەیشتن لەم جۆرە هزرە شسیاسیە دیاریکراوە دەبێ ئەو هەڵوێستەی کە لە درێژەی چەخی کلاسیکدا سەریهەڵدا لەگەڵ تیۆرەکانی پێشوو سەبارەت بە سیاسەتو مەعریفە، بەراورد بکەینو لەبەرانبەر یەکتریان دابنێین.

بەشێوەیەکی تەقلیدی، لە کەلتوری ڕۆژئاوادا هزری سیاسی نیگەرانی ژیانێکی عادیلانەو بەختەوارنە بوو. عەقڵی کردەیی هەوڵی دەدا خەسڵەتی تاکەکەسیو ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی، لەسەر بنەمای تێگەشتنێکی میتافیزیکی بەربڵاوی نەزمی جیهان، ڕێك بخات. تەعبیرە مەسیحیەکانی ئەم ڕوانگەیە وەکو تەعبیری سن تۆماس لەسەر هەمان هێڵی فیکری ئەرستۆدا بوون. سن تۆماس هۆگری کۆمەڵگایەکی فازڵانە بو کە ڕەگوڕیشەی بۆ جیهانبینی تیۆری ئەنتۆلۆژیانە دەگەڕایەوە. سیاسەت غایەتێکی بەرزتر بوو کە پاڵی بە نەزمێکی گشتی ترەوە دابوو و پێان وابوو لە توانادا هەیە ئەم نەزمە بناسرێت. هزری سیاسی، تەکنیکێك بوو کە لە جیهانی پڕ کەموکوڕی، مرۆڤەکانی بەرەو ژیانێکی بەختەوەرانە ڕێنمایی دەکرد، تەکنیکێك کە وەك خوازەیەك لە حکومەتی خواوەند بەسەر سروشتدا لەقەڵەم دەدرا.

جۆری دووەمی عەقڵانییەتی سیاسی لە ماوەی ڕێنسانسا سەریهەڵداو بە زۆری لەگەڵ ناوی ماکیاڤیلیدا دێت. مایاڤیلی ئامۆژگاری میری دەکرد کە چۆن دەوڵەتەکەی خۆی بپارێزێت. پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی میرو جۆری ئەو دەوڵەتەی کە ئەو حوکمڕانی بەسەرا دەکرد، بەم جۆرە دەبووە بابەتی توێژینەوە. هەروەك هەنێ کەسی تر ئاماژەیان پێکردووە، ئەم ئاڵوگۆڕە، وەکو دابڕانێکی سەرەکی لە نەریتی هزری سیاسی پێشووی ڕۆژئاوا دەژمێردرێ. لێرەدا ئیدی هیچ چەشنە تێبینیەکی میتافیزیی لە ئارادا نەبوو وهیچ ئامانجێکی دیکە جگە لە پاراستنی دەسەڵاتی میر وەبەرچاو نەدەگیرا. لەنامیلکەکانی ئەم قۆناغەدا ئامانجی کۆتایی زیادکردنو یەکگرتوویی دەسەڵاتی سیاسی بوو نەك ئازادی یان بەختەوەریو یان تەنانەت ئاشتیو هێمنی هاوڵاتیان. بەم چەشنە مەعریفەی کردەییو تەکنیکی بەسەر تێبینییە میتافیزیکیەاندا زاڵ بوو و تێبینی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی دەسەڵات، گشتگیرو باڵادەست بوو.

ئاڵوگۆڕێکی تر لەهزری سیاسیدا ڕوویدا کە بەزۆری وەکو سەرهەڵدانی تیۆری بەرژەوەندی دەوڵەت دەناسرێتو لەو دوو ئاڵوگۆڕەی باسمان کرد یان. ئەگەرچی تیۆریسێنەکانی بەرایی لەم پانتاییەدا لەهەمان سەردەمی مایاڤیلیدا دەرکەوتنو

بەزۆریش ناویان لە پەنای ناوی ئەو دێت، بەلاَم فۆكۆ لە دیدگایەكی جیاوازەوە سەیریان دەكاتو بەتایبەتی نووسەرانی نامیلكەو ئەجینا پسپۆڕییەكانی پەیوەندیدار بە پۆلیسی ئەو سەرەمە وەبەرچاو دەرێت. خاڵی جێگەی سەرنجی فۆكۆ ئەوەیە كە ئەم نووسەرانە كە بەزۆری ناوەكانیان بۆ ئێمە نائاشنایە، هەنێ سیاسەتیان بۆ بەكارهێنانی كردەیی داڕشتو هەندێ تەكنیكی وردیان بۆ سەپاندنی نەزمو دیسپلین بەسەر تاكەكاندا خستەڕوو و لەهەمان كاتدا نەریتی سەرەكی هری سیاسی ڕۆژئاوایان بۆ پەنهانسازی میتۆدی زانستی تایبەتی خۆیان، بەكارهێنا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەوان نوێنەری ئاڵوۆڕێكن لە فەلسەفەی سیاسیدا. ئەو كەسانەی كە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەت تەدبیریان پێشكەش دەكرد، دەوڵەتیان وەكو ئامانج سەیر دەكدو چارەنووسەكەیان لە هەموو جۆرە نەزمێكی ئەخلاقی بەرفراوانترو هەروەها لە چارەنووسی هاولاَتیان بە جیا دەژمارد. بە پێی بەلگەخوازی فۆكۆ ئامانجی ئەوان مۆدێرنترینو بنەماییترین ئامانج بوو، چونكە لە ڕوانگەی ئەوانەوە عەقلاَنییەتی سیاسی ئیتر بەرەو بەدەستهێنانی ژیانێكی بەختەوەرانەو یان تەنیا پاراستنی می لەسەر دەسەلاَت نەبوو بەڵكو دەیەویست لە ڕێگەی پیادەرنی دیسپلینێكی توندتر بەسە جەستەی ڕەعیەتەكانی دەوڵەتدا، پانتایی دەسەلاَت لە پێناوی خودی دەسەلاَتدا بەرفاوان بكات.

یەكەمین پرنسیپی ئەم عەقلاَنیەتە سیاسییە نوێیە ئەوە بوو كە غایەتەكەی خودی دەوڵەت بوو نەك ئەو یاسایانەی كە حاكم بوون بەسەر مرۆڤو سروشتا. بوونی دەوڵەتو دەسەلاَتەكەی بابەتی ڕاستەقینەی مەعریفەی تەكنیكیو ئیداری نوێ بوو، لەبەرانبەر گوتاری حقوقی كۆندا كە دەسەلاَتی لە هەندێ غایاتی تری وەكو دادپەروەری، بەختەوەری یان مافی سروشتی دەبەست. مەبەست ئەوە نییە كە ماف بێ سوود یان نابودكرا بەڵكو هێدی هێدی ڕۆڵی تری لە كۆمەڵگای مۆێرندا وەرگرت. ئێستا بابەتی تێگەیشتنی مەعریفەی ئیداری خودی دەوڵەت بوو نەك مافی خەڵك، ماهییەتی یەزانی یان مرۆیی یاسا. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی ئەم مەعریفەیە ئەوە نەبوو كە تیۆرێكی گشتی دروست بكات بەڵكو مەبەست ئەوەبوو كە ماهیەتی تایبەتی هەر دەوڵەتێكی مێژوویی تایبەتی پێناسەو دیاری بكات. ئەمە خۆی لەخۆیدا پێویستی بە كۆكردنەوەی زانیاری هەبوو سەبارەت بە ژینگەی پەراوێزی دەوڵەتو دانیشتوانو سەرچاوەو بابەتە پەیوەندیدارەكان پێیەوە. هەروەك پێشتر بینیمان، بۆ بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە مەعریفەیە دەبووایە كۆمەڵە شێوازێكی ئەزموونی توێژینەوەو پشكنین پێكبهێنرێت. بەم چەشنە خوێندنەوەی مێژوو، جورافیا، بارودۆخی هەرێمایەتیودانیشتووانی هەر ولاَتێك لە ڕادەی بەدوادا گەڕانی تیۆری زیاتر چوو و بوو بەتوخمێكی سەرەكی لە پێكهاتەی نوێی دەسەلاَتو مەعریفەدا. حكومەتو بەتایبەتی دەڤگای بەڕێوەبردنەكەی لە پێناو ئەوەدا كە بە شێوازێكی كارا ئیش بكات پێویستی بە مەعریفەیەكی عەینی، دیاریكراوو قابلی پێوان بوو. هەر ئەممەعریفەیە ئەو دەرفەتەی لەبەردەم حكومەتدا دەڕەخساند تا بەوردی بارودۆخی هێزەكانی خۆی دیاری بكاتو خاڵە لاوازەكانی خۆیو چۆنیەتی چارەسەركردنیان بزانێ. بەم چەشنە عەقلاَنیەتی سیاسی نوێی بایۆ- دەسەلاَت پەیوەندی لەگەڵ زانستە كۆمەلاَیەتییە ئەزموونیو ازە دامەزراوەكاندا هەبوو. بۆ نموونە ئەوەی لە سەرەتادا خوێندنەوەیەكی دانیشتووان بوو، بە زوویی گۆڕا بۆ زانستی موحاسەبەی سیاسی. لێرەدا دەكەوینە یادی گەلێك بەشی (ڕۆحی یاساان)ی بەرهەمی مۆنتسكیۆ لە هەمبەر ئاو وهەوا، جوگرافیا، دانیشتوانو هتد كە بەزۆری لەلایەن شیكەرەوەو ڕاڤەكارە نوێیەكان كورت كراوەتەوە یان وەلا نراون. لە ڕوانگەی فۆكۆوە هەر ئەم بەشانە گرنترین بەشی نامەی مۆنتسكیۆ پێك دێنن، نەك ئەو بەشانەی كە تێیاندا باسی فەزیلەت كراوە.

دەرەنام ئەوە بو كە بەڕێوەبەرانو كاربەدەستە دەوڵەتییەكان نە تەنیا هەر پێویستیان بە ناسینی ولاَتی خۆیان هەبوو بەڵكو پێویستیان بە ناسینی ولاَتەكانی تریش هەبوو. ئەگەر غایەتی ئەم عەقلاَنییەتە سیاسییە، دەسەلاَتی دەوڵەتی بوو، ئەوا ئەم دەسەلاَتە دەبووایە بە پێی هێزو توانا بپێورێت. لەبەرئەوەی هەموو دەوڵەتەكانی دیكەشو هەمان گەمەی سیاسیان ئەنجام دەدا، بەراوركردنی نێوانیان شتێكی بنەڕ`تیو گرنگ بوز خۆشگوزەرانیو تەنانەت مانەوەش دەرەنامی فەزیلەت نەبوو بەڵكو وەكو بەرهەمی هێزو توانا لە قەڵەم دەدرا. لێرەشدا توخمی سەرەكی، مەعریفەی ئەزموونی بوو نەك تیۆری ئەخلاقی.

بەم چەشنە سیاسەت گۆڕا بۆ "بایۆ- سیاسەت/ ئەو سیاسەتەی بەسەر ژیاندا دەڕوانێت/ "Bio- Politics". هەر کە بایۆ- سیاسەت سەری هەڵدا، ژیانی دانیشتووانو نابودکرنیان بوو بە پاشکۆی دانانی سیاسی. لەبەرئەوەی کە ئەم حەشیمەتە هیچ نەبوو جگە لەو شتەی کە "دەوڵەت لە پێناوی خۆیدا گرنگی پێدەدان" هەر بۆیە دەوڵەت دەیتوانی بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی جێگۆڕکێیان پێبکاتو یان بەژێر نووکی چەقۆدا تێپەڕیان بکات.

بەورتی:

"دەتوانین دەستتێوەردانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری دەوڵەت لە ژیانی اك بە تێپەڕین، لەم هزرە کە دەوڵەت خاوەنی خەسڵەتو غایەتێکی تایبەت بە خۆیەتی، بەرەو هزرێکی تر کە مرۆڤ بابەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دەوڵەتە، ببینین، مرۆڤ تا ئەو شوێنەی کە بەرهەمهێنەری دەسەڵاتێکی زێدەیە، تا ئەو شوێنەی کە بوونەوەرێکی زیندوو، کرێکارو قسەکەرە، تا ئەو شوێنەی کە لە ژینگەیەکی سەر بە دانیشتووانداية، {بابەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دەوڵەتە}. گرنگی ژیان لەبەر ئەم بابەتە پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتی سیاسی زساد دەبێت، جۆرە ئاژەڵسازییەکی مرۆڤ لە ڕێگەی ئاڵۆزترین تەکنیکە سیاسەکان دێتە ئاراوە. هەم سەرهەڵدانی دەرفەتی کۆکوژی بە شێوەیەکی هاوکات، لەسە سەکۆی مێژودا دەردەکەوێت" (وتاری ئستانفۆرد).

فۆکۆ لە شیکردنەوەی ئەم جۆرە نوێیەی عەقلانیەتی سیاسیدا، پەیوەندیەکی تازە لە نێوان سیاسەتو مێژوودا دەستنیشان دەکات. یاساانەری داناو تێگەیشتو ئیدی ناتوانێت هەموو ڕەگەزو کۆڵەکەکانی دەوڵەت دەستەبەر بکاتو هەماهەنگییەکی تەواو و بێ کەموکوڕی دروست بکات. لەبەرانبەر ئەمەدا دەبێ ئەو چاوەێری کۆمەڵە هێزێك بێت کە لە حاڵی گۆڕانان کە بە نۆرە لەلایەن بڕیارە سیاسیەکانی ڕژێمەوە بەهێز یان لاواز دەکرێن. لەبەرئەوەی ئیتر ناتوانێت هیچ چەشنە بنچینەیەکی هاوسەنگ، یان ڕادەیەك لە دەرەوە ڕابسەپێنرێت، هەر بۆیە هیچ چەشنە ڕادەیەکی ناوەکی بۆ ئەو هێزو دەسەڵاتەی کە لەوانەیە دەوڵەت بە دەستی بێنێ، بوونی نییە. دەسەڵات کە لە سنوەانی سروشتو ئایین ئاسوودە بووە، دەچێتە

ناو جێهانێکەوە کە لانی کەم وەك بنچینەیەك، لەتوانایدا هەیە بەچەشنێکی بێڕادەو سنور بەرفراوان بێت. ئەم بەرفراوانبونە (یان وێرانییە) لەسە سەکۆی مێژوودا ڕوودەدات. هەڵبەتە هەندێ هێزی مادی لە ئارادان کە کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژوو دادەنێن. بێگومان سەرهەڵدانی قۆناغێکی ئەوتۆ لە ژیانی سیاسیدا پەیوەندی لەگەڵ ئاڵۆزی سەرەکی ئابوریو دیموگرافیو بە تایبەتی لەگەڵ هەمو ئەمانەدا، پاش ئەوەی زیاتر لە سەدەیەك بەسەر مێژوونووسی مارکسیستیدا تێدەپەڕێت، دیسان گرنگی تایبەتی ئەم عەقلانیەتە سیاسییە تایبەتییە شیکردنەوەیەکی تەواوی بۆ نەکراوە. دەستنیشانکردنو شیکردنەوەی ئەم کردارە سیاسییە دیاریکراوانە دەکەوێتە ناوەندی گرنگیپێدانی فۆکۆ.

بۆ نموونە، سەرەڕای ئەوەی گرنگیپێدانی نەوەی نوێی بەڕێوەبەرانو کاربەدەستانی دەوڵەتی بەرەو دانیشتوان شۆڕبۆتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لە دیدگای ئیدارییەوە پێناسەیەکی تازە بۆ سیاسەتو تاك بڕەوی سەند. لە پانتایی ڕوو لە بەربلاوی دەوڵەتی مۆدێرنو دەزگا ئیدارییەکانی، مرۆڤەکان لەهەر کایەیەکدا، وەکو یەکێك لە سەرچاوەکان لەقەڵەم دەدرێن. تاك ڕێك تا جێگەیەك سەرنجو گرنگی پێدەدرێت کە بەشدارییەك بکات لە بەهێزکردنی دەوڵەتدا. ژیان، مەرگ، چالاکی، کار، بەدبەختیو خۆشی تاکەکان تاکو ئەو شوێنە بە گرنگ وەردەگیرێت کە لەڕووی سیاسییەوە سوودمەند بێت. هەندێ جار ئەو شتەی دەبوایە تاك لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە ئەنجامی بدات ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی تایبەتی ژیان یاخود کارو بەرهەمهێنانی ئەنجام بداو هەندێ جاریش دەبووایە تاك لە پێناو بەهێزکردنی دەوڵەتدا بمرێت. پەیدابوونی تاکی مۆدێرن وەکو بابەتێکی پەسەندی سیاسیو زانستیو شوێنەوارەانی ئەم ئاڵوۆڕە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، ئێستا دەبێتە بابەتی سەرەکی شیکرنەوەی فۆکۆ.

ئەرکی پۆلیس ڕێکخستنو جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی بایۆ- دەسەڵات بوو بە مەبەستی زیادکردنی چاوەێری دەوڵەت بەسەر دانیشتوواندا. ئەگەرچی پۆلیسی فەڕەنسا لە سەدەکانی حەڤەو هەژدەدا هکو بەشێك لە دەزای دادوەری حسێب دەکرا، بەڵام لەگەڵ تاەکاندا نەك وەکو سوژەی دادوەری بەڵکو وەکو بوونەوەری زینووی گیرۆدە لە کارو بازرگانیدا هەڵسوکەوت دەکرا. (ئەم ڕەهەندەی بابەتەکە بەدوورو

درێژی له (نقم اشیاو) به شێوازی ئارکیۆلۆژی تاوتوێ کراوه). فۆکۆ لەسەر بنەمای کورتە کورتە کتێبو ئەجیندای ئیداری ئەو قۆناغە، دەریدەخات کە ئەرکی سەرەکی پۆلیس کە بەچەشنێکی ڕوو لە زیاد ئەولەویەتی زیاتری پێ دەدرا، چاوەدێری کۆدنی تاکی تایبەتیو گشت دانیشتووان بوو تاکو ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی دەوڵەتەوە هەیە. هەر بۆیە ئەکەکانی پۆلیس گەلێك بەربڵاو بوون: "مرۆڤەکانو شتەکان لەو پەیوەندییە کە لەگەڵ خاوەندارێتیدا هەیانە، ئەو شتەی بەرهەمی دێنن، پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان لەسەر خاکێك، ئەوشتەی لەبازاڕدا ئاڵوێر دەکرێ /بابەتی چاوەدێری پۆلیسن/. ئەم ڕۆڵانە، چاوەدێریکردن بەسەر ژیانی مرۆڤەکان، نەخۆشیو ئەو ڕووداوانەی کە تووشی ئەوان دەبێت لەخۆ دەگرێ. بابەتی چاوەدێری پۆلیس، مرۆڤی زیندووی چالاكو بەرهەمهێنە. کتێبێکی بچووك کە هی قۆناغی پاشایەتی لویسی چواردەیە دەڵێت: "بابەتی ڕاستەقینەی پۆلیس مرۆڤە" (پێشوو). بەر لەمە دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر تاکەکاندا پیادە دەکرا. بەڵام لەو سەردەمەدا پۆلیس لەگەڵ مرۆڤەکان لە چالاکی ڕۆژانەیاندا وەکو توخمی سەرەکی هێزو چالاکی دەوڵەت سەروکاری هەیە. پۆلیسو پاشکۆ ئیدارییەکانی ئیچستا بەرپرسیارێتی باسکردنو خۆشگوزەرانیو لەهەمان کاتدا کۆنترۆڵی مرۆڤەکانی لەسەر شانە.

دەزگای ئیداری دەوڵەت پرسی خۆشگوزەرانی لەژێر ناوی دابینکردنی پێداویستیو بەختەوەری خەڵك دێنێتە بەرباس. هەڵبەتە ئەمانە هەر ئەو ئامانجانە بوون کە دابینکردنیان غەمی سەرەکی حکومەتەکانی پێشووتریش بوو، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکە ئاوەژوو بۆتەوە. ئێستا نیازەکانی مرۆڤ ئیدی وەکو غایەتێك لە خودی خۆیدا یان بابەتی گوتارێکی فەلسەفی کە لە هەوڵی دۆزینەوەی ماهییەتی زاتیاندا بێ، تەسەور ناکرێت، بەڵکو لە ڕشوانگەیەکی ئامرازگەرایانەو ئەزموونی وەکو هۆی زیادکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەژمێردرێت. بەم چەشنە فۆکۆ پەیوەندی نێوان تێگەیشتنی ئیداری نوێ بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤو بەرفراوانبوونی بایۆ- دەسەڵات پێشان دەدات.

دوو جەمسەری بایۆ- دەسەڵات، واتە پیادەکردنی کۆنترۆڵ بەسەر جەستەو بەسەر جۆری مرۆڤ کە لەسەدەی هەژدەدا جیا لە یەکتری گشەیان سەندبوو، لە سەدەی نۆزدەدا لە چوارچێوەیگرنگیپێدانێکی ڕوو لە زیاد بە جنسییەتدا لە یەکتری بەسران- سەرەڕای دەوڵەت، شێوازێکی دیکەی دەسەڵاتیش هاتنە ناو ئیشەکەوەو ئەوانیش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کردارە سێکسییەکان، شێوازی موێو هەروەها گوتاریان لە هەمبەر جنسییەتەوە بەکارهێنا. جنسییەت بوو بە بوونیادێك کە لەڕێگای ئەوەوە دەسەڵات، چالاکی حەیاتنی جەستەیی لەگەڵ چالاکی حەیاتی جۆری مرۆڤدا لێك دەبەست، جنسییەتو ئەو مانایەی کە پێی دەدرا ئێستا ئیتر بوو بە کەناڵی سەرەکی بەرفراوانبوونی بایۆ- دەسەڵات.

ئێمە باسە سەرەکییەکانی فۆکۆ لە هەمبەر جنسییەت (یان بەوتەی خۆی بڵاوبوونەوەی جنسییەت- deployment of sixuality) دواتر دێنینە بەرباس. لێرەدا تەنیا دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بابەتی جنسییەت وەکو بەشێك لە پانتایی ڕوو لە زیادی بایۆ- دەسەڵات، دەرکەوت. نابێت ئەم جۆرە گوتارە لەمەڕ جنسییەتەوە بە مەفهوومە ڤیبەرییەکەی واتە وەکو سەرهەڵدانی جۆرە ڕەنجکێشییەکی نادینی وەربگرین. لە هەناوی تۆڕی تەعبیری بایۆ- دەسەڵاتدا، بڵاوبوونەوەی جنسییەت، نەك هۆگری نسبەت بە جنسییەتی لێ نەکەوتەوە بەڵکو بوو بەهۆی سەرهەڵدانی گوتارو هۆگری نسبەت بە چالاکی حەیاتی جەستە لە ڕادەیەکی یەکجار مەزندا. بەپێی بانگەشەی فۆکۆ، ئامانجەکە بریتی بوو لە "قووڵکردنەوەی گرنگی جەستەو هێنانەبەرباسی تەندروستو شێوازی دابینکردنی وەکو بابەتێك کە بۆ تاوتوێکردن دەشێت"، :مەسەلەکە، خستنەڕووی کۆمەڵە تەکنیکێك بوو بۆ زیاکردنی تەمەن بۆ بەرزترین ڕادە. ئەو بابەتەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی پێدەدرا.. جەستە، ساخڵەمی، درێژی تەمەن، لەدایکبوونو ئەسڵو نەسەبی چینایەتی بوو کە "حکومەتیان دەکرد" (مێژووی جنسییەت، ل١٢٣). وادێتە بەرچاو کە هیچ کاتێك بەو ڕادەیە گرنگی بە لایەنە جیاوازەکانی جەستەو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی جنسییەتەکەی نەدرابوو. بەم

چەشنە لە هەناوی جنسییەتدا، مانا، دەسەڵاتو مەعریفەیەکی نوێ بە ئەمانەت دانرا.

تا بەر لە سەدەی نۆزدە بەکارهێنانی گشتی جنسییەت بە سەرانسەری کۆمەڵگادا بڵاوبـبۆوە. چینەکانی ناوەڕاست هەر بەو جۆرە کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدە خۆیان لە ئەرستۆکراتو "سیمبۆلەکانی شەرەفو نەسەب"ی ئەو چینە جیاکردبۆوە، ئێستاش خۆیان لە چینی کرێکاران کە بەرەو ناو تۆڕی جنسییەتو بایۆ- دەسەڵات ڕادەکێشران، جیاکردەوە. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەخلاقگەراکانی بۆرژوازی ئامۆژگاری تاکی هاوچینی خۆیانیان دەکرد کە بە وردی سەرنج لە مەسەلەی جنسییەتو ژیانی پەنهانی ناوی‌و هەروەها ئەو مەترسییانەی لەوەوە سەرچاوە دەگرن، بدەن. تا بەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە مەترسییەکانی جنسییەت گرنگییەکی زیاتری پێدراو سەرکوتو پەنهانسازی بە شێوەیەکی ئەخلاقی وەك ئامۆژگاری دەخرایە ڕوو. فۆکۆ گوتاری نوێ بەم جۆرە وەسف دەکات: "جنسییەت نە تەنیا هەروەك ڕێنوێنیکەرانی ویژدان، ئەخلاقگەراکان، مامۆستاو پزیشکەکان بەردەوام بە نەوەکانی پێش خۆیانیان دەگوت، ڕازو ڕەمزێکی گەورەیە، و نەتەنیا دەبێت ئێمە ئەو حەقیقەتەی کە /جنسییەت/ حەشاری دەدات بدۆزینەوە، بەڵکو ئەگەر ئەو هەمووە مەترسیەی هەیە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە بارەیەوە بێدەنگ بووین (جا چ بە هۆی تێبینی ئەخلاقییە یان هەستی توندی گوناه یان دووڕوویی‌و یان هەر هۆیەکی دیکە بێت" (پێشوو، ل١٢٨و١٢٩).

پاش ئەوەی کە سێکسی سازی تاكو کۆمەڵەکان بە سەرانسەری کۆمەڵگادا بڵاوبۆوە، ئیدی خۆخەریکردنی بۆرژوازی لە هەمبەر جنسییەتەوە نەیدەتوانی هێمای جیاکردنەوەی چینەکان بێت. ئێستا جنسییەت وەکو مانا بەرەو جنسییەت وەکو کۆنترۆڵی ئیداری تەشەنە دەسێنێ.

هەر لەم قۆناغە لە فراوانبوونو بڵاوبوونەوەی بایۆ- دەسەڵاتدا بوو کە بەرنامەکانی ئێمەی ٠دابین کردن) خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، بەشیچوەیەکی رشەسمی (فەرمی) سەری هەڵدا. بۆرژوازی لە کاتێکدا سەبارەت بە خەیاڵپەروەری لەمەڕ زینا لەگەڵ محارمدا قسەی دەکردو بابەتی دەنووسی،. هەندێ بەرنامەی بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی لە ناوچە دێهاتی‌و گەڕەکەکانی پەراوێزی شاریشدا ڕێکدەخست. ئەنجوومەنە جیاوازەکانی چاکسازی هەوڵیان دەدا کردەوەی زیناکردن لەگەڵ محارمو لاڕێی تری ناجیز لەنێو چینی کریچکاردا لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەنن. لە ژمارەیەکی زۆری ڕاپۆرتو وتارەکانی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە بوونی ئەم جۆرە مەترسییانەوە هۆشداری بە جەماوەری خەڵك دەدرا. سەرەڕای ئەمە، شارەوانییەکان، هەندێ دەرمانخانەیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو نەخۆشیانەی کە لە جووتبوونەوە سەرهەڵدەدەن، دامەزراندو لەهەمان کاتدا لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی کۆمەڵێکی ئاڵۆزی دۆسییەی پزیشکی‌و دروستکردنی مەلهە (فاحشەخانە)ی مۆڵەت پێدراو، کۆمەڵێك هەوڵ بۆ ڕێکوپێکی بەخشینو پیادەکردنی چاوەدێری بەسەر فەحشاگەرییەوە ئەنجام درا. بەرفراوانبوونی تۆڕی دیسپلینی بەم جۆرە، بە ناوی پاراستنی تەندروستی گشتی‌و لە ترسی فەسادو داڕمانی وەچە ئەنجام دەدرا. خودی ئاماژکردن بە چارەنووسی وەچەو نەژادو نەتەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای کارو کردەوە سێکسییەکەی دامەزرابوو.

زۆری پێ نەچوو کە دەروونشیکاری‌و بۆ بەکارهێنانی /لەلایەن/ بۆرژوازییەوە، هاتە ناو /کارەکە/وە. دەروونشیکاری هێمای لوتکەو کەماڵی گریمانەی سەرکوت، پەیوەندی حەزو یاسا لە پەتیترین شێوەی خۆیداو ئاوێتەبوونی مانایی‌و مەحرەمانەو سەسوڕهێنەر بوو، دەروونشیکاری لانی کەم بۆ هەندێکیان، دەرمانی سەرکوت بوو. بە پێی دەروونشیکاری پەیوەندی نێوان جنسییەتو یاسا وەکو سەرکوت، پەیوەندییەکی تەواو گشتی‌و سەرانسەری بوو و هەر ئەم پەیوەندییە بنەمای شارستانییەتی پێکدەهێنا. بەڵام ئەو حەزو ئارەزووە زیناکارانەی کە ببونە هۆی بەرقەرارکردنی کردەی سەرکوت لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، ئێستا بە چەشنێکی بێ مەترسی لە ڕێگای دەروونشیکارییەوە قالبی هێنانە بەرباس بوون لەنێو گوتاردا. بۆرژوازی کاتێ دەسەڵاتی مۆنۆپۆلی خۆی بەسەر گوتار لەمەڕ جنسییەتەوە لەدەست دا، ئیمتیازێکی تری بۆ خۆی دروستکرد: ئێستا بۆرژوازی دەیتوانی سەبارەت بە جنسییەتی سەرکوتکراو و قووڵترین حەزو ئارەزووەکان قسە بکات. لانی کەم بۆ چینی بۆرژوا، "ئێستا ئەرکی دۆزینەوەی حەقیقەت پەیوەندی بە تەحەدی کردن لە

حەرامکراوەکانەوە هەبوو". ئاخاوتن سەبارەت بەو شتانەی کە دەسەڵاتی یاساغی دەکرد، لە شکڵی دانپیاناندا سەری هەڵدەدا.
هەردوو بەشی دیسپلینیو دانپیانان وەرگرانەی بایۆ- دەسەڵات، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ئەرکە چینایەتییەکانەوە جیاوازییان هەبوو، بەڵام لەو گریمانە هاوبەشانەی کە لەمەڕ گرنگی جنسییەتەوە هەیانبوو، یەکسان بوون. یەکێك لەو نموونانەی کە فۆکۆ دەیهێنێتەوە ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدە لەت ڕووی زانستییەوە ڕاگەیەنرا کە تابۆی زیناکردن لەگەڵ محارمەکان ڕێسای گشتی هەموو کۆمەڵگاکانە، لەهەمان کاتدا دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەت هەوڵیاندا کە کردەوەی زینا لەگەڵ محارم لەنێو دانیشتووانی دێهاتیو چینی کرێکاردا لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەننو ڕۆشنبیرانیش لە ڕێگەی زانستی دەروونشیکارییەوە قەناعەتییان بە خۆیان دێنا کە بە قسەکردن سەبارەت بەم تابۆیە لە بەرانبەر سەرکوتدا بەرهەڵستیو بەرگری دەکەن. بەم چەشنە خولگەکە دادەخرا. گریمانەی سەرکوت بوو بە بەردی بناغەی پێشکەوتنی بایۆ دەسەڵات.
بەم جۆرە ئەگەر بۆ پرسیارە بەدیهییەکەی فۆکۆ لەسەرەتای کتێبی مێژووی جنسییەت بگەڕێینەوە کە ئایا گوتاری ڕەخنەگرانە سەبارەت بە سەرکوت لەمپەرێك بوو لەبەرانبەر دەسەڵاتدا یان بەشێك بوو لە میکانیزمی ئەو دەسەڵاتەی کە دەخرایە بەر ڕەخنەوە، دەتوانین ئێستا وەڵام بدەینەوە کە گوتاری ڕەخنەگرانە بۆ خۆی بەشێکی سەرەکی دەسەڵات بوو. فۆکۆ بە کورتی ئەم خاڵە بەم جۆرە دەردەبڕێت: "بەم چەشنە یاسا، تەنانەت لە زانستی میکانیزمی نوێی دەسەڵاتدا، لە ئاسایشدایەو پایەدارە، چونکە ئەوە لوغنی[٣] کۆمەڵگایەکە کە لە سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا گەلێك تەکنەلۆژیای دەسەڵاتی دروست کردووە کە سەبارەت بە مەفهوومی یاسا بێگانەو نامۆن: {ئەم کۆمەڵگایە} لەدەست شوێ،هوارو بڵاوبوونەوەی ئەو تەکنەلۆژیایانە وەزاڵە هاتووەو هەوڵدەدات بیانخاتە شکڵی یاساوە، (مێژووی جنسییەت، ل١٠٩).
بەڵگەخوازی فۆکۆش بۆ خاڵی دەستپێکی گەڕاوەتەوە. بایۆ- دەسەڵات، لەناو خۆیدا جێگای داوە بە گریمانەی چەپاندن. بارودۆخی مێژووی سەرهەڵدانی گریمانەی چەپاندن واتە ئەو دەستە لە کردارە کولتوورییەکان کە ئەم تیۆرییە لە هەمبەر جنسییەتەوە لە هەناوی ئەوانەوە سەریهەڵدا، ئێستا لەگەڵ هەلومەرجی قبوڵکردنی ئەم گریمانەدا جووتو گونجاوە. بەشێوازی ڕاڤەی باو، تەنیا کاتێك لە هەردووکیان تێدەگەین کە لەنێو "تۆڕی ڕەمزکردنەوەی مێژوویی" تەواوتردا دابنرێن. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم تۆڕە ئێستا دەتوانین ئاراستەی باسەکە بگۆڕینو بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر خەریکی تاوتوێکردنی تەکنەلۆژیاکانی دەسەڵاتو عەقڵانییەتی پەیوەندیدار بەوەوە بین.

ژێدەر

میشیل فۆکۆ فراسوی ساختگراییو هرمینوتیك، هیوبرت دریفوس/ پل ڕابینو ت: حسین بشیریە، ١٣٧٩.

پەراوێز

-1 بێگومان ناتوانین لە هەڵسەنگاندنی بەڵگەخوازییە مێژووییەکانی فۆکۆ بە شێوەیەکی سادە بگەڕێینەوە سەر ڕووداو و حاڵەتەکان: مێژوونووسە فەڕەنسییەکان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی فۆکۆ جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندا هەیە. دەستەیەك لە مێژوونووسە پسپۆڕەکانی مێژووی سەدەی نۆزدە لەم کتێبەی خوارەوەدا تاوتوێی کتێبی (دیسپلینو سزا)یان کردووە:

L,Impossible prison[٤] (paris: Editions de seuil, 1980)

دژکردەوەی هەندێ لەم نووسەرانە خۆپارێزانەو هی هەندێکی تریان سەرکەوتووانە بووە، ئەگەرچی هەموویان جگە لەهەندێ حاڵەتدا نەبێ ناتوانن ئەوە پیشان بدەن کە فۆکۆ "حاڵەتو ڕووداوەکان"ی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەروەك فۆکۆ بە زمانێکی تونجئامێز وتوویەتی زۆربەی ئەو نووسەرانە لە بەڵگەخوازییەکانی خراپ تێگەیشتوونو هەر لەم ڕوویەوە تەنانەت ڕاستکردنەوە بچووکەکانیشیان هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە.

بەباشی سوود لەم دەرفەتە وەرنەگیرا چونکە لەو کتێبەدا بەشێوەیەکی سوودبەخش‌و بیرمەندتنە گرنگی بە لایەنە وردە (جزئیات) مێژووییەکان نەدرا. لەلایەکی ترەوە پۆل ڤین مامۆستای مێژووی ڕۆم‌و لە کۆلیژی دروفرانس لەم وتارەی خوارەوەدا ستایشی فۆکۆی کردووە وەکو مێژوونووسێکی درەوشاوە، وردو تیژ بین:

Paul Veyne, "Foucault revolutionne L'histore" in comment on Ecrit L'Histore, Editions de seuil, 1978.

## جینا لۆژیای مرۆڤی مۆدێرن وەك بابەت

فۆکۆلە (دیسیپلین‌و سزا) لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی دوو لایەنەی نێوان تەکنەلۆژیایی دیسیپلینی‌و زانستی کۆمەڵایەتی نۆرماڵ، جینالۆژیای مرۆڤی مۆدێرن وەکو جەستەیەکی لارە مل‌و بێدەنگ‌و قسەنەکەر دەخاتە ڕوو. هەروەك بۆ خۆی دەڵێ : ((ئەم کتێبە مێژووی لێکبەستراوی (دوو بابەتی) مرۆڤی مۆدێرن‌و دەسەڵاتی داوەری نوێیە. جینالۆژیای کۆمەڵەیەکی زانستی- خقوقی بوونەوەرێکە کە دەسەڵاتی دیسیپلینی لە هەناویدا بنەما، ئاراسەو ڕێساکانی خۆی هەڵدێنجێت‌و لە ڕێگەی ئەوەوە شوێنەوارەکانی خۆی بلاْودەکاتەوەو خەسڵەتی بێ هاوتاو نامۆیی زیادە ڕۆیی خۆی حەشار دەدات)) (دیسیپلین‌و سزا ل٢٣). بێگومان کتێبی دیسیپلین‌و سزا سرودێکی ستایشکەرانە نییە بۆ پێشکەوتن‌و پێشفەچوون، بەڵکو گوزارشتێکی غەمگین‌و حەسرەتاوییە لە مەڕ گەشەی تەکنەلۆچیای دیسیپلینی لە هەناوی تۆڕێکی مێژووی پانوبەرینی بایۆ- دەسەڵاتدا. لە ڕوانگەی فۆکۆ-وە مرۆڤی مۆدێرن‌و مەفهومی کۆمەڵگا (بەو مانایەی لە زانستی کۆمەڵایەتی هەیەتی) لەگەڵ یەکتر سەریان هەڵدا، بەلاْم ئەو حیکایەت‌و گێڕانەوەی فۆکۆ بەکاری دێنێت هەمان ئەو گێڕانەوەو ڕیوایەتە سەرکەوتووانەی دۆرکهایم نییە کە تێیدا سەرهەڵدانی زانستی کۆمەڵگا دەگا بە خودموختارییی روو لە زیادی تاك‌و بابەیەتی بەرفراوانی گۆمەڵگا. داستانی فۆکۆ پێچەوانەی ئەمەیە. فۆکۆ لە مەڕ سەرهەڵدانی بابەتی کۆمەڵگا، کە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان وەکو شت دەژمێردرێت‌و سەبارەت بە ((جامیدیەتی قسەنەکەری)) مرۆڤی مۆدێرن دەدوێ‌و دەریدەخات کە ئەم دوو گۆڕانکاریە میکانیزمی شێوازە مێژووییە تایبەتیەکانی دەسەڵاتن. فۆکۆ لە دیسیپاین‌و سزادا لەسەر ئەو بڕوایەیە، دەبێ حەبس‌و زیندان تەنیا وەکو کۆمەڵە ئامرازو دەزگایەکی سەرکەوت وەبەرچاو نەگرین، بەڵکو دەبێت وەکو فرمان‌و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز حسێبی بۆ بکەین. نابێ سزا تەنیا وەکو کارێکی تەواو دادوەرانە یان ڕەنگدانەوەی بونیادە کۆمەڵایەتیەکان‌و یان وەکو نیشانەیەکی ڕۆحی سەردەم لە قەڵەمی بدەین. تێڕوانینی فۆکۆ بۆ زیندان، سەرلەنوێ ناسینی شێوازی دروست بوونی تەکنیکی دەسەڵاتێکی تایبەتی لەخۆ دەگرێت. سزا، هەم سیاسیەو هەم حقوقی. وردبوونەوە لەم خاڵە گرنگی خۆی هەیە. هەرچەندە ناونیشانی لاوەکی (دووەمی) دیسیپلین‌و سزا، لە دایك بوونی زیندانی مۆدێرنە، بەلاْم لە ڕاستیدا بابەتی لێکۆڵینەوەکە زیندان نییە، بەڵکو تەکنەلۆژیای دیسیپلینیە. فۆکۆ لە وەلاْمی ڕەخنەی مێژوو نووسە فەرەنسەکاندا زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت : ((لە ((لەدایك بوونی زیندان))دا بابەتی سەرەکی باسەکە چییە؟ کۆمەڵگای فەرەنسا لە قۆناغێکی تایبەتدا؟ نەء تاوانکاری لە سەدەی هەژدەو نۆزدە؟ نەءزیندانەکانی فەرەنسا لە ماوەی ساڵانی (١٧٦٠و١٨٤٠)؟ تەنانەت ئەمەش نییە، بەڵکو شتێکی ناسکتر (بابەتی باسەکە پێك دێنێ): (واتە) نیەتە ئاشکرا بووەکان، جۆری موحاسەبە گەری (و)

((ئەو عەقڵانیەتەی)) کە لەسەردەمی سەقامگیری کردەی حەبس بەمانا کۆنەکەی لە شکڵێکی نوێدا، لە چاکسازیی کاروباری زینداندا سەری هەڵدا. بەکورتی گەرەکمە پاژێکی مێژووی ((عەقڵی سزایی بنووسم (زیندانل٢٣) )).

بابەتی خوێندنەوەی فۆکۆ کرداری بە ئۆبژەکردنی کولتووری ئێمەیە بەو شێوەیەی کە لە تەکنەلۆژیایەکی تایبەتدا گەلاڵە بووە.گۆڕانکاری گشتی لەو تەکنەلۆژیای دەسەلاتەی کە فۆکۆ شیدەکاتەوە لەم پەیڕەونامەیەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:

((تەکنەلۆژیای دەسەلات وەکو پرنسیپی بە مرۆیی کردنی سیستەمی سزاییو مەعریفەی مرۆیی لە قەڵەم بدەن)) (دیسلیپینو سزا، ل٢٣). لەم ستراتیژەییەدا جەستە ئامانجی سەرەکیە. کەواتە فۆکۆ ((ئەو تەکنەلۆژیایەی کە میلی بەرەو جەستە هەیە ( شیدەکاتەوە) کە دەتوانین تێیدا مێژووی هاوبەشی پێوەندیەکانی دەسەلاتو پەیوەندیە ئۆبژە ئاساکان سەر لەنوێ بخوێنینەوە)) (سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤). بێگومان ئەم پێوەندیانە زۆر ئالۆزن. بەرهەمهێنانی دوو لایەنە، پێوەندیە مێژوویەکانو جینالۆژیای ئەم پێوەندیانە، بابەتی سەرەکی فۆکۆ لە دیسیپلینو سزا پێك دێنن.

لەگەڵ ئەمەشدا، فۆکۆ بۆ وەسف کردنی تێڕوانینی ڕۆژئاوا لە هەمبەر دیسیپلین، زیندان وەکو شکڵی سەرەکی بەکار دێنێت. بەکورتی دەتوانین مێژووی پێوەندیەکانی دەسەلاتو پێوەندی ئۆبژە ئاساکان بە کورت کردنەوەی سێ شێوە سزا کە فۆکۆ بەکاریان دێنێ، بخەینە ڕوو. ئەم سێ شێوازە بریتین لە: ئەشکەنجە وەکو چەمکێکی ژێردەستی دەسەلاتدارەکان، دووەمیان: نمایشی ڕاستو دروست وەکو خەونی چاکسازیخوازە هیومانیستەکانی سەردەمی کلاسیك، سێیەم: زیندانو چاودێریو پاسەوانی بە مەبەستی نۆرماڵسازی وەکو بەجەستەبوونی تەکنەلۆژیای مۆدێرنی دەسەلاتی دیسیپلینی. لە هەموو حاڵەتەکاندا، جۆری سزادان دەربڕی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایە لەگەڵ گوناهکارەکان وەکو ((کۆمەڵە بابەتێکی)) شایەنی دەستکاریو خۆتێهەڵقورتاندن، گۆڕینی هاوسەنگی دەسەلاتە لە هەموو کۆمەڵگادا، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئامانجی لاوەکیو پێوەندیدا پێوە (لانی کەم لە حاڵەتی دووەمو



سێیەمدا) گۆڕینی حاڵی تاوانکارە. لێرەدا هێڵە گشتیەکانی شێواوەو ئامانجەکانی هەرسێ شکڵەکەی سزادان دەگێرینەوە.

## سێ شێوەی سزادان

### ئەشکەنجە بەهۆی دەسەلاتدارەکان

لە شێوەی یەکەمی سزادان بە دەستی دەسەلاتدارەکان، ئەشکەنجە جۆری سەرەکی سزادان پێکدێنێت. فۆکۆ دەپرسێ: بۆچی تاوانبارەکانیان لە دەردەداو لەت لەتو پارچە پارچەیان دەکردنو ڕۆنی قرچکراویان پێدادەکردنو کوت کوتیان دەکردن؟ بۆچی، لە ساتی بەرلەمردندا ناچاریان دەکردن لەبەردەمی خەڵكو لە شوێنە گشتیەکان، دان بە تاوانەکانی خۆیاندا بێنن؟ ئەشکەنجە لە شوێنە گشتیەکانو لەبەرچاوی خەڵك، پەیڕەوو ڕێوڕەسمێکی سیاسی بوو. لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە یاسا دەربڕی ئیرادەو ویستی پاشایە، هەرکەسێ یاسای پێشێڵ کردبا دەبووایە لەبەرامبەر تووڕەیی شادا وەلامدەری کارەکەی بووایە. پێشێڵ کردنی یاسا وەکو کەللەڕەقیو هێرشێکی توندوتیژ بۆسەر خودی پاشا لە قەڵەم دەدرا. پێویست بوو پاشاش ڕێك بەوجۆرە بەرسڤی ئەم کارە بداتەوە، یاخود بەجۆرێکی تر، دەبووایە شا لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزو قەهری لە ڕادەبەدەر وەلامی بدابایەوە، خودی هێزو شکۆمەندی ئەو دەسەلاتەی کە پاڵپشتی یاسا بوو، دەبووایە بۆ جەماوەری خەڵك وەکو شتێکی ترسناك نمایش بکرێت.لەم ڕێوڕەسمە پڕ لەتوندوتیژیەدا، تاکی تاوانبار لە نمایشێکدا کە پیشاندەری دەسەلاتی پاشا بوو، دەکەوتە بە هێرشی جەستەیەوە، تێی هەڵدەدراو کوت کوت دەکرا. بەم چەشنە دەسەلاتو گشتییەتی یاسا سەرلەنوێ بەرقەرار دەبۆوەو ئەو بێ حورمەتیەی (کە لە گوناهکاریەوە سەرچاوەی گرتبوو) قەرەبوو دەکرایەوە.

ئەم دەسەلاتە توند ڕۆیە لە شکڵی ڕێوڕسمی جێبەجێکردنی بێ ڕەحمیو دڕندەییدا خۆی دەنواند، بەلام هەر ئەم ڕێوڕەسمە هەندێ سنوورو چوارچێوەشی هەبوو: ((ئەو جەستەیەی کە نابوود دەکراو خۆڵەمێشەکەی بەدەم (با) دەدرا، ئەو جەستە بەهۆی دەسەلاتی بێکەوشەنی پاشا پارچە پارچەو نابوود دەکرا، بۆ خۆی نەك هەر ڕادەی ئایدیال، بەلکو ڕادەی واقیعی سزادانیشی پێکدەهێنا)) (پێشوو، ل٥٠). لە

ڕاستیدا ئەوە ململانێیەکی فۆرماڵیتەیی (ڕەسمیاتی) بوو لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا. لەم ململانێیەدا بێگومان پاشا سەردەکەوت، بەلاّم لە هەمان کاتدا جەستەی لەت لەتی قوربانیەکە لە ڕێگە دەرخستنی دەسەلاّتی پاشاوە تۆڵەی خۆی دەسەندەوە. سەرەڕای ئەوەی دەسەلاّتی پاشا گشتگیربوو، بەلاّم هەموو جارێك کە یاسا پێشێلّ دەکرا، هەر کەرەتێك دژایەتی دەسەلاّتەکەی کرابایە، دەبووایە دیسان پیادەو نویّ بکرێتەوە. ئەگەر ئەم نمایشەی دەسەلاّت تووشی ناکامی بووایە، نمایشی دەسەلاّت لە ئاستێکی پڕ شکۆتردا وەکو پێویستی خۆی دەنواند بۆ ئەوەی دەسەلاّتو هەیبەتی پاشا سەرلەنویّ سەقامگیر بکاتەوە.  هەرچەندە دوایین بڕگەی نمایشی سزادان، بەم جۆرە لە شێوەی ((جەژنی بیّ ڕەحمیو دڕندایەتی)) خۆی دەنواند، بەلاّم هەندیّ پەیڕەوو ڕێسای ڕەسمی حقوقیش ئەم شانۆو نمایشەیان تەواوو کاملّ دەکرد. گەلاّڵەی تۆمەتو پەیڕەوو ڕێسای تاوتویّ کردنی تۆمەتەکان، بەشێوەیەکی ڕەها مافی کاربەدەستە پێوەندیداریەکان بوو. ئەمانە سیستەمێکی دادوەریی یەکجار زۆر تۆکمەو پڕ لە وردەکارییان جێبەجیّ دەکردوو داوای هەندیّ شاهیدو بەلّگەیان دەکرد کە تاوتویّ کردنی وردەکاریەکانی لێرەدا بە پێویست نازانین. ئەو خالّەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە کەسە تۆمەتبارکراوەکە بە تەواوی لە ڕەوتی ئەم دانووسانو تاوتویّ کردنانە کە بەشێوەیەکی نهێنیو مەحرەمانە ئەنجام دەدرا، دوور بوو. ((لێپێچینەوەی سزایی کە بەشێوەیەکی نووسراوو نهێنیو لەژێر ڕێسا تۆکمەو ورد دا ئەنجام دەدرا بۆ ئەوەی شاهیدو بەلّگەی جێگەی مەبەستی خۆی بەدەست بێنیّ، هۆیەك بوو بۆ گەیشتن بە هەقیقەت لە غیابی کەسە تۆمەتبارکراوەکەدا)) (پێشوو، ل٣٧). کاتیّ دەزگای یاساسی بەم جۆرە خۆی لەهەمبەر هەقیقەتی تۆمەتەکاندا ڕازی دەکرد، دەیتوانی هەر لەم قۆناغەدا دانووسانو تاوتویّ کردنی بابەتەکە ڕابگرێت، بەلاّم یاسا، پێی لەسەر وەرگرتنی دانپێدانانەکان دادەگرت. ((دانپێدانان وەکو ئیشی مرۆڤی گوناهکار، لێپرسراوو قسەکەر، تەواوکەری لێپێچینەوەی نووسراوو نهێنی بەرایی بوو)) (پێشوو، ل٨٣). دانپێدانان لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی گشتی ئەشکەنجەوە وەردەگیرا.

فۆکۆ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەشکەنجە کردەوەیەکی دڕندانەو پڕ لە توندوتیژی بیّ حسابو کتاب نییە، بەلّکو تەواو بەپێچەوانەوە ئامانجەکەی دروستکردنی دەردو ئازارە بە شێوەیەکی حسێب بۆکراوو ڕێكو پێك لەسەرجەستە، هەندیّ شێوازی بەربلاّو بۆ پێوانو چاودێری وردتری کردەی ئازاردان هەبوو. ئەشکەنجە لەسەر بنەمای هونەری چەندایەتی پێکهێنانی دەرد دامەزراوە... ئەشکەنجەی مەرگهێن، هونەری پاراستنی ژیانە لە هەناوی دەردو ئازارداو ئەم کارە لە ڕێگەی لەت لەت کردنی مەرگ بەسەر ((هەزاران مردن)) داو بەهۆی پێکهێنانی وەحشەتناکترین عەزابی بەر لە مردن ئەنجام دەدا)) (پێشوو، ل٣٣و ٣٤). سەرهەلّدانی ئەم هونەرە یەکجار زۆر وردو ڕێكو پێکە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە یاساکانەوە هەبووە. جۆرە تایبەتیەکانی تاوان پێویستیان بە پلەی تایبەتی ئەشکەنجە هەبوو؛ دەبووایە دەردو عەزابی جەستەیی لەگەلّ تاوانە ئەنجام دراوەکەدا بگونجابا. سەرەنجام دەتوانین بلّێین ئەشکەنجە ڕێوڕەسمێکی حقوقیش بوو. دەبووایە سزای قوربانیەکە لەسەر جەستەی هەلّبکۆلّرێت.  بەلاّم لەم حالّەتەدا تەنیا دەسەلاّتی پاشا لە قالّبی سرووتو ڕێوڕەسدا خۆی نەدەنواند، بە ڕواڵەت هەقیقەتی تۆمەتەکە بەهۆی ئەو ئەشکەنجەیەی کە دانپێدانانەکەی لیّ دەکەوتەوە، دەسەلمێنرا. تا بەر لە سەدەی هەژدە پێکهێنانو خستنە ڕووی هەقیقەت بەم جۆرە، شێوەی ڕێوڕەسمێکی پایەدارو تۆکمەی بەخۆوە گرتبوو. تاوانبار هەرلەوکاتەدا کە ئەشکەنجە دەدرا، دەستی بەدانپێدانان دەکرد. هەر لەو کاتەدا کە دەسەلاّتی یاسا لەسەر جەستەی وێنە دەکرا، ناچار دەکرا هەقیقەتی عادیلانەبوونی ئەشکەنجەو هەروەها هەقیقەتی تۆمەتەکان پەسەند بکات. لووتکەی ئەم سرووتو ڕێوڕەسمە، واتە لە داردان (ئیعدام)، لە هەمان کاتدا لووتکەی لێپێچینەوەو دادگایی کردنیش بوو: لێرەدا هەقیقەتو دەسەلاّت ئاوێتەی یەکتر دەبوون.

بەکورتی سزای ئەشکەنجەدان کۆمەلّەیەکی ئالۆزی لە دەسەلاّت، هەقیقەتو پەیکەرە جەستەییەکان لەدەوری یەکتر کۆدەکردەوە. دڕندەیی ئەشکەنجەدان بەمانای جێبەجیّ کردنی ئەو دەسەلاّتە بوو کە هەقیقەتیشی ئاشکرا دەکرد. جێبەجیّ کردنی ئەشکەنجە لەسەر جەستەی تاوانبار هەم هونەرو هەم کردەیەکی

تۆڵە سەندنەوانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەلآتی پاشا لە هەر کام لەم ڕووگانەدا، بەشێوەیەکی پچڕپچڕ پیادە دەکرا. شوێنی پیادەکردنی ئەشکەنجە واتە جەستەو شوێنگەی گشتی جێبەجێ کردنەکە دەبووایە لەگەڵ هەموو پێشێڵ کردنی دەسەلآتێکدا سەرلەنوێ وەکو تەماشاگەیەك خۆی بنوێنێ. ڕێوڕەسمی دانان بە هەقیقەتدا کە هاوڕێی جێبەجێ کردنی دەسەلآتو تەواوکەری بوو، زیانیشی پێدەکەوت. خسڵەتی تایبەتی تەکنیكو شوێنی جێبەجێ کردنی، بەسەرهاتی بوونی جۆرێکی تایبەت لەبەرگری کردنی دەگێڕایەوە. لەو دەسەلآتەی کە لەقاڵبی ئەشکەنجەدا پیادە دەکرا، بەرگریو دەسەلآت هەردووکیان پشتیان بەو ئامادەبووانە دەبەست کە دیمەنی دڕندانەی ئەشکەنجەیان سەیر دەکرد. بەبێ ئامادەبوونی کۆمەڵە خەڵکێك، هەموو ماناو مەفهومی ڕێوڕەسمی ئەشکەنجە هەڵدەوەشایەوەو پووچەڵ دەبۆوە. بەم جۆرە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەربلآو لە ڕێوڕەسمی دەسەلآتدا خاوەنی دوو ڕەهەند بوو. پێکهێنانی ترسو ترقاندن ئامانجی سەرەکی ئەشکەنجەدان بوو، بەلآم لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەشکەنجە لە شوێنە گشتییەکاندا هەندێ دژایەتیو ڕاپەڕینیش سەریان هەڵدەدا. ئەگەر لەداردانی تاوانبارەکە نادادپەروەرانە لەقەڵەم درابووایە (جا چ بەهۆی بەڵگەی پێوەندیدار بەتۆمەتەکانی تاوانبارەکە یان بەهۆی شێوازی لەداردانەکە) ئەگەری ئەوە هەبوو جەماوەری خەڵك تاوانبارەکە ئازاد بکەنو وایان لەکار بەدەستەکان دەکرد ڕابکەن. تاوانبار لەکاتی کردەی دانپێدانانندا بەزۆری هەلی دەقۆزتەوەو خۆی بەبێ گوناح لەقەڵەم دەداو کاربەدەستە دەوڵەتییەکانی مەحکووم دەکرد. بەکورتی لەم جۆرە ڕێوڕەسمەی نمایشی دڕندەییو وەحشیگەرییەدا، ((بەردەوام ڕەگەزێکی جەژنو شادی بوونی هەبوو کە تێیدا ڕێساو یاساکان دەوەستان، ئوتوریتەی دەوڵەتی گاڵتەی پێدەکراو گوناهکارەکان دەبوون بە قارەمان)) (پێشوو، ل٦١). شوێنی جێبەجێ کردنی دەسەلآت لەوانە بوو زۆر بەئاسانی بگۆڕێ بۆ شوێنی ڕوودانی پشێویو ئاڵۆزیو تەنانەت ڕاپەڕینیش.

ئەم جۆرە بەرگریە لە قاڵبی ((دوایین وتەی بەر لەمردن)) خۆی بەرجەستە دەکات. لەم جۆرە قسە دوولایەنو نادیارانەدا، تۆبەی تاوانبار یان شکۆمەندی تاوانەکە ڕەهەندێکی حەماسی وەردەگرێت. بەم حاڵەش فۆکۆ لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە ستایش کردنی تاوانبارەکە نە دەربڕینێکی جەماوەریو نە ((وانەیەکی ئەخلاقی بوو لەسەرەوە))، بەڵکو دەبێ وەکو ((جۆرە گۆڕەپانێکی ململانێ لەسەر تاوان، سزاو یادەوەریەکانی لێك بدرێتەوە)) (پێشوو، ل ٦٧). ڕوونو ئاشکرایە کە ئەم جۆرە وتارو گوتار خوێندنەوە سەیرو سەمەرانە (بۆ ستایش کردنی تاوانبارەکە) لەلایەن کاربەدەستە دەوڵەتییەکانەوە تەحەمول دەکرا ئەگینا دەیانتوانی پێشی لێبگرن. ئەو دروشمو وتارانەی کە لەکاتی بەخاك سپاردنو لەگۆڕناندا دەخوێنرانەوە، پانتاییەکی بۆ دەسەلآتو بەرگری دیاری دەکرد؛ هەم دادپەروەریو هەم پێشێڵ کردنەکەی لەم وتارانەدا ستایشی دەکراو بە بەرز دەنرخێنرا. فۆکۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەسەلآت وەکو یەکێك لە هەلومەرجە سەرەکیەکانی پیادەو جێبەجێ کردنی خۆی، پێویستیبە بەرگری هەیە. لە ڕێگەی سەرهەڵدانی خاڵەکانی بەرگرییەوەیە کە دەسەلآت بە سەرانسەری پانتایی کۆمەڵایەتیدا بلآودەبێتەوە، بەلآم هەڵبەتە بەرگری، دەسەلآتیش دەشێوێنێ. بەرگری هەم یەکێکە لە فاکتەرەکانی کاروکردەوەی دەسەلآتو هەم یەکێکە لە فاکتەرەکانی پشێویو بێ نەزمەیی هەمیشەیی (دەسەلآت). لەم ئاستەی گەشتییەتدا، فۆکۆ تەنیا هەندێ بابەتی فیکرو وروژێن دێنێتە بەرباس. هەرچەندە بەڵگە خوازییەکانی بێگویمان ڕازیکەرن، بەلآم ئەو نمونەو گەواهیانەی بۆ پشتیوانی لە تیۆریی گشتی لەهەمبەر دەسەلآتەوە لە مێژوو وەریان دەگرێت بەس نییە. سەرەڕای ئەوەی فۆکۆ بۆ خۆی بانگەشەی ئەوە دەکا کە خەریکی خستنە ڕووی تیۆرییوکی گشتی لەم جۆرە نییە وەلێ خەڵکانی تر بەزۆری پێیان وایە ئەو تیۆرییەکی ئەو تۆی هەیە. بەهەرحاڵ فۆکۆ بە ئاشکرا هۆگری دەسەلآتە وەکو بابەتێکی گشتی.

## چاکسازیی مرۆڤدۆستانە

لەماوەی سەدەی هەژدەیەمدا دەستەیەك ڕیفۆرمخوازی مرۆڤدۆست گوتارێکی نوێیان خستە ڕوو، کە تێیدا تونڕۆیی لە توندوتیژیی، نمایش کردنی دەسەلآتی پاشاو بەرز نرخاندنو ستایشکردنی ڕەقو قینخوازیو تۆڵە سەندنەوەی بە کۆمەڵ

هێرشیان کرایە سەر. ژمارەیەکی زۆر لە چاوەدێران هوشدارییان دەدا کە لە داردان لە شوێنە گشتیەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە کەمتر لەوەی مەبەستە دەبێتە هۆی ترس‌و تۆقاندن‌و زۆر زیاتر لەوەی کاربەدەستان بیریان لێ دەکردەوە دەبووە هۆی هاندانی ڕاپەڕین..ڕیفۆرمخوازەکان بەناوی مرۆڤایەتییەوە ((دڕندایەتی توندڕۆیانەی ئەشکەنجەدانیان)) وەکو نارەوایی‌و بەلاٌك کە دەبێ نەهێڵرێت‌و وەکو زیادەڕۆییەکی ئاشکرا کە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری‌و دابەشکردنی عەقلاٌنیتری دەسەڵات، پێویستە ڕابگیرێت، مەحکوم دەکرد. لەو شکایەتنامەو داواکاریانەی کە لەسەردەمی ڕوودانی شۆڕشی فەرەنسا پێشکەش کراون‌و لەلایەن نوسینگەی سەرۆك وەزیرانەوە کورت کرابوونەوە، نوسراوە: ((بڕیار بدەن سزاکان ڕێك‌و گونجاوبن لەگەڵ تاوانەکانی، بڕیاربدەن سزای لە داردان تەنیا بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنرێ کە تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوەو ئەو ئەشکەنجانەی مرۆڤایەتی تووشی زەجرو ئازار دەکات، هەڵبوەشێنرێنەوە (پێشوو، ل٧٣). لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم گوتارە، تەعبیرێکی تازە بۆ سزادان سەرهەڵدەدا.  ڕیفۆرمخوازە مرۆڤدۆستەکان خوزیاری کۆتایی هاتنی نمایشی دڕندەیی‌و شەڕەنگێزی بوون. بە بڕوای ئەوان جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم جۆرە نمایش‌و ڕێوڕەسمە، توندوتیژییەکی توندڕۆیانە بوو کە هەم یەخەی پاشای دەگرت‌و هەم داوێنی خەڵك. بەپێی بەڵگەخوازی ڕیفۆرمخوازەکان ((لەم توندوتیژیەدا،... زوڵم‌و ستەمکاری ڕووبەڕووی بەرگری دەبێتەوە؛ هەرکامیان، ئەویتر لەگەڵ خۆیدا دێنێت...دادپەروەری سزایی دەبێ لەجیای تۆڵەسەندنەوە تەنیا سزابدات)) (پێشوو، ل٧٤). سەرەڕای ئەوە زیادە ڕۆیی‌و پەرگیری لە هەردوو لاوە، دەبێتە ئاستەنگ‌و لەمپەرو ناهێڵی سیستەمی (سزادان) بەشێوازێکی کاریگەرو کارا کاربکات. دەسەڵاتی بەچاو، بەڵام تاکەکەسی‌و نارێکوپێکی پاشا گەواهیدەری ئەوە بوو کە ڕێوڕەسمی (دەسەڵات نواندنە)کەی بە چەشنێکی بەرفراوان بۆبەرگرتن لە تاوان‌و جینایەت سەرنەکەوتووناکام بووە. لەلایەن خەڵکیشەوە لەکاتی ئەنجامدانی توندوتیژی‌و سەرپیچی کردن لە یاسادا زیادەڕۆیی‌و پەرگیری دەکرا؛ سەرەڕای بوونی کۆمەڵێك ڕێساو یاسای ئاڵۆز، خەلك گەلێك ڕێگایان بۆ ڕاکردن لێیان دەدۆزییەوە. ئەم بابەتە بەتایبەتی سەبارەت بەتاوانی پێوەندیدار بە دارایی‌و نەخاسمە دارایی

چینە بەرزەکان ڕاست بوو. بە بڕوای ڕیفۆرمخوازەکان زیادەڕۆیی‌و ناکامی لەهەموو ئاستەکانی سیستەمی کۆندا دەبینرا. هەربۆیە ئەوان خوازیاری شێوازێکی نوێی سزادان بوون کە ئاوێتەیەك بێت لە نەرمی‌و کاراییەکی زیاتر. بەڵگەخوازی تیۆری سەرەکی ئەوان لەسەر بنەمای تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی دامەزرابوو کە بەپێی ئەم تیۆرە کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی ئەو تاکانەیە کە لەدەوری یەکتر کۆبوونەتەوەو لە ڕێگەی پەیمانێکەوە کۆمەڵگایان پێکهێناوە. بەپێی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە، تاوان وەکو هێرشێك بۆ سەر پاشا لەقەڵەم نەدەدرا، بەڵکو شکاندنی پەیمانێك بوو کە کۆمەڵگا بەگشتی تێیدا دەبوو بە قوربانی. کەواتە کۆمەڵگا مافی ئەوەی هەبووتاوان سزا بدات، سزادان وەکو ئەرکی کۆمەڵگا دەژمێردرا . پێوەری جێبەجێ کردنی دادپەروەری ئیدی نە دەسەڵاتی پاشا بوو نە ئەو هەقیقەتەی لە دانپێدانانەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵکو ئەو ((مرۆڤایەتییە)) بوو کە دانەرانی پەیمانی کۆمەڵایەتی هەر هەموویان تێدا هاوبەش بوون. هەربۆیە دەبێ سزادان هەموار بکرێ‌و کەم بکرێتەوە، چونکە لە هەرکام لە کردەوەکانی تاوانباردا تەنیا ئەو بۆخۆی بەشدار نییە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگا هاوبەش‌و بەشدارە. لەم ڕووەوە مرۆڤایەتی هەموو تاکێك، ڕادەی سزاو ئامانجەکەی دیاری دەکات.  کەواتە لەم شێوازە نوێیەی سزادانداا، دەبێ هەم تاوانی ئەنجامدراو لەهەمبەر گشت کۆمەڵگاوە، سزا بدرێت‌و هەم پێویستە تاوانبار بۆ شوێنگەی گونجاوو بەسودی خۆی لەکۆمەڵگا بگەڕێنرێتەوە. ئەم وەسفە نوێیە بۆ مرۆڤ پاڵپشتەکەی ((تەکنەلۆژیای گشتی وێنا))ی (شوناسی مرۆڤ) بوو. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، نمایش لەسەردەمی کلاسیکدا هۆیەك بوو کە لەڕێگەیەوە هەموو شتێك دەناسرا. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە هونەری خۆتێهەڵقورتاندن‌و دەسکاری نمایش‌و تەسەوراتەکان دەیتوانی تەکنیکێك بۆ ڕێکوپێك کردنی ڕاست‌و دروست‌و بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی بدات بەدەستەوە. ڕیفۆرمخوازەکان لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە لە هەمبەر تەسەوراتی حقوقیەوە. هەندێ تەجویزات‌و مۆڵەتیان خستە ڕوو. لەسەرەتادا بۆ ئەوەی سزادان کاریگەرو کارابێت دەبووایە تا ئەو شوێنەی دەکرا سەرەڕۆیانە نەبێت. سزای ڕاست‌و ئایدیال ئەو سزایەیە کە ((دەربارەی ئەو تاوانەی سزای دەدات ڕوون‌و ئاشکرا بێ))

(پێشوو، ل١٠٥). ئەم جۆرە سزایە یەکسەر هەم ماهیەتی خودی تاوانەکەو هەم ئەو دەرمانەی کە بۆ چاککردنەوەی پیادەکراوە، دەخاتەوە یادی بینەران. ئەم سزایە یەك ڕاست بۆ تاکی تاوانبارو بۆ کۆمەڵگا، وەکو فاکتەری پێش گیرو گێڕەرەوەو وانەیپەندو قەرەبووی ئەو زیانەی لە کۆمەڵگا دراوە، دەرك دەکرا. ئیدی سزادان سەرچاوەکەی ئیرادەی سەرەڕۆیانەی پاشا نیە، بەڵکو لەگەڵ نەزمو ڕێکوپێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگادا هەماهەنگ دەبێ. لە یاسا نوێیەکانی سزا کە لەساڵی (١٧٩١) گەڵاڵەکرا هاتووە: ((دەبێ لە نێوان ماهییەتی تاوانو ماهیەتی سزادا گونجاوییەکی ورد بوونی هەبێت؛ ئەو تاوانبارەی توندوتیژی بەکارهێناوە دەبێ توندوتیژی جەستەیی لەدژ بەکاربهێنرێت؛ ئەو کەسەی تەمەڵو تەوەزەڵ بووە دەبێ حوکمی کاری قورس (اعمال شاقە)ی بەسەردا بدرێت؛و ئەو کەسەی بە چەشنێکی پڕ لە شەرم جووڵاوەتەوە دەبێ ڕیسواو تڕۆبکرێت)) (پێشوو، ل١٠٥) هەرکاتێ لەنێوان تاوانە ئەنجامدراوەکەو ئەو شێوازەی بۆ چاکسازی بەکار هاتووە، پێوەندییەکی دیارو شەفاف دروست بێت، سزادان، کاریگەرو کاراو مرۆیی دەبێت.

دووەم بەپێی بەڵگەخوازیی ڕیفۆرمخوازەکان، ئەم تەکنەلۆژیانوێیەی نماش، دەبێ بەچەشنێکی ئەو تۆ کار بکات ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەلی دووبارە بوونەوەی تاوانەکەو وەکو فاکتەرێکی ڕێگر لەکۆمەڵگادا سەرهەڵبدات. سەرەڕای ئەمە، ئەم تەکنەلۆژیایە دەبێت لەسەر خودی تاوانبارەکە بە چەشنێك کاربکات تا سەرلەنوێ سەڵاحیەت بە (تاوانبار) وەکو بکەری کردەیی حقووقی ببەخشێتەوو بیهێنێتەوە ناو کۆمەڵگا، لە پراکتیکەکردنی سزای گونجاودا بەدوای ئامرازی وەدەست هێنانی ئەم ئامانجەدا دەگەڕان بە جۆرێ کە لەگەڵ ڕەگوڕیشەو پاڵنەری تەسەوڕکراوی تاوان لەتاکی تاوانباردا ڕێك بکەوتبایە. سزا بەدوو شێوە بەجۆرێکی کاریگەر ئیشی دەکر: یان هێرشی دەکردە سەر چاوگو سەرچاوەی ناوەکی تاوانو جینایەتەکەو ئەنجامدانی تاوانەکەی لە ڕووی ژماردنی چێژو وەو دەردانەی لە تاوانەکەوە بەرهەم هاتبوون، بۆ تانبارەکە نەخوازراو ناخۆش دەکرد یان بەشێوەیەکی ئامرازی هێزێکی دروست دەکرد کە ئەنجامدانی تاوانەکە دەبووە هۆی پێشێلْ کردنی مەبەستەکانی. بەم جۆرە کۆمەڵە نمایشێك سەری هەڵدەدا کە تێیاندا لە هزری تاوانبار کاری چاك بەسەر کاری خراپ زاڵ دەبوو. بەکورتی ((ئەو سزایەی کە هەندێ نیشانەی نەگۆڕو دیار دروست دەکات دەبێ سەرەڕای ئەمە ((ئابووری)) سوودو زیانو زانستی هێزو جوڵەی حەزو ئارەزوو شەهوەتەکان سەرلەنوێ ڕێك بخاتەوە)) (پیشوو، ل١٠٧).

بەڵام بێگومان بۆ ئەوەی ئەم جۆرە سزادانە بەڕاستو دروستی پیادە بکرێت دەبووایە لەسەر بنەمای مەعریفەکی ورد دامەزرابا. ڕیفرۆمخوازەکانی سەدەی هەژدە خەریکی ڕێکخستنی لیستێکی تەواو بون بۆ زانیارییەکان کە تێیدا هەر تاوانێك لەگەڵ سزای گونجاوو خوازراوی خۆیدا جێگەی وردو دەقیقی خۆی هەبێت. دەبووایە ڕێگا چارەکان لەنێو کۆمەڵە یاسایەکدا کۆبکرێنەوەو پێویست بوو جۆرە جیاوازەکانی گوناهکاری بەشێوەیەکی وردو ڕێکوپێك پۆلێن بکرێن. لەڕووی ئەم پۆلێن کردنەوە بەدیاردەکەوت، ئەگەر یەك تاوان بەدەستی چەندین تاوانبارەوە ئەنجامدرابا کە سەر بە گرووپی کۆمەڵایەتی جیاوازبوونو یان بوونیادی کەسایەتی جیاوازیان هەبوو، کاریگەری زۆر جیاوازی لەسەر خودی ئەوان دادەنا. هەر لەم ڕووەیەوە جەخت کردنێکی زۆر زیاتر لەسەر تایبەتمەندیە تاکەکەسیەکان لە پۆلێن کردنی گوناهکارەکاندا وەکو پێویستی خۆی دەنواند ((بە فەردی کردنی (تایبەتمەندی تاوان) ئامانجی کۆتایی ئەو یاسایانە بوو کە زۆر بەوردی ڕێکخرابوون)) (پێشوو، ل٩٩). لەهەمان کاتدا هەر ئەم بەفەردی کردنە بووە هۆی ئەوەی تاوانەکانو گوناهکارەکان وەکو بابەتی بینینان لێ بێت.

پراکتیکەکردنی ڕاستو دروستی سزادانێکی گونجاوو لەبار، پێویستی بەبوونی بابەتێك هەبوو کە گۆڕانی بەسەر دانەدەهاتو زۆر بەوردی ناسرابوو. لێرەدا شاهیدی یەکێك لەقۆناغە گرنگەکانی پێشکەوتنی زانستەکانی کۆمەڵگاو ئەو مەعریفانەین کە دواتر مرۆڤیان وەکو بابەت سەیر دەکر. ڕیفۆرمخوازە مرۆڤدۆستەکانی فەرەنسا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە مەعریفەی خۆیانیان لەهەمبەر ((ڕۆحی مرۆڤەکان بەکارهێناوە. ئەوان جەستەیان پشتگوێ نەدەخست، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەوان بەدەستهێنانی سەرکەوتن بوو لە پانتایی ڕۆحدا. کەڵك وەرگرتنێکی ڕاستو دروست لە نمایشەکان دەبووایە ببێتە هۆی جێبەجێ بوونی هەموو ئەرکە چاوەڕوان کراوەکان. تیۆری نمایش وێڕای تیۆری پەیمانی

کۆمەڵایەتیو بیرۆکەی کاراییو (قازانج) ((بوو بەجۆرە نوسخەیەکی گشتی پیادەکردنیدەسەلاَت بەسەر مرۆڤەکاندا؛ دەبێ ((زەین)) ڕووتەختێك بێت بۆ وێنەو نەخشاندن بەهۆی دەسەلاَتەوەو نیشانەناسی میکانزمەکەی بێت، پیادەکردنی دەسەلاَت بەسەر جەستەکان لە ڕێگەی زاڵبوونو دەسەلاَت بەسەر هزرەکان (ئەنجام بدرێت) (پێشوو، ل١٠٢). شێوازی ئایدیالی سزادان لە ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازە مرۆڤدۆستەکانەوە نەئەشکەنجەدانی تاوانبارەکان بوو لە شوێنە گشتیەکانو بە بەرچاوی خەڵکیو نەحەبس بوو هەروەك لە قۆناغەکانی دواتردا برەوی سەند، بەڵکو بەئەنجام گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی بوو. دەبووایە گوناهکار بۆ دروست کردنی ڕێگاکان، کەناڵەکانو گۆڕەپانە گشتیەکانی وڵات بەکاربهێنرێت. دەبووایە گوناهکار ببینرێتو وێڕای هەڵگرتنی نیشانەی تاوانو جینایەتەکەی هاتوچۆ بکات. کۆمەڵگاش سوودی لەکاری تاوانبارەکەو لەو وانەی عیبرەتەی کە فێری دەکرا، وەردەگرت. ((بەم جۆرە تاوانبار دووجار حسێبی لەگەڵدا دەکرێت،جارێکیان بەهۆی ئەو کارەی کە ئەنجامی دەداتو جارێکی دیکەش بەهۆی ئەو نیشانانەی کە بەرهەمی دێنێ... تاکی مەحکوم کراو مەڵبەندی سوودو مانایە)) (پێشوو، ل١٠٩). لە ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازەکانەوە، سوودی ئەخلاقی (ئەم جۆرە سزایە) باشترە لە سوودە ماددیەکەی. سزادان، بوو بەوجۆرە وانەیەکی ئەخلاقی گشتی. کۆمەڵگا بەهۆی نمایشکردنی مەحکومەکان لەسەرانسەری وڵاتدا، ئەم جۆرە سیستەمەی پیادەکردنی سزادانی بەهێز دەکرد. هەرچەندە یاسا بەشێوەیەکی باشتر کاری بکردبا، ڕێگاچارەی گونجاوتر سەری هەڵدەداو لەم نێوەدا هەموولایەك سوودیان پێ دەگەیشت. هەرچەندە پەندێکی عیبرەتی باشتر پێشکەش کرابا هەم بەقازانجی گومڕاهەکان بوووهەم سوودی بەحاڵی ئەو تاوانبارانە دەبەخشی کە ڕەنگ بوو لە ئایندەدا سەر هەڵبەدنو هەموو کۆمەڵگاش لەم نێوەدا سوودی پێ دەگەیشت. ((نابێ گشتیەتی سزا ترسو تۆقاندن دروست بکات، بەڵکو دەبێ کتێبێکی عیبرەت بۆ خوێندنەوە بکاتەوە)) (پێشوو، ل١١١). لەم ڕەوتەدا، بەرگری جەماوەری خەڵکیش کە پێشتر مەیلی بەرەو ستایشکردنی گوناهکارەکان هەبوو، لەناو دەچوو، چونکە ئەگەر تاکی تاوانبار بۆخۆی سەرچاوەیەکی پەروەردەو ڕێنماییو وانەی ئەخلاقی بوو بۆ

هەمووانو هەموو ئەمانە لە شوێنە گشتیەکاندا نمایش دەکران، لەم حاڵەتەدا گوتاری گشتی لەهەمبەر کاروکردەوەکانی تاوانباردا ئەو پەندو عیبرەتانەی کە بڕیار بوو فێری خەڵکی بکرێن، لەڕووی تیۆریەوە پەسەندی دەکرد. ((سەرەنجام شاعیرە جەماوەریەکان دەچنە پاڵ ئەو کەسانەوە کە خۆیان بە ((مژدەبەخشی عەقڵی ئەزەلی)) لەقەڵەم دەدەن، ئەوانیش دەبن بەئەخلاقگرا)) (پێشووو ل١١٢). بەدەست پێوەگرتنێکی پێویستەوە، وانەی ئەخلاقی فێری هەموو لایەك دەکرا. ئامانجی سزادان لەیەککاتدا چاکسازی ڕۆحیو بە ئەخلاقی کردنی کۆمەڵگا دەبێ. ئەگەر بێتو نیشانە ڕاستو دروستەکان بۆ پێکهێنانی خوو عاداتی ڕاست لەنێو خەڵك بە لێهاتوییەکی باشەوە کەڵکیان لێ وەربگیرێت، هەموو کۆمەڵگا دەبێتە نمایشخانەی سزا؛ چونکە (( بونیادە قورسو قایمەکانی پایەدارترین ئیمپراتۆریەکان لەسەر تانوپۆی نەرمی مێشکی مرۆڤ دامەزراوە)) )پێشوو، ل١٠٣). لەکاتێکدا سزادان لە شکڵی دووەمدا بلاَوکردنەوەی لانی زۆر نیشانەکانە بە چەشنێك کە تا ئەو شوێنەی لە توانادایە بەردەوامو بەرفراوان بێت. لەشکڵی یەکەمدا دەسەلاَتی پاشا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر جەستەی تاوانبارەکە هەڵدەکۆڵرا، بەلاَم لەشێوەی دووەمدا تەکنیکێك بۆ کەڵك وەرگرتنی ڕاستو دورست لە نیشانەو نمایشەکان لەسەر زەیەن، پیادەدەکرا. مەعریفەو ناسین لەهەمبەر تاوانەکەوە لە ڕێگەی ئەشکەنجەوە، لەسەرەتادا بەشێوەیەکی تەواو نهێنی لەلایەن کاربەدەستە دەوڵەتییەکانەوە بەدەست دەهات، پاشان لەڕێگەی دانپێدانانی تاوانبارەکەوە بۆ سەرجەم خەڵك بلاَو دەکرایەوە. ڕیفۆرمخوازە مرۆڤدۆستە فەرەنسییەکان بەمەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵە یاسایەك کە لەژێرییەوە هەموو جۆرەکانی تاوانبارو سزا بەشێوەیەکی عەینی، کامڵو گشتی بناسرێنو دەستنیشان بکرێن، زانیاریەکی بەرفراوانیان کۆکردەوە. گوناهکار لە دانپێدانانەکانی خۆیو لەکاتی ئەشکەنجەدا تاوانەکەی ڕادەگەیاند؛ ئەو وەکو بکەر (سوژە)ی حقوقی لە ڕێگەی ئەو نیشانەو ئاماژانەی کە بەر حوکمی کۆمەڵگاو بەتۆبزی بەسەرانسەری وڵاتدا بلاَوی دەکردنەوە، وانەی ئەخلاقی پێشکەش دەکرد. لەجۆری یەکەم سزادا، بەرگری وەکو گرژیو ئاڵۆزییەکی کۆمەڵایەتی وێڕای ستایشکردنی دەسەلاَت، پێویستی بە

نمایشکردنی دڕندایەتی هەبوو، لەجۆری دووەمدا، بەهۆی خۆبواردنی کەللە شەقانەی تاوانبار لە ئەنجامی ڕۆڵەکەی بەهۆی حەزو ئارەزووەکانەوە، ئەم نماشە ئەخلاقییەی بێ هێز دەکرد. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بەرگری کردن لە بەرانبەر ڕیفۆرمخوازە مرۆڤدۆستەکاندا هەرگیز دەرفەتی سەرهەڵدانی بۆ نەڕەخسا، چونکە هیچ کات گەلاڵە زۆرو زەوەندەکانیان بە تەواوی جێبەجێ نەکرا. سەرەڕای ئەوەی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا شاهیدی خستنە ڕووو پێشکەشکردنی گەلێك گەلاڵەوپرۆژە بوو لەلایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە، بەلاّم گۆڕانکاریە بەرچاوەکانی شۆڕش‌و قۆناغی دوای ئەوو هەروەها دەرکەوتنی ناپلیۆن بوون بە بەربەست لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئەم گەلاّلانە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەندێ ڕەگەزی پێشنیارو گەلاّڵەی چاکسازە مرۆڤدۆستەکان چووە ناو شکڵی سێیەمی سزادان واتە ((تەکنەلۆژیای دیسیپلینی)).

## دەسبەسەرکردنی پەروەردەیی لە پێناو نۆرماڵسازیدا

سەرهەڵدانی لەناکاوی زیندان وەکو شکڵی سەرەکی سزادان، لەسەردەمی کلاسیکدا بەتەواویش بێ پێشینە نەبوو تا بەر لە نیوەی سەدەی هەژدە بەشێکی زۆر لە ناوەندە چاکسازیەکانیان زیندانەکانی هۆڵەندا، سیستەمی ئابڕوو پێ بەخشینەوەو سەرلەنوێ پەروەردەکردنەوەی کۆمەلاّیەتی‌و تاکەکەسی تایبەتیان پێك هێنابوو کە لەسەر بنەمای ئیلتیزاماتی ئابووری دامەزرابوو، بەناوبانگترین دەزگا لەم نێوەدا مازۆن دوفۆرس بوو کە کەوتبووە گێنت-ەوە. لەوێدا تاوانبار (گوناهکار)و بەرەلاّکانیان کۆدەکردنەوەو ناچاریان دەکردن کار بکەن. ئەم کارە بووە هۆی کەمبوونەوەی ترس‌و ئەو وەهمەی کە لەنێو خەڵکی هۆڵەندا باوبوو سەبارەت بەبلاّو بوونەوەو تەشەنەسەندنی تاوان‌و خییانەت، بەلاّم ئیلزاماتی سیاسی-کۆمکەلاّیەتی لەگەڵ ئیلزاماتی ئابووریدا ئاوێتەکرابوو. ڕاگرتن‌و ئاگاداربوون لە زیندانییەکان بودجەیەکی زۆری دەویست؛ هەربۆیە دەبووایە زیندانیەکان ناچار بکرێن کاربکەن بۆ ئەوەی خەرجی چاکسازی‌و پەروەردەی خۆیان بدەن. ئەم کارە نەك هەر لە کورت خایەندا دەبووە هۆی دەست پێوەگرتن (اسراف نەکردن)، بەڵکو لەهەناوی ئەم زیندانانەداو لە درێژخایەندا کرێکاری نوێ بەدیار دەکەوەتن کە یارمەتی بەهرەمەندی‌و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگایان دەکرد. گەنجە سەرەڕۆو سەرپێچیکەرەکان پەییان بەچێژی کارو چالاکی دەبردو سەرەڕای ئەمە، لەبەرانبەر ئەو کارەی کە لەزیندان ئەنجامیاندەدا کرێیان وەردەگرت، چونکە لە کۆمەڵگای پڕۆتستانتی هۆڵەندا، دەبووایە لەبەرانبەر هەموو جۆرە کارێکدا کرێ بدرێت، بەم جۆرە لەم دەزگا چاکسازییەدا لایەنە ئابووری، ئەخلاقی، تاکەکەسی‌و کۆمەلاّیەتییەکان زۆر بەخۆشی‌و بەباشی لەگەڵ یەکتر ئاوێتەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمەدا ئەم نمونەیە لە پانتاییەکی بەرتەسکدا بەکارهێنرا، چونکە بەدگومانی ڕیفۆرمخوازە مرۆڤدۆستە فەرەنسییەکان سەبارەت بە دەسبەسەرکردنی بەم جۆرە قازانجی ئەم نمونە هۆڵەندییەی دەخستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ڕیفۆرمخوازە ئینگلیزەکان نمونە هۆڵەندییەکەیان دەستکاری‌و هەموارکرد؛ هەوڵ‌و تێکۆشانی ئەوان سەرەنجام بووە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ پرنسیپ لە زەمینەی چاکسازی کاروباری زیندانەکان کە بلاکستون‌و هوارد لەساڵی (١٧٧٩) خستیانە ڕوو. ئەوان پرسی گرنگی گۆشەگیرکردن‌و ئینفیرادیشیان بەئەنجامی کار لە نمونە هۆڵەندیەکەوە زیاد کرد. تاکی زیندانی "لەقولایی ویژدانی خۆیدا، دەنگی چاکە، " دەدۆزرێتەوە،((کاری تاکەکەسی (انفیرادی) جگە لەوەی دەبێتە هۆی فێرکردنی شارەزایی، دەبێتە هۆی ئەزموونێکیش لە گۆڕانکاری ڕۆحی؛ ئەم جۆرە کارە نەك هەر کۆمەڵێك هۆگری‌و بەرژەوەندی تایبەت بە مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ئابووری ڕێك دەخات، بەڵکو وێڕای ئەمە هەلومەجی مرۆڤ وەکو کاربەدەستی ئەخلاقیش سەرلەنوێ ڕێکوپێك دەکاتەوە)) (پێشوو، ل١٢٣). لانی کەم، ئەنجامی پیادەکرنی ئەم تەکنیکە لەم هەلومەرجە مەکانییەدا، بە پلەی یەکەم ((زەینی)) نەبوو، بەڵکو مەبەست ئەوەبوو کە زیندانی بخەینە هەلومەرجێکەوە کە بۆخۆی بتوانێت چاکسازیە وەبەرچاوگیراوەکان بەسەر ڕەفتارو کردەوەکانی خۆیدا پیادە بکات. لەو نمونەی کە کوێرەکان لە زیندانی والنوت ستریت-ی فیلا دیلفیا لە سالی (١٧٩٠)دا دروستیان کرد، گرینگترین دەسکەوتی هەردوو سیستەمی هۆڵەندی‌و ئینگلیزی لەنێو

دەزگایەکی یەکپارچەدا لێك بەسترا. ئیجابیاتی ئابووریش لەم سیستەمەدا لە ئارادابوو؛ خەرجی زیندان لە نمونەی فیلا دیڵفیا دا لە ڕێگەی کاری زیندانییەکانەوە دەستەبەر دەکرا. هەموو تاکێکی زیندانی زۆر بەوردی دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتیو چاودێرییەوە، کاتژمێرەکانی ڕۆژی زیندانی بە لێهاتووترین شێوەی مومکین ڕێکدەخراوو بەسەر بەشی بەسوود دا دابەش دەکرا. ئیجابیاتی ئەخلاقیش لەگۆڕێ بوو؛ هەموو زیندانییەك لە ڕووی ڕۆحانییەوە ڕێنماییو هیدایەت دەکرا، سەرەڕای ئەمە کویکرەکان هەندێ ڕەهەندی تازەشیان بەم سیستەمەوە زیاد کرد. ئێستا سزای تاوان زبەشێوەیەکی نهێنیو نائاشکراو لەپشت دیوارەکانی زینداندا ئەنجامدەدرا. جەماوەری خەڵك مافی سزادانی تاوانەکانیان دەسپاردە دەست گونجاوترین کاربەدەستەکان. ئەم کاربەدەستانە نەك هەر مافی ئەوەیان هەبوو لە پانتایی گۆڕینی تاکی سەرەڕۆو سەرپێچیکار بۆ بوونەوەرێکی ئەمەکناس کاربکەن، بەڵکو مافی ئەوەیان هەبوو خۆ لە پەروەردەکردنەوەی تەواو سەرانسەری هەموو ڕوخساری ژیانی تاکی زیندانیشدا، هەڵبقورتێنن. ڕەمزی ئەم کارە کۆکردنەوەی زانیاریو بینینی وردو دۆسییەی تەواوو پۆلین کردنیان بوو بەوپەری وردەکارییەوە. دواندنو لێپێچینەوە لە هەمبەر هەلومەرجی ڕوودانی تاوانەکە، ڕەفتاری تاوانبارو بەرەوپێش چوونی لەکاتی تاوانباری دەسبەسەریدا، وێڕای وەدەستهێنانی ناسینی زیاتر سەبارەت بە تاوانبارو (مجرمییەت) بەشێوەیەکی گشتیو لەپەنای گرنگیدان بە ئیلزاماتی تایبەت بە چاکسازی ئابووریو ئەخلاقی، ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە نوێیەی سزادانیان پێکدەهێنا. سەرهەڵدانو پەسەندکردنی خێرای دەسبەسەرکردن وەکو هەنگاوێکی ڕێگەلێگر، بەشێوەی شکڵی سەرەکی سزادان دیاردەیەکی بەچاوە نەك لەبەرئەوەی کە ئەم سزادانە هەندێ لەو پرنسیپانەی لەخۆگرتبوو کە جێگای مەبەستی ڕیفۆرمخوازەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو، بەڵکو بەر لەوەی بە پێشێلکاری گەلێك پرنسیپی دیکە لە قەڵەم دەدرا. دەتوانین ئەو حاڵەتانەی لەم بوارەدا بۆ بەراوردکردن دەشێن بەم جۆرە کورت بکەینەوە: ئیدی ئامانجی سزادان نمایشکردنی بابەت لە شوێنەگشتییەکان یان فێرکردنی خاڵی ئەخلاقی نەبوو، بەڵکو مەبەست ئەوەبوو کە لەڕێگای بەکارهێنانی



وردی تەکنیکە ئیدارییەکانی مەعریفەو دەسەڵات، گۆڕانکاری ڕەفتاری هەم لەجەستەو هەم لەڕۆحی تاوانباردا پێکبهێنرێت. سزادان کاتێ سەرکەوتنی بەدەست دێنا کە ((جەستەی ملکەچو لارەملێ)) دروست کردبا. لێرەشدا سزا لەسەر ڕووی جەستە وێنە دەکرا، بەڵام ئامانجەکەی تێکشکاندن، لەت لەتکردنو بەزاندنی نەبوو، بەڵکو دەبووایە جەستەی مرۆڤ پەروەردەبکرێتو ڕابهێنرێتو سەرپەرشتی بکرێت، پێکهێنانی دەزگایەکی نوێ بۆ چاودێریو تێڕوانین پێویست بوو بۆ ئەوەی بەرنامەی پیادەکردنی دیسیپلین بەم جۆرە جێبەجێ بکات. ئەم جۆرە دەزگایە دەبووایە دەزگایەکی چاودێریو تێڕوانینی کامڵ، بەردەوامو لێهاتوو بێت. لەکاتێکدا ڕێوڕەسمی ئەشکەنجەکەو دانپێدانانو هەروەها چالاکی لەناوەندە تەئدیبیو تەمێیەکانی جێگەی مەبەستی ڕیفۆرمخوازەکان لەشوێنە گشتیەکانو لەبەرچاوی خەڵکەوە ئەنجامدەدرا، ئەم جۆرە تازەیەی سزادان پێویستی بە نهێنیکاری هەبوو. هەروەها ئەم جۆرە نوێیە پێویستی بە سەربەخۆییەکی فراوان لەکاروکردەوەکانیو دوورکەوتنەوە لەفاکتەرە ئەزیەت دەرو تێکدەرەکان، هەبوو. ((قبوڵکردنی وردی لێپرسراوێتی بۆ جەستەو بۆ کاتژمێرەکانی ڕۆژی تاکی مەحکوم؛ ڕێکخستنی جموجۆڵو ڕەفتارەکان بەهۆی دەزگای ئۆیوریتەو مەعریفەوە نەشتەرگەری ڕێكوپێكو بەردەوامی مەحکومەکان لەپێناوپەروەردەکردنەوەیان، پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی سەربەخۆو جیا لەپەیکەری کۆمەڵگاو دەسەڵاتی دادوەری بەمانا ڕێکەکەی (لەم شێوە سزادانەدا زەروورییە)) (پێشوو، ل١٣٠)...

## تەکنەلۆژیای دیسیپلینی

پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە زیندانەکان تەنیا یەکێك لە بەڵگەراستەکانی ئەم جۆرە تەکنەلۆژییە دیسیپلینیو چاودێرو سزادەرانەن. یەکێك لەو خاڵە سەرەکیانەی کە فۆکۆ وەبەرچاوی گرتووە ئەوەیە کە زیندانەکانو ئەو نامانەی کە لە هەمبەر شکڵی ئایدیالی سزادانەوە دەنووسرێن، ڕوخساری بەرجەستەتری ئەو کردارە گشتگیرانەن کە مەیلیان بەرەو پیادەکردنی دیسیپلین هەبووە بەسەر تاكو بەسەر کۆمەڵەکاندا. لەسەرانسەری سەدەی هەژدەو بەتایبەتی

نۆزده، ئەم جۆرە تەکتیکانە بەسەر بەشەکانی تری دانیشتووانو لەناوەندی چاکسازی جۆراوجۆرو هەروەها لە دەزگاکانی تری پیادەکردنی کۆنترۆڵدا تەشەنەیان سەند. باسکردنی دامەزراوێکی وەکو نەخۆشخانە یان قوتابخانە، هەروەها دوان لەسەر زیندان ئامانجی ڕاستەقینەی فۆکۆ پێکناهێنێ، بەڵکو لە ڕاستیدا فۆکۆ هۆگری شێوازە دیسیپلینەکانە. ئێستا دەتوانین تاوتوێی ئەم کر دارانە بکەینو تایبەتمەندیە گشتیەکانیان دەستنیشان بکەین.

دیسیپلین، بونیادو دامەزراو نییە، بەڵکو تەکنیکە؛ ئەم تەکنیکە لە هەندێ دامەزراوی وەکو (دەسبەسەرگەکانو سوپاکان) بەشێوەیەکی تەواوو سەرانسەری سوودی لێ وەردەگیرێت.ئەوە لەکاتێکدایە کە لە هەندێ بونیادو دامەزراوی دیکەی وەکو (قوتابخانەو نەخۆشخانەکان) بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی تایبەتی بەکار دەبرێت، هەروەها ڕەنگە دیسیپلین بەهۆی ئەو کاربەدەستانەی کە پێشتر هەبوونە (وەکو کاربەدەستانی لێپرسراوی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی) یان هەندێ بەشی دەزگای دادوەری دەوڵەتی (بۆ نمونە پۆلیس) بەکاربهێنرێت، بەڵام ناتوانین دیسیپلین لەگەڵ هیچ کام لەو حاڵەتە تایبەتیانە بەیەكو یەکسان دابنێین. دیسیپلین تەنیا نابێتە جێنشینی شێوازەکانی تری دەسەڵات لەسکۆمەڵگادا، بەڵکو ((ئابلۆوقە)یان دەداتو ئیستیعماریان دەکات، لەیەکریان دەبەستێ بەستێنی کۆنترۆڵیان فراوان دەکات، کارایان بەتینتر دەکاو ((بەرزتر لە هەموو شتەکانی دیکە تەشەنە سەندنی کاریگەری دەسەڵات بەسەر وردترینو دوورترین ڕەگەزەکانی مومکین دەکات)) (پێشوو، ل٢١٦). دیسیپلین چۆن کار دەکات؟ بە بڕوای فۆکۆ دیسیپلین لانی کەم لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بڵاوبوونەوەیدا، بەزۆری کار لەسەر جەستە دەکات. هەڵبەتە سەپاندنی جۆرە کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتی بەسەر جەستەدا لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دەبینرێت.ئەوەی هیچماو ئیندێکسی کۆمەڵگا دیسیپلینیەکانە، شکڵێکە کە ئەم کۆنترۆڵە بەخۆیەوە دەگرێت. لەم کۆمەڵگایانەدات، وەکو بابەتێك کە بەسەر بەشە پێکهێنەرەکانیدا بەش بەشکراوە، هەڵسوکەوت لەگەڵ جەستە  دەکەن ئامانجی تەکنەلۆژیای دیسیپلینی بریتییە لە پێکهێنانی (({جەستەیەکی} ملکەچو گوێڕایەڵ کە بتوانرێت کۆت بکرێ، سوودی لێ وەربگیرێتو گۆڕانکاریو چاکسازی تێدا پێکبهێنرێت)) (پێشوو، ل١٣٦).  تەکنەلۆژیای دیسیپلینی چۆن کار دەکات؟ لەسەرەتادا جەستە بەسەر هەندێ بەشی وەکو دەستو قاچەکان دابەش دەکرێت، پاشان ئەم بەشانە جیاجیا وەبەرچاو دەگیرێنو دەخرێنە ژێر پەروەردەیەکی وردو حسێبکراوەوە. لێهاتوویيو کۆنترۆڵی هەموو بەشەکانو تەواوی جەستە، ئامانجە. دەتوانین باسی مەشقە سەربازییەکانی سوپای پاشایەتی بکەین کە ئەو هەموو کاتە بۆ ئەنجامدانی تەرخان دەکرێت لێرەدا پێوەر یەکجار زۆر گرنگە؛ گەورەترین، وردترین کارسازترینو گشتیترین سیسەمی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤەکان لەسەر وردترینو بچوکترین بنەماکانی دادەمەزرێت. دروستکردنی ((دەسەڵاتی ورد)) کە کاری خۆی لە جەستەوە وەکو بابەتی دەستکاری دەست پێدەکات، کلیلی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی دیسیپلینە.

دووەم، ڕەهەندی تایبەت بە بکەری مانابەخش جار لەگەڵ جار زیاتر نادیدەو بێدەنگ دەکرێو لە گرنگیەکەی کەم دەکرێتەوە. لەماوەی سەردەمی کلاسیکدا، سەرەڕای ئەوەی گرینگیەکی زۆر بەکارهێنانی ڕاستو دروستی نیشانەکان دەدراو دانپێدانان لەشوێنە گشتیەکان تاکو ئەوکاتیش لەسەرووی ڕێوڕەسمی دەسەڵات نواندنی پاشادا بوو، بەڵام دەزگا دیسپلینەکان، بەتایبەتی سوپاو قوتابخانە زۆر بەهێمنی هەندێ تەکنیكو شێوازیان دروستدەکردکەبەهۆی ئەوانەوە مرۆڤەکان وەك بکەری قسەیان هەندی نیشانە بۆ خوێندنەوە سەیریان نەدەکرا، بەڵکو وەکو بابەتگەلێك لەقەڵەم دەدران کە دەتوانرێ دروستو کۆنترۆڵ بکرێن. ئیدی جەستە وەکو هەڵگری مانا، بەشتێکی گرنگ نەدەژمێردرا، بۆ نمونە ئازایەتی سەربازی کە فۆکۆ بە ((جیلوەی جەستەیی شکۆمەندی شانازی)) ناوزەدی دەکات، بەرەو نەمان چووو لەبەرانبەر ئەمەدا جەخت لەسەر ڕێکخستنی ڕوواڵەتیو دژ کردەوەی بەدیسیپلین کراوی بەشە پێکهێنەرەکانی جەستەو پەرچەکرداری لەخۆڕای دەستو لاقو چاوەکان، دەکرایەوە. هەروەها فۆکۆ نمونەیەك لەسەر مەشقە سەربازیەکان دێنێتەوە.  هەرچەندە فۆکۆ شوێن پێی یەکەمین شێوازی ئەم جۆرە ڕاهێنانە لە لەشکری ڕۆمانیدا دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەم چەشنە ڕاهێنانە لەسەدەی هەژدەدا گشتیەتێکی زۆریان بەخۆوە بینی. مەشقی جەستەیی بەرەو یەکێك لەبەشە

جیانەبووەکانی کاروکردەوەی دەسەڵات گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە بەزۆری جەختی لەسەر کۆنرۆڵکردنی دەروونی جوڵەی جەستە سەربازەکان دەکرد. لەم بارەیەوە دەتوانین ڕێسا باوەکە بەم جۆرە دەربڕین: یەکەی بچووك هەڵبژێرن، لە هەموو جۆرە ڕەهەندێکی زەینیەتو مانا بەتاڵیان بکەن، ئەو کردەوەو ڕەفتارانەی کە ئەم یەکانە لەیەکتر دەبەستن شێوەی ڕێسای ڕەسمی پێ ببەخشنو لە پێوەرێکی پانوبەریندا بەکاریان بێنن.

سێیەم، ((دەسەڵاتی ورد)) مەیلی بەرەو بەکارهێنانی زەمەن هەیە بەشێوەیەکی جیاواز لە دەسەڵاتی دیسیپلینی یان (دەست پەروەردە)) بۆ ئەوەی بتوانێت بەچەشنێکی کاراو کاریگەر بجوڵێتەوە، دەبێ لەسەر ئەو جەستانەی کە بڕیارە ملکەچو گوێڕایەڵ بکرێن، بەپێی توانا بەشێوەیەکی بەردەوامو هەمیشەیی کاربکات. نابێت کۆنترۆڵو چاودێری بەجۆرێکی پچڕپچڕ یان تەنانەت بەنۆرە پیادە بکرێن.

یەکدەستسازی کردەوەو کاراییو دیاریکردنی واتاکانی چالاکی، پێویستی بە پیادەکردنی کۆنترۆڵێکی ڕێکوپێكو بەردەوام هەیە. سەرەڕای ئەمە ئامانجە وەبەرچاوگیراوەکەو تەکنیکە پێویستەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بوونە. بۆ گەیشتن بەخەونی ملکەچیو گوێڕایەڵی تەواوو سەرانسەریو (هاوکات فراوانبوونی دەسەڵاتی) دەبووایە هەموو ڕەهەندێکی فەزا، زەمەنو جوڵە ڕێسایی بکرێنو بێ ڕاوەستان سوودیان لێوەربگیرێت. کەواتە لەسەرانسەری چەرخی کلاسیکدا تەکنیکە دیسیپلینەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر، دەستپێوەگرانەتر، بەش بەشکەرتر، هونەریتر، دیارترو ڤازانج خوازانەتر دەبوون. ((ساتی مێژوویی دیسیپلینەکان کاتێ دەستی پێکرد کە هونەری جەستەی مرۆڤ سەری هەڵدا، ئەو هونەرەی کە تەنیا مەیلی بەرەو گەشەی شارەزایەکانی یان توندوتۆکمەکردنی کۆتو ملکەچیەکەی نەبوو، بەڵکو چاودێری دروستبوونی پێوەندییەك بوو کە جەستەی مرۆڤ، چەندە پڕ سوودتر دەبێ، ملکەچتری دەکات بەپێچەوانەوە.. جەستەی مرۆڤ، دەچێتە ناو دەزگایەکی دەسەڵاتەوە... کە هەڵدەلووشێ تێکدەشکێنێو سەرلەنوێ بوونیای دەنێەوە دیسیپلین، جەستەی ملکەچو گوێڕایەڵ...و ئامادەیی(قبووڵکردنی دیسیپلینی) زیاترو دەسەڵاتی زیاتر دروست دەکات)) (پێشوو، ل١٣٧و١٣٨).

پیادەکردنی کۆنترۆڵ بەسەر فەزادا یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیە پێکهێنەرەکانی ئەم تەکنەلۆژیایەیە. دیسیپلین بەهۆی ڕێکخستنی تاکەکانەوە لەنێو فەزادا بەرەو پێشەوە دەچێتو هەبۆیە بەشێوەیەکی تایبەتی پێویستی بە بەرتەسکسازی فەزا هەیە. لە نەخۆشخانەو قوتابخانەو پانتایی سەربازیدا جەخت لەسەر تۆڕی کۆنترۆڵێکی ڕێکوپێك دەکرێتەوە. کاتێك کە ئەم تۆڕە دروستبکرێت، دابەشکردنی دڵنیایی ئەو تاکانەی کە دەبێ بکەونە ژێر دیسیپلینو سەرپەرشتیەوە، مومکین دەبێ؛ ئەم شێوازە، گۆڕینی جەماوەری مەترسیدار یان کەسانی بەرەڵاو لانەوازە بەرەو تاکی ملکەچو سەقامگیر مومکین دەکات.لە تەکنەلۆژیای دیسیپلینیدا ڕێکخستنێکی نێوخۆی فەزا، پێوەندی بە پرنسیپی دابەشکردنی بەرایی تاکەکانەوە هەیە لەنێو یەکە ڕیکوپێکەکان. ئەم فەزایە لەسەر بنەمای حوزوورو غیاب دامەزراوە. لەم جۆرە سیستەمە نیشانە بەخشە ساکاردا، هەموو چاڵێك (حفره) لەتۆڕی جێگای مەبەستدا بەهایەکی پێ دەدرێت. ئەم چاڵانە، پیادەکردنی تەکنیکە دیسیپلینەکان بەسەر جەستەدا ئاسانتر دەکەن. کاتێك کە تۆڕی کۆنترۆڵ دادەمەزرێت، ئەو پرنسیپەی باسمانکرد بەم جۆرە حوکم دەکات: ((هەموو تاکێك شوێنێکی هەیەو هەموو شوێنێکیش خاوەن تاکێکی تایبەت بەخۆیەتی)) (پێشوو، ل ١٤٣). لە ڕێگەی پیادەکردنی بەڕێوبەرایەتیەکی پڕ لە وردەکاریەوە، تاکەکان، هەندێ شوێن دەدۆزنەوە، گۆڕانیان بەسەردا دەهێنرێتو دەکەونە ژێر چاودێریەوە. بەمەبەستی دابینکردنی لێهاتووترینو بە بەهرەترین جۆری ڕەفتار، پێویستە لەپێشدا ماهیەتی ئەو ڕەگەزانە پێناسە بکرێنو لەفەزا ڕاێکخراوەکەدا دابنرێنو ڕۆڵەکان لە بونیادی ئەو فەزایەی کە تاکەکان تێیدا کاردەکەن، لە نێوان تاکەکاندا دابەشبکرێن. لە ئاکامدا دەبێت هەموو فەزای مەوجوود لەنێو پانتاییەکی ئابلۆقەدراودا، نەزمو ڕێکوپێکی وەربگرێ؛ هیچ چەشنە بەفیڕۆدانو شوێنی بەتاڵو پەراوێزی سپی نابێ هەبێت؛ نابێ هیچ شتێك فەرامۆشبکرێ.

((له دیسیپلیندا، ڕەگەزەکان، دەکرێ گۆڕینەوەیان پێ بکرێت، چونکە هەموو ڕەگەزێك بەپێی ئەو فەزایەی کە لەنێو کۆمەڵەکەیدا داگیری دەکاتو بەپێی ئەو دووریەی کە لەسەرجەم ڕەگەزەکانی تری جیادەکاتەوە، پێناسە دەکرێ)) (پێشوو، ل ١٤٥) کەواتە پێگەی فەزای بەدسپلین کراو پەیوەندی بەنیشانەگوزاری ئەو ڕێکخراوە ((بونیادییەوە)) هەیە.  پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەم وەسفەی ڕێکخستنی فەزا تارادەیەکی زۆر بە پێناسەی ڕەگەز، گۆڕینی شێوازو کۆمەڵەکان دەچێت کە بیرمەندە بونیادگەرییە فەرەنسیەکان وەکو پرنسیپی گشتی تیۆریی خۆیان بەکاریان دێنا. فۆکۆ کتێبی سیستەمی شتەکانی وەکو ئارکۆلۆژیای بونیادگەری نووسی. لەبەرانبەر ئەمەدا کتێبی دیسیپلینو سزا بەشێوەیەکی گشتی جینالۆژیای گوتاری بونیادگەریو ئەو کردارانەیە کە پێوەندیان بەوەوە هەیە.فۆکۆ ئاماژە بەدوو نمونە دەکات، بۆ ئەم جۆرە ڕێکخستنە ((بونیادگەریانەی )) فەزا؛ یەکێکیان نەخۆشخانەی سەربازیو ئەویتریان کارخانەیە. نەخۆشخانەی سەربازی ڕۆشفۆرت- یەکێك بوو لەسەرەتاییترین ئەزموونەکانی فەزای دیسیپلینی. بەندەرە سەربازیەکان شوێنێکی یەکجار گونجاو بوون بۆ ئەزموونە دیسیپلینیەکان، چونکە بەکەڵکی پڕ مەترسیترین جۆرەکانی ئاوێتەکردنی جەستەکان دەهاتن. لەم بەندەرانەدا، دەریاوانەکان، سەربازە ڕاکردووەکانو بەرەڵاکان لەگەڵ جۆرەها نەخۆشیو درمە باوەکان لەسەرانسەری جیهاندا، لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە. ئەرکی نەخۆشخانە چاودێریکردنی ئەم جۆرە تێکەڵاوبوونو ئاوێتە بوونە مەترسیدارانە بوو. لەم شوێنەدا، جیاسازی وردی فەزا لەیەککاتدا چەندین ئامانجو مەبەستی وەدی دێنا. نەخۆشە ئیپدمییەکان (درمەکان) دەخرانە قەرەنتینەوە؛ سەربازە ڕاکردووەکان دەگیرانەوە؛ شمەکەکان دەخرانە ژێر چاودێرییەوە. نەخۆشخانە لەسەرەتادا لەسەر بنەمای کۆنترۆڵ لە ڕێگەی دەرمانەوە کاری دەکرد. دواتر لەگەڵ فراوانبوونی تۆڕی کۆنترۆڵ نەخۆشخانەکان دەناسرانو دەکەوتنە ژێر چاودێریەوە. پۆلێنکردنەکەیان لەسەر بنەمای تەمەن، نەخۆشی... ئەنجام دەدرا ((هێدی هێدی فەزای دەرمانی لێکبەستراو ئەفزەلیەتی بەسەردا وەرگرتو جەستەکان، نەخۆشیەکان، نیشانەی نەخۆشی، فەردیەتی بەژیانو مەرگ بەخشی... لە هەناوی دیسیپلیندا، فەزایەك لەدایك بوو کە لە ڕووی پزیشکیەوە بەسوود بوو)) (پێشوو، ل١٤٤).

لەکۆتایی سەردەمی کلاسیکدا ڕێکخستنی فەزاو کاروکردەوەکان لەنێو کارخانەکاندا ئاڵۆزتر بوون. جا مەسەلە تەنیا پیادەکردنی دیسیپلین بەسەر دانیشتوواندا نەبوو، بەڵکو دەبووایەم ئەم کۆنترۆڵە لەگەڵ بەرهەمهێناندا پێوەندی پەیدا بکا. لێرەدا فۆکۆ وەکو نمونە ئاماژە بەکارخانەی ئۆبرکامف دەکات کە دەکەوێتە ژوی. ئەم کارخانەیە بەسەر کۆمەڵێك کارگەی تایبەتمەندو پسپۆڕدا دابەشکرابوو کە لەسەر بنەمای جۆری کارەکەیان لەیەکتر جیادەکردنەوە (بۆ نمونە نەخشەکێشی (مصمم) نەخشو نیگاری قوماش، لێپرساوانی دەفری بۆیەکردن، بۆیەچیەکان، کرێکارانی پەڕەمووچکار، ئەوکەسانەی قوماشیان ڕەنگ دەکرد). گەورەترین بنەمای کارخانەکە کە لەساڵی (١٧٩١) دورستکرا، بینایەکی مەزن بوو کە درێژیەکەی (١١٠) مەترو لە سێ نهۆم پێکدەهات. لە نهۆمی یەکەمدا (١٣٢) مێزی کاری لێ بوو کە لە دوو ڕیز دانرابوون، هەر بۆیەچییەك لەگەڵ هاوکارەکەی لەسەر مێزی کاری خۆی ئیشی دەکردو بەم پێیە (٢٦٤) کرێکار لەم بینایەدا کاریان دەکرد. بەروبوومی کۆتایی کارەکە لەوسەری مێزەکە زۆر بە وردەکاریەوە لەسەریەك کەڵەکە دەکراو ئەو سەرپەرشتەی کە لە ڕێڕەوی نێوان دوو ڕیزی مێزەکان دەچووە سەروو دەهاتە خوار زۆر بەوردی چاودێری شتەکانی دەکرد. تەواوی ڕەوتی کارەکە زۆر بە ئاسانی چاودێرە بەسەردا دەکراو دەتوانرا بەروبوومی کاری هەموو مێزێکیش زۆر بەئاسانی لەگەڵ کاری مێزەکانی تردا بەراورد بکرێت. بەم جۆرە زیاتر لەسەدساڵ بەر لەسەرهەڵدانی تایلۆریزم لەم جۆرە کارخانانەدا کاروکردەوە سەرەکییەکان لەکارگەکاندا دەستنیشانو پێناسە دەکرانو هەر کام لەگۆڕاوەکانی پێوەندیدار بەهێزی کار، بۆ نمونە هێز، خێراییو یەکدەستی لە شارەزاییدا تێیدەڕوانراو لەگەڵ یەکتردا بەراورد دەکراو بەهایەکی تایبەتیان پێدەبەخشرا. ((بەم چەشنە هێزی ئەنجامدانی کار کە بەشێوەیەکی تەواو دیار لەنێوان کۆمەڵگەیەکی کامڵی جەستەکاندا بڵاوکرابۆوە، دەکرێ بەسەر یەکەی فەردیدا بەش بەشبکرێت. لەکاتی سەرهەڵدانی پیشەسازیی گەورە دەتوانرێت لەپشت سیستەمی دابەشکردنی کاری

بەرهەمهێناندا، بەش بەشکردنی فەردییەتبەخشی هێزی کار بدۆزینەوە؛ بەزۆری دابەشکردنی فەزای دیسیپلینی گرەنتی هەردووکیان بوو)) (پێشوو، ل١٤٥). لەم جۆرە سیستەمەدا کرێکار، نەخۆش یان قوتابی بەوردی چاودێری بەسەردا دەرکراو لەگەڵ ئەوانی تردا بەراورد دەکرێت. لەهەمان کاتو لە ڕێگەی هەمان ئامرازەوە نەزمبەخشین بەسەر تەواوی دانیشتوواندا بەچەشنێکی سەرکەوتووانە جێبەجێ دەکرا. ئەو پیادەکردنی کۆنترۆڵە بەسەر بەشەکانیدا لەگەڵ سیستەمی پیادەکردنی دیسیپلین بەسەر هەموو کۆمەڵگادا هەماهەنگو تەریب بوو.کەواتە دیسیپلین بەشێوەیەکی جۆراوجۆرو پڕلە وردەکاری کاردەکات. (دیسیپلین، تاکەکان ((دروست دەکات))و تەکنیکی تایبەتی دەسەڵاتێکە کە تاکەکان هەم وەکو بابەتو هەم وەکو ئامرازی جێبەجێ کردنی خۆی سەیر دەکات) (پیشوو، ل١٧٠). دیسیپلین ئەم کارە لە ڕێگای تێکشکاندنی تاکەکان یان فێرکردنی وانەی ئەخلاقیەوە ئەنجام نادات، بەڵکو بەهۆی شێوازی ((خاکەڕێیانە- متوازعانە)ی پەروەردەو دابەشکردن بە ئەنجامی دەگەیەنێت.  دیسیپلین لە ڕێگەی ئاوێتەیەکی چاودێری زنجیرەیی (تدرجی)و ئەحکامی مەیلدار بەرەو نۆرماڵسازی کاردەکات. ئەو دووانە لەناو تەکنیکی سەرەکی دەسەڵاتی دیسیپلینی واتە لە پشکنین (موعایەنە)دا لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو دەبن. چاودێری زنجیرەیی یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی موعایەنە (ئەزموون یان تاقیکردنەوە)یە. ئامانجی سەرەکی ئەوە کە چاودێریو تێڕوانین ببێت بە بەشێکی جیانەبۆوەی بەرهەمهێنانو کۆنترۆڵ. کردەی چاودێری کردنو چاودێریکران یەکێك لە ئامرازە سەرەکیەکانی پێوەندی تاکەکانە لەگەڵ یەکتریو لە فەزای دیسیپلینیدا. پیادەکردنی کۆنترۆڵ بەسەر جەستەکاندا لەسەر بنەمای ((یاسای بینایی دەسەڵات)) دامەزراوە. یەکەمین نمونەی ئەم جۆرە کۆنترۆڵ لە ڕێگای پیادەکردنی چاودێریو تێڕوانینو دابینکردنی کارایی لە ڕێگەی سەیرکردنو پێکهێنانی نەزمو ڕێکوپێکی لە ڕێگەی بەرقەرارکردنی بونیادی فەزایی، دەتوانین لە ئۆردوگا سەربازیەکان بدۆزینەوە. لە ئۆردوگا (معسکر) سەربازیەکاندا ڕێکخستنو چاودێریی تەواوو سەرانسەری مومکین بوو، ئەو ڕۆڵانەی لەوێدا جێبەجێ دەکران، بەرتەسکبوون، بەڵام نمونەی ئۆردوگا سەرکەوتووانە بوو دواتر لە ڕووی ئەم نمونەیەوە بۆ دروست کردنی نەخسەی مەزنی شار، شوێنی نیشتەجێبوونی چینی کرێکار، دروستکردنی زیندانو قوتابخانەکانو تاد... کەڵك وەرگیراو نمونەی ئۆردوگای سەربازی لە ئاستێکی بەرفراواندا پیادەکردنی کۆنترۆڵی لە ڕێگای پلەوپایەی زنجیرەییو چاودێریەوە دەلواند، بەڵام دەبووایە ئەم نمونە لە ژینگەکانی دیکەدا دەستکاریو هەموار کرابا.

پرسی بینرانی ناوەوەی بینایەکان بەمەبەستی دابین بوونی دەرفەتی چاودێریو تێڕوانین، بوو بەیکێك لەو بابەتە گشتیانەی کە بیناسازی سەردەمی کلاسیك گرینگیان پێدەدا. گەلێك نەخشە بۆ دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو یۆتۆپیاکان خرانە ڕوو کە تێیاندا بۆ بینینیشیان لە دەرەوەڕا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. وەکو نمونە دەتوانین ئاماژە بە بینایەی قوتابخانەی سەربازی پاریس بکەین. ئامانجی ئەم قوتابخانەیەش پیادەکردنی قورسیو سەختی بوو: ((جەستەی بەهێز پەروەردە بکەن: ئەفسەری لایەقو شایەستە بەکار بێنن: ئەجێندای دەستەبەرکردنی سەلاحیەتو شایستەیی بەم جۆرە بوو؛ سەربازی ملکەچ پەروەردە بکەین: ئەجێندای سیاسی بەم جۆرە بوو؛ پێشی ڕابواردنو هۆمۆسێکسی بگرن: ئەمەش ئەجێندای ئەخلاقی بوو)) (پێشوو، ل١٧٢). ئەم ئەجێندایانە تاڕادەیەك لە ڕێگای شکڵی بینایەکانەوە جێبەجێ دەکران. بینای قوتابخانەکان خاوەنی ڕێڕەوی دوورو درێژ بوون کە لە هۆبەو ژووری بچووك پێکدەهات. هەر دە ژوور بەرپرسێکی هەبووو هەموو تاکێك ژوورێکی بچووکی تەواو داخراوی پێدەدرا کە لە دراوسێکانی جیای دەکردەوە، بەڵام لە دیواری ئەم ژوورەدا کونێك بۆ چاودێریو تێڕوانین ئامادەکرابوو. لە ژووری نانی نیوەڕۆ مێزەکان بەجۆرێك هەڵچێنرابوون کە مێزی پاسەوانەکان دەکەوتە سەرووی مێزی سەربازەکان. ئاودەستەکان نیوە دەرگایان بۆ دروستکرابوو، بەڵام دیواری قەراغەکانی تەواو بوو. ئەم جۆرە وردەکاریو شتە لاوەکیانە وەکو بابەتی کەمبایەخ خۆدەنوێنن، بەڵام هەر ئەمانە بەشی سەرکی تەکنەلۆژیای دیسیپلینی بوون. لەنێو ئەم فەزا بونیادییەدا، مونفەریدسازیو چاودێری لە یەکتری دەبەستران.

پاش ئەوەی ئەم شتە لاوەکیانە لە پانتایی چاودێریو تێروانین لەنێو بەرهەمهێناندا، یەکێتیو یەکپارچەیی بەخۆوەبینی، مەسەلەکە دیسان ئاڵۆزتربوو.

بە وەبەرچاوگرتنی ڕادەی ڕوولەزیادی کارگە پیشەسازییەکان، هەندێ حاڵەتی وەکو تەزویر، تەمەڵی، خرابکاری، ناکارایی، نەخۆشیو ناشایەستەیی، گەلێك زیانی

لێ دەکەوتەوە. لە وتاری ئەنسیکلۆپیدیای فەرەنسی سەبارەت بە ((پیشەسازی))، پسپۆڕی لە چاودێری‌و تێڕوانین، وەکو بەشێکی حەتمی ئامرازی بەرهەمهێنان وەسف کرابوو. چاودێرەکان لە ڕووی زنجیرەی پلەوپایەکانەوە لە کرێکارەکان جیابوون، بەڵام بەشێك بوون لە سیستەمی نوێی بەرهەمهێنان. چاودێری‌و تێڕوانین، ڕۆڵێکی ئابووریی گرنگی هەبووو لە هەمان کاتیشدا ئەرکی دیسیپلینی خۆیشی بە ئەنجام دەگەیاند. دەسەڵات بە تێپەڕبوون لەپاڵ وێنەی (صافی) چاودێری‌و تێڕوانین لە کارخانەکاندا، بەرەو دیاردەیەکی ((چەند لایەن، ئۆتۆماتیك‌و خودموختار)) گۆڕانی بەسەرداهات یان تاڕادەیەك ئەم جۆرە تایبەتمەندیانەی بەدەستدەهێنا (پێشوو، ل١٧٦). هەڵبەتە تاکەکان دەسەڵاتیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام ڕێکخستنی دەسەڵات بوو کە دەبووە هۆی جێبەجێ کردنی. مەبەستی ئەم وتەیە ((چاودێرەکان بێ ڕاوەستان چاودێرییان دەکرد)) ئەوەبوو کە لەسەرەتای قۆناغی بەپیشەسازی بوونەوە دەسەڵاو کارایی لەناویەك سیستەمدا لێکگرێدران‌و فەزاو بەرهەمهێنان بەهۆی زانستی چاودێری‌و تێڕوانین لێکبەستران.ئەم سیستەمە دیسیپلینە پێویستی بەپێوەرێك بوو کە یەکێتی بەکاروکردەوەکانی ببەخشێت‌و سزا وەبەرچاوگیراوەکان بەشێوەیەکی یەکجار زۆر وردو دیار دەستنیشان بکات. ئەم پێوەرە بریتی بوو لە ((سزای نۆرماڵسازی)) فۆکۆ ئەم جۆرە سزادانە وەکو جۆرێك ((وردە سزادان)) وەسف دەکات کە بەهۆی ئەوەوە بەشێکی زۆری ژیان کە هێندەش گرینگ نەبوونە تاکو لە ڕێوشوێنە یاسایەکاندا ئاماژەیان پێبکرێت، ئێستا بەهۆی دەسەڵاتەوە داگیردەکرێن. دەتوانین باسی وردە سزای تایبەت بەکات (دواکەوتن، غیاب بوون، وەستان لەکاتی ئەنجامدانی کار)سەبارەت بەچالاکی (کەمتەرخەمی،٦١غەفڵەت، وەڕەزی) تایبەت بەجەستە (شێوازی ڕۆیشتن یان وەستان، جووڵەو ئاماژەی ناڕێکوپێك، نەپاراستنی پاکوخاوێنی)و لەهەمبەر جنسییەتیشەوە، (ناپاکی، هەرزەیی) بکەین (پێشوو، ل١٧٨ ). لە ڕێگەی دیاریکردنی لاوەکیترین ڕخساری ڕەفتاری ژیانی ڕۆژانە، دەتوانین بڵێین هەموو شتێك بەشێوەیەکی بەهێز بۆ سزادان دەشیا. تاکی نەگونجاوو خودموختار تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی کاتەکیش گوێی بەپێوەرە باوکان نەدابووایە، دەکرایە بابەتی جێگەی سەرنجی دیسیپلینی.بەمجۆرە ڕەفتاری تاکەکان لەنێوان دوو جەمسەری چاك‌و خراپ دابەشدەکرا، لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا کۆمەڵێك قۆناغی دیاریکراوو پەیژەیی بوونی هەبوو کە دەکرا بناسرێت‌و زانیاری لەسەر وەدەست بهێرێت. بەمجۆرە هەموو سەرپیچی‌و هەڵەیەکی بچووك لە ڕووی چەندییەوە هەڵەدەسەنگێنراو پلەبەندی دەکرا. لەئاکامدا وێنای شتێکی وەکو ((ژمێریاری سزایی)) مومکین بوو. بەسوود وەرگرتن لەمجۆرە شێوازانەی بەش بەشکردنی چەندی، دەرفەتی دروستکردنی دۆسیەی بابەتی سەبارەت بەهەموو تاکێك قابیلی وێناکردن بوو. لەم ڕووەوە((دیسیپلین لەگەڵ هەڵەنگاندنی وردی کردەوەکان، ((لە ڕاستیدا)) لەهەمبەر تاکەکانەوە حوکم دەدات؛ ئەو سزایەی پیادەدەکرێ لەنێو بازنەی مەعریفە لەبارەی تاکەکانەوە دەمج دەکرێت)) (پێشوو، ل ١٨١). بەم چەشنە زنجیرەی پلەوپایەیەکی بابەتی بۆ وێناشیان بوو کە بەهۆی ئەوەوە دابەشکردنی تاکەکان پاساوی بۆ دەهێنرایەوەو لێهاتووتردەکرا. کاریگەری ((سزای نۆڕماڵسازی تاکەکان)) ئاڵۆزە. ئەم سزایە لە پرنسیپی بەرایی لە پانتایی یەکسانی ڕواڵەتی نێوان تاکەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر ئەمە بۆ خۆی وەکیەکی‌و هاوتایی لێ دەکەوێتەوە کە پرنسیپی یەکڕەگی لەگەڵ جەماعەت (لەوەوە وەرگیراوە، بەڵام پاش ئەوەی دەزگای ((دیسیپلین)) بەجووڵە بکەوێت، جیاکردنەوەو گۆشەگیرکردن زۆر بە وردتری ئەنجامدەدرێت کە بەشێوەیەکی بابەتی تاکەکان لەیەکتر جیادەکاتەوەو لەنێو زنجیرەی پلەوپایەکان شوێنیان دەکاتەوە.

ئەو شێوازەی کە چاودێری‌و تێڕوانین لەگەڵ سزای نۆڕماڵسازیدا لێکگرێدەدات، شێوازی ناسراوی (معایەنە)یە. لە ڕێوڕەسمی موعایەنەدا شکڵی نوێی دەسەڵات‌و شکڵی نوێی مەعریفە (کە هەردووکیان مەیلیان بەرەو ڕووی تاکەکان هەیە)) لەیەك تەکنیکدا لەگەڵ یەکتری کۆدەکرێنەوە. موعایەنە لە ماهییەتی خۆیدا، ((کۆتکردنی ئەو کەسانەی کە وەکو بابەت وێناکراون‌و بابەتسازی ئەو کەسانەی کە کۆتکراون، ئاشکرادەکات)) (پێشوو، ل١٨٥). ئەمە دەتوانێت لانی کەم لەڕووی بۆچوونەوە گوڕانکارییەکی یارمەتیدەربێت٦٢. بۆنمونە دەتوانین حاڵەتی نەخۆشخانە بێنینە بەچاوی خۆمان. لەسەدەی حەڤدە، پزیشك سەردانی نەخۆشخانەی دەکرد، بەڵام هێندە خۆی لە بەڕێوەبردنیدا هەڵنەدەقورتاند، بەڵام ئەو بەهۆی ماهییەتی ئەو جۆرە مەعریفەیەی کە بەدوایدا دەگەڕاو هەروەها بەهۆی ئەو شێوازانەی کە لەپێناو بەدەستهێنانی ئەم مەعریفەیە بەکاری دەهێنا، وردە وردە کەوتە مەوقیفی گیرۆدەبوون‌و خۆتێهەڵقورتاندنێکی ڕوولەزیاد (لەکاروباری نەخۆشخانەدا). هێدی‌هێدی‌کە نەخۆشخانە وەکو ناوەندێکی پەروەردەو مەعریفەی تاقیکاری‌و ئەزموونی لێهات، پزیشك ڕۆڵێکی زیاتری لەکاروبارەکانیدا پەیداکرد؛ژمارەی یارمەتیدەرەکانی زیاتر دەبوون؛ تەنانەت شکڵی نەخۆشخانەش گۆڕانکاری بەسەردادەهات بۆ ئەوەی ڤیزیت‌و موعایەنەکانی پزیشك کەببوو بەتەوەرەی

سەرەکی ئیدارەی کاروباری نەخۆشخانە، بەئاسانی ئەنجامبدرێت. هەروەکو فۆکۆ خۆی لەکتێبی (لەدایك بوونی دەرمانگە) بەچەشنێکی ڕازیکەر پێشانی داوە کە نەخۆشخانەی تەواو بە دیسیپلین کراو بەشێوەی هاوتای ماددی مەعریفەی پزیشکی سەریهەڵدا. ئەمجۆرە گۆڕانکاریانە نەبێ مەترسیبوون‌و نەکەمبایەخ. گرینگی موعایەنە لە نەخۆشخانەکان‌و لەسەرجەم دەزگاکانی تردا بە پلەی یەکەم، لە پرۆسەی پێچەوانەسازیەکی جوان‌و ناسك، بەڵام گرینگەوە سەرچاوەی دەگرت. دەسەڵات لە شکڵە تەقلیدیەکەی خۆیدا، وەکو دەسەڵاتی پاشا، دەتوانین بیبینین، لە شوێنە گشتیەکان دەردەکەوێت‌و بەردەوام نمایش دەکرێت. لێرەدا جەماوەر دوور لە دیدە قەراردەگرن‌و تەنیا لە پەراوێزی تیشکی درەخشانی دەسەڵاتی میردا دەردەکەون. دەسەڵاتی دیسیپلینی ئەم پێوەندیە پێچەوانە دەکاتەوە. لێرەدا دەسەڵات بۆ خۆی بەدوای نادیاریدا دەکەوێت‌و بەپێچەوانەوە، بابەتەکانی دەسەڵات کە دەسەڵات لەسەریان کار دەکات، زۆر بەباشی دەبینرێن. هەر ئەم واقیعیەتەی چاودێری‌و بینراویە بەردەوام‌و هەمیشەییەیە کەرازی تەکنەلۆژیای دیسیپلینی پێکدەهێنێت. ((لەم فەزایەی دەسەڵات‌و زاڵبووندا، دەسەڵاتی دیسیپلینی، توانای خۆی هەر لەبنەڕەتدا لە ڕێگەی نەزم‌و ڕێکوپێکخستنی شتەکان ئاشکرا دەکات. موعایەنە هەروەك دەڵێن ڕێوڕەسم‌و پەیڕەوی ئەم چەشنە بە بابەت بوونەیە)) (پێشوو، ل١٨٧). لە ڕێگەی ئەمجۆرە پێچەوانە سازییەی لە بۆ بینینشیان دایە کە ئێستا دەسەڵات کار دەکات.

دووەم ، موعایەنە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی دۆسییەکان، هەموو تاکێك بۆ حاڵەتێك بۆ خوێندنەوە دەگۆڕێت. لە ڕوانگەی فۆکۆوە ئەمە بەگۆڕانکارییەکی مەزن دەژمێردرێ. پێشتر شتەلاوەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەو بەسەرهاتی تاکەکان، نەدەچوو، ناو تۆڕی سیستەمی حقوقی‌و هیچ جۆرە دۆسیەکی دیکەوە، بەڵام ئێستا ئەم شتەلاوەکیانە یەکجار زۆر گرنگیان پێدەدرێت. ئەوەی سەردەمێك هۆیەك بوو بۆ ڕێزلێنان لە قارەمانەکان، واتە ستایشکردن‌و بە بەرز نرخاندنی ژیانیان لەقاڵقبیبابەتی نووسراو ئێستا پێچەوانە دەکرێتەوە، ئێستا کەم بایەخترین چالاکی‌و بیروبۆچوونەکانی زۆر بەوردی تۆمار دەکرێن. بەم چەشنە ڕۆڵ‌و ئەرکی فەردیەتبەخشین گۆڕانی بەسەردادێت. لە هەندێ ڕژێمی وەکو ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا، فەردییەت بەشێوەیەکی زۆر لەلوتکەی سیستەمەکەدا دیاریکرابوو، هەرچەندە تاکەکە دەسەڵاتی زیاتری بەکارهێنابا زیاتر وەکو تاکێکی دیارو بەرچاو دەناسرا، ئەم فەردییەتە لە شانازییەکان، لە ئابڕووو پلەوپایەو تەنانەت لە جۆری بەخاکسپاردنی تاکەکەدا خۆی دەردەخست. لەبەرانبەر ئەمەدا لە ڕژێمی دیسیپلینی، فەردییەت، لەخوارەوە خۆدەنوێنێ، لە ڕێگەی چاودێری‌و تێڕوانینێکی بەردەوامەوە، فەردییەت دەدرێ بەهەموو ئەوکەسانەی کەبوونەتە بابەت‌و کەوتوونەتە بەر کۆنترۆڵەوە. منداڵ نەخۆش‌و تاوانبار بەشێوەیەکی یەکجار زۆر زیاتر لە مرۆڤە بەتەمەنەکان، سەخلەم‌و یاسا پارێزەکان، هەوڵی ناسینیان دەدرێت. بەم چەشنە دۆسییە شوێنی حەماسە دەگرێتەوە. ئێستا نەتەنیا دەسەڵات فەردییەت دێنێتە ناو پانتایی بینین‌و چاودێرییەوە، بەڵکو ئەم فەردییەتە بابەتییە، لە نووسین‌و بەڵگەنامەکاندا تۆمار دەکات. ڕێکخراوی پانوبەرین‌و پڕ لە وردەکاری بەڵگەنامەو بڕوانامەکان دەبێتە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی گەشەو بەرفراوانبوونی دەسەڵات. دۆسیەکان ئەم دەرفەتە بۆ کاربەدەستە حکومیەکان دەڕەخسێن کە سیستەمێکی نیشانە گوزاریی عەینی دابمەزرێنن.

هەر ئەم کەڵەکەبوونەی بەڵگەنامەو بڕوانامە تاکەکەسیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك، ((پێوانی دیاردە گشتیەکان، وەسفکردنی گرووپ‌و واقیعیەتە بەکۆمەڵەکان، موحاسەبەی دووریی نێوان تاکەکان (و) شێوازی دابەشبوونیان لەنێو دانیشتووان)) دەلوێنێ (پێشوو، ل١٩٠). تاکی مۆدێرن، بەشێوەی بابەتێکی بەش بەشکراوو تۆمارکراو، دەسکەوتێکی مێژووییە. هیچ تاکێکی گشتی‌و عام‌و (نامێژوویی)لەئارادا نییە کە دەسەڵات لەسەری چالاکی‌و توێژینەوەکانی خۆی جێبەجێ کردبێت، بەڵکو ئەم تاکە بەرهەم‌و بابەتی ئاوێتەبوون‌و تێکەڵبوونێکی تایبەتی دەسەڵات‌و مەعریفەیە تاك بەروبوومی گۆڕانکاریی ستراتیژییەکی ئاڵۆزە لە پانتایی دەسەڵات‌و ئاڵوگۆڕێکی زۆرو زەوەندە لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا. لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستی دەرمانی هەنگاوێکی سەرەکی بەرەو دروستبوونی زانستی مرۆڤ بەمانا سەردەمیەکەی، هاویشترا. کۆکردنەوەی زانیاری‌و کۆپیکردنی دۆسیەکان‌و بەرفراوانبوونی بەردەوامی پانتاییە نوێیەکانی توێژینەوە بەم چەشنە پانوبەرینە، هاوکات‌و هاوڕێ لەگەڵ پاکژکردن‌و برەوپێدانی تەکنیکە دیسیپلینیە پێویستەکان لە پێناوی چاودێری‌و بەش بەشکردنی پەیکەری مرۆڤ، ئەنجامدەدرا، بۆ ئەوەی جەستەی ئادەمیزاد بکەوێتە ژێر دەستکاری‌و کۆنترۆڵکردنی زۆرترەوە. لە ڕوانگەی فۆکۆوە سەرهەڵدانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکارییەکی پڕ لە شانازی نییە: ((زانستی مرۆڤ... لەوانەیە لە هەناوی... ئەرشیفە شەرمهێنەرەکاندا لەدایك بووبێت، واتە ڕێك لەو شوێنەی کە پیادەکردنی زۆرەملێ‌و ناچار بەشێوە مۆدێرنەکەی بەسەر پەیکەرو جوڵەو ڕەفتاری مرۆڤدا دەستی پێکرد)) (پێشوو، ل١٩١

). فۆکۆ بەڵگە دێنێتەوە کە خودی پێناسە زانستی مرۆیی وەکو ((دیسیپلینە)) زانستەکان، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەرفراوانبوونی تەکنەلۆژیای دیسیپلینیدا هەیە. ئەم پێك چوونە شتێکی زۆر زیاترە لە ئاوێتەیی‌و هاوشکڵی بەرێکەوتی وشەکان. زانستی کۆمەڵایەتی (دەروونناسی، دیمۆگرافی، ئامار، تاوانناسی، تەندروستی کۆمەڵایەتی‌و...تاد) سەرەتا لەنێو دەزگا تایبەتییەکانی دەسەڵاتدا (نەخۆشخانەکان، زیندانەکان‌و دەزگاکانی بەرێوەبردن) دامەزران‌و هەر لەوێدا ڕۆڵی پسپۆری خۆیان وەرگرت. ئەم دەزگایانە پێویستیان بەگوتارو کرداری قابیلی جێبەجێ بوون‌و پاکژتر هەبوو. هەر ئەم گوتارانە، نیمچە زانست‌و ((دیسیپلینە)) زانستیەکان، ڕێسای تایبەتی کۆکردنەوەی بەڵگەکان شێوازە تایبەتیەکانی پۆلێنکردن‌و وەلابردنی (بابەتەکان)و پسپۆڕیە زانستیە تایبەتەکانی خۆیانیان دروستکرد؛ بەڵام ئەم کارەیان لەنێوهەناوی بەربلاوتری تەکنەلۆژیای دیسیپلبینیدا بەئەنجام گەیاند. (لێرەدا) مەبەست ئەوە نییە کە زانستی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی زیندانە، بەڵکو پێویستە تەنیا ئەوە بڵێین کە ئەم زانستانە لە قاڵبێکی مێژوویی هاوبەش (لەگەڵ زیندان)دا سەریان هەڵداو تاکو ئێستاش خۆیانیان لە تەکنەلۆژیایەکانی دەسەڵات/ مەعریفە کە زیندانیان گەمارۆداوە،جیانەکردۆتەوە. تەکنەلۆژیای دیسیپلینی دەسەڵات لە پێناوی دروستکردنی پەیکەری ملکەچ‌و بەسوود (تەکنیکێکی بۆ لێکگرێدان‌و تێکەڵکردنی کۆتکردن‌و گۆڕینی (تاك) بەرەو بابەت دادەنا... تۆڕی زیندان‌و حەبس یەکێك لە بزوێنەرەکانی ئەم دەسەڵاتە/ مەغریفە پێکدێنێ کە زانستە مرۆڤایەتیەکانی لە ڕووی مێژوویەوە مومکین کردووە. مرۆڤی داناو زانا (جا چ بەرۆح ھیان فەردییەت یان ئاگایی یان شێوازی ئیدارەو یان بەهەرشتێکی دیکە ناوزەد بکرێ ) دەرەنجامی ئەم گەمارۆ شیکردنەوەیە، ئەم دەسەڵات/ بینینەیە)) (پێشوو، ل٣٠٥).

## زانستە کۆمەڵایەتییەکان‌و گۆڕانی مرۆڤ بۆ بابەت

گوزارشتی فۆکۆ لە گۆڕانی مرۆڤ بۆ بابەت، هەندێ پرسیاری گرنگ سەبارەت بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەوروژێنێ. کاتێ بۆمان دەردەکەوێت کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا سەریان هەڵداوە، یەکراست ئەو پرسیارە لامان دروست دەبێ کە ئایا زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین هەروەکو زانستە سروشتیەکان خۆیان لەم چوارچێوەی دەسەڵاتە دابڕن، بەڵام ئەگەر بێتو لە ڕوانگەی فۆکۆوە سەیری بکەین، ئەوا جەخت لەسەر دوو پرسیاری جیاواز دەکەینەوە: ئایا ئەو زانستە کۆمەڵایەتییە بابەتی‌و سەربەخۆیەیی کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك هێنانە بەرباسی هەر چەشنە پرسیارێك لە هەمبەر هەلومەرجی ئەگەری خۆیەوە وەلادەنێت، لە توانایدا هەیە بگات بە ئیدراکێکی گشتی‌و مانادار سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ؟ پرسیارێکی لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە ئایا پاڵنەرو ئاکامی ئەم هەوڵە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی‌وبابەیەت چییە؟ ئەو پرسیارەی کە ڕەنگە فۆکۆ لەگەڵیدا بەرەو ڕووببێتەوەو دەبێ وەڵامی بداتەوە ئەوەیە: ئایا زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن وابەستەیی (پێوەندیداری) خۆیان لەگەڵ پێش زەمینەی کرداره کۆمەڵایەتییەکان وەکو مەرجی ئەگەری خۆیان پەسەند بکەن‌و پاشان هەر ئەم پێش زەمینەیە بەشێوەیەکی زانستی بخوێننەوە؟ ڕەنگە فۆکۆ ئەم پرسیارەی بەم شێوەیە هەڵبگێڕێتەوە کە ئەگەر ئێمە بتوانین تیۆرێکمان سەبارەت بەپێش زەمینەی کرداره کۆمەڵایەتییەکان هەبێت کە زانستێکی کۆمەڵایەتی تایبەت مومکین دەکەن، ئایا ئەم تیۆرییە لە توانایدا هەیە ئەو ڕۆڵەی کە خودی تیۆرییەکی ئەوتۆ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە جێبەجێ‌و ڕایی دەکات، ڕوون بکاتەوە.

ئەم گۆڕانکارییانە لەو شتەی کە بەبەرواى ئێمە پرسیاری بەجێ‌و پێوەندیداران، لەوانەیە تەنیا وەکو دژ کردەوەیەکی خۆ دزینانەوە بێنە بەرچاو سەباەرت بە پرسە فەلسەفییە سەرەکییەکان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە لە لۆژیکی هەڵوێستی هزری فۆکۆوە سەرچاوە دەگرن. سەرەتا فۆکۆ لە گیرۆدەبوون لەگەڵ هەرچەشنە مشتومڕێك لەمەر ئەوەی چ هەڵوێستێك ڕاستە، بەردەوام خۆ دەبوێرێت. فۆکۆ تا بەر لەنووسینی کتێبی ئارکیۆلۆژیا، بەهۆی هەڵپەساندن‌و وەلانانی هەموو جۆرە لافێکی مەیلدار بەرەو هەقیقەت‌و هەرچەشنە هەوڵدانێك بەئاراستەی پاساوهێنانەوەیان دۆزینەوەی بونیاد بۆ هەموو جۆرە چالاکیەکی جددی کە خەریکی کەشف‌و دۆزینەوەی تیۆرییەکی عەینی بێت، فینۆمینۆلۆژیای تا ئەوپەڕی لۆژیکی خۆی بەرەو پێشەوە بردبوو. سەرەڕای ئەمە، هەر لەسەرەتاوە فۆکۆ بەهۆی هەڵپەساندن‌و وەلانانی ئەومانایەی کە خودی بکەری ناسین بەئەزموونەکانی خۆی دەبەخشێ لە فینۆمینۆلۆژیا ئەولاتر ڕۆیشت. لە ڕوانگەی ئارکۆلۆژیستەوە بابەتی پێوەندیدار بەجددی بوون‌و مانادار بوون هەر لە بنەڕەتدا نایەنە بەرباس، بەڵام لە ڕێگەی زیادکردنی ششێوازی جینالۆژی، فۆکۆ دەتوانێ جارێکی‌تر بابەتی پێوەندیدار بەجددییەت‌و مانا بێنیتەوە بەرباس. بەم شێوەیە، ئەو جۆرەی جددی بوونەی کە

جێگەی مەبەستە، بریتی نییە لە لافوبانگەشەی ئەگەری تیۆرییەکی بابەتی، بەڵکو مەبەست هۆگرییەکی جددییە سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە تیۆریەکانی بانگەشەکاریی بابەتیەتت گێڕاویانە. ئێمە ئەم پێوەندییەمان بە ((ڕەهەندی ڕاڤەیی)) ناوزەد کردووە. جگە لەمە جۆری ئەو مانایەی کە فۆکۆ ئێستا (لە ڕێگەی شێوازی جینالۆژییەوە) دەیدۆزێتەوە، پێوەندی لەگەڵ گرنگی بەرفراوانبوونو بەربڵاوبوونەوەی زانستە کۆمەڵایەتییە بەناو عەینییەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە، دەبێت، فۆکۆ ناچاربووە بۆ دیاریکردنی ئەم جۆرە مانایە، گیرۆدەی ئەو جۆرە چالاکییە بێت کە ئێمە بە (گوزارشت) ناوزەدمان کردووە.

ئێستا دەتوانین بۆ سەر پرسیاری یەکەممان بگەڕێینەوە. ئایا زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن، وەکو زانستە سروشتییەکان خۆیان لەپێش زەمینەی کرداره کۆمەڵایەتیەکان ڕزگاربکەن، مەرجی بوونی ئەم زانستانەیەو ئەگەر بتوانن وەها بکەن، لەم حاڵەتەدا گرنگی ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم زانستانە دەتوانن لە ڕووی زانستییەوە بەدەستی بێنن چییە؟ بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی تایبەتی کرداره پێش زەمینەییەکان لە خوێندنەوەی مرۆڤدەکاندا، دەبێ سەرەتا ئەوە وەبیربێنینەوە کە لە زانستە سروشتییەکانیشدا، پێش زەمینەیەك کە پێکهاتووە لە تەکنیکەکان، تەفزیلکردنی یەکسانو تێگەیشتنی هاوبەش لە پێوەندیو هاوپێوەندی بە گریمانە وەرگیراوە، واتە کۆی ئەو شاهۆەزاییانەی کە لە ڕێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە، فێریان دەبینو بەشێك لەو شتە پێك دێنن کە کۆهن پێی دەڵێت ((چوارچێوەی دیسیپلینی)) زانست. فۆکۆ لە بابەتێکی کورتو ناتەواودا پێوەندییەك لەنێوان زانستی سروشتو زانستی مرۆڤدا دروستدەکاتو بەراوردێك ئەنجام دەدات. فۆکۆ بەراوردێك لەنێوان بەرفراوانبوونی تەکنیکە دیسیپلینییەکانی سەدەی هەژدەو سەرهەڵدانی تەکنیکەکانی دادوەری لێپێچینەوە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەنجامدەدات. ئەم جۆرە تەکنیکە دادوەرییانەی دیاریکردنی هەقیقەتەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆو یەك لایەنە کە ڕەگوڕیشەیان لە دادگا تازە دامەزراوەکانی سەدەی دوازدەو سێزدەدابوو، دواتر لە ڕووی جیاوازدا لقو پۆپەیان لێکەوتەوەو بڵاوبوونەوە. ((ڕەنگە ئەم وتەیە ڕاست بێت کە لە یۆناندا زانستی بیرکاری لە هەناوی تەکنیکەکانی پێوانەوە (ئەندازەگیری) لەدایك بوو؛ بەهەرحاڵ زانستی سروشت لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست تاڕادەیەکی زۆر لە هەناوی کرداری لێپێچینەوەو پشکنیندا لەدایك بوو)) (پێشوو، ل٢٢٦).

لەسەردەمی ئەنکیزاسیۆن (پشکیسیی بیروباوەڕ) دابوو کە لێپێچینەوە نمونەی کردەیی خۆی دۆزییەوە، بەلام جێبەجێکارانی (زانستە سروشتیەکان) شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکانیان پالأوتو لەمجۆرە پێوەندییە سەرەتاییە لەگەڵ دەسەڵات جیایان کردنەوە. بەم چەشنە تەکنیکەکانی لێکۆڵینەوەو ئەو توێژینەوەی کە ((فاکەرەکان)) دەبینێو وەسفیان دەکاتو دەیانسەلمێنێت، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پاشایەتیو کەنیسەدا لەدایك بوون. بەلام بەسەبارەت زانستەکانی مرۆڤ، بابەتەکە جیاوازە. زانستە مرۆڤایەتییەکان ((کە بۆ ماوەی سەدەیەك ئەو هەموو شادیو کامەرانییەیان بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، جوزئیاتی بچوكو ئازاردەری دەزگا دیسیپلینییەکانو شێوازەکانی لێپێچینەوەی ناو ئەم دەزگایانە، چوارچێوە تەکنیکیەکانیان پێك دێنن)) (پێشوو، ل٢٢٦)، بەلام تاکو ئێستاش ئەم زانستانە نەیانتوانیوە لەزێدی خۆیان دابڕێن. زانستە کۆمەڵایەتییەکان ((چاودێرێکی گەورەی)) هاوتای گالیلۆیان لە زانستە سروشتیەکاندا نەبووە. شێوازەکانی موعایەنەو تۆمارکردن، بەردەوام هەرچەندە بە تەواوی نا، بەلام لانی کەم لەنزیکەوە پێوەندییان لەگەڵ دەسەلاتی دیسیپلین گەریدا هەیە کە لە هەناوی ئەودا نەشونمایان کردبوو. هەڵبەتە هەندێ گۆڕانکاریی سەرەکیو کۆمەڵێك پێشکەوتن لە تەکنیکدا ڕوویانداوە. شێوازی دیسیپلینی نوێ سەریان هەڵداوەو ئەم شێوازانە پێوەندییەکی ئاڵۆزیان لەگەڵ دەسەلاتدا دروستکردووە. بەم شێوەیە فۆکۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەم گۆڕانکارییانە تەنیا کۆمەڵێك تەعدیلو نەرمیو دلۆڤانینو هێشتا سەربەخۆییە بەڵێن دراوە کە نەهاتووەتە ئارا لە ئاکامدا ئێمە پێمان نەناوەتە ئاستانەی زانستی سەربەخۆوە.

بۆچی ئەم جۆرە جیاوازییە لە شێوازی کردەوەی چوارچێوەی دیسیپلینی لەهەمبەر زانستە سروشتیو زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە؟ (١) بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە سەرەتا بەدوورودرێژی، شێوازی کردەوەی کرداره پێش

زەمینەییەکانی زانستە سروستیەکان تاوتوێ بکەن. شارەزاییو تەکنیکە ئاڵۆزەکان بە چەشنێکی ڕوو لە زیاد، دەرفەتی ئەوە بە زانا نوێیەکان دەدات بابەتەکان ((بپاڵێون)) (٢)و بەمجۆرە لەنێو چوارچێوەیەکی رواڵەتی وێنەییدا دایان بنێن. بەم چەشنە زانا مۆدێرنەکان دەتوانن تایبەتمەندییە بێ مانایییە تەجریدکراوانە لە ڕێگەی یاسای وردەوە بەیەکترەوە ببەستن. ئەو کردارانەی کە بەمەرجی ئەگەری زانستە سروشتییەکان لە قەڵەم دەدرێن، وەکو هەموو چەشنە شارەزاییەکی تر، هەندێ شارەزایی لەخۆ دەگرن، کە ناتوانرێت لە ڕێای ڕێساو یاسای وردو دەقیقەوە بەدەست بهێنرێن. کۆهن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم جۆرە شارەزاییانە لە ڕێگەی خەریکبوون بە بابەتە نمونەییەکانەوە بەدەستدێتو پۆلآنی (٣)، زیاتر دەچێتە پێشو دەڵێ ناتوانین ئەمجۆرە شارەزاییانە لە ڕووی کتێبەکانی قوتابخانەوە فێربین، بەڵکو دەبێ لە ڕێگەی قوتابییەتی لە کاروکردەوەدا فێریان بین. سەرەڕای ئەمە، کردەوەو تەفزیلاتی (پەسەندکردن) ڕۆژانەی ئێمە پێشوەخت ئەمجۆرە شارەزاییە زانسییانە لەخۆ دەگرن، تاڕادەیەکی ئەوتۆ کە ناتوانرێت ئەمجۆرە شارەزاییانە هەروەکو ئەو تایبەتمەندییە سرشتییانەی لەدەرەوەی دەق سەربەخۆنو ئەمانە بۆخۆیان ئاشکرایان دەکەن، لە دەق جیابکەینەوە. بەم دووهۆیە ناتوانرێت کرداری زاناکان لەژێر ئەمجۆرە ڕێساو یاسا ئاشکرایەدا تاوتوێ بکرێت کە هەر ئەمکردارانە ڕێکوپێکردنو خستنەڕووی (ئەم ڕێساو یاسایانە) مومکین دەکەن. بەپێی وتەی کۆهن، زاناکان ((شێوەیەکی ناسینن کە لە مەعریفە پۆلێنکراوەکانی ناو ڕێسا، یاساو پێوەرەکانی دەستنیشانکردنو ناسینەوە، کەمتر ڕێکوپێکنو هێند ڕاڤە هەڵناگرن). بەڵام خاڵی گرنگ بۆ زانستە سروشتییەکان ئەوەیە کە زانستی سروشتی ڕێك تا ئەو شوێنە سەرکەوتووە کە ئەمجۆرە کردارە پێش زەمینەیانەی کە دەرفەتی هاتنە ئارای زانست دەڕەخسێنن بە حەقیقیو سەلماو دەژمێردرێو زاناکان وەرەچاوی ناگرن.

زانستە مرۆڤایەتییەکان بەردەوام هەوڵدەدەن لە پانتایی وەلانانی هەر چەشنە گەڕانەوەیەك بۆ پێش زەمینەیی کردارەکان، کەڵك لە زانستی سروشتی وەربگرن. جێبەجێکارانی (زانستە مرۆڤایەتییەکان) هیوایان وایە بەهۆی بەدەستهێنانی هاوڕاییو (اجتماع) لەسەر ئەو شتانەی پێوەندییان بە (خوێندنەوەکانی ئەوانەوە هەیە)و لە ڕێگەی دروستکردنی شارەزایی هاوبەش بۆ سەیرکردنی دیاردەکان، دەتوانن کردارە پێش زەمینەییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێك بەهەمان شێوازی زانستە سروشتییەکان، بە حەقیقیو سیلمێنراو لە قەڵەم بدەنو وەبەرچاوی نەگرن. بۆ نمونە توێژەرەوەکان ئێستا نواندنە پێش زەمینەییەکانی وەکو مودێلی کۆمپیووتەری بە سەلماوو حەقیقی دادەنێنو لە هەندێ تەکنیکی هاوبەشی وەکو پرۆگرامسازیدا ڕادەهێنرێنو پەروەردە دەکرێن، بەو هیوایەی کە بتوانن تایبەتمەندیو فاکتەری ئەو بێمانایییەی کە لەم جۆرە ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێ لە ڕێگەی ڕێسای وردەوە ڕوون بکەینەوە. زانستە کۆمەڵایەتییە ڕێسامەندەکان لەوانەیە بەهۆی بوونی ئەمجۆرە تەکنیکانە بە مەبەستی پێکهێنانی ڕێسای ڕواڵەتی، جێگەی خۆیان بکەنەوە؛ بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم کارە تەنیا لە ڕێگەی وەلانانی شارەزاییو دەزگاو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانو بونیادە دەسەلآتیەکانەوە ئەنجامدەدەن کە دەرفەتی تەجریدی تایبەتمەندیو خەسڵەتەکان دەڕەخسێنێ. هەرچۆنێ بێت، ئەمجۆرە شارەزاییانەو دەقی کردارە کۆمەڵایەتییە پۆلێن کراوەکانی ناوی، ڕەگەزی دەروونی زانستە کۆمەڵایتییەکانن، هەروەك چۆن شارەزایی تاقیگەیی زاناکان، بەشی دەروونی مێژووو کۆمەڵناسی زانست پێکدێنن، چونکە ئەگەر زانستە مرۆڤایەتییەکان لافی خوێندنەوەی چالاکییە مرۆیەکان لێدەدەن، لەم حاڵەتەدا بەپێچەوانەی زانستە سروستییەکان دەبێ هەمان چالاکی مرۆیی ڕوون بکەنەوە کە دەرفەتی خودی ئەو زانستانە دەڕەخسێنن. بەم شێوەیە لەکاتێکدا لە زانستە سروشتییەکاندا، دامەزراندنی زانستی ڕێسامەندو بێ نەیار کە بابەتی پێوەندیدار بە بونیادی جیهانی سروشتی پێناسەو چارەسەر بکات، بەردەوام مومکینو بەزۆری گونجاوو خوازراو بووە، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی ئەمجۆرە زانستە نۆرماڵە بێ نەیارە تەنیا بەو مانایە دەبێ کە پەیڕەوێکی دۆگم، خۆی لە ڕێگەی دەسکەوتە زانستییەکان سەقامگیر نەکردووە، بەڵکو بەهۆی وەبەرچاوگرتنی کردارە پێش زەمینەکانو وەلانانی هەموو پەیڕەوە نەیارەکان، خۆی چەسپاندووە. بەجۆرێکی دیکە، بەم شێوەیە ئەرکی سەرەکی پشکنینو

توێژینەوەی پێش زەمینەی کردارەکانو ماناکانیان قەدەغەکراوە. ئەو خاڵە (دەبێ سەرنجی بدەینێ) ئەوەیە کە زانستە سروشتییەکان تەنیا وەکو زانستی نۆرماڵ دەتوانن بوونیان هەبێت، هەڵبەتە دەبێ زانستی نۆرماڵ دەرفەتی شۆڕشە زانستیەکان قبوڵ بکاتو ئەگینا ناتوانێ هزرو بیرۆکە سەرەکییە نوێیەکان پەسەند بکا، بەلاّم واتای شۆڕش ئەوەیە کە کێشمەکێشێك لە گوزارشتو شرۆڤەکاندا وجوودی هەیەو سەبارەت بە بابەتە گرینگەکانو شێوازی پاساو هێنانەوە بۆیان هیچ هاوڕاییو ئیجماعێك لەئارادا نییە؛ بەبێ کێشمەکێشمێکی ئەوتۆش پێشقەچوونی زانستی نۆرماڵ نەشیاو دەبێت، بەلاّم نۆرماڵبوونی هەر زانستێکی کۆمەلاّیەتی تایبەت بەو واتایەیە کە ئەم زانستە توانییەتی بەسەرکەوتوویەکی تەواوەوە، پێش زەمینەی کۆمەلاّیەتی خۆی پشت گوێ بخاتو وەبەرچاوی نەگرێت. ئەو پێش زەمینەیەی کە بابەتو شێوازەکانی خودی ئەم زانستە مومکین کردووە. بەم جۆرە ئەو زانستەی کە هەر لە بنەڕەتدا خۆی بەم شێوەیە بەرتەسك دەکاتەوە تەنیا دەتوانێ هەندێ ڕێسای پێشبینیکردنی زۆر بەرتەسك بدات بەدەستەوە. چارلز تایلۆر لە وتارە گرنگەکەی خۆیدا لەژێر ناوی ((گوزارشت و زانستی مرۆڤ)) (١٩٧١) (٤) ئەم بەڵگەیەی هێناوەتەوە. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زانستی سیاسی بابەتی بەهۆی تۆڕی ڕێکوپێکی چەمکە ئابووری- کۆمەلاّیەتییەکانی، بۆ خۆی پێش وەخت کردارە کولتوورییە ڕۆژئاواییەکانی ئێمە لەخۆ دەگرێت کە مرۆڤی وەکو تاکی تەنیاو گۆشەگیر بەرهەمهێناوە. ئەو تاکانە لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیانو پێکهێنانی کۆمەڵگاکان پێوەندییەکی پەیمانی (کۆمەلاّیەتی) یان لەگەڵ تاکەکانی تردا دروستکردووە. تایلۆر بەڵگە دێنێتەوە کە زانستی کۆمەلاّیەتی عەینی، لەبەرئەوەی ئەم کردارە پێش زەمینەییانە بێ ئەملاو ئەولا بە هەقیقیو سەلماو دادەنێت، بەناچار بێ توانایییە لە پێشبینیکردنو ڕوونکردنەوەی دیاردەیەکی وەکو بزوتنەوەی هیپییەکانو ئەم شۆڕشە کولتوورییە بەربلاّوەی کە هەندێ جار لەم بزوتنەوەیەدا بەدیارکەوت، بەڵگەی تایلۆر ئەوە کە زانستی کۆمەڵگا تەنیا بەهۆی تێگەشتن لە وتاری کردارە کولتوورییە پێش زەمینەییەکان لە ڕوانگەی تاکە گیرۆدەکانەوە، دەتوانێت پێشبینی دیاردەیەکی ئەوتۆ بکات یان لانی کەم لەدوای ڕوودان لەماناکەی تێبگات.

بێگومان بیروبۆچوونی تایلۆر لەم بارەیەوە ڕاستە کە زانستی کۆمەڵگای تەئویلی بەو مانایەی کە ئەو دەیخاتە ڕوو، بۆ تێگەیشتن لەو بزووتنەوانەی کە هاوشێوەی ئەو بزوتنەوانەن کە لە کۆتایی دەیەی (١٩٦٠) ڕوویاندا، بەسەر زانستیکۆمەلاّیەتی عەینیدا ئەفزەلیەتی هەیە، بەلاّم لە ڕوانگەی فۆکۆوە زانستی تەئویلی یان زانستی پێوەندییە نێوان زەینییەکان هەندێ بەرتەسکی زاتیو دەروونیان هەیە کە ڕێك بەهەمان ڕادەی بەرتەسکییەکانی زانستە کۆمەلاّیەتییە عەینییەکان گرنگو جددین. لەڕاستیدا ئەگەر بۆچوونی فۆکۆ ڕاست بێت، دانانی ڕوانگەی کار بەدەستی کۆمەلاّیەتی لەهەمبەر گرنگی کردارە پێش زەمینەییەکان لەجیاتی ئەو تۆڕە عەینییەی کە کردارە پێش زەمینەییەکان وەلادەنێت، هەرچەندە خۆی لەخۆیدا بەرەو پێش چوونێکە، بەلاّم لەگەڵ گیروگرفتی میتۆدۆلۆژیی سەرەکی هاوشێوەی (کردارە پێش زەمینەییەکان) بەرەوڕوودەبێتەوە، چونکە لە ڕوانگەی شیکردنەوەی تەعبیرەکان، کار بەدەستی کۆمەلاّیەتی وەکو هیپییەکان، تەنانەت بەر لە زانا کۆمەلاّیەتییە عەینییەتگەریەکان، بێ ئاگایە لەڕەوتی ڕوو لەزیادی بابەتسازی مرۆڤ کە لەکۆمەڵگادا ڕوو دەدات. بێگومان بزووتنەوەی دژی کولتووری باو لە تێگەیشتنی خۆیدا ڕاست بوو. ئەم کاربەدەستانە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو جۆرە (اجماع)و هاوڕاییەی کە سەرجەم کۆمەڵگاو زانستە کۆمەلاّیەتییەکان وەکو بارودۆخێکی سروشتیو خوازراو بەشێکی سەلماو حەقیقییان دەزانی، دژیاتییان کردو سەرنجی هەموو لایەکیان بۆ ئەم بارودۆخە ڕاکێشا، بەلاّم سەبارەت بەگرنگی خۆیان بە تەواوی لە هەڵەدابوون؛ لە ئاکامدا ئەگەر تیۆری تەئویلیش بیەوێت بچێتە ناو ڕوانگەی ئەوانەوەو شیبکاتەوە، حەتمەن بە هەمان ڕادە لە هەڵەدا دەبێت. بەپێی شیکردنەوەی فۆکۆ ناتوانین بەشێوازێکی تەئویلیو لەسەر بنەمای واتا نێوان زەینییەکان لە کردارە پێش زەمینەییەکان تێبگەین. هەروەك چۆن بابەتی زانستە کۆمەلایەتیەکان بریتین لە بەخشینی نەزمو ڕێکوپێکی ڕوو لەزیاد بەشتەکان لەژێر ناوی دابینکردنی خۆشگوزەرانی ((رفاە)) (واتە بەوتەی فۆکۆ بایۆ- دەسەلاّتن)، هەر بەم جۆرە ئەو واتا نێوان زەینییە یان هاوبەشەی کە تایلۆر وەکو بنەمای شیکردنەوەی خۆی دەستیان بۆ دەبات، بۆ خۆیان بەرهەمی ڕەوتێکی درێژخایەنی

سوژەسازی مـرۆڤن لـە کولتووری ئێمەدا. هەوڵی تەئویلی تایلۆر بە مەبەستی دانانو دەرجکـردنی پـێش زەمیـنـەی کـردارەکان لـە شیکردنەوەی خۆیدا، هەنگاوێکی گرنگە بـۆ پێکهێـنانی چاکسازی لە زانستە کۆمەڵایەتییە عەینییەتگەراکان کە ئەم کردارانە لـە چوارچێوەی مەعریفی خۆیان وەلادەنێن، بەڵام بۆچوونی موبالەغە ئامێزی تیلۆ سـەبارەت بـە گرنگی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی دژی کولتووری باو (کە ئاکامی هەوڵی ئـەوبووە هـۆی وەبەرچـاوگرتنو تێگەیشـتن لـە بیروبۆچـوونی کـار بەدەسـتە کۆمەڵایەتییەکان) دەریدەخات کـە نـاتوانین گـریمانەی ئـەو بکەین کە کار بەدەستە کۆمەڵایەتیـیەکان بەشـێوەیەکی ڕوون یـان تەنانـەت نادیـاریش ئاگایـان لـە مانـای چالاکییەکانی خۆیـان هەیـەو یـان لانـی کـەم بـەو مەفهوومـەی کـە فۆکۆ بـۆ (مانـا) هەیـەتی دیار نـیـیە کـە چـۆن چالاکی ئـەوان کارگـەری لەسـەر پێشڤەچوونی ((ئەو بارودۆخـە سـتراتیژییە ئـاڵۆزە دەبیێـت لـە کۆمەڵگایـەکی تایـبەتدا)) (مـێژووی جنسییەت، ل٩٣). تەنیا شیکردنەوە تەعبیریەکانی جۆری فۆکۆ دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسـێنێت تـا لانـی کـەم لـەدوای ڕوودانـی ڕووداوەکـان لـەوە تێـبگەین چـۆن بزووتـنـەوەی دژی کولـتووری بـاو، زۆر بـە ئاسـانی ئامـادە بـوو هاوکـاری (لەگـەڵ سیستەمی سـەقامگیر)دا بکاتو یارمەتی هەموو ئەو ڕەوتانەی ناو کولتوور بکات کە لـە دژیـان ڕاپەڕیـبوو؛ واتـە ئـەو ڕەوتانـەی کـە دروسـتکەری زانسـتی کۆمەڵایـەتی عەینیـیەتگەریداو زەینیـیەتگەرانو لـە ئاکامدا ئـەم زانستانە حەتمەن ناتوانن لێیان تێـبگەین. لـەپاش پەسـەندکردنی گـرنگی کـردارە پێش زەمیینەییەکان، پرسیارێکی تـر (دووەم) کـە سـەرهەڵدەدات ئەوەیـە ئایا خودی ئـەم کـردارانە دەتوانن ببەن بە بابـەتی تیۆریـیەکی کۆمـەڵایـەتی. بەهـێزترین وەڵامـی مۆدێـرن بـۆ ئـەم پرسـیارە لە هـەوڵی مـاکس ڤێـبەر بـۆ پێشکەشـکردنی ڕوونکـردنەوەیەکی تـیۆری لەهەمـبەر عەقلانیـیەتو عەینیـیەتی ڕوو لـەزیادی ژیـانی کۆمەڵایەتیـیدا خۆدەنوێنێت. ڤیبەر لەسـەر ئـەو بـڕوایەیە کـە عەقلانیـیەت بەشـێوەی بەرفراوانـبوونی بیرۆکراتیـیەتو هـزری موحاسەبە گەرانە، لەسەردەمی ئێمەدا دەبێتە شێوازی سەرەکی تێگەیشتن لە واقیعیـیەت. ڤیـبەر هـەوڵی خسـتنەڕووی تەعـبیرێکی عـەقلانیو عەیـنی لەسـەر چۆنیەتی بلاّبونـەوەی سـەرکەوتنی ئـەم جـۆرە هـزرانە بەسـەر کـردارەکانو بەسـەر خـود تێگەیشـتنی ئـێمەدا، دەداتو لـە ڕێگـەی ئـەم شـیکردنەوە زانسـتییە بـەو دەرەنجامـە دەگـات کـە ((داماڵیـنی جادوو لـە جیهان)) کـە بەرهـەمی بیرکـردنەوەی موحاسـەبەگەرانە بـووە، نرخـێکی زۆری هـەبووە، تەنانـەت لەسـەر ئەو بڕوایەیە کە ئەم داڕشتنی تیۆرییەی خۆیشی بەشێکە لەم ئاڵوگۆڕە کارەساتاوییە کە خۆی وەسفی دەکات، بـەڵام هـەروەك گەلێك شیکردنەوەو شرۆڤەکار جەختیان لەسەر کردۆتەوە، شـێوازە زانسـتیەکەی بەهـیچ جۆرێـك نـەیدەتوانی پاسـاو بـۆ ئـەم تێگەیشـتنەی بێنێـتەوە کەگوژمـەی عەقلانیـیەت گەورتـر بـووە لە ئەگەری هەر چەشنە سودێکی. ڤیـبەر بەگـرنگی دان بـەخاڵی دەسـپێکی بابەتەکـەی تەنـیا دەیـتوانی ئامـاژە بـە دەرەنجامی پڕ لـە دژایـەتیو دوو لایەنانـەی شـیکردنەوەکانی خۆیو مەترسییە ڕوو لەزیادە کولتوورییەکان بکات.

هایدگـەرو ئـادۆرنۆ بـۆ خۆبـواردن لـەم جـۆر دەرەنجامـە پـڕ لـە دژایەتیـیەی کـە لەبیروبۆچوونەکانی ڤیـبەردا خۆدەنوێنێت بەڵگە دێننەوە کە ناتوانرێت گوزارشێکی تـەواو عەیـنی کـردارە کولتووریـیە پـێش زەمیـنـەییو بەرایـیەکان بخرێـتە ڕوو کـە دەرفـەت بـۆ خـودی پـەیدابوونی تـیۆر دەڕەخسـێنێ، کەواتـە ئـێمە ناچـارنین لـە شیکردنەوە کۆمەڵایەتیـیەکانی خۆمـاندا ڕەوتـی عەینیسازی زانسـت بـەرەو پێشەوە ببەینو یارمـەتی بکـەین، هەرچـەندە دەتوانرێـت ئـەم کـارە بکرێتو بەشێکی زۆری زانـا کۆمەڵایەتیـیەکان ئەمـەیان کردووە. سەرەڕای ئەمە هەروەکو هایدگەرو ئادۆڕنۆ بـڕوایان وابـوو، مـرۆڤ بـەردەوام پـێش وەخـت لەنـێو مەوقیعییەتـێکی مـێژوویی تایبـەتدا قـەراری گـرتووە، بـەو واتایـە کـە گوزارشتی ئێمە لە گرنگیو مانای کردارە کولتووریـیەکانی خۆمـان ناتوانێـت هـیچ کاتـێك بەری بێت لە داوەری بەهایی، بەڵکو بـەردەوام تەعـبیری بۆچـوون لەخۆدەگرێت. بکـەری ناسـین نـەك هـەر لەبـنـەڕەتدا لـەدەرەوەی دەقـدا نـیـیە، بـەڵکو خـۆی بەرهـەمی ئـەو کـردارانەیە کـە خـەریکی شـیکردنەوەیانە. (ئـەم دووانـە) بۆ بەرگریکـردن لـەم بانگەشـەو ئـیدیعایەی خۆیـان هێـندە ئاماژەیـان بـە بەڵگەکان نەکـردووە، بەڵکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەشیەکان داکۆکیان لـەم بانگەشـەی خۆیـان کـردووە: هایدگـەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی بونیادە گشـتییەکانی مەوقیعیـیـەتمەندی مـرۆڤەکانو ئـادۆرنۆ لـە ڕێگـەی تەعـبیری ڕەخـنەگرانەی مـێژووی ڕەوتـی بەرهەمهێـنانی مەعـریفە پارێـزگاری لـەم بانگەشـە کـردووە. لەبنیاتـنانەوەی هەنووکـەیی هـزری فۆکـۆدا، پێویسـتە ئـەوە بڵێـێن کـە هـەنگاوی گـرنگی دواتـر لەلایـەن میرلـۆ- پۆنتیـیەوە هاویشـترا؛ ئـەو جەخـتی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە کـە مـرۆڤەکان وەکـو دانـا، حەتمـەن بـەندن بـە مەوقیعیەتییەتەوە،

چونکه مەعریفە لە هەناوی ئیدراکەوە لە دایك دەبێتو ئیدراکیش کاری دەرککارێکی خاوەن جەستەیە، هەر بۆیە لە خودی خۆیدا مەوقیعیەتمەندە. بەهەرحاڵ گوزارشتی مێرلۆ- پۆنتی بۆ جەستەمەندی بەم مانایە، هێندە گشتییە کە ئاماژەی پۆنتی بە جەستەی مرۆڤ بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی مەوقیعییەتمەندی، شتێکی زیاتر لە دەستنیشانکردنو دەربڕینی بابەتەکە نییە. سەرەڕای ئەمە، مێرلۆ- پۆنتی بە تێڕوانین لە بابەتی مەعریفەی عەینی لە ڕوانگەی بونیادەکانییەوە لەنێو ئیدراکدا ڕەهەندی مێژوویی‌و کولتووری ئامادەیی جەستەیی لە مەوقیعیەتێکدا وەبەرچاو نەگرتووەو بەنادیاری وازی لێ هێنا. بە بڕوای ئێمە فۆکۆ باشترین هەڵوێست لەنێوان ئەم هەڵوێستانە لە هەر حاڵەتێکدا وەردەگرێتو بەبێ ئەوەی ناوی هیچ کامیان بێنێت، بەشێوەیەك گەشەی پێدەدات کە دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر هەندێ لە گیروگرفتەکان. فۆکۆ دڵەڕاوکێی ڤیبەر سەبارەت بە ڕەوتی بە عەقلانی بوونو بەعەینی بوون بە میرات وەردەگرێ کە ڕەوتی سەرەکی کولتووری ئێمەو گرینگترین بابەتی سەردەمی ئێمەیە، بەلاّم بە گۆڕینی زانستی ڤیبەری بۆ شیکردنەوەیەکی یەکگرتوو پێشکەش دەکات کە پلەوپایەیەکی بەرزی لەمەیلی پراگماتیستییانە هەیەو نە تەنیا ئەم زانستە ڕەفز ناکات، بەڵکو وەکو بەشێکی پێویستی بیرکردنەوە وەبەرچاوی دەگرێت. فۆکۆ هەروەکو هایدگەرو ئادۆرنۆ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێش زەمینەی مێژوویی کردارەکان، واتە ئەو کردارانەی کە دەرفەتی زانستە کۆمەلاّیەتییە عەینییەکان دەڕەخسێنێت، بەهۆی تیۆرێکی بەری لە دەقو بەری لە بەهاگوزاریو عەینی قابیلی خوێندنەوە نین، بەڵکو ئەم کردارانە بۆ خۆیان، توێژەر بەرهەم دێننو خستنەڕووی تەعبیرێك سەبارەت بە تاکی توێژەرو جیهانەکەی وەکو پێویست دەردەخەن. فۆکۆ بەفێربوونی ئەم بابەتە لە مێرلۆ-پۆنتی کە بکەری ناسین خاوەنی جەستەیە، ئێستا دەتوانێ شوێنێگەیەك بدۆزێتەوەو لەوێوە دەریبخات کە توێژەر خۆی بیەوێو نەیەیەوێ بەندە (مقید) بە مەوقیعییەتەوە.

مەوقیعییەتمەندی (بکەری ناسین) بەم جۆرە نمایش دەکرێت کە توێژەری خاوەن جەستەو هەروەها بابەتەکانی خوێندنەوەی (توێژەر) لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای دەستکارو تەسەروف پێکردنێکی تایبەتییەوە بەرهەم هاتوون. هەروەها هەر ئەم ڕوانگەیە دەرفەتی ڕوونکردنەوەی ئەو واقیعیەتە بە فۆکۆ دەدات کە توێژەر

هەڵوێستێکی هەیە کە لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنە لە کردارە ناوباوەکان دەگرێت، ئەو ڕەخنەی کە تەنیا لە ڕەفزی ناعەقلانییەت عەقلانی زیاترە؛ ئادۆرنۆ ئەم ڕاستییەی بەشێوەیەکی ڕازئامێز بەجێهێشتبوو. ئەگەر پەیکەری جەستەیی‌و ژینمەندی مرۆڤ شتێکی زیاترە لە بەرهەمی تەکنەلۆژیا دیسیپلینیە پیادەکراوەکان بەسەریدا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بتوانێ دیدگایەك بە ڕووی ئێمەدا بکاتەوە کە بتوانین لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕەخنە لەم کردارانە بگرینو ڕەنگە تەنانەت ڕێگایەکمان نیشان بدات کە بەهۆیەوە بتوانین نەزعەیەك بەرەو عەقلانییەتو نەزعەی ئەم نەزعەیە بۆ حەشارسازی خۆی ڕون بکەینەوە. مێرلۆ-پۆنتی پێشتر بەڵگەی بۆ ئەوە هێنابۆوە کە پەیکەری ژینمەندی مرۆڤ ((عەقڵێکی تازە دەرکەوتووە))و هەوڵدانی بۆ داگیرکردنی جیهان بەشێوەیەکی تەواو، هەم بەهەم هێنەری تیۆریو عەینییەت سەندووییەو هەم بەرهەم پێوەندییە (عللی-هۆداری)و بەهەم هێنانەیە حەشار دەدات. ئەو لەبیریدامەزراندنی " ژینالۆژیای هەقیقەت"دابوو لەسەر بنەمای پەیکەری جەستەیی مرۆڤ.بێگومان جینالۆژیای هەقیقەتی فۆکۆ لەسەر بنەمای جەستە، لە ڕواڵەتدا جیاوازە، بەلاّم بەهەرحاڵ بیرەکە یەکێکە. هەرچەندە میرلۆ – پۆنتی بەرلەوەی بتوانێ بیروئایدیاکانی خۆی بگەیەنێتە قۆناغی جێبەجێکردن، کۆچی دوایی کرد، بەلاّم وەك دیارە بەرهەمەکانی ئەم دواییانەی فۆکۆ بە ئاراستەی جێبەجێ کردنی ئەم بیرو ئایدیاگەلەن.

پەراوێزەکان

١- ئەو بابەتانەی لە ڕووی فەلسەفییەوە بۆ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارە سەریان هەڵداوە لەم وتارەی خوارەوەدا تاوتوێ کراون:

**H.Drefus"Holism and Her-meneutics" Review of Meta Physies. Sept.1980.**

٢- بەپێی بەڵگەخوازیی هایدگەر، ئەو بابەتانەی کە زانستەکان خۆیان پێوە خەریك دەکەن، بەهۆی بینینێکی پاڵێوراوی تایبەتییەوە بەرهەمدێن کە بە ((**hearbeitung**)) ناوزەدی دەکات. ((هەر دیاردەیەکی نوێ کە لەناو یەکێك لە پانتاییەکانی زانستدا سەرهەڵدەدات

هێنده دەپاڵێورێ تا لەنێو چوارچێوەی ئاوێتەیی‌و عەینی‌و نۆرمی تیۆییەکەدا بەئاسانی جێگە بگرێت. بگەڕێوە بۆ:

**Heidegger, “Science and Reflection” in the Queation Concerning Technology.(New york, Harper and Row, 1997), pp. 167,169.**

٣- پۆلانی (K. Polanyi)، (١٨٨٦- ١٩٦٤) مرۆڤناسی ئابووری مەجەر.

ژێدەر

میشل فۆکۆ، فراسوی ساختگرایی‌و هرمیوتیك، هیوبرت دریفوس‌و پل رابینوا، ترجەمە حسین بشیریە، تهران، (١٣٧٩).

★ ئەم کتێبە دوو ساڵ بەر لە مردنی فۆکۆ نووسراوە.



# جینالۆژیای مرۆڤی مۆدێرن وەك بکەری ناسین

فۆکۆ وەکو جنالۆژیستێك، پرسی جنسیەت ڕێك بەمانا مێژوویەکەی دێنێتە بەرباس؛ جنسیەت دیاردەیەکی ئەزموونی بایۆلۆژی زیندەوەرزانانەی بونیادی نییە، بەڵکو بەرهەمێکی مێژووییە. فۆکۆ بیروبۆچوونی پەسندو باوی غریزەی سێکیی وەکو ماهیەتێکی بونیادی‌و پاڵنەرێکی کۆن دەخاتە ژێر گومانەوەو بەڵگەخوازی دەکات کە ئەم چەمکەش لەناو گوتارێکی مێژوویی تایبەت لەمەڕ جنسیەتەوە پەیدابووە. وشە هەڵبژێردراوەکانی خۆی‌و ڕاڤە ماناییەکانیان زۆر بەوردی لەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕی سیاسەتێن پەیوەندیدار بەرجەستەو ئارەزووەکانی، لێك گرێ دەدات: ((ئێمە لەسەدەی هەژدە جنسیەت‌و لەسەدەی نۆزدەهەمیش غەریزەی سێکسیمان هەبووە. بێگومان ئەوەی بەرلەوە هەمان بوو شەهوەتە)) (اعتراف، ل٤١١).

بەدرێژایی سەدەکانی هەژدەو بەتایبەتی نۆزدە، جنسیەت، وەکو بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی، کۆنترۆڵی ئیداری‌و جێگای سەرنجی کۆمەلأیەتی لێهات‌و لە ڕوانگەی پزیشکەکان، ڕیفررم خوازەکان‌و زانا کۆمەلأیەتییەکان، هێمای تەندروستی، نەخۆشی‌و شووناسی (هویت) تاکەکەسی دەدا بەدەستەوە. لە ڕێگەی ڕێکخستنێکی وردی کۆمەڵە سیمبولێکی تایبەت بەجنسیەتەوە بوو کە بۆرژوازی خۆی لە سیکبۆلەکانی ئەسڵ‌و ڕەچەڵەکی ئەرستۆکراتی‌و لە چینی کرێکار کە وەکو هەڵگری مەترسی سێکسی جۆراوجۆر سەیری دەکرا، جیاکردەوە. بە گوتەی خۆی فۆکۆ، جنسیەت وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی لەنێو ستراتیژی دەسەلأتێکدا سەریهەڵدا کە تاك‌و دانیشتووانی بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە بەداوێنی بایۆ- دەسەلأتەوە گرێ دەدا.

بەڵگەخوازی سەرەکی فۆکۆ ئەوە کە جنسیەت وەکو ئامرازی بەرفراوانکردنی (بایۆ-دەسەلأت) (Bio- Power) داندرا. لە ڕاستیدا ئەو نکۆڵی لە ڕیوایەتی باو لەمەڕ ئەمەوە ناکات کە لەسەدەی هەژدەو بەتایبەتی سەدەی نۆزدەوە ئاڵوگۆڕێك لە جنسیەتێکی تاڕادەیەك ئازادو جیانەکاوە لە ژیانی ڕۆژانە بەرەو جنسیەتێکی لەژێر چاودێری‌و تێڕوانین ڕوویدا، بەلأم ئەو خاڵەی ئەم مەبەستیەتی ئەوەیە کە بەهۆی پیادەکرنی ئەم چاودێری‌و تێڕوانینە،  بەرفراوانییەکی بەرچاوو بێ وێنە لە گفتوگۆو بیرکردنەوەلەبارەی غەریزەی سێکسیەوە سەری هەڵدا. فۆکۆ لە جیاتی ئەوەی مێژوویی ئەم چەند سەدەیەی دوایی بەمێژووی بەرفراوانبوونی سەرکوتی جنسیەت لە قەڵەم بدات، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕێنماییەکی ڕوو لەزیاد، وروژاندن‌و هاندانێکی ڕێکخراو بە شێوازی جۆراوجۆر گفتوگۆ (لەهەمبەر جنسیەتەوە) سەری هەڵدا (مێژووی جنسیەت ل٣٤). لەم گوتارەدا غەریزەی سێکسی وەکو پاڵنەرێکی هێندە بەهێزو ناعەقلأنی ناسێنرا کە کۆنترۆڵکردنی پێویستی بەهاتنە ئارای شێوازی بنەڕەتی‌چاودێری کۆمەل‌و چاودێری تاك بەسەر خۆیدا هەبوو. بایۆ- دەسەلأت لە ڕێگای بلأوکردنەوەی جنسیەتەوە کۆنترۆڵی خۆی تاکو بچوکترین جوڵەی جەستەو ڕۆح بردە پێش، ئەم کارە لە ڕێگای پێکهێنانی تەکنەلۆژیایەکەوە ئەنجام درا کە بریتی بوو لە دانپیانانی (اعتراف) تاك بەشێوەی لەخۆ ڕۆچوون یان لە قاڵبی پەیڤ (کەلام) دا. لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای دانپیانانەوە بوو کە فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی وەکو جەستە، مەعریفە، گوتارو دەسەلأت کەلە ڕاڤەی بایۆ- دەسەلأتدا لەگەڵیاندا بەرەو ڕووبووینە، لەنێو پانتاییەکی هاوبەشدا خڕبوونەوە. بەگشتی، ئەم تەکنەلۆژیایە بەپلەی یەکەم لەسەر چینی بۆرژوا

پیادەکرا، هەروەك چۆن تەکنەلۆژیای دیسیپلین بەشێوەیەکی گشتی وەکو ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی چینی کرێکارو چینەکانی خوار کرێکارەوە سەری هەڵدا. (لە هەردوو حاڵەتەکەدا سادەکردنەوەی بابەتەکە بەم شێوەیە هی فۆکۆ نییە بەڵکو ئاکامی ئەنجامگیرییە) فۆکۆ لە جینالۆژیای مرۆڤی مۆدێرندا تەکنەلۆژیاکانی سوژە (بکەر)و سوژەسازی لە پەنای شیکردنەوەکانی پێشوی خۆی بۆ تەکنەلۆژیاکانی بابەتو بابەتسازی {کە لەکتێبی دیسیپلینو سزادان ئاماژەی پێ کردووە} دادەنێت.

فۆکۆ تەکنەلۆژیای بابەتوگوتاری سوژەی گیرۆدەی دانپیانان هەر بەوشێوە ڕاڤەیە شیدەکاتەوە کە تەکنەلۆژیاو گوتاری دیسیپلینی ڕاڤە کردووەو هەردوو مەفهوومەکە لەنێو تۆڕێکی تەعبیری پانوبەرین تر واتە لەنێو مەفهوومی بایۆ- دەسەڵاتدا دادەنێت. کەواتە دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە فۆکۆ شوناسی سێکسی یان ڕزگاری سێکسی لەخودی خۆیدا بەبێ دەسەڵات یان حەتمەن بەدژی دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگا لە قەڵەم نادات. بەزۆری فۆکۆ سەبارەت بەم بابەتە تووشی لێ تێنەگەیشتن هاتووە، بەتایبەتی لەلایەت ئەو کەسانەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بزوتنەوەکانی ڕزگاریو ئازادی سێکسی (مانادار))ن لەبەرانبەر شێوازە هەنوکەییەکانی دەسەڵاتدا، بۆ فۆکۆ بابەتەکە تەواو پێچەوانەیە، لە ڕێگای بەڵگە هینانەوە دەریدەخات کە ئەو شێوازەی دەسەڵات کە لەگەڵ شوناسی سێکسیدا پەیوەندییان هەیە، لەڕاستیدا دەربڕی گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵگای ئێمەنو هەر ئەم هۆیەشەوە ناسینو دەست نیشانکردنیان کارێکی دژوارترە. بەپێی بەڵگەخوازی فۆکۆ، سەرکەوت، گشتیترین شێوەی دەسەڵات نییە. ئەم بۆچونە کە پێیوایە ئێمە یان بەخۆناسینو یان بەهۆی دەربڕینی هەقیقەتەوە لەبەرانبەر سەرکوتدا بەرگریو بەرەنگاری دەکەین، لە ڕاستیدا دەسەڵات دەپارێزرێ، چونکە کاروکردەوەی ڕاستەقینەی دەسەڵات حەشار دەدات.

## غەریزەی سێکسیو بایۆ- دەسەڵات _Bio- Power)

مەفهوومی مێژووی جنیسیەت وەکو گوتارێکی دیاریکراوو پێوەندیدار بەگوتارو کردارەکانی دەسەڵات، لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە لەگەڵ ئەم جۆرە گوتارو کردارانەدا لێکبەسترا. ((وروژاندنودنەدانی گفتوگۆ سەبارەت بەغەریزەی سێکسی بەشێوەیەکی هونەری)) وەکو پاشکۆو تەواوکەری هۆگری بۆ ژیان، هەندێ پۆلینی ئەزموونیو زانستی بۆ چالاکی سێکسی ئەنجامدرا. لەم قۆناغە سەرەتاییەدا، ئەم جۆرە پۆلینکردنە هێشتا لەژێر سایەی گوتاری دینی دائەنجام دەدەرا کە شەهوەت، گوناحو ئەخلاقی مەسیحی لەگەڵ یەکتریدا لێك گرێ دابوو، بەلاّم هێدی هێدی دیمۆگرافەکانو کاربەدەستانی پۆلیس دەستیان دایە پشکنینێکی ئەزموونی هەندێ بابەتی وەکو فەحشا، ئاماری دانیشتووانو شێوازی بلاّوبوونەوەی نەخۆشیەکان. ((ژیانی سیکسی شتێك نەبوو کە مرۆڤ تەنیا داوەریلەبارەیەوە بکات؛ بەڵکو شتێ بوو کە ئیدارەو کۆنترۆڵ دەکرا، شتێکی وەکو توانای گشتی بوو کە وەرگرتنی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی دەهێنا ئاراوەو دەبووایە لەگوتارە ڕاڤەییەکاندا کاری لەسەر بکرێت. لەسەدەی هەژدە، ژیانی سێشکسی بوو بەبابەتێك کە پەیوەندی بەپۆلیسەوە هەبوو)) (پێشوو، ل٢٣). دەتوانین هۆگری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر سەبارەت بەخوێندنەوەی ئاماریانە بۆ دانیشتووان وەکو نمونە بێنینەوە. لەسەرانسەری سەدەی هەژدەدا دیمۆگرافیاو پانتاییە پەیوەندیدارەکانی وردە وردە بوون بەشی زانستی. بەڕێوەبەرو کاربەدەستە دەوڵەتیەکان وەکو شتێك سەیری دانیشتووانیان دەکرد کە دەبووایە بناسرێن، بخرێنە ژێر چاودێریو سەرنجەوەو گەشەیان پێ بدرێت. ((پێویست بوو رادەی لەدایك بوون)) تەمەنی هاوسەری، ژمارەی منداڵە مەشروعو نامەشروعەکان، پەیوەندی زووی سێکسی، زۆری ڕوودانی پەیوەندی سێکسی، شێوازەکانی نەزۆکسازی یان دووگیانسازی( باروەرسازی)، کاریگەری ژیانی ڕەبەنی، شوێنەواری پێشگیری (پێوەندی سێکیو شوێنەواری پێشگیریکردن لە دووگیانبوون، بخرێنە ژێر شیکردنەوە)) (پێشوو، ل٢٦). کاربەدەستانی دەوڵەتی فەرەنسا لەسەدەی هەژدەوە هێدی هێدی لە دەربڕینی گوتەی پەندئامێز سەبارەت بەگرنگی دانیشتووانەوە بەرەو ئامادەکردنی هەندێ شێواز بۆ خۆتێهەڵقورتاندن لەژیانی سێکسی خەڵکەوە هەنگاویان نا. بەم چەشنە ژیانی سێکسی لەژێر کاریگەری ئەم جۆرە هۆگرییە سیاسیو ئابووریەدا بوو بە بابەتێك کە دەوڵەتو تاك هەردووك خۆیان تێوەگلاّند. بەدرێژایی سەدەی هەژدە پێوەندی جنسیەتو دەسەڵات لەدەوری بابەتی پەیوەندیدار بەدانیشتووانەوە دەخولایەوە، بەلاّم لەسەرەتای سەدەی نۆزدە

جێگۆڕکێیەکی بنەڕەتی ڕوویدا بەو واتایە کە گوتار سەبارەت بەجنسیەت لە قاڵبی چەمکێکی پزیشکی هاتە ئاراوە. هەر ئەم جێگۆڕکیە بوو کە شەپۆلێکی لەگوتار سەبارەت بەجنسیەت لەسەرانسەری کۆمەڵگای بۆرژوازیدا هێنایەکایەوە، خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی بریتی بوو لەجیاکردنەوەی زانستی پزیشکی سەبارەت بەجنسیەت لە زانستی پزیشکی تایبەت بەجنسیەت: ئەم جیاکردنەوەیە لەسەر بنەمای دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی ((غەریزەی سێکسی {هاتە ئاراوە} کە لە توانای دابوو ڕوخسارە نەناسراوەکان، لادەری وەدەست هاتووە، نەخۆشیو ڕەوتی پاسۆلۆژی بخاتەڕوو)) (پێشوو، ل١١٧). بەهۆی ئەم پێشکەوتنە ((زانستیانەوە )) بوو کە جنسیەت لەگەڵ شێوەیەکی بەهێزی مەعیفەدا لێك بەستراو پەیوەندی نێوان تاك، کرپ،ماناو چاودێری بەرقەرارکرا. لێرەدا فۆکۆ ژیانی سێکسیو جنسیەت لەبەرانبەر یەکدی دادەنێت. ژیانی سێکسی شتێکی تایبەت بەخێزانە. ((بێگومان دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە پەیوەندی سێکسی لەهەموو کۆمەڵگایەکدا دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی پەیوەندی خزمایەتیو نزیکایەتی)) (پێشوو، ل١٠٦). هەتا بەر لەکۆتایی سەدەی هەژدە یاسا سەرەکیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا تەرکیزیان هەر لەسەر ئەم بەرفراوانبوونەی پەیوەندی خزمایەتیو نزیکایەتی دەکردەوە، بەم چەشنە بەهۆی تێکەڵاوکردنی ئیلتیزاماتی ئایینی یان یاسایی هاوسەرێتی لەگەڵ یاسایێن تایبەت بە میراتو پەیوەندی خزمایەتی، گوتارێکی تایبەت سەبارەت بەژیانی سێکسی سەریهەڵدا. لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە، کاروبارو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دادەنرا، کاروکردەوەی جۆراوجۆر یاساغ دەکرا یان مۆڵەتی پێ دەدراو سیستەمی کۆیلایەتی دروست بوو. لە ڕێگەی هاوسەرێتیو لەدایکبوون، نزیکایەتیو خزمایەتی لەگەڵ ئاڵوێڕو گواستنەوەی سامانو خاوەندارێتیو دەسەڵاتدا لێك گرێ دەدرا.

شێوەی مێژوویی ئەو گوتارو کردارەی فۆکۆ بە ((جنسیەت-sexuality)) ناوزەدی دەکات، لەسەر بنەمای لێکپچڕانی ژیانی سێکسی لە خزمایەتیو نزیکایەتی دامەزراوە. جنسیەت بابەتێکی تاکەکەسیە، لەگەڵ چێژی تایبەتی پەنهان، زیادەڕۆیی مەترسی خولقێن بۆ جەستەو خەیاڵاتی نهێنیو مەحرەمانە تێکەڵاوە؛ جنسیەت بەم مانایە وەکو ماهییەتی سەرەکی تاكو کرۆکی شوناسی تاکەکەسی دەژمێردرێت.

دەرفەتی ئەوە رەخسا کە بەهۆی نێوبژیوانی پزیشکەکان، دەروون پزیشکەکانو هەندێ کەسی دیکە کە گوێبیستی دانپیانانەکانی ئێمە دەبوون سەبارەت بەبیرۆکەو کارو کردەوە پەنهانو تایبەتیەکانمان،پەی بەهێماکانی جەستەو هزری خۆمان ببەین. فۆکۆ هەر ئەم پڕۆسەیەی بە تاکەکەسی بوون، بەپزیشکی بوونو ڕەمزداربوونی ژیانی سێکسی کە لەسەردەمێکی تایبەتیدا ڕوویدا بە ((بڵاوبوونەوەی جنسیەت- of deployment sexuality)) ناوزەد دەکات. فۆکۆ لەناو ئەو گوتارانەی کە سەبارەت بەجنسیەت بەرهەم هاتوونو زۆربوونە، چوار ((یەکیەتی ستراتیژی گەورە)) جیادەکاتەوە کە تێیاندا دەسەڵاتو مەعریفە لە ناومیکانیزمێکی تایبەتیدا ئاوێتەبوونو کە لە دەرەوەی جنسیەت دا دروست کران هەرکام لەم چوار ستراتیژەی بڵاوبوونەوەی جنسیەت بەشێوەیەکی جیا سەریان هەڵداو لەسەرەتادا تاڕادەیەك لە ستراتیژییەکانی دیکە جیابوون (بڕیار وایە وردەکارییەکانی ئەم ستراتیژیانە لە بەرگەکانی دواتری مێژووی جنسیەت دا ڕوونبکرێتەوە) ((١))؛ بەهەرحاڵ بابەتە سەرەکیەکانی ئەم بەشە بەئاشکرا پەیوەندیان بە بایۆ-دەسەڵاتەوە هەیە کە لێرەدا جێگەی مەبەستی ئێمەیە.

یەکەمین ستراتیژ، بۆ ئینفیعالی ((passionaL)) لە (یان بە ئینفیعال دەستدان قەڵەم دانی) جەستەی ژنانە. جەستەی ئافرەت وەکو جەستەیەکی تەواو تێربوو لە جنسیەت خرایە ژێر شیکردنەوەوە لە ئاکامی ئەم ((پێشکەوتنە)) پزیشکیەوە، جەستەی ئافرەت ((بەهۆی پاسۆلۆژی ناوەکی خۆیەوە)) جیاو دیاری دەکراو دەخرایە ناو((لە پەیوەنییێکی ئۆرگانیك لەگەڵ پەیکەری کۆمەڵگا)) (ئەو پەیکەرەی کە ((جەستەی ژن)) گرانتی بەهەرەمەند ڕێکوپێکەکەی بوو)) (پێشوو، ل١٠٤). هەموو ڕەگەزەکانی بڵاوبوونەوەی کامڵی جنسیەت لێرەدا هەن، جنسیەتێکی ڕەمزئامێزو سەرانسەریو خودان گرینگیەکی یەکجار زۆر لەسەرانسەری جەستەدا خۆی داکوتاوە؛ هەر ئەم ئامادەییە ڕەمزئامێزەی (جنسیەت) ئەو شتەیە کە جەستەی ئافرەتی هێنایە نێو گوتارە ڕاڤەییەکانی زانستی پزیشکییەوە، لە ڕێگەی ئەم جۆرە گوتارە پزیشکیانەوە، شوناسی تاکەکەسی ئافرەتو ساخڵەمی ئایندەی

دانیشتووان هەردووکیان لەگەڵ مەعریفە، دەسەڵاتو مادیەتی جەستەدا پەیوەندییەکی هاوبەش دەدۆزنەوە.

دووەمین ستراتیژ، بە پەروەردەیی لە قەڵەمدانی (یان بۆ پەروەردەشیانی) ژیانی سێکسی منداڵانە. شێوازە باوەکانی تێکۆشان دژی مەهەکی نهێنی (دەسپەڕ)، نمونەیەکی دیاری بڵاوبوونەوەی بایۆ- دەسەڵاتە، هەڵبەتە نەك وەکو فاکتەری دیاریکردن بەڵکو وەك فاکتەری بەرهەمهێنانی وتە ((speech)). ئەم وتەیە لەسەر ئەو بڕوایە دامەزرابوو کە هەموو منداڵەکان خودانی جنسیەتێکن کە هەم سروشتییەو هەم مەترسیدار. لە ئاکامدا بەرژەوەندی تاکەکەسیوکۆگەلی دەستە جەمعی لەوەدابوو کە هەندێ هەنگاو بەمەبەستی چاودێریکردن بەسەر ئەم جۆرە توانامەندییە غامزەدا ئەنجام بدرێت. دەسپەڕی منداڵان وەکو نەخۆشیەکی گشتگیر سەیری کرا.((دەرەنجامی بەکردەوەی (ئەم کارە) ئەوەبوو کە لەم تێکۆشانە گشتییەدا کە بەتەمەنەکانی لە پەیوەندی لەگەڵ ژیانی سێکسی منداڵەکان ئامادەو ڕێکدەخست، ئەم جۆرە چێژە سادەو بپێ بناغانە دەبوونە پاڵپشتو هێما (واتە بەتۆبزی حەشاریان دەدان بۆ ئەوەی دەرفەتی کەشف بونیان بڕەخسێنن) (پێشوو، ل ٣٤). چاودێری ورد، هونەری تێڕوانین، بڵاوکردنەوەی داوی زۆروزەوەندە، ئامۆژگاری ئەخلاقی بێ کۆتایی، هۆشداری فراوان سەبارەت بەهۆشیاریو ئاگاداربوون، وروژاندنی بەردەوامی هەستی گوناە، بنیادنانەوەی بینایەی ماڵ لە پێناو چاودێری کردن، پانابردنە بەر شەرەفی بنەماڵەو سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی (زانستی) پزیشکی، کۆمەڵە میکانیزمێکی ئامادەکراوبوون کە هەر لەسەرەتادا بەئاشکرا مەحکوم بەتێکشکان بوون، بەڵام بۆ لەناوبردنی دەسپەری.. منداڵان تووشی تێکشکان هاتن. وەلی ئەگەر بێتو ئەم تێکۆشانە لەجیاتی دیاریکردنی جنسیەت وەکو بەرهەمهێنانی دەسەڵات تەعبیری لێ بکەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبێ بڵێین کە سەرکەوتنێکی تەواوی بەدەست هێنا: ((دەسەڵات بە پشتیووانی ئەم پاڵپشتە بەرەو پێشەوە دەچوو، ئامرازەکانی کۆنترۆڵو شوێنەوارەکانی خۆی زیاد دەکرد، لەهەمان کاتیشدا ئامانجەکانی بەرفراوان دەبوون، بەسەر هەندێ پشکدا دابەش دەبوو، لق لق دەکراو هەر بەم گوڕوتینەوە هەرچی زیاتر لە هەناوی واقیعیەتدا پتەوو قایم دەبوو)) (پێشوو،ل٤٢). سێهەمین ستراتیژ، دانانی لەدایك بوونو منداڵبوون لە ناوەندی سەرنجو گرنگی پێدانی کۆمەڵگاو دەوڵەتە لەم ستراتیژەدا، ژنو مێرد بەرپرسیاریەتی پزیشکیو کۆمەڵایەتیان وەرگرت. ئێستا ئەوان لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە (٠) ئەرکێکیان لەهەمبەر کۆمەڵگا لەسەر شان بوو، بەو واتایە کە دەبووایە کۆمەڵگا لە کارتێکردنو کاریگەری ئەو فاکتەرە نەخۆش هێنەرانەی کە ڕەنگە بەهۆی جنسیەتی بێ سەرو بەرەوە پەرەبسێنێ، بپارێزنو لە ڕێگای گرنگی پێدانێکی ورد بە کاروباری لەدایك بوون، ژمارەی دانیشتووان بەرتەسك بکەنەوە (یان هێزێکی تازەی پێ ببەخشن) لەسەر ئەو پڕوایە بوون کە گەندەڵی ئەخلاقی یان سستیو سەرپێچی لە چاودێی سێکسی زۆر بەئاسانی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی لاریێ سێکسیو ئاڵوگۆڕی لەناکاوی میراتگری. کەموکوڕی لە چاودێری وردی ژیانی سێکسی دەیتوانی بەشێوەیەکی مەترسیدار ببێتە هۆی لەناوچوونی ساخلەمیو تەندروستی خێزانو کۆمەڵگا. هەتا بەر لەکۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدە ((ئەو کردارە کۆمەڵایەتییە تەواوەی کە لە شێوەی ڕەگەزپەرستیەکی توندوتیژ بەڵام ڕێکخراوو گونجاودا خۆی دەرخستو لەژێر هیدایەتی دەوڵەتدابوو، دەسەڵاتێکی مەزنو هەندێ دەرەنجامی زۆر بەربڵاوی بە تەکنەلۆژیای سێکسی بەخشی)) (پێشوو، ل١١٩).

بەچەشنێکی بێ ئەملاو ئەولا دەتوانین بزوتنەوەی چاکسازی ڕەگەزیی لەژێر تیشکی ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە باشتر تێبگەین. بەم حاڵەش هەموو ئەو زانستانەی کە لەپێناوی خوێندنەوەی جنسیەتی مرۆڤ سەریان هەڵدا، ئەم ڕۆڵە چاودێرییە زیندەوەرزانیەیان نەدەگێڕا. فۆکۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەروونشیکاری بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرهەڵدانی داو بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵەی کە دواتر لە نۆرماڵسازیدا ڕاییکرد، بەرگرییەکی بەردەوامو دلێرانەی لەبەرانبەر هەموو تیۆرییەکانی تایبەت بەگەندەڵیو دارمانی میراتگری ئەنجامدا .دەروونشیکاری لە نێوان ئەو هەموو تەکنەلۆژیا پزیشکییە جۆراوجۆرانەی کە لە پێناو نۆرماڵسازی ژیانی سێکسیدا سەریان هەڵدا، تەنیا حاڵەتێك بوو کە لەبەرانبەر ئەم جۆرە نەزعە زیندەوەرزانیەدا بەرگری کرد.

چوارەمین ستراتیژ، وەبەرچاوگرتنی ئەو چێژەیە کە لە (لادەری) لارێی سێکسیەوە سەرچاوەی دەگرت‌و سەیرکردنی وەکو نەخۆشی دەروونی (٠) هەتا بەرلەکۆتایی سەدەی نۆزدە، ژیانی سێکسی وەك دیاردەیەکی جیاکراوەو دابڕاو دەستنیشان کرابوو. یان بە وتەی فۆکۆ وەکو غەریزەیەکی ((دانراو)) بوو. لەسەر ئەو بڕوایەبوون کە ئەم پاڵنەرە غەریزییە هەم لەئاستی زیندەیی‌و هەم لەئاستی دەروونیدا کار دەکات‌و لەوانەیە ئەم پاڵنەرە بەلارێدا ببرێ، بڕوشێنرێ، وەرچەرخانی تێدا پێکبهێنرێ‌و مەغشوش بکرێت، هەرچەندە بەشێوەیەکی سروشتی‌و ساخلەم کار بکات. لەهەموو حاڵەتەکاندا غەریزەی سێکسی‌و خەسڵەتی تاکەکەسی بەچەشنێکی تۆکمە بەلێکبەستراو لە قەڵەم دەدران. بەم جۆرە زانستی سێکسی وێنەیەکی بەرفراوانی لە جۆرەها نانۆرماڵی، لارێی‌و جنسیەتە ڕووشاوەکان کێشا. لەکۆتایی سەدەی نۆزدە دەروونپزیشکەکان بەتایبەتی سەبارەت بە جۆرناسی لاڕێیەکان، لێهاتوویەکی زۆریان پیشاندا. ((تێکەڵاوخوازەکان، پیاو شێوەکان، ئەویندارانی پیرێژنەکان، تووشبووانی لاڕێی لەناوەندی هەستی سێکسی‌و ئەو ئافرەتانەی تووشی حوزنی سێکسی هاتبوون، هەرکامێکیان خاوەنی شوێنگەیەك بوون))(پێشوو، ل٤٣). لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە بەدەستنیشانکردنی ئەم جۆرانە لەسەر بنەمای زانستی، وەسفکردن‌و شیتەڵکردنی نوێی کامڵ بۆ شیتەڵکردنی تایبەمەندییەکانی تاکەکان ،زۆر ئاسانتر دەبێت. ناوچەیەکی نوێی کاملی بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکەکەسی ئاوەڵا کرا. لەڕوانگەی دەروونپزیشکەکانەوە جنسیەت لە تەواوی ڕەهەندو ڕووەکانی ژیانی تاکی لادەردا ۆکمەو قایم بوو؛ هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەبوایە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی بناسرێت. لەکاتێکدا کە ((لە ڕابردوو نێربازی وەکو لادەرییەکی کاتەکی لەقەڵەم دەدرا، ئێستا هۆمۆسێکسی وەکو جۆرە (نەخۆشیەك) سەرهەڵدەدات)) (پێشوو، ل٤٣). ئەوەی سەردەمێك کۆمەڵە کردەوەیەکی یاساغ بوو ئێستا وەکو عەوارزی ئاوێتەیەکی مانادراری زیندەوەرزانی‌و کردەوەی لێدێت. دیسان ((دەزگای ئەو دەسەڵاتەی کە بەسەر هەموو ئەم عارزە بێگانەیەدا چەقی دەبەست، ئامانجی سەرکوتکردن نەبوو بەڵکو گەرەکی بوو واقیعیەتێکی ڕاڤەیی،بیراوو پایەداری پێ ببەخشێت (پێشوو، ل٤٤ ). ئێستا بەپێی ڕادەی نۆرماڵ بوون یان نەخۆش ئاسابوونی ئەم غەریزە سێکسیە ڕەمزاوییە، تەواوی ڕەفتارەکانی تاکەکەس قابیلی پۆلینکردن دەبوو. هەر کە دەستنیشانکردنی پزیشکی لە هەمبەر لاڕێی لەڕووی زانستییەوە دەسەلما،دەبووایە تەکنەلۆژیا ڕیفۆرمگەرەکان بەقازانجی تاك‌و کۆمەڵگا پیادەبکرێن. بەم چەشنە (زانستێکی شکانبەندی سێکسی- Orthopedics of sex) تەواوو بێ کەموکوڕی شەرعیەتی وەردەگرت. لەم ستراتیژیەشدا هەروەکو ستراتیژییەکەی دیکە، جەستە، زانستی سێکسی‌و ویستی ڕێکوپێککردن‌و چاودێری لەگەڵ یەکدیدا پەیوەندییان هەبووو بەپێی تێگەیشتنێك بۆ جنسیەتی قووڵ‌وسەرانسەری‌و واتادار کە هەموو ئەوشتانەی دەگرتەوە کە تەماسیان لەگەڵیدا هەبووو دەتوانین بڵێن بۆ خۆی هەموو شتێك بوو، لە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوودا کۆدەبوونەوە. هەموو ئەم ستراتیژانە دەبوونە هۆی سەرهەڵدانی پەوەندییەکی سەیرو نامۆ لەنێوان دەسەڵات‌و چێژ دا. لەم خاڵەوە کە جەستە بەناوەندی جنسیەت لەقەڵەم دەدرێت‌و ئیدی نەدەبووایە جنسیەت وەبەرچاو نەگیرێت، هەربۆیە زانست ناچاربوو تەواوی هێماو ڕەمزە زیندەوەرزانی‌و دەروونیەکانی وجەستە بەوپەڕی وردەکارییەوە بناسێت. بێگومان لەئاکامدا پێشکەوتنێك لە زانستدا هاتە ئاراوە، بەڵام دەرفەت بۆ ((شەهوانی کردنی دەسەڵات‌و وەدەستهێنانی چێژ))یش ڕەخسا. پێشکەوتنی زانستی پاڵنەرێکی حەشاردراوی نوێی بەدەست دێنا کە دەبوو بەچێژی ناوەکی خودی زانستەکە. معاینە (تاقیکردنەوە، ئەزموون) وەکو بنەماو کرۆکی هەموو شێوازە نوێیەکان، هەلێك بوو کە تێیدا گوتاری سێکسی، لە قاڵبی وشەی پزیشکی پەسەندکراو (مقبول) دا دەردەبڕا. لەبەرئەوەی کێشەی پزیشکی پەنهان‌و حەشاردراوە، معاینە پێویستی بەدانپیانانی نەخۆشەکە هەبوو. موعاینە ((پێویستی بەتەماس‌و نزیکی...و ئاڵوویری قسە هەبوو لەڕێگەی ئەو پرسیارانەوە کە وەرگرتنی دانپیانانی لەڕێگای ناچارکردن‌و زۆرەملییەوە لێ دەکەوتەوەو هەندێ دۆستایەتی دەوروژاند کە لەسنووری پرسیارە دەستنیشان کراوەکان تێدەپەڕی)) (پێشوو، ل٤٤). سەرەڕای ئەمە، ئەو تاکەی کە معاینە دەکرا دەبوو بەخاوەنی شکڵێکی تایبەتی چێژیش: ئەو هەموو گرنگی پێدان‌و سەرنجە چاودێرییە، ئەو هەموو دانپیانان وەرگتنە بەشێوازێکی نازکێشانە سەبارەت بەتایبەتی ترین وردەکارییەکانی ژان‌و ئەو هەموو

پشکنینە خێراو بەپەلەی، چێژی ئەویان پێکدەهێنا. (معاینەی پزیشکی، لێکۆڵینەوەی دەروونپزیشکانە، ڕاپۆرتو دوان لەسەر بارودۆخو چاودێری خێزانی، لەوانەیە هەموویان خاوەنی ئەم ئامانجە گشتیورووالەتییە بن کە هەموو چەشنە جنسیەتێکی لادەرانە یان نا بەرهەمهێن ڕەفز بکەن، بەلام ڕاستی ئەوەیە ئەو وەکو دەزگایانە دەجولێنەوە کە دوو بزوێنەری هەیە: (یەکێکیان چێژەو ئەویدیان دەسەلات) (پێشوو، ل٤٥). دەسەلاتی پزیشکی بەهۆی پایەداریو نفوزی خۆی لەلایەكو ئەو چێژەی لە فریودانو نەزانی نەخۆشەکە لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی دەگرت، هەردوو لای تووشی گومڕایی دەکر.

## تەکنەلۆژیای وەرگرتنی دانپیانان

لەڕوانگەی فۆکۆوە، معایەنەی پزیشکی کە لەسەدەی نۆزدەدا بوو بەشتێکی باو وەکو شێوازە دیارەکانی دیکەی وەرگرتنی دانپیانان، قووڵترین خەیالاتو پەنهانترین کرداره سێکسیەکانی تاکی دەخستە بەرچاوی کاربەدەستە دەسەلاتدارەکان، سەرەڕای ئەمە وا لەتاك دەگەیەنرا کە لە ڕێگای ئەم جۆرە دانپیانانەوە دەتوانێت خۆی بناسێت. ژیانی سێکسی تەنیا یەکێك لەبابەتەکانی ئەم چەشنە بەتالکردنە بوو لەڕێگای دانپیانانەوە کە سنوورەکانی لەسەدەی نۆزدە بەدواوە بەرفراوان بوو، ئەگەرچی (ژیانی سێکسی بەگرنگترین بابەتی دانپیانان لەقەلەم دەدرێت بەلام ( کاریگەرییەکانی شێوازی دانپیانان دەدرێت)بەرفراوانیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. دانپیانان لەسیستەمی دادوەری، پزیشکی، پەروەردەوفێرکردن، پەیوەندی خێزانیو پەیوەندی عەشقی، لەئاسایی ترین کاروباری ژیانی ڕۆژانەو لەبەهەیبەترین ڕێو ڕەسمیو شەعایرەکاندا ڕۆلێك دەگێڕسێت؛ ئێمە دان بەتاوانەکانی خۆمان، گوناهەکانمان، هزرو حەزەکانمان، نەخۆشیو گیروگرەفتەکاننمان دادەنێین.... ئادەمیزاد لەلای خۆیو لەکاتی چێژوو ئازاردا دان بەهەندێ شت دادەنێت کەوتنی ئەم شتانە بەهیچ کەسێکی تر مومکین نییە، ئەو شتانەی کە خەلك لەمەڕیانەوە دەنووسن... مرۆڤی ڕۆژئاوایی بۆتە ئاژەلێکی اعترافکەر) ((پێشوو، ل٥٩)). فۆکۆ، دانپیانانو بەتایبەتی دانان بە جنسیەت بەیەکێك لە بەشە سەرەکییەکانی تەکنەلۆژیایروو لە فراوانی پیادەکردنی دیسپلین بەسەر جەستەو بەجنسیەتەکان، دانیشتووانو هەموو کۆمەلگادا لەقەلەم دەدات. وەکو جینالۆژیستێك خەریکی پشکنینی مێژووی دانپیانانو پەیوەندی دانپیانان لەگەل دین، دەسەلاتی سیاسیو زانستی پزیشکیە. فۆکۆ لەبەرگی یەکەمی (مێژووی جنسیەت) ئەو کلتورانەی کە لەڕێگەی ئەدەبیاتی عاشقانەوە خەریکی ناسینی ژیانی سێکسین لەگەل کولتوری ڕۆژئاوایی کە زانستی جنسیەت بەکادێنێ. بەراود دەکات. لەبەرگەکانی دواتردا رەوتی پەرەسەندنی شێوازی دانپیانان، تەکنیکەکانو جۆرە تایبەتیەکانی گوتاری (اعترافی) یۆنانیەکان، ڕۆمانیەکان، مەسیعیە بەراییەکانو سەردەمی چاکسازی ئایینی (ڕیفۆرماسیون) شیکردنەوەی لەسەر دەکرێت. لەنووسینی ((مێژووی ئێستا)) بەم مانایە، ئامانج، دۆزینەوەی ئەو ساتە وەختە نییە کە دانپیانانو بەتایبەتی دانپیانان لەمەڕ جنسیەتەوە وەکو (( تەکنەلۆژیای خود)) بە چەشنێکیەواو تۆکمە پتەو کرا؛ بەلکو مەبەست تێگەیشتنەلە کاروکردەوەی ئەم (تەکنەلۆژیای خود)ە واتە جۆری ئەو گوتارو تەکنیکە تایبەتیانەی کە لەڕوالەتدا قولترین ڕەهەندەکانی خودی ئێمە ئاشکرا دەکەن ئەم بەلێنە هێندە سەرنجڕاکێشو ڕفێنەرە کە ئێمەی لەناو تۆڕی پەیوەنیەکی دەسەلاتدا گیرۆدەکردووە کە زەحمەتە بتوانرێت ببینرێ یان تێکبشکێنرێت. لانی کەم لەڕۆژئاوادا، تەنانەت تایبەترین تاوتوێکردنو معایەنەی خودی فەردی، پەیوەندی لەگەل سیستەمە بەدەسەلاتەکانی کۆنترۆلی دەرەکی واتە مەعریفەکان، نیمچە مەعریفەکانو پەیڕەوی ئایینیوئەخلاقییەکانیدا هەیە هەقیقەت لەمەڕ خودەوە، هانی تاك دەدات بۆ وتنی هەقیقەت؛ هەر ئەم (( بەوتە هێنانە Mise en discours)) لە دانپیانانێك پاش دانپیانانێکی دیلەسەرخۆو لەمەڕ ئەوانیتر، کە خۆیان بەدۆزەرەوەی ئامرازەکانی تەعبیرو تەفسیری پێویست بۆ هەلێنجانی هەقیقەت لەهەناوی ئەم دانپیانانە لەقەلەم دەدەن. فۆکۆ لەبەرگی یەکەمی مێژووی جنسیەت، هۆگریەکی تایبەتی هەیە لەهەمبەر ڕۆلی زانست لەپەیوەندی بەرانبەری دانپیانان، هەقیقەتو دەسەلاتدا. سەرەتا لەبەر ئەوەی کە نۆرمە زانستیەکانو گوتاری شیکردنەوەی زانستی بێلایەن (بەتایبەتی گوتاری زانستی پزیشکی) لەکۆمەلگای ڕۆژئاوایدا هێندە زالبوونە کە دەتوانین بلێین وەکو شتی پیرۆزو مقدەس سەیریان دەکرێت.

جگە لەمە بەهۆی پانوبەرین بوونو بەرفراوانبوونی شێوازە زانستیەکان، تاك هەم بۆ خۆیو هەم بۆ ئەوانیتر بۆتە بابەتی مەعریفە، ئەو بابەتەی کە هەقیقەت لەبارەی خۆیەوە دەڵێت تاکو خۆی بناسێتو لەلایەن ئەوانیترەوە بناسرێت، ئەو بابەتەی کە گۆڕانکاری لەخۆیدا پێکدێنێت.ئەمانە کۆمەڵە تەکنیکێکن کە لەناو تەکنەلۆژیایەکانی خوددا لەگەڵ گوتاری زانستدا لێك دەبەسترێن. ئەم پرۆسەیە، زۆر بەرِوونی لەتەکنەلۆژیا دیسیپلینیەکان دەچێت کە تێیدا خاوەن دەسەڵاتەکان هەندێ گۆڕانکاری لە (جەستە بێدەنگو لارە ملەکان))دا دروستدەکەن. بەڵام یەکێك لەجیاوازییە ئاشکراکان ئەوەیە کە مرۆڤی مۆدێرن بەستەزمانو بێدەنگ نییە بەڵکو دەبێ قسە بکات. فۆکۆ ئێستا خەریکی پێشاندانی پەیوەندی مەوجودی نێوان ئەم دوو جۆرە تەکنەلۆژیایەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە چۆن ئەم دووانە لەنێو بونیادە ئاڵۆزەکانی دەسەڵاتو زاڵبووندا لێك دەبەسترێن. دیسان لەڕوانگەی فۆکۆوە، دەسەلأت تەنیا توندوتیژی یان ناچارکردنی پەتی نییە، بەڵکو بریتیە لە هەڵسوکەوتی تەکنیکە دیسیپلینیەکانو تەکنەلۆژیا پەنهانترەکانی خود. ئەرکی جینالۆژیستی مرۆڤی مۆدێرن، دەستنیشانکردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانو ڕاڤەکردنی پەیوەندیو هەڵسوکەوتی نێوان ئەم بەشانەیە. هێمای تەکنەلۆژیای خود لەسەر ئەو بڕوایە دامەزراوە کە ئادەمیزاد دەتوانێت بەیارمەتی پسپۆڕەکان، هەقیقەت سەبارەت بەخۆی بزانێو بیلێت. هەر ئەمە بۆ خۆی یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکیەکانی زانستی پزیشکیو دەروونپویشکیو هەروەها پانتایی یاسا، پەروەردەوفێرکردنو ژیانی عیشقییە. ئەم بڕوایە کە دەتوانرێت هەقیقەت لەڕێگەی تاوتوێکردنو معایەنەی ئاگایی خودو بەهۆی دانپیانانی ئەندێسەو کردەوەکانی خۆت کەشفبکەی، ئێستا هێندە سروشتی، یەکلاکەرەوەو تەنانەت بەدیهێنان دێتە بەرچاو کە لەڕواڵەتدا نامەعقولو دوور خۆدەنوێنێ کە ئەو لە خۆڕۆچوونانە وەکو ڕەگەزی سەرەکی ستراتیژی دەسەلأت لەقەڵەم بدەین. بەڵام نامەعولودوور خۆنواندنی ئەم بابەتە ئاکامی وابەسەییو پەیوەندیی ئێمەیە بەرگریمانەی سەرکوت؛ ئەگەر هەقیقەت لەخودی خۆیدا دژی دەسەلأتە ئەوا لەم حاڵەتەدا بێگومان کەشفکردنی (ئەم هەقیقەتە) ئێمە بەرەو ڕێگای ڕزگاری ڕێنمایی



دەکات. ئەم بڕوایە کە دانپیانان، حەقیەت ئاشکرا دەکات، بەهێزترین نمای خۆی لەپەیوەندی بەرجنسیەتەوە دەدۆزێتەوە، واتە لەم بڕوایەدا کە جەستەو ئارەزووەکان ئەوکاتە کە لە گۆشەنیگای تەعبیرەوە تێیبڕوانین، قوڵترین شکڵی هەقیقەت سەبارەت بەهەر تاکێكو سەبارەت بەهەموو مرۆڤەکان پێکدێنێت. لەسەردەمی تۆبەو پەشیمانی مەسیعەوە تاکو ئێستا، ئارەزووو حەزوو خواستە جەستەییەکان لەناوەندی دانپیانانداا قەراریان گرتووە. لەسەدەکانی ناوەڕاستو لەماوەی سەردەمی چاکسازی ئایینی تاکو ئێستا، زمانو تەکنیکە باوەکانی دانپیانانی ئایینی جوانو ناسکتربوونەو چوارچێوەکانیان بەچەشنێکی ڕوولەزیاد بەرفراوان بووە. فۆمۆ ڕەوتی دوورو درێژو اڵۆزی دانپیانان لە کەنیسە لەبەرگەکانی دیکەی مێژووی جنسیەت بەیان دەکات. ئێستا تەنیا ئەوەندە بەسە کە بڵێین فۆك ئەم ڕەوتە مێژووییە پڕ لەپەرەسەندنە وەکو زەمینەی گشتی بۆ گۆانی هەموو حەزو خواستە جەستەییو دەروونییەکان بۆ گوتار وەسف دەکات.

((پێشەوا مەسیحیەکان، ئەرکی تێپەڕاندنی هەمووشتێك کە پەیوەندی بەژیانی سێکسیەوە هەبێت، لەنێو دەزگای ڕانەوەستاوی گوتاردا وەکو ئەرکێکی سەرەکی ڕادەسپارد)) (پێشوو، ل٤١). تاك دەوروژیندراو هاندەدرا تاکو وتەیەکی هەمەلایەنە لە هەمبەر بارودۆخی دەروونیو خواستو شەهوەتە جەستەیەکانی خۆی پێشکەش بکات. هەر ئەم گوتارە پاشان لەڕێگەی نوێنەری دەستنیشانکراوی دەزگای دەسەلأت، واتە قەشە، دەرك دەرکاو لەسەر دەدرا. چەندایەتیو چۆنایەتی ئەم جۆرە وروژاندنو هاندانە بۆ ئەنجامدانی دانپیانان ئێستا پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. فۆکۆ فەرمانێك بەنمونە دێنێتەوە کە لەسەرەتای سەدەی سێزدە بەسەر مکەسیعیەکان دادرا، کە بریتی بوو لەوەی دەبێ ئەوان لانی کەم ساڵی جارێك دان بەهەموو گوناهەکانی خۆیاندا بنێن؛ بارودۆخو هەڵومەرجەکان لەوکاتەوە (تاکو ئێستا( بەچەشنێکی بەرچاو گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە. تەنانەت لەسەدەی شانزەوە، تەکنیکەکانی دانپیانان لە پانتاییەکی تەواو ئایینی داپچڕاانو بەسەرجەم قەڵەمڕەوو سنوورەکانی دیکەدا بڵاوبوونەوەو تەشەنەیان کرد: واتە سەرەتا لەپانتایی پەروەردە، پاشان زیندانو سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بەگرتنو

دەسبەسەرکردن‌و دواتر لەسەدەی نۆزدە لەپانتایی پزیشکیدا بلاْوبوونەوە. وردەکاریەکانی بلاْوبوونەوەو بەرفراوانبوونی دانپیانان بەم جۆرە لەبەرگەکانی دیکەی مێژوویی جنسیەتدا تاوتوێ دەکرێت. بەلاْم نەزعەی جێگەی مەبەستی فۆکۆ زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە. دانپیانان کە سەرچاوەو بنەمایەکی مەسیعیانەی هەبوو بوو بەتەکنەلۆژیایەکی گشتی. لەڕێگەی دانپیانانەوە، وردترین چێژی تاکەکەسی‌و بزوتنەوە رۆحیەکان، قالبی دەرککردن ناسین، پێوان‌و ڕێکوپێککردن بوون. لەهەناوی خەریکبوونی هزری مەسیعیەتەوە بەژیانی سێکسی، ئەم گریمانەیە سەری هەلْدا کە ژیانی سێکسی لەنێو تۆڕی دەسەلاْتدا لەسەدەی نۆزدە واتە لەکاتێکدا هەلگیرا کە تاك دەبووایە لەلای خاوەن پلەوپایەکانی دی بەتایبەتی پزیشکەکان، دەروونپزیشکەکان‌و زانا کۆمەلاْیەتییەکان دان (بەکارەکانی خۆیدا)بنێت. بەهەرحالْ فۆکۆ بانگەشەی ئەوە ناکات کە هۆگری بەژیانی سێکسی حەتمەن گیرۆدەی تەکنەلۆژیاکانی خودو پەیوەندیەکانی دەسەلاْتە. دوو شێوازی باو بۆ تاوتوێکردنی ژیانی سێکسی لە ئارادایە: یەکێکیان ئەدەب‌و هونەری عاشقانە (Arts erotica)و ئەویتریان زانستی ژیانی سێکسی (Scienta sexualis). لەشارستانیەتە گەورەکان جگە لەشارستانسەتی ڕۆژئاوایی، وەکو ئەدەب‌و هونەری عاشقانە هەلْسوکەوت لەگەلْ ژیانی سێکسیدا دەکەن کە تێیدا ((هەقیقەت لەخودی چێژەوە سەرچاوە دەگرێت وەکو کردارێك لێی تێدەگەن‌و وەکو ئەزموونێك کەلْەکە دەبێت)) (پێشوو، ل٧٥). چێژ ئامانجی چێژەوە وەکو پاشکۆو لقێکی سوود، ئەخلاق‌و بەتایبەتی هەقیقەتی زانستی لەقەلْەم نادرێت. جنسیەتیش هێمای خودی فەردی نییە بەلْکو کۆمەلْە کردارو پەیڕەوێکی عاشقانەیە کە مامۆستا فێری قوتابی دەکات. ئەم ڕێوڕەسمەو شەعایرە بەلْێنی ((زالْبوونێکی ڕەها بەسەر جەستە، بەختەوەرییەکی بێ وێنە، بێ خەبەربوون لەکات‌و سنوورەکانی، ئیکسیری ژیان، لەبەردەم لابردنی‌و نەهێشتنی مەرگ‌و هەڕەشەکانی)) دەدات)) (پێشوو، ل٨٥).

ڕۆژئاوا لەسەر ڕێگایەکی دیکە واتە ڕێگای زانستی جنسیەتدا ڕاوەستاوە. ئامانجەکەی بەتینکردن‌و زیادکردنی چێژ نییە، بەلْکو ئامانجی سەرەکی هزرو کردەوەیەکە کە پەیوەندی بەچێژەوە هەبێت. ئەم جۆرە ڕێکخستن‌و دەربڕینە کاملْەی حەزو خواستەکان، مەعریفەیەکی بەرهەمهێناوە کە وادیارە ساخلْەمی دەروونی‌و جەستەیی تاك‌و خۆشگۆزەرانی کۆی لەخۆگرتووە. ئامانجی کۆتایی ئەم مەعریفەیە ڕاڤەییە، سوود، ئەخلاق یان هەقیقەتە. لەسەدەی نۆزدەدا گوتاری پەیوەندیدار بەجنسیەت لەگەلْ زانستە نوێیەکانی مرۆڤدا تێکەوە گلان‌و هێدی‌هێدی (ئەرشیفی گەورەی چێژ) پێکهات، زانستی پزیشکی، دەروونپزیشکی‌و زانستە پەروەردەییەکان، حەزو خواستیان گۆڕی بۆ گوتارێکی زانستی ڕێکوپێك. سیستەمی پۆلێنکردنی جیاواز دروستکرا، زانیارییەکی بەربلاْو زۆر بەوردی کۆکرایەوەو ((زانستی دانپیانان)) کە پەیوەندی لەگەلْ بوارە پەنهان‌و دەرنەبڕدراوەکاندا هەیە، پێکهات. گرفتی زانایانی زانستی جنسیەت ئەوە بوو کە چۆن هەلْسوکەوت لەگەلْ ئەو لافاوە بکەن کە لەخوارەوەڕا سەرهەلْدەدات لەڕوالْەتدا هیچ گرفتێك لەدروستکردنی کرانەوەو لەبەریەککشانی گوتاری (سێکسی) لەئارادا نەبوو؛ گرفتەکە ئەوەبوو چۆن لەنێو زانستدا ڕێکبخرێت.

لێرەدا فۆکۆ جیاکردنەوەیەکی گرنگ ئەنجام دەدات‌و ئاشکرای دەکات کە زانستی پزیشکی تایبەتی بەجنسیەت لەزانستی زیندەوەرزانی جیابۆتەوە، زانستەکانی جنسیەت خاوەنی ((ناوەڕۆکی لاوازی خەیالْ‌و بۆچوونی پرنسیپی بەرایی عقلاْنیەت بوون، با لەوە بگەڕێین کە زانستیەتیان نەبوو؛ هەر ئەمە بۆ خۆی شوێنگەیەکی جیایان لەمێژووی مەعریفەدا بۆ دێنێتە ئاراوە)) (پێشوو، ل٥٤). ئەم بەشە زانستیە تێکەلْ‌و پێکەلاْوە پەیڕەوییان لە کۆمەلْە پێوەرێکی زۆر جیاوازی پێوەرە باوەکانی زیندەوەرزانی دەکرد؛ زیندەوەرزانی پاشکۆی ڕەوتی پەرەسەندنێکی زانستی وەلانراوتربوو. زانستی پزیشکی سێکسی بەردەوام لەنێو هۆگری‌و کردارە سیاسیەکاندا نغرۆ دەبوو. ئەم جۆرە گوتارانە سەبارەت بەجنسیەت سوودیان لە پێشکەوتنەکانی زانستی زیندەوەرزانی وەرگرت وەکو بەرگ‌و ئامرازی پاساو هێنانەوە. بەلاْم لەنێوان ئەم دووانەدا هەندێ لەیەکەوە گلاْنی (تداخل) مەفهوومی لەئارادابوو. ((دەتگوت بەرگرییەکی بنەڕەتی دەبووە بەربەست لەبەردەم دروستبوون‌و پەرەسەندنی گوتارێکی عەقلاْنی لەهەمبەر ژیانی سێکسی‌و فاکتەرە

لێکبەستراوەکانو شوێنەکانی. ئەم جۆرە گوتارە دەربڕینی هەقیقەت نییە بەڵکو پشتگیری کردنە لەسەرهەڵدانی (هەقیقەت) (پێشوو، ل٥٥).

فۆکۆ هەندێ جار بەچەشنێك دەدوێت کە دەڵێی خەیکە هەموو زانست تەنیا وەکو بەرهەمی دەسەلاَت لەقەڵەم بدات. ڕەخنەگرەکانی بەزۆری لەم بوارەدا بەباشی لەمەبەستی فۆکۆ تێناگەن. بەلاَم مەبەستی فۆکۆ ئەوە نییە بەڵکو ئامانجی ئەو بەردەوام دەستنیشانکردنی دوولایەنەی مەعریفەو دەسەلاَت بووە، فۆکۆ لەسەرانسەری ڕەوتی فیکری خۆیدا، تەنیا ((نیمچە زانستەکان)) یان ((زانستە نزیکەییەکان)) واتە زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەکو بابەتی خوێندنەوەی خۆی هەڵبژاردووە. ئەوانیتر بەتایبەتی ژێرژکانگیلهم (G. Canguillhem)و گاسۆتن باشلار (G. Bachelard) خەریکی خوێندنەوەی زانستە (پەتییەکان- Pure) بوونە، بەلاَم فۆکۆ بابەتێکی دیکەی هەڵبژاردووەو تاوتوێی گوتارێکی کردووە ئەگەرچی لافی ئەوەی لێداوە کە لەژێر ئالاَی زانستە نۆرماڵو پەسەندەکاندا بەرەو پێشەوە چوو، بەلاَم لەڕاستیدا زۆر بەتوندی بەستراوو بەند بووەبەکاروکردەوەکانی دەسەلاَت لەئاستێکی ورد دا. گوتارەکانی پزیشکی لەمەڕ جنسیەتەوە لەسەدەی نۆزدەدا نمونەیەکی کامڵی ئەم جۆرە نیمچە زانستەبوون. فۆکۆ دەریدەخات کە چۆن جێبەجێ کارانی ئەم گوتارانە، گوتاری هەقیقەت (واتە زانست)یان لەڕێگەی بابەتی جێگەی خوێندنەوەی خۆیان واتە ژیانی سێکسی لەگەڵ کاروکردەوەکانی دەسەلاَتدا لێکگرێدا ((هەقیقەتی ژیانی سێکسی بەرەو شتێکی بنەڕەتی، بەسوود یان مەترسیدرا، بەبایەخ، یان وەحشەتناك گۆڕانی بەسەرداهات. بەکورتی...جنسیەت وەکو پرسی هەقیقەت دەرکەوت)) (پێشوو، ل٦٥). بەپێی بانگەشەی ئەم گوتارانە ژیانی سێکسی بابەتێکە یەکیەتی بە باسە مۆدێرنەکانی ئێمە سەبارەت بەجنسیەت دەبەخشێو ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێ کە پرسەکانی توێکاررزانی، ڕۆڵە زیندەوەرزانیەکان، ئەخلاقو ڕەفتار، هەستو سۆزەکان، زانینو چێژەکان لەیەکتر کۆبکەینەوە. بەبێ ئەم ((شتە)) پەنهانو مانادارە، هەر کام لەم گوتارانە لە ئاراستەیەکی جیاوازدا قەراریان دەگرت، یاخود بەچەشنێکی ڕاستتر، خاڵی گرنگی بەڵگەخوازی فۆکۆ ئەوەیە کە بەبێ بابەتی جنسیەت، ئەم جۆرە گوتارانە بەهیچ شێوەیەك بەم جۆرەی کە ئێستا هەن، سەریان هەڵنەدەدا. لەسەدەی نۆزدە بەدواوە، ژیانی سێکسی بەرەو بنەمایەکی پەنهان، مانایەکی بەتواناو هێمایەك گۆڕانی بەسەرداهاتووە کە لەهەموو شوێنێك قابلی کەشفە. غەریزەی سێکسی ((ناوێکە دەتوانرێت بەبەروبوومە مێژووییەکان ببەخشرێت؛ (غەریزەی سێکسی) واقیقیەتێکی پەنهان نییە کە تێگەیشتن لێی کارێکی دژواربێت، بەڵکو تۆڕی ئاستێکی مەزنە کە تێیدا پاڵنەرێتی جەستەکان، بەتینکردنی چێژەکان، وروژاندن بۆ گوتار، پێکهێنانی مەعریفە تایبەتییەکانو پتەوکردنی دەسەلاَتو بەرگرییەکان بەپێی هەندێ لە ستراتیژیەکانی دەسەلاَتو مەعریفە پەیوەندی لەتەك یەکتردا دروستدەکەن)) (پێشوو، ل١٠٥-١٠٦). غەریزەی سێکسی ئەفسانەیەکی مێژووییە کە لەنێوان زانستی زیندەوەرزانیو کردارە نۆرم بەخشەکانی بایۆ- دەسەلاَتدا پەیوەندی بەرقەراردەکات. کاتێك غەریزەی سێکسی لەبنەڕەتدا وەکو ڕۆڵێکی سروشتی لەقەڵەم درا کە لەوانەیە لەهەمانکاتدا چالاك نەبێت، لەئاکامدا ئەم بیرۆکەیە بەدیارکەوت کە دەبووایە پاڵنەری سێکسی بخرێتەژێر ڕکێفەوەو کۆنترۆڵو هیدایەت بکرێت. غەریزەی سێکسی وەکو دیاردەیەکی سروشتی لە ڕواڵەتدا لەدەرەوەی پانتایی دەسەلاَتدابوو، بەلاَم فۆکۆ لەبەرانبەر ئەم جۆرە بیروبۆچوونە بەڵگە دێنێتەوە کە ڕێك هەر ئەم بەرهەمە کولتورییەی غەریزەی سێکسی وەکو هێزێکی زیندەوەرزانانە بوو کە ئەودەرفەتەی بۆ ڕەخساند هەتا لەئاستێکی ورد دا پەیوەندی لەگەڵ کاروکردەوەکانی بایۆ-دەسەلاَتدا ببەستێت. ((غەریزەی سێکسی، هزر ئامێزترین، ئایدیالی ترینو لەپیادەکردنی سوڵتەی خۆی بەسەر جەستەکانو ماددیەتەکەیانو بەسەر هێزەکان، وزەکان، شەهەواتو چێژەکانیان، ڕێکیان دەخات)) (پێشوو، ل١٥٥).

## زانستە کۆمەلاَیەتییە سوژە سازەکان

لەباسی تەکنەلۆژیای دیسیپلینیدا دەردەکەوێ کە کۆمەڵێك زانستی کۆمەلاَیەتی ئۆبژەسازی مرۆڤ وێڕای بەرفراوانبوونی دیسیپلینیەکان بەدیارکەوتن. هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە، کۆمەڵەیەکی بەربلاَو لە زانستی سروشتی وێڕای بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای ئیعترافی سەریان هەڵدا. ئامانجو تەکنیکەکانی ئەم دوو

جۆره زانسته بەتەواوی جیاوازبوون، ڕێکوپێککردنی غەریزەی سێکسی وەکو قوڵترین مانای بونیادیو پێکهێنانی جنسیەت وەکو تۆڕێکی مەفهوومو کردارەکان، زۆرتر نیازمەندو پەیوەستە بەکۆمەڵێك شێوازو پەیڕەوی ((سوژە (بکەر)ساز)) بۆ تەعبیرکردنی دانپیانانەکان نەك کۆمەڵە شێوازێکی ((ئۆبژە (بابەت)ساز))لەپێناوی پیادەکردنی کۆنترۆڵ بەسەر جەستەکاندا.معاینەو دانپیانان، تەکنەلۆژیای سەرەکی زانستە بکەرسازەکانن. لە ڕێگەی شێوازی داخیلکردنو دەرمانی معاینەو گوێ لێگرتن بوو کە جنسیەت وەکو پانتاییەکی ڕەمزدارو مانابەخشی لێهاتو تەکنەلۆژیا تایبەتیەکانی سەریانهەڵدا. هەندێ معایناتی پزیشکیو دەروونپزیشکی تایبەتی سەدەی نۆزدە، بەپێچەوانەی شێوەکانی دیکەی معاینەی پزیشکی کە بەئاراستەیەکی تەریب، بەلاّم جیا لە زانستە پزیشکیەکان بەردەوامییان وەرگرت، پێویستیان بەوەبوو کە پشکێنراوەکە بدوێتو پلەوپایەیەکی ناسراویش قسەکانی بۆ راڤەوتەفسیر بکات. هەر لەم ڕوویەوە بوو کە ئەم جۆرە پەیڕەوو شێوازانە هەر لەبنەڕەتدا هێرمنیوتیکی بوون. سەرەتا پێویست بوو هەندێ گۆڕانکاری لەشوێنگەی ئەنجامدانی دانپیانان پێکبهێنرێت، لەژینگەی دەرمانگەدا، پزیشك دەیتوانی باسی دانپیانان لەگەڵ تەکنیکەکانی موعایەنەدا ئاوێتە بکات. ئەم تەکنیکانە هەروەکو پێشتر بینیمان هەندێ دەرەنجامی لەڕووی ((ئۆبژەسازی))یەوە لێ کەوتبۆوە، ئێستا ئەرکەکە بریتی بوو لە دروستکردنیو پێکهێنانی شێوازی معاینەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێ گوتاری مانادار بکەرێك ڕێکوپێك بکاتو چاودێری بەسەردا بکات. لەکاتێکدا کە خۆتێهەڵقورتاندنو پیادەکردنی ئەو خۆتێهەڵقورتاندنە بەسەر جەستە بێدەنگو ملکەچەکان لەبنەڕەتدا ڕیفۆرمگەرانە بوو، خۆتێهەڵقورتاندنو پیادەکردنی ئەم ختیوەگلاّندنە بەسەر مرۆڤدا وەکو بکەر لەخودی خۆیاندا دەرمانگەرانەن. ئێستا جنسیەت ببوو بە پرسێکی پزیشکی: ((ئەو دەمەی هەقیقەت لەکاتی خۆیدا بەلایەنی پەیوەندیدارو لەلای کەسێك دەگوترا کە هەم بیسەری بوو هەم لێپرسراوی، {هەقیقەت} شەفابەخش بوو)) (پێشوو، ل٦٧). بەم حاڵەش هەندێ لوغزی تیۆری سەبارەت بەچۆنیەتی سوود وەرگرتن لەم جۆرە تەکنیکانەی دانپیانان لە ئارادابوو: دەبێ چۆن لەگەڵ زانیارییە وەدەست هاتووەکان لەڕێگەی ((معاینەی خود)) یان لە خۆڕۆچوون (interospection) هەڵسوکەوت بکەین؟ ئەزموون چ جۆرە شایەدیەکی دەدا بەدەستەوە؟ دەبێ چۆن لەگەڵ ((ئاگایی)) وەکو بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بجولێنەوە؟ بەکورتی، ئایا زانستی مرۆڤ وەکو بکەری ناسین ممکینە؟ بابەتەکە لە زمانی خودی فۆکۆوە بەم جۆرە بوو: ((ئایا دەتوانرێت بەرهەمهێنانی هەقیقەت لەسەر بنەمای نمونەی حقوقی-ئایینی دانپیانان، دەربڕدرێتو وەرگرتنی زانیاری نهێنی بەتۆبزی لەسەر بنەمای ڕێساکانی گوتاری زانستی دیاری بکەین؟ )) (پێشوو، ل٦٤) چۆن دەتوانین ئەم جۆرە قسانە لەناو زانستێك تەنانەت زانستێکی نامەشروعیشدا جێگە بکەینەوە. پێویستی پێکهێنانی بوونیادێکی زانستی بۆ ڕوونکردنەوەی ژیانی سێکسی، بەنۆرەی خۆی بەو مانایە بوو کە تەنیا زانا پەروەردەکراوەکان دەتوانن لەم چەشنە قسانە تێبگەن نەك خودی تاکی قسەکەر.

لەچوارچێوەی دانپیانانداا، چەندە بکەری قسەکەر زیاتر بدوێت (یان زۆرتر ناچار بکرێت قسە بکات) زانست، ناسینێکی زیاتر وەدەست دێنێت، چەندە پانتایی معاینەی مەشروع سەبارەت بەئاگایی بەرفراوانیەکی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، تۆڕی تەکنەلۆژیای ئیعترافی وردترو بەربلاّوتر دەبێت. لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئەم جۆرە دەسەلاّتە، دەرکەوت کە بکەری گوتار (یان گوتە) بۆخۆی نەیدەتوانی داوەری کۆتایی وتەکانی خۆی بێت. لەبەرئەوەی ژیانی سێکسی وەکو ڕازو ڕەمزێك لەقەڵەم دەدرا، بکەری جنسیت تەنیا بەهۆی خۆپارێزی یان ئەخلاق یان ترسەوە حەشاری نەدەدا بەڵکو ئەو لەبنەڕەتدا نەیدەتوانی پەی بەهێماو ڕەمزی جنسیەتی خۆی ببات.

گرنگی تەواوی واتای جنسیەت بەو جۆرەی کە لەژینگەی دەرمانگادا دەرك دەکرا، تەنیا بەهۆی ((ئەویتر))ێکی (واتە پزیشکێکی) چالاكو بەهێزەوە دەیتوانی خۆی دەربخات. ئەو پزیشکەی گوێی لەم جۆرە گوتارە دەگرت، ئەرکی سەرشانی بوو پەردە لەسەر ڕەمزەکانی هەڵماڵێت. ((ئەویتر)) بوو بەپسپۆڕێکی لێهاتوو لەدۆزینەوەی ماناداروو شارەزایی لەهونەری راڤەکردندا پەیداکرد بیسەر یان گوێگر بەرەو ((مامۆستای هەقیقەت)) گۆڕانی بەسەرداهات. ئەوەی لەسەرەتادا ڕۆڵێکی دادوەریو ئامۆژگاری ئەخلاقی بوو، بوو بەڕۆڵێکی ڕاڤەییو هێرمینوتیکی ((لەپەیوەندی

لەگەڵ دانپیاناندا، دەسەلاتی ((ئەویتر)) نەك هەر لەوەدابوو کە پێش وەخت خوازیاری ئەنجامدانی دانپیانان بێت، یان سەبارەت بەدەرەنجامەکانی بڕیار بدات، بەڵکو سەرەڕای ئەمانە دەیتوانی لەسەر بنەمای کردنەوەی ڕەمزەکانی گوتاری هەقیقەتیشی لێ پێکبێنێت، سەدەی نۆزدە بەگۆڕینی جنسیەت بەشێکی شێواوی راڤە، دەرفەتی وەڕێخستنی شێوازەکانی دانپیانانی لەناوفۆرمۆلبەندیەکی رێكوپێکی گوتاری زانستیدا بۆخۆی رەخساند"(پێشوو ٦٧). بەم چەشنە زانستی هێرمینوتیك، واتە ئەو زانستە ئیشوکاری لەگەڵ مانای قووڵدا هەیە، ئەو مانایە کە حەتمەن لەچاوی بکەری گوتارەوە بزرەو، بەلام بەم حاڵەش بۆ راڤەو تەفسیر دەست دەدات، جەمسەرێکی دیکەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی داگیرکرد. لەڕوانگەی فۆکۆوە بەگشتی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە زانستە هێرمینوتیکیانە لەسەردەمی نوێدا لەدوو قۆناغدا هاتە ئاراوە. لەقۆناغی یەکەمدا مرۆڤ وەکو بکەر (سوژە) دەیتوانی لەڕێگەی دانپیانان، حەزو خواستەکانی خۆی لەقاڵبی گوتاری گونجاودا دەرببڕێت. بیسەر، بکەری گوتاری دەوروژاند، حوکمی بەسەر دادەداو یان دڵی دەدایەوە، بەلام واتای بنەڕەتی گوتار، لانی کەم بەشێوەی مەبدەئی هەروا لەبەر دەستی خودی بکەری گوتاردابوو. فۆکۆ دەروونپزیشکێکی نیوەی سەدەی نۆزدە بەناوی لوریا (Luria) بەنمونە دێنێتەوە کە شێوازی خۆشتن بەئاوی ساردی بەکاردێنا؛ نەتەنیا دانان بەشێتایەتی بەڵکو پەسندکردنی شێتایەتیەکە لەلایەن خودی نەخۆشەکەوە ڕەهەندی سەرەکی ئەم دەرمانەی پێکدەهێنا. لەقۆناغی دووەمدا کە تاڕادەیەك هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی فرۆید، بکەری گوتار ئیدی بەبێ توانا بۆ تێگەیاندنی حەزو خواستەکانی خۆی بۆخۆی لەقەڵەم دەدرا، هەرچەندە دیسان دەبووایە بەشێوەیەکی زارەکی دانیان پێدابنێت. مانای ناوەکی ئەو حەزو ئارەزووانە لەچاوی ئەو پەنهان‌و داپۆشراوبوو، چونکە یان خەسڵەتێکی نائاگایان هەبوو یا ئەوەتا تەمومژو ڕەشاییەکی قوڵ لەئارادابوو کە تەنیا پسپۆڕەکان دەیانتوانی راڤەی بکەن. ئێستا بکەری گوتار پێویستی بە ((ئەویترێکی)) راڤەکار هەبوو کە کوێ لەگوتارەکەی بگرێت‌و بەئاکامی بگەیەنێت‌و سەرپەرشتی بکات. بەم حاڵەش سەرەڕای ئەم جۆرە لادەرییە بوونیادیە، هێشتا بکەری گوتار دەبووایە هەقیقەتی ئەم جۆرە راڤەو تەفسیرە پسپۆڕانەیە پەسەند بکات‌و بەم شێوەیە (ئەو هەقیقەتە) بۆخۆی بسەلمێنێت. بەو چەشنە، فەردیەت، گوتار، هەقیقەت‌و ناچارکردن، شوێنێکی هاوبەشیان پەیداکرد. راڤەو مرۆڤ وەکو سوژەی مۆدێرن زامنکەری یەکترن. خاڵی دەسپێکی زانستە راڤەییەکان ئەو گرمانەیەیە کە هەقیقەتێکی قووڵبوونی هەیەو ئەم هەقیقەتە هەم ناسراوەو هەم پەنهانە ئەرکی راڤەو تەفسیرە کە ئەم هەقیقەتە بخاتە قاڵبی گوتارەوە. بێگومان مەبەست ئەوە نییە کە دەتوانرێت هەموو زانستە راڤەییەکان لەم ڕوانگە سەرپێی‌و کورتە لەهەمبەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیای دانپیانا لەبلاوکردنەوەی جنسیەتدا ڕوونبکەینەوە. هەروەك چۆن فۆکۆ بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد کە ڕۆڵی زانستە کۆمەلایەتیە عەینیەتگەرەکان ڕەنگدانەوەیەکی ساکاری زیندانە، هەر بەم جۆرە فۆکۆ زانست‌و هونەری راڤە کە ئەو ڕۆڵە بەرجەستەیان لەهزری سەدەی نۆزدەو بیستدا هەبووە بۆ معاینەی دەروونپزیشکی کورتناکاتەوە. شیکردنەوەی سەرهەڵدان‌و گەشەی کرداره راڤەییەکانی دیکەو پیشاندانی پەیوەندی‌و جیاوازیەکانیان لەگەڵ کرداره راڤەییەکانی جێگەی مەبەستی فۆکۆ، دەتوانێت لە ئایندەدا بابەتی توێژینەوەی گرنگ‌و بەسوود بێت. (بۆ نمونە دەتوانرێت ئەو گرنگیەی کە لەناکاو تارادەیەك لەهەمان سەردەم درا بە ڕۆڵی ڕوانینی بەشداری ئامێز لە ئەنترۆپۆلۆژیادا، وەبەرچاوبگرین. بەلام ناتوانین بەساکاریپرۆژەی فۆکۆ بۆ هەر پانتاییەك بگوازینەوە). لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەشێکی دەسەلات‌و توانای زانستە راڤەییەکان لەوەدایە کە ئەوان بەپێی  بانگەشەی خۆیان دەتوانن هەقیقەتی شتەکان لەمەڕ دەروونی ئێمە، کولتووری ئێمەو کۆمەلگای ئێمە بنوێننەوە؛ ئەو هەقیقەتەی کە تەنیا بەهۆی راڤەکارە پسپۆڕەکانەوە قابلی تێگەیشتنە. فۆکۆ بەم رستەیە کۆتایی بەمێژووی جنسیەت هێناوە: ((تەنزی بەکارهێنانی (زانستی هێرمینوتێکی) لەوەدایە کە ئێمە دێنێتە سەر ئەو بڕوایەی دەرفەتی ڕزگاریمان نادیارە)) (پێشوو، ل١٥٩). زانستە هێرمینوتیکیەکان تا ئەوکاتەی کە لەگەڕان بەدوای هەقیقەتێکی قووڵدان واتە جێبەجێکاری ((شێوازی هێرمینوتیکی مەیلدار بەرەو بەدگومانی))یە، تا ئەوکاتەیکە لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە کار دەکات‌و تا ئەوکاتە کە پێ لەسەر

ئەوە دادەگرێ کە هەقیقەتە کەشفکراوەکان لەدەرەوەی پانتایی دەسەڵاتدا قەرایان گرتووە، تەنیا یارمەتی بەهێزبوونی ستراتیژەکانی دەسەڵات دەکات. ئەو زانستانە لافی ئەوە لێدەدەن کە خاوەنی هەڵوێستێکی دەرەکین ئەوە لەکاتێکدایە کە بەکردەوە بەشێك بوونە لەبەکارهێنان‌و بڵاوبوونەوەی دەسەڵات. لێرەدا وێکچوونێکی بەرچاو لەنێوان ئەو پرسە میتۆدۆلۆژیانەی کە خوێندنەوەی هێرمینوتیکی بکەری گوتار لەلایەك‌و زانستە کۆمەڵایەتییە بەناو عەینیەتگەریەکان لەلایەکی دیکەوە دەیوروژێنن، لەئارادایە. لە هەردوو حاڵەتدا، جۆرە زانستێکی کۆمەڵگای ((ڕووکەشانە)) دەبینین کە مرۆڤەکان بەچەشنێکی ناڕەخنەگرانە، تەنیا وەکو بکەر یان بابەتی ناسین وەبەرچاودەگرن‌و لەخۆتێگەیشتن یان تایبەتمەندییە عەینیەکانیان بەجۆرێك دەخوێننەوە کە دەڵێی هەر ئەمانە دەرفەتی دەست ڕاگەیشتن بەواقیعیەتی هەنووکەیی لەجیهانی کۆمەیلگادا بۆ توێژەر دەرخسێنن. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لەئارادایە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ناتوانرێ تەفسیری بکەری کۆمەوە لە ڕەفتارەکانی خۆی‌و هەروەها تەفسیری زانستی کۆمەڵایەتی عەینیەتگەرا لەجیهانی کۆمەڵگا بەحوکمی ڕواڵەت قبووڵ بکەن. لەئاکامدا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەلایەك دەگاتەراڤەیەکی قوڵی بکەری کردەوە دەگات کە هەوڵدەدا دەستی بگاتە مانای ڕاستەقینەی ڕەفتاری خۆی واتە ئەو مانایەی کە لەبەرچاوی ئەو بزرەو لەلایەکی دیکەوە هەوڵ‌و کۆششێکی لێ دەکەوێتەوە بۆ پێکهێنانی تیۆرییەکی بابەتی سەبارەت بەکردارە پێش زەمینەییە مێژووییەکان کە دەرفەتی بابەتسازی تاك‌و تیۆری دانان دەڕەخسێنێ.

لەهەردوو حاڵەتدا هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی زانستی کۆمەڵایەتی زەینگەراو عەینگەرا لەڕێگەی ((قوڵتر) بوونەوە، تووشی گیروگرفت دەبێت. هەروەك نیچەو فۆکۆ ئاماژەیان بۆ کردووە، خودی بیرۆکەی دۆزینەوەی واتایەکی قووڵ لەپشت ڕواڵەتەکان، تا ئەو شوێنەی کە لەخەیاڵی داگیرکردنی واقیعیەتی هەنووکەیی دایە، لەوانەیە بۆخۆی لە وەهمێك زیاتر نەبێت ((ئەو تیۆرە هێرمنیوتیکیەی کە لەسەر بەدگومانی دامەزراوە)) بەڕاستی لەخۆگری ئەم بەدگومانیە ئازار دەرەیە کە بۆخۆی بەرادەی پێویست بەدگومانانە نەبووە.

زانستە کۆمەڵایەتییە عەینیەتگەراکان، تا ئەوشوێنەی کە خوازیاری تیۆرێکن سەبارەت بەگەشتیەت تووشی ئەم کێشەیە دەبن کە مانای جێگەی مەبەستی خوێندنەوەی ئەوان لەڕواڵەتدا بەشێکە لەهەموو داستانەکە، بەڵام لەدەرەوەی قەڵەمڕەوو سنووری پشکنینی ئەواندایە. لەئاکامدا ناچار دەبن خاڵ‌و بۆچوونی کاربەدەستەکان‌و لەویش گرنگتر، مانای خودی کردارە پێش زەمینەیەکان بەچەشنێکی ئەوتۆ وەبەرچاو بگرن کە دەڵێی لەڕووی عەینیەوە بۆ تێگەیشتن دەشێن. ئەمە بۆخۆی دەربڕینێکی میتۆدۆلۆژی لەم جۆرەی لێدەکەوێتەوە کە ئەم چەشنە ((مانایە)) دواجار لەسەر حسێنی ((سیستەمە بیروباوەڕیەکان)) ((زەمینەی مێژوویی پەرەسەندن (لەتیۆری زیندەوەرزانی کۆمەڵایەتی) )) یان ((ڕێسای بنەمای نیمچەبەرزانێتی دامەزراوە وەبەرچاو دەگرێت (پێشتریش ئەوە روون بۆتەوە) کە چۆن ئارکیۆلۆژیای مەعریفەی فۆکۆ کە یەکێکە لە ئاڵۆزترین راڤەکانی ڕێگە چارەی (سێهەمە) تووشی تێکشکان هات، دوو ڕێگاکەی دیکە (واتە زانستی ئیدراکی‌و زیندەوەرزانی کۆمەڵایەتی)یش کێشەی تایبەت بەخۆیانیان هەیە مەبەست ئەوە نییە کە ئەم جۆرە کێشەو گرفتە میتۆدۆلۆژیە بنەمایانە ئەنجام‌و کاریگەری تەواوی شێوازەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی کەمدەکەنەوە بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە هەقیقەتی بانگەشەکانیان نەبوونەتە فاکتەری بەردەوامی‌و برەوەی ئەوان. زانستی کۆمەڵایەتی راڤەییش، تەنانەت ئەگەر بانگەشەکانیان لەم بارەیەوە قبوڵ بکەین کە لەدەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتدان، بەو حاڵەش تووشی ئاستەنگی حەتمی‌و دیاریکرابوونە. زانستە کۆمەڵایەتییە بابەتیەکان ناتوانن مەرجی دەرفەت، مەشروعیەت‌و دەست ڕاگەیشتنی خۆیان بەبابەتەکان ڕوون بکەنەوە، چونکە ئەو کردارانەی کە دەرفەتی بابەتسازی یان عەینسازی دەڕەخسێنن، دەکەونە دەرەوەی پشکنینی ئەوانەوە. بەم جۆرە (وەکو) زانستی کۆمەڵایەتی ((زەینی)) ناپایەدارو ناسەقامگیر دەمێننەوەو هەرگیز ناگۆڕێن بۆ زانستی نۆرماڵ، چونکە ئەوان دەسەڵاتی دەربڕینی کۆتاییان دەخەنە پاڵ مانای ڕۆژانە یان دەیخەنە پاڵ مانای قووڵ، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەوەی دەرفەتی زەینیەت‌و مانا دەلوێنێت، دەکەوێت‌و لەناودەچێت. مانای ڕواڵەتی‌و مانای قووڵ هەردووکیان لەنێو کۆمەڵەیەکی تایبەتی

کرداره مێژووییەکاندا بەرهەم دێن‌و هەربۆیە تەنیا بەپێی ئەم کردارانە بۆ تێگەیشتن دەشێن. بەم حاڵەش کرداره کولتوریە مەیلدارەکان بەرەو بەعەینیەتبوویی‌و بە بابەتبوویی مەرج نییە تووشی تێکشکان بێن. ئەم بابەتە دیسان دەمانگێڕێتەوە سەر بایۆ — دەسەڵات. هەروەك بینیمان یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی دەسەڵاتی مۆدێرن وێناکردنی مەعریفەیە وەکو شتێکی دەرەوەی دەسەڵات. هەروەها گریمانەی سەرکوت کە تەوەرەی بایۆ — دەسەڵاتە هەر لەسەر بنەمای گریمانەی دەرەکی بوون‌و جیاوازی (مەعریفەو دەسەڵات) دامەزراوە. مەرجی سەرهەڵدانی زانستە مرۆڤایەتیە ئوپژەکارەکان بەم جۆرە بوو کە لەڕواڵەتدا تەنیا ڕێگای لۆژیکی وەدەست هێنانی زانستێکی مرۆیی تەواو بابەتی ئەوەیە کە بەسەرکەوتنێکی تەواوەوەمرۆڤەکان وەکو بابەت بخەینەڕووو بونیادیان بنێینەوە. فۆکۆ ڕفزی ئەم دەرفەتە ناکات، بەلاّم ئەگەر بڕیاربوو شتێی ئەوتۆ ڕووبدات (کە بەگەلێك هۆکاری روون‌و ئاشکرا ڕووی نەداوەو ڕوونادات)، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا تیۆرێکی ئەوتۆ دیسان ئەو کردارانە حەشاردەدات کە بوونە هۆی پێکهێنانی فعلیەتەکەی. هەموو جۆرە زانستێکی کۆمەلاّیەتی تێڕوانینێکی بەرتەسك بەلاّم گرنگ پەروەردە دەکات. مرۆڤەکان لە کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەپلەیەکی گونجاو لە ساخڵەمی کردەیی، دەزانن چی دەڵێن‌و چی دەکەن. بەلاّم ( ئەمە خاڵی گرنگی تیۆری هێرمینوتیکی دامەزراو لەسەر بەدگومانیە) ڕەنگە هەر ئەم کردەوانە مانای دیکەیان هەبێت کە ئەکتەرەکانیان لەسەریان ناوەستن‌و پێی لەسەر داناگرن لەڕووی عەینیەوە، بەشێکی زۆری ڕوخسارەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی بەراسی چەشنێکی ئامرازیانەی ڕێك‌و پێك کراون‌و هەربۆیە بەجۆرێکی گونجاوو لەبار لەلایەن زانستە کۆمەلاّیەتیە عەینیەکانەوە تاوتوێ دەکرێن، بەلاّم خەسڵەتە عەینیەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زانستی کۆمەلاّیەتی عەینی‌و((ساکارخواز)) بەشێکی لە پارادایمی بوونیادمەندو ڕێکنەخراوی بەرفراوانتر پێکدێنن؛ لەم بوارەدا ئەو گروپە لە زانا کۆمەلاّیەتیەکان کە خەریکی خستنەڕووی راڤەیێکی تیۆرین بۆ چوارچێوەی گشتی‌و یەك لەوان کرداره پێش زەمینەییەکان، قسەیەکیان بۆ گوتن هەیە.

سەرەنجام، ئەگەر بۆچوونی فۆکۆ ڕاست بێت. هەر ئەم گیروگرفتانەی کە بەرۆکی زانستە کۆمەلاّیەتییەکانیان گرتووە، بۆخۆیان بەسەرچاوەیەکی لێوان لەبێ ڕێسایی لەقەڵەم دەدرێن. دەرفەتی ئەوەی کە سەرەنجام ئەم جۆرە بێ ڕێساییانە تەسلیمی شێوازە زانستیەکان ببن، پاساو بۆ بەخشینی یارمەتی دارایی لێکۆڵینەوە، بەرفراوانبوونی هەلی توێژینەوەو کاروکردەوەی دەزگا حکومییەکان بەئاراستەی پارێزگاریکردن‌و برەودان بەو زانستە کۆمەلاّیەتییە، دێنێتەوە. هەروەك لەمەڕ زیندانەکان بینیمان، بێ توانایی ئەوان لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان، بێ ئیعتیباریان ناکات؛ لەڕاستیدا خودی ئەم کەموکوڕی‌و بێ تواناییە بیانوویەك دەخاتە ژێر دەستیان بۆ بەرفراوانکردنی بەرنامەکانیان. تەنیا کاتێ لەپەیوەندی پێچەوانەی نێوان پێشکەوتنە مەعریفیەکان‌و سەرکەوتنە کۆمەلاّیەتییەکانیان تێدەگەین کە لە ڕۆڵی زانستە کۆمەلاّیەتییەکان لەناو کۆمەڵگاو شێوازی پێویست‌و ماناداربوونی ئەم ڕۆڵە بەهۆی ڕەوتی پەرەسەندنی درێژخایەنی کرداره ئیعترافی‌و دیسیپلینیەکان تێبگەین.

بەلاّم وێکچوونی نێوان ڕەهەندی عەینی‌و زەینی ڕیوایەتی فۆکۆ لێرەدا کۆتایی پێدێت. فۆکۆ لە دیسیپلین‌و سزادا بەلێنی هیچ چەشنە زانستێکی کۆمەلاّیەتی عەینی باشتر نادات، بەلاّم لە مێژووی جنسیەت نمونەیەکی ڕوون‌و ئاشکرای زانستێکی راڤەی باشتری خستۆتە بەردەستی ئێمە. فۆکۆ بە لەبەرچاوگرتنی ڕیوایەتی دروستبوونی مێژووی زانستە راڤەییەکان وەکو بەشێك لە بایۆ — دەسەلاّت (بەو مانایە کە ڕۆڵی ئەم زانستانە دروستکردن‌و ڕێکوپێککردنی بابەتێکی نەبوو واتە غەریزەی سێکسیە کە پاشان لەڕێگەی ئەوەوانەوە کەشف دەبێت) تەعبیرێك لەم ڕووداوە بەدەستەوە دەدات، راڤەیێك کە تیۆر (بەمانا باوەکەی) نییەو لەسەر بناغەی مانای قووڵ، سوژەیەکی یەکپارچە، واتایەکی ڕیشەدار سروشت‌و یان دەست ڕاگەیشتنی پسپۆڕیانەی راڤە (بەهەقیقەت) دانەمەزراوەو قایم نەبووە. ئەگەر ئێمە جۆرە چەوت‌و ناراستەکەی شێوازی راڤەی بە ((هێرمنیوتیك) ناوزەد بکەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانین میتۆدی فۆکۆ ناوبنێین ((شیکردنەوە راڤەیەکان)). شیکردنەوە راڤەیەکان بەهۆی شیکردنەوەو ڕاڤەی پرسی جدیەت‌و ماناو بەبێ پەنابردنەبەر تیۆر یان مانای قووڵی کۆتایی، خۆی لە کەوتنە داوی بوونیادگەری‌و تیۆری هێرمنیوتیك دەپارێزێت.

ژێدەر

میشل فۆکۆ، فراسوی ساختگراییو هرمنیوتیك، هیوبرت دریفوسو پل رابینوا، ترجمه حسین شیریە، ١٣٧٩. ٢-بەرگەکانی دیکەی (مێژووی جنسیەت) بریتین لە :

-Histoire de la sexualite vol 2. lusage des pla- sir (Gallimard paris, 1984).

-Histoire de la sexualite vol 3. le souci (Gallimard paris, 1984).

-Histoire de la sexualite vol 4. les Aveux da (Gallimard paris, 1984). chair


# سیاسەتو عەقڵ

**میشێل فوکو**

دەزانم ئەو ناوونیشانە وا واپێدەچێت لە لافلێدانو ڕواڵەتبازی نزیك بێت، بەڵام پاساوەکەی ڕێك لە هۆکارەکەیدا خۆی مەڵاس داوە. لەسەدەی نۆزدەوە، هزری ڕۆژئاوا هەرگیز لە ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی عەقڵ-یان بێ عەقڵی- لە بونیادە سیاسەکاندا ئاسوودەیی بەخۆیەوە نەبینیوە. لەم ڕووەوە، جارێکی تر خۆخەریك کردن بە بەرنامەیەکی بەرفراوانی لەم جۆرە بە تەواوی نابەجێیە، بەڵام ئەو هەموو هەوڵەی ڕابردوو بۆ خۆی گرێنتی ئەوەیە کە هەرچەشنە هەوڵدانێکی تازەش وەکو هەمان بەختەوەری-یان لانی کەم، ڕەنگە بەهەمان خۆش شانسیی- هەوڵەکانی پێشووتر بێت. لەژێر سایەی هەوڵێکی ئەوتۆ، من تەنیا لەوە شەرم دەمگرێت کە جگە لەهەندێ گەلاڵەو پێشنیاری سەرەتاییو ڕەشنووسی تەواو نەکراو، هیچ شتێکم لەژێر دەستدا نییە. ماوەیەکی درێژە فەلسەفە دەستی لە هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی بێ توانایی عەقڵی زانستی هەڵگرتووەو ئیدی کۆشش ناکات بیناکەی خۆی تەواو بکات.یەکێك لەو کارانەی کە چەرخی ڕۆشنگەری خستبوویە سەر شانی خۆی بریتی بوو لە بەرفراوانکردنی هێزو سەڵاحیاتی سیاسیی‌عەقڵ، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە پیاوانی سەدەی‌نۆزدە ئەم پرسیارەیان لەخۆیان کرد کە ئایا لەکۆمەڵگای ئێمەدا عەقڵ لەڕادەبەدەر بەهێز نەبووە؟ وردە وردە ئەو پێوەندییە تووشی دڵەڕاوکێی کردن کە بەشێوەیەکی غامز پێیان وابوو لەنێوان کۆمەڵگای ئامادە بۆبە عەقلانی بوونو هەندێ مەترسی لەسەر تاكو ئازادییەکانیو تەنانەت مرۆڤایەتیو مانەوەی، لەئارادایە. بەجۆرێکی تر، لەکانت بەدواوە، ڕۆڵی فەلسەفە ئەوەبووە کە نەهێڵێ عەقڵ لە سنووری ئەو شتەی کە لە ڕێگای ئەزموونەوە بە ئێمە گەیشتووە تێپەڕێت، بەڵام هەر لەو چرکەساتە- واتە لە سەردەمی سەرهەڵدانو پێگەیشتنی دەوڵەتە نوێیەکانو بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیی کۆمەڵگا- فەلسەفە ئەرکێکی دیکەشی هەبووە کە بریتییە لە دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری عەقلانییەتی سیاسی، کە ئەمە خۆی مژدەبەخشی سەرە هەودایەکی درێژە لە ئایندەدا.هەموو کەسێك ئەم واقیعییەتە کەم بایەخە دەزانێت، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی واقیعییەتەکان کەم بایەخن نابێتە هۆی ئەوەی کە بوونیان نەبێت. ئەوەی کە دەبێ لەگەڵ واقیعییەتە کەم بایەخەکاندا بیکەین ئەوەیە کە تێبگەین-یان هەوڵ بدەین تێبگەین- کام یەك لەکێشە دیارو ڕەنگە تازە دەرکەوتووەکان پەیوەندییان بەمانەوە هەیە.پێوەندی عەقلانییەتو دەسەڵاتی سیاسیی توندڕۆ، بەشێکە لەشتە بەدیهیەکانو پێویست ناکات چاوەڕوانی بیرۆکراسی یان ئۆردوگای کاری زۆرەملێ بین بۆ ئەوەی بوونی ئەم جۆرە پێوەندییە دەستنیشان بکەین، تەنیا کێشەکە ئەوەیە کە دەبێت چی لەگەڵ ئەم واقیعییە بەدیهییەدا بکەین؟

عەقڵ دادگایی بکەین؟ بەبڕوای من، هیچ کارێك لەمە بێ سوودتر نابێ. سەرەتا لەبەر ئەوەی کە پانتایی جێگەی مەبەستی ئێمە هیچ پێوەندییەکی بەتاوان بان بێ گوناهییەوە نییە. دووەم بەو هۆیەوە کەمانای نییە ((عەقڵ)) وەکو شتێکی دژی ((ناعەقڵ)) لەقەڵەم بدەینو سەرەنجام لەبەر ئەوە کە ئەم جۆرە دادگایی کردنە دەمانخاتە تەڵەی جێبەجێ کردنی ڕۆڵی سەرەڕۆیانە یان هیلاککەری عەقڵییەکان

یان دژە عەقڵەکان.کەواتە چۆنە خەریکی لێکۆڵینەوە بین لەم بەشەی مەزهەبی عەقڵ کەوا دێتە بەرچاو بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی کولتووری ئەمڕۆی ئێمە پێکدێنێ‌و لەچەرخی ڕۆشنگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ پێم وایە ئەمە ڕێك شێوازی هەندێ لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، بەڵام مەبەستی من لێرەدا دوان لەسەر کارەکانی ئەوان نییە کە بێگومان زۆر گرنگ‌و بەنرخن. من ڕێگایەکی‌تر بۆ توێژینەوە لە پێوەندی نێوان بە عەقڵانی کردن‌و دەسەڵات پێشنیار دەکەم کە بەم جۆرەیە:

(١) ڕەنگە کارێکی ژیرانەبێت کە بە عەقڵانی کردنی هەموو کۆمەڵگا یان کولتور وەبەرچاو نەگرین‌و لەبەرانبەر ئەمەدا، ئەم ڕەوتە لە چەندین پانتایی وەکو شێتی‌و نەخۆشی‌و مەرگ‌و تاوانباری‌و جنسییەت‌و....تاد، شیبکەینەوە، کە هەر کامێکیان لەسەر ئەزموونێکی بونیادی دامەزراون.

(٢) وابزانم ((بەعەقڵانی کردن)) وشەیەکی مەترسیدارە. کاتێك خەڵك هەوڵدەدەن شتێك بە عەقڵانی بکەن یان ڕووخسارێکی عەقڵانیی پێببەخشن، گرفتی گەورە زانینی ئەو ڕاستییەیە کە سوود لە چ بەشە عەقڵانییەتێك وەردەگرن، نەك لێکۆڵینەوە کردن لەسەر ئەوەی کە ئایا پەیڕەوی لە پڕنسیپەکانی عەقڵانییەت دەکەن یان نا.

(٣) سەرەڕای ئەوەی چەرخی ڕۆشنگەری یەکێکە لە قۆناغە یەکجار گرنگەکانی مێژووی ئێمەو گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای سیاسی، بەڵام پێم وایە گەر بمانەوێت لەوە تێبگەین چۆن لەمێژووی خۆماندا بە داوەوە بووین، دەبێت بۆ ڕەوتە زۆر دورترەکان بگەڕێینەوە.

ئەوە ئەو ڕاستە هێڵە بوو کە من لەکارەکانی پێشوودا بەدوایدا دەچووم، واتە شیکردنەوەی پێوەندیی ئەزموونگەلی وەکو شێتی‌و مەرگ‌و تاوانباری‌و جنسییەت لەگەڵ چەند تەکنەلۆژیایەکی دەسەڵاتدا. ئەوەی ئێستا کە پێوەی خەریکم‌و کاری لەسەر دەکەم پرسی فەردییەت- یان بەجۆرێکی باشتر - ((خود- شوناسی))یە کە وەکو بابەتی ((بە فەردی کردنی دەسەڵات )) ئاماژەی پێ دەکرێت. هەموو لایەك ئەوە دەزانن کە لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا دەسەڵاتی سیاسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ڕوخسارێکی چەقبەستوو بەخۆوە دەگرێت. لە دەیان ساڵ لەمەوپێش، مێژوونووسەکان خەریکی خوێندنەوەی دەوڵەت‌و دەزگا جێبەجێکردن‌و بیرۆکراسییەتەکەی بوونە. من گەرەکمە لەم دوو وتارەمدا دەرفەتی شیکردنەوەی بەشێکی دیکەی گۆڕانی ڕوخساری ئەم جۆرە پێوەندییە کە لەسەر بنەمای دەسەڵات دامەزراوە، پێشنیار بکەم. ئەم ڕوخسار گۆڕانە ڕەنگە هێندە بەناوبانگ نەبێت، بەڵام پێموایە بەزۆری لەلای کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ گرنگە. پێدەچێت، ئەم گۆڕانکارییە لەگەڵ گۆڕانکاری بەرەو دەوڵەتی چەقبەستوو دژایەتیی هەبێت، مەبەستم بەرفراوانکردنی هونەری دەسەڵاتدارێتی بە ئاراستەی تاکەکان‌و لەپێناو فەرمانڕەوایی کردن بەسەریانداو بەشێوەیەکی بەردەوام‌و هەمیشەییە. ئەگەر دەوڵەت، ڕوخساری سیاسی چەقبەستوو و ناوەندییەت بەخشی دەسەڵات بێ، مۆڵەتم بدەن ((شوانی)) بە فەردی کردنی دەسەڵات ناوزەد بکەم. من گەرەکمە ئەمشەو سەرچاوەی ئەم ڕوخسارەی شوانێتیی دەسەڵات یان لانی کەم هەندێ لەلایەنەکانی مێژووی کۆنی ئەم شوانییەتییە بەشێوەیەکی سەرپێیی وێنە بکێشم. لەوتاری ئایندە (بەشی دووەم)دا هەوڵ دەدەم دەریبخەم کە چۆن شوانێتی لەگەڵ دژی خۆی واتە دەوڵەت کۆکرایەوە.

★ ★ ★

یۆنانی‌و ڕۆمانەکان ئاشنایەتییان نەبوو لەگەڵ وێنای خوا یان پاشا وەکو ڕێبەر، وەکو شوانێك کە مێگەلە مەڕ لەبەردەمی شۆڕدەبێتەوەو دادەگەڕێ. دەزانم هەندێ ڕیزپەڕ لە ئارادا بوو — لەسەرەتادا لە بەرهەمەکانی هۆمۆرۆس‌وو دواتر لە هەندێ دەقی ئیمپراتۆریەتی سەفلا.

پاشان بۆ ئەم ڕیزپەڕانە دەگەڕێمەوە. دەتوانین بەشێوەیەکی نزیکەیی بڵێین کە ڕەگەزدۆزی (جناس)ی مێگەل لە نووسینە سیاسییە مەزنەکانی یۆنان‌و ڕۆماندا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام لە کۆمەڵگا دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتدا — میسرو ئاشوورو یەهودییە بەم جۆرە نین. فیرعەون، شوانێکی میسری بوو وتەنانەت وەکو بەشێك لە سرووت لە ڕۆژی تاجدانانددا گۆچانی چەماوەی شوانێتییان پێ دەدا. ((شوانی ئادەمیزادەکان)) یەکێك بوو لە نازناوەکانی پاشاکانی بابل، بەڵام خواش شوانێك بوو

کە ئادەمیزادەکانی بەرەو لەوەڕگاکان ڕێنمایی دەکردو بژێوی دابین دەکردن. لەیەکێك لە سروودەکان بۆ ستایش کردنی ڕەع (١) دەڵێن: ((ئەی ئەو ڕەعەی لەکاتێکدا کە هەموو ئادەمیزادەکان دەچنە خەوەوە تۆ بێدارو چاوەدێری، تۆ کە! ئەوەی مێگەل بۆ باشە دەتەوێ..)) خواو پاشا بە ئاسانی لە یەکتر گرێ دەدرێن، چونکە هەردووکیان یەك ڕۆڵیان لەسەر شانەو ئەو مێگەلەی چاوەدێری لێ دەکەن یەکێکەو مەخلووقەکانی شوانی گەورە، واتە خواوەند، بەشاشوان دەسپێردرێن. لە یەکێك لە نزا ئاشوورییەکاندا بەم جۆرە لەگەڵ پاشا دەدوێن: ((یاری بەناوو دەنگی لەوەڕگاکان، ئەی تۆ کە تیماردەری خاکیو ڕزقو ڕۆزی پێ دەگەیەنی. شوانی هەموو هەبوونیو نیعمەتێك))، بەڵام هەروەکو دەزانین عیبرانییەکان بوون کە گەشەیان بەناوەڕۆکی شوانێتیداو قووڵیان کردەوە — وەلێ لەگەڵ ئەم خەسڵەتە یەکجار زۆر تایبەتییە کە خواو تەنیا خوا شوانی قەومی خۆیەتی — تەنیا ڕیزپەڕێکی پۆزەتیڤ لەمەڕ داوودەوە لەئارادایە کە دامەزرێنەری پاشایەتییەو تەنیا کەسێکە کە بەناوی شوانەوە ئامـاژەی بۆ دەکرێتە، چونکەخوا کاری دابین کردنی مێگەلی بە ئەو سپاردووە. هەڵبەتە هەندێ ڕیزپەڕی نێگەتیڤیش هەیە: پاشا گلاّوو کردارپیسەکان کە بەردەوام بە شوانی خراپ، پێناسە دەکرێن، چونکە مێگەل پەرشوبلاّو دەکەنو لێدەگەڕێن لە تینووان بمرنو خورییەکەی تەنیا بۆ سوودخوازی دەڕننەوە. تاقە شوانی ڕاستەقینە، یەهوەیە کە قەومەکەی لەلایەن خۆیو بەهاوکاریی پێغەمبەرەکانی هیدایەت دەکات. لە مەزامیر (داوود لە تەورات) داهاتووە: ((تۆ قەومی خۆتت وەکو مێگەلێك بەدەستی مووساو بەدەستی هاڕوون ڕێنماییو هیدایەت کردووە.)). هەڵبەتە من ناتوانم لەسەر سەرچاوەی ئەم بەراوردە یان ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکەی لەمێژووی هزری یەهوودی-دا بدوێم. تەنیا دەمەوێ ئاماژە بە چەند ناوەڕۆکێك بکەم کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن کە تایبەتە بە دەسەڵاتی شوانی. گەرەکمە دژایەتی بابەتەکە لەگەڵ هزری یۆنانی وەبیربێنمەوەو دەری بخەم کە ئەم ناوەڕۆکانە چ گرنگییەکیان لە هزرو دامەزراوە مەسیحییەکاندا وەرگرتووە.

(١) شوان دەسەڵات بەسەر مێگەلدا پیادە دەکات نەك بەسەر زەویدا. هەڵبەتە ڕەنگە بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێوەندی نێوان خواوەندو زەویو ئادەمیزادەکان جیایە لەو پێوەندییەی کە لەنێو یۆنانییەکاندا هەبوو. خواوەندە یۆنانییەکان خاوەنی زەوی بوونو ئەم خاوەندارێتییە بەراییە، پێوەندی نێوان ئادەمیزادو یەزدانەکانی دیاری دەکرد. بەپێچەوانەوە، لێرەدا پێوەندی خواوەندی شوان لەگەڵ مێگەلدا خاوەنی لایەنی سەرەتایی بنەڕەتییە. خوا زەمین بە مێگەلەکەی دەبەخشێ یان بەڵێنی بەخشینی پێ دەدات.

(٢) شوان مێگەلەکە کۆدەکاتەوەو ڕێنماییو ڕێبەرییان دەکات. هەڵبەتە ئەم تەسەورە لە هزری یۆنانیدا بوونی هەیە.

 کە دەبێ ڕێبەری سیاسی لەشاردا ئاشتیو خۆشی لە جێگەی دوژمنایەتیو یەکێتی بەسەر دژایەتییاندا زاڵ بکات، بەڵام شوان تاکە پەرتەوازەکان لەدەوری یەك کۆدەکاتەوەو ئەوان لەگەڵ بیستنی دەنگەکەی کە دەڵێ: ((من فیکە لێدەدەمو هەمووان لەدەوری یەکتر کۆدەکەمەوە)) خڕدەبنەوە. بەپێچەوانەوە، هەر لەگەڵ ون بوونی شوان، مێگەل پەرشوبلاّو دەبێت. یان بە جۆرێکی تر، ئامادەیی شوانو کارە ڕاستەوخۆکەی دەبێـە هۆی پێکهێنانیمێگەل، بەڵام ئەوەی یاسادانەری دلۆڤانو بیرچاك، سۆلۆن، پاش نەهێشتنی دژایەتییەکان لەدوای خۆی بەجێی دێڵێت، شارێکی بەهێزە لەگەڵ بوونی یاسای ئەوتۆ کە ئەو توانایەی پێ دەبەخشێت بەبێ ئەویش هەر بە پایەداری بمێنێتەوە.

(٣) ڕۆڵی شوان، گرەنتیی نەجات یان ڕزگاریی مێگەلە. هەڵبەتە یۆنانییەکانیش دەیانگووت خوا شار ڕزگار دەکاتو بەردەوام ئەوەیان ڕادەگەیاند کە ڕێبەری لێهاتوو و بەتوانا وەکو کەشتیوانێکە کە کەشتی لەبەرکەوتن بە تاشەبەردەکان دەپارێزێ، بەڵام ئەو شێوازەی کە شوان مێگەلەکە دەپارێزێ جیاوازیی هەیە. مەسەلەکە تەنیا پێوەندیی نییە بە پاسەوانیو ڕزگاریی هەمووان — هەر هەموو بەیەکەوە — لەکاتی نزیك بوونەوەی مەترسی، پرسی (مەسەلەی) دلۆڤانیی هەمیشەییو تاکانەیی (فردی)و کۆتایی {یان ئامانجدار} لە ئارادایە، دەڵێین دلۆڤانی هەمیشەیی، چونکە شوان خۆراکی مێگەل دابین دەکاتو هەموو ڕۆژێك ئاگای لەوەیە کە مێگەلە مەڕەکە برسیو تینوو نەبێت. لە خوای یۆنانی دەخوازرێت کە زەویی بەپیتو بەروبوومێکی زۆرو زەوەند بنێرێت نەك ڕۆژانە مێگەل پەروەردە بکات. دەڵێن

دلۆڤانیی تاکانەیی (فردی)، چونکە شوان چاوەدێرە هەمموو مەڕەکان، واتە دانە دانەیان، بڕسی نەبن و پارێزراوبن. بەتایبەتی لە نووسراوەکانی دواتری عیبریدا جەخت لەسەر ئەم جۆرە دەسەلاتە میهرئامێز لە هەمبەر تاکە تاکی مێگەل کراوەتەوە. لە تەفسیرێکی {سەفەری دەرچوون (خروج)} (لەتەورات)دا ڕوون دەکرێتەوە کە بۆچی یەهوە مووسای بۆ شوانیی مێگەلەکەی هەڵبژاردە: چونکە ئەو (مووسا) وازی لە مێگەلەکە هێناو بەدوای مەڕێکدا گەڕا کە ون ببوو. سەرەنجام دەڵێین دلۆڤانیی کۆتایی (یان ئامانجدار) کە بەهیچ چەشنێك گرنگییەکەی لەوانی دی کەمتر نییە، چونکە شوان ئامانجێك بۆ مێگەلەکەی وەبەرچاو دەگرێت. یان دەبێ مێگەل بەرەو لەوەڕگەی خوازراو هیدایەت بکرێ یان بۆ گەورەکەی بگەڕێنرێتەوە.

(٤) جیاوازییەکی تر لەوەدایە کە دەسەلاتی لێخوڕین ((ئەرکە)) بێگومان دەبووایە ڕێبەری یۆنانی بە وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هەمووان بڕیاربدات، ئەگەر هاتباو بەرژەوەندیی خۆی وەپێش دابووایە، ئەوا ڕێبەرێکی خراپ بوو، بەڵام ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانی بوو ئەرکێکی بەرێز بوو، چونکە تەنانەت ئەگەر لەجەنگیشدا گیانی خۆی لەسەر دەستی دانابووایە ئەوا شتێکی لەڕادەبەدەر بەنرخ، واتە جاویدانیو نەمریی ئەم فیداکارییەی قەرەبوو دەکردەوە. کەواتە ئەو هیچ کاتێك دۆڕاو نەبوو. بەپێچەوانەوە، سۆزی شوان زۆر (لەخۆبردوویی) نزیکە. ئەوەی شوان ئەنجامی دەدات وەبەرچاوگرتنی چاکییە بۆ مێگەل. دڵەڕاوکێی بەردەوامی شوان جگە لەمە شتێکی دیکە نییە. کاتێك مێگەل خەوی لێ دەکەوێت، ئەو بە خەبەرو چاوەدێرە.ناوەڕۆکی چاوەدێری گرنگەو دوو لایەنی لەخۆبردوویی شوان پیشان دەدات. سەرەتا، شوانەکە دەست بۆ کردەیەك دەبات، کار دەکاتو لەخۆبردوویی دەکات لەپێناوی ئەوانەی کە خۆراکیان لەسەر ئەوەو لەخەودان. دووەم، ئەو پاسەوانە بەسەریانەوە، سەرنجیان لێ دەداتو هەر هەموویان دەخاتە ژێر نیگای خۆیەوە. شوان دەبێت مێگەلەکەی خۆی بەشێوەیەکی گشتیو دانە دانە بناسێت. نەك هەر دەبێ بزانێت لەوەڕگای باش لە کوێیەو زانیاری لەسەر یاسای وەرزەکانو سەرجەم کاروبارەکانی دیکە هەبێ، بەڵکو دەبێ نیازی هەمموو تاکەکانیش بزانێت.

لە ڕافەیێکی دیکەی خاخامەکان بۆ ((سەفەری دەرچوون)) تایبەتمەندییەکانی مووسا لە پلەی شوانێتیدا بەم جۆرە وەسف کراوە کە دانە دانەی مەڕەکانی بەنۆرە دەنارده لەوەڕگا: سەرەتا گەنجترین مەڕ بۆ ئەوەی لە ناسکترین چیمەنەکاندا بلەوەڕێت، پاشان گەورەترەکانو دوای ئەوانیش پیرەکان، چونکە ئەوان دەیانتوانی تەنانەت لە ڕەقو ناخۆشترین گژوگیاکان خواردنی خۆیان وەدەست بێنن. دەسەلاتو سەلاحییەتی شوان پێویستی بە گرنگی پێدانو وەبەرچاوگرتنی فەردی بەسەر دانەدانەی مەڕەکاندا هەیە.

ئەمانە هەمموو تەنیا هەندێ ناوەڕۆکی نێو دەقە عیبرانییەکانن کە لەگەڵ ڕەگەدۆزی (جناس)ی خواوەندی شوانو مێگەلی تێکەڵ لە قەومەکەی، پێوەندی پێکدێنێ. من بەهیچ جۆرێك بانگەشەی ئەوە ناکەم کە دەسەلاتی سیاسی لە کۆمەڵگای عیبرانییەکان بەر لە ڕووخانی ئۆرشەلیم بەم چەشنە پیادە دەکرا، تەنانەت ئیددیعای ئەوەش ناکەم کە وێنایەکی وا بۆ دەسەلاتی سیاسی بەهیچ جۆرێك خودان ڕێكو پێکییە.

ئەمانە تەنیا کۆمەڵە ناوەڕۆکێکن – ئەو ناوەڕۆکانەی کە بەڕواڵەت یان تەنانەت بەڕاستیش دژ بەیەکنو مەسیحییەت لەسەدەکانی ناوینو لەچەرخی نوێدا گرنگییەکی زۆری پێدان. لەنێوان هەمموو ئەو کۆمەڵگایانەی لەنێو مێژوودا بوونیان هەبووە، کۆمەڵگای ئێمە – واتە ئەوانەی کە لەکۆتایی ڕۆژگاری دێرینو لە ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپا پێیان نایە پانتایی بوونەوە – ڕەنگە لە هەمووان زیاتر شەڕکەرو دەستدرێژو فراوانخواز بووبێتنو لێهاتووبوونە لە تەشەنەدان بە تاسێنەرترین توندوتیژی، چ لەگەڵ خۆیانو چ لەگەڵ ئەوانی تردا. گەلێك ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆریان داهێناوە. چەند جار زۆر بە قووڵی ئاڵوگۆڕیان لە بونیادە حقوقییەکانی خۆیانیاندا پێکهێناوە. لەبیرمان نەچێت کە هەر ئەم کۆمەڵگایانە هێدی هێدی پەرەیان بە تەکنەلۆژیایەکی سەیردا بە مەبەستی دەسەلاتدارێتی، کە بەپێی ئەم تەکنەلۆژیایە لەگەڵ زۆرینەی بەرفراوانی مرۆڤەکان وەکو مێگەلو لەگەڵ کۆمەڵێك کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن وەکو شوان ڕەفتاریان دەکردو

بەم جۆرە زنجیرەیەك پێوەندیی ئاڵۆزو بەردەوامو پارادۆكسو سەیریان لەنێو ئەماندا دروست كرد.

بێگومان، بەدرێژایی مێژوو ئەم شتە، تاقانەو سەرسوڕهێنەرە. ڕوونو ئاشكرایە كە گەشەپێدانی ((تەكنەلۆژیای شوانێتی)) بۆ بەڕێوەبردنی ئادەمیزادەكان، زۆر بەقووڵی بونیادەكانی كۆمەڵگای دێرینی تووشی پشێوەو ئاڵۆزی كرد.بۆ باشتر ڕوونكردنەوەی گرنگیی ئەم پشێوییە، حەزدەكەم بە كورتی بگەڕێمەوە بۆ سەر ئەو شتەی كە لەسەر یۆنان وتم. هەڵبەتە ئاگاداری هەندێ گرفتم كە ڕەنگە سەرهەڵبدەن. یەكیان ئەوەیە كە لە شیعرەكانی هۆمۆر (هۆمیرۆس)دا، خوازەی شوان لە پلەی دەلالەت بۆ پاشا بەكاردەبرێت. لە ئیلیادەو ئۆدیسە چەند كەڕەت زاراوەی ((Poimen laon)) بەرچاودەكەوێت كە سیفەتی ڕێبەرەكانەو شكۆمەندیی دەسەڵاتی ئەوان دەردەخات، جگە لەمە، ناونیشانێكی فۆرمالیتەییو باوی نێو ئەدەبی هندو ئەوروپییە. لە بیۆولف(٢) هێشتا پاشا بە شوان لەقەڵەم دەدرێت. هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە كە هەر ئەم ناونیشانە، بۆ نموونە لەدەقە ئاشوورییەكان، لە شیعرە حەماسییە دێرینەكاندا بەرچاو دەكەوێت.

كێشە سەبارەت بەهزری یۆنانی سەرهەڵدەدات. لانی كەم لە بەشێك لە دەقەكاندا واتە دەقە فیساغۆرییەكان، ئاماژە بە نموونەی شوان دەكرێت. خوازەی مێگەلدار لە هەندێ پارچەی بە جێماوی ئارخوتاس (٣) بەرچاو دەكەوێت كە ستۆبیۆس (٤) ئاماژەی پێ كردووە. وشەی (یاسا) لەگەڵ پەیڤی (شوان)دا پێوەندیی هەیە، چونكە هەروەك چۆن شوان دابەش دەكاتو بەشی هەركامێكیان دەدات، یاساش بەپێی ڕێژە دابەش دەكات. زیۆس (خوای خواوەندەكانی یۆنان) بە Nomioz و Nemeioz ناوزەد دەكرێت، چونكە خواردن دەدا بە مەڕەكانیو سەرەنجام دەبێ كۆمیسێرو فەرمانڕەوابێت واتە بەری بێ لە خۆ بەزلزانیو وەكو شوان لێوان بێ لە گەرموگوڕیو غەمخۆری.گروپە ساخكەرەوەو بەرپرسی پێداچوونەوەی ئەڵمانی پارچەكانی ئارخۆتاس دەڵێت ئەم حاڵەتە بوونی جۆرە كاریگەرییەكی تایبەتی عیبرانییەكان لەناو ئەدەبیاتی یۆنانییەكان دەسەلمێنێت. موسافیرەكانی تری وەكو

دولات دەڵێن بەراوردی نێوان خواو فەرمانڕەواو شوانەكان بەتەواوی لەیۆناندا باوی هەبوو، كەواتە هێندە شایەنی گرنگی پێدان نییە.

من زیاتر سەرنجەكانم لە سنووری نووسراوە سیاسییەكاندا دەهێڵمەوە. دەرەنجامی توێژینەوەكە ڕوونو ئاشكرایە:

خوازەی سیاسیی شوان نەلەلای ئیسۆكراتیس (٥) دەست دەكەوێ نە لەلای دیمۆستێنس و(٦) نە لەلای ئەرستۆ. ئەمە شتێكی تاڕادەیەك سەرسوڕهێنەرە كاتێ بە یادی خۆمانی دێنینەوە لە ئیسۆ كراتیس لە ئاریۆپاگیتیكۆس زۆر شێلگێرانە دەڵێت، فەرمانڕەواكان هەندێ ئەركیان لەسەر شانەو جەخت لەسەر ئەوە دەكانەوە كە دەبێ لەخۆ بوردوو و غەمخۆری لاوەكان بنو كەچی لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت یەك وشە سەبارەت بە شوانەكان لە نووكی خامەیەكەوە نارژێت.بەپێچەوانەوە، بەزۆری ئەفلاتوون باسی فەرمانڕەوایی شوان دەكاتو بەم مانایە لەدایەلۆگی كریتیاسو كۆمار و یاساكاندا ئاماژەی كردووە و لە دایەلۆگی سیاسەتمەدار بەدوورودرێژی لە ڕێگەی تاوتوێ كردنی وردی بیروڕا جیاوازەكان بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەكی پەسندكراو خەریكی شەنوكەوكردنی دەبێت. لە سێ نامیلكەی یەكەمدا، ناوەڕۆكی شوان تاڕادەیەك خاوەنی ڕەهەندێكی لاوەكییە. هەندێ یادی ئەو ڕۆژگارە خۆشانە دەكرێتەوە كە خواوەندەكان ڕاستەوخۆ بەسەر مرۆڤدا حوكمیان دەكردو ئادەمیزادەكان لە لەوەڕگە سەوزەكاندا دەلەوەڕان (كریتیاس) هەندێ كاتیش فەزیلەتی (پاكزاد)ی پێویست بۆ فەرمانڕەواكان – بەجیاكردنەوەی لەو ڕەزیلەتەی تراسوماخۆس ئاماژەی بۆ دەكا(٧) – جەختی لەسەر دەكرێتەوە (كۆمار) وهەندێ كەڕەتی دیكەش مەسەلەكە ئەوەیە كە ڕۆڵی لاوەكی فەرمانڕەواكان پێناسە بكەین، چونكە ئەوانیش دەبێ وەكو سەگە پاسەوانەكان، پەیڕەوی ((لەو كەسانە بكەن كە لەپلە یەك لەدوای یەكەكاندا لە بەرزترین پلەدا قەراریان گرتووە)) (كۆمار)، بەلام لە دایەلۆگی سیاسەتمەدار، دەسەڵاتو سەلاحییەتی شوانێتی تەوەری بابەتەكە پێكدێنێو بەدوورودرێژی باسی لێوە دەكرێت، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا دەكرێ ئەو كەسەی كە لەشاردا (واتە بەمانای ئەمڕۆ، لە وڵاتدا) بڕیاردانو فەرماندەیی لەدەست ئەودایە، بەجۆرە شوانێك پێناسە بكەین؟

شیکردنەوەی ئەفلاتوون بەناوبانگە و بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە سوود لە شێوازی دابەشکردن وەردەگرێت. جیاوازی دادەنێت لەنێوان ئەوکەسەی (بۆنموونە بیناساز) کە فرمانەکان بۆ شتە بێ گیانەکان دەگوازێتەوە لەگەڵ ئەوکەسەی کە فەرمان بەگیانلەبەرەکان دەدات، جیاوازی دادەنێ لەنێوان ئەو کەسەی کە فەرمان بەسەر گیانلەبەرە جیاکراوەکان لەئەوانی تر (وەکو جووتە کەلێك)و ئەوەی کە بەسەر مێگەلدا فەرمان دەدات، لەنێوان ئەو کەسانەی کە بەسەر مێگەلی گیانلەبەرەکاندا فەرمان دەکەن‌و لەگەڵ ئەوکەسەی کە فەرمان بەسەر مێگەلی ئادەمیزادەکاندا دەکات‌و لێرەدایە تووشی ڕێبەری سیاسی واتە شوانی مرۆڤەکان دەبین.بەلاّم ئەم دابەشکردنە سەرەتاییە ڕازیکەر نییەو دەبێ زیاتر درێژەی پێ بدرێت. شێوازی بەراوردکاری لەنێوان ئادەمیزادەکان‌و سەرجەم گیانلەبەرکانی تر، شێوازێکی باش نییە، هەربۆیە، دیسان گفتوگۆیەکە درێژەی پێ دەدرێت. زنجیرەیەك جیاوازی دادەنرێت: لەنێوان گیانلەبەرە کێوی‌و ماڵییەکان، ئەو گیانلەبەرانەی کە لەئاودا دەژین‌و ئەوانەی لە وشکانیدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەو گیانلەبەرانەی کە شاخیان هەیەو ئەوانەی نییانە، ئەو گیانلەبەرانەی سمیان کەلێنی هەیەو ئەوانەی سمی سادەیان هەیەو ئەو گیانلەبەرانەی کە لەڕێگەی جووتبوونەوە وەچە دەخەنەو ئەوانەی نایخەنەوەو بەم چەشنە گفتوگۆیەکە بەم جۆرە دابەشکردنە بێ کۆتاییە درێژە دەکێشێ‌و لەبابەتەکە لادەدات.

کەواتە بەرفراوانبوونی وتوێژەکەو تێکشکانی دواتری، چ شتێك پیشان دەدات؟ ئەوە پیشان دەدات کە ئەگەر شێوازی دابەشکردن بەڕاستی بەڕێوەنەبرێت، ناتوانێت هیچ شتێك بسەلمێنێ، بەلاّم ئەوەش پیشان دەدات کە فیکری شیکردنەوەی دەسەلاّتی سیاسی وەکو پێوەندیی نێوان شوان‌و مێگەلەکەی، ڕەنگە لەو ڕۆژگارەدا تاڕادەیەك جێگەی لێدوانی بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کاتێ لایەنەکانی وتوێژ دەیانەوێ پەی بە ماهییەتی سیاسەتمەدار ببەن، ئەمەش یەکەمین گریمانەیە کە بە بیریاندا دێت. ئایا ئەم بابەتە لەو سەردەمەدا سادەو کەم بایەخ بووە؟ یان ئەفلاتوون لە یەکێك لەناوەڕۆکە تایبەتییەکانی فیساغۆرییەکان دواوە، لەبەر ئەوەی لە دەقە سیاسییەکانی تری ئەو سەردەمەدا تووشی خوازەی شوان دەبینەوە، لەڕواڵەتدا تێزی دووەم بەسەر یەکەمدا زاڵ دەبێت. وەلێ لەوانەیە بتوانین بابەتەکە بە هەڵپەسێردراوی بەجێ بێڵین.

لێکۆڵینەوەکەی من پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئەفلاتوون چۆن لە پاشماوەی دیالۆگەکەیدا دەچێتە شەڕی ئەم ناوەڕۆکەوە. ئەفلاتوون سەرەتا ئەم کارە لە ڕێگەی بەڵگەخوازی میتۆدلۆژی ئەنجام دەدات‌و پاشان بە پەنابردنە بەر ئەفسانەی بەناوبانگی خولانەوەی جیهان بەدەوری تەوەرێکی وەکو تەشیی خوری ڕستن.

بەڵگەخوازییەکانی تایبەت بە میتۆدلۆژی لە ڕادەبەدەر گرنگ‌و سەرنجڕاکێشن تێگەیشتن لەوە کە ئایا پاشا بەشێکی شوانە یان نا، بەهۆی ڕاڤەکردنی کارەکانی شوان دەستەبەر دەبێ نەك بە هۆی دیاری کردنی ئەوە کە کام جۆری جیاوازی گیانلەبەران لەوانەیە مێگەل پێکبێنن.

تایبەتمەندیی ئەرکەکانی شوان چییە؟ یەکەم، ئەو تاقەکەسی سەرو و لوتکەی مێگەلە. دووەم، کارەکەی دابین کردنی خۆراکی ئاژەڵەکان‌و سارێژکردنیانە لەکاتی نەخۆشیداو کۆکردن‌و هیدایەت کردنیان بەهۆی مۆسیقاوە(٨) پەروەردەکردنی جووت بوونیان بە وەبەرچاوگرتنی باشی نەوەو نژادیان. کەواتە ناوەڕۆکی خوازەیی شوانمان دۆزییەوە کە هەر بەم جۆرە لە دەقە ڕۆژهەلاّتییەکاندا هەیە. ئێستا پێویستە بزانین ئەرکەکانی پاشا لەم پانتاییەدا چییە. ئەویش هەروەکو شوان، تاقە کەسێکە لە لووتکەی شار (یان وڵات)دا بەلاّم چ کەسێك بژێوی دەدا بە مرۆڤ؟ پاشا؟ نا جووتیارو نانەوا. چ کەسێك لەکاتی نەخۆشیدا ئادەمیزادەکان دەرمان دەکات؟ پاشا؟ نا. پزیشك‌و چ کەسێك بەهۆی مۆسیقاوە ڕێنماییان دەکا؟ پاشا؟ نا. مامۆستای وەرزش(٩) بەم جۆرە، بەشێکی زۆر لە هاولاّتیان دەتوانن بەشێوەیەکی ڕازیکەر خوازیاری ناوی ((شوانی ئادەمیزادەکان)) بن. کەواتە هەروەك چۆن شوانی مێگەلی مرۆیی نەیاری فرەی هەیە، سیاسەتمەداریش هەیەتی. هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێ پەی بەوە ببەین کە حەقیقەت‌و ماهییەتی سیاسەتمەدار چییە، دەبێ بە بێژینگ لە ((لافاوی دەوروبەری)) دەریبێنین بۆ ئەوەی پیشانی بدەین لە چ ڕوویەکەوە شوان نییە.

لەم ڕووەوە، ئەفلاتوون پەنا بۆ ئەم ئەفسانەیە دەبات کە جیهان بەدەوری تەوەرەی خۆیداو بەدوو جووڵەی یەك لەدوای یەك‌و هەرکامیان بە ئاراستەی پێچەوانەی ئەویتر، دەخولێتەوە.

لەقۆناغی یەکەمدا، هەرکام لە جۆرەکانی گیانلەبەران سەر بە مێگەلێك بوون کە ڕۆحێکی دووانە (جمك) لە پلەی شوان (Genius – shepherd) ڕێبەرایەتیی دەکردن. مێگەلی مرۆیی لەژێر ڕێبەرایەتی خودی خوادا بوو. دەیتوانی بەزۆرو زەوەندی سوود لە نیعمەتەکانی سەر زەوی وەرگرێت، پێویستی بە پەناگەو مەئوابوو و ئادەمیزادەکان دوای مردن سەرلەنوێ زیندوودەکرانەوە. لە ڕستەیەکی گرنگ‌و هەستیاردا ئەفلاتوون درێژەی پێ دەدات: ((لەبەر ئەوەی خواوەند شوانی مرۆڤ بوو، مرۆڤ پێویستی بە حکومەت نەبوو)).

لە قۆناغی دووەمدا جیهان بە ئاراستەی پێچەوانە سووڕایەوە، خواکان بە پێچەوانەی ڕابردوو ئیدی شوانی مرۆڤ نەبوون‌و ئادەمیزادەکان دەبووایە خۆیان، پارێزگاریان لەخۆیان بکەن، چونکە ئاگریان پێ درابوو(١٠) لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، سیاسەتمەدار دەبووایە چ ڕۆڵێکی هەبێت؟ ئایا دەبووایە لەجیاتی خواکان، ببێت بەشوان؟ نەخێر بەهیچ جۆرێ. کاری ئەو پەیتی بوو لەوەی کە تان‌و پۆیەکی پتەو بۆ شار پێکبێنێت. سیاسەتمەداری، بەواتای خۆراکدان‌و پەرستیاری‌و پەروەردەکردنی منداڵ نەبوو، بەمانای لێك چنین بوو: لێکچنین فەزیلەتە جیاوازو خووە دژ بەیەکەکان (بەتوندو میانڕەوییەوە) بەکەڵك وەرگرتن لە (خولخولەی ) ڕای گشتی. هونەری پاشایانەی فەرمانڕەوایی بریتی بوو لە کۆکردنەوەی ژیانەکان ((لە کۆمەڵگایەکی دامەزراو لەسەر هاریکاری‌و دۆستایەتی)). بەم چەشنە، پاشا ((گرانبەهاترین تانوپۆیەکانی)) لێکچنی. هەر هەموو ((بە کۆیلەو پیاوە ئازادەکانەوە بەم پۆشاکە خەملێنران)).

دایەلۆگی (سیاسەتمەدار) ڕێك‌و پێکترین ڕۆچوونە هزرییەکانی سەبارەت بە ناوەڕۆکی شوانێی لەئەدەبی کلاسیکی دێریندا لەخۆ گرتووە کە دواتر گرنگییەکی ئەوتۆی لە ڕۆژئاوای مەسیحیدا پەیداکرد(١١) هۆی ئەوەی لێرەدا ئێمە باسی لێوە دەکەین ئەوەیە کە ڕەنگە ناوەڕۆکێکی لە بنەڕەتدا ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژگاری ئەفلاتووندا هێندە گرنگ بووە کە شایستەی لێکۆڵینەوە بووبێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دژایەتیی لەگەڵدا دەکرا.

هەڵبەتە نەك یەکڕاست دژایەتیی لەگەڵدا بکرێت. ئەفلاتوون ئەوە پەسند دەکات کە پزیشك‌و جووتیارو مامۆستای وەرزش‌و ڕاهێنەر، هەر هەموویان خودان پلەوپایەی شوانێتین، بەڵام نایەوێت ئەمان لە کاریسیاسەتمەدارەوە بگلێنێ، هەروەك بە ڕاشکاوی دەڵێت: چۆن دەکرێ سیاسەتمەدار کاتی ئەوەی هەبێت لەلای هەموو کەسێ دانیشێت، خۆراکیان بداتێ‌و مۆسیقای بۆ بژەنێ‌و لەکاتی نەخۆشیدا پەرستاری لێ بکات؟ تەنیا یەکێك لە خواوەندەکان لە چەرخی زێڕین(١٢)دا لەوانەبوو ئەم کارە ئەنجام بدات یان وەکو پزیشك یان ڕاهێنەر بەرپرسی ژیان‌و پەروەردەکردنی چەند کەسێك بێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام ئەوانەی کە جڵەوی دەسەڵاتی سیاسییان لەدەستدایەو لە پلەوپایەی نێوان خواوەندەکان‌و مێگەلدارەکاندا قەراریان گرتووە، مەرج نییە شوان بن، کاریان پەروەردەکردنی کۆمەڵە کەسێك نییە، بەڵکو پێکهێنان‌و زامنکردنی یەکیەتییە لە شار (یان وڵات)دا. بەکورتی، گرفتی سیاسەت، گرفتی پێوەندیی نێوان تاکێکە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی زۆر لە چوارچێوەی شار (یان وڵات)و هاوڵاتییەکاندا. پرسی شوانێتی پێوەندیی بەژیانی تاکەکانەوە هەیە.

ڕەنگە هەموو ئەمانە زۆر کۆن بێنە بەرچاو، من لەبەر ئەوە جەخت لەسەر ئەو دەقە دێرینانە دەکەمەوە، چونکە هەر ئەو دەقانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بابەتە-یان زنجیرە بابەتەکانی- جێگەی باسی ئێمە لە چ سەردەمێکەوە هاتنە پێش- ئەم بابەتانەی کە سەرانسەری مێژووی ڕۆژئاوا لەخۆ دەگرن‌و تاکو ئێستاش لەڕوانگەی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە خاوەنی گرنگییەکی شایستەن‌و پێوەندی لەگەڵ پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی بکەر لەناوخۆی وڵاتدا پەیدا دەکەن وەکو چوارچێوەی حقووقی یەکیەتی‌و ئەو دەسەڵاتەی کە دەتوانین بەدەسەڵاتی (شوانێتی) ناوزەدی بکەین‌و بەرپرسی زامنکردن‌و پاراستن‌و باشکردنی بەردەوامی ژیانی دانەدانەی تاکەکانە.

((پرسی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (یان لێپرسراوی دابین کردنی کۆمەڵایەتی) کە هەموو لایەك ئاشنایەتییان لەگەڵیدا هەیە، لەلایەکەوە نیاز یان هونەری حکومەتیی جیهانی ئەمڕۆ ڕوون دەکەنەوەو لەلایەکی تریشەوە دەبێ بەو جۆرەی کە هەیە بناسرێت. بابەتەکە ئەوەیە کە پیادەکردنی دەسەلاّت بەسەر ڕەعیەتی یاسایی، چەندین کەرەتی چەند بارە لەگەڵ پیادەکردنی دەسەلاّی شوانێتی بەسەر ژیانی تاکەکاندا گونجێنراوە.

بەهیچ جۆرێك مەبەستم دووبارە کردنەوەی داستانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی شوانێتی لە سەرانسەری مەسیحییەتدا نییە. ئەو کێشانەی لەم کارەوە سەرهەڵدەدەن بە ئاسانی دەتوانین تەسەوریان بکەین: لە کێشە تیۆرییەکانەوە (وەکو بەخشینی ناوی ((شوانی دلۆڤان)) بە عیسای مەسیح) تاکو کێشەکانی دامەزراوێکی (وەکو ڕێکخراوی کەنیسە بچووکە خۆجێیەکان یان چۆنیەتی دابەشکردنی لێپرسراوێتی شوانی یان (ڕووحانی)ی نێوان قەشەو ئەسقەفەکان).

تەنیا ئەو کارەی من گەرەکمە ئەنجامی دەم ڕوون کردنەوەی دوو یان سێ لایەنە کە بەبڕوای من لە ڕووی ڕەوتی ئاڵوگۆڕی دەسەلاّتی شوانێتی یان {ڕووحانی ((ئایینی))}، واتە تەکنەلۆژیای دەسەلاّت، شایانی گرنگی پێدانە. سەرەتا، با توێژینەوە لەسەر بەرفراوانبوون‌و درێژبوونەوەی تیۆریی ئەو ناوەڕۆکەی جێگەی مەبەستی ئێمەیە لە نووسراوە کۆنە مەسیحییەکاندا ئەنجام بدەین: لەخرۆسۆستۆم (١٣)، کوپریان ، یان- Cyprianus)(١٤)، ئامبرۆز (Ambrose)(١٥)، جرۆم ( St.Jerome)(١٦)و سەبارەت بەرەهبانییەتیش لە کاسیان ( Johannes Cassianus)(١٧) یان بێندیکت ( St. Benedict {of Nursia})(١٨). ناوەڕۆکە عیبرانییەکان لانی کەم لە چوار ڕووەوە هەروەك لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین، بە چەشنێکی شایەنی سەرنج گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە:

١- لە ڕووی بەرپرسیاریەتییەوە. بینیمان کە شوان دەبووایە بەرپرسیاریەتیی چارەنووسی هەموو مێگەل‌و دانە دانەی مەڕەکانی لە ئەستۆی خۆی بگرتبا. بەپێی‌ڕاڤەی مەسیحی، شوان دەبووایە دواتر حسێب‌و کتێبی لوگەڵدا کرابووایە، نەك تەنیا بۆدانەدانەی بەڵکو بۆ هەموو کاروکردەوەکانی‌و هەموو ئەو چاکەوخراپانەی کە لەوانەیە لەلایەن ئەوانەوە بکرێت‌و هەرچییەکی بەسەریان دێت. جگە لەمە، مەسیحییەت بڕوای بە گوێزانەوەی گوناهو لێهاتووییەکانە لە مەڕەکانەوە بۆ شوان‌و بە پێچەوانەوە هەیە. گوناهی مەڕەکان دەکرێ بخرێتە پاڵ شوانەوە. ئەوە شوانەکەکە دەبێت لە ڕۆژی دوایدا وەلاّمدەری ئەم گوناهانە بێت. بەپێچەوانەوە، ئەو شوانەی کە یارمەتیی مەڕەکان بدات بۆ ڕزگاربوون، بۆ خۆشی ڕزگار دەبێت، کاتێك مەڕەکان ڕزگار دەکات، لەوانەیە خۆشی تووشی گومڕابون بێت. کەواتە ئەگەر بیەوێ خۆی ڕزگار بکات، بەناچار ڕووبەڕووی مەترسیی گومڕابوون لە پێناوی ئەوانی تردا دەبێت‌و ئەگەر ئەو گومڕابێت، مێگەلەکە لەگەڵ گەورەترین مەترسی بەرەو ڕوو دەبێتەوە، بەلاّم با واز لەم پارادۆکسانە بێنین. مەبەستی من تەنیا دەرخستنی پتەوی‌و ئاڵۆزیی پێوەندییە ئەخلاقییەکانی نێوان شوان‌و دانە دانەی مەڕەکان بووو ئەو شتەی کە دەمویست بەتایبەتی پێشانی بدەم ئەوەبوو کە ئەم پێوەندییانە نەك بە ژیانی تاکەکانەوە، بەڵکو بە وردەکارییەکانی کردارەکانیانەوە دەبەسترایەوە.

٢- دووەمین گۆڕانکاریی گرنگ پێوەندیی بەپرسی ملکەچییەوە هەیە. بەپێی ڕاڤەی عیبرانی، لەبەر ئەوەی خواوەند شوانە، ئەو مێگەلەی بەدوایدا دەڕوات، ملکەچی ئیرادەو یاساکانی ئەوە.

بەلاّم مەسیحییەت لەسەر ئەو بڕوایە بوو کەپێوەندیی نێوان شوان‌و مەڕ، پێوەندیی تاکەکەسییەو زۆر نزیکە لە پەیوەست بوون‌و پێوەندیی تەواوە. بێگومان، ئەمە یەکێك لەو خالاّنە بوو کە لەبارەیەوە، وێنای مەسیحییەت بۆ شوانی (یان سەرپەرشتی مەعنەوی) لەگەڵ هزری یۆنانی لە ڕەگ‌وڕیشەوە جیاوازی هەبوو. ئەگەر تاکی یۆنانی بەناچاری ملکەچ بوو (یان پەیڕەوی دەکرد)، ملکەچ بوو، چونکە یاسا یان ئیرادەی شار بەم جۆرە بوو. ئەگەر بە ڕێکەوت پەیڕەوی لە ئیرادەی کەسێکی تایبەتی (وەکو فلاّنە پزیشك یان وتار خوێن یان ڕاهێنەر) دەکرد، هۆیەکەی ئەوەبوو کە ئەو کەسە لەڕووی عەقڵەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە قەناعەتی پێ هێنابوو و دەبووایە ملکەچ بوون‌و پەیڕەوی کردنەکەی لە پێناو

ئامانجێکی تەواو دیاری کراودا بووایە وەکو ئەوەی دەرمان بکرێت، یان فلانە شارەزایی بەدەست بێنێت، یان باشترین ڕێگا هەڵبژێرێت.
لە مەسیحییەتدا پێوەندی کردن لەگەڵ شوان پێوەندییەکی تاکەکەسییە. تەسلیم بوونی تاکێکە بە ئەو. ئیرادە یان ویستی ئەو جێبەجێ دەکرێت نەك لەبەر ئەوەی لەگەڵ یاسادا دەگونجێتو نە تەنیا تا ئەو شوێنەی لەگەڵ یاسادا دەلوێت، بەڵکو بە زۆریو بەپلەی یەکەم لەبەر ئەوەی ئیرادەی ئەوە. لەکتێبی کاسیاندا (دەزگا ڕەهبانییەکان)، گەلێك حیکایەتی پڕ لە ئامۆژگاری تێدا گێڕدراوەتەوە سەبارەت بەو ڕاهیبانەی کە لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی ئاستەمترین فەرمانی سەرۆکەکانیانەوە دەگەن بە ڕزگاری. ملکەچیو پەیڕەوی کردن فەزیلەتە، لە خودی خۆیدا ئامانجو غایەتە، نەك وەکو ئەوەی لەنێو یۆنانییەکان دەبینرێت، ئامرازێکی کاتەکی بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج. فریشتەیەکی هەمیشەییە. دەبێ مەڕ بەردەوام ملکەچی شوان بێت. بەقسەی قدیس بندیکت، ڕاهیبەکان بەپێی ئیرادەی ئازادی خۆیان یان بەویستی خۆیان ناژین، حەز دەکەن لەژێر فەرمانی ڕاهیبی گەورە یان دێرەوان دابن (Ambulantes olieno judicioet imperio) مەسیحییەت ناوی ئەم فریشتەی ملکەچییە نا apatheia. ئاڵوگۆڕی مانایی ئەم وشەیە بۆ خۆی مانای هەیە. لەفەلسەفەی یۆنانیدا، دەلالەت لەو کۆنترۆڵە دەکات کە تاك بەسەر بەرەکەتی عەقڵ، بەسەر هەڵچوون (یان هەستو سۆزی) خۆیدا پیادەی دەکات. لە هزری یۆنانیدا، Pathoz دەسەڵاتی ئیرادەیەکە تاك بەسەر خۆیدا بۆ خۆی پیادەی دەکات. کەواتە، apatheia ئێمە لەم جۆرە ئیرادەمەندییە (یان سەرە ڕۆییە) ڕزگار دەکات.
٣- لەمەسیحییەتدا شوانێتی پێویستی بە جۆرێکی تایبەتی لە ناسین لەنێوان شوانو هەر کام لە مەڕەکانیدا هەیە. ئەم ناسینە، تایبەتی یان (Particular)ە. فەردییەت دەبەخشێ یان فەردی دەکات. هەر ئەوەندە بەس نییە کە شوان بارودۆخی مێگەلەکەی بزانێ. دەبێ بارودۆخی هەرکام لەمەڕەکانیشی بزانێت. زۆر لە مێژە لەمەسیحییەتدا ئەم ناوەڕۆکە بۆ شوانێتی هەبوو، بەلاّم لە سێ ڕووەوە گەشەی سەند: سەرەتا دەبێ شوان زانیاری لەسەر نیازی ماددیی دانە دانەی مێگەلەکەی هەبێتو لە کاتی پێویستیدا پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات. دووەم. لە هەموو ئەو

شتانەی ڕوو دەدەن یان ئەوەی‌لا هەر کامێکیان دەیکات، واتە گوناهە ئاشکراکانیان، ئاگادار بێتو سەرەنجام دەبێ بزانێت چی بە ڕۆحی هەرکامێکیاندا تێدەپەڕێت واتە ئاگای لە گوناهە پەنهانەکانی مەڕەکەو پێشکەوتنی لەڕێگای قودسییەتدا هەبێت.
لەپێناو دەستە بەرکردنی ئەم ناسینە فەردییەدا، مەسیحییەت دوو ئامراز لە جیهانی یۆنانییانەی The Hellenistic کۆندا کاری پێ دەکرا، بە هەندێ گۆڕانکاری تاڕادەیەك گرنگەوە وەرگرتو کردی بەهی خۆی:
یەکێکیان خود-ئەزموونی Self – examination وئەویتریان ڕێنمانی ویژدان بوو.
بەشێوەیەکی گشتی زانیویەتی کە خود ئەزموونی وەکو ئامرازێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەی ئەو کارە باش یان خراپانەی کە تاکەکەس لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیدا دەیکرد، بە چەشنێکی بەربلاّو لەنێو فیساگۆرسییەکانو ڕەواقییەکانو ئەبیقۆرییەکاندا باوبووە. هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن بەرەو کەمالو تەواوی، واتە زاڵ بوون بەسەر خود (نفس)و سەیتەرەکردن بەسەر هەڵچوونەکاندا، لەم ڕێگەیەوە دەرفەتی بۆ دەڕەخسا ڕێنمایی ویژدانیش لە هەندێ کۆڕو کۆمەڵی پەروەردەکراودا دەسەڵاتدار بوو، بەلاّم لە شێوەی پەندو ئامۆژگارییەك لە – هەندێ جار لە بەرانبەر پارەدا – لە هێندێك بارودۆخی تایبەتو دژواردا، بۆ نموونە لەکاتی ماتەم یان لەساتی تێکشکانیو ناکامیدا پێشکەش دەکران.
لە پانتایی شوانێتی (یان سەرۆکایەتی ئایینی {ڕۆحانی}) لەنێو مەسیحییەتدا، ئەم دووکارە لەگەڵ یەکتردا پێوەندییەکی نزیکیان پێکهێنا، ڕێنمایی ویژدان کۆتو بەندێکی هەمیشەیی بوو. مەڕ نەك هەر ڕێگەی دەدا کە لە پێناو بەسەرکەوتووی تێپەڕین لە هەر ڕێگەیەکی سەختو دژواردا ڕێبەرایەتی بکرێت، بەڵکو مۆڵەتی ئەوەشی دەدا لە هەر چرکە ساتێکدا ڕێبەرایەتی بکەن. دەبووایە ڕێنمایی کردن توانامەندبکرێتو ئەگەر خۆیان لێ بدزیبایەوە، گومڕایی چارەنووس بەنسیبتان دەبوو. ئەو ڕستەیەی کە بەردەوام دەگێڕدرایەوە ئەوەبوو کە: ئەو کەسەی نەچێتە ژێرباری ڕێبەرایەتییەوە. وەکو گەلاّیەکی مردوو وشك هەڵدێت، بەلاّم لەهەمبەر خود ئەزموونییەوە، مەبەست ئەوەنەبوو کە ئاگایی لەخۆ لەهەمان شوێندا

تەواوبێت، بەڵکو ئامانج ئەوەبوو کە خود ئەزموونی کلاوڕۆژنەیەکی سەرانسەری بەڕووی ئەو کەسەدا ڤالاّ بکات کە بەڕێوەبردنی ئەوی لەژێر دەستدابوو و تاقوولاّیی ڕۆحی بۆ ئاشکرا بکات.

گەلێك دەق لەمەڕ زاهیدو ڕاهیبەکانی سەدەی یەکەمی (زاینی) سەبارەت بە لێك بەستراوی ڕێنماییو خود ئەزموونیی لەبەردەستدایە کە دەری دەخات ئەم هونەرە چ گرنگیەکی دیاریکەری بۆ مەسیحییەت هەبووەو گەیشتبوونە چ پلەیەکی ئاڵۆزی. ئەوەی دەمەوێت جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئەو هونەرەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد وێنەی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی سەیرو سەمەرە لە شارستانییەتی یۆنانی — ڕۆمانی — واتە پێکهێنانی پێوەندیی لەنێوان ملکەچیی تەواو ناسینی خۆ (مان)و دانپێدانان بە بەرچاوی ئەوانی ترەوە، دەکێشێت.

٤- گۆڕانکارییەکی دیکەش بوونی هەبوو کە ڕەنگە لە هەموویان گرنگتربێت. لە مەسیحییەتدا هەموو ئەو هونەرانە، واتە خود ئەزموونیو دانپێدانانو ڕێنماییو ملکەچی یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش ناچارکردنی تاکەکانە بۆ رەنجکێشی یان کوشتنی خود (١٩) لەم جیهانەدا، شتێکی ئاساییە کە رەنجکێشی یان کوشتنی خود یەکسان نییە لەگەڵ مەرگ (بەمانا حەقسقییەکەی)، بەڵکو بەمانای وازهێنانو تەرككردنی خودو ئەم دونیایە، بەمانای مەرگێکی ڕۆژانەیە. هەڵبەتە ئەوە یەکەمین جار نییە کە دەبینین ناوەڕۆکی شوانێتی لەگەڵ مەرگدا پێوەندی پەیدابکات، بەلاّم لێرەدا جیایە لەو وێنانەی کە یۆنانیەکان بۆ دەسەلاّتی سیاسییان هەبوو. جۆرە گیانبەخت کردنێك نییە لەپێناو شار (یان ولاّت)دا. رەنجکێشی یان خود کوژی لە مەسیحییەتدا جۆرە پێوەندییەکە کە لە خودی کەسەکەوە بە خودی کەسەکە دەگاتەوە. بەشێکەو — بەشێکی هەڵسەنگێنراوی — ((خودشوناسی))یە لەنێو مەسیحییەتدا.

دەتوانین بڵێین کە شوانێتی لەناو مەسیحییەتدا کۆمەڵە گەمەیەکی (game) هێناوەتە نێو پانتاییەکەوە کە یۆنانیو عیبرانییەکان تەنانەت خەیاڵیشیان بەلایاندا نەدەچوو: گەمەیەکی سەیر کە ئەرکانەکانی ژیانو مەرگو حەقیقەتو ملکەچیو تاكو خود شوناسییە، ئەو گەمەیەی کە پێناچێت هیچ پێوەندییەکی بە گەمەی مانەوەی شار (یان ولاّت) بەهۆی فیداکاریی هاولاّتیانەوە هەبێت. کۆمەڵگاکانی ئێمە بەڕاستی شەیتانانە خۆیان دەرخست، چونکە ئەم دوو گەمەیەیان — یەکیان گەمەی شارو هاولاّتیانو ئەوی تریان گەمەی شوانو مێگەل — لەنێو ئەو شتەی پێیّ دەڵێین دەوڵەتە سەردەمییەکان (ئەمڕۆییەکان)، لەگەڵ یەکتردا کۆکردەوە.

ئاگادارن کە هەوڵی ئەمشەوی من لە چوارچێوەی خستنەڕووی ڕێگایەك بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ یەکێك لە بابەتەکان کورت بۆتەوە نەك بۆ چارەسەرکردنی. ئەم بابەتەش وەکو ئەو بابەتانەیە کە من لەکاتی نووسینی یەکەمین کتێبی خۆم لەسەر شێتیو نەخۆشییە دەروونییەکان، خەریکیان بوومە.

هەروەك پێشتریش بە ئێوەم گوت، بابەتەکە سەروکاری هەیە لەگەڵ پێوەندی نێوان ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی (وەکو شێتی، نەخۆشی، پێشێلکردنی یاسا، جنسییەتو خود شوناسییە)و مەعریفە جیاوازەکانی (وەکو دەروونپزیشکی، پزیشکی، تاواناسی، ناسینی بابەتە سێکسییەکان، دەروونناسی)و بەکورتی شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەسەلاّت (وەکو ئەو دەسەلاّتەی کە لە دامودەزگای دەروونپزیشکیو سزاییو بەگشتی لەهەموو ئەو دەزگایانەی پێوەندییان بە کۆنترۆڵ کردنی تاکەوە هەیە، پیادە دەکرێت).

شارستانیەتی ئێمە ئاڵۆزترین سیستەمی مەعریفەو ناسکترینو زانایانەترین بونیادی دەسەلاّتی پێکهێناوەو پەروەردەی کردووە. ئەم بەشە مەعریفەیەو ئەم جۆرە دەسەلاّتە، چ شتێکی لە ئێمە دروست کردووە؟ ئەزموونە بونیادەکانی شێتیو ڕەنجو مەرگو تاوانباری عیشق (سێکسی)و فەردییەت بە چ جۆرێك لەگەڵ مەعریفەو زانینو دەسەلاّتدا لێك بەستراون، ئەگەرچی ئێمە ئاگامان لەو لێك بەستراوییەش نەبێت؟ من بڕوام وایە کە هەرگیز هیچ بەسڤێك بەدەست ناهێنم، بەلاّم ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە نابیّ پرسیارەکە بێتە بەرباس.

★★★★★★★★★★★★

تا ئێرە، هەوڵمداوە دەریبخەم کە مەسیحیەتی بەرایی چۆن شكڵو شێوەیان بە هزری کاریگەریی بەردەوامی شوانێتی لەنێو تاکەکاندا داوە یۆنانیەکان جگە لەچەند

درێڕو پەرەگراف وەرگرتنو خواستن (وەکو خود ئەزموونیو ڕێنمایی ویژدان) چۆن لەگەڵ بیری شوانێتیدا نامۆو بێگانە بوون.

ئێستا گەرەکمە بە بازدانێك بۆ پێشەوە چەندین سەدە بەجێبێڵمو دەست بکەم بە ڕوونکردنەوەی حیکایەنێکیتر کە لەمێژووی حوکمڕانێتی بەسەر تاکەکاندا بەیارمەتی حەقیقەتی تایبەت بەخۆیان، خاوەن گرنگیەکی تایبەتی بووە.

ئەم شتە پەیوەندی بە دروست بوونی دەوڵەتەوە هەیە بە واتا نوێکەی (بە مانای نوێی وشە). مەبەستی من لە پێکهێنانی ئەم پەیوەندیە مێژووییە، بەهیچ جۆرێ ئەوە نییە بڵێم لەماوەی دە سەدەی تەمەنی ئەوڕوپای کاسۆلیکیو ڕۆمانی، هیچ شوێنەوارێکیدەسەلاتی شوانی بەرچاو ناکەوێت، بەلام وادێتە بەرچاو کە بەپێچەوانەی ئەوەی ڕەنگە چاوەڕوان بکرێت، ئەم قۆناغەی ئاماژەمان بۆکرد ڕۆژگاری سەرکەوتنی کاری شوانێتی نەبوو. چەند بەڵگەیەك بۆ ڕاستو دروستی ئەم بابەتە لە ئارادایە کە هەندێکیان ئابوورین. شوانێی ڕۆحێکی ئەزموونیانەی تایبەتە بەشارو لەگەڵ بارودۆخی دەستکورتو هەژارەکانو ئابووری یەکجار بەربلاوی دێهاتیانەی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا نەدەگونجا. سەرجەم بەڵگەکانیتر خودان ماهیەتی کولتورین. شوانێتی هونەرێکی دژوارو ئالۆزەو پێویستی بەئاستێکی دیاریکراوی کولتوری هەیە، هەم لەلای شوانو هەم لەلای مێگەلەکە. بەڵگەکانیتر پەیوەندیان بە بونیادی کۆمەلایەتی- سیاسیەوە هەیە، فیۆدالیتە (دەرەبەگایەتی) پێکهاتەیەکی بۆ پەیوەندی تاکەکەسی لەنێو تاکەکاندا پێکهێنابوو کە بەگشتی لەگەڵ شوانێتیدا جیاوازی هەبوو.

ناڵێم بیری حوکمڕانێتی شوانی بەسەر ئادەمیزادەکان یەکسەرە بارگەرو بینەی لە کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاستدا تێکەوەپێچا. ئەم بیرە نەك هەر ماوەتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین زۆر بەهێزیش بووە. دوو زنجیرە فاکت ئەم بانگەشەیە دەسەلمێنن. سەرەتا ئەو چاکسازیەی کە لە خودی کەنیسەو بەتایبەتی لەنێو زنجیرە (سلالە)ی ڕۆهبانیدا ئەمجامدرابوو- ئەو چاکسازییەی کە یەك لەدوای یەك لەنێو دیرەکاندا جێبەجێ دەکرا-و ئامانجی ئەم چاکسازیانە سەقامگیرکردنی سەرلەنوێی دیسپلینو سەختیبوو لەنێو خودی ڕاهیبەکاندا، زنجیرە تازە دامەزراوەکان- وەکو زنجیرەی دۆمینیکنو زنجیرەی فرانسسی- تەنانەت دەستیشیان دابووە جێبەجێکردنی ئەرکی شوانێی لەنێو ئیمانتدارەکاندا. کەنیسە بەردەوام لەدوای قەیرانە یەك لەدوای یەکەکان، بۆ وەرگرتنەوەی ئەرکی شوانێتی هەوڵیدەدا، بەلام مەسەلەکە لێرە کۆتایی پێنایەت. لەسەرتاسەری سەدەکانی ناوەراستدا لەگەڵ زنجیرەیەك نێکۆشانی بەردەوامو دوورودرێژ لەگەڵ خەڵکدا بەرەوڕوو دەبینەوەلەپێناو دامەزراندنی دەسەلاتی شوانیدا. ڕەخنەگرەکان دەیانگوت کەنیسە کەمتەرخەمی کردووە لەئەنجامدانی ئەرکەکانیداو بونیادەکەیان ڕەفزکردەوە کە لەسەر بنەمای پلەو پایەی یەك لەدوای یەك دامەزرابوو خوازیاری شێوازی کەمو زۆر خۆ وروژێنی کۆمەلایەتی بوون، کە مێگەل تێیدا لە دۆزینەوەی شوانی پێویست، سەرکەوتن بەدەست بێنێت. ئەم بەدواداگەڕانە شێوازی جیاوازی بەخۆوە دەگرت. هەندێجار، بۆنمونە لەمەڕ خەڵکی ("ڤو" ی سویسرا)، لە خەباتی بەکجار زۆر توندوتیژدا خۆی دەنواند، هەندێ کەڕەتیدیکە، بۆنمونە لەنێو کۆمەڵگای برایانی ژیان ئاشتەوایانە بوو، هێندێ جار دەبووەهۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی بەربلاوی وەکو بزاڤی لایەنگرانی هۆوس (٢٠)، هەندێ کەڕەتیتر تاقمی بچوکی وەکو یەزدان دۆستانی ئۆبێلاند (دەڤەرێکی کوێستانی سویسرایە)ی دەخستە جۆشو خرۆشەوە. هەندێ لەم بزوتنەوانە، وەکو بزوتنەوەی لگاردەکان(٢١) هێندە لە (الحاد)ەوە دوور نەبوونو هەندێجار دەبووە هۆی جولانەوەی فەندەمنیتالیزمانە (وەکو بزوتنەوەی یارانی ئۆراتۆری) (٢٢) (یارانی نوێژخانە) کە لەسەدەی پازدە لەهەناوی کەنیسەدا سەری هەڵدا.

من ئەم بابەتەم زیاتر وەکو کینایە هێنایە بەرباسو بۆ جەختکردن لەسەر ئەو مانایە کە هەرچەندە کاری شوانێتی وەکو فەرمانڕەوای کاریگەرو پراکتیکی بەسەر ئادەمیزادەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پێینەگرت، بەلام بەردەوام یەکێك لە دڵەڕاوکێیەکانو مایەی پێکدادان بوو لەکاتی شەڕەکاندا. لەسەراسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکێك لە ئارەزووە هەمیشەییەکان، پەروەردەکردنی پێوەندی شوانیبوو لەنێوان خەڵکداو ئەم ئارەزووە کاریگەری هەم لەسەر شەپۆلی عیرفانگەری داناو هەم لەسەر بەگژیەکداچوونە دوورودرێژەکانی "هەزارەییەکان" (٢٣)

هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم ئەوەنییە بچمە ناو ئەو بابەتەوە کە دەوڵەتەکان چۆن دروست بوونو ناشمەوێ لەسەر رەوتە ئابووریو کۆمەڵایەنیو سیاسیەجیاوازەکان بدوێم کە سەرچاوەی دەوڵەتەکانو گەرەکیشم نییە راڤەی ئەو دەزگا یان میکانیزمە جۆراوجۆرانە بکەم کە دەوڵەتەکان بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەیان، خۆیانی پێ تەیارو ئامادە دەکەن. تەنیا دەمەوێ هەندێ هاوتا (قرینە) بخەمە ژێر دەست سەبارەت بە شتێکی نێوان دەوڵەت وەکو پشکێکی رێکخستنی سیاییو میکانیزمەکانی- یان بەجۆێکیتر لەمەڕ ئەو بەشە عەقلانیەتەی کە بەمەبەستی پیادەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت، جێبەجێدەکرێت.

هەروەك لە وتەی پێشوو (بەشی یەکەم) ئاماژەم پێکرد، بەڕای من لەجیاتی ئەوەی بپرسین،ئایا دەسەڵاتی نانۆڕماڵو نادروستی دەوڵەت لە زێدەڕۆیی لە عەقلگەراییەوە سەرچاوەدەگرێ یان لە پەڕگیری لەدژی عەقڵی؟ گونجاوتردەبێت ئەگەر بەوردی ئەو پشکە دیاریکراوەی عەقلانیەت دەستنیشان بکەین کە دەوڵەت دروستی کردووە.

کردارە سیاسیەکان لانیکەم لەو روویەوە لەکردارە زانستیەکان دەچن کە ئەوەی تێیاندا جێبەجێدەکرێت بەردەوام جۆرێکی دیاریکراوی عەقلانیەتە، نەك "عەقڵ بەشێوەیەکی گشتی".

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە عەقلانیەتی دەسەڵاتی دەوڵەت هەمیشە بەتەواوی ئاگاداری ئەوەبووە جۆرێکی دیاریکراوی عەقلانییەو هەرگیز لەدووتوێی کردارە خۆ وروژێنو بیۆلۆژیەکەکاندا خۆی مەلاس نەداوە تا دواتر لەرێگەی شیکردنەوە بەهۆی تێڕوانین لە رابردوو روونبکرێتەوە. ئەم عەقلانیەتە لەدوو دەستەی تیۆریدا فۆرمۆڵبەندی کراوە:

یەکیان، تەدبیری ولات (٢٤)و ئەویتریان تیۆری پۆلیسە.(٢٥) دەزانم ئەم دوو زاراوەیە هیشتا هێندە بەسەر بارودۆخیاندا تێنەڕیبوو کە مانایەکی بەرتەسكو سووکیان پەیداکرد، بەلام لەماوەی ئەو (١٥٠) یان (٢٠٠) ساڵەی کە بەسەر پێکهێنانی دەوڵەتە نوێیەکاندا تێپەڕیوە، واتایەکی زۆر فراوانتریان لە هی ئێستا هەبوو.



تیۆری تەدبیری ولات دەیەویست ئەوە دیاری بکات کە پرنسیپو شێوازەکانی حکومەتی دەوڵەت چۆن بۆنمونە لەگەڵ شێوازی حوکمڕانێتی خواوەند بەسەر جیهان یان باوك بەسەر خێزان یان سەرۆك بەسەر کۆمەڵەدا، جیاوازی پەیدا دەکات. تیۆری پۆلیس بابەتی چالاکی عەقلانی دوڵەت پێناسە دەکات، ئەو ئامانجانەی کە دەوڵەت بەدوایانەوەو روخساری گشتی ئەو ئامرازانەی کە بەکاریان دێنێت، پێناسە دەکات.

کەواتە ئەوەی ئەمڕۆکە دەمانەوێ لەسەری بدوێین، سیستەمی عەقلانیەتە ، بەلام لەسەرەتادا، دوو پێشەکی: (١) لەبەرئەوەی مانیکە (٢٦) یەکێك لە گرنگترین کتێبەکانی لەبارەی تەدبیری ولاتو بەرژەوەندی دەوڵەتەوە نووسیوەو بلاویکردۆتەوە، من بەزۆری باسی تیۆری پۆلیس دەکەم، (٢) ئالمانو ئیتالیا لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتدا لەگەڵ گەورەترین کێشەو گیروگرفتەکان بەرەو روو ببونو زۆرترین بیروبۆچونیان سەبارەت بە تەدبیری ولاتو تیۆری پۆلیس خستۆتە روو. کەواتە، زۆربەی کاتەکان بۆ دەقە ئیتالیو ئەلمانییەکان دەگەڕێتەوە.

★★★

لە تەدبیری ولاتەوە دەست پێدەکەین. سەرەتا چەند پەرەگراف پێناسە:

بۆترۆ: "ناسینی تەواوی ئەو ئامرازانەی کە دەوڵەتەکان بە یارمەتی ئەوان دروست دەبنو خۆیانی پێپتەو دەکەنو پایەدار دەبنو گەشەدەکەن."

پالاتسۆ (وتار لەمەڕ حکومەتو تەدبیری راستەقینەی ولات،١٦٠٦)(٢٧): "رێسا یان ئەو هونەرەی کە توانامان پێدەبەخشێت بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی سەقامگیرکردنی هێمنیو نەزمو رێکوپێکی لە کۆماردا."

کمنیتس "Chemnitz" (لە تەدبیری ولاتدا، ١٦٤٧)(٢٨) تێبینی سیاسی پێویست بۆ هەموو کاروبارە گشتیەکانو ئەنجومەنو بەرنامەکان کە تاکە ئامانجیان پاراستنو گەشەپێدانو بەختیاری ولاتەو بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ئاسانترینو خێراترین ئامراز بەکاربهێنرێت."

مۆڵەتم بدەن هەندێ لەڕووە هاوبەشەکانی ئەم پێناسانە هەڵسەنگێنم.

١- تـەدبیری ولأت وەکـو یەکـێك لە "هونەرەکان- تەکنیکەکان" لەقەلەم دەدرێت، واتە پیشەسازییەك لەسـەر بـنەمای هـەندێ رێسا. ئـەم رێسایانە نەتەنیا لەگەڵ داب یان نەریـــتەکاندا پـــەیوەندی هەیـــە، بـــەڵکو بەمەعـــریفە- مەعـــریفەی عـــەقڵی- بەســـتراونەتەوە. ئەمـــڕۆ زاراوەی بـــەرژەوەندی دەوڵـــەت، وەکـــو "ســـەرەڕۆیی" یـــان "توندوتـیژی" لەزەیـندا خـۆی دەرەخـات، بـەلأم لـەو سـەردەمەدا، مەبەسـت بەشـە عەقلأنییەتێکی تایبەتی حوکمڕانیکردن بوو بەسەر ولأتدا.

٢- ئاراستەی عـەقڵی ئـەم هونـەرە (تەکنـیکە) تایبەتـیەی حکومـەت لـە کوێوە دێت؟ وەلأمـی ئـەم پرسـیارە هـزری تـازە دامـەزراوی سیاسـی توشـی تورەیـیو هاتوهـاوار دەکات، بەلأم زۆر سادەیە:

هونـەری حکومـەت بـەو مەرجـە عەقلأنـیە کـە قوڵ تێڕامان (بیرکردنەوە) ببێتەوە هۆری ئـەوەی ماهیـەتی ئـەو شتەی حوکمی بەسەردا دەکرێت- واتە ولأت- وەبەرچاو بگیرێت.

یەکـێك لـە نووسـینەکانی قدیـس تۆمـاس ئەکویـنی سـەبارەت بـەم خالأنـە، زۆر پـڕ مانایە.

ئەکویـنی بیرمـان دەخاتـەوە کـە "هـەموو هونـەرێك لـە پانتایی خۆیدا، دەبێ لاسایی ئـەو شـتە بکاتـەوە کـە سروشـت ئـەنجامی دەدات" و تەنـیا هـەر بـەم مەرجـەش عەقلانـیە. حوکمڕانێـتی پاشا بەسەر ولأت (مملکت)ەکەیدا دەبێ لاساییکردنەوەیەك بێت لە فەرمانڕەوایی خواوەند بەسەر سروشتدا یان خکومەتی خود (نفس) بەسەر جەسـتەدا. هەروەك چۆن خوا جیهانی خوڵقاندو خود روخساری بەجەستە بەخشی، پاشاش دەبێت هەوڵی بونیادنانی شارەکان بدات.

هـەر بـەو جـۆرە کـە خواوەنـد رێـبەری بوونـەوەرە سروشـتیەکانە یـان (نفس) خود رێـبەرایەتی جەسـتە دەکـات، پاشـاش دەبێـت خـەڵك بـەرەو خـەرەزو ئامانجی بوونی خۆیـان رێـنمایی بکـات. ئامـانجو غایەتی بوونی مرۆڤ چیـیە؟ ئەو شتەی بۆ جەستە باشـە؟ نـەء، ئـەو بـۆ ئـەو مەبەستە پێوستی بە پزیشك دەبێت نـەك پاشا. سامان؟ نە بـۆ ئـەم مەبەسـتە کارگێڕو کاربەدەسـت بەسـە. حەقیقەت؟ تەنانـەت ئەمەش نـیە، چونکە لـەم حاڵەتـەدا پێویسـتی بـە مامۆستا دەبێت. مرۆڤ پێویستی بە کەسێکە کە

ڕێگای بەختەوەری ئاسمانی بەڕودا بکاتەوە لە ڕێگەی پەیڕەوی ئادەمیزاد لەم دنیایە لەو شتەی-honestum-ە (=نزیکە لە ئەخلاقو فەزیلەت).

هـەروەك دەبیـنین نمونـەی هونـەری حکومەت، خواوەندە کە باساکانی خۆی بەسەر خەڵقـەندەکانی خـۆی حـاکم دەکـات. نمونەی قدیس تۆماس بۆ حکەمەتی عەقلأنـی، نمونەیـەکی سیایی نـیـە، بـەلأم ئەوەی بیرمەندانی سەدەی شازدەو حەڤدە بەدوایدا دەگەڕێن ئەو پرنسیپانەیە کە رێنمایی حکومەتە واقیعەکان بکات. ئەمان ئیشیان بە سروشـتو یاسـا گشـتیەکان نـیـە. دەیانـەوێ بـزانن دەوڵـەت چـیـەو هەڵومـەرجو پێویستەکانی کامانەن.

ئـەو هاتوهـاوارو تورەیـیەی کـە ئەم توێژینەوەیەی لەنێو دیندارەکاندا هەڵگیرساند، ئالێرەدا قابیـلی لێتێگەیشتنە. دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی تەدبیری ولأت وەکو ئیـلحادی لـێهاتو بەتایـبەتی لـە فەرەنسا ئـەم زاراوەیە لە هەناوی سیاسەتدا دروست ببوو، پەیوەندی لەگەڵ "مولحیدەکان"دا پەیدا کرد.

٣- هـەروەها تـەدبیری ولأت لەگـەڵ نەریتـێکی فـیکریدیکەش رووبـەرووە. گرفـتی میکاڤیـلی لـە کتێـبی میـر-دا ئەوەیـە چۆن دەکـرێ لـە بەرامبەر نەیارە ناوخۆیی یان دەرەکـیەکاندا بەرگـری لـە ویلایـەت یـان ئـەو خاکـەی کـە بـەمیرات بەجـێماوە یـان داگیرکراوە، بکرێت.



ئامـانجی سەرانسـەری شـیکردنەوەی میکاڤیـلی ئەوەیـە بـۆی دەرکەوێـت چ شـتێك پـەیوەندی نـێوان میـرو ولأت دەپارێـزێ یـان پتەوتری دەکات، بەلأم ئەو مەسەلەیەی کـە لـە تـەدبیری ولأتـدا دێـتە پـێش، مەسـەلەی بونو ماهیەتی خودی دەوڵەتە. هەر بـەم هۆیـەبوو ئـەو کەسـانەی کـە لـە پانـتایی تـەدبیری ولأتـدا تـیۆریان دادەنـا لـە میکاڤیـلی دوورکەوتنەوە. میکاڤیلی بەدناوبوو ئەوان نەیاندەتوانی مەسەلەی خۆیان بـە مەسـەلەی ئـەو بـزانن. لەلایەکیتـرەوە نـەیارانی تـەدبیری ولأت هەوڵیان دەدا بە ڤـێزەونکردنی وەکـو میراتـی میکاڤیـلی، خەلـەل بخەنـە نـاو ئـەم هونەرەنوێـیەی حکەمـەت، بـەلأم سـەرەڕای ئـەم ناکۆکیە مەغشوشانە، سەدەیەك پاش نووسینی میر، تـەدبیری ولأت بـووە پێکهێـنەری عەقلانیەتـێکی یـەکجار جـیاواز (هەرچـەندە لـە هـەندێ رووەوە) عەقلأنـیەتی میکاڤیـلی. ئامانجی ئەم حکومەتە نوێیە حوکمڕانێتی

ڕێك ڕێگرتن بوو له پایەداربوونو پتەوی دەسەلاتی میر بەسەر سنورو قەلەمڕەوی خۆیداو توندوتۆلکردنی خودی دەولەت بوو. یەکێك له تایبەتمەندیەکانی هەموو پێناسەکانی بەرهەمی سەدەی شازدەو حەڤدە هەر ئەم خالەیە. حکومەتی عەقلانی بریتیيە لەوەی کە دەولەت، لەگەلّ سەقامگیربوونی ماهیەتەکەی، بتوانێت پێشی دوژمنان بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو بگرێت. دەولەت تەنیا بەمەجێك لەتوانایدا هەیە ئەم کارە ئەنجامبدات کە هێزی خۆی پەرەپێبداتو لەو ماوەیەدا دوژمنەکانیش وابکەن، بەلام ئەو دەولەتەی کە دلەڕاوکێیەکەی تەنیا بەرگری بێت، حەتمەن زوو یان درەنگ تووشی کارەسات دەبێت. ئەم فیکرە زۆر گرنگەو پێوەندی بە ڕوانگەی مێژوویی نوێوە هەیەو ئیلتزامەن بەو واتایەیە کە دەولەت بوونەوەرێکی واقیعییە کە دەبێ بتوانێت بۆ ماوەیەکی مێژوویی دیاری نەکراو لە ناوچەیەکی جوگرافی کە جێگەی دژایەتییە، بەرهەلستی بکاتو بتوانێ ڕابوەستێت.

٤- بۆمان دەردەکەوێ کە تەدبیری ولات بەواتای حکومەتێکی عەقلانی کە بتوانێ پتەویی دەولەت پەرە پێبداتو زیادی بکا، پێویستی بە دامەزراندنی بەشێکی دیاریکراوی مەعریفە هەیە. حکومەت تەنیا بەو مەرجە مومکین دەبێ کە پتەویو پایەداریی دەولەت دیار بێتو بەم چەشنە بتوانێ بەردەوام بێتو بمێنێتەوە. دەبێ توانای دەولەتو میکانیزمەکانی بەرفراوانیوونیشی بزانرێت.

دەبێ دەولەت لەبەرانبەر ئەوانی تر بوەستێتەوە. کەواتە پێداویستیی حکومەت شتێکی زیاترە لە پراکتیککردنی پرنسیبەکانی عەقلّو بلیمەتیو پیتۆلّیو دووربینی.مەعریفە پێویستە: مەعریفە (زانین)ی واقیعیو وردو هەلسەنگێنراوی هێزو پایەداری دەولەت. هونەری حکومەت کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تەدبیری ولاتە، پێوەندییەکی نزیکی لەگەلّ پەرەسەندنی ئەو شتەی لەو ڕۆژگارەدا پێیان دەگوت ئاماری سیاسی یان ئەژمێر پەیدا دەکات، بەمانای ناسینی هێزەکانی دەولەتە جیاوازەکان، ئەم مەعریەفەیە لە ڕووی حوکمڕانێتی ڕاستو دروستەوە پێویستو چاوپۆشی لێ نەکراوبوو.بەکورتی تەدبیری ولات، هونەری حوکمڕانێتی نییە بەپێی یاسا یەزدانی یان سروشتی یان مرۆییەکانو هیچ پێویستی بەرز نرخاندنی زۆرە ملێیانەی نەزمی گشتی دنیا نییە. تەدبیری ولات، حکومەتە بەپێی توانا‌و پتەویی دەولەت. حکومەتێکە کە ئامانجەکەی زیاد کردنی تواناو پایەداریو پتەویی دەولەتە لە چوارچێوەی بەربلاوی ڕکەبەرایەتیدا.

بیرمەندانو نووسەرانی سەدەکانی حەڤدەو هەژدە مەبەستیان لە ((پۆلیس)) زۆر جیاوازە لەو شتەی ئێمە لەو زاراوەیەی دەخوازین. ڕەنگە نرخی تاوتوێ کردنی هەبێ کە بۆچی ئەم بیرمەندو نووسەرانە زیاتر ئیتالیو ئەلمانی بوون، بەلام هەر چۆنێك بێ، مەبەستیان لە ((پۆلیس)) جۆرە تەکنەلۆژیایەکی تایبەتی حکومەتە — واتە پانتاییو هۆنەر (تەکنیك)و ئامانجەکانی دەستێوەردانی دەولەت، نەك دەزگا یان میکانیزمەکانی نێو هەناوی دەولەت.

بۆ ئەوەی وتەکەم ڕوونو سادە بێت، وەکو نموونە ئاماژە بە دەقێك دەکەم کە هەم لایەنی یۆتۆپیایی هەیەو هەم لایەنی بەرنامە دانانو یەکێکە لە بەراییترین بەرنامە یۆتۆپیاییەکانی دەولەتی پۆلیسییە، نووسەری کتێب تورکە دۆماین ئەم بەرنامەیەی لە سالّی (١٦١١) ئامادە کردووەو پێشکەشی ئەنجومەنی گشتی چینەکانی هۆلەندای کردووە. ج. کینگ لەکتێبەکەی خۆیدا، زانست لە حکومەتی لویسی چواردە(٢٩)دا ئاماژە بە گرنگیی ئەم نووسینە سەیرە دەکات. ناونیشانەکەی، پاشایەتیی ئەرستۆ دیموکراتی) بۆ خۆی بەتەنیایی دەریدەخات کە چ شتێك لە ڕوانگەی نووسەرەوە گرنگیی هەبووە: واتە نەك هەلبژاردنێك لەنێوان ئەم سێ جۆر حکومەتە (پاشایەتی، حکومەتی ئەرستۆکراتی، حکومەتی گەل)، بەلکو تێکەلەیەك لەنێوان ئەم سێ جۆرە بە وەبەر چاوگرتنی ئامانجێکی (غایەت) حەیاتی، واتە دەولەت، کە تورکە بە ((شار))، ((کۆمار)) یان ((پۆلیس)) ناوزەدی دەکات.

ئەو ڕێکخستنەی کە تورکە پێشنیاری دەکات بەم چەشنەیە. چوار کاربەدەستی پایەبەرز لە پەنای پاشا، کە یەکێکیان بەرپرسی دادپەروەری (یان دادگایە) ئەوی تریان (لێپرسراوی) سوپایەو سێیەمیان (بەرپرسی) خەزێنەیە، واتە ئەو باجو سەرانەیەی کە دەبێ بدرێت بە پاشاو داهاتەکانیو چوارەمیان پۆلیسە. وادێتە بەرچاو کە ئەم بەپرسە (پۆلیس) بڕیار وابووە کە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕۆلی ئەخلاقی بگێڕێتو بەپێی نووسینی تورکە خەریکی پەروەردەکردنو پەرەپێدانی (داوێنپاکیو چاکەکاریو وەفاداریو کۆلنەدەریو هاوکاریی دۆستانەو ڕاستیو

دروستی) بێت لەنێو خەڵکدا. ئەو بیرۆکە کۆنە کە فەزیلەتی ڕەعیەتەکان گرێنتی باش بەڕێوەبردنی وڵاتە، بە ئاشکرا لەم نێوەدا بەرچاودەکەوێت، بەڵام کاتێك دەگەینە وردەکارییەکان (جزئیات) وێنەی ئایندەی هێندێ گۆڕانی بەسەردا دێت.

تورکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە لە هەر ویلایەتێکدا هەندێ دەستەو تاقم پارێزەری ڕێکوپێکیو یاسابن: دوو دەستە بۆ چاوەدێری کردن بەسەر خەڵکداو دوو دەستەی تر بۆ چاوەدێری کردن لە شتو کاروبارەکان. سەرەتادەستەی تایبەت بە خەڵك دەبووایە چاوەدێریی لایەنە پۆزەتیڤو چالاكو بەرهەمهێنەرەکانی ژیان بێت: واتە خەریکی پەروەردەو فێرکردنو دیاریکردنی زەوقو لێهاتوویی هەموو کەسەکانو هەڵبژاردنی پیشە -بە سوودەکان — بێت هەموو ئەو تاکانەی کە لەسەروو بیستو پێنج ساڵەوە بوون، دەبووایە ناویان لە دەفتەرێکدا لەگەڵ پیشەکان، تۆمار بکرێت.

دووەمین دەستە دەبووایە خەریکی لایەنە نێگەتیڤەکانی ژیان بێت: دەستکورتەکان (بێوەژنەکان، هەتیوەکان، بەساڵاچووەکان)، بێکارەکان، ئەو کەسانەی کە چالاکییەکەیان پێویستی بە هاوکاریی دارایی هەبوو (نەدەبووایە هیچ بەهرەیەکیان لێ وەربگیرێت)و لەکۆتاییدا کارەساتە ناخۆشەکانی وەکو ئاگرکەوتنەوەو لافاو.

لەو دوو دەستەیەی کە بەرپرسی شتو کاروبارەکان بوون، یەکێکیان دەبووایە بەتایبەتی خەریکی شمەكو دروستکراوەکان بێتو ئەوە دیاری بکات کە چ شتێك چۆن بەرهەم بهێنرێتو هەروەها چاوەدێریی بازاڕو بازرگانی بکات. چوارەمین دەستە بەرپرسی دەڤەرەکان بوو، واتە خاكو زەویو هەروەها موڵکە تایبەتیو میراتو دیارییەکان، چاوەدێری کردن بەسەر کڕینو فرۆشتندا، چاکسازیی مافی موڵکایەتیی، پێڕاگەیشتن بە ڕێگاوبانو پردو بینا دەوڵەتییەکانو جەنگەڵەکان.

نووسینەکەی تورکە لە زۆر ڕووەوە لە یۆتۆپیا سیاسییەکان دەچێت کە لەو سەردەمەدا گەلێك زۆر بوون، بەڵام هاوچەرخی باسە گەورە تیۆرییەکانیشە لەمەڕ تەدبیری وڵاتو ڕێکخستنی ئیدارییە پاشاییەکان، نموونەیەکی زۆر باشی ئەو شتەیە کە لەو ڕۆژگارەدا بە ئەرکی دەوڵەت لە حکومەتە تەقلیدییەکان لەقەڵەم دەدرا.

ئەم نووسینە چ شتێکمان پێشان دەدات؟

١- وادێتە بەرچاو ((پۆلیس))یش وێڕای دادگاو سوپاو خەزێنەدار، بەڕێوەبەرایەتییەکی لووتکەی دەوڵەتە، تا ئێرە ڕاستە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ((پۆلیس)) هەموو شتێك لە خۆ دەگرێت. تورکە بۆ خۆی وادەڵێت: {لقەکانی (پۆلیس) نفووز دەکەنە نێو هەموو بارودۆخی خەڵكو هەرچییەکی دەیکەنو دەیخەنە سەرشانی خۆیان. پانتاییەکەی دادگاو دارایيو سووپاش لەخۆ دەگرێت} .

٢- ((پۆلیس)) هەموو شتێك لەخۆ دەگرێ، بەڵام لەلایەنێکی یەکجار زۆر تایبەتییەوە. ئادەمیزادو شتەکان لە ڕووی پێوەندییەکانیانەوە دەخرێنە ژێر نیگاوە: واتە هاوژیانی مرۆڤەکان لە خاکێکی دیاریکراودا، پێوەندییەکانیان لەڕووی موڵکیو خاوەندارێتییەوە، ئەوەی بەرهەمی دێننو ئاڵوێرەکانیان لە بازاڕدا. هەروەها ((پۆلیس)) شێوازی ژیانیانو ئەو نەخۆشیو ڕووداوانەی کە ڕەنگە تووشی تاکەکان بێت وەبەرچاو دەگرێت. ئەوەی ((پۆلیس)) دەیخاتە ژێر نیگای خۆیەوە، مرۆڤێکی زیندوو و چالاكو بەرهەمهێنە، تورکە هەندێ دەستەواژەی جێگای سەرنج بەکاردێنێو دەڵێت: ((بابەتی ڕاستەقینەی کاری پۆلیس، مرۆڤە)).

٣- ئەم جۆرە خۆتێهەڵقوورتاندنە لە چالاکییەکانی خەڵك زۆر بە باشی دەتوانین بە ((گشتگیرانە)) (یان تۆتالیتارییانە)) وەسفی بکەین. ئەو ئامانجانەی کە (پۆلیس) بەدوایانەوەیە، چین؟ دوو تاقمن، سەرەتا، ((پۆلیس)) سەروکاری لەگەڵ هەموو ئەوشتانەدا هەیە کە خەملیویو شکڵو شکۆمەندی بەشار دەدات، شکۆمەندی نەك هەر دەلالەتە لە سەر جوانیی وڵاتو ڕازاندنەوەی، بەڵکو بەمانای پتەوی هێزیشیەتی. کەواتە، ((پۆلیس)) هێزو شادمانیی دەوڵەت زامنو بەرجەستە دەکات. ئامانجی دووەمی ((پۆلیس)) یارمەتیی دانی گەشەو پەروەردەکردنی پێوەندیی کارو بارو بازرگانیی نێوان خەڵكو هەروەها هاوکاریو یاریدانە. لێرەدا دیسان ئەو وشەیەی کە تورکە بەکاری دێنێت گرنگە. دەڵێ: ((پۆلیس دەبێت گرانتی (پێوەندی بەواتای بەرفراوانی وشە بێ لەنێو ئادەمیزادەکاندا ئەگینا خەڵك ناتوانێ ژیان بەسەربەرێ یان ژیانیان لەرزۆك دەبێو تووشی هەژاری دەبنو بەردەوام دەکەونە بەر مەترسییەوە)).

لێرەدایە بە بڕوای من بیرۆکەیەکی گرنگ کەشف دەکەین. کاری ((پۆلیس)) وەکو خۆتێهەڵقورتاندنێکی عەقلانی لەپێناو پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر ئادەمیزادەکاندا، بریتییە لە کەمێك زیادکردنی تەمەنیانو لەم ڕێگەیەوە کەمێك زیادکردنی هێزی دەوڵەت. ئەم مەبەستە بەهۆی کۆنترۆڵ کردنی ((پێوەندییەکان)) — واتە چالاکییە هاوبەشەکانی خەڵك (کار، بەرهەمهێنان، ئاڵوویر، کۆك بوون) — وەدەست دێت.

توانجم تێدەگرن کە ئەمە جگە لە یۆتۆپیا یان شارێکی خەیاڵی نووسەرێکی بێ ناونیشان شتێکی دیکە نییەو ناکرێ هیچ چەشنە دەرەنجامێکی گرنگیو مانادای لێ وەرگرین، بەڵام من دەڵێم کتێبی تورکە تەنیا نموونەیەکە لە بڕێکی مەزنی بەرهەمی نووسراو کە لەو سەردەمەدا لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکاندا دەستاودەستی دەکرد. نووسینەکەی تورکە لە ڕادەبەدەر ساکارە ئەگەرچی لەخۆگری ڕوونکردنەوەی لایەنە وردەکانە بەدوورو درێژی، بەڵام هەر ئەمە ئەو تایبەتمەندییانەمان باشتر بۆ دەردەخات کە لە بەرهەمەکانی تردا دەتوانین دەستنیشانیان بکەین. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، بەبڕوای من،ئەم جۆرە هزرانە بە مردوویی نایەنە سەر دنیا، بەڵکو لەسەرانسەری سەدەی حەڤدەو هەژدەدا برەویان هەبوو، چ بەشێوەی سیاسەتە کردەییەکان وەکو بە تەوەرەیی دانانی فاکتەری سیاسی لە سیاسەتی ئابووری یان سیستەمی سەوداگەریو چ وەکو بابەتەکانی خوێندن کە بەئەڵمانی (زانستی پۆلیس) ناوزەد دەکرێو لەبیرتان نەچێت کە زانستی بەڕێوەبردن لە ئەڵمانیا هەر بەم ناونیشانە دەوترێتەوە).

دوو وێنە بوونی هەیە، حەز دەکەم نەك وەکو توێژینەوە، بەڵکو بە ئاماژە تیشکیان بخەمە سەر کە یەکێکیان لەکورتەی ڕێوشوینەکان (بەزمانی) فەڕەنسیو ئەوی تریان لە کتێبێکی خوێندنی ئەڵمانیدا هاتووە.

١- هەموو مێژوونووسێك کورتەی ڕێوشوێنەکانی دولامار دەناسێ. لەسەرەتای سەدەی هەژدە، ئەم ڕاسپێردراوە دەوڵەتییە فەڕەنسییە، دەستی کرد بە کۆکردنەوەو نووسینەوەی هەموو ڕێوشوێنەکانی پۆلیس لە وڵاتی پاشایبی فەڕەنسادا. کتێبەکەی سەرچاوەیەکی بێ کۆتایی زانیاریی زۆر گرانبەهایە، ئەوەی گەرەکمە جەختی لەسەر بکەم، ئەو وێنانەیە کە بەڕێوەبەرێکی وەکو دولامار لەوانەبووە لە قەبارەیەکی ئەوتۆی ڕێساو ڕێوشوێنەکان وەدەستی بێنێت.

دولامار دەڵی دەبێت پۆلیس لەوڵاتدا خەریکی یازدە شت بێتو پێیان ڕابگات:
(١) ئایین، (٢) ئەخلاق، (٣) تەندروستی، (٤) ئازووقە، (٥) ڕێیەکانو ڕێگاوبانە گەورەکانو شاری یاری، (٦) ئاسایشی گشتی، (٧) هونەرو زانستەکان، (٨) بازرگانی، (٩) کارخانەکان، (١٠) نۆکەرو کاربەدەستەکانی، (١١) هەژارەکان.

ئەم ڕیزبەندە لە هەموو ئەو نامیلکانەدا دەبینرێت کە پێوەندارن بە پۆلیسەوە، هەروەك چۆن لە بەرنامەی یۆتۆپیای تورکەدا بینیمان، جگە لە سوپاو دادگا (بەمانای ڕاستی وشە)و باجە ڕاستەوخۆکان، پۆلیس لە ڕواڵەتدا بە هەموو شتەکانی دیکە ڕادەگەیشت. هەر ئەم مانایە ڕەنگە بەجۆرێکی تر بەیان بکرێت: دەسەڵاتی پاشایەتی بە پشتیوانی هێزە چەکدارەکانو پێکهێنانو بەرفراوانکردنی سیستەمی دادوەریو سەقامگیرکردنی سیستەمی باج بەسەر فیۆدالیزمدا سەرکەوتووەو وەك نەریتێك هەر لەم ڕێگەیەوە پیادە کراوە. ئێستا زاراوەی ((پۆلیس)) سەرتاسەری پانتاییەکی نوێ لەخۆ دەگرێ کە دەسەڵاتی چەقبەستووی سیاسیو جێبەجێ کردن توانای ئەوەی هەیە خۆی تێ هەڵبقورتێنێ.

بەڵام لۆژیکی خۆتێهەڵقورتاندن لە بنچینە کولتوورییەکانو تەکنیکی بەرهەمهێنانی بچووكو ژیانی عەقڵیو هزریدا چییە؟

بەرسڤی دۆلامار لەگەڵ گومانو دوو دڵی هەبووتە. لە شوێنێکدا دەڵێ: ((پۆلیس بەهەموو ئەو شتانە ڕادەگات کە سەروکاری لەگەڵ شادیو بەختەوەریی ئادەمیزادەکاندا هەیە))، لە جێگەیەکی تردا دەڵێت: ((پۆلیس چاوەدێریی هەموو ئەو شتانەیە کە — کۆمەڵگا (واتە پێ،ەندییە کۆمەڵایەتییە) باوەکانی نێو ئادەمیزادەکان ڕێکبخات))، دیسان دەڵێت پۆلیس چاوەدێریی ژیان بەسەربردنە. ئەم پێناسەیەی کە دەمانەوێ تاوتوێی بکەین هەر ئەمەیە. پێناسەیەکە یەکجار داهێنەرانەیە کە دوو پێناسەکەی ترمان بۆڕوون دەکاتەوەو دلۆلامار بۆ خۆشی پەنجەی لەسەر دادەنێتو کۆمەڵێك تێبینی سەبارەت بە یازدە ئامانجەکەی پۆلیس بەم جۆرە دەخاتە ڕوو. پۆلیس سەروکاری لەگەڵ ئاییندا هەیە، هەڵبەتە نەك لە

ڕووی حەقـیقەتی بنچـینەییو دۆگمـایی دینیـیەوە، بـەڵكو لـەڕووی چـۆنایەتیی ئـەخلاقی ژیانـەوە. لـە پانـتایی ساخلەمیو تەندروستی دابینكردنی پێداویستیەكان، لەگـەڵ پاراسـتنی ژیـاندا سـەروكاری هەیـەو لەمـەڕ كەسایەتو بازرگانیو كارخانەو كـرێكارو دەسـتكورتو ڕێكوپـێكی گشتیش، لەگـەڵ خۆشـگوزەرانی لە ژیاندا، لەڕووی چـاوەدێری كـردن بەسـەر شـانۆو ئـەدەبو خـۆ خـەریك كـردن (سـەرگەرمییەكان)، بابـەتی كارەكـەی چـێژی تەمەنـە، بـەكورتی بابـەتی كـاری پۆلـیس سەرانسەری ژیان دەگرێـتەوە: هـەم پێویستییەكانو هـەم كاروبـاری بـە كـەڵكی سـوودی كردەییو هەم شـتی زیـادەو كـەم بایەخ. دەبێ پۆلیس لەوە دڵنیا بێت كە خەڵك زیندووبنو بژینو تەنانەت لەم ڕادەیەش تێ بپەڕنو بەشتی باشتر بگەن.

لـێرەدا بابەتەكـە پـێوەندیی لەگـەڵ پێناسەكانی دیكەی دۆلامـاردا پەیدا دەكات كە لە یەكێكیاندا دەڵـێ: ((تاكـە مەبەسـتو ئامـانجی پۆلـیس گـەیاندنی ئادەمـیزادەكانە بە بەرزتـرین بەخـتەوەری لـەم دنـیایەدا))، لەئـەویتریان وتـراوە پۆلـیس چـاوەدێریی خـێری ڕووانـی (دیانـەتو ئـەخلاق)و خـێری جەسـتەیی (خـۆراكو تەندروسـتیو پۆشـاكیو شـوێنی نیشـتەجێ بـوون)و سـامانو پـارەداری (پیشەسـازیو كەسـایەتیو بازرگـانیو كـار)ە و لـە سـێیەمیاندا ئامـاژە بـەوە كـراوە پۆلـیس بەرپرسـی سـوودە وەدەست هاتووەكانی ژیانە لە كۆمەڵگادا.

٢- بـا ئێسـتا سـەیرێكی ئـەو وانەنامـە ئەڵمانییانە بكـەین كـە ماوەیـەك دواتر لەفیكر كردنی زانستی بەرێوەبردندا بەكاردەهات. زانستی بەڕێوەبردن لەزانكۆ جیاوازەكانو بەتایـبەتی لـە گونیـنگن، دەوتـرایەوەو بـۆ وڵاتـە ئەوروپـیەكان (جگـە لـە ئینگلتـەرا) گرنگیەكی یەكجار زۆری هەبوو. كاربەدەستە دەوڵەتیەكانی پروسیاو نەمساو روسیا- واتـە هـەر ئـەو كەسانەی كە دەبوایە چاكسازیەكانی یوزیفی دووەمو كاترینای مەزن جێـبەجێبكەن- هـەر لـەم ناوەندانـەدا راهێـنران. هـەندێ لـە فەرەنسـەكانیش، بەتایـبەتی ئەوانەیدەوروبـەری ناپلـیۆن، زۆربـاش شـارەزای وانـەكانی- Polizeiwissenschaft (یان زانستی پۆلیس)بوون.

لەم وانانەدا چ شتێك پەیدادەبوو؟

لەكتێبی (حكومـەتی) بەرهـەمی هۆهێنـتال (٣٠)، ئامـاژە بـەم بوارانەكـراوە: ژمارەی هاوڵاتـیان، ئـایینو ئـەخلاق، تەندروسـتی، خـۆراك، ئاسـودەیی تـاكو شـتەكان (بەتایـبەتی لـە ئاگركەوتـنەوەو لافـاو) دادگـا، كاروبـاری خۆشـگوزەرانیو كـات بەسـەربردنی (پشوی) هاوڵاتـیان (چـۆنیەتی وەدەسـتهێنانو چـۆنیەتی دیاریكـردنی ئـەم كاروبارانە). پاشان لەهەندێ بەشدا ئاماژە بەرووبارەكان، جەنگەڵەكان، كانەكان، چاڵەكانی ئـاوی سوێر، شـوێنی نیشـتەجێبوونو سـەرەنجام چەند بەشێكیش لەمەڕ كشتوكاڵو پیشەسازیو كەسابەتو بازرگانی نووسراوە.

لـە كورتەیـەك لـەبارەی پۆلـیس (٣١) لـە دانـانی ویلـبڕاند، نووسـەر بەرێـزی لەمـەڕ ئەخلاقو كەسابەتو پیشەو تەندروستیو ئاسایشو دواتر بنیاتنانی شار قسەدەكات. لانـی كـەم لـەڕووی بابەتەكانـەوە، كتێـبەكەی جـیاوازیەكی ئـەوتۆی نیـیە لەگـەڵ نوسینەكەی دۆلامـاردا.

بـەڵام گـرنگترین دەق، بـنەماكانی (ئەركـەكانی) پۆلیس-ە كە بەرهەمی فون یوستیە( ٣٢) لـەم كتێبەشدا دیسان لەپێناسەی ئامانجدا وتراوە كە ئەوەی پۆلیس دەیخاتە ژێر نیگاو تیڕوانینی خۆیەوە هەموو تاكێكی زیندووە كە لە كۆمەڵگادا ژیان بەسەردەبات، بـەڵام شـێوازی نوسـینو رێكخسـتنی كتێـبەكە هـەندێ جیاوازی هەیـە. فـون یوسـتی سـەرەتا خـەریكی تاوتوێكـردنی شـتێك دەبـێ كـە پـێی دەڵێـت "دارایـی دەوڵـەت بەشـێوەی زەوی"، واتـە خـاكو لـەدوو ڕووەوە تێیدەڕوانێـت: یەكێكـیان چـۆنیەتی نیشتەجێبوون تێـیدا (شارو ناوچەكانی دەرەوەی شار)، ئەویتریان ئەو كەسانەی كە لەسـەر خاكەكـە نیشـتەجێن (ژمـارەی خـەڵكو گەشـەو تەندروسـتیو ئـەخلاقو كۆچـكردنیان). پاشـان دەگاتـە شـیكردنەوەو شـیكردنی (تحلیلوتجربە) "شمـەكو دارایـیەكان" واتا كاڵاو دەستكردەكانو سوڕانەوەیان كە هەڵگری ئەو مەسەلانەشە كە پـەیوەندی بـە بودجـەو بایـەخو پـارەوە هەیـە. دوایـین بـەش تایـبەتە بـە رەفـتارو هەڵسوكەوتی تاكەكان، واتە ئەخلاقو توانای پیشەییو راستیو دروستی رێزگرتن لە یاسا.

بـە بـڕوای مـن، نووسـینەكەی فۆن یوستی لەبەر چوار هۆ چۆنیەتی ئالوگۆڕی پرسی پۆلـیس بە چیشنێكی زۆر پێشكەوتوتر لە "پێشەكی"ی دۆلامار پێشاندەدات. یەكەم،

فۆن یوستی پارادۆکسی تەوەرەی کاری "پۆلیس" زۆر زۆر رونتر دەردەبڕێ. دەڵێت پۆلیس واتا ئەو شتەی دەرفەت بۆ دەوڵەت دەرەخسێنێ تا دەسەڵاتو سەڵاحیاتی خۆی زیادبکاتو هێزی خۆی بەشێوەیەکی تەواو بەکاربخات، بەڵام لەلایەکیترەوە، دەبێ پۆلیس هاوڵاتیەکان لە خۆشحاڵیدا بێڵێتەوە (خۆشحاڵی بەمانای مانەوەو ژینو باشبونی بارودۆخی ژیان). پێناسەکەی بۆ ئەو شتەی، بەبڕوای من، دەبێ وەکو ئامانجی نوێی حکومەت لە قەڵەم بدرێت، بەمجۆرەیە: ١- پەروەردەکردنی ئەو رەگەزانەی کە ژیانی تاکەکان رادەگرێ بەخۆرێك کە گەشەکردنو پەرەسەندنیان، لە هەمانکاتدا یارمەتی بەهێزبوونو سەقامگیری دەوڵەت بدات.ئەم پێناسەیە لەوپەڕی کەماڵدایە.

فۆن یوستی پاشان جیاوازی دەکات لەنێوان ئەو کارەی کە وەکو هاوسەردەمەکانی پێیدەڵێت (پۆلیس)و (سیاسەت). مەبەست لە کارێکی لەبنەڕتدا نێگەتیڤە، بریتیە لەشەڕی دەوڵەت لەگەڵ دوژمنە ناوخۆییو دەرەکیەکانی خۆی، بەڵام پۆلیس کارێکی پۆزەتیڤە کە دەبێ هەم هاوکاری ژیانی هاوڵاتیان بکاتو هەم یارمەتی بەهێزبوونو پتەوبوونی دەوڵەت بدات.

خاڵی گرنگ لێرەدایە. فۆن یوستی زۆر زیاتر لە دۆلامار پێ لەسەر چەمکێك دادەگرێ کە بەدرێژایی سەدەی هەژدە بەردەوام گرنگیەکی زیاتری بەخۆوە دەبینیو ئەویش بریتیبوو لە چەمکی دانیشتوان. دانیشتوان بەمانای گروپە تاکێکی زیندووبوو لەگەڵ تایبەتمەندی هەموو تاکەکانی سەربەیەك جۆر کە لە پەنای یەکتریدا ژیان بەسەردەبەنو (لێرەوە رادەیەکیان لە مەرگو ژینو دووگیان بوون هەیە، تووشی نەخۆشیە گشتگیرەکانو زیادبوونی لەڕادەبەدەر دەبنو دابەشکردنیان بەسەر خاکدا سەر بەبەشێکی دیارکراوە). هەڵبەتە دولاماریش بۆ وەسفی ئەو شتەی کە پۆلیس سەروکاری لەگەڵدا هەیە، سودی لە پەیڤی "ژیان" وەرگرتووە، بەڵام جەختێکی ئەوتۆی لەسەرناکات. ئەگەر چاوێك بەسەرتاسەری سەدەی هەژدە بەتایبەتی بە ئەڵمانیادا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی وەکو بابەتی کاری پۆلیس پێناسە دەکرێت، دانیشتووانە، واتە گرووپێکی زیندەوەران کە لە دەڤەرێکی دیاریکراودا ژیان بەسەر دەبەن. سەرئەنجام هەر هێندە بەسە کە نووسینەکەی فۆن یوستی بخوێنینەوە تا بۆمان دەردەکەوێت کە وەکو بەرهەمەکەی تورکە ڕوونکردنەوەیەك نییە لەسەر یۆتۆپیا یان شارێکی خەیاڵی، یان (وەکو کتێبی دۆلامار) کورتەیەکی ڕێوشوێنە بەرێکی ئەرشیف کراوەکان نییە. فۆن یوستی بانگەشەی دامەزراندنی زانستی پۆلیس دەکات. کتێبەکەی تەنیا پێڕسێکی ڕاسپێردراو نییە. تۆڕێکە کە بەهۆی ئەوەوە، دەوڵەت، واتە خاكو سەرچاوەو دانیشتوانو شارەکان....تاد دەبینین فۆن یوستی ((ئامار)) (واتە وەسفەکانی دەوڵەت) لەگەڵ هونەری حکومەت کردن کۆدەکاتەوە. ئەوشتەی پێی دەڵێت زانستی پۆلیس، هەم هونەری حوکمڕانێتییەو هەم شێوازێکیشە بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی دانیشتووانی نیشتەجێی سەر زەوییەك.

ئەم چەشنە تێبینییە مێژووییانە، بێگومان زۆر دوورن لە (هەلومەرجی ئەمڕۆکە)و لەڕووی خۆخەریك کردنە هەنووکەییەکان، بێ سوود دێتە بەرچاو. من نامەوێت وەکو هێرمان هیسە هێندە بڕۆمە پێشو بڵێم تەنیا ((گەڕانەوەی بەردەوام بۆ مێژوو، بۆ ڕابردوو، بۆ ڕۆژگاری دێرین)) بەرهەمێکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەزموون ئەوەی فێرکردووم کە مێژووی ڕوخسارە جیاوازەکانی عەقڵانییەت هەندێ جار لە ڕەخنە گشتیو ئەپستراکتەکانی ئێمە کاریگەرترە، بۆ تێكو پێکدانی یەقینو هزرە دۆگماکانمان. چەندین سەدە دیاردەکان گێڕانەوەی مێژووی دینییان تەحەمول نەدەکرد. ئەمڕۆکەش پەیڕەوانی قوتابخانە جیاوازەکانی عەقلانییەت دەبنە بەربەست لەبەردەم نووسینی مێژووی پێوەندیدار بە خۆیانەوە، کە بێگومان لەنێو ئەم بەربەستیو پێش گرییەدا ماوەیەك خۆی مەڵاس داوە. من تەنیا ویستوومە ئاراستەی توێژینەوەکە دیاری بکەم. ئەوەی وتوومە جگە لە بنەما سەرەتاییەکانی ئەوکاری کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو پێیەوە خەریك بوومە، هیچیتر نین: شیکردنەوەی مێژوویی ئەوشتەی دەتوانین (بەسوود وەرگرتن لە زاراوەیەکی لەناوچوو)) پێی بڵێین هونەری حکومەت.

بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیە هەندێ گریمانەی بنەڕەتین کە ڕەنگە بتوانین بەم جۆرە کۆبەندەکەی بخەینە ڕوو:

١- دەسەڵات نەجەوهەرەو نەخودێکی نهێنی ئامێز کە دەبێ بگەینە حەقیقەتەکەی. دەسەڵات شتێکی زیاتر نییە لە جۆرێکی دیاریکراوی پێوەندیی نێوان تاکەکان. پێوەندییەکی لەم جۆرە بە تەواوی دیارەو هیچ پێوەندییەکی بە ئاڵوویرو بەرهەمهێنانو هاو پێوەندییەوە نییە، ئەگەرچی لەگەڵیاندا کۆدەبێتەوە، تایبەتمەندی دەسەڵات ئەوەیە کە هەندێ لە تاکەکان دەتوانن کەمو زۆر هەموو ڕەفتارەکانی ئەوانیتر دیاری بکەن، بەڵام نەك بە چەشنێکی تەواوو سنووردار یان لە ڕێگەی ئیلزامو ناچارکردن. ئەوکەسەی زنجیریان کردووەو تێی هەڵدەدەن شوێنکەوتەی زۆرەملێیەکە کە بەسەریدا پیادە دەکرێت، نەك شوێنکەوتەی دەسەڵات، بەڵام ئەگەر ناچار بکرێ قسە بکات لەکاتێکدا دوایین چارەی هەر بێدەنگییە، ئەگەرچی بە بەهای مەرگیەتی، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین کە هۆکارێك پێکهێنراوە تا ئەو بەشێوازێکی دیاریکراو ڕەفتار بکات. ئازادییەکەی بۆتە پاشکۆی دەسەڵاتو بۆخۆی تەسلیمی حکومەت بووە. دەسەڵات بە مەرجێك دەتوانێ تاك بکاتە پاشکۆی حکومەت ئەگەر ئەو تاکە ئازاد بێت، هەرچەندە ئازادییەکەی کورتکراو بێ. بەبێ بوونێکی بەزەبری سەرپێچی یان ڕاپەڕین، دەسەڵات بوونی نییە.

٢- لە هەمبەر تەواوی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان، فاکتەرە دیاریکەرەکانی دەسەڵات جۆراوجۆرن، بەو حاڵەش، هەوڵدان بۆ عەقڵانی کردنی دەسەڵات بەردەوام لە ئارادایەو ڕوخساری دەستنیشان کراوبەخۆوە دەگرێو جیاوازیی هەیە لەگەڵ بەعەقڵانی کردنی پرۆسە ئابوورییەکان یان تەکنیکی بەرهەمهێنانو پێوەندییەکانو هەروەها لەگەڵ عەقڵانییەتی گوتاری زانستی. حکومەتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا — چ مرۆڤەکان گرووپی بچووك پێکبهێنن یان گەورە، چ ئەو دەسەڵاتەی کە پیادە دەکرێ دەسەڵاتی پیاوەکان بێت بەسەر ژناندا، یان بە تەمەنەکان بەسەر منداڵەکان یان چینێك بەسەر چینێکی تردا یان بیرۆکراتییەت بەسەر خەڵکدا — هەر چۆنێ بێت هەمیشە لەخۆگری جۆرێکی دیاریکراوی عەقڵانییەتە نەك توندوتیژیی ئامێری.

٣- کەواتە، ئەوکەسانەی لەبەرانبەر جۆرێکی تایبەتی دەسەڵاتدا ڕادەوەستن یان ڕادەپەڕن، ناتوانن تەنیا بە قێزەوەن پێشاندانی توندوتیژی یان ڕەخنەگرتن لە فلانە دەزگا واز بێنن. هەربەم جۆرە، سەرزەنش کردنی عەقڵ بەشێوەیەکی گشتیش بەس نییە. دەبێ گومان لەو ڕوخسارە تایبەتەی عەقڵانییەت بکەین کە لەنێوماندایە. ڕەخنەگرتن لەو دەسەڵاتەی کە بەسەر نەخۆشە دەروونییەکان یان شێتەکاندا پیادە دەکرێ، تەنیا لەچوارچێوەی دەزگاکانی دەروونپزیشکیدا کورت ناکرێتەوە. ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی سزادان دەخەنە ژێر گومانو پرسیارەوە، ناتوانن تەنیا بە لۆمە کردنو قێزەوەن پێشاندانی زیندانەکان وەکو دەزگای تۆتالیتاری ئیکتیفا بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن ڕوخسارێکی عەقڵانی بەم جۆرە پێوەندییانە دەدرێت کە لەسەر بنەمای دەسەڵات دامەزراون؟ تەنیا ڕێگەی پێشگرتن لەوە کە دەزگاو دامەزراوەکانی تر هەر بەم ئامانجو بەم شوێنەوارانە ببنە جێنشینی دەزگاو دامەزراوە هەنووکەییەکان، خستنە ڕووی ئەم پرسیارەیە.

٤- لەچەند سەدە لەمەوبەرەوە، دەوڵەت یەکێك لە بەرجەستەترینو ترسێنەرترین شکڵی حکومەتی مرۆیی بووە. ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە لە ڕەخنە سیاسییەکاندا، لۆمەی دەوڵەت کراوە کە هەم فاکتەری بەفەردی کردنەو هەم بنچینەی تۆتالیتاری. هەر هێندە بەسە کە سەیری عەقڵانیەتی دەوڵەت بکەین لەسەرەتای لەدایك بوونیو تەماشای ماهییەتی یەکەمین بەرنامەی پۆلیسی بکەین تاکو بەڕوونی بۆمان دەرکەوێت کە دەوڵەت هەر لە سەرەتاوە، هەم فەردیگەرو هەم تۆتالیتار بووە. دانانی تاكو بەرژەوەندییەکانی لە بەرانبەر دەوڵەتدا بە هەمان ڕادە مەترسیدارە کە لەگەڵ کۆمەڵ (جماعت)و پێداویستییەکانی لە تەکیدا بەرەو ڕوو بینەوە.

عەقڵانییەتی سیاسی لە سەرانسەری مێژووی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا گەشەی کردووەو حوکمی داسەپاندووە.

عەقڵانیەتی سیاسی سەرەتا لەسەر دەسەڵاتی شوانێتی هەڵوێستی وەرگرتو پاشان لەسەر تەدبیری وڵات. شوێنەوارە حەتمییەکانی هەم بە فەردی کردنو هەم

تۆتالیتاریـیانەیە. تەنـیا ڕێگـای ڕزگـاری، نــە تەنـیا پــەلاماردانی یەکـێك لــەو دوو شوێنەوارەیە، بەڵکو هێرش بردنە بۆ سەر ڕەگو ڕیشەی عەقلانییەتی سیاسی.

★ ئەمە دەقی دوو وتار بوو کە فوکو لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکا پێشکەشی کردبوو.

پەراوێزەکان

(١) Ra. (( لەدیـنی میسریدا خوای مەزنی هەتاوەو یەکێ‌ك لە کرنگترین خواوەندەکانی میسری کۆنە. هەندێ لە فیرعەونەکانی میسر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە نەوەی ئەون.

(٢) حەماسـەی کۆنـی ئینگلیزی کە لەوانەیە لە سەدەی حەوتەم یان هەشتەمی زایینیو بەشێوەزاری سەکسۆنی ڕۆژئاوایی دانرابێت. دانەرەکەی نادیارە.

(٣) (سەدەی چوار و پێنجی پێش زایین) فەیلەسووفو بیرکاریزانی فیساغۆریی یۆنانی.

(٤) ( سـەدەی پێـنجی زاییـنی). ئەدیبی یۆنانی کە کورتەی بەرهەمی زیاتر لە (٥٠٠) نووسەری هاوڵاتی خۆی کۆکردۆتەوە.

(٥) (٤٣٦-٣٣٨ پێش زایین). وتار خوێنی ئەسینی.

(٦) (٣٨٥-٣٢٢ پێش زایین) گەورەترین وتارخوێ‌ی یۆنانی دێرین.

(٧) هاو وتەو ناحەزی سوقرات لە سەرەتای دیمانەی کۆماردا.

(٨) ئەفلاتوون ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەست لە ئاواز یان نەی ژەنین، شوانە (پیاوی سیاسی، ٢٦٨a).

(٩) لـە بـنەڕەتدا لـە نامـیلکەکەدا بەم جۆرەیە کە ئێمە وەرمانگێڕاوە، نەك ((وەرزشەوان)) هەر وەك فوکو دەڵێـت: بـە ڕواڵـەت لـە یۆنـاندا لـەکاتی وەرزشـدا بـۆ هاوئاهـەنگ کـردنی جووڵـەکان، مۆسـیقا لێدەدرا، هەروەکو ئەمڕۆش لە بەشێك لە جیمناستیك ( بەمانای ئێستا دەژەنرێت).

(١٠) ئاماژەیەکە بە ئەفسانەی پرومت (پرۆمیـپـیۆس) کە ئاگری بەمرۆڤدا، ئاگر سیمبولی مەعریفەو زانینە.

(١١) ئـەو مانـاو ڕەگەزدۆزیـیەی کـە لـە پـەیڤی فوکودا بەداخـەوە بـۆ فارسـیو (مخابن بـۆ کوردیـش) وەرناگێڕدرێت. لە زمانی ئینگلیزی Pastor و لەزمانی فەرەنسی Pasteur هەم بە مانای شوان دێت ( واتـای حەقـیقیو سـەرەکی) و هـەم وەکو خـوازە بـەمانای قەشـە ( بەتایـبەتی لـە ئایینی پرۆتستاندا) بەکاردەهێنرێت، مانـای دووەم لـەو ئامـاژە زۆرو زەوەندانـە سەرچاوە دەگرێ کـە لـە چـەرخی کۆنو (تـەورات) و چـەرخی نـوێ (ئینجیل) بـۆ پلـەو پایـەی شـوانی خـواو پێغەمـبەرەکانو حەزرەتی عیسا کراوە، هەورەك پێشتر فوکو خۆی باسی کردوە.

(١٢) The Golden Age لـە ئەفسـانەی یۆنـانی دێریـندا، سـەردەمی کـرۆنوس (cronus) بـاوکی زیـۆس. کـە مـرۆڤەکان بـەبێ ڕەنـجو ئـازارو لەجیهانـێکی بەهەشـت ئاسـاو بەپاکێـتی ژیانـیان بەسـەر دەبرد.

(١٣) (٣٤٥-٤٠٧ زاییـنی) بـە واتای ((دەمزێڕین)). ناسناوێك بووکە لەدوای مردن بەی یەکێك لە زاهیدە مەسـیحییەکان بـ ەخشـراو ئابـای کەنیسەی ئۆرتۆدۆکس بەبۆنەی شارەزاییو لێهاتوویی لە قسەکردندا. لە ئەنتاکیە لەدایك بووەو لە ئەرمەنستانو لەتاراوگەیی کۆچی دوایی کردووە.

(١٤) یەکێك لە شەهیدانی مەسیحییەتە کە لەسەدەی سێی زایینی لە کارتژ (قرتاجە) لەملیاندا.

(١٥) (٣٤٠-٣٩٧ز) یەکێك ل ەباوکانی کەنیسەو ئەسقەفی میلان بوو.

(١٦) یەکێکە لە چوار موجتەهیدەکانی کەنیسەو وەرگێڕی کتێبی پیرۆزە بەزمانی لاتینی.

(١٧) ڕاهیبو خواناسی مەسیحیو یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕەهبانییەت لەم دینەدا.

(١٨) دامەزرێـنەری ڕەهبانیـیەت لـە ئـەوروپای ڕۆژئـاوادا بونـیادنەری زنجیرەیـەك (سلالە) بـەناوی خۆیەوە.

(١٩) واتـای زاراوەیـی ئـەم وشـەیە ((ریاچت – خەڵوەتنشینی))یە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕەگی لاتینی mors (=مەرگ) و mortificare (= کوشتن) دروست کراوە، مانا حەرفییەکەی کوشتنە.

(٢٠) J. Huss (١٣٦٩-١٤١٥) قەشـەو چاکسازیی ئاییـنی، خەڵکی بۆهیمە، بە ڕەخنەکانی لە کەنیسەی کاسۆلیك تەکفیرکراو سووتێنرا، بەڵام پەیڕەوی زۆرو تێکۆشەری پەیداکرد.

(٢١) ئەندامـەکانی فـرقەیەکی جـۆری ئەنجومەنـەکانی برایەتیـیە کـە لـە سەدەی دوازدەی زایینەوە تا چـەند سـەد ساڵ لـە دەڤـەرەکانی بـاکووری ئـەوروپا خـەریکی چالاکیی بـوونو سـەرەنجام لـە سەدەی چواردە لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیك بە (مرتد) لەقەڵەم دران.

(٢٢) فـرقەیەکی ئاییـنی کەنیسـەی کاسـۆلیکە لـە ڕۆما کە بەدەستی قەشەیەك بەناوی قددیس فیلیپ نـری (١٥١٥-١٥٩٥) دامـەزرا. هـەورەك دیـارە دامـەزراندنی فـرقەکە لەسـەدەی شـازدە بـوو نـەك پـازدە هەروەك فوکو بە هەڵە وا دەڵێت.

(٢٣)millenarians {لـە millennium ((=هـەزارە)) پـێکهاتووە لـە دوو وشـەی لاتیـنی: mille ((=هەزار)) + annus ((ساڵ))} وەکو زاراوە بەمانای قۆناغێکی هەزار ساڵەییە کە بەپێی بیروباوەڕی

عیسەوییەکانی سەرەتای مەسیحییەت، لەپاش جەنگێکی وەحشە تناك لەگەڵ دوژمنانی خوا، مەسیح سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوەو لەهەمبەر کارە چاكو خراپەکانی خەڵك حوکم دەداتو فەرمانڕەوایی جیهان دەگرێتە دەستو ژیانی ئادەمیزادەکان لە هەموو عەیبو ناپاکییەك خاوێن دەکرێتەوەو چاکەو بەختەوەری ڕەها هەموو شوێنێك دەگرێتەوەو ئەو کەسانەی لە ڕێگای خوادا هەنگاویان هەڵێناوەو لەشەڕی دنیا پەرستەکان تووشی ڕەنج هاتوون پاداشت وەردەگرنو بەدکارەکانیش بەسزای گوناهەکانی خۆیان دەگەن. ئەم بیروباوەڕە لەنێو توێژی نەدارو دەستکوورتی مەسیحییەکاندا سەدان ساڵ درێژەی کێشاو لەسەدەکانی ناویندا جارجار لەشێوەی بزاڤی تێکۆشەری جەماوەریو دژی پاپا سەرلەنوێ سەری هەڵدەدایەوەو لەسەدەی پازدەو شازدە لەشێوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی دەرکەوتو کاریگەری لەسەر هەندێ ئایینزاکانی پرۆتستانیش دانا.

(٢٤) reason of state. واتای ئەم زاراوەیە ( یان وشە فەرەنسییەکە raison d' etat) بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیەی دوایی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە... سەبارەت بە قۆناغەکانی پێشوو، زیاتر دەتوانین وەکو (( تەدبیری مۆڵك)) یان (( تەدبیری ولات — مەملەکەت)) یان ( بەوتەی ئیبن سینا) (( تەدبیری شار)) تەعبیری بکەین... لەم قۆناغانەی دواییدا ( لەدەوروبەری نیوەی سەدەی نۆزدە) واتاکەی هێدی هێدی گۆڕانی بەسەرداهاتو ئەم زاراوەیە زیاتر بەمانای پاڵنەر یان بەڵگەیەکی پەنهان بۆ بڕیاری دەسەڵاتدارەکانو تەنیا وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ڕۆژو بەرژەوەندیی دەوڵ ت بەبێ وەبەرچاوگرتنی مافەکانی هاوڵاتییانو هەندێ جار لەگەڵ پێشێلکردنی ڕێسا ئەخلاقییەکان بەکار هات. بەم مانایە زاراوەی (( بەرژەوەندیی دەوڵەت)) گونجاوترە. لەم دەقەدا، بەگەڕانەوە بۆ قۆناغی جێگەی مەبەستی نووسەر، ئێمە زیاتر دەستەواژەی ((تەدبیری ولات))مان بەکارهێناوە، بەڵام لەکاتی پێویستدا سوودمان لە زاراوەی (( بەرژەوەندیی دەوڵەت)) یش وەرگرتووە بۆئەوەی ماناکە بە تەواوی بدەین بە دەستەوە.

(٢٥) theory of police. وشەی پۆلیس لە ڕەگی یۆنانی polis= شارو politeia= بەڕێوەبردنی شار یان ولات بەڕێوەبردن هاتووە. کەواتە، زاراوەی ((ئاسایش — شهربانی)) لەڕووی زمانەوە باشترین وەرگێڕانە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەر دەیەوێت توێژینەوە لەسەر پێشینەی مێژوویی و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئەنجام بدات، هەر بۆیە وامان بە باش زانی بە هەمان شێوەی سەرەکی ((پۆلیس)) بەکاربێنین، بەتایبەتی کە بۆ فارسو (کورد)ەکان زۆر ڕوونو ئاشکرایە.

(٢٦) Fridrich Meinecke (١٨٦٢-١٩٥٤) مێژوونووسی ئەڵمانی.

(٢٧) Polazzo, Discourse on Government and true Rason of State, 1606.

(٢٨) Chemnitz, De Ratione Status, 1647.

(٢٩) J. King, Science in the Government of louis XIV.

(٣٠) Huhenthal, Liber de Politia.

(٣١) Willebrand, précis for the police.

(٣٢) Von Justi, Elements of police.

* پەراوێزەکان هی وەرگێڕی فارسن.

ژێدەر

خرد درسیاست، گزیدەو نوشتەو ترجمە عزت الله فولادوند، تهران (١٣٧٧).

# دەسەڵاتو حەقیقەت

١٤٤

## دەسەلات

ڕاڤەی فۆکۆ بۆ دەسەڵات وەك تیۆرێك خۆ نانوێنێت، واتە بە وەسفێکی خاڵی لە دەق، نامێژوویی و عەینی لە قەڵەم نادرێت، جگە لەمە ئەم ڕاڤەیە گشتگیرکردنێکی ڕاستگۆییانە نییە بەسەر هەموو مێژوودا، بەڵکو فۆکۆ شتێك پێشکەش دەکات ، کە بەووتەی خۆی ((شیکردنەوەکانی دەسەڵات))ەو لە بەرانبەر ((تیۆرە))دا دایدەنێت. بەوتەی فۆکۆ: ((ئەگەر هەوڵ بدەین تیۆرییەك سەبارەت بەدەسەڵات درووست بکەین، لەم حاڵەتەدا بەردەوم ناچاردەبین کە ئەم (دەسەڵاتە) وەکو دیاردەیەك لەبەر چاو بگرین کە لە کاتو شوێنێکی تایبەتیدا سەر هەڵدەداتو لەم ڕووییەوە

دەتوانین دەرکی بکەین‌و چۆنیەتی پێهاتنی بونیاد بنێینەوە، بەلاّم ئەگەر لەراستیدا دەسەلاّت کۆمەڵە پەیوەندیەکی کراوەو کەم‌و زۆر هەماهەنگ کراو (بێگومان لەراستیدا بەباشی هەماهەنگ نەکراو) بێت، لەم حاڵەتەدا تەنیا مەسەلە ئەوەیە کە تۆڕێکی شیکردنەوەیی پێك بێنین کە دەرفەتی شیکردنەوەی پەیوەندیەکانی دەسەلاّت برەخسێنێت (اعتراف، ل١٩٩). هەر لەم ئاراستەیەدا فۆکۆ کۆمەڵێك بابەت سەبارەت بە دەسەلاّت لە (مێژووی جنسیەت The history of sexuality دەخاتە ڕوو و لەپاشکۆی هەمان کتێبیشدا پەرە بەهەندێ لەم بیرو بۆچوون و ئایدیایانە دەدات، ئەم بابەتانە لە ڕاستیدا بەڵگە خوازی تەواو نین، بەڵکو هەندێ ڕێسای پارێز (احتیاط) ئامێزن. یەکەمین بابەت ئەوەیە کە پەیوەندیەکانی دەسەلاّت ((نایەکسان‌و بزۆکن)). دەسەلاّت، شمەك یان پلەو پایەو غەنیمەت‌و یان پیلان‌و تەگبیر نییە، بەڵکو کاروکردەوەی تەکنەلۆژیا سیاسیەکانە لەسەرانسەری پەیکەری کۆمەڵگادا. کاروکردەوەی ئەو نەریت و ڕێوڕەسمە سیاسییانەی دەسەلاّت، ڕێك ئەو شتەیە، کەپەیوەندی نایەکسان‌و ناهاوسەنگ پێکدەهێنێت. کاتێك فۆکۆ پەیوەندییەکانی دەسەلاّت بە (( بزۆك- متحرك)) وەسف دەکات، چاوی لەپان‌و بەرینی‌و فراوانی ئەم تەکنەلۆژی‌و کاروکردەوەی ڕۆژانەیەتی، لەکات‌و شوێنێکی دیاریکراودا. ئەگەر دەسەلاّت شتێك نییە، کۆنترۆڵی کۆمەڵە دامەزراوێك نییەو، یان تەنانەت عەقلاّنییەتی پەنهانی ناو مێژوش نییە، لەم حاڵەتەدا ئەرکی شیکەرەوە، دانان‌و دیاریکردنی شێوازی کاروکردەوەکەیەتی. لەڕوانگەی فۆکۆوە، ئامانج ((ئەوەیە کە کەمتر بۆلای تیۆری دەسەلاّت‌و زیاتر بەرەو لای شیکردنەوەکانی دەسەلاّت بڕۆین: واتە بەرەولای دیاری کردنی پانتاییەکی تایبەت کەبەهۆی پەیوەندییەکانی دەسەلاّتەوە پێك هاتووەو یان بەرەولای دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی کە هەلی شیکردنەوەی دەرەخسێنن )) (مێژووی جنسیەت، ل٨٢).

ئامانجی فۆکۆ دیاریکردن‌و شیکردنەوەی تۆڕی پەیوەندییەکی نایەکسانە، کە بەهۆی تەکنەلۆژیا سیاسییەکانەوە بەرقەرار کراوەو لەپشت یەکسانی تیۆری فەرزکراوی نێو یاساو بەرهەمی فەیلەسوفە سیاسییەکاندا حەشاردراوە، فۆکۆ دەیەوێ چەوتیەکەی دەربخات. (بایۆ-دەسەلاّت Bio-power لەنواندنەوەی دەسەلاّت وەکو یاسا ڕادەکات‌و

لەژێر پارێزگاری ئەودا فراوان دەبێت. ناتوانین ((عەقلاّنییەتە))کەی بەزمانە سیاسییە باوەکان ببینینەوە. بۆ تێگەیشتن لە دەسەلاّت دەبێ لەکردەو لەکاروکردەی ڕۆژانەیەوە بچینە ئاستی کرداره وردەکان واتە بچینە ئاستی ئەو تەکنەلۆژییە سیاسییانەی، کە ڕەفتارەکانی ئێمەیان لەنێودا دروست دەبێت. بابەتەکانی دواتر هەر لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرن. دەسەلاّت تەنیا لەچوارچێوەی دامەزراوە سیاسییەکاندا نییە. دەسەلاّت ((ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێن)) دەگێڕێت ((لەخوارەوە سەرچاوە دەگرێت))، چەند لایەنەو هەم لەسەرەوە بۆ خوارەوەو هەم لەخوارەوە بۆ سەرەوە کاردەکات. هەروەك پێشتر بینیمان، ناتوانین تەکنەلۆژییە سیاسییەکان لەگەڵ دامەزراوە تایبەتییەکان بەیەکسان‌و وەك یەك بژمێرین، بەلاّم ئەوەشمان دیت، کە ڕێك لەکاتێکدا کە ئەو تەکنەلۆژیایانە لەنێو دامەزراوە تایبەتییەکان (وەکو قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان‌و زیندانەکان) بەرجەستە ببن‌و خۆ بنوێنن واتە کاتێك ئەو دامەزراوانە گەمارۆ بدەن بایۆ- دەسەلاّت بەڕاستی دەست بەکار دەکات. تەنیا کاتێك کەتەکنەلۆژیا دیسپلینییەکان لەنێوان ئەم دامەزراوانەدا پەیوەندی دروست دەکەن تەکنەلۆژی دیسپلینی، بەڕاستی کاریگەری دەبێت. مەبەستی فۆکۆ لەدەسەلاّت بەرهەمهێنە، هەر ئەمەیە، نەك دەسەلاّت لەبارودۆخێکی دەرەکیدا بێت سەبارەت بە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی دیکە. ئەگەرچی پەیوەندییەکانی دەسەلاّت لەنێو دامەزراوەکاندا حازرو ئامادەن، بەلاّم دەسەلاّت‌و دامەزراوەکان یەك شت نین وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکەیان تەنیا شتێکی هەڵبەستراوەو سەرخانی نییە. بۆ نموونە ناتوانین قوتابخانە بۆ ڕۆڵە دیسپلینیەکەی کورت بکەینەوە. ناوەڕۆکی هەندەسەی ئوقلیدۆسی لەژێر کاریگەری جۆری بیناسازی گۆڕانکاری بەسەردانایەت، بەلاّم گەلێك لەڕووەکانی دیکەی ژیان لەقوتابخانە بەهۆی تەکنەلۆژیای دیسپلین (وەکو پرۆگرامی ڕێك‌و پێك‌و قورس، جیاکردنەوەی قوتابیەکان، چاودێریکردن بەسەر ژیانی جنسی، پلەبەندیی، هەلاّواردن‌و..هتد) گۆڕانیان بەسەردا دێت. دەسەلاّت، چوارچێوەیەکی گشتی پەیوەندی زۆرەملێیانەیە لەکاتێکی تایبەت‌و کۆمەڵگایەکی تایبەتدا. لەزیندانەدا، زیندانوان‌و زیندانیەکان

هەردووکیان لەنێو ڕەفتاری تایبەتی دیسپلینیو چاودێریکردنی یەکسانو لەناو سنووردارێتی هەستپێکراوی پەیوەندیدار بە جۆری بینای زیندانەدان.
هەرچەندە فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات لەخوارەوە سەرچاوە دەگرێتو ئێمە هەموومان لەنێو تۆڕەکەیدا قەرارمان گرتووە، بەڵام مەبەستی ئەوە نییە، کە دەسەڵاتێك (لەسەرەوە) کارناکات. پاسەوانەکان لەزیندانی (مێترەی-metoay هەندێ ئیمتیازی ئینکارنەکراویان هەبوو، بیناسازدان زیندان هەندێ ئیمتیازاتی دیکەیان هەبوو، هەردوو گروپ ئیمتیازاتەکانی خۆانیان لەپێناوی گەیشتن بەئامانجی جێگەی مەبەستیاندا بەکاردەهێنا. فۆکۆ نکۆڵی لە هەموو ئەمانە ناکات،بەڵام بەهەرحاڵ ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەواوی ئەم گروپانە گیرۆدەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتێك بوون، کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوان دابوو، ئەگەرچی ئەم پەیوەندییانە نایەکسانو هیرارکیی بوون. لەدیدی فۆکۆدا ئەگەر تا سنووری کارکردنی کردەییو مادی بەدوای ئەم پەیوەندییە نایەکسانەی دەسەڵاتدا نەڕۆین، لەچوارچێوەی شیکردنەوەمان دەچینە دەرێو هەروا بەسەربەخۆیی درێژە بەکاری خۆیان دەدەنو ئەو وەهمە بەهێز دەکەن کە دەسەڵات تەنها لەپلەکانی سەرەوە بەسەر پلەکانی خوارەوەدا جێبەجێدەکرێت. کەواتە باڵادەستی جەوهەری دەسەڵات نییە فۆکۆ لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەدەسەڵاتی چینایەتی، یاسادان بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەفەرەنسا لەکۆتایی سەدەی نۆزدە بەنموونە دێنێتەوە. بێگومان ئەو نکۆڵی لەواقیعیەتی دەسەڵاتی چینایەتی ناکات، بەڵکو خاڵی جێگەی مەبەستی ئەو ئەوەیە کە دەسەڵات هەم بەسەر چینی زاڵو هەم بەسەر چینی ژێردەستدا پیادە دەکرێت، لێرەدا پرۆسەیەك لە ((خودسازی)) (وەکو ئەندامی چین) یان ((خۆداگیرکردن-ation autocolonz )) لەئارادایە.
بورژوازی بۆ ئەوەی پێگەی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی بەدرێژایی سەدەی نۆزدە پتەو بکات، دەبوایە خۆی لەشێوەی چینێکدا ڕێکبخات. هەروەك بینیمان بۆرژوازی لەسەرەتادا بەشێوەیەکی چالاکانە کۆنترۆڵێکی وردی بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا پیادە دەکرد. تەکنەلۆژیەکانی دانپیانانو هۆگرییە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە ژیان، جنسیەتو تەندروستی، لەسەرەتادا بەهۆی بورژوازییەوە بەسەرخۆیدا پیادە دەکرا. بایۆ- دەسەڵات یەکێك لە ستراتیژە سەرەکییەکان بوو، کە بورژوازی بۆ دروستکردنی خۆی وەکو چین بەکاریدەهێنا. تەنیا لەکۆتایی سەدەی نۆزدە دابوو کە ئەم تەکنەلۆژیایانە بەسەر چینی کرێکاردا پیادە کران. فۆکۆ دەڵێت:
((دەتوانین بڵێین ستراتیژیی پەروەردەو سەقامگیرکردنی ئەخلاقی چینی کرێکار (هەنگاونان بەرەو تەندروستی، دابینکردنی شوێن بۆ کرێکاران، دروستکردنی دەرمانگاو...هتد)، ستراتیژی بورژوازی بوو. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە هەر ئەم ستراتیژیە بوو کە بۆرژوازیی وەکو چینێك پێناسەکردو دەرفەتی پیادەکردنی دەسەڵاتی پێ بەخشی، بەڵام ناتوانین بڵێین بۆرژوازی لەئاستی ئایدیۆلۆژیای خۆیداو لەئاستی ئایدیاکانی چاکسازیی ئابووریو وەکو جۆرە سوژەیەکی واقیعیو لەهەمان کاتدا وەهمی، ستراتیژی دەسەڵاتی دروستکردو بەزۆر پیادەی کرد)) (اعتراف، ل ٢٠٣ ).
ئەگەر هاتباو تەکنەلۆژییە سیاسییەکان پێش وەخت بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە ئاستی پراکتیکیدا سەقامگیر نەبوونایە، دەسەڵاتی چینایەتی پەیدا نەدەبوو، ئەگەر تەکنەلۆژییە سیاسییەکان لەسەرەتادا لە پێکهێنانی بۆرژوازی وەکو چینێك سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنابا، پارادایمی دەسەڵاتی چینایەتی بەم شێوەیە سەری هەڵنەدەدا، بەم مانایە کە فۆکۆ پێیوایە دەسەڵات لەسەرانسەری کۆمەڵگادا دەسوڕێتەوە. ئەم بابەتە ئێمە بەرەو سەرنج ڕاکێشترین بۆچوونی فۆکۆ سەبارەت بە دەسەڵات پەلکێش دەکات. بەپێی بانگەشەی ئەو پەیوەندییەکانی دەسەڵات ((نیەتمەندو بێ بکەر))ن. ماناکەیان هەر لەم نیەتمەندییەوە سەرچاوە دەگرێت. ((ئەوان بەشێوەیەکی سەرانسەری تەژین لە حسێبگەری، هیچ دەسەڵاتێك نییە کە بەبێ کۆمەڵێك ئامانجو مەبەست پیادەبکرێت)) (مێژووی جنسیەت، ل ٩٥).
لەئاستی لاوەکیدا بەزۆری پلەیەکی بەرز لە بڕیار وەرگرتن، نەخشەکێشانو هەماهەنگی چالاکی سیاسی بەشێوەیەکی ئاگایانە بوونی هەیە. فۆکۆ لەمبارەیەوە ئاماژەبە لۆکاڵ وەکو ((بەدگومانی سەبارەت بە دەسەڵات لەئاستی لۆکاڵیدا)) دەکات. هەر ئەم ناسینەوەی چالاکی ئیرادیو ئەنقەست ئەو دەرفەتە بە فۆکۆ دەدات کە کردەوەی سیاسی لە ئاستی لۆکاڵو ناوچەییدا (محلی) بەمانای حەقیقیو زارەکی

وەربگرێت، هیچ پێویست ناکات، کە ئەو خەریکی کەشفی پاڵنەرە حەشاردراوە پەنهانەکانی پشت کردەوەی (action) کارگێڕەکان بێت، سەرەرای ئەمە پێویست ناکات کە ئەو گەمەکەرە سیاسییەکان بە ڕیاکارو دووڕوو یان بە ئامێری دەستی دەسەڵاتیان دابنێ، جگە لەمە ئەکتەرەکان تا ڕادەیەك دەزانن چ دەکەن‌و دەتوانن بە ڕوون‌و ئاشکرایی کردارەکانی خۆیان دەربڕن، بەڵام ئەم وتەیە بەومانایە نییە کە دەرەنجامی بەربڵاوتری ئەم جۆرە کردەوە لۆکاڵیانە هەماهەنگ کرابن. ئەم واقعییەتە، کە تاکەکان سەبارەت بەچارەنووس‌و ڕێبازی تایبەتی بڕیار دەدەن‌و یان گروپە تایبەتییەکان لەسەر بەرژەوەندی‌و ئیمتیازاتەکانی خۆیان رکابەرایەتی دەکەن، بەو مانایە نییە چالاکی‌و ئاراستەمەندی پەیوەندییەکان دەسەڵات لە کۆمەڵگادا، بەندە بەبوونی بکەرێکی پێشینە. کاتێك بارودۆخێکی سیاسی شیدەکەینەوە، ((لۆژیکی (ئەو بارودۆخە) بەتەواوی ئاشکرایە، دەتوانین ئامانجەکان دەست نیشان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری وادێتە بەرچاو کە هیچ کەسێك نەیخوڵقاندووە‌و یان ناتوانین بڵێین کۆمەڵەکەسانێك ڕییێکیان خستووە (هەمان، ل٩٥ ).خاڵی جێگەی سەرنجی فۆکۆو گرفتەکەش هەر ئەوەیە. چۆن دەتوانین باسی ئاراستەمەندی بێ بکەرو ستراتیژی بێ پێکهێنەر بکەین؟ دەبێ وەڵامەکە لەخودی کردارەکاندا خۆی مەڵاس دابێت، چونکە ئەو کردارانەی کە لەتەکنەلۆژیاکان‌و لەشوێنە جیاوازە بێ ئەژمارو زۆرو زەوەندەکاندا چەقیان بەستووە، بەڕاستی ئەوەی تۆژەرو شیکەرەوە بەدوای تێگەیشتنیەتی، لەخۆیاندا بەرجەستەی دەکەن. لەپێناوی وەدەستهێنانی ((تۆڕی مانای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی...بێگومان دەبێ وشەباز بین: دەسەڵات دامەزراو یان بونیادێك نییە، هەروەها دەسەڵات ئەو هێزەش نییە، کە ئێمە هەمانە، بەڵکو ناوێکە کە ئێمە لەسەر پەیوەندییەکی ستراتیژی ئاڵۆزی کۆمەڵگایەکی تایبەتی دایدەنێین) (هەمان، ل ٩٣).

کردارەکان، خاوەن لۆژیکێکن، گوشارێك بەرەو ئامانجێکی ستراتیژی ئاراستە دەکرێت، بەڵام هیچ کەسێك دیارنییە ئەم گوشارە ئەنجام بدات. ئەم ئامانجە لەمێژووەوە سەری هەڵداوە، شێوەیەکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە و لەگەڵ بەربەست، هەلومەرج‌و بەرهەڵستی‌و بەرگری تایبەتیدا ڕووبەڕوو بووە. هەڵبەتە ئیرادەو لێپێچینەوەش لەگۆڕێدابووە، بەڵام کاریگەری گشتی، لەدەرەوەی چوارچێوەی نیەتی ئەکتەرەکان‌و هەرکەسێکی دیکەوە سەرهەڵدەدات. بەقسەی فۆکۆ ((خەڵك دەزانێ چ دەکات، زۆربەی کاتیش دەزانن بۆچی وادەکەن، بەڵام ئەوەی نایزانن ئەوەیە کە ئەوەی دەیکەن چ ﴿شوێنەوارێکی لێ دەکەوێتەوە﴾ (دیمانەی تایبەتی نووسەرەکانی ﴿ئەم بابەتە﴾ لەگەڵ فۆکۆ). ئەمە جۆرێکی نوێی ئەرکگەرایی ( Functionalism) نییە، سیستەم بەهیچ چەشنێك لە بارودۆخێکی هاوسەنگ دانییەو جگە لەمانایەکی یەکجار فراوان‌و بەربڵاودا، هەر لەبنەڕەتدا سیستەم نییە. هیچ لۆژیکێکی سەقامگیری ناوکی‌و زاتی بوونی نییە، بەڵکو لەئاستی کردارەکان، ئاراستەمەندییەکی تایبەتی هەیە کە بەرهەمی حسێبگەری وردو بچووك، پێکدادانی ئیرادەکان‌و ئاوێتەبوونی بەرژەوەندییە بچووك‌و لاوەکیەکانە. هەرئەمانە بۆخۆیان بەهۆی تەکنەلۆژیا سیاسییەکانی دەسەڵات پێکدێن‌و ئاراستە دەکرێن. ئەم ئاراستە مەندییە. زاتی‌و ناوکی نییەو هەربۆیەشە قابیلی دەرك نییەو وەکو بابەتێکی گونجاویش بۆ تیۆریزەکردن لەقەڵەم نادرێت، بەڵام بەو حاڵەش بۆ شیکردنەوەی دەشێت‌و فۆکۆش هەرئەمەی لەبەرچاوە. خۆبواردنی فۆکۆ لە دروستکردنی تیۆرییەك سەبارەت بە دەسەڵات، لەم بڕوایەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تیۆری تەنیا کاتێك بوونی هەیەو شیاوی تێگەیشتنە کە لەبەرانبەرو لەنێوان کردارە کلتوریە تایبەتییەکاندا جێگیربکرێت، ڕەنگە هەربەم هۆیەیە کە ئەو بەردەوام ڕاوبۆچوونە گشتییەکانی خۆی سەبارەت بەدەسەڵات بەرتەسك دەکاتەوەو لەبەرانبەریشدا شیکردنەوەیەکی ڕێکوپێکی تەکنەلۆژیاکانی دەسەڵات دەدات بەدەستەوەوەو گرنگی‌و گشتیەتێکی تایبەتیان پێ دەبەخشێت، هەرچەند ئەم جۆرە ڕاوبۆچوونانە تاکوئێستا تا ڕادەیەك گشتی‌و نهێنی ئامێز دێنە بەرچاو. کەواتە باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ شیکردنەوەکانی فۆکۆ بۆ تەکنەلۆژیای دیسپلین وەك چۆن لەکۆمەڵگای سەراسەربینیی بێنتهامدا دەردەکەوێت، بۆئەوەی بڵێین چۆن دەسەڵاتێکی وا نۆڕماڵساز کاردەکات‌و دەتوانرێ چ دەرئەنجامێکی گشتیش لەمەڕ شیکردنەوەوە، بەدەست بهێنرێ.

## پەیڕەو و ڕێوڕەسمی وردی دەسەڵات

فۆکۆ پرۆژەی جێرمی بێنتهام بۆ پێکهێنانی ((کۆمەڵگای سەرانسەربین)) (١٧٩١) وەکو نمونەیەکی ئایدیالی تەکنەلۆژی دیسلین هەڵدەبژێرێت، ئەم پرۆژەیە بە پێچەوانەی هەندێ کەس، جەوهەری دەسەلأت نییە، بەڵکو نمونەیەکی روون و ئاشکرای چۆنییەتی رەفتاری دەسەلأتە. هەندێ تەکنەلۆژیای دیکەش هەن، کە بەم چەشنە کاردەکەن‌و لەوانەبوو وەکو نمونە بۆ فۆکۆ دەست بدەن. فۆکۆ دەلێت: ((کۆمەڵگای سەرانسەر بین، پارادایمی رەفتارێکە، کەدەشێ‌گشتگیربکرێ، شێوازێکە بۆ پێناسە کردن‌و دیاریکردنی پەیوەندییەکانی دەسەلأت بەپێی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان ... پرۆژەی دەزگای دەسەلأتێکە، کە گەیشتبێتە شێوە میسالییەکەی خۆی... لە راستیدا شێوەیەکی تەکنەلۆژی سیاسییە کەلەوانەیەو دەبێت لە هەر چەشنە بەکارهێنانێکی تایبەتی جیایکرێتەوە... (چونکە) لە ڕووی بەکارهێنانەوە ئاوێتەو فرە رەهەندە)) (دیسپلین‌و سزا،ل٢٥). لەوانەیە ((کۆمەڵگای سەرانسەر بینی)) بێنتهام وەکو پڕۆژەیەکی کەسێکی بچوک‌و، یان پێشنیارێکی ئایدیالیستیانە بۆ چاکسازی‌و باشسازی کۆمەڵگا بێتە بەرچاو، بەلأم ئەم تێڕوانینە. راست نییە. بێنتهام یەکەم کەس نەبوو کە بەدوای ئەم جۆرە تەکنیکانەدا گەرابێت، ئەگەرچی پڕۆژەکەی کاملترین‌و بەناوبانگترین پڕۆژە بووبێت لەم پانتایییەدا. کۆمەڵگا سەرانسەر بینەکەی یۆتۆپیایەك نەبوو کەلەهیچ جێگەیەك دەست نەکەوێت‌و وەکو رەخنەیەکی گشتی لەهەموو رەهەندەکانی کۆمەڵگاو لە پێناوی بوونیاتنانەوەی کۆمەڵگا هاتبێتە بەرباس، بەڵکو پرۆژەیەك بوو بۆ پێکهێنانی جۆرێکی تایبەتی لەمیکانیزمی دەسەلأت. بێتهام ئەم پرۆژەیەی وەکو پرۆژەیەکی داخراوو تەواو نەك بۆ پێشکەشکردنی خودی پرۆژەیەك لە شێوەی میسالیدا بەڵکو رێك لە پێناوی پیادەکردنی بەسەر ژمارەیەکی زۆری دامەزراوو بابەتە جۆراوجۆرەکاندا خستیە روو بلیمەتی بێنتهام لە پرۆژەی (( کۆمەڵگای سەرانسەربین)) لە ئاوێتەکردنی پرۆژەی ئەبستراکت‌و تەتبیقە پاشکۆییەکانیدا حەشار دراوەو لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە پرۆژەیەکی بۆ کشان شیاو(مرن)ە؟! لێرەدا بەشێوەیەکی سەرپێی رێکخراوی (( کۆمەڵگای سەرانسەربین)) لەرووی بیناسازیەوە بەسەر دەکەینەوە. ((کۆمەڵگای سەرانسەربین)) بریتییە لە پانتاییەکی فراوان‌و پان‌و بەرین کە لە ناوەراستەکەیدا تاوەر (بورج)ێك‌و کۆمەڵێك بینایە هەیەو ئەم بینایانە لە کەنارەکاندا بۆ بان‌و نهۆم دابەش دەبێت، هەمووخانوویەك دوو پەنجەرەی هەیە: لەپەنجەرەیەکیانەوە رووناکی دێتە ژوور پەنجەرەکەی دیکەیان بەرەوەو رووی تاوەرەکەیەو تاوەرەکەش هەندێ پەنجەرەی گەورەی هەیە کە دەرفەتی چاودێری‌و روانین بەسەر ژوورەکان دەڕەخسێنێت. ژوورەکان وەکو ((نمایشخانەیەکی بچووکن کەتیێدا هەموو ئەکتەرێك تەنیا، تەواو جیاکراوو هەمیشە لەبەر چاوە)) (هەمان،ل ٢٠٠). تاکی زیندانی نێو ژوورەکان نەتەنیا بۆ چاودێری نیشتەجێی ناو تاوەرەکە، بەڵکو تەنیا لەلایەن ئەوەوە دەبینرێت، ئەو لە هەمووجۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ تاکەکانی نیشتەجێی نێو ژوورەکانی دەوروبەر بێ بەرییە. ((ئەو بابەتی زانیارییەو هیچ کاتێك بکەری پەیوەندی نییە)) (هەمان،ل٢٠٠). بەبڕوای بێنتهام گرنگترین قازانجی ((کۆمەڵگای سەرانسەربین)) لەرێکخستنی لێهاتووانە تا ئەوپەڕی توانا پەنهان بوو. فۆکۆ جەخە لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم کارایییە بەهۆی بەخشینی حاڵەتی بابەتییەت بەتاکە زیندانی کراوو هەمیشە بینراوەکە دەڕەخسێت. تاکە زیندانی کراوەکە ناتوانێت بزانێ پاسەوانەکە لەناو تاوەرەکەیە یان نا، کەواتە ئەو دەبێ بەشێوەیەك بجوڵێتەوە کە دەڵێی چاودێری بەردەوام، بێ کۆتایی‌و سەرانسەرییە. بیناسازی بینایەکە هێندە تەواوە کە تەنانەت ئەگەر پاسەوانەکە ئامادەش نەبێت، دیسان دەزگای دەسەلأت بەردەوام کاری خۆی ئەنجام دەدات. ئەم دەسەلأتە نوێیە، بەردەوام دیسپلین بەخش‌و بێناوە. هەموو کەسێك دەتوانێ هەرکە لە شوێنی دیاریکراو نیشتەجێ بێت، بەکاری بخات‌و لەوانەیە هەموو کەسیش ببێتە بابەتی کارو رفتارەکانی. پرۆژەی بینایەکە فرە ڕوانگەیە. پاسەوانی تاوەرەکە بەئاسانی دەتوانێت، تاوانبار. شێت، کرێکار یان قوتابییەکان بخاتە ژێر دیدی خۆیەوە. ئەگەر کۆمەڵگای سەرانسەربین بەباشی کاربکات ئەوا دەتوانین بڵێین هەموو جۆرە توندو تیژییەکی ناوخۆیی لەناودەچێت، چونکە ئەگەر تاکی بەند کراو هیچ کاتێك دڵنیانەبێت، کە لەژێر چاوەدێری دایە یان نا. ئەوا لەم حاڵەتەدا بۆ

خۆی دەگۆڕێت بۆ پاسەوانی سەرخۆی. وەکو دواین هەنگاو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم شێوازە، تەنانەت دەتوانرێت بەسەر خودی پاسەوانەکانیشەوە پاسەوانی بکرێت. ئەو کەسانەی کە جێگایەکی ناوەندیی لە کۆمەڵگای سەرانسەربیندا داگیر دەکەن. بۆخۆیان بەتەواوی لەنێو تۆڕێك دان کە هەڵسوکەوتو ڕەفتاریان ڕێكو دەستنیشان دەکات. ئەوان پاسەوانی دەکەن، بەڵام لەپرۆسەی ئەم کارەدا بۆ خۆیان سەقامگیردەبنو ڕێك دەخرێنو دەکەونە ژێر دیدی ئیدارییەوە. کۆمەڵگای سەرانسەربین تەنیا هونەرێکی ژێهاتوو و هۆشیارانە نییە بۆ چاوەدێریکردن بەسەر تاکەکاندا، بەڵکو لەمەش زیاتر تاقیگەیەکە بۆ گۆڕینی حاڵی تاکەکان. دەتوانرێت زۆر بەئاسانی لە هەموو ژورێکدا چەندین تاقیکردنەوە ئەنجام بدرێتو لەهەمان کاتیشدا لەناو تاوەرەکەوە ئەنجامەکانی ببینرێتو دەستەبەندی بکرێن لەکارخانەکان، قوتابخانەو نەخۆشخانەکانیشدا، پاسەوان دەتوانێت زۆر بە ڕوونیو ئاشکرایی سەیری تۆڕی نیشانەو دەستەبەندی کراوی (تاکەکان) بکات کە لە پێش چاویەتی. بەبڕوای فۆکۆ، کۆمەڵگای سەرانسەربین، مەعریفە، دەسەڵات، چاوەدێری بەسەر جەستەو فەزاکان، لەنێو تەکنەلۆژیایەکی دیسپلینی یەکگرتوودا لەدەوری یەکتر کۆدەکاتەوە. کۆمەڵگای سەرانسەربین ئامرازێکە بۆ دانانی جەستەکان لە فەزا داوبۆ دروستکردنی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتریدا، ڕێکخستن بەشێوازێکی پەیژەییو نەزم بەخشی بەناوەندو کەناڵەکانی دەسەڵات بە چەشنێکی لێهاتووانە، ئەم کۆمەڵگایە تەکنەلۆژیایەکی نەرمو بێلایەنەیە بۆ نەزم بەخشین بە گروپەکانو تاکسازییان لەهەر جێگەیەك کە پێویست بەوە بکات کە تاك یان گروپەکان لە نێو تۆڕێك دابنرێن تا بەم ڕێگەیە خەریکی بەرهەمهێنان بن یان لەبەر چاوان بن، دەتوانرێ سوود لە تەکنەلۆژی سەرانسەربین وەربگیرێت. ((سیستەمی سەرانسەر بین)) چاوەدێری خۆی بەسەر جەستەکاندا تا ڕادەیەك لەڕێگەی ڕێکخستنی فەزاوە بەچەشنێکی بەرهەمهێنەرانە پیادە دەکات. دەبێ لێرە جیاکارییەکی گرنگ بکەین، ئەم سیستەمە زیاتر لەوەی نمونەیەکی بیناسازی بێت بۆ نمایش یان بەرجەستەکردنی دەسەڵات، هۆێکە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات لە فەزادا. تەکنیکە بەکارهێنراوەکان بونیادەکانی ئەم سیستەمە بەر لە خودی شێوازی بیناسازی



دەرفەتی فراوانبوونو بەربلاوبوونی کاریگەری دەسەڵات دەستەبەر دەکەن. پەنابردن بۆ یەکێکی دیکە لەنمونەکانی فرکۆ، دەتوانێ روانگەی ئەو سەبارەت بە فەزارو بیناسازی روون بکاتەوە. شاری گوولانو شاری قەرەنتینەکراو لە ئەوروپای کۆندا دوو شێوازی پیادەکردنی چاوەدێری کردنی تاکەکان بوو لە فەزادا. لەسەدەی حەڤدەدا قەرەنتینە کردن وەکو شێوازی کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی لەڕێگەی دابەشکردنێکی وردی فەزاوە بە ئەنجام دەگەیشت. کاربەدەستانی دەوڵەت، هەمو شارو دەوروبەری شاریان بەسەر چەندین بەشی ئیداریدا دابەش دەکرد، چوونەدەر لەماڵەوە قەدەغەبووو سزای لە سێدارەدانی بۆ دانرابوو، تەنیا کاربەدەستە دەوڵەتییەکانو ئەو بەدبەختانەی کە بەرپرسی گواستنەوەی تەرمەکان بوون، مۆڵەتی هاتوچۆی نێو شەقامەکانیان هەبوو. حاڵەتی ئامادەباشی هەمیشەیی بەرقەراربووو خانووەکانو کەسەکانی ناوی هەموو ڕۆژێ دەکەوتنە بەر چاوەدێریو کێشکەوە، لێپێچینەوەیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد، کە لەشوێنی دیاریکراودائامادە نەدەبوون. زانیارییە کۆکراوەکان لە ڕێگەی زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکی خاوەن پلەو پایەکان دەگوازرایەوە. خاوەن پلەو پایەکان تەنانەت مافی ئەوەشیان هەبوو لەکاتی مردنی یەکێکدا سامانو دارایی‌تایبەتی کەسەکە داگیر بکەن،شێوازەکانی پاکسازی. چۆڵ کردنی شوێنە پیسەکانو قانگدانی لەخۆ دەگرت. لەڕێگەی‌چاوەدێرییەکی پزیشکی تەواوی ڕێك دەخراوەوە سەرپەرشتی دەکرا، دەبووایە هەموو نەخۆشیەکان بەئاگاداری کاربەدەستانی ناوەندی بگەیەنرێن، ئەوان چاوەدێری هەموو فەزاکەیان دەکردو هەموو جوڵەیەك لەژێر چاوەدێری دابوو. ئەم شێوازەی دیسپلین لەنێو فەزادا جێبەجێ دەکراو تاوتوێ کردنی ناوچەیی جوگرافیایی، سەرپەرشتی دانیشتووان، چاودێریکردن بەسەر تاکەکان، پێکهێنانی زنجیرەیەك لەزانیاری، بڕیار وەرگرتنو ڕێکخستنی بچوکترین شتی ژیانی ڕۆژانەی لەخۆ دەگرت. ((دیسپلین)) هۆیەکی‌پزیشکیو سیاسی چاکسازی نەخۆشی‌بوو وەکو جۆرێکی واقعیو لە هەمان کاتدا لاوازی بێنەزمی . لە پشت سیستەمی دیسپلینەوە، دەتوانین بیرەوەر عەزاب هێنی تەشەنەسەندنی نەخۆشیی سەرانسەریی، راپەرینەکان، تاوانەکان، ئاوارەییەکان، راکردنەکانو ئەو کەسانەی لەنێو بێنەزمیو

پشێویدا دێن‌و دەچن، دەژین‌و دەمرن، ببینین)) (هەمان،ل١٩٨). ڕێکخستنی فەزا لە شاری قەرەنتینە کراودا تەکنیکێك بوو کە بانگەشەی کۆنترۆڵکردنی ئەم جۆرە پشێوی‌و بێ بەندو باریەی دەکرد. شاری گوولەکان وێنەیەکی جیاوازی کۆنترۆڵ بەسەر دانیشتوان پیشان دەدات لە ڕێگەی پیادەکردنی دەسەڵات لەفەزادا . تاکی گوول لە کۆمەڵگا جیاو تەریك دەکرا سووکایەتی پێدەکرا. ئەو هاوڕێ لەگەڵ هاوکاروانە ڕەنجدەرەکانی خۆی دەخزێنرایە نێو حەشاماتێکی زۆرەوە.دەرکردن‌و دورخستنەوەی گوولەکان‌و دانانیات لەو گروپە جیاوازانەی کە لە نێوانیدا دەژیان‌و دەمردن، هەنگاوێك بوو بە ئاراستەی ((دابەشکردنی جەماوەریانەی خەڵك بەسەر دووبەشدا)) (هەمان، ل١٩٨). خاڵی جێگەی مەبەست ئەوەیە کە دەسەڵاتی دەوڵەتی مافی ئەوەی هەبوو کە گوولەکان لە فەزایەك دەربکات. بە فەزایەکی دیکەوە بەندیان بکات، چونکە ڕێکخستنی فەزا لە نێو خودی شای گوولەکاندا هیچ کاتێك هێندە ووردو دەقیق نەبووە، هەرچەندە فۆکۆ دەیبەستێتەوە بە ئایدیای سیاسی پێکهێنانی ((گروپی پاك‌و بێگەرد)) (هەمان،ل١٩٨). پیادەکردنی دیسپلین لە ڕێگەی فەزاو لە نموونەی قەرەنتینە لەگەڵ نموونەی دەرکردن‌و دورخستنەوەی لە شاری گوولان بەگشتی دەربڕی بزاڤی ناوەکی تەکنەلۆژیای ((سەرانسەربینی)) کۆنترۆڵ‌و چاوەدێری بوو. ئەم تەکنەلۆژیایانە لەڕێگەی فەزاوە دەسەڵاتیان پیادە دەکرد شێوە فەزاییەکان، یاسای ناچاری کاتەکی سەبارەت بەهاتوو چۆو خاوەندارێتی سامان‌و دارایی، دروستکردنی سنووری وردو دیاریکراو لەنێوان بەشە جیاوازەکان دانیشتوان، خستنە رووی نموونە سەرەتاییەکانی بیناسازی وەکو ((سیستی‌می سەرانسەربین)) دامەزراندنی هەندێ دامەزراوەی لەخۆ دەگرت کە بەکردەوە دروست دەکران‌و سوودیان لێ وەردەگیرا هەر هەنگاوێکی دیاریکردن‌و ڕێخستنی فەزاو هەر نموونەیەکی بیناسازی، شێوازێکی ئاڵۆزتری پیادەکردنی دەسەڵاتی پێکدەهێناو بۆخۆی بەڵگەیەکی جێبەجێ بوونی دەسەڵات‌و هەرلەم ڕوویەوە بنەمایەکی فراوان کردن‌و پان‌و بەرینکردنی سنووری پیادەکردنی دەسەڵات بوو. ((لەگەڵ گوولەکان وەکو قوربانی نەخۆشی هەڵسوکەوت بکەن، بەشە جوانەکانی دیسپلین بەسەر فەزای مەغشوشی دەست بەسەرگەکاندا پیادە بکەن، لەگەڵ شێوازەکانی دابەشکردن‌و لێك



جیاکردنەوەی جێگەی مەبەستی دەسەڵات ئاوێتەی بکەن، دەرکراوەکان جیابکەنەوە: ئەمەبوو ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێك‌و پێك بەهۆی دەسەڵاتی دیسپلین بەخشی سەرەتای سەدەی نۆزدە وە لە ئاسایشگا دەروونییەکان لە زیندانەکان لە ((دار التأديب)) ەکان‌و تارادەیەکیش لە نەخۆشخانەکاندا جێبەجێ دەکرا)) (هەمان،ل١٩٩). کاتێك ترس لە نەخۆشی بە چەشنێکی سەرکەوتوانە بەرەو ترس لە کەسانی نانۆرماڵ گۆرانی بەسەرداهات‌وتەکنیکەکانی دەستنیشانکردنی نانۆرماڵیەکان گەشەیان سەند، پارادایمی دیسپلین سەرکەوتنێکی تەواوی وەدەست هێنا. با بگەرێینەوە بۆ سیستەمی سەرانسەربین وەکو چوارچێوەی دەسەڵات. ئەم سیستەمە شێوەیەکی بەتەواوی گونجاوە، بۆ ئامانجی جێگەی مەبەست واتە پیادەکردنی چاوەدێری بەردەوام بەسەر دانیشتوان‌و لەرێگەی شێوازی پێچەوانەی بۆ بینین گونجاو ((reversal of visibility)) کاردەکات کە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی مۆدێرنەو ئەم دەسەڵاتە بەباشی لە نێو چوارچێوەکەیدا پیشاندەدرێت. لە کاتێکدا لە سیستەمی پاشایەتی، پاشا خودانی زۆرترین بۆ بینین شیان بوو، لەژێر دامەزراوەکانی بایۆ-دەسەڵاتدا، ئەو کەسانەی دەبێ بخرێنە ژێر دیسپلین، چاوەدێری‌و ناسینەوە. بۆ بینراوترین تاکە کەس دەگۆڕێن. سیستەمی سەرانسەربین شیانە لەڕێکخستنی فەزای خۆیدا پیشان دەدات. بیناسازی ئەم سیستەمە بۆ خۆی ئامرازێکە بۆ مسۆگەرکردنی ئەو بینین شیانەو ئەو شێوە جوانانەی کۆنترۆڵ کە لەوەوە سەرچاوە دەگرن. سیستەمی سەرانسەربین سیمبولێکی دەسەڵات نییەو ئاماژە بە شتێکی دیکە ناکات‌و هەروەها مانایەکی قوڵ‌و پەنهانیش نییە، بەڵکو لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ڕاڤەی خۆیەتی‌و خاوەنی جۆرە شەفافیەتێکە. ڕۆڵەکەی زیادکردنی کۆنترۆڵە. شێوەکەی، ماددیەتەکەی، لاوەکیترین‌و بچوکترین ڕەهەندو ڕوخسارەکەی ڕاڤەیەك دەدا بەدەستەوەوئەنجام دەدرێت . ( لەم حاڵەتەدا بێنتهام زۆر بەڕاشکاوی قسە دەکات‌و لەدووتوێی چەندین لاپەڕەدا وردەکارییە وردو درشتەکانی بینایەی سیستەمی سەرانسەربین شی دەکاتەوە). میکانیزمی سیستەم بێ بارگ‌و بێ لایەنانەو بەشێوازی تایبەت بەخۆی، گشتی‌و جیهانگیرەو بەتەکنەلۆژییەکی تەواو لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام تەنیا کاتێك کەئیدی

دامـەزراوەکان ((گـەمارۆ)) دەدات‌و لاوازیـان دەکـات، هـێزی جوڵـەی خـۆی وەدەسـت دێنێت.

سیستەمی سەرانسەربین پـەیوەندی ڕێکـی نـێوان کۆنـترۆڵ بەسەر جەستەکان‌و فەزا پیشان دەدات‌و لەهـەمان کـاتدا دەریدەخـات کـە ئـەم کۆنـترۆڵـە بەقازانجی زیادبوونی دەسـەڵات پـیادە دەکرێـت. لـێرەدا جارێکی دیکە بەو ڕەگەزە سەرەکییانەی دەسەڵاتدا دەچـینەوە، کـە فۆکـۆ لـە نموونـەی سیسـتەمی سەرانسـەربیندا هەڵیێـنجاون. خـاڵی جـێگەی سـەرنجی فۆکـۆ ئەوەیـە کـە دەسـەڵات تەنـیا داگـیر ناکرێـت بـەڵکو پـیادە دەکرێـت. ئاراسـتەی دەسـەڵات بـەرەو ناکەسـی، پەرتـەوازەو ڕێژەیـی‌و بێناو بوون‌و لەهـەمان کاتداپـیادەکردنی دەسـەڵات بەسەر ڕەهەندێکی زۆری ژیانی کۆمەڵایەتی لە تەکـنەلۆژی سەرانسـەربینیدا ممکـن‌و بەرجەسـتە دەبێـت. بێتـنهام دەیگـوت لـە کۆمـەڵگای سەرانسـەربیندا ((هـەر هاوڕێـیەك دەبێـتە پاسـەوانێك)). فۆکـۆ دەڵـێ ((ڕەنگـە بێبەزەیـیانەترین ڕەهـەندی ئـەم بیروبۆچونەوهەموو پیادەکردنەکانی هەر ئـەوە بێـت لـەم شـێوەیەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا، دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی، بەکەسـێك ناسـپێردرێت تـا بەچەشـنێکی ڕەهـاو بەتەنیایی بەسەر ئەوانیتردا پیادەی بکـات، بـەڵکو ئەمـە ماشـینێکە کـە هـەموو کەسـێك تێـیدا گرفـتار دەبێـت، چ ئـەو کەسانەی کـە ئـەم دەسەڵاتە پیادە دەکەن‌و چ ئەو کەسانەی کە دەکەونە ژێرییەوە)) (چـاوی دەسـەڵات The Eye of power، ل١٥٦). کەواتە سیستەمی سەرانسەربین، تەکـنەلۆژیایەکی ئایدیالـە بـۆ دەسـەڵاتی دیسـپلینی. گـرنگترین تایبەتمەندیـیەکانی بریـتین لـە: مسۆگەرکردنی فـراوان‌و بـەربڵاوبوونی دەسـەڵات، دابینکردنی دەرفەتی تەتبـیقی دەسـەڵات بەهـێزێکی کـاری بەرتەسـك‌و بەکـەمترین بودجـە، پـیادەکردنی دیسـپلین بەسـەر تاکەکان بەهۆی لانی کەمی بەکارهێنانی ئاشکرای ناچارکردن‌و زۆر لـێکردن لەڕێگـەی ئـەنجامدانی کـار لەسـەر دەروونـیان، وەدەسـت هێـنانی بەرزتـرین رادەی بـۆ بیـنین شـیانی ئـەو کەسـانەی کـە دەسـەڵاتیان بەسـەردا پـیادە دەکرێـت، گـیرۆدەو گرفـتارکردنی هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە لەگـەڵ دەزگـای دەسـەڵاتدان پەیوەندیـیان هەیـە، لەکاروکـردەوەی دەسـەڵاتدا. بـەکورتی، سیستەمی سەرانسەربین نموونەیـەکی تـەواوی ڕێوڕەسمـی وردی دەسـەڵاتە کـە بەپـێی شـێوازی کـاری خـۆی،



پانتاییـیەك پێکدێـنێ کـە تێـیدا، تەکـنەلۆژیای سیاسـی جەسـتە دەرفـەتی کـاری بـۆ دەرەخسێت، لێرەدایە کە ماف‌و ئیلتیزاماتەکان دادەنرێن‌و دادەسپێنرێن.

دوایـین ڕەگـەزی سیسـتەمی سەرانسـەربین، پـەیوەندی نـێوان جەسـتەکان، فـەزا، دەسـەڵات‌و مەعـریفەیە هۆگری بەربڵاو بەسیستەمی سەرانسەربین، میکانیزمێك بۆ ئامادەکـردن‌و چـالاك سـازی شـێوەیەکی نوێـی ئـیدارەو کۆنـترۆڵـی بـەردەوامی ژیـانی ڕۆژانـە پـێك دێنێـت. سیسـتەمی سەرانسـەربین بۆخـۆی دەبێـت وەکـو ((نمایشـی میکانـیزمی دەسەڵات کە گەیشتۆتە شێوە ئایدیالەکەی خۆی (بناسرێت)، ڕەفتارەکەی کـە لەهـەر چەشـنە بەربەسـت، بەرگـری‌و ململانێـیەك رزگـاری بـوە دەبـێ وەکـو سیسـتەمی بیناسـازی یـان سیسـتەمێکی چـاوەدێری بـێگەرد پیشـان بدرێـت، (ئـەم سیستەمە) لەڕاستیدا شێوەیەکی تەکـنەلۆژیای سیاسییە، کـە دەبـێ لەهەموو جۆرە بەکارهێنانـێکی تایـبەتی (خۆی) جیابکرێتەوە)) (دیسپلین‌و سزا، ل ٢٠٥). ئەگەرچی، هـەروەك فۆکـۆ بـۆ خۆشـی جەخـتی لەسـەر دەکاتـەوە، هـیچ کاتـێك سیسـتەمی سەرانسـەربین بەکـردەوە دروسـت نەکـرا، بـەڵام وتوێـژی زۆرو زەوەنـد سـەبارەت بـە ڕەفـتارو تواناکـانی، ئـەو دەرفەتـەی دەرەخساند کـە هـەندێ بیروبۆچوون لەهەمبەر چاکسـازی‌و کۆنـترۆڵـەوە بـەم جـۆرە ڕێکبخرێـت‌و بخرێـتە ڕوو. کەواتـە سیسـتەمی ناوبـراو هەوڵـێکە بـۆ گەڵاڵەکـردنی تەکـنەلۆژی دیسـپلینی مۆدێـرن: ((ڕەفـتاری لـەخۆڕایی دەسـەڵات‌و ئیشـە ئامـرازیەکەی لەبـنەڕەتدا بابـەتی جـێگەی باسـی (دیسـپلین‌و سـزا) نیـیە، بـەڵکو (بابەتەکـەی) ئـەم ئایدیایەیـە کـە لەسـەدەی هـەژدە شـێوەیەکی ئـەوتۆی دەسـەڵات شیاوو خوازراو دەبێت. پشکنین‌و توێژینەوەی تیۆری‌و پراکتـیکی سـەبارەت بـەمجۆرە میکانـیزمانە، کـە بـەردەوام دەربـڕاوە، بابـەتی شیکردنەوەمان پێك دێنێت)) (زیندان، ل٣٧). تەکنەلۆژیای سەرانسەربین، لە پێناوی گشتیەت دان بـە سیستەمە دیسپلینیە جیاوازەکان گەڵاڵە کرا کە لەسەدەی حەڤدەو هـەژدەدا سـەریان هـەڵدابوو. تەکـنەلۆژی دیسـپلینی، کـە لـە سـەرەتادا لەسـنووری حاڵەت‌و پانتایی تایبەتی‌و چوارچێوەی کاری تایبەتدا بەندبوو، وردە وردە پەلوپۆی لـە سـنوری دامـەزراوی خـۆی داکوتـا. تەکنـیکەکانی سیسـتەمی سەرانسـەربین، بەشێوەیەکی تـا ڕادەیـەك تەواو لە جۆرە جیاوازەکانی دامەزراوەکاندا پیادەکراو ئەم

دامەزراوانـە بە نۆرەی خۆیان نە تەنیا بەسەر تاکەکانی نیشتەجێی ناو چوارچێوەی خۆیـان، بـەڵکو بەسـەر تاکـەکانی دەرەوەی خۆشـیاندا چـاوەدێرییەکی وردیـان ئـەنجامدەدا. بـۆ نمونـە نەخۆشـخانە نـەك هـەر پـیادەکردنی چاوەدێری بەسـەر کەسـەکانی خۆیـدا ڕێکخسـت، بـەڵکو بـوو بـەناوەندێك بـۆ سـەیرکردنو ڕێکخسـتنی هـەموو دانیشـتوان. هـەروەك بینـیمان، هـەنگاوە دیسـپلینیەکان، بەرچـاوترین سـەرکەوتنەکانی خۆیانـیان لـەو بەشـانەی کۆمـەڵگادا وەدەسـتهێنا، کـە خـەریکی یەکپارچـەیی بەرهەمهێـنانو سـوودو کۆنـتڕۆڵ بـوون واتـە ((بەرهەمهێـنانی کارخانـەیی، گواستنەوەی مەعریفە، تەشەنەدان بە شارەزاییوماشینە جەنگیەکان)) (هـەمان، ل٢١١). لێرەشـدا، کاربەدەسـتە دەوڵەتیـیەکان کرێکارەکانـیان وەکـو کۆمەڵـە تاکێك دەبینـی، کە سەرەتا لە شوێنی کارو پاشان لە کارخانە، قوتابخانەو دەرمانگادا، پێویسـتیان بـە تاوتوێکـردن، پـەروەردەو دیسـپلین هەیـە. تەکـنەلۆژیای دیسـپلینی، پرۆسـەی بەرهەمهێـنانی تـاکی بەسـوودو ملکەچـی بەسـتەوە بـە ڕەوتـی پێکهێـنانی کۆمەڵـەی کـاراو چاوەدێری کـراودا. لـێرەدا عەقلانیەتـێکی تایـبەتی لـە ئارادایـە کـە لەگـەڵ تەکـنەلۆژیای سەرانسـەربیندا هەماهەنگـە، واتـە ئـەو عەقلانـیەتەی کـە خودکـەفا،نـا تـیۆری، کاراو بەرهەمهێنە. وادێتە بەرچاو کە سیستەمی سەرانسەربین هـیچ چەشـنە پێوەرێکی بۆ قەزاوەت دیاری نەکرد، بەڵکو تەنیا هونەرێکی کارایی بۆ دابەشـکردنی تاکـەکان، ناسینەوەیانو نەزم بەخشین پێیان لەسەر بنەمای پێوەرێکی تایـبەتی لـە هـەموو چوارچـێوەیەکی دامەزراویدا، دەخستەڕوو. کەواتـە، سیسـتەمی سەرانسـەربین لـەدانانی کـرداره کەلتوریـیەکان لـە پانـتایی سـەرنجو گـرنگی دانـدا کاریگـەر بووو نموونەو سەرمەشقێکی بۆ بینین شیانیان بەدەستەوە دەدا. خەڵك یان لانـی کـەم چاکسـازە خوێـندەوارەکان هـاوڕا بـوون لەسـەر ئـەوە کـە کارخانـەکان، قوتابخانـەکان، زیـندانەکان، تەنانـەت حەرەمسـەراکان (دەتوانـین لەم حاڵەتەدا ئاماژە بـە لایەنگـرانی فوریـە یـان بێنـتهام بکـەین) دەبـێ بەشـێوەیەکی کـارا، بـەبێ توندوتیژیـیەکی ئاشـکراو بەپێکهێـنانی ئەوپەڕی جیاکردنەوەی مومکینو بەبەرچاو کراوەیـیەکی زانسـتیو سـەرکەوتووانەوە بـەڕێوە بـبرێن. ((ڕێکخـراوی سیسـتەمی سەرانسـەربین کلیـلی ئـەم جۆرە گشتیەتە دەدات بەدەستەوە. بەپـێی بەرنامـەکانی،



لەڕێگـەی میکانیزمـێکی سـەرەتاییو بەئاسـانی گوێـزراو، دەزگـا دیسـپلینیەکان بەشـێوەیەکی سەرانسـەری لەکـردەوەو ڕەفتارەکانی کۆمـەڵگادا قایمو پایەدار بوون)) (هەمان، ل ٢٠٩).

هاوکات کـە تەکـنەلۆژیای دیسپلین وردە وردە دەمـامکی بـێ لایـەنی خـۆی لادەبـردو بەرەودیوەکـەی تـری دەچـووە پـێش، پـێوەرەکانی خـۆی سـەبارەت بـە نۆرمـاڵ سـازی وەکـو تاکـە پـێوەرێکی پەسـند دادەسـەپاند. هـێدی هـێدی، یاسـاو پێوەرەکانی دیکەی دەرەوەی دەسـەڵات بوونـە قوربـانی نۆرمـاڵ سازی. ئـەم ئاراستەیە بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا لەزیندانەکاندا دەبینین. ((پرسی سیستەمی سەرانسەربین کە لەهەمان کاتدا، چاوەدێریو کێشك گـرتن، ئاسایشو مەعـریفە، تـاك سازیو کۆ سازیو تەجریدو شەفافسـازی لـەخۆ دەگـرت، بەچەشـنێکی بەرجەسـتە لەزیـنداندا وەدی دەهـات)) (هـەمان، ل٢٤٩). چەقبەسـتنی میـتۆدە سەرانسـەربینەکان بـەنۆرەی خۆیان دەرفەتی سـەرهەڵدانی بەشـی تایـبەتی مەعریفەیان ڕەخساند، کەبەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لەزیـندانەکاندا پـیادەکران. سیسـتەمی زیـندانی نـوێ کـە لـەناکاو لەسەرەتای سەدەی نـۆزدەدا لەئـەوروپا دروسـت بوو، وەکو تاقیگەیەك بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێك مەعریفە لەهەمـبەر تاوانـبارو تاوانەکانـەوە بەکارهێنـرا. لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستەمی دانایی نوێـی سـەردەمی مـرۆڤ لەلایـەكو سـەرهەڵدانی دەسـەڵاتی دیسـپلینی بەشـێوەی تەکـنەلۆژیا لەلایـەکی دیکەوە، مەیدانێکی ئایدیال بۆ سەرهەڵدانی خودێك دەرکەوت کـە لەیـەك کـاتدا هـەم بابـەتی توێژیـنەوەی زانسـتییە نوێـیەکان بـوو و هـەم بابـەتی دەسـەڵاتی دیسـپلینی. بـەم جـۆرە دەروونناسـی زانسـتی لـەدایك بـوو بەخـێرایی لەزیـندانەکاندا هـەلی بەکارهێـنانی بـۆ ڕەخسـا. ((چـاودێری کـردنی نۆرماڵیـیەت، لەقالـبی تۆکمـەی زانسـتی پزیشـکی یـان زانستی دەروون پزیشکی نوێدا سەری هەڵدا کـە جـۆرە ((زانسـتیەتێکی)) پێدەبەخشـێو هـەروەها لەلایـەن دەزگـای دادوەریشـەوە پشـتیوانی لـێکرا، کـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ مەشـروعیەتی پـێدەدا)) (هـەمان، ل٢٩٦). لەژێـر پشـتیوانیو پارێزگاری ئەم دوو پاسەوانە بێلایەنە (واتـا زانسـتی پزیشـکیو دەزگـای دادوەری) دابـوو کـە ((نۆرمـاڵ سـازیو دەسـەڵاتی نۆرمـاڵ سـازی)) بـەرەو پێشـەوە چـوو. فۆکـۆ مەعـریفەو دەسـەڵات لـەناو یـەکترەوە

ناپێچێت، هەندێ جار هەروەکو لەزانستە سرووشتییەکاندا دیارە، مەعریفە خۆی لەدەقی ئەو کردارانە جیادەکاتەوە، کە تێیاندا پێکهاتووە. دەبێ ئاوێتەی مەعریفەو دەسەلاَت لەهەر حالەتێکی تایبەتیدا شیبکرێتەوە، نەك پێشوەخت بە گریمانە وەربگیرێ. فۆکۆ ڕوونی دەکاتەوە ((نالێین زانستە مرۆییەکان لەنێو زینداندا سەریانهەلداو بەدیار کەوتن، بەلاَم ئەگەر ئەو زانستانە توانیویانە دروست بن‌و ئەو هەموو گۆڕانکارییە قوولاَنە لە ئەپستمەکاندا پێك بێنن، بەو هۆیەوە بووە، کە لەڕێگەی شێوازی تایبەتی‌و نوێی دەسەلاَتەوە بۆ ئێمە گوێزراونەتەوە...مرۆڤ وەکو بکەری دانایی (ڕۆح، فەردییەت، ئاگایی، ڕێنوێنی یان هەر ناوێکی دیکەی لەسەر دابنرێت) بابەت/ بەرهەمی ئەم گەمارۆی شیکردنەوەیەو ئەم دەسەلاَت/ بینینەیە)) (هەمان، ل ٣٠٥). بێگومان مەبەست ئەوە نییە کە گشت ڕەهەندێکی هەموو زانستێکی کۆمەلاَیەتی شوێنەواری دیسپلینی ڕاستەوخۆی هەیەو فۆکۆ هەرگیز ئەم جۆرە هەلۆێستەی وەرنەگرتووە. لەگەلّ ئەوشدا لەمەڕ بەشێکی زۆری زانستە مرۆییەکاندا، ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی بەردەوام، بەرانبەرو دوورودرێژ مامەلەیان لەگەلّ یەکتردا هەبووە و یەکدیان بەهێز کردووە. بۆ نموونە ئاوێتەی مەعریفەو دەسەلاَت خراپکارەکانی لێکەوتەوە. ((دەبێ لەڕووی ئەو واقیعەتەوە خراپکارو تاوانبار لەیەکتر جیابکەینەوە کە سەبارەت بە خراپکارشێوەی، ژیانی زۆر زیاتر لەکاروکردەوەی، لەناساندن‌و وەسفی ئەودا بەشدارە)) (هەمان، ل ٢٥١).بەم جۆرە تاکی تاوانبار بۆ بەشێکی نیمچە سرووشتی مرۆڤ گۆڕانی بەسەر داهات‌و لەڕێگەی زانستی مرۆیی نوێوە واتا دەروون پزیشکی‌و تاوانناسی کەوتە بەر توێژینەوەو ناسین. لەم ڕووەوە ئیدی هەر ئەوەندە بەس نەبوو، کە تەنیا تاوانی تاوانبارەکە سزا بدرێت، بەلّکو دەبووایە ئابرووی تاوانبارەکە چاوی پێدا بخشێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو لەفەردییەتی خۆیدا بناسرێت‌و هەروەها دەبووایە وەکو جۆرێکی تایبەتی تاوانبار پۆلێن بکرێت. بەم چەشنە مەعریفە، بۆ پارێزگاری‌و پشتیوانی لەئایدیای نۆرمالّ سازی بەتووندی هاتە نێو شەڕەکەوە. لەڕێگەی ئەم جۆرە تاکتیکەوە بوو کە تاوان کە پێشتر زۆرتر وەك بابەتێکی حقوقی‌و سیاسی لەقەلّەم دەدرا، ڕەهەندێکی تازەی مەعریفەی زانستی‌و ڕوانگەی



نۆرمالّ سازی بەخۆوە دەگرت. خراپکارو سیستەمی نوێی بەند کردن لەگەلّ یەکتردا سەریان هەلّداو بوون بەتەواوکەری یەکتری‌و یەکدیان فراوان کرد. ((خراپکار ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ کە (تاکی نانۆرمالّ‌و شەڕەنگێز لەڕوانگەی سیاسی‌و ئەخلاقی‌و لەگەلّ سوژەی حقوقی)دا لێك ببەسترێن‌و لەژێر دەسەلاَتی زانستی پزیشکی، دەروون پزیشکی‌و یان تاوانناسی، تاکێك پێك بێت، کە لەناو ئەودا تاکی یاسا شکێن (بەزێن) و بابەتی تەکنیکی زانستی ئاوێتەی یەکتر بن)) (هەمان، ل٢٥٦).

بەم جۆرە دەسەلاَتی مۆدێرن‌و زانستی مرۆڤ خالّی هاوبەشی پێکهاتن‌و دیاربوونی خۆیان دۆزیەوەو لەپاش ئەویشەوە گەلێك خالّی هاوبەشی دیکە بەدیار کەوتن. بلاَوبوونەوەو فراوانبوونی بەڕاستی کاریگەری دەسەلاَتی نۆرمالّ سازی لەم جۆرە ئاوێتە بوونە دەستی پێکرد. بەهەرحالّ، یەکێك لەڕەهەندە یەکجار گرنگەکانی ڕەفتار سیستەمی زیندان ئەوەیە، کە ئەم سیستەمە هیچ کاتێك نەیتوانی بەو چەشنەی بەلّێنی دەدا کاربکات. زیندانەکان لەسەردەمی پەیدابوونیانەوە تاکو ئێستا بەباشی کاریان نەکردووە. ڕاڤەی فۆکۆ سەبارەت بەو کەسانەی، کە بە بەردەوامی تاوانیان ئەنجام دەدا، هەروەها لەهەمبەر یەك جۆری هیلاکەری پەندە چاکسازیەکان، هەژێنەرو قەناعەت پێهێنەرە. زیندانەکان نەیانتوانیوە ئەوە ئەنجام بدەن، کە لایەنگرانی سیستەمی زیندان پێیان وابوو تەنیا بەپشتیوانی ئەم سیستەمە دەکرێت، واتا تەنانەت نەیانتوانیوە لەتاوانباری کەللە ڕەق هاوولاَتی نۆرمالّ دروست بکەن. بەو حالەش مەبەست ئەوە نییە کە چاکسازەکانی سیستەمی زیندان (بەپێی پێویست) لەوەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیاندا داماو و بێتوانا بووە. بەدرێژایی سەدەو نیوێکی ڕابردوو، قسەکەران ( چاکسازی خوازەکان) بەردەوام سیستەمی زیندانیان وەکو دەرمانی کەم‌و کوڕییەکانی خودی زیندان خستۆتە ڕوو. کەواتە پرسیار ئەوە نییە، کە بۆچی زیندانەکان لەوەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان شکستیان خوارد، بەلّکو مەسەلەکە ئەوەیە، کە ئەم تێکشکانە چ ئامانجێکی دیکەی وەدی هێناوە، و ڕەنگە هەربەم هۆیەشەوە بێت کەهەر لەبنەڕەتدا تێکشکانێك لەئارادا نەبووە. وەلاَمی فۆکۆ ڕوون‌و ڕاشکاوانەیە: ((ناچارین ئەوە قبوولّ بکەین، کە زیندان‌و بێگومان سزادان بەشێوەیەکی گشتی لەپێناوی بنبڕکردنی

تاوان پێك نەهاتووە، بەڵكو ئامانجەكەی جیاكردنەوە، دابەشكردنو سوود وەرگرتن بووە لە تاوان: واتا زیندانەكان ئەو كەسانەی كە حەزیان لەپێشێلكردنی یاسایە، ناكەنە تاكی ملكەچو گوێڕایەڵ، بەڵكو پێشێلكردنی یاسا بەشێوەیەكی لاوەكی لە تاكتیكی گشتی ملكەچیو بەندایەتی دەردێنن)) (هەمان، ل٢٧٢).سیستەمی زیندانو ڕەنگە هەموو جۆرە دەسەڵاتێكی نۆرماڵ سازیتر، كاتێك سەركەوتن وەدەست دێنێت كە تەنیا تاڕادەیەك سەركەوتوو بێت. یەكێك لەڕەگەزە سەرەكییەكانی تەكنەلۆژیای نۆرماڵ سازی ئەوەیە، كە ئەوان بۆخۆیان بەشێكی جیانەكراوەی ڕەوتی بەرهەمهێنان، پۆلێن كردنو كۆنترۆڵی ڕێكو پێكی نۆرماڵییەكانی پەیكەری كۆمەڵگان. دەبێ حاڵەتی دابەزینیان لەبانگەشەیان لە دەستنیشانكردنی ئەم جۆرە نۆرماڵییانەو بەڵێنی نۆرماڵ سازیدا بدۆزینەوە.

هەروەكو فۆكۆ زۆر بەدوورودرێژی لە (دیسپلینو سزا)و (مێژووی جنسیەت)دا دەریدەخات، سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەی بایۆ-دەسەڵات هاوكات لەگەڵ سەرهەڵدانو زۆربوونی ئەم جۆرە نانۆرماڵیانە (تاوانباران، لادەرەكانو ....هتد) هاتۆتە ئاراوە كە تەكنەلۆژیاكانی دەسەڵاتو مەعریفە، بەڕواڵەت لەهەوڵی بنیڕكردنیان دابوونە. بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی نۆرماڵسازیی كە لەڕێگەی دروستكردنی نانۆرماڵییەكانەوە كاردەكات، كەدەبێ پاشان هەر لەڕێگەی ئەوەوە چارەسەرو چاك بكرێن. بایۆ-دەسەڵاتەكان، بەهۆی دەستنیشانكردنی نانۆرماڵییەكان بەشێوەیەكی زانستی، مەوقیعیەتێكی زۆر گونجاویان هەیەو چاوەدێریو كۆنترۆڵیان دەكەن، بەڵام ئەم بابەتە وەك پرسێكی تەكنیكی لێدێت هەربۆیە دەبێتە پانتاییەك بۆ فراوان بوونی دەسەڵات، جگە لەم حاڵەتە دەتوانین بڵێین كە هەموو سیستەمی ناوبراو تێك دەشكێت. تەكنەلۆژیا سیاسییەكان، بابەتێك لەپانتایی گوتاری سیاسیدا وەدەردەنێن، كە هەر لەبنەڕەتدا سیاسیەو دەیخەینە قاڵبی زمانی بێ لایەنانەی زانستەوەو بەم جۆرە بەرەو پێشەوە دەچن. (١)

كاتێك ئەم كارە ئەنجام بدرێت، ئەو بابەتانە جێگەی مەبەستن دەبن بە بابەتی تەكنیكی، كەدەبێت لەلایەن پسپۆڕەكانەوە توێژینەوەی لەسەر بكرێت. لەڕاستیدا زمانی ئیسلاحو چاككردن هەر لەسەرەتاوە یەكێك لەڕەگەزە سەرەكییەكانی ئەم تەكنەلۆژیە سیاسییانە بووە. بایۆ-دەسەڵات لەژێر ئالای ساخلەم سازی خەڵكو پاسەوانی كردن لێیان پەرەی سەندو فراوان بوو. كاتێكیش بەرگریو بەرهەڵستیەك ئەنجام دەدرا، یان ئامانجە دیاریكراوەكانی ئەم دەسەڵاتە وەدی نەدەهات، هەر ئەم بەرگری یان تێكشكانانە بۆخۆی دەبوو بە بەڵگەیەكی دیكە بۆ پێویستی بەهێزكردنو گەشەپێدانی دەسەڵاتی پسپۆڕەكان. بەم جۆرە چوارچێوەیەكی تەكنیكی دانرا. لەبنەڕەتدا دەبووایە ڕێگەیەك بۆ چارەسەركردنی هەموو جۆرە مەسەلەیەكی تەكنیكی لەئارادابێت. بە لەئارابوونی ئەم جۆرە چوارچێوەیە، بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی بایۆ دەسەڵات زامنكرا، چونكە هیچ شتێكی دیكە لەگۆڕێ نەبوو بتوانرێ پەنای بۆ ببردرێت، هەموو جۆرە پێوەرێكی دیكە وەكو پێوەرێكی نانۆرماڵ یان تەنیا دەربڕی مەسەلە تەكنیكییەكان بەدیار دەكەوت، بەم جۆرە زانستو یاسا بەڵێنی نۆرماڵ سازیمان پێدەدەنو كاتێكیش لەم كارەدا تێك دەشكێن، ئەم تێكشكانە دەبێتە پاساوی نیازێكی زیاتر بەخودی ئەوان پاش ئەوەی هەیمەنەی بایۆ-دەسەڵات سەقامگیرو پتەوكرا، ئەوەی وەدەست دێت، ململانێو بەرهەڵستیو كێشمەكێشی واقیعی نێوان راڤەی بەهاو مانای كۆتایی كارایی بەرهەمهێنانو نۆرماڵ سازی نابێت، بەڵكو تەنیا بەرهەڵستییەك لە بەرامبەر شێوازەكانی جێبەجێكردن سەرهەڵدەدات. ئەو پرسەی بایۆ-دەسەڵات دەیهێنێتە بەرباس ئەوەیە، چۆن دەتوانرێت دامەزراوە رەفاهیەكان بەكار بخرێن، مەسەلە ئەوەنییە، كە مانای ئەم دامەزراوانە چییەو یان بەسیاقی بەیانی فۆكۆ، ئەم دامەزراوانە چ كارێك ئەنجام دەدەن.

فۆكۆ نموونەیەكی تەواو لەم بەرهەڵستییانە دێنێتەوە لە شێوازیی جێبەجێكردن لەكاتی مشتومڕە باوەكانی سەرەتای سەدەی نۆزدە لەم بارەیەوە  كە كام لەو دوو سیستەمە نموونەی زیندان لە ئەمریكا، واتە سیستەمی ئابۆرن ((Auburn))و سیستەمی (فلادێلفیا) ڕێگا چارەیەكی گونجاویان بۆ پرسی منفردسازی  زیندانیەكان بەدەستەوە دەدا. سیستەمی ئابۆرن ڕێگاچارەی خۆی بەسوود وەرگرتن لە نمونەی دێرو كارخانەكان دەخستەڕوو. هەربۆیە دەبووایە زیندانەكان لەژووری تاكەكەسی جیاوازدا بخەون، بەڵام دەیانتوانی لەگەڵ یەكتردا نان بخۆنو كاربكەن، هەرچەندە لە

هەردوو نموونەکەدا قسەکردن لەگەڵ یەکتری زۆر بە توندی قەدەغەبوو. ئیمتیازی ئەم سیستەمە بە پێی بیرو باوەری چاکسازی خوازە لایەنگرەکانی ئەوە بوو کە دەیتوانی هەلومەرجی خودی کۆمەڵگا واتە تەدەروج و چاوەدێری بە مەبەستی پێکهێنانی نەزم بەچەشنێکی بێگەرد بەرهەم بێبێتەوە، لەم رووەیەوە تاوانبارەکان ئامادە بکات بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی. لە بەرامبەر ئەمەدا نموونەی(فیلادێلفیا) کە لەلایەن ((کویکرەکانەوە)) پشتیوانی لێدەکرا، جەختی لەسەر چاکسازی ویژدانی فەردی لەرێگەی گۆشەگیری و رۆچوون لەخۆدا دەکرد. تاوانبار کەبەردەوام لە زیندانی تاکەکەسی دابوو، بەڕواڵەت لەجیاتی ئەوەی گۆڕانێکی رووکەش لە روانگەو خووعادەتەکانیدا پێك بێت، گۆرانکارییەکی قووڵ و کاریگەر لە کەسایەتیدا پەیدا دەبوو. کویکرەکان لەو بڕوایەدابوون کە تاوانبار بەم رێگەیە، بەدوور لە ژیان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، ویژدانی ئەخلاقی خۆی وەدەست دێنێتەوە. فۆکۆ دوو پارادایمی جێبەجێ کردنی جیاوازی دیکە، یان دوو پارادایمی دیکە سەبارەت بە پەیوەندی کۆمەڵگا و تاك یاخود بەجۆرێکی باشتر دوو پارادایمی دیکەی بەندایەتی لە یەکتری جیاکردۆتەوە هەریەك لەم دووانە خۆی لەخۆیدا لەسەر بنەمای قبووڵکردنی زەمەنی تەکنەلۆژیای دیسپلینی دامەزراوە، لایەنگرانی هەردوو سیستەمەکە لەسەر پێویستی جیاکردنەوە (انفراد) و گۆشەگیری زیندانییەکان کۆك بوون و تەنیا جیاوازی[۱] بۆچوونیان سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و شێوازی جیاکردنەوەو گۆشەگیر کردن بوو. (( کۆمەڵە جیاوازییەکی دیکە لەدژایەتی نێوان ئەم دوو پارادایمە سەرهەڵدەدات: یەکێکیان بریتی بوو لە جیاوازیی بۆچوون لەمەڕ دین (ئایا پەلکێشکردن بۆ دین دەبێ رەگەزیی سەرەکی چاکسازیی بێت؟) ئەوەی دیکەیان سەبارەت بەلایەنی ئابوورییە (کام شێواز بوودجەیەکی کەمتری تێدەچێت؟) ئەویدیان لەمەیدانی پزیشکیدا (ئایا گۆشەگیری رەها، حوکم دراوەکان بەرەو شێتی پاڵنادات؟) و ئەویتریشیان جیاوازی بیرو بۆچوونە (لە پانتایی بیناسازی و ئیداری کام شێوازیان گرانتی باشترین شێوەی چاوەدێری دەکات؟). بێگومان هەر بەم هۆیانەوە بوو گفتوگۆو مشتومڕ هێندەی خایاند، بەڵام ئەوەی کرۆکی سەرەکی مشتومڕەکانی پێکدەهێناو دەرفەتی هاتنە ئارای

پێدەبەخشی، پێکهێنانی جیاکردنەوە (انفراد) و گۆشەگیری زۆرەملێ بوو لەرێگەی وەلانانی هەموو جۆرە پەیوەندییەك کە لەژێر دیدی دەسەڵاتدا نەبوو یان سەربە پلەوپایە یەك لەدوای یەکەکان نەبوو، ئەمە بۆخۆی ئامانج و مەبەستی سەرەکی بەندکردن و گرتن بوو)) (هەمان، ل٢٣٩). جیاوازی بیروبۆچوونی لەسەر خودی پرۆژەی زیندان نەبوو، بەڵکو خودی قبووڵکردنی بێ ئەملا و ئەولای جیاکردنەوە (انفراد) و گۆشەگیری زۆرەملێ و پاشکۆیی پەیژەیی پلەوپایەکان بوو، کە کۆمەڵێکی پانوبەرینی تەکنیکەکانی جێبەجێکردنی ممکین دەکرد. لە رێگەی ئەم جیاوازی بیرو بۆچوون و کۆك بوونە (هەرچەندە شێوەیەکی زمنی هەبوو ولە کردەوە پەیوەندیدارەکاندا ئامادەو رێکخرابوون) لە ژێر رێنوێنی زانست و یاسادا بوو کە نۆرماڵ سازیی و دیسپلین بەرەو پێشەوە چوون.

(١) هابرماس و کۆمەڵە نووسەرێکی دیکە ئەم بابەتەیان هێناوەتە بەرباس، چوارچێوەی شیکردنەوەی گشتی ئەوان بە شێوازێکی رێك وپێکتر لە شێوەی فۆکۆ خراوەتە ڕوو، بەڵام فۆکۆ لەدیاریکردنی وردی میکانیزمە عەینییەکانی رەفتارو کردەوەی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتنێکی زیاتری بەدەست هێناوە.

## پارادایمەکان و کردەوەکان

ئەو خوێنەرانەی ئاشنان بە بیروبۆچوونەکانی کۆهن سەبارەت بەچۆنیەتی پێکهاتن و بەردەوامبوونی زانستەکان،[٢] لێکچوونێکی بەرچاو لەنێوان راڤەی کۆهن بۆ زانستی نۆرماڵ و بۆچوونی فۆکۆ لە هەمبەر کۆمەڵگای نۆرماڵ سازدا هەست پێ دەکەن. بەبڕوای کۆهن زانست کاتێك نۆرماڵ سازدا هەست پێ دەکەن. بەبڕوای کۆهن زانست کاتێك نۆرماڵ دەبێت کە جێبەجێکارەکانی لە پانتاییەکی تایبەتیدا لەسەر ئەوڕایە کۆك بن کاری تۆژینەوەو زانستی، تایبەتمەندی هەندێ پرسی گرنگ لە پانتاییەکدا دەناسێتەوەو دەری دەخات کە چۆن دەتوانین هەندێ لەو مەسەلانە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە چارەسەر بکەین. کۆهن ئەم جۆرە کۆك بوونە بەپارادایم یان نموونەی بەرز ناوزەد دەکات و وەکو نموونەیەکی بەرجەستە ئاماژە بە پرنسیپەکانی نیۆتن دەکات. پاڕادایمەکان ،زانستی نۆرماڵ وەکو چالاکییەك کە مەیلی بەرەو دۆزینەوەی هەندێ دیاردەی تاسێنەر هەیە بەرقەرار دەکەن کە

لەسەرەتادا لەبەرانبەر دەمج بوون لەناو تیۆریدا بەرهەڵستی دەکەن، بەڵام زانستی نۆرماڵ، بەپێی پێناسە دەبێ دواجار لەسەر بنەمای چەمکەکانی خۆی شییان بکاتەوە. ئایدیای زانستی نۆرماڵ ئەمەیە سەرەنجام ئەوە بسەلمێنێت کە هەموو ئەو نانۆرماڵیانە لەگەڵ تیۆرەکەیدا دەگونجێن.

کۆهن ئەوەمان وەبیردێنێتەوە کە ((ڕەنگە بەرچاوترین تایبەتمەندی....بابەتی توێژینەوەیی (لە زانستی) نۆرماڵدا ئەوەبێ کە ئەوان لە بنەڕەتدا خەریکی بەرهەم هێنانی بەدایعی مەفهوومی یان دیاردەیی نین...لانی کەم بۆ زاناکان، دەرەنجامە وەدەست هاتووەکانی لێکۆڵینەوەی (بەشێوازی زانستی) نۆرماڵ بەو هۆیەوە گرنگی هەیە کە پەرە بەسنوورو وردەکاریی پیادەکردنی پاڕادایم دەدات)) (Kuhn, Scientific Revolutions, pp. 35-36). تەکنەلۆژیاکانی نۆرماڵ سازیش تاڕادەیەك بوونیادی وەکو یەکیان هەیە. ئەوان بە خستنەڕووی پێناسەیەکی هاوبەش بۆ ئامانجو میتۆدەکان دەست بەکار دەکەن کە لە شکڵی ئەو نموونانەی لەسەری کۆکن سەبارەت بەچۆنیەتی ڕێکخستن لە پانتاییەکی یەکجار زۆر ڕێك‌وپێکی چالاکی مرۆییدا دەردەکەون. ئەم نموونەو سەرمەشقانە، وەکو سیستەمی سەرانسەربینی (پێنتهام)و ڕێوڕەسمی دانپیانان، خێرا ئەوەی نۆرماڵە پێناسەی دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەوان ئەو کرپهوانە پێناسە دەکەن کە وەکو کردەوەی لادەرانەو نیازمەندی نۆرماڵ سازی، لە دەرەوەی ئەم نموونانەدا قەرار دەگرن. بەم جۆرە، ئەگەرچی پارادیمی زانستیو کۆمەڵایەتی هیچ کامێکیان هیچ چەشنە مسداقیەتێکی دەروونیان نییە، بەڵام بەدیاری کردنو پێناسەکردنی ئەوەی کە چ بابەتێك بۆ بابەتی شیاوی چارەسەر (حل) لە قەڵەم دەدرێتو چ شتێك بە ڕێگاچارە دەژمێردرێت، زانستی نۆرماڵ، کۆمەڵگای نۆرماڵی وەکو پانتایی گشتیەتمەندی کار دروست دەکات کە بەردەوام سنووری پێشبینیو کۆنتڕۆڵی خۆیلن پەرەپێدەدەن . بەو حاڵەش جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان رەفتاری زانستی نۆرماڵو رەفتاری تەکنەلۆژیاکانی نۆرماڵ سازیدا هەیە، لە کاتێکدا زانستی نۆرماڵ لە بنەرەتدا خەریکی راکێشانو چارەسەری کۆتایی هەموو نانۆرماڵیەکانە، تەکنەلۆژیا دیسپلینەکان لە هەوڵی دامەزراندنو پاراستنی کۆمەڵێکی ئاڵۆزو روو لە زیادی نا

نۆرماڵیەکانن‌و لەم ڕێگەیەوە مەعریفەو دەسەڵاتی خۆیان لە نێو قەڵەمڕەو سنوورەپانو بەرینەکاندا فراوان دەکەن. هەڵبەتە جیاوازی یەکجار زۆر گرنگی نێوان ئەم دووانە سیاسیە، لە کاتێکدا زانستی نۆرماڵ بۆتە هۆیەکی کاریگەر بۆ کەڵەکەکردنی مەعریفە سەبارەت بە جیهانی سروشتی (لێرەدا مەعریفە بە مانای راستی پێشبینی، چارەسەری بابەتە جیاوازەکان‌و هتد، نەك هەقیقەتی ناوکی شتەکان)، کۆمەڵگای نۆرماڵ ساز بۆتە شکلێکی بەهێزو زیانباری دەسەڵات. بەسەرنج دان لە گێڕانەوەی قەناعەت هێنی فۆکۆ سەبارەت بە کاریگەری زیانباری پارادایمە نۆرماڵ سازەکان، ئەو پرسیارەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا دەکرێ چەندین جۆری تری پارادایمەکان بوونیان هەبێت کە چەندین جۆری تری کۆمەڵگا دابمەزرێنن. فۆکۆ گشتیەت بەبیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ڕۆڵی سەرەکی پارادایمە هاوبەشەکان لە کۆکردنەوەی کردەوە پەراگەندەو بەربڵاوەکان، خڕکردنەوەیان و ئاراستە بەخشین بەستراتیژییەکانیان نادات‌و تەنانەت بە ئاشکراش نایهێنێتە بەرباس. لەگەڵ ئەوەشدا کەشفی فۆکۆ زۆر باس‌و وروژێنەو شایەنی گرنگی پێدانێکی زیاترە، بەتایبەتی وردبوونەوەو رامان سەبارەت بەوە سەرنج راکێشە کە ئایا پارادایمەکان لە رابردوودا هەبوونەو یان لە ئایندەدا بوونیان دەبێت کە زەوق‌و هۆگرییە گرنگەکانی نێو کولتورو پەیوەندیدارەکان (متمرکز) بکەن، بەبێ ئەوەی بەشێوازێکی نۆرماڵ ساز پێشوەخت ئەو دژ کردەوانە بکەنە چارەنووس‌و موقەدەر کە گونجاوو خوازراو دێنە بەرچاو. لەم حاڵەتەدا دەتوانین بپرسین ئایا ئەو جۆرە پارادایمە کۆمەڵایەتیانە، تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی کە نۆرماڵ سازنین بەسەر سیستەمی سەرانسەربین‌و سیستەمی دانپیاناندا ئەفزەڵیەتیان هەیە یان پێویستمان بەهەندێ پێوەری دیکە هەیە بۆ حوکمدان لەسەریان؟ بەهەر حاڵ کاتێ ئێمە گرنگی پارادایمەکانمان بۆ کولتور بۆ دەرکەوێت، گرنگی میتۆدۆلۆژی ئەوانیشمان بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگا لاروون دەبێت دەتوانین بەشێوازی کۆهن بە چەشنێکی هێرمنیوتیکی، وەکو ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە کرۆکی مانای جدی جێگەی مەبەستی ئەو توێژەرەوانە بەکاریانبێنن کە رەفتارەکانیان بەپێی پارادایمی جێگەی مەبەست مانا دەدات، بەڵام دەتوانین دیسان بەشێوازی کۆهن، ئەوان بەمەبەستی پەردە

هەڵماڵین لەسەر ڕەهەندێکی تایبەتی ڕەفتاری زاناکان بەکاربێنین کە ئەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو تەنانەت بە چەشنێکی تەمومژاوی لێی ئاگادار نییەو بەوحاڵەش ڕەهەندێکی بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتن لە مانای چالاکیەکان. بەم چەشنە زانایانی سروشتی باوەڕیان بەو دەرفەتە نییەو (و تەنانەت خۆ لە باسکردنیشی دەبوێرن) کە مسداقیەتی چالاکی زانستیی ئەوان تەنیا دەرەنجامی اجماعو هاوکارییە نەك ئەنجامی هاوجووت بوونی (بیروبۆچوونی ئەوان لەگەڵ واقیعیەت). بەو حاڵە ئەگەر کۆهن ڕاستی وتبێت ئەوا هەموو گرنگی زانستی سروشتی نۆرماڵ بەرهەمی شێوازێکە کە پاڕادایمەکان ڕەفتاری ئەو زانایانە پێکدێننو هیدایەتی دەکەن کە بەپێی ئەو دەجولێنەوە. کۆهن ئەم دوو ڕاڤەیە لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵاو ناکات. ئەو هەوڵدان بۆ دەست گەیشتن بە کرۆکی بیروبۆچوونی هەموو قوتابخانەو ڕێبازێك بە هیرمنیوتیك (تأویل) ناوزەد دەکات. تا ئەو شوێنەی کە ئێمە ئاگادارین ئەو هیچ ناونیشانێکی بۆ شیکردنەوەی بونیادو بارودۆخی نۆرماڵی زانستیو بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی زانستی بەکارنەهێناوە، ئەگەرچی هەر ئەم شیکردنەوەیە ڕەسەنترینو گرینگترین هەوڵە تیۆرییەکانی پێك دەهێنێت. بەبڕوای ئێمە میتۆدی دووەم، زۆر لە ڕەهەندی شیکردنەوەیی ئەوەی ئێمە بە شیکردنەوەکانی ڕاڤەیی ناوزەدمان کردووە نزیکە.



هەروا کە فۆکۆ بیروبۆچوونە سەرەکییەکانی خۆی لەمەڕ ڕەفتاری پاڕادایمەکان بەشێوەی بابەتێکی یەکپارچە نەهێناوەتە بەرباس، ئاوەهاش ئەم خاڵە میتۆدۆلۆژییەی سەبارەت بەگرنگی ئەوان بۆ شیکردنەوەی ڕاڤەیی بەرهەم نەهێناوە. بەوحاڵە فۆکۆ لە بەرهەمە هەنووکەییەکانی خۆیدا بەئاشکرا کەوتۆتە ڕێچکەیەکەوە کە ئەم جۆرە رامانو تأملاتانە تێیدا بەکاردێن، ئەگەرچی هەمان وشە بەکارناهێنێت. فۆکۆ ئێستا گوتار وەکو بەرجەستە بوونی مێژوویی پارادایمێك پێناسە دەکاتو بەجۆرێك لە شیکردنەوەکان نزیك دەبێتەوە کە زۆر بەتوندی پەیوەندی بە دیاریکردنو بەکارهێنانی زانستییانەی ئەوانەوە هەیە لەڕوانگەی فۆکۆوە شیکردنەوەی گوتار ئیدی لەسە ربنەمای ڕێسای پێکهێنانی ئەبستم ڕێك ناخرێت. سەرەڕای ئەوەی لە نێوان فۆکۆو کۆهندا لە ڕووی مەیلو پانتایی

توێژینەوەدا بەئاشکرا جیاوازی دەبینرێت، بەلاّم فۆکۆ وەك دیارە لەگەڵ ئەم وتەیەی کۆهندا هاوڕا دەبێت کە ((ڕێسا...لە پارادایمەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەلاّم پارادایمەکان دەتوانن تەنانەت لەغیابی ڕێساشدا توێژینەوە هیدایەت بکەن)) ( Ckuhn,Scientififc Revolutions, p .42.) سەرەڕای ئەمە فۆکۆ بەپێچەوانەی شیکردنەوەی خۆی لە (ڕێکی شەکان)و (ئارکیۆلۆژیای مەعریفە) کە تێیاندا گوتاروبونیادی سیستەمی ئەبستراکتی حاکم بەسەریدا، لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە بەخاوەنی شوێنگەیەکی ممتاز سەیریان دەکرێت، لە بەرهەمەکانی دواتری خۆیدا گوتار بەبەشێك لەمەیدانی پانو بەرین تری دەسەلاّتو کردەوە لەقەڵەم دەدات کە پەیوەندیەکانیان لەلایەن پارادایمە جیاوازەکان بەشێوازی جیاواز پێکدەهێنرێت. دامەزراندنی ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی دەقیق ڕەهەندی شیکردنەوەیی پێك دەهێنێت کە لەنێوان بەرهەمەکانی فۆکۆو کۆهندا هاوبەشە.
بەلاّم هۆگری فۆکۆ بەکۆمەڵناسی پێویستی بە خستنەڕووی ڕەهەندی ڕاڤەی هەیە کە لە بیروبۆچوونی کۆهندا هیچ شوێنێکی نییە. کاتێك کۆهن بەڵگە دێنێتەوە کە بەدرێژایی چەندین سەدە تیۆری نیوتن سەرمەشقێك بووە بۆ هەموو زاناکانی زانستی سروشتی، پەنا بۆ ڕاڤە نابات. جگە لەمە کاری کۆهن وەکو مێژوونووسی مێژووی زانست بڕیار وەرگرتن لە هەمبەر ئەوە نییە کە ئایا سەرهەڵدانی زانستی سروشتی لە ڕۆژئاوادا لە خۆگری هەندێ شوێنەوارە کە دەبێ پشتیوانی لێ بکرێت یان بەرهەڵستیو دژایەتی بکرێ، یان نا، بەلاّم خوێندنەوەی دیاردە کۆمەلاّیەتییەکان پێویستی بە ڕەهەندی ڕاڤەیی هەیە. یەکەم بەو هۆیەوە کە هیچ چەشنە کۆڕاێکی ئاشکرا سەبارەت بەپارادایمە ڕێکخەرە سەرەکییەکانی کولتووری باو لە ئارادانییەو دووەم بەو هەیە کە تەنانەت ئەگەر بتوانین سەبارەت بەڕەسەن بوونی هەندێ پارادایم کۆكو هاوڕابین، دیسان ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە کە چۆن دەتوانین کاریگەرییەکانیان هەڵبسەنگێنین.ناتوانین ئەم جۆرە تەعبیریە تەنیا وەکو ڕێژەسازی ئەخلاقی توندڕۆیانە یان حاڵەتێکی پەیوەندیدار بەئەفزەڵیەتی تاکەکەسی لێك بدەینەوە، بەڵکو لەسەر سێ بنەمای سەربەخۆ بەلاّم وابەستە بەیەکتر دامەزراوە. یەکەم دەبێ ڕاڤەکار هەڵوێستێکی زانستی لەسەر بنەمای جۆرە

تێگەیشتنێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەکاروبارە هەنوکەییەکان وەربگرێت. مەبەست ئەوەیە، ناتوانێت لەسەر بنەمای هەستو سۆزی تاکەکەسیو دڵخوازانەی خۆی قسە بکات جا چ ئەو هەستو سۆزە دەربڕی غەمو حەسرەت یان شادیو خۆشحاڵی بێت، بەڵام هەڵبەتە لە هەموو کۆمەڵگایەكو لە هەموو کاتێکدا هەندێ گروپی جیاواز بەتێگەیشتنی هاوبەش لە جیاوازی (ڕێکی شتەکان) بوونیان دەبێت. بەم جۆرە بۆ نموونە ئەگەرچی دەتوانین بڵێین نزیکەی هەموو ڕۆشنبیرە فەرەنسیەکان لە شۆڕشی مەزنەوە تاکو ئەمڕۆ هەستیان بەوەکردووە کە کۆمەڵگا گرفتاری تەنگەژەیەکی مەترسیدارە، بەڵام بەڕواڵەت لەنێو کاربەدەستە دەوڵەتیەکانی ئەم وڵاتەدا، هەروەك لە یاداشتو نامەگۆڕینەوەکانیانەوە دەردەکەوێت، کۆی بیروبۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاروبارەکان مەبدەئیەن لەژێر کۆنترۆڵ دانو خۆشگوزەرانیو بەهرەوەری گشتی دانیشتوان بەردەوام بەرەو باشی چووە. ئاشکرایە کە تەنانەت ئەگەر کۆرایێکی گشتیش سەبارەت بەبارودۆخو حاڵی کۆمەڵگا لەئارادابووایە، ئەو شتە تەنیا دەربڕی ئەوەبوو کە تەنیا پڕاگماتیزمیەتێك زاڵ بوو نەك کاروبارەکان گەیشتبنە پلەی هەقیقەتی بابەتی.

دووەم، دەبێ توێژەر دەست نیشان کردنێکی توندوتۆڵو ڕێك لەوەی کە بەسەر هەرەمی کۆمەڵگادا رابردووەو ڕادەبرێت ئەنجام بدات تاکو بتوانێ هەستی هاوبەشی غەمو حەسرەت یان شادمانیو خۆشگوزەرانی ڕوون بکاتەوە. لێرەدایە کە ((هەوڵێکی دلگیر، ورد))و تێروتەسەل لە خوێندنەوەی ئەرشیفو تاقیگەکاندا ئەنجام دەدرێت تا دەردەکەوێت چ کەسێك، چ شتێك بەچ مەبەستێك بەئەویتری وتووە یان پێی کردووە یان دەکات. ئەم جۆرە توێژینەوە سەربەرێسای وەردەکاری تایبەتی خۆیەتی، بەڵام فۆکۆ تاکو ئێستا سەبارەت بەوانە بێ دەنگ بووە(★) هەڵبەتە بەشی هەرەزۆری زانایانی ئینسانی زۆرترین هەوڵی خۆیان بۆ ئەم ڕەهەندەی کاری لێکۆڵینەوە تەرخان دەکەنو ئەم جۆرە هەوڵە هەروەکو زانستی نۆرماڵ، چارەسەرکەری لوغزەکانەو بەهای دەروونی تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچەندە چوارچێوەی پراکتیکی مەعریفەو دەقی بەربلاوتری کۆمەڵایەتی گریمانەکراوو سەلمێنراوی ناوەوەی، وەبەر چاوناگرێت ئەگەر جۆرێکی ڕێکخراوی

خوێندنەوە لە مرۆڤەکاندا بەشێوازی فۆکۆییش پەرەی پێ بدرێتو باوبێت، دیسان بەشی هەرەزۆری توێژەرەکان ئەم جۆرە هەوڵە ((پۆزەتیڤستی))یە پەرەی پێ دەدەن. توێژەری جێگەی مەبەست بۆ کامڵکردنی ئەم ((پڕۆژە دەوریە)) خۆرێکخەرە کە بەبڕوای فۆکۆ هەموو جۆرە راڤەیێك نیازمەندێتی، دەبێ بۆ خوێنەران ڕوون بکاتەوە کە بۆچی ئەو کردەوانەی وەسفیان دەکات، دەبێ بەرهەم هێنی ئەو دەردو حەسرەت، یان شادمانیو خۆشحاڵییە بن کە بوونەتە هۆی لێکۆڵینەوەکە. پێویست بەوتن ناکات کە پەنابردنە بەر تیۆرییەکی بابەتی سەبارەت بەخەسڵەتی مرۆڤ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە کە چ جۆرە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنی شادمانیو خۆشگوزەرانی یان پێك هێنەری بێ نەزمیو بەدبەختیە، خاڵی جێگەی مەبەستی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بەشێوەیەکی گشتی وەلادەنێت هەروەها ناتوانین مەشروعیەت بەگوتاری خۆمان ببەخشین لە پەنابردن بۆ چەرخی زێڕینی تێپەڕبوو یان پرەنسیپی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگای ئایدیالی ئایندەدا. تەنیا دەرفەتی بەردەممان وەك دیارە ئەوەیە کە شتێك لەهەناوی کردەوە مێژوویەکانی ئێمەدا لانی کەم بەپەلە ئێمەی وەکو بوونەوەر دیاریو پێناسە کردووە کە کاتێك هەستیاربین لەپێشوەچوونو تەسلیم بوون بەمجۆرە نەزمە گشتگیرە خۆ دەبوێرین کە بەپێی شیکردنەوەی فۆکۆ تایبەتمەندی کردەوە کولتورییە لاوەکانی ئێمەیە. ئەمە بەمانا پەنابردنە بەر چەرخی زێڕین نییە، چونکە هیچ بانگەشەیەك لەم بارەیەوە لەئارادا نییە کە بارودۆخەکان لەکاتێکی ڕابردوودا دڵخوازبووبێتو هەروەها پەنابردن بۆ هەر چەشنەکردەوەیەکی مێژوویی لەخۆگریی هەستی دڵتەنگی بۆ زیندووکردنەوەیان نییە. لەبەرانبەردا پێویستمان بەپارادایمێکی کاملو ساخڵەمی دیاریکراو هەیە، تابتوانین بانگەشەی خستنەڕووی دەست نیشان کردنێکی عەینی بکەین سەبارەت بەرەوتی کەموکوڕیو نابودی کاروبارەکان.

هەندێ ئاماژەی باس وروژێنو پەرتەوازە لەبەرهەمەکانی فۆکۆدا پیشاندەری ئەوەن کە فۆکۆ لەم بابەتە تێگەیشتبوو بۆ نموونە ئەو وەکو خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن لە مێژوودا ئاماژە بەسەرهەڵدانی ناسینی تیۆری دەکات لەلای یۆنانییەکان، بەوتەی

فۆکۆ گوتاری پراکتیکیو شاعیرانەی شارستانیەتی یەکەمی یۆنان لە ئاکامی پەیدابوونی تیۆری، وێران بوو: ((سۆفیستەکان تێك شکان...لەسەردەمی پەیدابوونی دوالیزمی گەورەی ئەفلاتونی بەدواوە، ئیرادەی هەقیقەتی (ئەفلاتون) خاوەنی مێژووی تایبەت بەخۆی بووە... (ئەو ئیرادەی کە) پالی بە پشتیوانیەکی بونیادیيەوە دابوو)) ٠گوتار لەمەڕ زمان. ل٢١٨و٢١٩)، ئەم گۆڕانکاریيە، هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یۆنانی گۆڕی: ((کاتێك هیپۆکرات زانستی پزیشکی گۆڕی بۆ سیستەمێکی ڕێکوپێك، بینین وەلانراو فەلسەفە هاتە نێو پزیشکیەوە)) (لەدایك بوونی دەرمانگا، ل٥٦). هەروەها ((ڕۆژئاوا توانیویەتی...ژیانی جنسی بەپانتاییەکی عەقڵانیەت ببەستێتەوە...ئێمە لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە خوومان بەم جۆرە فتوحاتانە گرتووە)) (مێژووی جنسیەت، ل٧٩). لەم ڕوویەوە دەتوانین لەڕێگەی خوێندنەوەی شێوەی کۆمەڵگای باو لەسەردەمی سۆفستاییەکان، بەر لەسەردەمی دەسەڵات، میتافیزیكو تەکنەلۆژیا، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شتێك فێربین، بەڵام فۆکۆ بێ گومان بەدوای ئەوەوە نییە کە ڕاستەوخۆ لە یۆنانی دوای سوقرات ئیلهام وەرگرێتو سوودی لێ وەربگرێت. ئەو سەردەمە، ئەفسانەیەکی مێژوویی بوو. ڕەنگە بتوانین وەکو هۆیەکی بۆ یارمەتی دەست نیشان کردنی سەرەتای نەزم بەخشی بەشتەکان بەشێوەیەکی گشتگیر کەڵکی لێوەربگرینو لەوانەشەوە ئەو (ئەفسانە مێژووییە) بتوانێ یارمەتیمان بدات لەگەڕان بەدوای ئەو دەستە لە کردەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کە هێشتا لەژێر چنگی گشتیەت سازی تەکنەلۆژیکدا گیرۆدەو گرفتار نەبوونە.

فۆکۆ سەبارەت بەشوێنگەی ئەو کردەوانەی کە لە چنگی بایۆ-دەسەڵات رایان کردووە. یان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە بەرانبەریدا بەرهەڵستیان کردووە، لەگەڵ لوغزێك بەرەوڕوویە. ئەم جۆرە کردەوانە کاتێك کە پەرتەوازەن لە چنگی گشتیەت بەخشی دیسپلینی ڕادەکەن، بەڵام بەرگریو بەرهەڵستیەکی کەم لە بەرامبەر فراوانبوونی زیاتریاندا پیشان دەدەن بەهەرحاڵ ئەگەر فۆکۆ بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پشتیوانی لە بەسێنراڵبوونی ڕاستەوخۆ بەسەریاندا دەکرد تەنانەت ئەوکارەی بەناوی پشتیوانی لەبەرگریو جوڵانەوەیەکی دژی نەریتی (بایۆ-دەسەڵات) ئەنجام دەدا، مەترسی داگیرکردن، نۆرماڵ سازی ئەوانی دەوروژاند. فۆکۆ ئەگەر وەڵامێکی ئەم بابەتە یەکجار گرفت پێکهێنەشی نەداتەوە، لانی کەم دەبێ سوود لە پشکنینەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی جۆری کردەوە خۆڕاگرەکان (ئەو کردەوانەی) لە ژێر مەترسی دان، وەرگرێتو دەری بخات چۆن دەتوانرێت بەشێوەیەك کە گشتیەت ساز، تیۆری ونۆرماڵ ساز، نەبن، بەهێز بکرێت. ئەگەر لە کۆمەڵگادا بڕیار وایە هەقیقەت لە بەرانبەر دەسەڵاتی تەکنەلۆژیدا بەرگری بکات دەبێ ڕێگەیەك بۆ دیاریکردنو کاریگەرکردنی پەیدا بکرێت. ئەوە کە ئایا ئەم جۆرە ئەگەرە لە ئارادایە، پرسیارێکە چاوەڕوانی وەڵامە.بەکورتکردنەوەی سێ ڕووی لێك بەستراوی شیکردنەوەی راڤەییدا دەتوانین بەراوردێ بکەین لەگەڵ دەست نیشان کردنی پزیشکی: پزیشك کاری دەست نیشانکردن بە ئەحواڵ پرسیی نەخۆشەکە دەست پێدەکات، هەرچەندە ناتوانێت بەتەواوی متمانە بکاتە سەر هەستی نەخۆشەکە سەبارەت بەلەش ساغی یان نەخۆشی. دەبێ دواتر دەست نیشانکردنی پزیشکی بەشێوەیەکی تەکنیکی ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی نەخۆشەکە ئەو جۆرە هەستەی هەیە کە دەریدەبڕێتو ئەوەش بەنۆرەی خۆی پێویستی بە گەڕانەوە بۆ بارۆدۆخێك هەیە کە لە روانگەی هەمووانەوە بارودۆخی لەشی ساغە. فۆکۆ بە رواڵەت لە هاوڕایی لەگەڵ نیچەو بە وەرگرتنی ناوەڕۆکی قسەی ئەو دەڵێت: ((ئاگایی مێژوویی زیاتر بە پزیشکی دەچێت نەك بە فەلسەفە... ئەرکەکەی ئەوەیە ببێتە زانستێکی دەرمانگەر)) (نیچە، جینالۆجیا، مێژوو ل١٥٦).

## دەسەڵاتو هەقیقەت

پزیشك دەتوانێت لە دەرەوەڕا نەخۆش بەشێوەیەکی بابەتی موعاینە بکات، بەڵام جێبەجێکاریمیتۆدی شیکردنەوەی راڤەیی خاوەنی هەڵوێستی دەرەکی ئەوتۆ نییە. ئەو نەخۆشەییەی ئەو گەرەکیەتی دەرمانی بکات بەشێکە لە نەخۆشیەکی گشتگیر کە بۆ خۆشی پێیەوە گیرۆدەو موبتەلایە، هەربۆیە، دەبێ جارێکی ترو بۆ دوایین جار بۆ بابەتی تاکی شیکەرەوە بگەڕێینەوە چونکە بێگومانو بەبێ هیچ چەشنە دوودڵیەك دەبێت ئەو وەسفە بەرچاوە نوێیانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات، شیکەرەوە بخاتە هەڵوێستو شوێنێکی جیاواز لە جێگەی ڕۆشنبیر یان فەیلەسوفی

تەقلیدی. فۆکۆ هەندێ ئاماژەی بە شێوازی تێڕوانینی خۆی بۆ ئەو پرسە کردووە. فۆکۆ بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ئەو ڕۆشنبیرە دەداتە بەر ڕەخنە کە خۆی بە مامۆستاو پسپۆری هەقیقەتو دادپەروەری دەزانێو بانگەشەی ئەوە دەکا کە لەگەڵ دەسەڵاتدا بەزمانی هەقیقەت دەدوێتو بەم ڕێگەیە لەبەرانبەر کاریگەرییە بەرواڵەت سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتدا بەرگری دەکات،. بەم چەشنە ((ئیمتیازی قسەکەر)) وەکو بەشێك لە پێشکەوتنی پایەو دەسەڵات ئاشکرابوو.

فۆکۆ گشتیەت بەو خاڵە دەبەخشێ. فۆکۆ ئامۆژگاری ڕۆشنبیرەکان دەکات کە دەست لە بانگەشەی پەیامی پێغەمبەر ئاسایی خۆیان هەڵگرنو ئیدعای پێشبینی ئایندە وەلابنێنو بەتایبەتی ڕەفزی ئەو ڕۆڵە بکەن وەکو یاسا دانەر بەخۆیانیان بەخشیوە. ((حەکیمی یۆنانی، پێغەمبەری یەهودی (و) یاسادانەری ڕۆمانی تائێستاش ئەو نموونانەن کە هزری ئەو کەسانەیان بەخۆیانەوە خەریك کردووە کە ئەمڕۆکە خەریکی پیشەی گوتنو نووسینن)) (گۆڤاری تیلۆس.Telos ، ل١٦١). لەو سەردەمانەی دواییدا نموونەی باوی ڕۆشنبیر، نووسەرێکی مافپەروەر (حقوقی)ە کە بانگەشەی ئەوە دەکات لەدەرەوەی حەزو ئارەزووی گروپیەوە بانگێکی گشتیو جیهانی دەخوێنێ: نوێنەری یاسای یەزدانی یان یاسای دەوڵەتەو ئەحکامی جیهانی عەقڵ ئاشکرا دەکات. نموونەی سەرەکی ڕۆشنبیرێکی ئەوتۆ لە چەرخی کلاسیکدا ڕەنگە ڤۆلتێر بێت، کە جاڕی مافی مرۆڤی دەدا، پەردەی لەسەر ڕوخساری درۆ هەڵدەماڵی، پەلاماری تۆتالیتاریو دەسەڵاڵە درۆییەکانی دەداو لە دژی ناعەدالەتو نایەکسانی تێدەکۆشا. ئەرکی ڕۆشنبیری مۆدێرنیش ئەوەیە کە هەقیقەت بەروونی ئاشکرا بکات. ئەمڕۆکە خودی بەناو ئازاد، واتە ڕۆشنبیری گشتی ناتوانێ ئێمە بەم جۆرە هیدایەت بکات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو کەسانەی بەدوای تێگەیشتن لە مرۆڤ و گۆڕانی کۆمەڵگاوەن لەدەرەوەی دەسەڵاتدا قەراریان گرتووە یان بێ دەسەڵاتن، بەڵکو هەروەکو ڕاڤەی فۆکۆ لە سەرهەڵدانو فراوانبوونی بایۆ — دەسەڵات ڕوونی دەکاتەوە، مەعریفە یەکێك لە ڕەگەزە دیاری کەرەکانی ڕەفتاری دەسەڵاتە لە جیهانی نوێدا. مەعریفە پەیوەندییەکی سەرخانی لەگەڵ دەسەڵاتدا نییە، بەڵکو مەرجی پێویستی پێکهاتنو پێشکەوتنی کۆمەڵگای تەکنەلۆژیکی پیشەسازییە. ئەگەر بۆ دوایین نموونە واتە بابەتی زیندانەکان بگەڕێنەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە پۆلینکردنو منفردسازی یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕەفتاری ئەو مەیدانەی دەسەڵات بووە! ئەگەر دەسەڵاتو مەعریفە تەنیا پەیوەندییەکی



دەرەکیان لەگەڵ یەکتردا هەبووایە، تەکنەلۆژیایەکی دیسپلینی ئەوتۆ نەیدەتوانی بەو شێوەیەی کە پەیدابوو، سەرهەڵبدات یان بڵاوبێتەوەو ببێتە هۆی سەرهەڵدانی خراپکارەکان. بەڵام دەسەڵاتو مەعریفە لەگەڵ یەکتریشدا یەکسان نین. فۆکۆ نایەوێت مەعریفە وەکو بونیادێکی گریمانەیی ڕاپێچیناو دەسەڵات بکات یان دەسەڵات وەکو ستراتیژیەکی بەردەوام گونجاوو ڕێکوپێك وێنابکات. ئەو هەوڵ دەدات تایبەتمەندیو ماددیەتی پەیوەندی بەرانبەری هەردووکیان پیشان بدات، ئەوان خاوەنی پەیوەندی یەکگرتووین نەك پەیوەندی هۆو هۆبەندی ئەم پەیوەندیە یەکگرتووە دەبێ لە شکڵی تایبەتی مێژوویی خۆیدا پێناسەو دیاری بکرێت. هەر ئەو بەرهەمهێنانە دوولایەنەی دەسەڵاتو مەعریفە یەکێك لە بۆچوونە ئیبداعیو نوێیەکانی فۆکۆیە. ڕۆشنبیری گشتی گیرۆدەی گەمەی دەسەڵاتە چونکە ئەم خاڵە نازانێت. فۆکۆ بانگەشەی ئەوە ناکات کە لە دەرەوەی ئەم جۆرە کردەوە دەسەڵاتیانەدا قەراری گرتووە، لەهەمان کاتدا لە گەڵیان هاوئاراستە نییە، یەکەم لەبەر ئەو هۆیە کاتێك فۆکۆ دەریدەخات کە کردەوە کولتورییەکانی ئێمە دروستکەری بە بابەت بوونو سوژە سازین، دەسەڵات (کردەوەکانی دەسەڵات)و سروشتیو پێویست بوونی ڕواڵەتی ئەوانی لاواز کردووە. هێزی بایۆ — دەسەڵات، هەم لە پێناسەی واقعیەتو هەم لە بەرهەمهێنانیدا پەنهانە. ئەم واقیعیەتە، جیهان بە ئاوێتەیەك لە خودەکانو بابەتەکانو نۆرماڵ سازی گشتیەت بەخشی ئەوان لە قەڵەم دەدات. هەر چەشنە ڕێگەچارەیەك کە ئەم مەفهومانە بە بنبڕ لە قەڵەم بدات، تەنانەت ئەگەر دژایەتیشیان لەگەڵدا بکات، یارمەتی سەیتەرەی بایۆ — دەسەڵات دەدات. فۆکۆ لەڕێگەی شیکردنەوەی ڕاڤەیەوە توانیویەتی میکانیزمە مادییە دیارەکان ئاشکرا بکات کە ئەم واقیعیەتەیان بەرهەم هێناوە. لە هەمان کاتیشدا بەوردەکارییەکی تەواو وەسفی ئەو دەمامکە شەفافانە دەکات کە ئەم میکانیزمانە لە پشتیاندا حەشار دراون. ئەم بابەتە ئێمە بۆ خاڵی دووەم دەبات. فۆکۆ توانیویەتی ماهیەتی (نەخۆش ئاسا)ی بارودۆخی ئێستایئێمە دەست نیشان بکات چونکە بۆ خۆی تێیدا گیرۆدەیە. فۆکۆ لە ناو ئەم بارودۆخەوە هەندێ تەعبیری عمل گەرایانە دەخاتەڕووو مەیلە نەزم بەخشەکانی کولتوری ئێستای ئێمە جینالۆژی دەکات. بێگومان مەبەستی فۆکۆ ئەوەنییە کە تەواوی کردەوە کولتوورییەکانی ئێمە دیسپلینی یان دانپیانانو یان هەر چەشنە بەرهەم هێنانێکی مەعریفە یەکراست وەکو بەرهەمو شوێنەواری دەسەڵات کار دەکات. نۆرماڵسازیی، لە گشتیەت بەخشین بە هەموو کردەوەکانی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. لەڕاستیدا،

روانین لەم مەیلەو بە گرنگی دان بە هەڵوێستی فۆکۆ لەم بارەیەوە کە هەقیقەت پەیوەندییەکی دەرەکی لەگەڵ دەسەڵاتدا نییە، بەم جۆرە ئەنجامگیری دەکات ((پرسیاری فەلسەفە... پرسیارێکە سەبارەت بەوەی کە ئێمە بۆ خۆمان چین. هەر بۆیەشە کە فەلسەفەی هاوچەرخ، سەرانسەر سیاسیی‌و سەرانسەر مێژووییە، (فەلسەفە)، سیاسەتی هەنوکەو ئێستای مێژووو مێژووی پێویست و حەتمییە بۆ سیاسەتەکان)) (گۆڤاری تێلوس، ل١٥٩) ئێمە بە هیچ جۆرێك دەستمان بە یاسای عەینی، زهنیەتی پەتی‌وگشتیەت بەخشینە تیۆرییەکان، راناگات. ئێمە تەنیا کردەوە کولتوورییەکانی خۆمانمان هەیە کە ئێمەیان بەو شێوەیەی کە هەین دروست کردووە، دەبێ بۆ تێگەیشتن لە خۆمان خەریکی تاوتوێ کردنی مێژووی حاڵی حازربین. دەرەنجامێکی دیکە کە فۆکۆ وەدەستی دێنێت ئەوەیە کە ئەرکی ئێمە ئازادکردنی هەقیقەت نییە لە چنگی دەسەڵات. لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، هەموو ئەم جۆرە هەوڵانە تەنیا هێزێکی تازە، مەیلە دیسپلینی‌و تەکنەلۆژیکیەکانی کۆمەڵگای ئێمە دەبەخشن. لە جیاتی ئەوە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدەین کە راڤەی تیۆری بە چەشنێکی جیاواز لە نێو پانتایی دەسەڵاتدا کاربکات. ((من بە تەواوی لەوە ئاگادارم کە هەرگیز هیچ شتێکم جگە لە ئەفسانە نەنووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێ بڵێم ئەوەی نووسیومە لە دەرەوەی مەیدانی هەقیقەت بووە. بەبڕوای من بەڕاستی دەتوانین ئەفسانەکان لە هەناوی هەقیقەتەکاندا چالاك بکەین، شوێنەوارەکانی هەقیقەت بخەینە نێو دەروونی گوتاری ئەفسانەیی‌و بەجۆرێك، وا لە گوتار بکەین کە شتێك بوروژێنێت یان ((بچنێ)) کە هێشتا بوونی نییە، واتە بەم چەشنە خەیاڵی شتێك بکات. ئێمە مێژوو بە دەرچوون لە واقیعیەتێکی سیاسی کە دەیکاتە حەقیقی، وەکو ئەفسانەی لێ دەکەین، وئەو سیاسەتەی کە هێشتا بوونی نییە بە دەرچوون لە هەقیقەتێکی مێژوویی وەکو ئەفسانەیەکی لێ دەکەین)) (دیمانە لەگەڵ فیناس، ل٧٥). راڤەو شیکردنەوەکان لەسەریەك، مێژوونووسی مێژووی ئەفسانەیی، لە رۆحی فەلسەفەی تەقلیدی‌و لە مەیلی سەرسەری‌و ناجدیی هاوچەرخ دەپارێزن. شیکردنەوە (تحلیلیات) رێز لە بابەت‌و مەفهوومە پشتگوێ خراوەکان دەگرێت‌و بەمەیلداری هەندێ کاروباری گرنگ لە قەڵەمیان دەداو ئەم کارە بەجۆرێك ئەنجام دەدات کە بەرلەوەی هەقیقەتی کۆتایی دەربخات. ماهیەتی کۆمەڵگاو کردەوەکانی کەشف دەکا. راڤە، کاری خۆی لەتاوتوێکردنی کۆمەڵگای مەوجودو بابەتەکانی دەست پێدەکات‌و مێژووییەکی جینالۆژیانەیان لێ دەدات بەدەستەوە، بەبێ ئەوەی



بانگەشەی تێگەیشتن لە واقعیەتی رابردوو بکات. ئەو مەفهوومانەی کە خەڵك لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە خۆیان بە کاریان دێنا، دەبنە پشتیوان‌و پاڵپشتێك بۆ ئارکیۆلۆژی، بەجدی وەرگرتنی بابەتە هەنووکەییەکان ئێمە لە خەریکبوون بە گەمەی رۆشنبیرانە بەم جۆرە مەفهوومانەی کە تایبەتی رابردوون، دووردەخاتەوە.

★ ئەم کتێبە دووساڵ پێش مردنی فۆکۆ نووسراوە.

ژێدەر:
میشل فۆکۆ، فراسوی ساختگرایی‌و هرمنیوتیك، هیوبرت دریفوس پل رابینو،
ت: د.حسێن بشریە، ١٣٧٤.

# خود و دەسەڵات

## بۆچی دەسەڵات بخوێنینەوە؟ پرسی خود ((سوژە))

ئەم بیروبۆچوونانەی لێرەدا دەیانهێنمە بەرباس، دەربڕی تیۆری یان میتۆدۆلۆژییەکی تایبەتی نین. سەرەتا گەرەکمە سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەی خۆم لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بدوێم. ئامانجم شیکردنەوەی دیاردەکانی دەسەڵات یان دروست کردن‌و دانانی بونیادەکانی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە نەبووە. لەبەرانبەر ئەمەدا ئامانجی من دانانی مێژوویی شێوازە جۆراو جۆرەکان بووە کە بەپێی ئەم شێوازانە، لە کولتووری ئێمەدا مرۆڤەکان بەرەو خود گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. سەرەتا ئەو میتۆدانەی توێژینەوەن کە هەوڵ دەدەن پلەوپایەی زانست بە خۆیان ببەخشن، دەتوانین وەکو نموونە باس لە بابەتسازیی بکەری قسە لە ڕێزمانی گشتی، لە زانستی زمان‌و زمانناسی یان هەر لەم شێوازەی یەکەمی بابەتسازیی

بکەری بەرهەم هێنان یان ئەو ((سوژە))* خودەی کە کاردەکات لە شیکردنەوەی سامانو زانستی ئابووریدا بکەین. یان وەکو نموونەی سێیەم دەتوانین باسی بابەتسازی تەواوی واقیعیەتی زیندووبوون بکەین لە مێژووی سروشتی یان زیندەوەرزانیدا. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکانی خۆمدا، بابەتسازیی خودم لەوەی کە بە ((کرداره شەقار ئەندازەکان)) ناوزەدم کردووە، خوێندۆتەوە. خود یان لە ناوخۆیداو یان لە ئەوانی تر جیا (تجزیە) بۆتەوە. ئەم ڕەوتە خود دەگۆڕێ بۆ بابەت. نموونەی ئەم حاڵەتە بریتین لە شێتو عەقڵ، نەخۆشو ساخلەم، تاوانبارو ((منداڵە باشەکان)). سەرەنجام، لە توێژینەوەی ئێستای خۆمدا، بەدوای خوێندنەوەی شێوازێکدا گەڕاوم کە مرۆڤ بەهۆی ئەوەوە خۆی دەگۆڕێ بۆ سوژە (خود). بۆ نموونەی ئەم حاڵەتە سنوورو قەڵەمڕەوی جنسییەتم هەڵبژاردووە — واتە چۆن مرۆڤەکان فێربوونە کە خۆیان بە بکەری ((جنسییەت)) بزانن. کەواتە بابەتی گشتی توێژینەوەی من خودە نەک دەسەڵات. ڕاستە من بەتەواوی گیرۆدەی پرسی دەسەڵات بووم، زۆر بەزوویی بۆم ڕوون بۆوە کە هەر لەوکاتەدا کە مرۆڤ لەنێو پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانو پێوەندییەکانی ئاڵوێری مانادا قەراری گرتووە، لەهەمان کاتیشدا کەوتۆتە نێو پێوەندییەکانی دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر ئاڵۆزەوە.

ئێستا وا دەهاتە بەرچاو کە مێژوو وتیۆریی ئابووری هۆیەکی گونجاویان بۆ (تاوتوێ کردنی) پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان خستۆتە بەردەست، هەروەها زمانناسیو نیشانەناسی هەندێ ئامرازی خوێندنەوەی پێوەندییەکانی ئاڵوێری مانا بوونە، بەڵام بۆ پێوەندییەکانی دەسەڵات، هیچ ئامرازێکمان بۆ خوێندنەوە لە ژێر دەستدا نەبوو.ئێمە تەنیا دەستمان بەشێوازەکانی بیرکردنەوەیەک سەبارەت بە دەسەڵات ڕادەگەیشت کە لەسەر بنەمای پارادایمی حقووقی دامەزرابوو، واتە چ شتێک مەشرووعییەت بە دەسەڵات دەبەخشێت، یان دەستمان بەشێوازەکانی بیرکردنەوەیەک سەبارەت بە دەسەڵات ڕادەگەیشت کە لەسەر بنەمای پارادایمی دەزگایی دامەزرابوون، وەکو ئەو پرسیارەی کە دەوڵەت چییە؟

کەواتە پێویست بوو ڕەهەندەکانی پێناسەی دەسەڵات فراوان بکەین تاکو بتوانین ئەم پێناسەیە لە خوێندنەوەی ڕەوتی بابەتسازیی خوددا بەکاربێنین.ئایا ئێمە پێویستمان بە تیۆرێك سەبارەت بە دەسەڵات هەیە؟ لەوەوە کە تیۆریی لە خۆگری گریمانەی بابەتسازیو عەینییەت بەخشی بەراییە، ناتوانین وەکو بنەمایەك بۆ کاری شیکردنەوە وەبەرچاوی بگرین، بەڵام ئەم کاری شیکردنەوەیە ناتوانێت بەبێ چەمکسازی بەرەو پێشەوە بچێت. ئێمە دەبێ ئەو هەلومەرجە مێژووییانە بناسین کە بزوێنەری چەمکسازییەکانی ئێمەن ئێمە پێویتسمان بە ئاگایی مێژوویی لە هەلومەرجو بارودۆخی مەوجوودی خۆمان هەیە. بابەتێکی تر کە پێویستە تاوتوێ بکرێت جۆری ئەو واقیعییەتەیە کە لەگەڵیدا تێکەڵین. نووسەرێك لە ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی فەرەنسیدا سەردەمێك بەم جۆرە سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی : ((بۆچی خەڵکی ئەمڕۆکە ئەوەندە مەفهوومی دەسەڵات دێننە بەرباس؟ ئایا هێندە بابەتێکی گرنگە؟ ئایا هێندە سەربەخۆیە کە بتوانرێ بەبێ بەوەرچاوگرتنی پرسەکانی تر، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت؟)).

سەرسوڕمانی ئەو نووسەرە بەلای منەوە سەیرە. بەگومانم لەوەی کە ئەم بابەتە بۆ یەکەمین جار لەسەدەی بیستەمدا هاتبێتە بەرباس. بەهەرحاڵ بۆ ئێمە (دەسەڵات) نە تەنیا بابەتێکی تیۆری، بەڵکو بەشێکە لەئەزموونی ئێمە. تەنیا دەمەوێ ئاماژە بە دوو ((شێوەی زیان ناسانە)) یان ئەو دوو ((نەخۆشییەی دەسەڵات)) واتە فاشیزمو ستالیزم بکەم. یەکێك لەو بەڵگە زۆرانەی کە بۆچی ئەم دووانە بۆ ئێمە هێندە گێژکەرن ئەوەیە کە سەرەڕای تاقانەییو بێ هاوتایی مێژوویی خۆیان، ئەوەندە بێ پێشینەش نین. ئەوان، کەڵکیان لەو میکانیزمانە وەرگرتو پەرەیان پێ دان کە پێش وەخت لەکۆمەڵگاکاندا هەبوون، جگەلەوە، ئەوان سەرەڕای خەسڵەتی شێتانەی زاتی خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر، سوودیان لە ئایدیاو ئامرازی عەقلانیەتی سیاسیی ئێمە وەرگرت.

ئەوەی ئێمە پێویستیمان پێیەتی ((ئابووریی نوێی پێوەندییەکانی دەسەڵاتە))- وشەی ئابووری لێرەدا بە واتا تیۆریو پراکتیکییەکەی بەکاردێت- بەواتایەکی تر، لە کانت بەدواوە ڕۆڵی فەلسەفە پێشگرتن بوو لە عەقڵ بۆ ئەوەی نەچێتە دەرەوەی

سنووری ئەزموون، بەرلاّم هەر لەوساتەدا، واتە لەکاتی پەیدابوونی دەولّەتی مۆدێرن‌و بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی کۆمەلگاوە، ڕۆڵی فەلسەفە (جگە لەمە) چاودێرکردن بووە بەسەر دەسەلاّتی توندڕۆی عەقلاّنییەتی سیاسیدا، بەلاّم ئەمە چاوەڕوانییەکی بەرزە.هەموو لایەك ئاگاداری ئەو واقیعییاتە کەم بایەخانەن، بەلاّم لەبەرئەوەی کەم بایەخن مانای ئەوە نییە بوونیان نییە. ئەوەی دەبێ لەگەڵ پواقیعییاتە کەم بایەخەکان ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە بزانین چە بابەتێکی تایبەت‌و ڕەنگە بێ پێشینە پێوەندی لەگەڵیاندا هەبووە. پێوەندی نێوان عەقلاّنی بوون‌و زیادەڕۆیی دەسەلاّتی سیاسی ڕوون‌و ئاشکرایەو ئێمە نابێ چاوەڕوانی سەرهەڵدانی بیرۆکراسی یان ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ بین بۆ ئەوەی بوونی پێوەندییەکی لەم چەشنە بسەلمێنین، بەلاّم پرسەکە لەگەڵ واقیعییەتێکی ئاوا بە دیهی‌و ئاشکرا چی بکەین.ئایا سوود لە عەقڵ وەرگرین؟ بەبڕوای من هیچ شتێك لەوە بێ ئاکامتر نییە. سەرەتا لەبەر ئەوەی ئەم پانتاییە هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەی گوناهو بێ گوناهییەوە نییە. دووەم لەبەر ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ عەقڵ وەکو دیاردەی پێچەوانەو جیایی ((ناعاقڵ)) بێ مانایە. سەرەنجام بەوهۆیەوە کە ئەم جۆرە ئەزموونە ئێمە دەخاتە داوی ڕایی کردنی ڕۆڵی سەرەڕۆیانەو هیلاك کەری تاکی عەقڵگەرا یان تاکی دژی عەقڵگەرایی.ئایا ئەو جۆرە عەقڵگەراییە بپشکنین کە بەڕواڵەت تایبەتە بە شارستانییەتی مۆدێرنی ئێمەو ڕەگی لەناو ڕۆشنگەریدایە؟ پێموایە ئەوە میتۆدێکی پەسندکراو بوو لەلای هەندێ لەئەندامانی قوتابخانەی فرانکۆرت، بەلاّم ئامانجی من دەست پێکردنی باسێك نییە سەبارەت بە بەرهەمەکانیان، هەرچەندە ئەو بەرهەمانە گرنگ‌و بەنرخن. لەبەرانبەر ئەوەدا من ڕێگەیەکی دیکە بۆ پشکنینی پێوەندی نێوان عەقلاّنی بوون‌و دەسەلاّت پێشنیار دەکەم.

ڕەنگە وا باشتر بێت کە هەموو ڕەوتی عەقلاّنی بوونی کۆمەلگاو کولتوور وەبەرچاو نەگرین، بەڵکو ئەم ڕەوتە لەپانتایی جۆراوجۆردا شیبکەینەوە کە هەریەکێکیان ئاماژە بەئەزموونێکی سەرەکی دەکات، وەکو شێتی، نەخۆشی، مەرگ، تاوان، جنسییەت‌و ....بەبڕوای من دەستەواژەی عەقلاّنی بوون مەترسیدارە. ئەوەی دەبێ ئێمە ئەنجامی بدەین شیکردنەوەی عەقلاّنیەتە تایبەتییەکانە نەك تاوتوێ کردنی ڕەوتی پێشکەوتنی عەقلاّنی بوون بە شێوەیەکی گشتی. تەنانەت ئەگەر ڕۆشنگەریی قۆناغێکی یەکجار گرنگ بووە لەمێژووی ئێمەو لەپەرەسەندنی تەکنەلۆژی سیاسیدا، بەبڕوای من دیسان دەبێ بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت چۆن کەوتووینەتە داوی مێژووی خۆمان، بگەڕێینەوە بۆ پرۆسە زۆر دوورترەکان. من گەرەکمە ڕێگەیەکی تر پێشنیار بکەم کە زووتر بمان گەیەنێتە ((ئابووری نوێی پێوەندییەکانی دەسەلاّت)) ڕێگەیەك کە ئەزموونیتر، خاوەن پێوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی ئێمەو هەڵگری پێوەندییەکی زیاتری نێوان تیۆرو پراکتیکە، ئەو ڕێگایە بریتییە لەوەی کە شێوەکانی بەرگری لەبەرانبەر جۆرە جیاوازەکانی دەسەلاّتدا، وەکو خاڵی دەسپێکی خۆمان دیاری بکەین. بە وتەیەکی مەجازیی دیکە، ئەو ڕێگەیە وەکو بەکارهێنانی بەرگری چەشنی شیکەرەوەیەکی کیمیاییە کە لەڕێگەی ئەوەوە دەتوانین پێوەندییەکانی دەسەلاّت بناسینەوە، پێگەکانیان دیاری بکەین‌و خاڵی بەکارهێنان‌و میتۆدی جێگەی سوود وەرگرتن پەیدا بکەین. پێوەندییەکانی دەسەلاّت لەڕووی پێکدادان‌و بەرهەڵستی ستراتیژەکانەوە شیدەکەینەوە. بۆ نموونە بۆ تێگەیشتن لەوە کە مەبەست لە عاقڵ بوون لەکۆمەلگای ئێمەدا چییە، ڕەنگە ئەوەپێویست بێت بزانین لەپانتایی شێتیدا چ ڕوودەدات‌و مەبەستمان لە قانونیەت بەگەڕانەوە بۆ پانتایی ناقانوونی بوون دەردەکەوێت‌و بەمەبەستی تێگەیشتن لەپێوەندییەکانی دەسەلاّت، ڕەنگە پێویست بێت شێوەکانی بەرگری‌و هەوڵە ئەنجامدراوەکان بۆ لەبەریەك پچڕانی ئەو پێوەندییانە تاوتوێ بکەین. وەکو خاڵی دەسپێك دەتوانین ئاماژە بەکۆمەڵێك لەم دژایەتییانە بکەین کە بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو سەری هەڵداوە: وەکو دژایەتی کردنی بەکارهێنانی دەسەلاّتی پیاوان بەسەر ژنان، دایك‌و باوك بەسەر منداڵەکانداو پیادەکردنی دەسەلاّتی دەروون پزیشکی بەسەر ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونیان هەیەو پزیشکی بەسەر هەموو دانیشتوان‌و بەکارهێنانی دەسەلاّتی دەزگاکانی بەڕێوەبردن بەسەرشێوازی ژیانی خەڵکدا تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە بڵێین ئەمانە تێکۆشانی

دژی دەسەڵاتن: دەبێ بەوردی‌و دیقەتێکی زۆرترەوە بزانین ڕووخسارە هاوبەشەکانیان چییە.

١- ئەمانە تێکۆشانی (خەباتی) ((سەرانسەر جیهانی))ین، واتە تایبەت نین بەولاتێك. هەڵبەتە ئەم تێکۆشانەنە لەهەندێك ولاتدا ئاسانتر و بەڕادەیەکی بەربلاوتر سەرهەڵدەدەن، بەلام سنووردراو نین بەچوارچێوەی شێوەیەکی سیاسی یان ئابووری تایبەتی حکومەت.

٢- ئامانجی ئەم جۆرە تێکۆشانە، خودی شوێنەوارەکانی دەسەلاتە. بۆ نموونە پیشەی پزیشکی لەم ڕووەیەوە ڕەخنەی لێ ناگیرێت، چونکە پیشەیەکی قازانج بەخشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەسەلاتێکی کۆنترۆڵ نەکراو بەسەر جەستە، ساخلەمی‌و ژیان‌و مەرگی خەڵکدا پیادە دەکات، دەدرێتە بەر ڕەخنە.

٣- ئەم تێکۆشانانە لەبەر دوو هۆ ((بێ نێوبەند))ن لەم تێکۆشانەدا خەڵك حاڵەتەکانی پیادەکردنی دەسەلات دەدەنە بەر ڕەخنە کە نزیکترین حاڵەتە لەخودی ئەوانەوە، واتە ئەو حاڵەتەی کە دەسەلات بەسەر تاکەکاندا پیادەدەکرێت. لەم تێکۆشانەدا، خەڵك بەدوای دوژمانی بێ نێوبەنددا دەگەڕێن نەك ((دوژمنی سەرەکی)). جگە لەمە، ئەوان چاوەڕوانی ئەوە ناکەن کە لەداهاتوودا ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەکەی خۆیان بدۆزنەوە (وەکو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی، شۆڕشەکان، کۆتایی ململانێی چینایەتی). ئەم تێکۆشانانە سەرەڕای ئەوەی تیۆرە ڕێکخراوەکان سەبارەت بەشۆڕشەکان‌و هەروەها بەپێچەوانەی ئاراستەی هەلومەرجی شۆڕشگێڕکان خەبات بۆ مێژوونووس دەکەن بەدووجەمسەری، ئاژاوەخواز و دژی دەسەلاتن.

بەلام ئەم تایبەتمەندیانە پەسەندترین‌و بێ پێشینەترین تایبەتمەندیی ئەم تێکۆشانانە نین، بەبڕوای من ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە وردو دەقیقترن.

٤- ئەمانە جۆرە تێکۆشانێکن کە پێگەی تاك دەخەنە ژێر پرسیارەوە: ئەوان لەلایەکەوە جەخت لەسەر مافی جیاوازبوونی تاك‌و هەموو ئەو شتانەی کە بەراستی تاك دەکاتە تاك دەکەنەوە، بەلام لەلایەکی ترەوە هێرش دەکەنە سەر هەموو ئەو شتانەی کە تاك بەش بەش دەکات، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا دەپچڕێنێ، ژیانی کۆمەلایەتی لەت لەت دەکات، سەرلەنوێ تاك بەسەرخۆیدا دەسەپێنێتەوەو بەشێوەیەکی سنووردارکەر تاك پابەندی شوناسی خۆی دەکات. ئەم تێکۆشانە لەپێناو یان دژی (تاك) نییە، بەڵکو تێکۆشانە دژی ((حکومەتی منفرد سازی)).

٥- ئەم تێکۆشانانە لەدژایەتیکردنی شوێنەوارەکانی دەسەلات سەرهەڵدەدەن کە پێوەندییان بەمەعریفەو سەلاحیات‌و ئیمتیازاتەکانەوە هەیە: تێکۆشانێکن دژی ئەو ئیمتیازاتانەی کە لەمەعریفەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەلام دژایەتی لەگەڵ شاردنەوەکان، پێچاوپێچ سازی‌و نمایشە وەهماویەکاندا دەکەن کە بەسەر خەڵکدا سەپێنراون. لەم تێکۆشانەدا هیچ شتێکی ((زانستخوازانە)) (واتا بڕوایەکی بنبڕ بە بەهای مەعریفەی زانستی) بوونی نییە، بەلام ئەم تێکۆشانە ڕەفزی ڕەشبینانەو ڕێژەگەریانەی هەموو هەقیقەتی سەلمێنراویش نییە. ئەوەی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە ئەو شێوازەیە کە تێیدا مەعریفە بلاودەکرێتەوەو کاردەکات، واتا پێوەندی لەگەڵ دەسەلاتدا. بەکورتی سیسەمی مەعریفە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.

٦- سەرەنجام هەموو ئەو تێکۆشانانە بەدەوری ئەو بابەتەدا دەخولێنەوە کە ئێمە کێین. ئەوان ئەم جۆرە تەجریدییەتە ڕەفز دەکەنەوە، توندوتیژی ئابووری‌و ئایدیۆلۆژی دەوڵەت کە فەردییەتی ئێمە وەبەرچاو ناگرێت‌و سیستەمی پشکنینی بیروباوەڕی زانستی‌و ئیداری کە شوناسی ئێمە دیاری دەکەن، ڕەفز دەکەنەوە. بەکورتی ئامانجی سەرەکی ئەم تێکۆشانە نەهێرش بردنە بۆ سەر ((ئەوو ئەم)) دامەزراوی دەسەلات یان گرووپ یان نوخبەکان یان چینێك، بەڵکو هێرشە بۆ سەر تەکنیك‌و شێوەی دەسەلات. ئەو شێوازەی دەسەلات خۆی بەسەر ژیانی ڕۆژانەی بێ نێوبەنددا پیادەکات کە شوناس بەتاك دەبەخشێ، تاك بەهێمای فەردییەتی تایبەت بەخۆیەوە دیاری دەکات‌و بەشوناسی خۆیەوە دەیبەستێتەوە، یاسا هەقیقەتێکی بەسەردا دەسەپێنێ کەبۆخۆی دەبێت پەسندی بکات‌و دەبێ ئەوانی تریش لە بوونی ئەودا بیناسنەوە. ئەم دەسەلاتە جۆرێکی دەسەلاتە کەتاك بۆ خود (سوژە) دەگۆڕێت. وشەی خود دوو واتای هەیە: یەکێکیان بەمانای ملکەچکردن بۆ ئەوی تر، بەهۆی کۆنترۆڵ‌و وابەستە بون‌و ئەوی دیکەیان بەمانای پابەند بوون بەشوناسی خود بەهۆی ئاگایی‌یان خودناسی هەردوو ماناکە دەربڕی جۆرە دەسەلاتێکن کە

ملکەچ کەرو داگیرکارە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سێ جۆرە تێکۆشان هەیە: ئەم تێکۆشانە یان دژی شێوەکانی دەسەڵاتن ((شێوەی قەومی، کۆمەڵایەتی، دینی "دەسەڵات". یان دژی شێوەکانی سەرمایەگوزاری ((استپمار))ن کە تاك لەو شتە جیادەکەنەوە کە بەرهەمی دێنێت یان دژی ئەو شتەن کە تاك پابەندی خۆی دەکاتو بەم جۆرە تەسلیمی ئەوانی تری دەکات. (تێکۆشان دژی ((بەندایەتی)) ملکەچی، دژی شێوەکانی بەخود بوونو تەسلیمبوون). بەبڕوای من ئێوە دەتوانن لەمێژوودا نموونەی زۆر لەسەر ئەو سێ جۆرە تێکۆشانە کۆمەڵایەتییە پەیدا بکەن کە یان لەیەکتر جیان یان لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتەن، بەڵام تەنانەت ئەگەر لەگەڵ یەکتریشدا ئاوێتە بن دیسان بەزۆری یەکێکیان بەسە رجۆرەکانی دیکەدا زاڵە. بۆ نموونە لەکۆمەڵگا فیۆداڵییەکاندا، خەبات دژی شێوەکانی دەسەڵاتی ئەتنی یان کۆمەڵایەتی زاڵ بوو، هەرچەندە لەوانەیە چەوساندنەوەی ئابووری یەکێك لە فاکتەرو هۆکارە هەرە گرنگەکانی شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی بووبێت. لەسەدەی نۆزدەدا خەبات دژی چەوساندنەوە ئەولەویەتی پەیدا کردو ئەمڕۆکەش خەبات لەدژی شێوەکانی ملکەچی ((بەندایەتی))و دژی تەسلیم بوونی زەهنیەتی تاك، بەچەشنێکی ڕوو لەزیاد گرنگی وەردەگرێت، ئەگەرچی خەبات لەدژی شێوەکانی دەسەڵاتو چەوساندنەوە کۆتاییان پێ نەهاتووە، ڕێك بەپێچەوانە ((هەروا درێژەی هەیە)) بەبڕوای من ئەوەیەکەمین جار نییە کە کۆمەڵگای ئێمە تووشی ئەم جۆرە خەباتە هاتووە. هەموو ئەو بزاڤانەی کە لەسەدەکانی پازدەو شازدەدا ڕوویانداو دەرکەوتو دەرەنجامی سەرەکی ئەم بزاڤانە، بزوتنەوەی چاکسازی دینی بوو، کە دەبێ وەکو تەنگژەی مەزنی ئەزموونی سوژەیی ڕۆژئاواییو شۆڕشێك دژی ئەو جۆرە دەسەڵاتە دینیو ئەخلاقییە هەڵبسەنگێنرێن کە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاستە ئەم جۆرە زەهنیەتەی پێك هێنا. نیاز بەبوونی ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ لەژیانی رۆحانی، لەمەسەلەی ڕزگاری، لەو هەقیقەتەی کە لەکتێبی پیرۆزدا حەشاردراوە، هەموو ئەوانە خەبات بوون بۆ سوژەیەکی نوێ.(١)

دەزانم لەوانەیە چ ڕەخنەیەك بگرن. دەتوانین بڵێین هەموو جۆرە ملکەچییەکان، دیاردەی لاوەکی و داتاشراون، واتا تەنیا دەرئەنجامی پرۆسە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانە: هێزەکانی بەرهەمهێنان، خەباتی چینایەتیو بونیادە ئایدیۆلۆژییەکان شێوەی سوژەیی/ کۆنترۆڵ دیاری دەکەن. بێگومان ناتوانرێ میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ (بەندایەتی) لەدەرەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ میکانیزمەکانی سەرمایە گوزاریو دەسەڵات بخوێننەوە، بەڵام ئەوان تەنیا ڕووی دەرەوە یان سەرخانی هەندێ میکانیزمی بونیادی تر نین، بەڵکو خوازیاری پێوەندی دەوریو ئاڵۆزن بەشێوەکانی ترەوە؟!

هۆکاری ئەوەی ئەم جۆرە خەباتە لەکۆمەڵگای ئێمەدا توانی زاڵ بێت ئەو واقیعییەتەیە کە لەسەدەی شازدە بەدواوە شێوەیەکی سیاسی نوێی دەسەڵات بەردەوام لەحاڵی گەشەسەندندا بووە، ئەم بونیادە سیاسییە نوێیە، هەروەك هەموو لایەك دەزانن دەوڵەتە، بەڵام زۆربەی کاتەکان، دەوڵەت وەکو جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی تەسەوڕ دەکرێت کە تاکەکان وەبەرچاو ناگرێتو تەنیا سەیری بەرژەوەندی گشتییەتو یان دەبێ بڵێین بەرژەوەندی چینێك یان گروپێك لەنێوان هاوڵاتیاندا دەکات. ئەم تەسەوڕە بەتەواوی ڕاستە، بەڵام دەبێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بکەمەوە کە دەسەڵاتی دەوڵەت هەم فەردیەت بەخشو هەم گشتییەت بەخشەو (ئەمەش یەکێك لەهۆکارەکانی بەهێزیەتی). بەبڕوای من هیچ کاتێك لەمێژووی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا تەنانەت لەچینی کۆنیشدا، ئاوێتەیەکی لێزانانەی ئەوتۆی تەکنیکەکانی (تاك سازی)و میتۆدەکانی گشتییەت بەخشی لەهەناوی تاکە بونیادێکی سیاسیدا پێك نەهاتووە. ئەم بارودۆخە لەم واقیعییەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەوڵەتی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی، لەنێو شێوەی سیاسی نوێدا، تەکنیکی دەسەڵاتی کۆنی دەمج کردوە کە ڕەگو ڕیشەی لەدامو دەزگا مەسیحییەکاندا هەیە. دەتوانین ئەو تەکنیکەی دەسەڵات بەدەسەڵاتی رۆحانی ناوزەد بکەین.دەڵێن مەسیحییەت هەندێ ئەخلاقیاتی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە لەبنەڕەتدا جیاواز بوو لەگەڵ ئەخلاقیاتی جیهانی دێرین، بەڵام هەندێ جار کەمتر جەخت لەسەر ئەم واقیعییەتە دەکرێتەوە کە مەسیحییەت پێوەندییەکی نوێی دەسەڵاتی پێشنیار کردو لەسەرانسەری دنیای دێریندا بڵاوی کردەوە. مەسیحییەت تەنیا دینێکە کە خۆی بەشێوەی کەنیسە ڕێك خستووەو بەم جۆرە هەر لەبنەڕەتدا لەسەر ئەو گریمانەیە

دامەزراوە کە هەندێ لەتاکەکان دەتوانن بەهۆی چۆنیەتی بیروباوەڕی ئاییینی خۆیان، خزمەتی ئەوانی تر بکەن نەك وەکو پاشا، دەسەڵاتدار، پێغەمبەر، بەخت گرەکان، خێردەرەکان، پەروەردەکارکانو ...تاد، بەڵکو وەکو مرۆڤە ڕۆحانیەکان. بەهەرحاڵ ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ شێوەیەکی تایبەتی دەسەڵات.

١- ئەو دەسەڵاتە، شێوەیەکی دەسەڵاتە کە ئامانجی کۆتایی بریتییە لە دابینکردنی ڕزگاری تاك لەڕۆژی دواییدا.

٢- دەسەڵاتی ڕۆحانی تەنیا شێوەیەکی دەسەڵات نییە کە حوکم دەکات، بەڵکو دەبێ ئامادەبێت تا خۆی لەپێناوی ژیانو ڕزگاری رەعیەتەکانی خۆیدا بکاتە قوربانی، کەواتە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو پاشایەی کە خوازیاری فیداکارییە لەلایەن پەیڕەوکارەکانی بۆ ڕزگارکردنی تەختو تاجەکەی، جیاوازی هەیە.

٣- شێوازێکی دەسەڵاتە کە تەنیا چاودێری گشت کۆمەڵگا نییە، بەڵکو بەسەر هەموو تاکێکی تایبەتیدا لەسەرانسەری ژیانیدا چاودێری دەکات.

٤- سەرەنجام ئەم جۆرە دەسەڵاتە ناتوانێت بەبێ ئاگاداربوون لەدەروونو زهنی خەڵك، بەبێ جاسوسی کردن بەسە رۆحیانەوەو بەبێ ناچارکردنی خەڵك بۆ ئاشکراکردنی دەروونی تری ڕازەکانی خۆیان، پیادەبکرێت. ئەم دەسەڵاتە هەڵگری ناسینی ویژدانیانو توانای هیدایەت کردنیەتی.

ئەم شێوە دەسەڵاتە مەیلی بەرەو ڕزگاری هەیە. (بەپێچەوانەی دەسەڵاتی سیاسی)، قوربانی پێشکەشی خودا دەکات (بە پێچەوانە پرنسیپی سەروەری)، (تاکسازە) (بەپێچەوانەی دەسەڵاتی حقووقی) بەسەرانسەری ژیاندا بلاَو، بەردەوامو ئامادەیە، پێوەندی بە بەرهەم هێنانی هەقیقەت، پێوەندی لەگەڵ هەقیقەتی خودی تاکەوە هەیە.بەلاَم لەوانەیە بڵێین ئەوە هەمووی بەشێکە لە مێژووی ڕابردوو، دەسەڵاتی رۆحانی ئەگەر لەناونەچووبێت، لانی کەم بەشێکی گرنگی کارایی خۆی لەدەست داوە. ئەم قسە ڕاستە، بەلاَم بە بڕوای من دەبێ لەنێوان دوو لایەنی دەسەڵاتی رۆحانیدا جیاوازی دابنرێتو دیاری بکرێت: واتە لەنێوان دەزگای کەنیسە کە لە سەدەی هەژدە بە دواوە لەنێو چووە یان لانی کەم توانایی خۆی لە دەست داوەو ڕۆڵی (دەسەڵاتی ڕۆحانی) کە لە دەرەوەی دەزگای کەنیسەدا بلاَو بۆتەوەو زۆر بووە.



دیاردەیەکی گرنگ لە دەوروبەری سەدەی هەژدەدا ڕویدا کە دابەشکردنێکی تازەو ڕێکخستنێکی سەر لەنوێی ئەو دەسەڵاتە (تاك سازە) بوو.

بەبڕوای من نابێت ((دەوڵەتی مۆدێرن)) وەکو دیاردەیەك سەیر بکەین کە لەبان سەری تاکەکان دروستبووەو شوناسیانو تەنانەت خودی بوونیان وەبەرەچاو ناگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ وەکو بونیادێکی یەکجار ئاڵۆز وەبەرچاوی بگرین کە تیایدا تاکەکان تەنیا بە مەرجێك دەشێ لێك ببەسترێن، ئەویش ئەوەیە کە ئەو فەردییەتە شێوەیەکی نوێ بەخۆیەوە بگرێو خۆی بدات بە دەست کۆمەڵە پارادایمێکی زۆر تایبەتی. لە ڕوویەکەوە دەتوانین دەوڵەت وەکو چوارچێوەی مۆدێرنی (تاك سازی) ویان شێوەیەکی نوێی دەسەڵاتی رۆحانی سەیر بکەین. چەند وشەیەکی دیکە لەهەمبەر ئەو دەسەڵاتە رۆحانییە نوێیە (دەڵێم).

١- دەتوانین گۆڕانێك لە ئامانجەکەیدا ببینین. ئیدی مەسەلە، هیدایەت کردنی خەڵك بەرەو ڕزگار لە ڕۆژی دوایی نەبوو، بەڵکو ئامانجەکانی دامەزراندی ڕزگاری بوو لەم جیهانەداو لەم بوراەشدا وشەی ڕزگاری ماناى جیاوازی وەردەگرێت: وەکو لە شساغی، خۆشگوزەرانی (ڕفاه) (واتە سامانی گونجاو، ئاستی ژیان) ئاسایش، پارێزگاری کردن لە بەرانبەر کارەساتەکاندا. کۆمەڵێك ئامانجی ((دنیایی)) زۆر بە ئاسانی شوێنی ئامانجە مەزهەبییەکانی حکومەتی رۆحانیی تەقلیدی گرتەوە، چونکە ئەو ئامانجە دنیاییانە بەهۆی جیاواز، وەك یارمەتییەك لەپێناو ژمارەیەکی تایەبتی ئەو ئامانجە (دینییانە) سەریان هەڵدابوو، دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی پزیشکیو کارە (ڕفاه) بەخشییەکەی بکەین کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە لایەن کەنیسە کاسۆلیکیو پرۆتستانییەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرا.

٢- هاوکات، پلەوپایەی دەسەڵاتی رۆحانی ڕویان لە زیادبوون کرد. هەندێ جار ئەم شێوەیەی دەسەڵات لە ڕێگەی دەزگاکانی دەوڵەتەوە یان هەرچۆنێ بێت بەهۆی دامەزراوە گشتییەکانی وەکو پۆلیس بەڕێوە دەبرا. (نابێ لەبیرمان بچێت کەلەسەدەی هەژدەدا هێزەکانی پۆلیس تەنیا بۆ پاراستنی نەزمو یاسا یان بۆ یارمەتی دانی هەندێ حکومەت لە خەباتیان دژی دوژمنەکانیان پێك نەهات، بەڵکو بە مەبەستی دابین کردنی تفاقی شار، لەش ساغیو پاراستنی ستانداردە

پێویستەکان بۆ پیشەسازیی دەستکردو بازرگانیش دامەزرابون.) هەندێ جار هەر ئەم دەسەڵاتە بەهۆی کۆمپانیا تایبەتییەکان، ئەنجومەنی خۆشگوزەرانی، تاکە خێرخوازەکانو بەشێوەیەکی گشتی لە لایەن مرۆڤدۆستەکانەوە پیادە دەکران، بەڵام بونیادە کۆنەکانی وەکو خێزانیش لەو سەردەمەدا لە پێناوی ئەنجامدانی ڕۆڵەکانی دەسەڵاتی رۆحانی بەکارهێنران. ئەم دەسەڵاتە بەهۆی بونیادە ئاڵۆزەکانی وەکو دامەزراوی پزیشکییەوە پیادە دەکرا کە چالاکییە تایبەتییەکانی فرۆشتنی خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای پرنسیپی ئابووریی ئازادی لەخۆ دەگرت، بەڵام دامەزراوە گشتییەکانی وەکو نەخۆشخانەشی دەگرتەوە.

٣- سەرەنجام زۆربونو فراوانبوونی ئامانجو کارگێڕانی دەسەڵاتی رۆحانی، گەشەسەندنو پەرەسەندنی مەعریفەی مرۆڤی لەدەوری دوو رۆڵدا داکوتا: یەکێکیان ڕۆڵی گشتییەت بەخشو چەندایەتی کە بەرەولای دانیشتوان شۆڕ دەبێتەوەو ئەویتریشیان ڕۆڵی بەش بەش گەرە (تجزیە) کە ڕووەو لای تاك شۆڕ دەبێتەوە.ئەوەش بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی رۆحانی کە بە درێژایی سەدەکان، بۆ ماوەی زیاتر لەهەزار ساڵ لەگەڵ بونیادێکی مەزهەبی دیاری کراودا لێك بەسترابوو، لە ناکاو لەنێو تەواوی هەرەمی کۆمەڵدا‌تەشەنەی سەند، ئەو دەسەڵاتە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دامەزراوەکانەوە پشتیوانی لێ کراو لە جیاتی دەسەڵاتی رۆحانیو دەسەڵاتی سیاسی کە کەمو زۆر لێك بەستراونو کەمو زۆر نەیاری یەکترن، ((تاکتیك))ی (تاك سازی) سەری هەڵدا کە تایبەتمەندی کۆمەڵێك دەسەڵات بوو، دەسەڵاتی خێزان، دەسەڵاتی پزیشکی، دەروونپزیشکی، پەروەردەو خاوەن کارەکان.

لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا، کانت دەقیکی کورتی لەژێر ناوی ڕۆشنگەری چییە؟ لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بە ناوی بیرنێر مۆناتشریفت نووسی. ئەو نووسراوەیە بۆ ماوەیەکی درێژ وەکو نووسینێکی تاڕادەیەك کەم بایەخ سەیری دەکراو ئێستاش گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادەن، بەڵام بە بڕوای من ئەم نووسینە دەقێکی سەرنج ڕاکێشو تاسێنەرە، چونکە بۆ یەکەمین جار بوو فەیلەسووفێك، نە تەنیا تاوتوێ کردنی سیستەمی میتافیزیکیو بنەماکانی مەعریفەی زانستی، بەڵکو توێژینەوە لەسەر ڕووداوێکی مێژوویی ئەم دوایانەو تەنانەت هاوچەرخیش وەکو ئەرکێکی فەلسەفی پێشنیار بکات.

کاتێك کانت لە ساڵی (١٧٨٤) پرسی: ڕۆشنگەریچییە؟ مەبەستی ئەوە بوو کە ڕێك لەو سەردەمە چی ڕوودەدات؟ چیمان بەسەر دێت؟ ئەم جیهانە، ئەم سەردەمەو ئەوساتە تایبەتییەی کە تێیدا دەژین، چییە؟

یان بە جۆرێکی تر ئێمە، وەکو ڕۆشنگەر، وەکو بەشێك لە ڕۆشنگەری چیین؟ ئەمە لەگەڵ پرسیارەکەی دیکارت بەراورد بکەن کە پرسی: من کێم؟ من وەکو خودێکی بێ هاوتا، بەڵام جیهانیو نامێژوویی (کێم)؟ ((من)) لە ڕوانگەی دیکارتەوە هەموو کەسێکە، لەهەموو جێگەیەكو لەهەموو ساتێکدا؟

بەڵام کانت شتێکی تر دەپرسێ: ئێمە لە ساتێکی زۆر وردی مێژوویدا چیین؟ پرسیارەکەی کانت بەشێوازێکی ئانالیزەیی لەئێمەو کاتی ئێستای ئێمەوە سەر دەردێنێ.

بەبڕوای من ئەم لایەنەی فەلسەفە گرنگیەکی یەکجار زۆرو ڕوو لە زیادی پەیداکرد. هیگڵ، نیچە... لایەنێکی تری ((فەلسەفەی هەمەکی)) سەری هەڵدا، بەڵام ئەرکی فەلسەفە وەکو شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جیهانی ئێمە شتێکە کە بەردەوام گرنگو گرنگتر دەبێت. ڕەنگە حاشا هەڵنەگرترین پرسی فەلسەفە؟ پرسی کاتی ئێستا بێ، ئەو پرسەی کە ئێمە ڕێك لەو ساتەی ئێستادا چیین. ڕەنگە ئەمڕۆکە ئامانجی کەشف ئەوە نەبێت کە ئێمە چیین، بەڵکو ڕەفزو ڕەتی ئەو شتەیە کە ئێمەین. ئێمە دەبێ بۆ ڕزگار بوون لەم ((بنبەستە دوولایەنە)) سیاسییە، کە هاوکات هەمان تایبەتمەندی (تاك سازی)و گشتگیری بونیادەکانی دەسەڵاتی مۆدێرنە، ئەوە بێنینە خەیاڵی خۆمان دەمانتوانی چ شتێك بین ((جگە لەوەی هەین)). لەئاکامدا پرسی سیاسی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی (و) فەلسەفی ڕۆژگاری ئێمە ئەوە نییە کە تێبکۆشین تاك لەچنگی دەوڵەتو دامەزراوە دەوڵەتییەکان ڕزگار بکەین، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە خۆمان هەم لەدەست دەوڵەتو هەم لەکۆتی ئەم جۆرە (تاك سازییە)ی کە بەدەوڵەتەوە بەستراوە، ڕزگار بکەین. ئێمە دەبێ شێوەیەکی نوێ

خود- ایەتی ((سوژەیی)) لەڕێگەی نەفی کردنی ئەو جۆرە فەردییەتەی کە چەندین سەدەیە بەسەرماندا سەپێنراوە، پەروەردە بکەین..

## چۆن دەسەلاّت پیادە دەکرێت؟

لەڕوانگەی هەندێ کەسەوە پرسیار کردن سەبارەت بە ((چۆنایەتی))ی دەسەلاّت، تەنیا لە چوارچێوەی کاریگەرییەکانی دەسەلاّتدا دەیانهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی بتوانن ئەم کاریگەرییانە لەگەڵ هۆ یان خەسڵەتی بونیادی (دەسەلاّت) لێك گرێ بدەن. (ئەم جۆرە پرسیارە) دەسەلاّت بۆ ماهییەتێکی ڕەمزاوی دەگۆڕێت کە خەڵك لە هێنانە بەرباسی پرسیار لە بارەوەیەوە دەکەونە گومانو دوودڵییەوە، چونکە وایان پێ باشە دەسەلاّت نەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەم کەسانە بە گرتنە بەری؟! ڕێگەیەکی ئەوتۆ کە هیچ کاتێك بە ڕاشکاوی بەڵگەدارو خاوەن پاساو نییە، بە ڕواڵەت بڕوا بە بوونی جۆرە چارەنووسێك دێنن، بەلاّم ئایا خودی بێ بڕوای خەڵکی، دەربڕی ئەو پێش گریمانەیە نییە کە دەسەلاّت شتێکە بەسێ چۆنایەتی جیاوازەوە دێتە بوون: سەرچاوەکەی، خەسڵەتە بونیادەکەیو دەسکەوتەکانی. ئەگەر بە پەلە شوێنگەیەکی تایبەتی بە پرسی ((چۆنایەتی)) دەبەخشم، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەمەوێ پرسی ((چییەتی)) و ((بۆچی)) وەلابنێم، بەڵکو گەرەکمە ئەو بابەتە بەشێوەیەکی دیکە بخەمە ڕوو، یاخود بە وتەیەکی باشتر، دەمەوێ بزانم ئایا دەتوانرێ بە دروستی وێنای دەسەلاّتێك بکرێت کە لە خۆیدا چییەتیو، بۆچیو چۆنایەتی بەیەکەوە کۆبکاتەوە. بە وتەی ڕاشکاوو بێ پەردە، دەمەوێ بڵێم کە دەستپێکردنی شیکردنەوە بە پرسی ((چۆنایەتی)) دەربڕی ئەو خاڵەیە کە دەسەلاّت بەو مانایە هەر لە بنەڕەتدا بوونی نییە. لانی کەم، بەم شێوەیە لە خۆمان دەپرسین کاتێ تێهەیشتنێکی ئاوا زۆر گشتگیرو شت بەخش بەکاردێنین، چ ناوەڕۆکێکمان بۆ وەبەرچاوگرتووە، بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کاتێك بەشێوازێکی بێ کۆتایی بچینە قوولاّیی ئەو دوو پرسیارەوە کە دەسەلاّت چییەو لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ، کۆمەڵەیەکی زۆر ئاڵۆزی واقیعیاتەکانمان لە دەست دەچێت، بەلاّم ئەم پرسیارە بچووکترە کە (کاتێك دەسەلاّت پیادە دەکرێت) چ ڕوو دەدات، هەرچەندە ساویلکانەو ئەزموونییە، بەلاّم کاتێ بچینە قوولاّییەکانییەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ئەم پرسیارە نیە لە تۆمەتباریکردن بە میتافیزیكو بەئەنتۆلۆژیای دەسەلاّت بۆ هەڵخەڵەتاندن، ئاگادار دەکاتەوە لەبەرانبەردا ئێمە بەرەو پشکنینو توێژینەوەیەکی ڕەخنەییانە لەسەر بابەتە ڕیشەییو بنەڕەتییەکانی دەسەلاّت ڕێنوێنی دەکات.

((چۆن)) نەك بە مانای ((چۆن "دەسەلاّت" خۆی ئاشکرا دەکات؟))، بەڵکو "بەمانای" ((بەچ ڕێگەیەك "دەسەلاّت" پیادە دەکرێت؟)) و ((کاتێك تاکەکان (هەروەك دەڵێن) دەسەلاّت بەسەر کەسانی تردا پیادە دەکەن، چ ڕوو دەدات؟)) "جێگەی باسە". تا ئەو شوێنەی کە باسی دەسەلاّت لە گۆڕێیە، سەرەتا پێویستە ئەو دەسەلاّتەی کە بەسەر شتەکاندا پیادە دەکرێتو توانایی گۆڕان، بەکارهێنان، مەسرەفو وێران کردنیان دابین دەکات-واتا ئەو دەسەلاّتەی کە ڕاستەوخۆ لە توانا پەنهانەکانی ناوجەستەوە سەرچاوە دەگرێتو یان بەهۆی ئامرازەکانی دەرەوە دەگوازرێتەوە- دیاری بکەین. دەتوانین بڵێین ئەم دەسەلاّتە ((توانا))یە. لەلایەکی ترەوە تایبەتمەندیی ئەو دەسەلاّتەی کە ئێمە شی دەکەینەوە ئەوەیە کە پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان (یان نێوان گرووپەکان) دەردەبڕێت. نابێت خۆمان هەڵبخەڵەتێنین، ئەگەر ئێمە باسی بونیاد یان میکانیزمەکانی دەسەلاّت دەکەین، تەنیا لەڕووی ئەو گریمانەیە بەم جۆرە قسە دەکەین کە هەندێ کەس دەسەلاّت بەسەر کەسانی تردا پیادە دەکەن. چەمکی ((دەسەلاّت)) ئاماژە بە پێوەندییەکانی نێوان تاکە لێك گیربووەکان لەگەڵ یەکتریدا دەکاتو (مەبەستی من لەمە، یاری بردنەوەو دۆڕاندنی تەواو نییە، بەڵکو تەنیاو بەشێوەیەکی زۆر گشتی مەبەستم کۆمەڵە کردەوەیەکە کە کردەوەیەکی دیکە دەوروژێنێو لەیەکترەوە سەرچاوە دەگرن). هەروەها پێویستە پێوەندییەکانی دەسەلاّت لە پێوەندی پێوەندییەکان جیا بکەینەوە کە بەهۆی زمانەوە یان کۆمەڵێك نیشانەو یان هەر هۆیەکی سیمبۆلیکی دیکەوە زانیارییەکان دەگوازنەوە. بێگومان بەرقەرارکردنی پێوەندی بەردەوام جۆرێکە لەئەنجامدانی کردەوە لەسەر کەسانی تر، بەلاّم بەرهەمهێنانو بلاّوکردنەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی مانا، ڕەنگە ئامانجیان یان شوێنەواریان،

وەدەست هێنانی هەندێ ئەنجام بێت لەپانتایی دەسەڵاتدا، بەلاّم ئەو ئامانج یان شوێنەوارانە تەنیا ڕوویەکی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی مانا نین. پێوەندییەکانی دەسەلاّت بەبێ وەبەرچاو گرتنی ئەوە کە لە کەناڵی سیستەمەکانی پێوەندی تێپەڕن یان نا، خەسڵەتێکی تایبەتییان هەیە. کەواتە نابێ پێوەندییەکانی دەسەلاّت، پێوەندی پێوەندییەکانو توانا عەینییەکان لەگەڵ یەکتریدا تێکەلاّو بکەین، مەبەست ئەوە نییە کە مەسەلەکە بوونی سێ بواری جیاوازی "دەسەلاّت"ە، واتا لەلایەکەوە بواری شتەکان تەکنیکی تەواو (کامڵ)، کردەوەو گۆڕان لە فاکتەرەکان، لەلایەکی تریشەوە بوارێك نیشانەکان، پێوەندییەکان، پێوەندی بەرامبەرو بەرهەمهێنانی ماناو سەرئەنجام بوارێك لەدەسەلاّتی هۆیەکانو ناچارکردنو نایەکسانیو بەکاربردنی دەسەلاّتی کەسەکان بەسەر یەکتریدا ؟! بەم جۆرە نییە. (١) مەسەلەکە بوونی سێ جۆرە پێوەندییە کە لەڕاستیدا بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا پێوەندییان هەیە، وەك یەك پشتیوانی لەیەکتری دەکەنو وەکو یەکیش یەکتر وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانج بەکاردێنن. بەکارهێنانی توانا عەینییەکان لەسەرەتاییترین شێوەی خۆیدا، پێویستی بەبوونی پێوەندی پێوەندییەکان هەیە (جا چ لەشێوەی ئەو زانیارییانەی کە پێشتر دەست کەوتوون یان لەشێوەی کاری هاوبەشدا)و هەروەها لەگەڵ پێوەندییەکانی دەسەلاّتیشدا لێك بەستراون (جا چ ئەو پێوەندییانە، ئەرکی ئیلزامی، حاڵەت یان ئەو جوولاّنە بن کە بەرهەمی نەریت یان پەروەردە کردن یان دابەشکردنی کەمو زۆری کارن). پێوەندی پێوەندییەکان دەربڕی توانای تەواو کۆتایی پێهاتوون (تەنانەت ئەگەر مەبەست لەمە تەنیا جێبەجێ کردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ماناش بێت بەشێوەیەکی ڕاست)و بۆ خۆیان بەهۆی دروست کردنی هەندێ گۆڕانکاری لە پانتایی زانیاری لەنێوان کەسانی تردا، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شوێنەواری دەسەلاّت. زۆر گرانە بتوانرێت ئەم پێوەندییانە لەو تواناییو چالاکییانە جیا بکەینەوە کە گەیشتوونەتە شێوەی کامڵو کۆتایی خۆیان، جا چ ئەمانە ئەو چالاکییانە بن کە بەڕێوەچوونی ئەم دەسەلاّتە مومکین دەکەن (وەکو تەکنیکە پەروەردەییەکان، ڕەوتەکانی دەسەلاّت، هۆیەکانی زانیاری وەرگرتن)و یان ئەو چالاکییانەی کە مەبەستی تەواو کامڵ کردنی توانای بەزەبری خود، بانگهێشتی پێوەندییەکانی دەسەلاّت دەکات بۆ هاوکاری (دابەشکردنی کارو هیرارکیەتی ئەرکەکان). هەڵبەتە هەماهەنگی نێوان ئەم سێ جۆرە پێوەندییە



نەهاوتایە نە بەردەوامە. لەهەر کۆمەڵگایەکی تایبەتیدا، هیچ شێوەیەکی گشتی هاوسەنگی لەنێوان توانا کامڵو کۆتایی پێهاتووەکان، سیستەمەکانی پێوەندیو پێوەندییەکانی دەسەلاّت بوونی نییە، بەڵکو شێوەی جۆراو جۆر، شوێنی جۆراوجۆرو بارودۆخ یان هەڵومەرجی جۆراوجۆربوونیان هەیە کە تێیاندا ئەم پێوەندییانە خۆیان بەپێی پارادایمی تایبەتی بەرقەرار دەکەن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ((کۆمەڵە))ش لەئارادان کە تێیاندا ڕێکخستنو هەماهەنگی تواناکان، سەرچاوەکانی پێوەندی پێوەندییەکانی دەسەلاّت، سیستەمی ڕێسادارو ڕێكو پێك، پێك دێنن. بۆ نموونە دەزگایەکی پەروەردەیی بێننە بەرچاوی خۆتان: کۆنترۆڵو بەڕێوەبردنی فەزاکەی، ڕێسا وردەکانی بالاّدەست بەسەر ژیانە دناوەکیەکەیدا، ئەو چالاّکیە جۆراوجۆرانەی کە تێیدا ڕێك دەخرێن، ئەو تاکە جیاوازانەی کەلەوێدا دەژین یان یەکدی دەبینن و هەر کامیان ڕۆڵی تایبەتی خۆیو کەسایەتی دیارو ڕۆشنی خۆی هەیە، هەر هەموو، کۆمەڵەیێك تواناى-پێوەندی- دەسەلاّتێکی تایبەتی پێکدەهێنن. ئەو چالاّکییەی کە گرانتی گشتگیریو وەدەستهێنانی تواناکان یان چەندین جۆرە رەفتارە، بەهۆی کۆمەڵەیەکی تەواو لەپێوەندی ڕێکخراو (وانەکان، پرسیارەکانو وەلاّمەکان، فەرمانەکان، پەندەکان، نیشانەکانی گوێڕایەڵی، نیشانەکانی دیاری کردنی ((بەها))ی تاکەکانو ئاستی مەعریفە)، هەروەها بەهۆی کۆمەڵێکی تەواو لەچوارچێوەکانی دەسەلاّت (دیوارکێشی، چاودێری، پاداشو سزا، زنجیرەی پلەوپایەی هەرەمی)، بەرەو پێشەوە دەچێت. ئەم کۆمەلاّنە کە تێیاندا بەکاربردنی توانا تەکنیکییەکان، گەمەی پێوەندییەکانو پێوەندی دەسەلاّت لەسەر بنەمای هەندێ پرەنسیپی کۆکراوو خوێندراوو هەڵسەنگێنراو لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگو هاوتا دەکرێن، شتێك پێك دێنن کەدەتوانین، بەتۆزێك فراوانکردنی مانای وشەکە بە((دیسپلین)) ناوزەدی بکەین. شیکردنەوەی ئەزموونی هەندێ لە شێوەکانی دیسپلین بەو شێوازەی کە لەمێژوودا پێکهاتوون، هەربەم هۆیە هۆگریەکی تایبەتی دروست دەکەن، چونکە ئەم شێوە دیسپلینیە، یەکەم، بەپێی سیستەمە بەڕواڵەت ڕۆشنو پاڵێوراوەکان، دەریدەخەن چۆن سیستەمە دیارەکان بەتەواوی پێکهاتوونو سیستەمەکانی پێوەندیو دەسەلاّت لەوانەیە لەیەکدییەوە بلکێنو دووەم، پارادایمە جیاوازەکان پێکهاتەو دیاربوونی " ئەم سێ ڕەگەزە" دەردەخەن. واتە هەندێ جار ئەولەویەت بە پێوەندییەکانی دەسەلاّتو گوێڕایەڵی دەدەن (بۆ نموونە لە سیستەمی دیسپلینی دێرو زیندانەکان)، هەندێ جار بەکۆمەڵەی چالاکییە دیارو وەدیهاتووەکان (بۆ نموونە لە سیستەمی دیسپلینی کارخانەو نەخۆشخانەکان)،

هەندێ جار بەپێوەندی پێوەندییەکان (وەکو سیستەمی دیسپلینی مامۆستاییو قوتابییەتی)و هەندێ جاریش بەوەدیهاتنی تەواوی هەرسێ جۆرە پێوەندییەکە (ڕەنگە لەجۆری دیسپلینی سوپادا کە تێیدا کۆمەڵێك نیشانە، زۆر زیاتر لەڕادەی پێویست، ئاماژە بۆ پێوەندییەکی دەسەڵاتی توونـد لێك گرێدراو دەکەن کەزۆر بەوردی تاوتوێو هەڵسەنگێراوە بۆئەوەی هەندێ شوێنەواری تەکنیکی دروست بکەن). هەڵبەتە مەبەست لە خستنە ژێر دیسپلینی کۆمەڵگاکانی ئەورووپای سەدەی هەژدە ئەوە نییە کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گوێڕایەڵەو ملکەچ دەبنو یان لەسەربازخانەکان، قوتابخانەو زیندانەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بۆ پێکهێنانی هەماهەنگی لەنێوان چالاکییەکانی بەرهەمهێنان، سەرچاوەکانی پێوەندیو کردەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات، چوارچێوەیەك دەست دەکەوێت کە بە چەشنێکی ڕوو لە زیاد دەخرێتە ژێر چاودێرییەکی تەواوترەوەو هەرچی زۆرتر عەقلانیو ئابووری دەکرێت. کەواتە تاوتوێ کردنی پرسی دەسەڵات لە ڕوانگەی شیکردنەوەی ((چۆنایەتی))یەکەی، دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین ئاڵوگۆڕی گرنگ لە پانتایی ئەگەری بوونی دەسەڵاتێکی بونیادی پەیدا ببێت. لەم شیکردنەوەیەدا ئێمە پێوەندییەکانی دەسەڵات دەکەینە بابەتی شیکردنەوەی خۆمان نەك خودی دەسەڵات، واتە ئەو پێوەندییانەی کە هەم لە توانا عەینییەکانو هەم لە پێوەندی پێوەندییەکان جیاوازن. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەتوانین لە پێوەندییەکانی دەسەڵات بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی لە بەدوای یەکداهاتنی لۆژیکییەکەیان، تواناکەیانو پێوەندی بەرانبەریان، تێبگەین.

## خەسڵەتی تایبەتیی دەسەڵات چییە؟

پیادەکردنی دەسەڵات تەنیا پێوەندی نێوان تاك یان گروپەکان نییە، بەڵکو شێوازێکە کە تێیدا هەندێ کردەوە، کردەوەکانی تر دەگۆڕن. هەڵبەتە مەبەست ئەوەیە کە شتێك بە ناوی دەسەڵات کە گریمانە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتیو بە چەشنێکی سێنراڵ یان پەرتەوازەو پەڕاگەندە بوونی هەبێت، بوونی نییە.دەسەڵات تەنیا کاتێك بوونی هەیە کە بچێتە قاڵبی کردەوەوە، هەڵبەتە هەرچەندە لەنێو پانتاییەکی تەواو جیاواز لە ئیمکانیاتدا بتوێنرێتەوە کە پێوەندییان لەگەڵ هەندێ بونیادی هەمیشەییدا هەیەو کاریگەرییان لەسەر دادەنێن، هەروەها مەبەست ئەوەیە کە دەسەڵات هیچ پێوەندی بە ڕەزامەندییەوە نییە. دەسەڵات خۆی لە خۆیدا بە مانای ڕەفزو ئینکاری ئازادی یان گواستنەی مافەکان نییە، بە مانای سپاردنی دەسەڵاتی هەمووان بە ژمارەییەکی کەم نییە (هەڵبەتە نکۆڵی لەو ئەگەرە ناکرێت کە ڕەزامەندی لەوانەیە مەرجی بوون یان پاراستنی دەسەڵات بێت)، لەوانەیە پێوەندی دەسەڵات دەرەنجامی ڕەزامەندیی پێشوویان بەردەوام بێت، بەڵام لە ماهییەتدا دەربڕی (کۆرا) نییە. ئایا مەبەست ئەوەیە دەبێ لەو توندوتیژییەدا بەدوای خەسڵەتی واقیعی پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا بگەڕێین کە دەبێت شێوەی بەرایی دەسەڵات، هێمای هەمیشەییو سەرچاوەی کۆتایی دەسەڵات بێت، ئەو توندوتیژییەی کە لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، کاتێك دەسەڵات ناچار دەبێت دەمامکەکەی خۆی لابداتو واقیعییەتی خۆی بەدیار بخات، وەکو خەسڵەتی واقیعی ئەو خۆدەنوێنێ؟ لە ڕاستیدا هێمای پێوەندی دەسەڵات ئەوەیە کە دەسەڵات ڕوویەکی کردەوەیە کە ڕاستەوخۆ بەبێ نێوان بەسەر ئەوانی تردا کردەوە ئەنجام نادات، لە بەرانبەردا دەسەڵات بەسەر کارو کردەوەی ئەواندا ئەنجام دەدرێت، کردەوەیەکە بەسەر کردەوەدا، کردەوەیەکە بەسەر کردەوە مەوجوودەکان یان بەسەر ئەو کردەوانەی کە لەوانەیە لەکاتی ئێستا یان ئایندەدا سەرهەڵبدەن. پێوەندی توندوتیژی، بەسەر جەستە یان بەسەر شتێکدا کار ئەنجام دەدات، هێز بەکاردێنێت، تەسلیمی دەکات، (ڕەوڕەوە) چەرخ ڕادەگرێت، وێران دەکات، دەرگاکان بەڕووی هەموو ئەگەرەکاندا دادەخات، جەمسەرە پێچەوانەکەی تەنیا هەڵچوونە و ئەگەر لەگەڵ هەرچەشنە بەرگرییەك بەرەو ڕووبێت، هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لە هەوڵدان بۆ دابەزاندنی بۆ کەمترین ڕادە، بەڵام پێوەندی دەسەڵات تەنیا لەسەر بنەمای دوو ڕەگەز دروست دەبێت کە خۆ لێ لادانییان مەحاڵەو ئەگینا ئەو پێوەندییە، پێوەندی دەسەڵات نابێت: یەکێکیان ئەوەیە دەبێت ((ئەوی تر)) (واتە ئەوەی دەسەڵاتی بەسەردا پیادە دەکرێ) بەتەواوی بناسرێتو تا کۆتایی وەکو کەسێك کە کاردەکات لە قەڵەم بدرێت، دووەمیان ئەوەیە کە بەرانبەر پێوەندی دەسەڵاتدا، پانتاییەکی تەواو لە وەڵامەکان، دژکردەوەکان، ئەنجامو تەگبیرە شیاوەکان، سەرهەڵبدات. شتێکی ڕوونو ئاشکرایە کە پیادەکردنی پێوەندییەکانی

دەسەلأت بە مانای وەلانانی بەکارهێنانی توندوتیژی نییە، هەروەك چۆن بە مانای وەلانانی ئەگەری ڕەزامەندیش نییە، بێگومان پیادەکردنی دەسەلأت هیچ کاتێك ناتوانێت بەبێ یەکێك لەم دوو ڕەگەزە یان هەردوو ڕەگەزەکە بەیەکەوە ئەنجام بدرێت، بەلأم تەنانەت ئەگەر کۆڕایی‌و توندوتیژی، ئامراز یاخود دەرەنجامی دەسەلأتن، بەلأم لەبنەڕەتەوە یان خەسڵەتی بونیادی دەسەلأت پێکناهێنن. پیادەکردنی دەسەلأت ڕەنگە پێکهێنەری لانی زۆری ڕەزامەندی‌و پەسندکردنی دڵخواز بێت، لەوانەیە کارەسات بخولقێنێ؟! لە پشت هەموو جۆرە هەڕەشەیەکی چاوەڕوان کراودا، پەناگەیەك بدۆزێتەوە. پیادەکردنی دەسەلأت لە خودی خۆیدا توندوتیژی نییە هەروەك چۆن ڕەزامەندیش نییە کە بەشێوەیەکی زمنی شایەنی درێژکردنەوە بێت. دەسەلأت، بونیادی گشتی ئەو کردەوەیەیە کە شوێنەوار لەسەر کردەوە مومکینەکانی تر دادەنێت، دەسەلأت دەورووژێنێ، هان دەدات، گومڕا دەکات، ئاسانکاری دەکات یان سەختو دژوار دەکات، لە کۆتاییدا سنورداریێتی دروست دەکات یان بەشێوەیەکی ڕەها پێشگیری‌و نەهی دەکات، بەم چەشنە دەسەلأت، بەردەوام شێوازی ئەنجامی کردەوەیە بەسەر بکەری کردەوەدا، چونکە بکەری کردەوە، کردەوە ئەنجام دەدات یان توانای ئەنجامدانی کردەوەی هەیە. "دەسەلأت" پیادەکردنی کۆمەڵە کردەوەیەکە بەسەر کردەوەی تردا. ڕەنگە خەسڵەتی دوولایەنەی وشەی ((ڕێبەری)) یەکێك بێت لە باشترین ڕێگاکانی تێگەیشتنی خەسڵەتی تایبەتی پێوەندییەکانی دەسەلأت، چونکە ئەم وشەیە لەیەك کاتدا هەم بەمانای ((هیدایەت)) کردنی ئەوانی تر (بەپێی میکانیزمی زۆرەملێ‌و ناچارکردنە کە بە پلەی جیاوازو وردو تۆکمەن)و هەم بەمانای شێوازی ڕەفتارێکە لەنێو پانتاییەکی تاڕادەیەك بەربلأوی دەرفەتی ڕەفتاری. (٢) پیادەکردنی دەسەلأت، بریتییە لە هیدایەت بەرەو یەکێك لەو دەرفەتە ڕەفتارییانەو ڕێکخستنی دەرەنجامە چنگ کەوتووە مومکینەکەی. لەبنەڕەتدا دەسەلأت زیاتر پێوەندیی بە پرسی حکومەتەوە هەیە نەك بە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو دوژمن یان پێوەندی نێوان ئەم دووانە، دەبێ بۆ وشەی حکومەت هەمان ئەو مانا پان‌و بەرینە دابنێین کە لەسەدەی شازدەدا هەیبوو. چەمکی‌حکومەت ((لەو سەردەمەدا تەنیا دەلالەتی لەسەر بونیادی سیاسی



یان بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەکان نەدەکرد، بەڵکو بۆ شێوازی ڕەفتاری تاك‌و گرووپەکانیش بەکار دەهات: هیدایەت‌و حوکمڕانی بەسەر منداڵەکان، بەسەر دەروونی خەڵك، بەسەر کۆمەڵەکان، بەسەر خێزانەکان، بەسەر نەخۆشەکان (دەکەوتنە ژێر ئەم چەمکەوە). ((حکومەت)) تەنیا شێوە مەشرووعەکانی ملکەچی‌و گوێڕایەڵیی سیاسی‌و ئابووری لەخۆ نەدەگرت، بەڵکوهاوکات ئەو شێوە کردەوە کەم‌و زۆر حسێب کراوەشی دەگرتەوە کە بەسەر ئیمکانیاتی کردەوەی ئەوانی تردا جێبەجێ دەکرا. بەم مانایە حوکمڕانی دیاری کردنی بونیادی پانتایی‌و مەیدانی شیاوی (ممکن) کردەوەی ئەوانیترە. کەواتە پێوەندی دەسەلأت، پێوەندی توندوتیژی یان خەبات‌و یان پێوەندییەکی دڵخوازانە نییە (لەوانەیە هەموو ئەمانە میکانیزم‌و ئامرازی دەسەلأت بن)، بەڵکو دەبێ لەو شێوە کردەوە بێ هاوتایەدا بە دوای پێوەندی تایبەتی دەسەلأتدا بگەڕێین کە نە توندوتیژانەو نە دادوەرییانەیە، ئەو شێوەیەش هەمان ((حکومەت))ە.
کاتێك ئێمە پیادەکردنی دەسەلأت وەکو شێوازی ئەنجام دانی کردەوە بەسەر کردەوەی ئەوانی تر پێناسە دەکەین‌و ئەم کردەوەیەش لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ چەمکی ((حکومەت))ی هەندێ کەس بەسەر کەسانی تر، لە فراوانترین مانای خۆیدا وەسف دەکەین، ڕەگەزێکی گرنگ دێنینە ناو باسەکەوەو ئەویش ئازادییە. دەسەلأت تەنیا بەسەر ئازادو تەنیا تا ئەو شوێنەی ئەو تاکانە ئازادن، پیادە دەکرێت. مەبەستمان، ئەو تاکە کەس یان گرووپانەیە کە لەگەڵ پانتاییەکی ئیمکاناتدا بەرەو ڕوون‌و لەوانەیە لەم پانتاییەدا شێوازی جۆراو جۆری ڕەفتار، دژە کردەوەی جیاوازو ڕەفتاری هەمەڕەنگ وەدی بێن. کاتێك فاکتەرە دیاریکەرەکان، هەموو بواری ئیمکانیاتانە تێر دەکەن، پێوەندی دەسەلأت لە ئارادا نییە، کۆیلایەتی، واتە کاتێك مرۆڤ لە کۆت‌و زنجیر دایە، پێوەندی دەسەلأت نییە. (لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە پێوەندی ناچارکردنی جەستەیە.) لە ئاکامدا هیچ بەرهەڵستییەکی ڕووبەڕوو لەنێوان دەسەلأت‌و ئازادیدا بوونی نییە کە تێیدا یەکێکیان بە قازانجی ئەوی تریان وەلا بنرێت (واتە لە هەر جێگەیەك دەسەلأت پیادە بکرێت ئازادی ون بێت)، بەڵکو پێوەندییەکی دوولایانەی یەکجار ئاڵۆزتر لە نێوان ئەم دووانەدایە. لەم گەمەیەدا،

ڕەنگە ئازادی وەکو مەرجی سەرەکی پیادەکردنی دەسەڵات خۆبنوێنیٚو (لە هەمان کاتیشدا پێشمەرجیشی بێت، چونکە بۆ ئەوەی دەسەڵات جێبەجێ بکرێت، دەبێ ئازادی لە ئارادا بێت جگە لەمە، لەوانەیە ئازادی پشتیوانی هەمیشەیی دەسەڵات بێت، چونکە بەبێ ئەگەری سەر بزێوی‌و یاخی بوون، دەسەڵات لەگەڵ ناچارکردنی جەستەیی دەبێت بەیەك). کەواتە ناتوانین پێوەندی نێوان دەسەڵات‌و خۆبواردنی ئازادانە لە تەسلیم بوون پێی، بپچڕێنن، پرسی بنەڕەتی دەسەڵات، پرسی کۆیلایەتییەکی دڵخوازانە نییە (چۆن دەکرێ ئێمە بە دوای بە کۆیلە بوونەوە بین). یاخی بوونی ئیرادی‌و موساوەمە نەکردنی ئازادانە، لە دڵی پێوەندی دەسەڵاتدا پەنهانەو بەردەوام دەیورووژێنیٚ. لە جیاتی قسەکردن لەسەر ئازادی بنەڕەتی‌و بنچینەیی باشتر وایە باسی ((خەباتخوازی — یان ململانیٚ خوازی) (٣) بکەین‌ئەو پێوەندییەی کە لەیەك کاتدا زامنکەری هاندانی دوولایەنەو خەباتە‌ئەو پێوەندییەی کە زیاتر لە خۆگری هاندان‌و ورووژاندنی (دوولایەنەی) بەردەوامە نەك بەرهەڵستییەکی ڕووبەڕوو کە هەردوو لایەنەکە لاواز‌و بێ توانا بکات.

**دەبێ چۆن پێوەندییەکانی دەسەڵات شی بکەینەوە؟**

دەکرێ‌و لەڕاستیدا زۆر ڕەواو لە جێگەی خۆیەتی ئەم جۆرە پێوەندییانە بە وردبوونەوە لەسەر دامەزراوە تەواو دیاری کراوو پێناسەکراوەکان، شی بکەینەوە. ئەم دامەزراوانە، گۆشەیەکی تێڕوانینی باشتر پێکدێنن کە هەمەڕەنگ، بەسێنرالبووی ڕێکوپێکەو بەرزترین پلەی کارایی خۆی جێبەجێ دەکات. لێرەدایە کە دەتوانرێ سەرهەڵدانی شێوەو لۆژیکی میکانیزمە بەراییەکانیان بەشێوەیەکی نزیکەیی ببینین. لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات هەروەك لە هەندێ دامەزراوی سنووردارو دیاری کراودا دەردەکەوێت، هەندێ گیروگرفت لەخۆ دەگرن. یەکەم، ئەم واقیعییەتە کە بەشێکی گرنگی ئەو میکانیزمانەی کە هەر دامەزراوێك جێبەجێی دەکات، گرانتی پاراستنی بەردەوامی خودی ئەو دامەزراوانەن، هەڵگری مەترسی (تێکەڵاوکردنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتە لەگەڵ) ئەو کارەتایبەتییانەی کە لەبنەڕەتدا بەرهەمهێنەرەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان دامەزراوەکانن. دووەم، بەهۆی شیکردنەوەی دەسەڵات لەڕوانگەی دامەزراوەکانەوە خۆمان دەخەینە ژێر ئەو مەترسییەوە کە بۆ ڕوونکردنەوەو سەرچاوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات لەنێو دامەزراوەکاندا بگەڕێین، واتە دەسەڵات بە دەسەڵات ڕوون بکەینەوەو دواجار تا ئەو شوێنەی کە دامەزراوەکان هەر لەبنەڕەتدا بەهۆی جێبەجێ کردنی دوو ڕەگەز واتە ڕێسای (حقوقی) ئاشکرا یان زمنی‌و دەزگایەك (بۆ جێبەجێ کردنیان) دەجووڵێنەوە، بەم چەشنە شیکردنەوەیە ئەم مەترسییە سەرهەڵدەدات کە لە پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا ئەفزەڵییەت‌و ئیمتیاز بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر بدرێت بە یەکێك لەم دوو ڕەگەزەو لەئاکامیشدا پێوەندی دەسەڵات تەنیا وەکو شێوەیەك لە یاسا یان زۆرەملیٚ لە قەڵەم بدرێت.

مەبەستمان نکۆڵی کردن لە گرینگی دامەزراوەکان لەبەر قەرارکردنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا نییە، بەڵکو مەبەستی من ئەوەیە کە دەبێ دامەزراوەکان لەگۆشەنیگای پێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە شیبکەینەوە نەك بە پێچەوانەوە.دەبێ لەنگەرگای سەرەکیی پێوەندییەکانی دەسەڵات، تەنانەت ئەگەر ئەو پێوەندییانە لەنێو دامەزراوەکان بەرجەستەو گەڵاڵە بن، لەبەرەوەی دامەزراوەکان بدۆزینەوە.

بابگەڕێینەوە بۆ پێناسەی پیادەکردنی دەسەڵات وەکو شێوازێك کە تێیدا هەندێ کردەوە، بونیاد بە پانتایی هەندێ کردەوەی شیاوی دیکە دەبەخشن‌و (لەم ڕێگەیەوە سنوورداری دەکەنەوە). کەواتە، شتێك سەر بە پێوەندی دەسەڵاتە کە ڕوویەکی ئەنجام دانی کردەوە بێت بەسەر کردەوەکاندا. مەبەست ئەوەیە کە پێوەندییەکانی دەسەڵات زۆر بە قووڵی ڕەگیان لەنێو تان‌و پۆی کۆمەڵگادا هەیە واتە هەندێ پێکهاتەی زیادەنین کەلە ((بان سەری)) کۆمەڵگا دروست بن‌و بتوانین ئارەزووی نابوودیی تەواوو بنەڕەتیان بکەین. بەهەر حاڵ ژیان لە کۆمەڵگادا بە مانای ژیان بە شێوازێکە کە تێیدا کردەوە بەسەر کردەوەی تر شیاوەو لە ڕاستیدا لە حاڵەتی جێبەجێ بووندایە. کۆمەڵگای بێ پێوەندییەکانی دەسەڵات، تەنیا دەکرێ وێناکردنێکی ئەبستراکت بێت. هاوکات دەبێ بڵێین هەر ئەم بابەتە شیکردنەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگا، پێکهاتنی مێژووییان، سەرچاوەی هێز یان لاوازییان‌و هەلومەرجی پێویست بۆ گۆڕین یان هەڵوەشاندنەوەیان لە ڕووی سیاسی زەروریتر دەکات، چونکە ئەو وتەیە کە کۆمەڵگا ناتوانێت بەبێ پێوەندییەکانی دەسەڵات بێ بەو مانایە نییە کە پێوەندییە جێگرەکان زەرووربن‌و یان دەسەڵات چارەنووسێکە لە هەناوی کۆمەڵگادایەو ناتوانرێ لەناو ببرێت، لەبەرانبەردا بە

بڕوای من شیکردنەوە، ڕوون کردنەوەو تاوتوێ کردنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتو ((ململانێخوازی)) لەنێوان پێوەندییەکانی دەسەڵاتو چوارچێوەی ئازادی، ئەرکێکی سیاسی هەمیشەییو بەردەوامە کە لە زاتی بوونی کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی گشتی پەنهانە.بەشێوەیەکی بابەتیو کۆنکریتی، شیکردنەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات پێویستی بە سەلماندنی چەند خاڵ هەیە:

١- سیستەمی جیاکارییەکان کە ئەو دەرفەتە بە تاك دەدات لەسەر کردەوەی ئەویتر کارو کردەوە ئەنجام بدات. ئەم سیستەمە ئەو جیاوازیو جیاکارییە دروست کراوانە دەگرێتەوە کە بەهۆی یاسا یان پلەوپایەو ئیمتیازاتی تەقلیدی، جیاوازی ئابووری لەوەدەست هێنانی سامانو شمەك، جێگۆڕکێ لە ڕەوتی بەرهەمهێنان، جیاکاری زمانی یان کولتووری، جیاوازی لە شارەزاییو سەلاحییەتو تاد دروست دەبن. هەموو پەیوەندییەکانی دەسەڵات، هەندێ جیاکاری جێبەجێ دەکات کە لەهەمان کاتدا هەلومەرجو دەرەنجامی ئەون.

٢- ئەو جۆرە ئامانجو مەبەستانەی ئەو کەسانەی کە لەسەر کردەوەی کەسانی تر کار دەکەنو بە دوایەوەن: پاراستنی ئیمتیازاتەکان، کۆکردنەوەی سوود، بەکاربردنی ئۆتوریتەی یاسایی، جێبەجێ کردنی ڕۆڵ یان پیشەیەکی تایبەتی لەم جۆرەن.

٣- هۆیەکانی بەرقەراریی پەیوەندییەکانی دەسەڵات: بەپێی ئەوەی ئایا دەسەڵات لە ڕێگەی هەڕەشەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی قەهرو ناچاری، بەهۆی کاریگەریی (ترغیبی) ئاخاوتن، بە کەڵك وەرگرتن لە نایەکسانییە ئابوورییەکان، بە بەکارهێنانی هۆیە کەمو زۆر ئاڵۆزەکانی کۆنترۆڵ، بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی چاودێری، بە بەکارهێنانی ئەرشیفەکان، بەهۆی ئەو ڕێسایانەی کە ئاشکرا یان زمنیو جێگیر یان بگۆڕن، بە بەکارهێنانی هۆیە تەکنەلۆژییە پێویستەکان بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەمانە یان بەبێ بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە جێبەجێ دەبێت یان نا.

٤- شێوەکانی دامەزراوێتی: لەوانەیە ئەم شێوەیە مەیلە تەقلیدییەکان، بونیادە حقووقیو دیارەکانی تایبەت بە نەریتو شێوازە باوەکان لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بکات (وەکو دامەزراوی خێزان)، ئەمانە لەوانەشە لەشێوەی چوارچێوەیەکی داخراو خۆ بنوێنن کە خاوەنی پێکهاتەیەکی وردو ڕێك، ڕێساو بونیادی زنجیرە پلەیو دیاری کراوو سەربەخۆییەکی تایبەت بە خۆیانن لە کاروکردەوەدا (وەکو بونیادی قوتابخانیی یان سەربازی)، هەروەها لەوانەیە ئەم شێوانە بریتی بن لە سیستەمی یەکجار ئاڵۆزی خاوەن دەزگای چەند دانەیی وەکو دەوڵەت کە ڕۆڵەکەی بریتییە لە

باڵادەستی بەسەر هەموو کاروبارەکاندا، پێکهێنانی سیستەمی چاودێریی سەرانسەری، پیادەکردنی پرنسیپی ڕێکخستنو چاودێریو تاڕادەیەکیش دابەشکردنی هەموو پێوەندییەکانی دەسەڵات لەهەناوی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا.

٥- پلەکانی عەقلانی بوون: جێبەجێ کردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات وەکو کارکردن لە بواری توانکاندا، لەوانەیە بەپێی ڕێژەی کاریگەری ئامرازەکانو قەتعییەتی دەرەنجامەکان (ئەو ئامرازە تەکنۆلۆژییە گەورەو بچووکانەی کە لە پیادەکردنی دەسەڵاتدا بەکاردەبرێن)و هەروەها بەپێی بودجەی ئیحتیمالی (جا چ بودجەی ئابووری امرازە بەکارهاتووەکان یان بودجە بە مانای ئەو بەرگرییەی کە دەورووژێنرێت)، ئاڵۆزترو تێروتەسەلتر دەبێ، جێبەجێ کردنی دەسەڵات، واقیعییەتێکی ڕووتو قووت نییە یان مافێکی تایبەت بە دامەزراوێکی تایبەتی یان بونیادێك نییە کە بەرگری بکاتو یان تێکبشکێت، بەڵکو پێکدەهێنرێت، شێوەکەی گۆڕانی بەسەردادێ، ڕێکخراو پەیدا دەکاتو هەندێ پرۆسە بۆ خۆی پێکدەهێنێ کە تاڕادەیەك لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەدا دەگونجێن.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی ناتوانین شیکردنەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە هەناوی کۆمەڵگا بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵە دامەزراوێك یان تەنانەت هەموو ئەو دامەزراوانە کورت بکەینەوە کە شایانی سیفەتی (سیاسی)ن. پێوەندییەکانی دەسەڵات ڕەگی لە تۆڕی کۆمەڵگادایە، بەو حاڵەش مەبەستمان ئەوە نییە کە پرنسیپی دەسەڵاتی سەرەتاییو بونیادیی بوونی هەیە کە باڵادەستی بەسەر بچووکترین بەشی کۆمەڵگادا هەیە، بەڵکو بەوەبەر چاوگرتنی هەندێ فاکتەری وەکو دەرفەتی کارکردن لەسەر کاری ئەوانی تر (کە هاوتای هەموو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە)، شێوە جۆراوجۆرەکانی جیاوازی تاکە کەسی، جۆری ئامانجو مەبەستەکان، شێوە بەکاربردنی دەسەڵات بەسەر خودو ئەوانی تردا، شێوازەکانی دامەزراوێتی سنووردارو گشتیو پلە جیاوازەکانی ڕێکخستنی ئاگایانە، وەکو خاڵی دەسپێك، دەتوانێت شێوە جیاوازەکانی دەسەڵات پێناسە بکات، شێوەو پێگەی تایبەتی حکومەتی تاکەکان بەسەر یەکتریدا، لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا جۆراوجۆرە، لەگەڵ یەکتردا پێوەندییان هەیەو دەچنە ناو یەکتری، سنووری خۆیان دیاری دەکەن (و) هەندێ جار یەکتر هەڵدەوەشێننەوەو هەندێ جاریش یەکدی بەهێز دەکەن. بێگومان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، دەوڵەت تەنیا یەکێك لە شێوە یان پێگە تایبەتییەکانی پیادەکردنی دەسەڵات نییە، تەنانەت ئەگەر گرینگترین شێوە یان پێگەش بێت، بەڵکو دەبێ هەموو شێوەکانی دیکەی پێوەندی دەسەڵات بە

جۆرێك بۆ ئەو بگەڕێنەوە، بەلاّم ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەم شێوانە لە دەوڵەتەوە داتاشراون، بەڵکو هۆیەکەی ئەوەیە کە پۆەندی دەسەلاّت زۆر زیاتر کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە (هەرچەندە ئەم کۆنترۆڵە دەوڵەتییە شێوەیەکی یەکسانی نییە لە سیستەمی پەروەردەیی، دادوەری، ئابووری یان خێزانیدا). بە ئاماژەکردن بۆ مانای سنوورداری وشەی حکومەت لێرەدا دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی دەسەلاّت بە چەشنێکی ڕوو لە زیاد بە حکومەتی بوون، واتە ئاڵۆزتر، عەقلاّنیترو لەشێوەی دامەزراوی دەوڵەتی یان لەژێر چاودێری ئەوان چەقبەستووتر بوونە.

## پەیوەندییەکانی دەسەلاّتو پێوەندی ستراتیژی

وشەی (ستراتیژ) ئێستا بەسێ مانا بەکاردێت. یەکەم بە مانای ئەو هۆو ئامرازانەی کە لەپێناوی وەدەست هێنانی ئامانجێکی تایبەتیدا بەکاردەبرێن. لەم حاڵەدا مەسەلەکە کارکردنە بە شێوازێکی عەقلاّنی بۆ گەیشتن بە ئامانج. دووەم بە مانای شێوازی کردەوەیەکە کە یەکێك لەلایەنەکانی گەمەیەکی تایبەتی، سەبارەت بەوەی بە بڕوای ئەو ئەویتر ئەنجامی دەداتو یان ئەوەی بە بڕوای ئەو ئەویتر پێیوایە ئەم ئەنجامی دەدات، بە ئەنجامی دەگەیەنێت، لێرەدا یەکێکیان دەیەوێ بەسەر ئەوی تردا ئەفزەلّیەت وەرگرێ. سێیەم بە مانای شێوازە باوەکان لە بارودۆخی ڕووبەڕووبوونەوەو ئەو پێشبڕکێیەیە کە تێیدا یەکێکیان هەوڵ دەدات نەیارەکەی لە هۆو ئامرازەکانی خەباتبێبەش بکاو ناچاری بکات دەست لە تێکۆشان هەڵگرێت، لێرەدا مەسەلەکە پێوەندی بە ئامرازی پێویست بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن هەیە. ئەم سێ مانایە لەبارودۆخی ڕووبەڕووبوونەوەو بەگژیەکداچوون، چ لە جەنگ بێت یان لە گەمەکان لێك دەبەسترێن، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا ئامانج، هەنگاونانە لە دژی نەیار بە چەشنێك کە درێژەدان بە خەباتی لێ ئاستەم بکات. کەواتە ستراتیژی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ڕێگاکانی سەرکەوتن پێناسە دەکرێت، بەلاّم دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت کە ئەم بارودۆخە، جۆرێکی یەکجار تایبەتییەو هەندێ بارودۆخی دیکە هەیە کە تێیاندا جیاوازی لەنێوان مانا جیاوازەکانی وشەی ستراتیژی دەبێ پارێزراو بێت. بە ئاماژەکردن بۆ مانای یەکەم دەتوانین "بڵێین" ستراتیژی دەسەلاّت بریتییە لە گشت ئەو هۆو ئامرازانەی کەبە مەبەستی جێبەجێ کردنی کاریگەریی دەسەلاّت یان پاراستنی بەکاردەبرێن. هەروەها دەتوانین باسی ستراتیژی گونجاوی پێوەندییەکان دەسەلاّت بکەین بە مانای سیماکانی ئەنجام دانی کردەوە لەسەر کردەوەی مومکین "واتە" کردەوەی ئەوانیتر. کەواتە دەتوانین ئەو میکانیزمانەی کە لە پێوەندییەکانی دەسەلاّتدا بەکاردەبرێن، وەکو ستراتیژ راڤەی بکەین، بەلاّم هەڵبەتە لە هەموویان گرنگتر پێوەندی نێوان پێوەندییەکانی دەسەلاّتو ستراتیژییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەو بەگژیەکدا چوونە، چونکە ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت کە سەرپێچی، جۆرە بەرگرییەکی سەرسەختانە لەلایەن پرنسیپی ئازادییەوە لە دڵی پێوەندی دەسەلاّتدایەو مەرجی هەمیشەیی بوونیادە، لەو حاڵەتەدا هیچ پێوەندییەکی دەسەلاّت بەبێ هۆو ئامرازی ڕاکردنێکی گریمانەیی لەخودی ئەمە نابێت. هەموو پێوەندیەکی دەسەلاّت لانی کەم بە چەشنێکی بەزەبر سەراپابوونی ستراتیژی خەباتێکە کە تێیدا هێزە بەگژیەکدا چووەکان لەناو یەکدا ناتوێنەوەو تێکەڵ نابن، خەسڵەتی تایبەتی خۆیان لەدەست نادەنو یان تێکەلاّو نابن هەر کام بۆ ئەوی تر سنوورو هێڵی هەمیشەییو خاڵی پاشەکشەی گریمانەیی پێکدەهێنێ. پێوەندی ڕووبەڕووبوونەوەو بەگژیەکداچوون کاتێك دەگاتە ڕادەی خۆی، واتە دەگاتە ساتی کۆتایی (ساتی سەرکەوتنی یەکێك لە نەیارەکان) کە میکانیزمە جێگیرەکان ببنە جێنشینی ڕەفتاری ئازادانەی دژ کردەوەی دوژمنانە. لە ڕێگەی ئەم جۆرە میکانیزمانەوە دەتوانرێت بە چەشنێکی تا ڕادەیەك جێگیرو بە پلەیەکی مەعقوولی دڵنیاییو یەقینەوە ڕەفتاری ئەوانی تر هیدایەت بکرێت. بۆ هەر پێوەندییەکی ڕووبەڕووبوونەوەو بەگژیەکداچوون، لەو ساتەوە کە ئیدی خەباتێك تاکو سەر گیان نەژمێرێت، سەقامگیرکردنی پێوەندییەکانی دەسەلاّت دەبێتە ئامانجی ئەو بەگژیەکداچوونەو ئەمەش بۆ خۆی لە یەك کاتدا هەم بە مانای کامڵ بوونو هەم بە مانای هەڵپەساردنیەتی. بەنۆرەی خۆی ستراتیژی خەباتیش بە سنوورو چووارچێوە بۆ پێوەندییەکانی دەسەلاّت لە قەڵەم دەدرێت، سنوورو ستراتیژی خەباتیش بە نۆرەی خۆی، بە سنوورو چوارچێوەیەك بۆ پێوەندییەکانی دەسەلاّت دادەنرێت، سنوورو هێڵێك کە تیایدا لەبڕی ورووژاندنی کرداره حساب بۆ کراوەکان، دەبێ (تەنها بۆ پیشاندانی کاردانەوەی لەبەرامبەر کردارەکاندا پاش ڕەوانیان، رازی بین)؟ پێوەندیەکانی دەسەلاّت ناتوانن بەبێ بوونی خاڵەکانی یاخیبوونو بەرگری کە بە پێناسە هۆکاری راکردنن (لە پێوەندیەکانی دەسەلاّت) بوونیان هەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە، هەر چەشنە توندکردنو گەشەپێدانێکی پێوەندییەکانی دەسەلاّت، بە مەبەستی ناچارکردنی یاخییەکان بۆ تەسلیم بوون، تەنیا دەتوانێ بەر سنوورەکانی دەسەلاّت بکەوێت. ئەم سنوورە، یان لە جۆری ئەو کردەوەیەیە کەنەیار تووشی بێ توانییو بێ دەسەلاّتی تەواو دەکا (لەم حاڵەتەدا سەرکەوتن بەسەر نەیاردا شوێنی پیادەکردنی دەسەلاّت دەگرێتەوە)

یـان بـەهۆی بەگژیەکداچوون لەگـەڵ تاکـەکانی ژێر حکومەتو گۆڕینیان بۆ دوژمن، دەگاتــە ســنووری کۆتــایی خــۆی، واتــە هــەموو ســتراتیژییەکی بەگژیەکداچــوون ئارەزوومـەندی گۆڕانـە بـۆ پێوەندییەکانی دەسەڵاتو هەموو پێوەندییەکی دەسەڵات مەیـلی بەرەو لای ئەو ئەندێشەیە دەچێت کە ئەگەر هێڵی پێشکەوتنی خۆی ببڕێتو لەگـەڵ ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی ڕاستەوخۆدا بـەرەو ڕووبێـت، لەوانەیـە بگۆڕێـت بـۆ ستراتیژییەکی سـەرکەوتوو.لەڕاسـتیدا لەنـێوان پێوەندیـیەکانی دەسەڵاتو ستراتیژی خـەباتدا، راکێشانێکی دوولایەنـە، پێوەندیـیەکی بـەردەوامو ناکۆکـیەکی هەمیشـەیی لەئارادایە. ڕەنگە لە هەموو ساتێکدا پێوەندییەکانی دەسەڵات بگۆڕێت بۆ بەگژیەکدا چـوونی دوو دوژمــن. هــەر بــەم جــۆرە، پــێوەندی نــێوان نــەیارو دوژمــنەکان لــە کۆمــەڵگادا، لەوانەیــە لــە هــەموو ســاتێکدا جــێگەی خــۆی بــدات بــە ڕەفــتاری میکانـیزمەکانی دەسـەڵات. ئاکـامی ئـەم ناسـەقامگیرییە، دەرفـەتو توانـای کەشـفی ڕووداوو گۆڕانکاریــیەکان، لەهــەناوی مــێژووی خــەبات یــان لەنــێو ڕوانگــەی پێوەندیــیەکانی دەســەڵاتدا ئــەو ڕاڤانــەی وەدەســت دێــن، لــە ڕەگــەزلی مانــایی، پێوەندیـیەکانو چـەندین جۆرە مانـای یەکسان پێکنەهاتوون، هەرچەندە ئاماژە بۆ تـانوپۆو پـێکهاتەیەکی یەکسان دەکـەنو هـەردوو شـیکردنەوەکەش دەبـێ بـۆ یـەکتر بگەڕێـنەوە. لەڕاسـتیدا ڕێـك هـەر ئـەم جیاوازیـیانەی نـێوان ئـەم دوو ڕاڤەیەیـە کـە دیـاردە بونیادیـیەکانی ((دەسـەڵات)) دەخاتـە بـەر دیدمـان کـە لـە ژمارەیـەکی زۆری کۆمـەڵگا مرۆیـیەکاندا هەیـە.لـە ڕاسـتیدا دەسەڵات بونیادی گشتیی ئەو توانایەیە کە هـەندێ جار دەتوانـین لـقو دەرهاویشـتەکانی لـە یاخـیترین پـێکهاتەکانی کۆمـەڵگادا ببینیــنەوە، بــەڵام لەهــەمان کــاتدا دەســەڵات بارودۆخــێکی ســتراتیژی تاڕادەیــەك بەحەتمی دانراوە، کە بەهۆی بەگژیەکداچوونی دوورودرێژی نێوان دوژمنەکان پتەو بـووە. لەوانەیـە واقیعیـیەتی دەسـەڵات تەنـیا خواسـتنێکی میکانیزمی ئەو دەسەڵاتە بێـت کـە بەرهـەمی بەگژیەکداچـوونو شـوێنەوارەکانی بێـت (وەکـو ئـەو بونـیادە سیاسـییەی کەلەهـێرش بـردنەوە پـێکهاتووە)، هـەروەها ڕەنگـە پـێوەندی خـەبات لـە نــــێوان دوو دوژمــــن، دەرەنجــــامی پــــێوەندی دەســــەڵاتو کێشــــەو قــــەبارە بەرجەسـتەبووەکانی ئـەوان بیبێـت، بـەڵام ئـەوەی دەسـەڵاتی گرووپـێك، کاسـت یـان چینێك، وێـڕای ئـەو بەرگـریو شۆڕشـانەی کـە ئـەم دەسـەڵاتە لەگەڵیاندا بەرەوڕوو دەبێــت، دەکاتــە دیــاردەی ســەرەکیی مــێژووی کۆمــەڵگاکان، ئەوەیــە کــە ئــەوان (دەســەڵاتو بەرگــری)، لــە ئاســتی هــەموو هــەرەمی کۆمــەڵگادا، بەچەشــنێکی

هەمــەلاگیرو گشــتی، بەیەکــەوە گــرێدراوی پێوەندیــیەکانی دەســەڵاتو پــێوەندی ستراتیژیو دەرەنجامی وەدەست هاتوو لەهەڵسوکەوتی ئەو دووانە ئاشکرا دەکەن.

پەراوێزەکان

★ سوژەیی هەر بەو مانایەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بەکاردێت، واتا ئەو شتەی وا لەتاك دەکات بەند بێت بەخۆیەوەو بەم جۆرە تەسلیمی ئەوانی تری دەکات. کەواتە سوژەیی هەڵگری ناوەڕۆکی بەندایەتیوملکەچییە، هەر بۆیە لێرەدا فۆکۆ هەردوو وشەی ئینگلیزی((subjection))و ((subjectivity))ی بە زۆری بەیەك مانا بەکاردێنێت (و.ف).

١- کاتێك هابرماس لە نێوان دەسەڵات، پێوەندیو توانای تەواودا، جیاوازی دادەنێت، بە بڕوای من ئەو تێیاندا سێ پانتایی لێك جیا نابینێت، بەڵکو سێ (امور استعلایی) دەبینێ.



٢- لێرەدا فوکو یاری بە مانای دوو لایەنەی فرمانی ((conduire)) بەمانای هیدایەت کردنو پاڵنانو ((cmnduirese)) بە واتای چاودێری کردن بەسەر ڕەفتاری خۆو خۆ بەڕێوەبردن (کە La conduite بە مانای ڕەفتار لەو وەرگیراوە). یادداشتیو. E.

٣- agonism: فوکو ئەم وشەیەی لە وشەی یۆنانی aywviaua دروست کردووە کە بەمانای ((خەبات)) دێت.

لەم ڕوویەوە ئەم وشە دروست کراوە بە مانای خەباتو ململانێی جەستەیی دێت وەکو پێشبڕکێی زۆرانبارزی کە تێیدا هەر کام لە نەیارەکان، ستراتیژییەکی وەکو یەك بۆ دژەکردەوەو لێدانی گورز لەوی تر ڕێکدەحات. و. E.

ژێدەر

میشیل فوکو، فراسوی ساختطراییء هرمنیوتیك، هیوبرت دریفوس/ ئل رابینو، ت: د. حسین بشریة، ١٣٧٩.

# دەسەڵات

بۆنسێن: یەکەمین کتێبتان، مێژووی شێتی لە چەرخی کلاسیکدا ( Histore de La folie a Large C;assique) لە ساڵی (١٩٦١) بلاّوکرایەوە، لەو ڕۆژانەدا هۆکاری هۆگری ئێوە بۆ بابەتی شێتی بۆچی دەگەڕایەوە؟

فۆکۆ: ئاماژەکردن بەو هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەم بابەتە کارێکی ئاسان نییە. تەنیا دەتوانم چەند یادەوەرییەك لەم پانتاییەدا بگێڕمەوە. سەرەتا، من هیچ کاتێك هەستم نەدەکرد کە وەکو نووسەر پەیامێکم لەسەر شانە ئێستاش پێم وانییە کاری من نووسەرییە، قەڵەم بەدەستەوە گرتن- هەڵبەتە من تەنیا سەبارەت بە خۆم قسە دەکەم- چالاکییەکی پەتیو ڕەهایە کە لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر گرنگی هەیە. کەواتە ئەوەی سەرنجی منی بۆ ئەو واقیعیەتە یەکجار سەیرە ڕاکێشا کە بە ((زیندانی کردن)) ناوزەدمان کردووە، لایەنی گشتی زنجیرەیەك لەشتو بارودۆخەکان بوو، وەك ئەوەی من سەرەتا فەلسەفەو پاشان پاپۆلۆژی (زیانناسی) دەروونیم خوێندبوو و دواتر لە نەخۆشخانەیەکی دەروونپزیشکی خەریکی مەشق بوومو لەوێ شانسی ئەوەم هەبوو کە نە نەخۆش بوومو نە پزیشكو دەمتوانی بەبێ پێش داوەری (حوکمی پێش وەختە)و تاڕادەیەك بێ لایەنانەو لەدەرەوەی چوارچێوەی ڕێسا باوو کارپێکراوەکان، سەیری مەسەلەکان بکەم. ئەوەی بەتایبەتی سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوەبوو کە هەردوولا ئەم شێوازەی حەبس کردنیان بە چەشنێکی ڕەها وەکو شتێکی بەدیهی سەیری دەکەنو قبووڵی دەکەن.. بەلاّم من وردە وردە بۆم دەرکەوت کە نەتەنیا ئەم شێوازە بەهیچ جۆرێك بەدیهی نییە، بەڵکو بەسەرهاتێکی گەلێك دوورو درێژی هەیە کە لەسەدەی نۆزدە بەدواوە گەیشتۆتە لوتکەی خۆی.

بۆنسێن: ئایا جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە مامۆستایەکی فەلسەفە خەریکی لێکۆڵینەوە بێت لەسەر (بابەتێکی وەکو) ((مێژووی شێتیی))؟

فۆکۆ: ڕاستە، ئەمە شتێك نەبوو بەو مانایەی کە وەکو تێزی دکتۆرا، لەگەڵ فەیلەسووفێکدا بگونجێت، هەربۆیە من بۆخۆم تەنیا کاتێك کە بینیم مامۆستاکانم چەندە هەوڵ دەدەن پەلە لە حوکمدان نەکەنو (دەیانەوێ) لە قسەکانم تێبگەن، سەرەنجام هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە دەبێ تێزێك لەسەر بنەمای ئەم بابەتە بنووسم، بەلاّم باشتر وایە واز لەم بابەتە بچووكو زانکۆییانە بێنین، چونکە گومانی تێدا نییە کە پرسیاری تۆ زۆر فراوانترە لەم جۆرە شتانە. هەڵبەتە بابەتێکی لەم جۆرە لە کۆڕو کۆمەڵە زانکۆییەکاندا جێگەی پەسەند نییە، بەلاّم ئەو شتە سەیرەی کە تاکو ئێستاش سەرئێشەم بۆ پێك دێنێ ئەوەبوو کە تەنانەت لەو کۆڕو کۆمەلاّنەی کە دەبووایە هۆگری ئەم جۆرە بابەتانەبووبان، بە هیچ چەشنێك پێشوازی لەم بابەتە نەکرا، بەشێوەیەکی گشتی مەبەستم لەو کەسانەیە کە دەتوانین ناویان بنێین ((ڕۆشنبیری باڵی چەپ)) (پابەندبوون بەوەی کە ((ڕۆشنبیر)) کەمو زۆر یەکسانە لەگەڵ ((ڕۆشنبیری باڵی چەپ))و لەو سەردەمەدا دەسەلاّتی ڕۆشنبیری چەپگەرا بەسەر دونیای ڕۆشنبیریدا، لەشکان نەهاتوو بوو). بەڵێ، لەنێو ئەم کۆڕو کۆمەلاّنەدا بەهیچ چەشنێك توێژینەوەکانی من سەبارەت بە مێژووی شێتی سەرنجی (کەسی) ڕانەکێشا. تەنیا ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەم جۆرە کتێبانەبوونو کەسانی وەکو بلانشۆ (Blanchot) و بارت (Barthes) بوون کە سەروکاریان لەگەڵ ئەدەبدا هەبوو، بەلاّم جگە لەمە، هیچ گۆڤارێکی ڕۆشنبیریو سیاسی

شایستەی ئەم ناوە ئامادە نەبوو بچووکترین ئاماژە بەم جۆرە کتێبەو بەم جۆرە بابەتە بکات. گۆڤارێکی وەکو (لێس تێمپس مۆدێرنس Les Temps Modernes)(١) یان (ئێسپرێت-Esprit)(٢)، هەروەك بۆ خۆت دەزانی، بەهیچ جۆرێك بەلای ئەم شتانەدا نەدەچوو...

بۆنسێن: بۆچی؟

فۆکۆ: پێم وایە بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە مارکسیزم بە مانای تیۆری گشتی کۆمەڵگاو مێژووو شۆڕشو تاد، بەتەواوی هەیمەنەی هەبوو بەسەر باسە سیاسیو تیۆرییەکاندا. هەربۆیە، ئەوکەسەی بیویستایە ئەم جۆرە بابەتانە بێنێتە ناو پانتایی سیاسەت، وەکو ئەوە وابوو کە لەمەڕ پلە یەك لەدوای یەکی بەها تیۆرییە وەدەست هاتووەکان تووشی کارێکی خراپ هاتبێت. هۆیەکی تر کە من لەو سەردەمەدا لەبەر زۆر هۆکار لێی بێخەبەر بووم ئەوەبوو کە حزبە کۆمۆنیستەکانو ئەو رۆشنبیرە چەپگەرایانەی کە پەیڕەویان لێ دەکردن، لەبنەڕەتدا نەیاندەویست بێنە نێو ئەم جۆرە بابەتەوە.

بۆنسێن: چونکە لەو دیوی مێژووی شێتییەوە، کێشەی ئەوروپای رۆژهەڵات خۆی مەڵاس دابوو.

فۆکۆ: بەڵێ، وابوو، من ئەو کتێبەم لە پۆلۆنیا نووسیوەو لەکاتی نووسیندا نەمدەتوانی بیر لەوشتانە نەکەمەوە، کە لەدەوروبەری خۆم دەمبینین، لەڕێگەی جۆرێك پەیوەندی وێکچووی (تشبیهی)و ناتەکوینی، هەندێ پێك چوونم دەدیت، بەلاّم بەتەواوی نەمدەزانی کە میکانیزمی حەبسکردنو چەسپاندنی دیسپلینی گشتی لەکۆمەڵگادا چۆن کاردەکات. بەجۆرێکی تر، نەمدەزانی توێژینەوەی من لە مێژووی شێتیو ئەوەی لەدەوروبەرمدا دەیبینم، چۆن دەتوانێ لەشیکردنەوەیەکی گشتی، لەکاتی پێکهاتنی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئەوروپا لەسەدەی حەڤدەوە تا کۆمەڵگا سۆسیالیستییەکانی سەدەی بیستەم، بکەوێتەوە، بەلاّم هەندێ کەس هەبوون دەیانزانی! من ماوەیەکی درێژ نەمدەزانی چی دەزانن.. کۆمۆنیست ترین دەروونپزیشکی فەڕەنسی لەدەیەی (١٩٥٠) چوو بۆ مۆسکۆو لەوێ بینی کە چۆن لەگەڵ ئەوکەسانەی نەخۆشی (دەروونیان)) هەیە هەڵسوکەوت دەکرێ، بەلاّم کاتێك گەڕایەوە، یەك قسەشی نەکرد. تەنانەت یەك وشەش، نەك لەبەر ترسنۆکیی، بەڵکو بە بڕوای من لەبەر ئەوەی کە شەرەفی ڕێگەی پێ نەدەدا. گورزێکی ئەوتۆی بەرکەوتبوو کە نەیویست هیچ بڵێتو تاچەند ساڵ دواتر مردو، لەبارەی ئەوەی بینیبووی (مگلقا) هیچ شتێکی نەگوت.. کەواتە من بڕوایەکی پتەوم بەوە هەیە کە خستنەڕووی مەسەلەی زیندانیکردنو ماهیەتی حەقیقی شێوازەکانی دەروونپزیشکی کە لەسەدەی حەڤدەوە تاکو سەردەمی ئێمە بەسەرتاسەری ئەوروپادا بلاّوببۆوە، لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی دەرفەتی هاتنە ئارای نەبوو.

بۆنسێن: بەلاّم دەروونپزیشکەکان نەیاندەتوانی کتێبەکەت، واتە مێژووی شێتی، یەکڕاست وەلاوە بنێنو وەبەرچاوی نەگرن. هەروەك بۆ خۆتان باستان کرد، لەسەرەتادا بەرگریو ئاستەنگی سیاسی لەئارادابوو. پاشان چی ڕوویدا؟ ئایا دواتر کتێبەکەیان خوێندەوەو لەهەڵەی تۆ خۆش بوون کە ئەم جۆرە کتێبەت نووسیوە؟

فۆکۆ: دژ کردەوەکان بەڕاستی سەیر بوون. لەسەرەتادا هیچ دژ کردەوەیەك لەلایەن دەروونپزیشکەکانەوە ئەنجام نەدرا. دواتر مانگی مایۆی (١٩٦٨) هاتو کەمێك پاش ئەو لە ساڵی (١٩٦٩) دەروونپزیشکەکان بەسەرکردایەتی مارکسیستەکان لە کۆنفرانسێك دا لە شاری تۆلۆز لە دەوری یەکتر کۆبوونەوەو کەوتنە لێدانی دەهۆڵو زوڕناو منیان بە ئیدیۆلۆگی بۆرژواو شتی لەم جۆرە لە قەڵەم داو دادگایەك لە دەروونپزیشکەکان بۆ مەحکوم کردنی ئەم کتێبە پێك هات، بەلاّم لەو سەروبەندەدا مانگی مایۆی (١٩٦٨) هاتبووو (وقوتابیە فەڕەنسییەکان ڕاپەڕیوون)و ڕەوتێکی قووڵی ((دژە دەروونپزیشکی)) کە لەگەڵ ناوی لینگ (laing)و کوپێر (cooper )دا لێك گرێدرابوو لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا باسی لێوەدەکرا، سەرنجی جەماوەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە ساڵی (١٩٦٨) دەروونپزیشکە لاوەکان، یان ئەو کەسانەی کە تازە لەگەڵ چەمکە دژە دەروونپزیشکییەکان ئاشنا دەبوون. بە ئاشکرا کەوتنە لەقاودانی هەندێ لە شێوازەکانی دەروونپزیشکی. لەناکاو کتێبەکەی من وەکو نووسینێکی ((دژە دەروونپزیشکی)) لەقەڵەم دراو هەر لەبەر ئەوهۆیە تاکو ئەمڕۆش لێبووردنو عەفو منی نەگرتۆتەوە، کە هەڵبەتە هیچ شتێك لەمە گاڵتە جاڕانە تر نییە. چەند دەروونپزیشکێك دەناسم، لەکاتی وتوێژ لەگەڵ من کاتێك

دەیانەوێت ئاماژە بەو کتێبە بکەن بەهەڵە بە ((ستایشکردنی ئێستایەتی - L,Eloge de lafolie) ناوی دێنن، کە لە ڕوانگەی منەوە هەم زۆر دڵگیرەو هەم زۆر گاڵتە جاڕانەیە. دیسان هەندێ کەسی ئەوتۆ دەناسم کە کتێبەکە وەکو بەرگرینامەیەك بەلایەنگری لە بەها پۆزەتیڤەکانی ئێستایەتی لە بەرانبەر مەعریفەی دەرونپزیشکی لێك دەدەنەوە...هەڵبەتە بە هیچ چەشنێك ئەم جۆرە شتە لە مێژووی شێتیدا نەهاتۆتە بەرباس، ئەوەندە بەسە کتێبەکە بخوێننەوە بۆئەوەی ئەم بابەتەتان بۆ دەربکەوێ.

بۆنسێن: لەساڵی (١٩٦٦) کتێبێکتان لەژێر ناوی (وشەکانو شتەکان Les Mot et les Choses) بلاوکردەوە کە لەوکاتەوە تاکو ئێستا زۆر بەناوبانگ بووە. ئەم کتێبە دژوارە..

فۆکۆ: بەڵێ ڕاستە، مۆڵەتم بدەیە هەرلێرە خێرابڵێم ئەو کتێبە دژوارترینو هیلاك- کەرترین کتێبەکە تاکو ئێستا نووسیومە، لەسەرەتا مەبەستی جدی من ئەوەبوو کە تەنیا نزیکەی دوو هەزار کەسی زانکۆییو توێژەرو هۆگری هەندێ بابەتی مێژووی هزرەکان بیخوێننەوە..بۆچی کتێبەکە بەم جۆرە خۆشەویست بوو، لوغزێکی رەهایە، منو بلاوکەرەوەی کتێبەکە لەم بارەیەوە زۆرمان بیرکردۆتەوە، چونکە بەرلەوەی تەنانەت یەك ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بلاوبکرێتەوە. کتێبەکە سێ جار چاپ کرایەوە.

بۆنسێن: بەڵێ، ڕاستە، بەلام ئایا سەرکەوتنی ئەم کتێبە، لەخۆگری هەندێ خراپ تێگەیشتنو بەد تەعبیرکردن نەبووە؟ قامووسی بچووکی (لاروس) وەکو نموونە دەهێنمەوە کە هەموو ساڵێك بەتیراژی سەدان هەزاردانە دەفرۆشرێتو ئەوە بابەتێکە کە لەوێدا نووسراوە: ((میشیل فۆکۆ...دامەزرێنەری جۆرە فەلسەفەیەکی مێژوو کە بنەماکەی لێك پچڕاوییە)). دەزانم بۆخۆتان هەرگیز بەم کۆبەندییە رازی نەبوونە. بۆچی؟

فۆکۆ: ئەم هزرە- واتە وێنای ((لێك پچڕان)) یان (پێکەوە نەلکاویی))- لە دوان لەسەر وشەکانو شتەکان بۆتە یەکێك لە دۆگماکان، بەلام ئایا دەبێ من وەکو بەرپرسی ئەم کارە بناسرێم؟ لە ڕاستیدا کتێبەکە پێچەوانەی ئەمە دەڵێت، بمبوورە

ئەگەر دۆگمایانە دەدوێم، بەلام هەر ئەوەندە بەسە، کە سەیری زەمینەی باسەکانی من لەو کتێبەدا-واتە مێژووی زیندەوەرزانی، مێژووی ئابووری سیاسی، یان مێژووی رێزمان-بکەن تاکو یەکڕاست چاوتان بەو لێك پچڕانو پێکەوە نەلکاوییە گەورانە بکەوێت. دەرەنجامی مەسەلەکە بۆ نموونە ئەوەبوو کە فلانە کتێبی پزیشکی تایبەت بەساڵی (١٧٥٠)، بە بڕوای ئێمە هیچ نییە جگە لە پارچەیەکی گاڵتەجار لە کەلتووری جەماوەر (عامە) دەتوانین بڵێین بەهیچ جۆرێك سەری لێ دەرناکەینو چی لێ تێناگەین. لەلایەکی ترەوە، حەفتاساڵ دواتر، لە دەوروبەری ساڵی (١٨٢٠)، هەندێ کتێبی پزیشکی دەردەکەون سەرەڕای ئەوەی لە ڕوانگەی ئێمەوە هەڵگری گەلێك شتی ناڕاستو یان نامەفهومە یان نزیکەییو نا دەقیقە، بەلام بە هەرحاڵ هەڵگری مەعریفەیەکی لە جۆری مەعریفەی ئێمە. کەواتە، لە وشەکانو شتەکان، من ئەم لێك پچڕاوییە بەدیهیو ئاشکرایەم کردۆتە بنەماو لەخۆم پرسیوە: ئایا ئەم لێك پچڕانە بەڕاستی لێك پچڕانە؟ یاخود بە جۆرێکی دیکە، پرسیومە بۆ تێپەڕبوون لە جۆرە مەعریفەیەك بەرەو مەعریفەیەکیتر، چ جۆرە ئاڵوگۆڕێك پێویست بووە؟ لە ڕوانگەی منەوە، ئەمە بەهیچ جۆرێك راگەیاندنی پێکەوە نەلکاوی مێژوو نییە، بەپێچەوانەوە، یەکێك لە ڕێگاکانی خستنەڕووی ئەم بابەتەیەو کە مەسەلەیەکە دەبێ چارەسەر بکرێت، کەواتە، شێوازی هەڵسوکەوتی من ڕێك بە پێچەوانەی فەلسەفەی لێك پچڕاوی یان پێکەوە نەلکاوی)) بووەو بەلام لەبەرئەوەی کتێبەکە بە ڕاستی کتێبێکی قورسو دژوارەو چونکە ئەوەی زووتر لە هەموو شتەکانی دیکە سەرنج ڕادەکێشێت، جەختکردنێکی بەهێزو ڕەنگو موبالەغە ئامێزە لەسەر نیشانەی ڕووکەشیەکانی ئەم لێك پچڕاوییانە کە لەڕووی پەروەردەییەوە ئەنجام دراوە، بەشێکی زۆر لە خوێنەران چاویان بەشتێکی تر نەکەوتووەو نەیانبینیوە. کە ئامانجی کتێبەکە ڕێك دەسپێکردن بووە لەم لێك پچڕاوییە ڕووکەشانە (کە هەر چۆنێ بێت نووسەرانی مێژووی زیندەوەرزانی یان پزیشکی یان ڕێزمان بەبڕوای من لە بارەیانەوە هاوڕاو کۆك بوونە) لەپێناو نەهێشتنیان.

بۆنسێن: لەدوای وشەکانو شتەکان (کە پاشان بە کتێبی ئارکیۆلۆژیای مەعریفە- L,Archeologie de savoire کاملۆ تەواوتان کرد) لە ساڵی (١٩٧٥) کتێبی (دیسپلینو سزا- Suruveiller et Punir) تان بلاّوکردەوە. وشەکانو شتەکان کتێبێکی قورس بوو، بەلاّم دیسپلینو سزا ڕووی دەمی لە ژمارەیەکی زۆرتری خوێنەران بوو.

فۆکۆ: سەبارەت بە دیسپلینو سزا، گەرەکم بوو کتێبێك بنووسم کە پەیوەندی هەبێ بەو چالاکییە مەلووسانەی کە لەوکاتەدا لە پانتایی پرسی زیندانەکان لە ئارادابوو. بزاڤێك سەری هەڵدابوو کە لەبنەڕەتدا سەبارەت بە سیستەمی زیندانو شێوازەکانی حەبسکردنی تاوانبارەکان، گومانو پرسیاری جدیو قووڵی دەهێنا بەرباس. منیش کێشرامە ناو ئەم بزاڤەو بەیارمەتی ئەو کەسانەی پێشتر زیندانی کرابوون خەریکی چالاکی بوومو هەربۆیە ویستم کتێبێك لەسەر زیندان بنووسم..ئەوکارەی گەرەکم بوو ئەنجامی بدەم گێڕانەوەی سەربردە یان تەنانەت شیکردنەوی بارودۆخی مەوجود نەبوو، چونکە کارێکی ئەوتۆ پێویستی بە ئەزموونێکی زۆر زیاتر لە ئەزموونی من هەبوو و پێویستی بە پەیوەندییەکی زۆر قووڵتر لە پەیوەندی من بە پەشیمانگەکانەوە هەبوو.

نەو، ئامانجی من نووسینی مێژوویەك بوو تاکو بارودۆخی هەنووکەیی زیاتر قابیلی لێ تێگەیشتن بکاو ڕەنگە هەنگاونانی لێ بکەوێتەوە. یاخود بەجۆرێکیتر، دەمەویست ((نامەیەك سەبارەت بە قابیلیەتی تێگەیشتنی)) بارودۆخی پەشیمانگەکان بنووسمو ئەو بارودۆخە قابیلی لێ تێگەیشتنو لەوێشەوە قابیلی ڕەخنە لێ گرتن بکەم.

بۆنسێن: بۆ لێ تێگەیشتن شیانی بارودۆخی پەشیمانگەکان، بەمانای ڕووکردنەوە ژمارەیەکی زیاتری خوێنەرانیش بوو، ئایا وانییە؟

فۆکۆ: بەڵی، بێگومان ئەمە یەکێك لەلایەنە یەکجار زۆر گرنگەکانی بوو بە بڕوای من، دیسپلینو سزا کتێبێکی قوورس نییە بۆ خوێنەرانو هیوادارم هەرواش بێت، هەرچەندە هەوڵم داوە وردەکاریو جزئیاتی مێژوویی نەکرێنە قوربانی. بەهەرحاڵ، ئاگادارم کە بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە نە بە مانای تەواوی وشە زانکۆیی یان توێژەرنو نە بەمانای پاریسی ئەم وشەیە رۆشنبیرن، کتێبەکەیان خوێندۆتەوە ئاگادارم بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ زیندان هەیە- واتە پارێزەرانی دادگا، ئەوکەسانەی خەریکی پەروەردەو فێرکردنن، ئەوکەسانەی سەردانی زیندانەکانیان دەکەنو تەنانەت خودی زیندانیەکان- کتێبەکەیان خوێندۆتەوە. منیش هەر لەسەرەتاوە ڕووی دەمم لەم جۆرە کەسانە بووە، چونکە حەزم دەکرد کۆمەڵەیەکی بەرفراوانتر لە زانکۆییەکان، فەیلەسووف یان مێژوونووسەکان (دیسپلینو سزا) بخوێننەوە. زۆر لەوە دڵخۆش دەبم ئەگەر پارێزەرێك دیسپلینو سزا وەکو نامەیەك لەمەڕ مێژووی شێوازە سزاییەکان بخوێنێتەوە، هەروەك چۆن زۆر خۆشحاڵم کە مێژوو نووسەکان کەمو کوڕی گەورەیان تێدانەبینیوە، و زیندانییەکان لەنێو زندانەی زیندانەکاندا ئەو کتێبەیان خوێندۆتەوە. ئەوە کە دەرفەتی خوێندنەوەی کتێبەکە بۆ هەردوو دەستەی خوێنەران بڕەخسێت، زۆر گرنگە وەکو بلێی کۆکردنەوەی ئەم دووانە لەگەڵ یەکتر بۆمن کارێکی ئاسان نەبووە.

بۆنسێن: ئێستا دەگەینە جدیترین کتێبی ئێوە (ویستی زانین La volonte de sovoire) کە بڕیار وایە ببێتە بەرگی یەکەمی بەرهەمێکی گەورە بەناوی ((مێژووی جنسیەت)) ئەم توێژینەوەیە لەسەر پرسی جنسیەت چۆن پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووتری تۆدا پەیدا دەکات؟

فۆکۆ: لەو خوێندنەوانەی کە لەسەر شێتی یان زیندان ئەنجامم دەدان، ئەوە بە بیرمدا هات، کە تەوەری هەموو شتەکانی دیکە ئەو مەسەلەیەیە کە دەسەلاّت چییە؟ یاخود بەجۆرێکی دیکە، دەسەلاّت چۆن پیادە دەکرێتو کاتێك کەسێك دەسەلاّت بەسەر یەکێکی دیکەدا پیادە دەکات، چ ڕەوتێك دێتە ئاراوە؟ حەزی سێکسی لەبەرئەوەی لە هەموو کۆمەڵگایەك بەتایبەتی لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەڕێگەی ڕێسای چڕو توندەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، پێم وابوو پانتاییەکی لەبارە بۆ تاقیکردنەوەی ئەو بابەتە ئەو بابەتەکە میکانیزمەکانی دەسەلاّت دەسەلاّت بەڕاستی چین؟ بەتایبەتی لەبەرئەوەی لە توێژینەوەکانی دەیەی (١٩٦٠)، دەسەلاّت وەکو فاکتەرێکی نەهیکەر پێناسە دەکراو دەیانگوت دەسەلاّت ئەو شتەیە، کە پێشگیری دەکاتو ناهێڵێت خەڵك

فلآنـه كـار ئـەنجام بـدات، بـەلآم مـن بـڕوام وابـوو كـە دەسـەلآت شـتێكی لەمانـە زۆر ئاڵۆزترە.

بۆنسێن: بۆ شیكردنەوەی دەسەلآت، دەبێ بەر لە هەر ئەزموونێكو بەپێی پێناسە، بیبەستینەوە بەسەركوتكردن..

فۆكۆ: بەڵێ ڕاستە...

بۆنسـێن: هەربۆیـە، تـۆ لـە كتێـبی دیسـپلینو سـزادا زیندانەكانـت كـردە شـایەدو دەرتخست كە لـە فلآنـە ساتی دیاریكرودا، چاوەدێری زۆر زیاتـر لـە سزا بە كەڵكی دەسـەلآت هـاتووەو سوودی پـێگەیاندووە. لەویستی زانیـندا، جنسیەت وەكو نموونە هێنایەوە ویستت پێشانی بدەی، كە هەر لەبەر ئەوەیە، قبوولكردنی حەزو ئارەزووی سێكسی-یـش زۆر زیاتـر سوود بە دەسەلآت دەگەیەنێت نەك قەدەغەكردنی. ئایا بەم جۆرە نییە؟



فۆكـۆ: بـەزۆری دەڵـێن، لەكۆمـەڵگاكانی ئـێمەدا خـەڵك ناوێـرن لەمـەڕ جنسـیەتەوە بدوێـن. بـەڵێ، هەڵبەتە ڕاسـتە كـە خـەڵك بوێـری وتـنی هـەندێ شـتی نییـە، بـەلآم ئەوشـتەی كـە سـەرنجی مـنی ڕاكێشا ئـەوەبوو، كاتێ سەیر دەكەم لەسەدەی دوازدەی (زاییـنی) هـەموو كاسـۆلیكەكانی رۆژئـاوا ناچـار بوونـە حـەزی سێكسـیو هـەموو گوناهـەكانی خۆیـان لـەم بـوارەدا چ لـە جیهانی كـردەوەدا بـێ یان لە جیهانی هزردا، قـبوولّ بكەن، ئیتر ناتوانین بڵێین دوان لەمەڕ جنسیەتەوە بە تەواوی قەدەغە بووە، یـان لەگـەڵ سـەركوت بـەرەو ڕووبۆتـەوە. تەنـیا ئـەوەندە نەبێـت باسـی جنسـیەت پەیـڕەوی لـە شـێوازێكی تایـبەت كـردووەو لـە چوارچـێوەی كۆمەڵـێك ڕێسـای دیاریكـراودا ئـەنجام دراوەو بەبـڕوای مـن لە رۆژئاوادا تەنانەت هانیش دراوە. ئەوەی زۆر بـووە مایـەی سەرسـوڕمانی مـن ئـەوەبوو، كـە ئـەم بابەتـە كـەمو زۆر ئاشـكراو بەدیهیـیە بەهـیچ چەشـنێك مەقـبوولّو جـێگای پەسـەند نـەبوو، بـەلآم پـێم وایـە لێرەشـدا دیسـان لەگـەڵ دیـاردەی بـەهادانان ڕووبـەڕووین. بـەو مانایـە كـە دەڵـێن دەسـەلآت بەناچـار سـەركوتكەرەو لەبـەر ئـەوەی دەسـەلآت خـراپە هەربۆیـە دەبـێ فاكـتەرێكی نێگەتـیڤ بێـتو..شـتی لـەم جـۆرە...هەڵـبەتە، كاتـێك ئاوهـا بێـت، دوان لەسـەر حـەزو بابـەتی سێكسـی بۆخـۆی یەكسـان دەبـێ لەگـەڵ رزگـاری لـەكۆتو بەندەكان، بەلآم من لەسەر ئەم بڕوایە بووم، كە بابەتەكە زۆر لەمە ئاڵۆزترە.

بۆنسێن: تـۆ لـە سـاڵی (١٩٧٢) لـە وتوێژێكت لەگـەڵ ژیـل دۆلـۆز شـتێكت وت كە بەم جۆرەیـە: ((لەحاڵی حازردا رازی گەورە ئەوەیە دەسەلآت بەدەستی كێو لەكوێ پیادە دەكرێـت؟ ئەمـرۆكە كـەمو زۆر دەزانـین كـە چ كەسـێك بەهرەكێشـی دەكـات، سـوود دەچـێتە كوێـوە، دەگاتـە دەسـتی كـێو لـەكوێ دووبـارە سـەرمایەگوزاریی (اسـتپمار) دەكـرێ، بـەلآم سـەبارەت بـە دەسـەلآت..تەنـیا ئـەوەندە دەزانـین دەسـەلآت لەدەسـتی ئەوكەسانەدا نییە كـە حكومـەت دەكـەن، چـەمكی ((چینی دەسـەلآتدار)) نەڕوونو ئاشـكرایەو نـە زۆرباشـیش رێـكو پـێك كـراوە.)) دەكرێ بەدوورو درێژی لەمەڕ ئەو شیكردنەوەی كە بۆ دەسەلآتتان كردووە، ڕوونكردنەوەیەك (پێشكەش) بكەیت؟

فۆمـۆ: بوێریـیە ئەگـەر بڵـێم بیروبۆچونەكانم سـەبارەت بـەم بابەتـە ئێسـتا ڕوونـترە لـەوكات. مـن ئەمـڕۆكەش لەسـەر ئـەو بـڕوایەم، كـە تێگەیشـتن لەوە كە دەسەلآت لە كۆمەڵگایـەكی وەكـو كۆمـەڵگای ئێمە بە چ ڕێگایەك پیادە دەكرێتو چ ئەرك گەلێكی لەسەرشـانە، هێشـتا زۆر كـەمو ناتەواوە، هەڵبەتە هەندێ توێژینەوە لە كۆمەڵناسیدا كـراوە، كـە پـێمان نیشـان دەدات، حـاڵی حـازر چ كەسـانێك بەسـەر پیشەسازییەكاندا سـەرۆكایەتی دەكـەنو سیاسـەتگەرەكان چۆن پێك دێنو پەروەردە دەكرێنو لەكوێوە دێـن هـەروەها هـەندێ لێكۆڵـینەوەی گشتی تر، كە بەزۆری ئیلهامی لە ماركسیزمەوە وەرگـرتووە لە ئارادایە سەبارەت بە دەسەلآتو سەروەریی چینی بۆرژوا لە كۆمەڵگای ئـێمەدا، بـەلآم لەژێـر ئـەم پـەردە گشـتییەدا، بەبـڕوای مـن بابەتەكـە زۆر ئاڵۆزتـرە. لەكۆمـەڵگای پیشەسـازییە رۆژئاوایـیەكاندا، ئـەو پرسـەی كـە خـەڵك لـە هەمـبەری بەهـێزترین هەستی هەیە ئەوەیە، كە ((دەسەلآت بەدەستی كێو چۆنو بەرانبەر بە چ كەسـانێك پـیادە دەكرێـت؟)) كێشەی هەژاری كەلەسەدەی نۆزدە وەكو مۆتەكەی لێ هاتـبوو، لانـی كـەم لـە كۆمـەڵگا رۆژئاوایـیەكان ئـیدی خودان بەرزترین گرنگی نییە، پرسـیاری ئەمـڕۆ ئەوەیـە: كـێ بۆمن بڕیار وەردەگرێت؟ چ كەسێك ناهێڵێ من فلآنە كـار بكـەمو دەڵـێ فلآنـە كـارەی دیكـە بكـە؟ كـێ جموجـۆڵو چـالاكییەكانی مـن دادەڕێژێـت؟ چ كەسـێك مـن ناچـار دەكات لە فلآنە گەڕەك بژیم ئەوە لە كاتێك دایە

که من لەشوێنێکی دیکە کاردەکەم؟ ئەم بڕیارانە کە هەموو بەشەکانی ژیانی من لەخۆ دەگرێت چۆن وەردەگیرێن؟

بەبڕوای من، پرسیارە بنەڕەتییەکان ئەمڕۆکە ئەمانەن‌و پێم وانییە بابەتی ئەوە کە ((دەسەلاّت بەدەستی کێ پیادە دەکرێت؟)) قابیلی چارەسەرکردن بێت تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە بابەتەکەی تری پەیوەندیدار بەچۆنیەتی ئەم حاڵەتە هاوکات چارە بکرێت بێگومان دەبێ بزانین کار لەدەستی کێدایە، هەروەك چۆن دەزانین دەبێت بچینە لای وەزیرو بریکارو سکرتێرە تایبەتی‌و نموونەکانی وەکو ئەوان، بەلاّم گرفتی سەرەکی ئەوە نییە، چونکە دەزانین کە تەنانەت ئەوکاتە کە بەوردی بتوانین پەنجە لەسەر هەموو ئەوکەسانەو هەموو ئەو ((بڕیاردەرانە)) دابنێین، دیسان بەڕاستی نازانین کە هەر بڕیارێك بۆچی‌و چۆن وەرگیراوەو چۆن هەموو پەسەندیان کردووەو چۆن ئەم بڕیارە زیان بەفلاّنە دەستە دەگەیەنێت‌و شتی لەم جۆرە.

بۆنسێن: کەواتە، بەبێ ئەوەی تۆ ناوت ناوە ((ستراتیژەکانی دەسەلاّت)) تاوتوێکردنی دەسەلاّت ممکین نییە..

فۆکۆ: بەڵێ، بەبێ ستراتیژو تۆڕو میکانیزمەکان‌و هەموو ئەو تەکنیکانەی کە هەموو بڕیارێك بەیارمەتی ئەوان قبووڵ دەکرێت‌و هیچ بڕیارێك لە ڕێگەی ئەوانەوە جگە لەو شێوەی کە وەرگیراوە، وەرنەدەگیرا.

بۆنسێن: هەموو شیکردنەوەکانی تۆ بە ئاراستەی پیشان دانی ئەم خاڵە دەڕوات کە دەسەلاّت لە هەموو جێگەیەك خەیە تەنانەت لەسەر تانەکانی جەستەی ئێمەشەو بۆ نموونە لە جنسیەتدا. مارکسیزم کەوتە بەر ڕەخنە، چونکە هەموو شتێکی لەچوارچێوەی ئابووریدا شیدەکردەوەو هەموو شتێکی دواجار بۆ کێشەی ئابووری دەگەڕاندەوە. ئایا پیتان وانییە کە دەکرێ ڕەخنە لەتۆش بگیرێت، چونکە لەهەموو جێگەیەك جگە لە دەسەلاّت هیچ نابینی‌و دواجار هەموو شتێك بۆ مەسەلەی دەسەلاّت دەگێڕێتەوە.

فۆکۆ: ئەم پرسیارە زۆر گرنگە. بەبڕوای من ئەو بابەتەی کە دەبێ چارەسەربکرێ، مەسەلەی دەسەلاّتە. بۆ نموونە زیندان بێنە بەرچاوی خۆت. من دەمەوێ ئەوە تاوتوێ بکەم کە چۆن خەڵك لەسەردەمەکانی ئەم دوایانە لە مێژوودا، لەجیاتی پەنابردنە بەر نەفیکردن یان ئەشکەنجەدان، دەستیان کرد بە کەڵك وەرگرتن لە زیندان وەکو یەکێك لە شێوازەکانی تەمێ کردن. بابەتەکە ئەوەیە. هەندێ مێژوونووس‌و کۆمەڵناسی ئەڵمانی لێهاتوو هەبوون کە پاش تاوتوێ کردنی بابەتەکە، گەیشتنە ئەو دەرەنجامە کە: لە کۆمەڵگا بۆرژوایی‌و سەرمایەداری‌و پیشەسازییەکان کە بەهای سەرەکی تێیاندا تایبەت بووبوو بەکار، هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە بە سوودترین سزا بۆ تاوانبارەکان، مەحکوم کردنیانە بەکاری زۆرەملێ، بەلاّم چۆن دەکرا ناچاریان بکەن کار بکەن؟ لەڕێگەی حەبس کردنیان لە زیندان‌و ناچارکردنیان بەئەوەندە کاتژمێر کار لەرۆژدا. ئەمە کورتەی ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەیەکە ئەو مێژوونووس‌و کۆمەڵناسە ئەڵمانییانە هێناویانەتە بەرباس. ڕوونکردنەوەیان بەیانکردنێکی ئابوورییانەیە، بەلاّم من بە تەواوی بەم بەڵگە خوازییە رازی نەبووم، لەبەر ئەو هۆیە بەهێزە...کە هیچ کەسێك هەرگیز بە زیندان‌دا کاری نەکردووە: سوودی کاری زیندان هەمیشە زۆر کەم‌و بێ بایەخ بووە. کاریان دەکرد تەنیا لەبەرئەوەی کار بکەن. ئێستا با وردتر سەیری بابەتەکە بکەین. کاتێ ورد دەبینەوە کە چۆن لە کۆتایی سەدەی هەژدە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی زیندان وەکو شێوەی سەرەکی سزادان درا، سەیر دەکەین ئەوەی دەرفەتی رەخساند کە تاکەکان بکەنە جێگەیەکی دیاریکراوەو تەنیا بە هەندێ جموجۆڵ‌و عاداتی دیاریکراو دەوریان بدەن‌و سنووریان بۆ بکێشن، فراوانکردن‌و تەواوکردنی تەکنیکە جۆراوجۆرەکان‌و بەکورتی جۆرێك (تأدیب-dressage) بوو. بەم جۆرە دەبینین جۆرێك سەربازگە سەرهەڵدات کە پێش کۆتایی سەدەی حەڤدە بوونی نەبوو، سەیر دەکەین جۆرە قوتابخانەیەکی شەوو رۆژی گەورەی چەشنی قوتابخانەی یسوعی دروست دەکرێت، کە هێشتا لەسەدەی حەڤدەدا نەبوو،

دەبینین لەسەدەی هەژدەدا کارخانەی گەورە دادەمەزرێن کە سەدان کرێکار کرێکار تێیاندا خەریکی کارکردنن، کەواتە ئەوەی لێرەدا دەیبینین، سەرهەڵدان‌و پەروەردەکردنی تەکنیکێکە بۆ تأدیبی مرۆڤ لە ڕێگەی دەست نیشانکردنی شوێنی حەبس کردن‌و چاودێری‌و تێڕوانینی بەردەوام بەسەر ڕەفتارو شێوازی ئەنجامدانی

ئەرکەکانو بەکورتی، تەکنیکی ((بەڕێوەبردنە)) کە زیندان تەنیا یەکێك لە ڕووخسارەکانیەتیو دەرەنجامی گشتگیربوونی ئەم تەکنیکەیە بەسەر پانتایی سزایدا.

کۆبەندی هەموو ئەم تەکنیکە نوێیانە بۆ پەروەردەو فێرکردنی تاکەکان چییە؟ لە دیسپلینو سزادا، بابەتەکەم زۆر بە ڕوونی دەربڕیوە: سەبارەت بە کارگەکان، تەکنیکی نوێیەکان هەڵبەتە لەگەڵ پێداویستییە ئابوورییەکانی بەرهەمهێناندا دەلوێن، سەبارەت بە سەربازخانەکان، هەم پەیوەندییان بە بابەتە پراکتیکیو هەم بابەتە سیاسییەکانەوە هەیە، واتە سەرهەڵدانو بەرفراوانکردنی سوپای محترف کە تاکەکان دەبووایە لەنێو ئەم سوپایانەدا کاری تاڕادەیەك ئەنجام بدەنو بۆ نموونە تۆپ تەقاندن بزانن، لەمەڕ قوتابخانەکان، تەکنیکە نوێیەکان لەگەڵ مەسەلەی سیاسیو ئابووری لێك بەسترا، من هەموو ئەو شتانەم لە کتێبەکەمدا باس کردووە، بەڵام هەروەها هەوڵم داوە دەریبخەم کە لەسەدەی هەژدە بەملاوە، بەتایبەتی بیرلەوە دەکرایەوە کە چۆن دەکرێ ئەم شێوازە تازانەی پەروەردەکردنی تاکەکانو پیادەکردنی دەسەلات بەسەریاندا بەرفراوان بکرێتو گشتیەتی پێبەخشرێو باشتر بکرێت. یاخود بەجۆرێکی تر لەهەموو شوێنێك بنچینەو ڕەگی ئابووری یان سیاسی ئەم شێوازانە پیشان دەدەم. هەڵبەتە ناڵێم دەسەلات لە هەموو گۆشەو کەنارێکدا هەیە، بەڵام پێم وایە لەنێو ئەم تەکنیکە نوێیەی پەروەردەدا جۆرە خەسڵەتێکی دیاریکراو بوونی هەیە. بەبڕوای من، شێوازە پیادەکراوەکان، هەر لەسەرەتاو تا چۆنیەتی بە مەرجی کردنی ڕەفتاری تاکەکان، لۆژیکیان هەیەو پەیڕەوی لە جۆرە عەقلانیەتێك دەکەنو هەموو لەسەریەکتری بناغەیان دادەڕێژێتو توێژێکی دیاریکراو پێك دێنن.

بۆنسێن: کەواتە، لەخاڵێك بەدواوە، ((تەکنیکی دیاریکراوی دەسەلات)) (بەوتەی ئێوە) لەڕواڵەتدا خود بە خودو بەبێ هیچ چەشنە پاساوێکی ئابووری، درێژەیان بەکارەکە داوە.

فۆکۆ: ناچارکردنی زیندانیەکان بۆ کارکردن لە زیندانەکان هیچ هۆیەکی ((عەقڵی)) ئابووری نەبوو و لەڕووی ئابوورییەوە بەکەڵکی هیچ نەدەهاتو لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجام دەدرا.شێوازی لەم جۆرەی پیادەکردنی دەسەلاتی زۆر بوونە کە هیچ چەشنە پاساوێکی ئابووریان نەبووەو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، گشتەتیان پێبەخشرا بەسەر دامەزراوە دادگەرییەکاندا.

بۆنسێن: یەکێك لەو تێزانەی کە تۆ پەسەندی دەکەی ئەوەیە کە ستراتیژەکانی دەسەلات، مەعریفە پێك دێننو بە پێچەوانەی بیروبۆچونەکانی تەقلیدی باو، وا نایەتە بەرچاو لکە دەسەلاتو مەعریفە دژایەتیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت.

فۆکۆ: فەیلەسووفەکانو تەنانەت زۆربەی ڕۆشنبیران هەوڵدەدەن دووریو کەلێنێکی پڕنەبۆوە لەنێوان سنوورو قەڵەمڕەوی مەعریفە-واتە بە تێگەیشتنی ئەوان، قەڵمڕەوی حەقیقەتو ئازادی-و پانتایی پیادەکردنی دەسەلات روست بکەن هەتا لەم ڕێگەیەوە پاساو بۆ شووناسی جیاو دیاریکراوی خۆیان بێننەوە. ئەو شتەی کە لەکاتی تێڕوانین لە زانستە مرۆڤایەتییەکان سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ئەوەبوو کە گەشەو گەشەسەندنی ئەم لقانەی مەعریفە بەهیچ جۆرێك لە مەسەلەی پیادەکردنی دەسەلات جودا ناکرێنەوە، بێگومان هەمیشە دەتوانین هەندێ تیۆر لە دەروونناسیو کۆمەڵناسی پەیدابکەین کە سەربەخۆبن لە دەسەلات، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی ڕاستیەکە ئەوەیە کە دەتوانین کۆمەڵگاکان بخەینە ژێر تێڕوانینی زانستییەوە. ڕەفتاری مرۆیی لە خاڵێکی دیاریکراو بەدواوە بو بە پرسێك، کە دەبووایە شیکردنەوەی لەسەر بکرێتو چارەسەربکرێت. بەبڕوای من، هەموو ئەو واقعیەتانە، پەیوەندییان لەگەڵ میکانیزمەکانی دەسەلاتدا هەیە کە بەکردەوە لە چرکەساتێکی تایبەتیدا عەینیەتی بەخشی بە کۆمەڵگاوە مرۆڤو شتی وەکو ئەوان شرۆڤەی کردن وەکو بابەتێك خستییە ڕوو کە دەبێ چارەسەر بکرێ، کەواتە، لەدایکبوونی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ سەقامگیربوونی میکانیزمەکانی دەسەلاتدا دەست پێ دەکات.

بۆنسێن: شیکرنەوەی تۆ لەهەمبەر پەیوەندی نێوان مەعریفەو دەسەلات (یان دانایيو توانایی) لە پانتایی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بە ئەنجام دەگات، ئایا زانستە پەتیەکانیش دەگرێتەوە؟

فۆکۆ: نا، نا، بەهیچ جۆرێ، من بەهیچ چەشنێك ئیدعای ئەم شتە ناکەم، بەهەرحاڵ هەروەك بۆ خۆت دەزانی، ئەزموون بە بنچینە دەزانمو ئەزموونگەرامو بەبێ ئەوەی

بزانم ئایا شتێك مصداقی هەیە، پەسەندی ناکەم. لەگەڵ هەموو ئەمانەو لەوەڵامی پرسیارەکەی تۆدا دەبێ ئەوە زیاد بکەم کە زۆربەی کاتەکان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە بۆ نموونە بەبێ سەرهەڵدانو فراوانبوونی پێداویستیو نیازە پیشەسازییەکان، زانستی کیمیا گەشەسەندنی بەخۆیەوە نەدەبینی. ئەم بابەتە ڕاستەو سەلمێنراوە، بەلاٌم ئەوەی بە بڕوای من شرۆڤەکردنی سەرنج ڕاکێشترە ئەوەیە کە چۆن زانست (sciene) لە ئەوروپا لەشێوەی دەسەلاٌتدا حاڵەتێکی دەزگایی وەرگرتووە. ئیدی هەر ئەوەندە بەس نییە بڵێین زانست بریتییە لە کۆمەڵێك میتۆدو شێواز بۆ بەتاڵ کردنەوەی ڕوونکردنەوەکان (گوزارە- Statement) یان سەلماندنی هەڵەکانو یان پەردەهەڵماڵین لەسەر تەسەورو وێنا پووچە دەستە جەمعیەکانو شتی لەم جۆرە. زانست دەسەلاٌتیش پیادە دەکات، یاخود بە جۆرێکی دیکە، ئەگەر نەتەوێ پێت بڵێن مرۆڤێکی درۆزنو فێڵبازیو دەرت بکەن، زانست دەسەلاٌتێکە بەمانا حەقیقیەکەیو ناچارت دەکا هەندێ شت بڵێیت. زانست لەڕێگای سیستەمی زانکۆییو لەڕێگای دەزگا پڕ لە کۆتو بەندو بەرتەسکەرەکانی تاقیگەو تاقیکردنەوە، بۆوە بە دەسەلاٌتێك کە بە دەزگایی کراوە.

بۆنسێن: ئایا زانست خوڵقێنەری هەندێ ((حەقیقەت)) نییە کە ئێمە هەموومان پێیان تەسلیم دەبین؟

فۆکۆ: هەڵبەتە وایە. بێگومان حەقیقەت یەکێ لە بەشەکانی دەسەلاٌت پێك دێنێ. دەربڕینی ئەم قسەیە لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە هێنانە بەرباسی یەکێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاواو خستنەڕووی ئەم مەسەلەیەکە بۆچی ئێمە هێندە دڵمان بە حەقیقەتەوەیە؟ بۆچی حەقیقەت نەك درۆ؟ بۆچی حەقیقەت نەك ئەفسانە؟ بۆچی حەقیقەتو نەك وەهمو تەسەور؟ من پێم وایە لەجیاتی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت {بەجیاکردنەوە لە هەڵە ((خگا))} ڕەنگە سەرنج ڕاکێشتربێت، کە دووبارە پرسیارەکەی نیچە بخەینەوە ڕوو و بپرسین: چۆنە لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا ((حەقیقەت)) بەهایەکی ئەوتۆی وەرگرتووەو ئێمەی کردۆتە دیلی ڕەهای خۆی؟

بۆنسێن: تۆ جیاوازی دادەنێی لەنێوان ((ڕۆشنبیری گشتی)) سەردەمانی ڕابردوو کە داوەری لەسەر هەموو شتەکانی دونیا دەکردو بیروڕای خۆی دەردەبڕیو جۆرێکی دیکەی ڕۆشنبیر، واتە ((ڕۆشنبیری دیاریکراو)). دەکرێ شتێکیش سەبارەت بەم جیاکردنەوە بڵێیت؟

فۆکۆ: لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گۆڕانکاریی ئەم دواییانەی کۆمەڵگاکانی ئێمە، دروستبوونی شتێك بووە کە دەتوانین بەناوی جۆراوجۆری وەکو تەکنەلۆژیاو لەپشت مێزنشینیو بەشی خزمەتگوزاریو...تاد ناوی بەرین، بەبڕوای من سەبارەت بەهەر کام لەم چالاکییانەو لەلایەکەوە ڕەنگە چۆنیەتی ڕەوتی ئەم چالاکییە تایبەتییە فێربینو لە سنوورەکانیدا کار بکەین-و لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە لەم پانتاییە دیاریکراوەدا کارێك ئەنجام بدەین کە بکرێ بەمانای تایبەتی ناوی بنێین کاری ڕۆشنبیری، یان کاری بەزۆریو لە خودی خۆیدا ڕەخنەگرانە. کاتێك دەڵێین ((ڕەخنەگرانە))، مەبەستم ((هێنانە خوار))و ((وێرانکردن)) واتە وەدەرنانو ڕەفزو پێشگرتن نییە، مەبەستم تاوتوێ کردنو لێکۆڵینەوەیە، واتە بەپێی دەرفەت هەڵپەساردنی سیستەمی ئەو بەهایانەی، کە لەکاتی فێربوونو هەڵسەنگاندندا بۆیان دەگەڕێینەوە، یاخود بەجۆرێکی دیکە، ئەوە کە یەکێك لەخۆی بپرسێت، لەم چرکە ساتەدا، کە من ئەم ئیشە ئەنجام دەدەم، لەڕاستیدا چی دەکەم؟ لە پازدە ساڵ لەمەوپێشەوە، ئەم شتە ڕوونتر بۆتەوە.

دەروونپزیشكو پزیشكو مافپەروەرو قازییەکان، پیشەو کاری خۆیان دەخەنە ژێر هەڵسەنگاندنو پرسیاری ڕەخنەگرانەو ئەمە یەکێك لەرەگەزە خودییەکانی ژیانی ڕۆشنبیرییە. بەبڕوای من، ڕۆشنبیرێك، ڕۆشنبیرێکی ((موحتەریف))-واتە بۆ نموونە مامۆستایەك، یان ئەو کەسەی کە کتێب دەنووسێ- پانتایی چالاکی خۆی، یان ئەو واقیعیەتەی کە بەدوایدا دەگەڕێت، لە یەکێك لەو مەیدانانەی کە ئاماژەمان پێ کرد دەتوانێ ئاسانتر بدۆزێتەوە.

بۆنسێن: ئایا تۆ خۆت بە ((ڕۆشنبیرێکی دیاریکراو)) دەزانی؟

فۆکۆ: بەڵێ، {خۆم بەرۆشنبیرێکی دیاریکراو} دەزانم. من لە پانتایەکی دیاریکراودا کاردەکەمو خەریکی تیۆرسازی نیم بۆ جیهان بە کردەوە کاتێك یەکێك لە پانتاییەکی تایبەتدا ئیش دەکات، تەنیا لەم ڕێگەیەوە کە روانگەیەکی تایبەتی پەیداکردبێ دەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات..

بۆنسێن: کاتێك کە بێرنار پیڤۆ (Bernard Pivot) تۆی بانگهێشت کرد، لە یەکێك لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی ((ئاپۆسترۆف-Apostrophes)) بەبۆنەی بلاّوبوونەوەی کتێبی ئیرادەی زانین بەشداری بکەی(٣)، تۆ ئەوکاتەی، کە لەبەردەستت دابوو، هەروەك دەڵێن، کردتە قوربانی بۆئەوەی سەرنجی بینەران بۆ بەسەرهاتی دکتۆر شتێرن (Dr.stern) راکێشی کە لەلایەن کاربەدەستانی سۆڤیەتییەوە زیندانی کرابوو.

فۆکۆ: نامەوێت هیچ غموزێك سەبارەت بە مەسەلەی راگەیەنە گشتییەکان لەئارادا بێت. هەندێ کەس دەرفەتێکی زۆریان لەسەر دەستدا نییە تا یەکێك بابەتەکانیان بخوێنێتەوە یان بیبیسێت. بەبڕوای من، زۆر ئاساییە کە ئەم جۆرە کەسانە لە تەلەڤزیۆن دەرکەونو بەباشیش ئەوە دەرك دەکەم کە بۆچی دەبێ نووسەرەکانو تەنانەت نوسەرە بەناوبانگەکانیش بەشداری لە بەرنامە رادیۆییو تەلەڤزیۆنییەکاندا بکەن (کە هەندێکیان بە راستی ئاستیان بەرزە) باسی شتێك بکەن جگە لەو شتەی، کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەیڵێن. جۆری پەیوەندی لەگەڵ تەلەڤزیۆن، سینەما لەگەڵ دیمانەکاریان بینەر بە چەشنێکە کە کەسەکان بابەتێك باس دەکەن، کە جگە لەم حاڵەتە نەیاندەوت. من پێم وایە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانمو بۆئەوەی ئەوانیتر وێیان لە بابەتەکانم بێت، تاکو ئێستا بەڕادەی پێویست دەرفەتم بۆ ڕەخساوەو پێویست ناکات لەوە زیاتر کاتی راگەیاندن لەپێناوی ناساندنی کتێبەکانم برم. ئەگەر گەرەکم بێت شتێك لە تەلەڤزیۆندا بڵێم، فیلمی تەلەڤزیۆنی دروست دەکەم، یان پێشنیاری دروستکردنی دەکەم، بەلاّم بۆ کەسێکی وەکو من کە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی خۆی ئەو هەموو دەرفەتو هەلەی لەبەردەستدا بووە، جوان نییە بێتو دیسان سەبارەت بە کتێبەکانی بدوێت. هەربۆیە کاتێك لە تەلەڤزیۆن دەردەکەوم، بۆ ئەوە نییە ئەوەی کە لە شوێنێکیتر وتوومە راست دووبارەی بکەمەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ڕەنگە کارێکی بەسوود بکەمو شتێك بڵێم کە بینەران زانیارییان للەسەری نییە. بە هەڵە تێنەگەن، من نەڕەخنە لە بەرنامەی ڕەخنەو ناساندنی کتێب دەرمو نەلەو کەسانەی کە لەم بەرنامانەدا بەشداری دەکەنوو بەتەواوی لەوەتێدەگەم کە ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە گەنج بن، ئاساییە بیانەوێت بۆ کتێبەکانیان بجەنگنو خەڵك گوێیان لە قسەکانیان بێت. بۆ خۆشم ئەگەر لەجیاتیان بوومایە، هەروام دەکرد، بەلاّم ئێستا وای بە پەسەند دەزانم کە مەیدانەکە بۆ ئەوان بەجێ بێڵم.

بۆنسێن: تۆ سەرکەوتنی خۆتو بەشێوەیەکی گشتی حەزو هۆگری بە زانستە مرۆڤایەتیو نووسراوە فەلسەفییەکان لەدەیەی (١٩٦٠) بەدواوە بەچی تەعبیردەکەی؟

فۆکۆ: سەبارەت بە سەرکەوتنی خۆم نابێ زیادەڕۆیی بکەم. هەڵبەتە ئەو دیاردەیە لە ئارادابووە کە گوێگرەکان، پۆلو تەلارەکانی وتار خوێندنەوەیان ئاخنیوە.

ئەم دیاردەیە بەر لەمن بە لیڤی شتراوسو کتێبەکەی (گەرمە سێریە غەمگینەکان) دەستی پێکردو منو ئەوو بارت هەمووومان بەشێك بووین لێیو دەبێ قبووڵ بکەم کە دیاردەیەکی جێگەی نیگەرانییە. ئەوەی راستی بێت ئێمە هەمووومان غافلللگیر بووینو هیچ تەسەورێکی ئەوتۆمان نەبوو کە کۆمەڵەیەکی وەها چۆن لەگەڵی بدوێینو چی لەگەڵدا بکەین. پەیوەندی نێوان ئێمەو خوێنەرەکانمان هەرگیز ڕوون نەبۆوە. وەکو ئەوەبوو، کە بیانەوێت کتێب لە جیاتی دەستەبەرکردنی ئەو ڕەهەندە خەیاڵییە زیادییەی کە لە ڕابردوودا چاوەڕوانی لێ دەکرا، بۆچوونێکی هەڵسەنگاوترو درێژ خایەن تر سەبارەت بەکۆمەڵگا دەستەبەر بکات.

پەراوێزەکان

١- گۆڤارێکی چەپگەرا، بەلاّم سەربەخۆی فەرەنسییە کە لە ساڵی (١٩٤٥) لەلایەن سارتەرو سیمون دۆبۆڤورا دامەزرا.

٢- گۆزڤارێکی چەپگەراو مەسیحی فەرەنسییە، کە لە ساڵی (١٩٣٢) لەلایەن قەشەیەك بەناوی ئیمانۆیل موینە دامەزرا.

٣- نــاوی بەڕێوەبــەری بەرنامــەی ئــەدەبی هەفــتانەی زۆر خــەڵك پەســەندی (( Apostrophes))ە کە لە تەلەڤزیۆنی فەرەنسا بلاّودەبێتەوە.
ژێدەر
خرد در سیاست، کۆمەڵە وتار، ت: عزت الله فولادوند.

# ئەویتر، ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵاتناسیی ئاوەژوو و ناوچەگەرایی

پــەیوەندی نــزیکایەتی نــێوان کولــتورەکان، بــەردەوام دەبێــتە هــۆی پێکهاتــنی درامــا: درامــای ئەنــتۆلۆژیو ئەتــنی جیاوازییە مرۆییەکان، یان درامای وجوودیو فیکری لە ژیــانی تاکــێکدا. نــزیکایەتیو تەماســی ڕووکەشــانە، هەســتێکی نــامۆو نائاشــنا دەخولقێــنێو نــزیکایەتیو پــێوەندی قووڵتریــش مەترســی لەبەریەکچــوونی خــودی فــەردی، پچــڕانی یەکپارچــەییەکەی، کۆتــایی یــەقینو دروســت دەکــات – برینــێك دەخاتە جەستەی بەها خودییەکان.
((هشام جعیط، ئەوروپاو ئیسلام (١) (١٩٨٥) )
لە بارەی ئەویتر
زۆربــەی توێژەرانــی فەلسەفە لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە وتەکەی ڕینێ دیکارت (١٥٩٦ – ١٦٥٠) – ((مــن بیردەکەمــەوە، کەواتە من هەم)) بووە هۆی سەرهەڵدانی قۆناغێکی نــوێ لــە مــێژووی مــرۆڤایەتی، گــریمانەی عــەقڵانی ئــەو ڕســتە کورتــە بــووە هۆکاری دابڕانــێکی قــووڵ لــە فــیکری پــێش مۆدێــرن،ئــیتر پــاش ئەوە، منی دیکارتی، یان منی بیرکــەرەوە لــە ڕێــی خۆنوانــدی وەکــو ناســێنەر (یــان فاکــتەر)ی مەعــریفە، بەرپرســیاریەتیی ئــەخلاقو گــۆڕان، خــۆی کــردە ڕوخســاری ســەرەکیو پێویســتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا. ((لەگەڵ (من بیر دەکەمەوە)ی دیکاتی منێك هاتە ئاراوە کە زۆر زوو نــاوەندی قورســایی چــەرخی‌نوێی کــردە موڵکــی خــۆی، مــن بــووە شــوێنی سەرهەڵدانێك کە بنەماکەی جیهانێکی دڵنیاو ئارام بوو بۆ ئەزموونی ڕۆژئاوا، بەلاّم خودمەدارو دوالیزمی)) (لیبرمن، ١٩٨٩)، (١٣٧).
میشێل فوکو (١٩٢٧ – ١٩٨٤)، هاوولاّتی دیکارتو مێژوونووسی فیکر، تەمەنێکی زۆری سەرفی تێگەیشتنی ئەو بیرۆکەیە کرد کە خودی ڕۆژئاوایی چۆن لەمەڕ خۆیەوە ئاگایی بەدەست دێنێ، فوکو بە خوێندنەوەی جینالۆژیی زانستی مرۆیی لەسەدەی هەژدەوە تاکە ئێستا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو زانستە توانی پێناسەیەکی نوێو پۆزەتیف بۆ خود یا نەفس بکا کە لەگەڵ واتا مەسیحیەکەی ((تەرك کردنی نەفس)) لەبنەڕەتدا جیاوازی هەبوو، بەبڕوای فوکو زانستی مرۆیی ئەو خودە نوێیەی، لە ڕێگای دانانی لە بەرانبەر ئەویترەوە دروست کرد، بە واتایەکی تر، خودناسی بەهۆی ناسینی ئەویترەوە بەدەست دێ، بۆ دەرخستنی ئەو بابەتە، کەوتە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە جینالۆژیو ئارکیۆلۆژی بەشە جیاجیاکانی زانستی مۆدێرن وەکــو بایــەلۆژی، پزیشــکی، پیــنۆلۆژی، ســایکۆلۆژیودیمۆگرافیی. فوکــو چــوار تەکنەلۆژیای دەست نیشان کرد کە مرۆڤەکان بۆ ناسینی خۆیان سوودیان لێ وەردەگرن، تەکنەلۆژیاکانی بەرهەم هێنان، تەکنەلۆژیاکانی سیستەمی دامەزراوەکان، تەکنەلۆژیاکانی دەسەلاّتو تەکنەلۆژیاکانی خود (فوکو، ١٩٨٨، ١٨)، لە کاتێکدا مارکس گرنگی بە تەکنەلۆژیای بەرهەم هێنان دەدا، فوکو دەستی کرد بە خوێندنەوەی تەکنەلۆژیای خود (٢). ئەو تەواو باوەڕی بەوە هەبوو کە تێگەیشتن لە جینالۆژیی مەعریفە، بەبێ دەرککردنی پێوەندی نێوان مەعریفەو دەسەلاّت مومکین نییە. فوکو زۆر گرنگیی بەو خاڵەدا کە ئەویتر چۆن لەناو منی تاكو ئێمەی کۆدا ون دەبێ. هەر بەو مەبەستە سەفەرە دوورو درێژەکانی خۆی بۆ کەنارەکانی

فەردییەتو کۆمەڵگا دەست پێکرد. دەستی کرد بە خوێندنەوەی شێت، لادەر (منحرف)، زیندانی، تاوانبار، پیاوکوژ، مرۆڤیدووجنس، بەواتایەکی دیکە ((ئەوانیتر))ی دەروونی (٣). فوکو دەڵێ گوتارەکانی (٤) بندەستی هێزو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە دەسەڵاتدارەکان، ئەو ئەوانیترانەیان دروست کردوە، ئەو عەینەکان (ئۆبژەکان) نین کە گوتار دەخوڵقێنن بەڵکو بابەتەکە بەپێچەوانەوەیە، چونکە یەکەم جار زمان دروست دەبیو زەینیەت پێك دێنێ، سەرەڕای ئەوە، گوتارەکانی زانستی مرۆیی، بەهۆی پێوەندییانەوە لەگەڵ بونیادە زاڵەکانی دەسەڵاتو بەناوی عەینییەتی زانستییەوە، ((سیستەمی هەقیقەتەکان))ی پێك هێناوە (گریگۆری، ( ١٩٨٩، ١٧×). ئەو سیستەمە هەقیقەتییانە ((ئەرکێکی چاوەدێری)) ئەنجام دەدەن کە دەستوورەکەی بریتییە لە: ((کێشانی هێڵی سوور لە نێوان مەیدانە پەسندو ناپەسندەکانی چالاکیی مرۆیی، ئەو سنوورانە زەینییەتێك دەخوڵقێنن کە چالاکییەکانی مرۆڤ بەپێی بەرانبەریەکی دوولایەنە شیدەکاتەوە: عەقڵو شێتی ،ساغیو نەخۆشی، کردەوەی ڕەواو تاوانبارانەو عەشقی یاساییو نایاسایی)) ((هاتن، ( ١٩٨٨)، ١٢٦)). فوکو گەرەکی بوبێ بناغەییو هیچی ئەو چەمك سازییە بسەلمێنێ، لە کتێبی شێتیو شارستانییەت، گوتاری دەروونپزیشکی هەڵدەوەشێنێو دەری دەخا چۆن چۆنی مانای شێتی لەڕەفتارێکی ناباو لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ ڕەفتارێکی شەرمهێن لە سەدەی شازدەیەمو سەرەنجام، بۆ ڕەفتارێکی هەراسانکەر لە سەدەی هەژدەدا گۆڕانکاری بەسەردا هات ئەو لە مەڕ ((کرداری گوتاری))یەوە چەندین بەشی جۆراو جۆری بونیادشکێنی هاوتای ئەنجام دا (٥) لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەو بەشانە، لەڕێگای داهێنان یان دووبارە ئەکتیڤ کردنی کۆمەڵە ڕێسایەکەوە، سیستەمێکی کۆنترۆڵیان لە پێکهێنانی گوتارەکاندا دروست کردوە، بەم جۆرە گوتارەکان بوون بەو ((دارایانەی)) کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناویاندا لەناو ئابوورییەکی گوتاریدا کەوتنە پێشبڕکێ. بابەتی دەسەڵات – مەعریفەو سێ گۆشەی دەسەڵات، حەقو هەقیقەت لەچەرخی مۆدێرندا، تەوەرەی ((جینالۆژی)) فوکو پێك دێنێ، هەروەها ڕایگەیاند ((خودی بەکارهێنانی دەسەڵات، بابەتە تازەکانی مەعریفە پێك دێنێو دەبێتە هۆی پەیدابوونیانو کۆمەڵێکی نوێ لە زانیاری کەڵەکە دەکا..

لەلایەکی تریشەوە مەعریفە بەردەوام دەبێتە هۆی پێکهێنانی شوێنەوارەکانی دەسەڵات)) ((فوکو، (١٩٧٧)، (٥١ – ٥٢) )). ((پێوەندی چەند لایەنە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەبێ پێك هاتن، کەڵەکەبوون، سوڕان و کارکردی گوتارێك ناتوانێ بەرقەرارو ڕاوەستاوبێ یان کاری پێ بکرێ)) (٩٣). فوکو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ((بەبێ ئابوورییەکی دیاریکراو لە گوتاری هەقیقەت، کە بەهۆو لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییە کاربکا، هیچ چەشنە بەکارهێنانێکی دەسەڵات مومکین نییە)) (٩٣). کەواتە تەوەری ئەو پێوەندییە سێگۆشەیە کە لەسەر بنەماکانی حەق، میکانیزمەکانی دەسەڵاتو شوێنەوارەکانی هەقیقەت پێك دێ. (٦)

فوکو بەو پرسیارە کە ئایا گوتار خزمەتی کێ دەکا، پەرەی بەپرسیارەکەی مارکس دا کە پێوەندییەکانی دەسەڵات پارێزگاری لە بەرژەوەندی کێ دەکەن، لە کاتێکدا مارکس دیدی لەسەر ئامرازو شێوەکانی بەرهەمهێنان بوو، ئاراستەی تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی فوکو. بەرەو شرۆڤەی ئامرازو شێوەکانی نواندنەوە دەڕوا. بەڵام نابێ ئەوە لە یادبکەین کە هەر دوو بیرمەندە ڕەوتی ئیستسمارو لە خۆبێگانەبوونیان خستە ژێر سەرنج، کە تێیدا مرۆڤ شوێنی راستەقینەی خۆی بەجێ دێڵێ بۆ ئەوەی بەرەو ئەویترێ گۆڕانی بەسەردابێ. بەرهەمەکانی فوکو بەردەوام باوەڕە سەرەکییەکانی فینۆمینۆلۆژی دەخاتە ژێر گومانەوە کە بوونی خودو ئەویتر بەمەرجێکی بنچینەیی لێك تێگەیشتن، پەیامگەیاندنو پێوەندی دوولایەنەی نێوان تاکەکان دادەنێ، بۆ فوکو ئەویتر بوون یان غەیرییەت تەنیا بابەتی جیاوازی نییە، بەڵکو بابەتی ڕیزبەندیشە، چونکە ئەویتر کەسێ نییە کە بەخۆمانە بزانین، بەڵکو پێمان وایە ئەو کەسە یان لە خۆمان بەرزترە یان کەمو سووکترە. هەروەها فوکو خۆی لە بونیادگەرەکان جیاکردەوە، لەو کەسانەی زیاتر گرنگی دەدەن بەوەسفی بوونیادە جێگیرو ڕەوتە بەردەوامە مێژووییەکان لە جیاتی دەرخستنیو نیشاندانی نەبوونی عەقلانییەتو لێکپچڕانەکانی. ڕەخنەگرتنی فوکو لە ڕیوایەتی مەزنو بەربلاوی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاواو بونیادشکێنی شکڵەکانی دواتری تەمسیلو نواندنەوەیان، بەشی هەرەزۆری بەرهەمە فیکرییەکانی پێك دێنێ. لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بەرهەمەکانی فوکو لە سێ زەمینەدا کورت بکەینەوە: کۆمەڵەکانی

مەعـریفە بـەردەوام لەگـەڵ دەسـەڵاتو سیسـتەمەکانی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـیدا پێوەندییان هەیە، شارستانییەتی ڕۆژئاوا مەوجوودییەتێکی دیاریکراو هاوشێوە پێك ناهێنێ، ((ئـێمە)) بـەهۆی پەنابـردنە بـەر تونـدو تـیژی (ئاسـتەنگ دروسـت کـردن، راڤـەی هەڵە، پێشگرتن) دژی ئەویتر، لەڕاستیدا زیان بە شوناسی خۆمان دەگەیەنین. ڕێخۆش کردنەکانی فوکو لەمەڕ ئەویترەوە هانی بەشێکی زۆر لە توێژەرەوەکانیدا تا میـتۆدۆلۆژیی ئـەو بەکاربێـنن بـۆ بابەتـەکان، بەشـە زانستییەکانی، مەوجودیـیەت جوگرافیـیەکانو زەمیـنە مێژوویـیە جۆراوجۆرەکان، ئـەو دوو زەمیـنەی ئـەم شـێوە توێژیـنەوەی تێـیدا سوودبەخش بوو، خوێندنەوەی فێمێنیستی (٧)و ڕەگەزپەرستی بـوو. ئەدەبـیاتی فێمێنیستی بـە پاڵپشتی واتای ئەویترەوە دەریخست چۆن کۆمەڵگای مۆدێـرن هـەوڵ دەدا بـۆ هـەڵاواردنو کۆدگـوزاری جنسیو دوولەت کردنی خۆی. ئەو ئەدەبـیاتە هـەندێ میکانـیزمی نیشانی ئـێمە دا کـە لـە ڕێگای ئەوەوە ((پیاو)) وەکو خودێکی ڕەهاو ((ژن))یش وەکو ئەویتری ژێردەستو لاواز وێنا دەکرێ. دەری خست چۆن ((ژن)) (هاوسـەر) لەشـێوەی ئـەویتری پایەداردا، خراوەتە نێو کۆتو بەندەوەو دەبێـتە دەروونـی مـێرد، لـە کاتـێکدا، ((ئـەو)) (ژن) بـەردەوام ((ئـەویتری گوتـاری نێرسالارە )). لێکۆڵیـنەوەی لـەم جۆرە لەمەڕ مێژووی ڕەگەزپەرستیش نیشانی داوە چۆن سوورپێستە ناوچـەییو ڕەسـەنەکان وەکو ((بـێگانـە))ی سپی پێستە کۆچەرە ئەمریکیـیەکان، کۆیلـە ڕەش پێسـتەکان وەکـو ((ژێردەسـتەی)) دەرەبەگـە سـپی پێستەکانو یەهوودیـیەکان وەکـو ((دوژمـنی تـێکدەری)) فاشـیزمو نازیـزم سـەیریان کـراوە. لەگـەڵ هـەموو ئەوانـەدا پـڕ موناقەشـەترین مـەیدان بۆ دەرخستنی تیۆرییە بونیادشـکێنەکانی فوکـو بەشـی مـێژووو ئەنترۆپۆلۆژیایـە چـونکە لایـەنی هاوبەشـی زۆریـان تێدایە، لەوانە: بابەتی هاوبەشی ئەویتر بوون، گرنگی دان بەدەقو زەمینەی ئـەو کـردەوانەی ڕیشـەیان لـە کاتو شوێندا هەیەو هەروەها گرنگی دان بە هەنگاوی وەکـو: وەرگـێڕان، تێگەیشـتن، شـی کـردنەوەو بـەکورتی ئـارەزووی پێشـکەش کـردنی بەرهەمـەکانی خـۆی لـە قاڵبـێکی ئەدەبـیدا (کۆهـین،١٩٨٠)، (١٩٨ — ١٩٩). پەرەگـرتنو بلاوبوونـەوەی سـێکۆلاریزم، هاوکـات لەگـەڵ سـەرهەڵدانی گوتـاری ((کۆلۆنـیالی)) لـە کۆتایـیەکانی سەدەی حەڤدەوهەژدەدا، قاڵبی زەینیی دوالیزمی ڕۆژئاوای بەهێز کرد.



پـەیدابوونی زاراوەی ((شارسـتانییەت)) لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی هـەژدەو ((ڕۆژئـاوا)) لەنێوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەدا، دانـانی ((بەربـەر))و ((ڕۆژهـەڵاتی))یـەکان وەکـو ((ئەوانـیتر))ی ئەنـتی تـێز، ئـەو زاراوانـەی خستە خانـەی پێویستییەوە، بەم جۆرە دوالـیزمی شارسـتانییەت — بەربەریـیەتو ڕۆژئـاوا — ڕۆژهـەڵات، زۆر بەسـادەیی جێگای دوالـیزمی مەسـیحییەت — ئیسلامی گرتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بـوو. پەرەسـەندنی ئـەنترۆپۆلۆژیا وەکو هـەورێکی فیکری لە سەدەی نۆزدەدا لەسەر ئـەو بەسـتێنەیە سـەری هـەڵدا. ئـەنترۆپۆلۆژیا ئـەو بەشـە بـوو کـە هـەر لەسەرەتاوە جیمزکلـیفۆرد بـە ((نموونـەی (بارادایمی) نـەجاتگەری)) (٨) پێناسەی کرد. نموونەو هێمایەکی جیۆپۆلەتێکیو مێژوویی کە شێوازی ((کۆکردنەوەی هونەرو کولتووری)) ڕۆژئـاوای ڕێکخسـت ((کلـیۆرد (١٩٨٧)، (١٢١) )) ئـەو نموونەیـە دەربـڕی بـاری بەرپرسایەتییەك بـوو کـە مـرۆڤی سپی پێست پێی وابوو قورساییەکەی لەسەرشانی ئـەوە، لەلایـەك وردوخاشـکردنی مـرۆڤی وەحشی کافـر، حـەیوان خـۆڕو بەربـەرو لە لایـەکی تریشـەوە هـەوڵدان بـۆ ڕزگارکـردنو پاراسـتنی ئێسقانەکان، بەبەردبووەکان، ڕەسـەنایەتیو کولـتووری هـەر ئـەو خـێڵانە، ئـەو پێوەندیـیە بەهـیچ جۆرێ یەکسان نـەبووەو نـیـیە، چـونکە نارۆژئاواییەکان بەردەوام وەکو مرۆڤی پەراوێزیو پاشەرۆك سـەیریان دەکـرێ کـە توانای دەرك کردنی گرنگی پاراستنی دەستکردەکانی خۆیانیان نـیـیە، هـەر لـەو سۆنگەیەوە باریبەرپرسایەتیی مـرۆڤی سپی پێست وادەخوازێ کە دەسـتکردو کەلەپوورەکانـیان ڕزگـار کـاو بڕفێنێو بپارێزێ. هەر وەك کلیفۆرد دەڵێ، لـەخۆڕاو بەڕێکـەوت نـیـیە کـە هونەرناسـی، کۆکـردنەوەی پاشمـاوەی هونـەری، پەرەسـەندنی مۆزەخانـەی گشـتی، پێشـبڕکێ بـۆ کـردنەوەی دەسـتکردی ئەتـنە جۆراوجۆرەکـان، سـەرهەڵدانو برەوسـەندنی پێشـانگا جیهانیـیەکان، هـەر هـەموویان بـەجۆرێك هاوکـات لەگـەڵ پەرەسـەندنی ئەنـپرۆپۆلۆژیا لـە سـەدەی نۆزدەدا سەریان هـەڵدا، بـەو جـۆرە ڕۆژئـاوا دەسـتی کـرد بـە دانـانی پـێوەری ڕەسـەنایەتیو ئـەنترۆپۆلۆژیاش کەوتـە پاساوهێنانەوە بـۆ سـەلاحییەتی ئـەو پلـەو پایـەی ڕۆژئـاوا. ئـەنترۆپۆلۆژیا بـڕیاری دا ئـەو واقـیعە وەبەرچاو نەگرێ کە ((ئەوانیتر)) تاڕادەیەکی

یـەکجار زۆر خوڵقێنراوی دەستکردی گوتاری خودی ڕۆژئاوابوون ((فریدمەن، (١٩٨٧) ، (١٦٥) )).

تزڤیـتان تـۆدۆرۆڤ، نووسـەرو ڕەخـنەگر، لـە کتێـبی فـەتحی ئەمـریکادا، دەری دەخـا ئەگـەر ئامادەبوونی ((ئەویـتر)) بە هەند هەڵگرێ، بەباشی دەتوانێ لە ڕووی مێژووی ململانـێی کولـتوورەکان ڕاز هــەڵماڵیو سـەر لــەنوێ بیاننووسـێتەوە. دەتوانـین شـیکردنەوەی تـۆدۆرۆڤ وەکـو ئـەزموونی دووبـارەی نموونـەی ((کەشـفی)) مێژوونووسی ئـەوروپایی سـەیر بکـەین لـە ژێـر تیشکی فەتحی ئەمریکای ناوەڕاست بەدەستی ئیسپانییەکان لەسـەدەی شازدەدا، نموونەی ((کەشفی)) گەشەی کولتووری، وەکو نموونـەی ((نەجاتگەری)) ئەنترۆپۆلۆژیا، شت شێوەی (شیء یەت) بەو خەڵكو کولـتوورانە دەبەخشێ کـە دەیـان خوێنێـتەوە، بـەڵام خـۆ لـەوە دەپارێـزێ کـە وەکو بابەتێکی مێژوویی سەیریان بکا، تۆدۆرۆڤ دەڵێ بابەتی ئەویتر دەکرێ لە سێ ئاستدا لێکۆڵێـنەوەی لەسـەر بکرێ: ئاسـتی بەهاناسـی، کـە بەهایـەکی داوەری (تحکم) لەخۆ دەگـرێ (ئـەویتریان چاکە یـان خـراپە)، ئاسـتی کـردەوە ناسـی، نـزیك بوونـەوەیان دوورکەوتـنەوە لـەویتر لـە خۆدەگرێ (وەرگرتنو پەسندکردنی بەهاکانی ئەویتر، یان خـۆ لەگـەڵ ئـەویتر بەیـەکێ زانـین)، ئاسـتی ئەپسـتمۆلۆژی، کـە زانـین یـان نـەزانی لەهەمبەر شوناسی ئەویتر لە خۆ دەگرێ ((تۆدۆرۆڤ، (١٩٨٤)، (١٨٥) )).

ئەگەرچی تۆدۆرۆڤ گرنگی بە هەر سێ ئاستەکە دەدا، بەڵام سەرنجێکی تایبەتی دەدا بە تەوەرەی دووەم، تەوەرەی هاوتابوونو بەیەك زانین، ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە شارسـتانییەتی ڕۆژئـاوا، لـەکاتی فـەتحی ئەمـریکاوە، ئـەو تەوەریـەی بـۆ هاوتاسـازی ئەوانیتر لەگەڵ پانتایی سەرکەوتنو زاڵبونی خۆی بەکارهێناوەو تاڕادەیەکی زۆریش سـەرکەوتوو بـووە. تـۆدۆرۆڤ زانسـتی ئـەنترۆپۆلۆژی، ئـەو ((منداڵەی ئیستعمار))، بە یەکـێك لـەو ڕەوتانـە دادەنـێ کـە بەهۆیـەوە هاوتاسـازییەکی دیکـە مومکـین دەبـێ. هـەروەك لەمـەڕ فاتحـە ئیسـپانییەکان نیشـانی داوە کـە کەشـفێکی تـر دەکـرێ، بەشـێوەیەکی خـەیاڵی دروسـت بکـرێ، شـێوازێك کـە بەهۆیەوەلـە جـیاتی کەشـفی وجودی عەینی ئەویتر، ئەپستمی زەینیی خود کەشف دەکەین، لەو ڕوویەوە کەشفی کیشوەری ئەمـریکا لـە سـاڵی (١٤٩٢) لەلایـەن کریسـتۆف کۆلۆمبسـەوە، پـێش ئـەوەی سـەرەتاو دەسـتپێکی چـەرخی نـوێ بـێ، کەشـفیدووبارەی خـودی ئەوروپیـیە لـە بەرانبەر ئەویتری تازەوە دیهاتوو لە خاکی مەکسیكو ناوچەی کارائیب.

## ڕۆژهەڵاتناسی

یەکـێك لـە مـژدە بەخشـترین هەوڵـە سـەرەتاییەکان لەمـەڕ بەکارهێـنانی میـتۆدی جیـنالۆژی فوکو لەبابەتە نوێیەکاندا، بەبڵاوبوونەوەی کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی ئیدوارد سـەعید (١٩٧٨) هاتـەدی. سـەعیدیش هـەروەك فوکو گرنگیدا بە چۆنییەتی (تمپیل - Represention)، واتە ((ئەویتر))ێك چۆن دروست دەکرێ، بابەتی سەعید لەسەر ڕۆژهـەڵات بـوو، واتـە کۆمەڵەیـەکی مـەکانیو کولـتووری نائاشنا کە توانی بەدرێژایی چـەندین سەدە سەرنجی ئەوروپییەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێو ترسو دڵەڕاوکێیان لە نـێودا دروسـت بکـا. ((ڕۆژهەڵاتـیەکانی)) سـەعید لـە هـەندێ ڕووەوە هـەمان شـێت، لادەرو خـراپەکارەکانی فوکـو – ن، هـەموویان بابـەتی گوتـارو ڕیوایەتـە بـەدەزگایی کـراوەکانن کـە دەناسرێن، شی دەکرێنەوەو کۆنترۆڵ دەکرێن، بەڵام هیچ کات مۆڵەتی ئاخاوتـنیان پـێ نـادرێ، هـەر هـەموویان لـە بارودۆخی ئەویتردا قەراریان گرتووە کە هـەڵقووڵاوی جـیاوازیی ئەوانـە لەگـەڵ ئەو شـتانەی ئاسایی، حەقـیقیو ڕاسـت دێنە بەرچـاو. سـەعید لـە ڕێگـای خوێـندنەوەی توێژەرەکـان، ئەرشـیفە دیپلۆماتـیکەکان، سـەفەرنامەو بەرهەمـە ئەدەبییـەکان دەریدەخـا کـە چۆن ئەوروپا لە سەردەمی پاش چـەرخی ڕۆشنگەری سەرەتا ((ڕۆژهەڵاتیان)) لە شێوەی ((نووسین)) – بەشێوەیەکی نووسراو – داگیر کرد. بەبڕوای سەعید گشت کۆمەڵگاکان ناسنامەی خۆیان لە ڕێگای قەرارگرتن لە پەنا ئەویترێك – بێگانەیەك، خارجییەك یان دوژمنێك – دا بەدەست دێـنن، ڕوانینـێکی بونیادیـیانە بەسـەر کولـتووری سیاسـیی هەرچوار قوژبنی جیهان، ئـەو هەڵوێسـتەی سـەعید پەسـند دەکـا کـە شـێوازی دوالـیزمی نـێوان ((ئـێمە))و ((ئـەوان)) بەشـێکی گرنگی هەموو سیستەمێکی ڕێکخراوی فیکری سیاسیپێك دێنێ، سیاسـەت، چ وەکو بەشـێکی زانستیو چ وەکو پیشـە، خەڵکی لەسەر بنەمای لایەنگر یـان دژ، یـار یـان نەیارو لە هەمووشی گرنگتر دۆست یان دوژمن پۆلین دەکا. سەعید لەسـەر ئـەو بـڕوایەیە کـە ئـەو داگیرکـردنە لەڕێگای گوتارێکی جیاوازی کە ئەو ناوی نـاوە ((ڕۆژهەڵاتناسـی)) سـەری گـرت، بەبۆچـوونی ئـەو ڕۆژهەڵاتناسـی بریتیـیە لـە

بەشێکی یەکجار ڕێکوپێکی زانستی کە کولتووری ئەوروپی بەدرێژایی سەردەمی پاش چەرخی ڕۆشنگەری توانی بەهۆیەوە ((ڕۆژهەلأت)) لەڕووی سیاسی، کۆمەڵناسی، سەربازی، ئایدیۆلۆژی، زانستیو تەخەیولیەوە بەڕێوەبباو تەنانەت دروستیشی بکا (سەعید، (١٩٧٨)، (٣) ) ت. بەوتەی سەعید ڕۆژهەلأتناسی، وەکو کۆمەڵەیەك لە مەعریفەو سیستەمی نواندنەوەی، توانی ڕۆژهەلأت وەکو ((ئەویتری شارستانی)) خامۆشی ئەوروپا وێنا بکا. ئەو هێڵەی بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژهەلأتو ڕۆژئاوا لە نێوان یۆنانو تورکیایئێستا کێشراوە، بەر لەوەی واقیعیەتێکی سروشتی بێ، داهێنانێکی ((جوگرافیای خەیاڵی)) ئەوروپا بوو. (سەعید، (١٩٨٥)، (٢) ).

سەعید دەڵێ:

پێویستە ئەو رایە گرنگەی ڤیکۆ (٩) بەجیددی وەربگرین کە دەڵێ مرۆڤەکان بۆ خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەنو ئەوەی دەتوانن بیزانن هەمان ئەو شتەیە کە دروستیان کردووەو (ئەمە) بۆ پانتایی جوگرافیاش درێژدەکەنەوە، شوێنەکان، ناوچەکانو بەشە جوگرافییەکانی وەکو ((ڕۆژهەلأت))و ((ڕۆژئاوا)) – وەکو مەوجوودییەتە جوگرافیو کولتوورییەکان، چ بگا بە مەوجوودییەتە مێژووییەکان – دروستکراوی دەستی مرۆڤن. کەواتە ڕۆژهەلأت، بەڕادەی خودی ڕۆژئاوا، ئەندێشەیەکە، کە مێژووو نەریتێکی فیکریو هەندێ تەسەورو دەستەواژەی هەیە کە لە ڕۆژئاواو لەپێناوی ڕۆژئاوا واقیعییەتو ئامادەیی پێ بەخشراوە. لەبەر ئەوەی خود بەردەوام لەگەڵ ئەویتردا پێوەندی هەیە، بەهۆی دژایەتی لەگەڵ ئەو وجوودەدا بوو کە ڕۆژئاوا توانی شوناسیی خۆی پێکبێنێو بیپارێزێ. لەنێو ولأتانی ڕۆژهەلأتدا چین،بەهۆی دووریی جوگرافیو گۆشەگیریيە مێژووییەکەیەوە، بوو بەمەزنترین ڕادەی ئەویتری نائاشنا. هیند، کە بۆماوەیەکی دوورو درێژ بەتاجی زێڕینی موستەعمەراتەکانی بەریتانیا لە نیمچە کیشوەردا دەژمێردرا، دووەمین پاڵێوراوبوو بۆ وەرگرتنی پلەی ئەویترو هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆمانتیك لە سەدەی نۆزدەدا، گرنگییەکی زۆرتری وەرگرت، تەنیا پاڵێوراوێك کە مابووەوە بۆ وەدیهێنانی نیازە خودیەکانی ڕۆژئاوا بە ئەویترێك، جیهانی موسڵمان بوو. ڕۆژهەلأتی ئیسلامی لەگەڵ تەواوی شارستانی ڕۆژئاوا نزیكو لەهەمان کاتیشدا



جیاواز درایە قەڵەم. ئیسلام وەکو دینێکی سامی، لە زۆربەی ئوسوولە (بنەما) کەلامیەکان لەگەڵ مەسیحییەتدا هاوبەشە، بەهۆی درێژایی ئەو هاوسێیەتییە جوگرافیاییەو تێڕوانینی بەرهەڵستکارانەی کە بووە هۆی داگیرکردنی خاکەکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەروەها بەهۆی ئەو یەکێتییە سیاسییە ئاشکرایەی کە لەژێر ئالأی ئیمپراتۆری عوسمانیدا کۆی کردبوونەوە، جیهانی ئیسلام وەکو نەیارێکی گەورەی کولتووریو سیاسیی ئەوروپا درایە قەڵەم. تا سەدەی هەژدەش ئەوروپییەکان ئیسلامیان بەدینێکی لادەر لە دینی مەسیحی دەزانیو جیهانی مەسڵمانانیان وەکو قەڵەمڕەوو سنووری دژی مەسیحی سەیر دەکرد. پاش سەرهەڵدانی فەلسەفەی عەقلانییەتو هیومانیستی لە چەرخی ڕۆشنگەری، جیهانی ئیسلامیان بەمەزهەری هەموو ئەو شتانە لە قەڵەم دەدا کە تازە ئەوروپا بەسەریاندا تێپەڕیبوو، واتە زاڵبوونی مەزهەب، ملهوڕیی سیاسی، وەستانی کولتووری، نەزانی زانستی ،خورافە پەرستی، ..تاد. لەو کاتە بەدواوە ڕۆژهەلأتی ئیسلامی بوو بە مۆتەکەی هەموو ئەوروپییەکان، ئەو جیهانەی خەیالأتە نائاشناو شەهوانییەکانی دەوروژاند، لەڕوانگەی بیرمەندە ڕۆژئاواییەکانەوە، ((ڕۆژهەلأتییەکان)) کە موسڵمان، عەرەب، تورك، ئێرانییەکانی دەگرتەوە – تەنیا ((فەزایەکی گوتاری)) یان داگیر دەکرد. ئەوان وەکو شێوەی نموونەیی ڕۆسۆ لە ((وەحشی نەجیب))و موسافیرە خەیاڵیەکانی پاریسی نامە ئێرانییەکانی مونتسکیۆ (١٠) سەیریان دەکرا، ڕۆسۆ بەشێوەیەکی نۆستالژێك وەکو نوێنەری سەردەمێکی تێپەڕبوو سەیری دەکردن کە تێیدا مرۆڤو سروشت لە هەماهەنگیدا ژیانیان بەسەر دەبرد، بەلأم مۆنتیسکیۆ ئەوانی وەکو وتەبێژی سیمبۆڵی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی ڕەخنەکانی خۆی لەژیانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا. ئەوان ((ڕۆژهەلأتییەکان)) لە هەر دوو حاڵەتەکەدا تەنیا ڕەنگدانەوەی ئیستعماری خودی ڕۆژئاوا بوون لەسەر خۆیان. لەو رووەوە هەروەکو سەعید زۆر بەباشی بەڵگەی بۆ دێنێتەوە، پێوەندی نێوان ڕۆژهەلأتناسەکانو ڕۆژهەلأت، لەبنەڕەتدا پێوەندییەکی هێرمیونیتیکیانە (١١) (تەئویل گەرایانە) بوو، توێژەری ڕۆژهەلأتناس لە کاتێکدا لەبەردەم شارستانییەت یان یادەوەرییەکی کولتووری دوورە دەستو دژوار بۆ تێگەیشتن ڕاوەستابوو، بەهۆی

وەرگێڕان یان وەسفی دڵسۆزانە، گومانەکانی کەم دەکردەوە تا بەم چەشنە بەسەر دژواریی تێگەیشتندا زاڵ بێ (سەعید، (١٩٧٨)، (٢٢٢) ). ڕۆژهەڵاتو ڕۆژهەڵاتییەکان تەنیا لەبەرئەوە بەسوودبەخش لە قەڵەم دەدران کە هەندێ کۆمەڵگا یان کۆمەڵەن بۆ راڤە، ئەوان بەردەوام هێمادەکران بەڵام هیچ کات هێماکار نەبوون. ئەو ڕۆژهەڵاتناسە کە بەردەوام ئامادەیی هەیە لەکاتێکدا ڕۆژهەڵات بەردەوام ونە، ڕۆژهەڵاتو ڕۆژهەڵاتییەکان وەك ((دەق))و ((بابەت))ە واقیعیو خەیاڵییەکان لە خزمەتی نووسەرە ئەوروپییەکاندا بوون، دونیای نووسینەکانی ڕۆژئاواو بێ دەنگی ڕۆژهەڵاتی هەلی ئەوەی ڕەخساند کەشتی جۆراو جۆر بە ((ڕۆژهەڵاتی)) بناسێندرێنو شێلەی ((ڕۆژهەڵاتی)) بخۆن، زاراوەی وەکو گەندەڵی، دڵڕەقی، ئیستبداد، جەوهەر، ڕوحییە(مەعنەویات)، عیرفان، شەهوانییەت، ڕۆحو شکۆی ڕۆژهەڵاتی زۆر زوو ڕێی کەوتە ناو گوتاری ڕۆژانەی چاوەدێرە ئەوروپییەکان، بەم جۆرە ڕۆژهەڵات نە تەنیا وەکو نموونەیەکی تەواوی ئەندێشەی جێگیرەوەی لێ هات بەڵکو بۆ ئەویترێکی ئەنتۆلۆژی گۆڕانێکی بەسەرداهات کە کەشفکراوەو، دەورەدراو، ڕزگارو بەشارستانی کراوە. گوتاری ڕۆژهەڵاتناس پارێزگاری لە نموونەی جیاوازی کرد چونکە ئەو گوتارە لەلایەك ڕیشەی لە عەقڵانییەت، سیکۆلاریزمو جیهانگەرایی سەدەی هەژدەو لەلایەکی تریشەوە ڕیشەی لە ڕۆمانتیزم، پۆزیتیڤیزمو ئیستعمارگەری سەدەی نۆزدەدا هەبوو. لێکۆڵەرەوە ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆر بە توندی پابەندی کولتوورو ئەدەبی سیاسی سەردەمی خۆیان بوونو بەمەبەستی پاساوهێنان بۆ دەسەڵاتی نموونەیی ڕۆژئاوا پاڵیان دا بە بەشە زانستییەجۆراوجۆرەکانی وەك بایەلۆژی، ئەنپرۆپۆلۆژی،زمانناسی، وشەناسی. ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادیمێك زۆر زوو بوو بە قوتابخانەیەکی راڤەیە سەرچاوەی ئاگایی لەسەر ڕۆژهەڵات. کەڵەکەبوونی دراوەکانی ئەو نەریتەکولتوورییە لەمەڕ ڕۆژهەڵات یارمەتییەکی شیاوی باسی کرد بەو ئەرکەی ڕۆژئاوا خستوویەتە ملی خۆی بۆ گۆڕینی جیهان بە پێی تەسەوری خۆیان. سەعید، بەسەرنجدانی بابەتی فوکو لەمەڕ پێوەندی مەعریفەو دەسەڵات، هاوکاری ئاگایانە یان نائاگایانەی ڕۆژهەڵاتناسەکانو ئیستعمارییەکان ڕوون دەکاتەوە، هاوکارییەك کە بەهۆیەوە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەشێوەیەکی بەرجەستەکراو



ڕۆژهەڵاتیان دەرك کردو دەسەڵاتە ئیستعمارییەکان بەشکڵێکی فیزیکی داگیریان کرد، بەم چەشنە لەسەدەی هەژدە بەدواوە مەعریفەی ئەزموونگەرا یارمەتی بەڕەوتی وەسەریەکانی (کۆکردنەوەی) سەرمایەو دەسەڵات کرد. بەوتەی سەعید ئەوەی بووە هۆی پێکهێنانی ئەو هاوکارییە، باوەڕی هاوبەشی ڕەگەزپەرستیو ئیمپریالیستی ڕۆژهەڵاتناسە زانکۆییو سیاسەتمەدارەئیستعمارگەرەکان بوو. دەمارگرژیی ڕەگەزپەرستانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە مەزهەبەوە سەرچاوەی دەگرت، بوو بە باکگراوندی مێژووی نژاد پەرستییە بایەلۆژیکیو جوگرافییەکانی دەورانی پاش ڕێنیسانس، تێپەڕبوون لە سیستەمی فیۆداڵی بەرەو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە پێویستی کەڵەکەکردنی سەرمایەی هێنایە ئاراوە، دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکانی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کە سەربازەکانی خۆیان بەرەو دوورترین شوێنی جیهانی گەشەنەسەندوو ڕەوانە بکەن، بەڵام لەو نێوەدا ئەو فاکتەرەی زیاتر لە هەمووفاکتەرەکانی دیکە ڕۆڵیگێڕا، کولتووری ئەوروپامەداری چەرخی مۆدێرنیتە بوو (١٢). ڕۆژهەڵاتناسیبە پلەی یەکەمو بەر لە هەموو شتێ مەزهەری مۆدێرنیتەو زرمنداڵەکەی، ئیستعمار بوو. مۆدێرنیتە بەرگی زانستی لەبەرو ئیددیعای سەرپەرشتیی جیهانی لەسەر زمان بوو، دیدوبۆچوونی جیهان شموولی ئەندێشەی پێشکەوتووانەی ئەوروپییەکان کە دەیەویست مرۆڤایەتی لە جووڵەیەکی بەردەوام بۆ پێشەوە، وێنابکا، نەیدەتوانی بە دیدێکی گونجاوەوە سەیری ناهاوکاتی ئەزموونی ڕۆژهەڵات بکا، دواین گریمانە ئەوەبوو کە گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی پێشکەوتن تەنیا کاتێ دەبێ کە سەر زەوی باوباپیرانو پەندە عەتیقییەکانیان ڕزگار بکرێ (١٣)، ئەوروپییەکان، سەرەڕای ڕەگەزی ڕۆژهەڵاتی خۆیان، یۆنانگەرایی (هێلێنیزم)و مەسیحییەتیان بە توخمی پێکهێنەری میراتو کەلەپووری تایبەتی خۆیان هەڵبژارد. بەپاڵپشتی ئەو شووناسە گریمانەیە بوو کە توانیان بەشێوەیەکی باوکسالارانە ئەو مافە بەخۆیان بدەن کە ڕۆژهەڵات وەکو هەماری سەردەمی عەتیقو وەستانی جاویدانی سەیر بکەنو حوکمی لەسەر بدەن (امین، (١٩٨٩)، (١٠٠_١٠١) )، لەو ڕووەوە نەك تەنیا دنیای ((ڕۆژهەڵاتیان)) وەکو ئەویترێکی بێ لایەنو بێ باگ سەیر نەکرد، بەڵکو وەکو (غیر)ێك وێنایان کرد کە

پێویستە بخرێتە کۆتو بەندەوە، هەم فوکوو هەم سەعید پێویستە بەرەخنەگری بەرزی نواندنەوە بژمێردرێن، چونکە بونیادشکێنی شێوازە باوەکانی فیکربوون، ئامانجیان دۆزینەوەو دەنگ بەخشین بوو بەو (ئەوانیتر)ە دەستکورتو پەراوێزیانەی کۆمەڵگا بوونو ئامادەییانی بەهەند هەڵنەدەگرت، سەعید ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی لەبابەتەکەیدا لەگەڵ فوکو هاوڕایە، بەڵام هەندێ جیاوازیی بیروبۆچوونیشی لەگەڵیدا هەیە، یەکەمیان، لە کاتێکدا فوکو هەوڵی دەدا جیاوازی ببەخشێ بەکولتووری ئەوروپی لە نێوئەو سنوورانەی کە خۆی بۆخۆی دروست کردبوو، سەعید لە زەمینەیەکی جێگای نیقاشترەوە هاتە ناوەوە — واتە بۆ بەرەو مەیدانی پێکۆڵی لەمەڕ لافو ئیدیعایی ڕۆژئاواکان سەبارەت بە هەقیقەت. دووەم، فوکوو سەعید هەردووکیان لە سەر ئەوەی پێویستە چۆن سەیری پێوەندی نێوان دەقو نووسەر لەلایەكو شکڵبەندیو گوتارە جەمعییەکان لەلایەکی ترەوەبکەین، جیاوازیان هەبوو. لە شیکردنەوەی گەورەو ئەنسکلۆپیدیایی فوکو لەسەر جینالۆژی، بونیادە جۆراوجۆرەکان، یەکەیەکی دەقو نووسەرەکان هێندە گرنگ نینە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە شیکردنەوەکانی سەعیدا گرنگی سەرەکییان هەیە، سەعید لەسەر ئەو جیاوازییە دەنووسێ: ((لەگەڵ هەموو ئەوانە من بە پێچەوانەی فوکو، کە زۆر قەرزداری بەرهەمەکانیم، باوەڕم بە کاریگەریی دیاریکەری یەکەیەکی نووسەرەکان بەسەر کۆمەڵەیەکی ئەو دەقانەی کە شکڵبەندییەکی گوتاری وەکو ڕۆژهەڵاتناسی پێك دێنێ هەیە)) (سەعید، (١٩٧٨)، (٢٣) ). سێیەمین جیاوازیی نێوان ئەو دوو بیرمەندە لە تێڕوانینیان بۆ دەسەڵات خۆدەنوێنێ، فوکو زیاتر گرنگی دەدا بە تەکنەلۆژیاو شێوازەکانی دەست گەیشتن بە دەسەڵات، لەکاتێکدا سەعید گرنگی دەدا بە بەرەنگاری کردن لە بەرانبەر دەسەڵاتدا، لە حاڵێکدا فوکو تادوایی هەر لەسەر ڕەخنەگرتن لە هیومانیزم مایەوە، سەعید لایەنگرێکی سەرسەختی هیومانیزمە، دەتوانین لە نواندنێکی مەکانمەنددا بڵێین لە کاتێکدا راڤە بەهاییەکانی فوکو هەمیشە لە پشت زەمینەی بەرهەمەکانیدا قەراری گرتووە، بیروبۆچوونە بەهادانەرەکانی سەعید بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی نووسینەکانیدا خۆ دەنوێنێ، ئینتیمای بەهایی سەعید هەم لەکاتی سەرزەنش کردنی ڕۆژهەڵاتییەکانو هەم کاتی بەرگری لە بارودۆخی دژواری هاونیشتمانییە فەلەستینییەکانی بەئاسانی کەشف دەکرێ، بەکورتی سەعید لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بونیادشکێنی (بەشێوازی فوکو) گرفت نانەوەیە نەك بەدەسەڵات گەیاندنی ئەلتەرناتیڤێك، لەغیابی گرفت خوڵقێندا بونیادێکی دەسەڵات دەکرێ بەتەواوی بێ ئیعتبار بێ، بەڵام هەر لەسەر کورسی دەسەڵات بمێنێ.

## ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو

سەعید لە کۆتایی کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەورووژێنێ: ((مرۆڤ چۆن کولتوورەکانی دیکە دەنوێنێتەوە؟)) کولتووری دیکە چییە؟ ئایا ئایدیای یەك کولتوور (یان ڕەگەز، یان مەزهەب، یان شارستانییەت)ی جیاواز مەفهومێکی سوودمەندە یان بەناچاری دەکەوێتە پێهەڵگوتنو گەورەکردنەوەی خۆی (کاتێ گفتوگۆ لەسەر کولتووری خودییە)و یان بەرەو دوژمنایەتیو شەڕ لەگەڵ غەیر (کاتێ گفتوگۆ لەسەر کولتووری ئەویترە، گۆڕانی، بەسەردادێ؟)) (سەعید، (١٩٧٨)، (٣٤٥) ) بۆ توێژەرانی پێوەندی نێودەوڵەتییەکان ئەو پرسیارانە بە ئاشکرا گرنگی تیۆریو سیاسی یەکجار زۆریان هەیە، سەرەڕای ئەوە ئەپستمۆلۆژیستەکانیش گرنگی ئەو بابەتە دەرك دەکەن، چونکە هەر لەو پرسیارانەوە هەندێ پرسیاری تر لەدایك دەبن:ئایا نواندنو وێناگەری هەروەك لەمەڕ ئەویتر سازییەوە ڕوودەدات، وەکو کردەیەکی ئەویتر سازانە، دەتوانێو دەکرێ هیچ کات ئاوەژوو نەکرابێتەوە؟ ئایا دەتوانێ بۆ شێوازێکی ئەوتۆی بەدەستهێنانو مەعریفە عەینییەتێك بەکاربێنین؟ قوتابخانەی پۆست بونیادگەری سەعید حوکمی ئەوەی پێ دەکا کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بە شێوەیەکی بنبڕ بەسلبی بداتەوە. بابەتی واقیعی ئەوەیە کە ئایا نواندنێکی حەقیقی لە شتەکان بە ڕاستی دەتوانێ وجوودی هەبێ، یان تەنیا لەبەرئەوەی هەموویان تەمسیلنو بەهۆی ئەوەی تەمسیلن بەپلەی یەکەم لە چوارچێوەی زمانو پاشان لە چوارچێوەی کولتوورو بونیادو فەزای سیاسی تەمسیلکارەکان — دا دەمێنەوە؟ ئەگەر گریمانەی دوەم ڕاست بێ (کە بە بڕوای من وایە)، ئەوکاتە پێویستە ئامادەی قبووڵ کردنی ئەو واقیعییەتە بین کە تەمسیلێك

خۆی لەخۆیدا جگە لە ((هەقیقەت)) کە ئەویش بۆ خۆی تەمسیلێکە، لەگەڵ زۆر شتی دیکەدا ئاوێتەو تێکەڵاو بووە (سەعید ١٩٧٨، ٢٧٢). وردبوونەوە لە بابەتی سەرەوە یەکڕاست هەندێ پرسیار لەمێشکدا دەورووژێنێ. ئایا تەمسیلو نواندنەوەی خودی سەعید لەمەڕ ڕۆژهەڵاتناسی حەقیقیو وردو ڕاستە؟ ئایا تەمسیلی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئەوانیتری خۆیان، واتە لە ڕۆژئاواییەکان، دەکرێ لەنووسینی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتییەکان بێ کەموکوڕی تر بێ؟ سەعید لەسەرەتادا گرنگی بە پرسیاری دووەم نەدەدا. لە ڕوانگەی سەعیدەوە شتێکی هاوتای ڕۆژهەڵاتناسی، وەکو ڕۆژئاواناسی، وجوودی نەبوو، چونکە ڕۆژهەڵاتییەکان نە لەبارەی خۆیانو نەلەبارەی ڕۆژئاواوە قسەیان نەدەکردو ئەگەر بشیانویستبا ئەو کارە بکەن ئەوا دەزگا (دامەزراو)ی پێویستیان نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا وا دێتە بەرچاو سەعید لە ڕوانگەی ((گوتارێکی ئاوەژوو)) (١٤) هەراسان بووبێ، چونکە بەو داواکارییە کۆتایی بەکتێبەکەی دەهێنێ: ((هیوادارم توانیبێتم ئەوە بە خوێنەر نیشان بدەم کە وەڵامدانەوە بە ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژئاواناسی نییە. لەبەرئەوەی بۆ خۆی ڕۆژهەڵاتی بووە لەوانەیە، زۆریش لەوانەیە، ئێستا بتوانێ ((ڕۆژهەڵاتییە)) نوێییەکان یان ((ڕۆژئاواییە)) دەستکردەکانی خۆی بخوێنێتەوە)) (سەعید ١٩٧٨، ٣٢٨). سادق جەلال ئەلعەزم (١٩٣٤) فەیلەسوفی هاوچەرخی سووری لەکاتی ڕەخنەگرتن لە کتێبەکەی سەعید بەپێی هەمان ئەو بنەمایانە ئەوی تاوانبار کرد (١٥). (ئەلعەزم) لەگەڵ ئیددیعای سەعید لەمەڕ بەدگومان بوونی مەبەستی خوێندنەوەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان هاوڕا نییە. لە ڕوانگەی ئەوەوە ئارەزوو بۆ خوێندنەوەی کولتوورو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان لەگەڵ کولتوورو کۆمەڵگای خۆماڵی بە تەواوی ئینتمایەکی گشتی مرۆڤانەیە، کە تاڕادەیەکی زۆر هەموو کۆمەڵگاکان تێیدا بەشدارن. جگە لەمە بە بڕوای ئەو دروست کردنی دوالیزمی خود — ئەویتر ئاراستەو ویستێکی جیهانییە، چونکە گریمانەی بونیادی ئەویتر ڕیشەی لە دەرەکی سازییەکی خەیاڵیدا هەیە. بەواتایەکی تر ئەو وێنە زەینییەی کە هەموو کەس لە هەر کولتوورێکی دیکە هەیەتی، ناکرێ پاڵنەرو هۆکاری کولتووریو سیاسی نەبێ. ئەلعەزم پاشان بەڵگەی پێشکەش کرد کە



سەرەڕای ((ئاگادار کردنەوەی گرنگی سەعید بەرانبەر بە دانەرانو قوربانییان ڕۆژهەڵاتناسی لەمەڕ مەترسیو وەسوەسەکانی بەکاربردنی بونیادو شێوازی حازرو ئامادەو دەمارگرژی ئەنتۆلۆژیی ڕۆژهەڵاتناسی سەبارەت بە خودو ئەویتر، کەچی ئێستا ئەو کارە بەشێوەیەکی بەربلاّو ئەنجام دەدرێ)). ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو، گوتارێکە ڕۆشنبیرانو سەرکردە سیاسییە ((ڕۆژهەڵاتی))یەکان بەکاری دێنن تا لافی ئەوە لێبدەین شوناسێکی ((حەقیقی))و ((ڕەسەنیان)) هەیەو پاشان ئەو شوناسە بە چنگ بێننو ببنە خاوەنی ئەو جۆرە ناسنامەسازییە کە زۆربەی کات وەکو مەعریفەیەکی لەناوبەری ڕیوایەتی ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەڵات سەیر دەکرێ (١٦)، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسی نەك تەنیا ڕۆژهەڵاتناسی ئاناتۆمی ناکا، بەڵکو وەکو هەموو ئاوەژوو سازییەکانی دیکە، زۆربەی پرنسیپە ئەنتۆلۆژییەکانی لە ئیستعمارە دەخوازێ. ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو بە پلەی یەکەمو بەشێوەیەکی ناڕەخنەگرانە ئەو گریمانەی ڕۆژهەڵاتناسی پەسند دەکا کە جیاوازییەکی بونیادی ئەنتۆلۆژیك لە نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات لە ڕووی زات، خەڵكو کولتوورەوە وجوودی هەیە. ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا وەکو مەوجوودییەتی جوگرافی، مێژوویی، کولتووری ئەوتۆ وێنا دەکرێن کە لەخودی خۆیدا لەگەڵ یەکتردا ناهاوتان. گریمانەکە لەسەر ئەوە بونیاد نراوە کە هەردووکیان مێژوو، تەخەییولات، نەریتی فیکری، شێوازی گوتار، پرنسیپی ئەخلاقیو کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە ئاسانی دەناسرێتەوە. لەو ئەبستراکت سازییەدا، کە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا نسبەت بە یەکتری بە ((ئەویتری)) بێ ئەملاو ئەولا لە قەڵەم دەدا، چەکەرەی ئەو گریمانەیە وجوودی هەیە کە ئەو بەناو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایە تەرکیب بەندییەکی هاوشێوەیان هەیە. جارچی هەرکام لەو بیروبۆچوونانە لەمەڕ دانیشتوانو خاکی لایەنی بەرانبەر وابیر دەکەنەوە وا قسەدەکەن کە گوایە هەردووکیان گشتو قەڵەمڕەوی دیار، خاوەن شعوورو یەکپارچەن. بۆ بانگدەرانی ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو، ڕۆژئاوا هەر ڕۆڵی ئەو (منی تر)ە دەگێڕێ کە ڕۆژهەڵات بەجۆرێکی تەقلیدی بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکانی دەگێڕا. ستانلی دایمۆند وتوویەتی کە کولتووری ڕۆژئاوا تەنیا لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ بەدەوییەتێکی ساختەییەوە دەتوانێ خۆی وێنا بکا (دایموند ١٩٧٤). لە بەرانبەر

ناوچەیی، بەربەر، گەشە نەسەندوو تا ئەوروپایی دایە کە شووناس، شارستانییەت‌و قارەمانی ڕۆژئاوا پێناسە دەکرێ. وا دێتە پێش چاو کە لەمەڕ ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژووش هەر ئەو لۆژیکە ڕاست بێ، چونکە ((ئێمەی)) ڕۆژهەڵاتی هەمیشە لە پێوەندی لەگەڵ غەیری ((ئێمە)) واتە مرۆڤی ڕۆژئاوایی دروست دەبێ (١٧). بە گرنگی دان بە بەرهەمداری مێژوویی‌و تیۆری ئەو گوتارە بەهۆی ئیستعمارو ئەو دڵەڕاوکێیە لێی پەیدا بووە،شەیدایەکی نا عەقلانی بەرانبەر بە ئەویتری زاڵ (ڕۆژئاوا) زۆر لۆژیکیی دێتە پێش چاو. ئەویتر بەردەوام وەکو چاوەدێرێکی گریمانەیی، یان هەروەك جاك دریدا (١٩٨٢) ناوی ناوە ((کولتووری مەرجەع)) ڕۆڵی هەردوولا یاری دەکا. بەڕامان لەوەی کە ڕۆژئاوا (بەهۆی ئامادەبوونی لە هەموو شوێنێ) وەکو ناوەندی قورسایی جیهان سەیری دەکرێ، ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو ناچارە بنەماشکێنی خۆی لەبابەتی خودەوە وەربگرێ. بەم جۆرە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە ئاستی ئەو پلەو پایەی کە تازە بەدەستیان هێناوە وەکو وتەبێژی نووسەرو ڕۆڵگێڕیخۆیان، بەردەوام بە توندی لەژێر کاریگەری گوێگرو دەق‌و بیسیار (مخاطب)ی ڕۆژئاوایی دان. ڕۆژهەڵاتییە دەورەگیراوەکان ناچارن لەناو پانتایی قەڵەمڕەوی نەیارەکەیان دا بکەونە ((جەنگ بۆ وەدەستهێنانی شوێنگە)). بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی لە پەراوێز خزێنراوی ڕۆژهەڵات، لەو جەنگە کولتوورییەدا کە لە ژێر بۆردومانی بالادەستی دوژمندان، بۆ یارمەتی‌و هاوکاری پەنا دەبەنە بەر ناسیۆنالیزم واتە نموونەی ئایدیۆلۆژیکی دوژمن.

ئەو بارودۆخە ئەو ڕایەی مارکسمان بیر دێنێتەوە کە دەیگوت پرۆلیتاریا ئامرازی بەرهەمهێنان دەخاتە خزمەت خۆیەوەو لە ڕێگای ئەویشەوە دەکەوێتە بەربەرەکانی لەگەڵ زاڵبوونی بۆرژوازی بەسەر دەسەڵاتدا. ئێستا ڕۆشنبیرانی ((جیهانی سێیەم)) دەیانەوێ ڕێبازێکی تری سەدەی نۆزدەی ڕۆژئاوا (ناسیۆنالیزم) بکەنە هی خۆیان، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوادا بکەونە بەربەرەکانییەوە. ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ژێرخانی تیۆری ڕۆژهەڵاتناسی بەنهێنی دەپارێزێ، بەڵام ئانتی تێزی وردوڕێکی ڕۆژهەڵاتناسی نییە. ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژووهەروەکو ڕۆژهەڵاتناسی، لەسەر بنەمای ڕوانینی دەرەکییانە قەراری گرتووە، بەڵام زیاتر گرنگی داوە بە نواندن (یان سەرپەرشتی) نوێنەرە ناوخۆییەکانی دەدا لە جیاتی تێگەیشتن لە ئەویتری نائاشناو زاڵ بوون بەسەریدا. گفتوگۆی ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو، وەکو شێوازێکی گوتاری پاش ئیستعماری، بە پلەی یەکەم چاوی لەسەر نوێنەری کراو (موکل)ەکانی خۆیەتی‌و تەنیا لە پلەکانی دواتردا گرنگی بە نەیارە ڕۆژئاواییە — کانی دەدا. ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو لە ڕووی فۆرمۆلبەندی مەعریفە — دەسەڵاتیش لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسیدا جیاوازی هەیە. ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو، هەروەك ڕۆژهەڵاتناسی، گوتارێکی دەسەڵاتە، بەڵام تەنیا ئەو جیاوازییەیان هەیە کە ئەگەر دووهەمیان دەربڕی ڕای لایەنی سەرکەوتووە، ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو دەربڕی ئارەزووو ناکامییەکانی لایەنی تێکشکاوە. ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو، بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتناسی، لە پشتیوانی دوو کۆڵەکەی گرنگی زانکۆو دامەزراوەکان بێ بەرییە، هەروەها لە گشتگیری، ئیعتبار یان توێژینەوە زەبەلاحەکانی هیچ سوودێکی پێ ناگا. ڕۆژهەڵاتناسیئاوەژوو، لە ڕۆژهەڵاتناسی پەرشوبڵاوتر، تێپەڕیوتر، نادیارترو پارچە پارچەترە. ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتناسی پشتی بە زانستی بایەلۆژی‌و ئەنترۆپۆلۆژی نییە، لەجیاتی ئەوە بانگەشەکانی خۆی لەسەر بنەمای زەمینە بەهاییەکانی وەکو حیکمەتی ئیلاهی، ئەفسانەناسی، عیرفان، ئەخلاقییات‌و شیعر دەچەسپێنێ (١٨). بەکورتی ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو نەدەتوانێ ئیدعای جیهانگیری‌و زانستی ڕۆژهەڵاتناسی هەبێ‌و نەخاوەنی هێزێکی ئەوتۆ بوو کە ئەگەر بیویستایە لە توانایدا هەبێ شووناسێك یان ئایدۆلۆژیایەکی گشتگیر بەسەر ئەویتری ناڕۆژهەڵاتیدا بسەپێنێ. دەتوانین بڵێین کە لە فەزای پاش ئیستعماریدا، جەماوەری موستەعمەراتەکان بە پەنابردن بۆ ((ئەویترسازی خۆیان)) دژ کردەوەیان لە دژی حاڵەتی ژێردەستی پێشووی خۆیان نیشان دا (١٩). ڕۆژهەڵاتناسی ئاوەژوو نموونەیەکی بەرجەستەیە بۆ لێك چواندن بە غەیرە. بۆ تەمسیل‌و ناساندنی ڕۆژهەڵات، پەنابردن بۆ بە ڕۆژهەڵاتناسانەتر کردنی پێویستە. مەرجی سەرەکی وێناسازیی ڕۆژهەڵات بریتی بوو، لە بانگەشەو بەهێزکردنی تایبەتی بوونی، ستایشی جیاوازییەکانی‌و تەئکیدی شێلگێرانە بوو لە غەیرییەتی لەگەڵ نموونەی سەرەکیدا

چەمکی زات سازانەی ڕۆژهەلأتو ڕۆژئاوا دیسان هەلی بۆ ((جوگرافیای تەخەییولی)) ڕەخساند تا بەشێوازێکی ئاوەژوو کار بکا. بەم جۆرە ڕۆژهەلأتی توانی ((ڕۆژئاوا)) بەشێوەیەکی سیمبۆلیكو مانا ناسانە لە ڕوانگەی ((ئەویتر))و یان لە دەلاقەیەکی تەسکترو لە شێوەی ((دوژمنێك)) سەیری بکا. بەکوورتیەکی ڕۆژهەلأتناسی ئاوەژوو دەستکردی گوتارێکە کە بەرەو جیاوازی سازی مەیلێکی بەهێزی هەیە. ئەو گوتارە خۆی ئیعتیبار دەبەخشێو وەردەگرێ. لە پێناوی بێ هاوتا بوونو تایبەتی کردنی ڕۆژهەلأت لەسەر ئەویتر بوونی خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوادا پێدادەگرێ. نسبەت دانی ((زات))ێك بە ڕۆژئاواو ڕۆژهەلأت یارمەتیی بە پەروەردە بوونی هەستی ناوچەگەریو ناسیۆنالیستی کرد.

## ناوچەگەرایی nativist

مەقبوولێیەتی ڕۆژهەلأتناسی ئاوەژوو لە نێو سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرەکانی جیهانی سێیەم بۆ خۆی نموونەیەکی بەرچاوی ئامادەیی گشتگیرو جازبەی پڕ لە وەسوەسەی ناوچەگەراییە. دەتوانین ناوچەگەرایی لە بەربلأوترین مانادا، وەکو ڕێبازێك پێناسە بکەین کە خوازیاری گەڕانەوە، هێنانەوە، یان درێژەدانی نەریت، بیروباوەڕو بەها کولتوورییە ناوچەییەکانە. ناوچەگەرایی ڕیشەی لە بیروباوەڕی قووڵی بەربەرەکانی لەگەڵ کولتووری قبووڵ کردنی ئەویدی، نرخ دان بە شوناسی ((ڕەسەن))و ڕاستەقینەیلۆکاڵیو ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ((نەریتە کولتوورییە بێ گەردە ناوچەییەکان))دا هەیە (ویلیامزو کریسمن ١٩٩٤، ١٤). ناوچەگەراییو ڕۆژهەلأتناسی ئاوەژوو هەمان پێوەندی نێوان ئەورووپامەداریو ڕۆژهەلأتناسی سەرەکییان هەیە. ناوچەگەراییو ئەورووپامەداری هەردووکیان چەترێکی ئەنتۆلۆژیو ئەپستمۆلۆژی پێك دێنن کە لە ژێریدا داڕشتنی تیۆرێك بۆ ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووو ڕێبازێکی سیاسی مومکین دەبێ. لە کاتێکدا ئەورووپامەداری لایەنگری لە هەندێ بیرۆکەی وەك بێ هاوتاییو گرنگتربوونی ڕۆژئاواو چارەنووسی بێ ئەملاو ئەولای ڕۆژئاوا دەکرد، ناوچەگەراییش کەوتە جاڕدانی ئەو ئایدیا نوێیەی کە پێویستە ئەو ڕیوایەتە بەرزەفڕو سەر مەشقانە وازیان لێ بهێنرێ، بڕووخێنرێن، ئاوەژوو بکرێنو بپێچرێنەوە. ناوچەگەرایی لە دایك بووی بارودۆخی ناسکی ئیستعماریو فەزای پڕ لە ڕەنجو کوێرەوەریی سەردەمی بەئیستعمار بوونی پاش جەنگی دووەمی جیهانییە، ئەو قوتابخانەیە دەربڕی دژکردەوەیەکی کولتووری بوو کە لە لایەن بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەم، لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەلأتەوە تا ناوچەی کارائیب، کە خوازیاری ئەوەبوون جەخت لەسەر سەربەخۆیی تازە وەچنگ هاتووی خۆیان بکەنەوە. لایەنگرانی ناوچەگەری لەسەر ئەوە سوور بوون دەبێ کۆتایی بە کۆیلەیی فیکریی خۆیان بێننو حەلقەی زنجیری ئەو سووکایەتییەی کە ساڵەهای ساڵە لە گەردنیان کراوە بپچڕێنن. ڕزگار بوون لە کۆتە دەروونییەکانی ئیستعمار بە مەرجی سەرەکی دادەنرا بۆ دەست گەیشتن بە ((شووناسێکی ڕەسەن)). سایکۆلۆژیستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لەسەردەمی قەیراناویدا گەڕان بەدوای وەدەستهێنانی ((شووناس)) چ لە ئاستی تاکە کەسیو چ لە ئاستی گشتیدا، دەگۆڕێ بۆ گرفتێکی ئاگایانەو حەتمی. لەدوای جەنگی دوەمی جیهانی، ئەوکاتەی ئیمپراتۆرییە ئیستیعمارییە کۆنەکان شوێنی خۆیان دا بە بونیادێکی مەزنخوازانەی نوێی دەسەلأت، ئەو ((قەیرانە)) سەری هەڵدا. کۆتکردنی ئاشکراو توندوتیژی بەشی هەرەگەورەی جیهان بە دەستی زلهێزە ئەورووپییەکانەوە، ماڵاوایی دەکرد تا شکلێکی جوانترو جێگیرتر بۆ دەسەلأتی ئیمپریالیستی بکاتەوە. لەو ساتە زەمەنییەدا ((موستەعمەراتەکانی)) پێشوو گۆڕان بۆ دەوڵەت – نەتەوەی نوێ، یان هەروەك بندیکت ئیندرسۆن بەشێوەیەکی جوانتر ناوی ناوە، لە شێوەی ((کۆمەڵگاخەیاڵییەکان)) یەك لەدوای یەك سەریان دەرهێنا (ئیندرسۆن ١٩٩١). لەگەڵ سەرهەڵدانی بە ئیستعماربوونی سیاسی لە بەشێکی گەورەی ئاسیاو ئەفریقا لە دەیەکانی (١٩٥٠و ١٩٦٠)ی زایینیدا، ناسیۆنالیزم بوو بە ئایدۆلۆژیای زاڵو هێزی سیاسی ڕێکخەرو تەیارکەری سەردەمی خۆی. بەشێکی زۆر لە ڕێبەرو بیرمەندە ناسیۆلیستەکانی جیهانی سێیەم وەکو یاسر عەرەفات، ئەحمەد بن بێلا، ستیڤێن بیکۆ (٢٠)، هەواری بوو میدیەن، ئامیلکار کابرال، ڤیداڵ کاسترۆ، ئیمەسەزەر، فرانتس فانون، پاولۆ فریر (٢١)، ئەرنستۆ گیڤارا، س.ل.ر. جیمز (٢٢)، گابرێل گارسیامارکیز، ئالبێرت ممی، محەمەد موسەدیق، جەمال عەبدوناسر، جەواهرلەعل

(لال)نەهرۆ، پابلۆنیرۆدا، قەوام نەکرومە، والتێررادنی (٢٣). لیۆپۆڵدسدار سنگور، سوکارنوو مائوتسەدون بەسەر گوتار، ڕیوایەت، تەخەیولاتو وتەبێژیو هەروەها ئارەزووی بە ملیۆن کەس لە خەڵکی نەتەوەی خۆیاندا زاڵ بوون. بانگهێشتی ڕێبەرو بیرمونده ناسیۆنالیستەکان بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی، ڕەسەنایەتیی کولتووریو مەعریفەی لۆکالیی زۆرتر ڕیشەی لەدەرگیرییەکی زەینی، هەم واقیعیو هەم خەیاڵی لەگەڵ یەکتردا، هەبوو. واقعییەتی وتەبێژی ناسیۆنالیستی ڕیشەی لەناو ئەو شەپۆلە سەرەڕۆیە دابوو کە ئەو کۆمەڵگایانە لە ڕابردوویەکی نەهێندە دووردا بە پێستو خوێنەوە ئەزموونیان کردبوو. لەلایەکی ترەوە ڕەهەندی تەخەیولی جیهانی سێیەم لەو شوێنەوە سەرچاوەی دەگرت کە نوخبە فیکرییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە چوارچێوەی زەینیو دوالیزمی سازی ئاغاکانی پێشووی خۆیان بە هەڵە یان بە ئاسانی کردە هی خۆیان. ئەوەی بووە پاڵنەرێکی زیاترو خێراتر بۆ ئەو ڕەوتە، سەرەڕای ڕێبەرە ناسیۆنالیستەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، قوتابیانی زانکۆی دەرس خوێندوو لە ڕۆژئاواو تەنانەت جەماوەریش، دەستیان کرد بە هەڵمەتێك بۆ ئەوەی لەبارەی خۆیان، لە ڕوانگەی جیاوازەوە قسەبکەنو بنووسن (٢٤ ). لە نێو هەموو ڕۆشنبیرانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی کە لە ڕیزی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەمدا قەڵەمیان دەگێڕا پێویستە فرانتز فانون (١٩٢١ – ١٩٦١)، دەروونپزیشكو تێکۆشەری شۆڕشگێڕی خەڵکی دوورگەی مارتینیك بەڕەسەنترو بێ هاوتاتر دابنێین. لە زۆر لایەنەوە دەتوانین سەلاحییەتی بیدعەت گوزاری گوتاری بەرانبەر کە لێرەدا ناومان ناوە ((ناوچەگەرایی)) بدەین بەو. دۆزەخییەکانی سەر زەوی فانون هەندەسەی گوتاری ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەمی گۆڕی. بۆ یەکەمین جار بوو ڕۆژئاوا، نەك تاکی ناوچەیی، وەکو ((ئەویتر)) پێناسە کرا. بەوتەی سوها سەبباغ (١٩٨٢، ٣) ئەو کتێبە وەڵامی نیازی ((چارەسەرکردنی گرفتی ئیستعماری لە ئاستی دەق)) دا دایەوە، فانون چووە سەر ئەو بابەتەی کە چۆن خەڵکی جیهانی سێیەم دەتوانن پێشی ئەوە بگرن کە ڕۆژئاوا ئەوان لە ڕووی ئەپستمییەوە ڕامو داگیر بکا. فانون بەشێوازێکی شاعیرانە نەك تەنیا ئیستعمارچییەکان تاوانبار دەکا بەڵکو ئیستعمارکراوەکانیش دەداتە بەر ڕەخنە چونکە ئەو وێنەیەی ئیستیعمار



لەوانی وەکو ((ژێردەستە)) کێشاوە بە دەرونیان کردووە. بە بڕوای فانون ناسکترین ساتی ئیستیعماری ئەو کاتە ڕوودەدا کە ناوچەیی سووکیو ژێردەستەیی خۆی قبووڵ دەکاو دەکەوێتە هەڵکەندنو سەرکوتکردنی نەریتە فیکرییەکانی خۆی. لەم کاتە بەدواوە بۆ ئیستیعمار کراوەکان بارودۆخێکی تایبەتی سایکۆلۆژی دروست دەبێ کە تەنیا وایان لێ دەکا لاسایی (( ئەوانی)) دەسەڵاتدا بکەنەوە، واتە نە هەرگیز لە گەڵیاندا ببن بەیەكو نەهیچ کات لێیان جیا ببنەوە. بە بڕوای فانون تا ئەو کاتەی ئەو ئاگاییە خزمەتکارانەیە لەنێونەچێ ناتوانرێ ئازادی بەدەست بهێنرێ. کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە نۆکەریو خاکە ڕێیە (سەرەڕای بەرگریو بەربەرەکانیی سیاسی) پێویستی بە بونیادشکێنیو خولْقاندنی دژە ڕیوایەتێکە کە سنوری منی ئیستیعمارکراو ئەویتری ئیستیعمارگەر سەر لەنوێ دیاری بکاتەوە. فانون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لە ڕێگای پشت بەستن بە خێرخوازییەکانی ڕۆژئاوا ناتوانرێ سەربەخۆی سیاسی بەدەست بهێنرێ. چونکە سەربەخۆیی دەسێندرێ نادرێ (٢٥). هەر بەو شێوەیە ئەگەر دۆزەخییەکانی سەرزەوی واز لە پێناسە، وەسفو وشەکانی ڕۆژئاوا نەهێنن ناتوانن دۆخی وابەستەبوونی فیکری خۆیان بگۆڕن، یەکەمین دڵەڕاوکێ، فانونی بەرەو بەشداری لە شۆڕشی ئەلجەزایر پەلکێشی کرد، دووەمیشیان هانی دا پێستی ڕەش، ماسکە سپییەکان (١٩٦٧) بنووسێ کە تێیدا بە توندی خود شەیدایی، ڕەفتاری لاساکەرەوانەو ئاگایی نۆکەرانەی ناوچەییەکان خراوەتە ژێرڕەخنەوە، فانون لەهەردوو حاڵەتەکەدا تێکۆشا ئامادەیی مێژووی ((منی)) ناوچەیی، لە ڕێگای ئاوازبەخشین بە دەنگە پەراوێزییەکەی، زیندوو بکاتەوە، بەم جۆرە وە هیواداربوو کە مرۆڤی ناوچەیی لە خامۆشی دەروونگەراو خۆخواردنەوە بێنێتە دەرو ڕێگای بەرهەڵستیو هاوارکردنو دووبارە خوێندنەوەی مێژووی خۆی نیشان بدات. فانون لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە ڕێگای هێنانەدەری ناوچەییەکان لە لاوازیو نەزۆکیو هەستی خۆبەکەمگرتن لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا ((نووسینی بەرانبەرە)). ڕێگای بەدەستهێنانی شوناسی ڕاستەقینە ئەو کاتەیە کە لە قۆناغی یەکمدا مافی ڕیوایەتگەری لە ڕێگای نووسینەوە بە چنگ بهێنرێ، ئەگەر بڕیارە ناوچەییەکان لە گرێی حەقارەتی بەدەروونی کراوی خۆیان ڕزگاریان بێت پێویستە

لەگەڵ ستراتیژی لاسایی‌و مۆدێرنیزمی تەزویری نوخبە ناوچەییە ڕۆژئاواگەراکان (یان بە وتەی فانون ((درۆ سپییە بزۆکەکان)) ) بکەونە ململانێوە. کەواتە پێویستە ((ناوچەگەرایی)) هەم لە ئاستی دەق هەم لە ئاستی ئاگایی سیاسی وەکو وەلامێك بۆ ئەوروپامەداری‌و ئیستیعمار سەیر بکرێ. بەواتایەکی دیکە، ناوچەگەری تەنیا سیمبولێکی بەرگریی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەم نییە بەڵکو هەر ئەو گوتارەیە کە لە پێناویدا دەست دراوەتە تێکۆشان. ناوچەگەرایی هەر لە سەرەتاوە، خۆی بە شتێکی زیاتر لەوە ناساند کە تەنیا وەلامدانەوەیەکی سیاسی بێ بە ئیستیعمار. ناوچەگەریی، وەکو مەزهەری ناسیۆنالیزمی کولتووری دەورانی پاش ئیستیعمار، بەمەبەستی پێك هێنانی جەمسەرێکی پێچەوانەی ئەوروپامەداری تێدەکۆشا، ڕەخنەگرتن لە ئیمپریالیزم‌و ئیستیعمار، ڕێگای خۆش کرد بۆ تاوانبارکردنی تیۆرییەکانی زانستە کۆمەلایەتییەکانی ڕۆژئاوا، ڕەخنەگرەکان تیری خۆیان لە زمان، چەمکەکان‌و گریمانەکانی زانستی کۆمەلایەتیی ڕۆژئاوا گرت کە بانگەشەی جیهانشموولی هەبوو. بەشێوەیەکی بەرهەق‌و زۆر بە توندی بەلگە هێنرایەوە کە پێویستە توێژینەوە زانستییەکان لە جیهانی نارۆژئاوایی لە پێکهێنان‌و بەکاربردنی ئەو چەمك‌و تیۆرییانەی کەلەگەڵ زەمینەی کۆمەلایەتی — مێژوویی، تایبەتمەندی کولتووری، جیهانبینییەکان‌و هەروەها نەریتە فیکرییەکان ئەو کۆمەلگایانەدا ڕیشەی هەیە‌و دەگونجێ دەبێ ((خۆجێی — لۆکالی)) بکرێ. (٢٦) بەکورتی‌لایەنگرانی ناوچەگەرایی، لە ژێر ئالای ڕەسەنایەتی بەخشین‌و لۆکالی کردن، مێژوویی بوون‌و جیهان شموولی‌و هەروەها خود شەیدایی، ڕێبازی زانستە کۆمەلایەتییەکانی ڕۆژئاوایان خستە ژێرپرسیارەوەو ئاگاداریيان کردینەوە کە دەبێ لە بەرانبەر ئەندێشە، واتاکان‌و تیۆریی زانستە کۆمەلایەتییەکانی ڕۆژئاوا کە ڕواڵەتێکی جیهانشموولیان پێدراوە،ئامادەبین‌و لە کاتی پێویست پەردە لەسەر ڕوخساریان هەلمالدرێ. ئەو جۆرە هەولانە کە بەمەبەستی بەرتەسککردن‌و لە چەق دەرپەڕاندنی شێوازەکانی مەعریفەو ئەندێشەی ڕۆژئاوایی ڕوویدا یەکجار گرنگ بووو (ئێستاش گرنگە))، ڕۆشنبیرانی جیهان — نیشتمانی‌و پەروەردە بوو لەسەر کولتووری (ڕۆژئاوا)ی جیهانی سێیەم، بەردەوام لە بەرانبەر بەلگەی



ناوچەگەراییەکان کەوتنە بەکارهێنانی تانەوتەشەر یان سەرزەنشت‌و لەناوبردنی، بەلام هیچ کام لەو ستراتیژانە بۆ بێ ئیعتیبار کردنی ناوچەگەرایی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو. گرنگی‌و سەرنج ڕاکێشی ناوچەگەرایی پێوەندی بە دوو واقیعەوە هەیە: یەکەمیان بە جیهانی بوونی سەرمایەداری‌و مۆدێرنیتە لەم سەدەیەدا، ((جیهانی ژینی)) توێژە کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکان گۆڕیوەو هەر بۆیە بەشێکی زۆریان کاتێ هەست دەکەن، خەریکە پێوەندی تەقلیدی بنەماڵەی، خێڵەکی، ئەتنی‌و نەتەوەییان لەناو دەچێ، بەرەو بیرکردنەوەوبزاڤو جموجۆڵی سیاسی هان دران، دووەم شکلّ گیری چینە کۆمەلایەتییەکان (کۆچەرە تازە هاتووەکان)، کرێکارە میوان یان وەرزییەکان، شارنشینی نەوەی یەکەم.. تاد) لەسەر پانتایی شانۆی سیاسیدا لێشاوێکی گەورەی لە لایەنگر، سەربازو گومڕاکارەکان بۆ ناوچەگەرەکان ئامادە کردووە، هەروەها پێویستە هەر لەو ڕاستایەشدا ئەوە زیاد بکەین کە بە پێچەوانەی کلێشە باوەکان، ناوچەگەرایی بەمانای نائاگایی لە مۆدێرنیتە نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە بە دیادەیەکی مۆدێرن دابنرێ، چونکە دەستەواژەی ((بۆخۆت بە)) کە مرۆڤ بەرەو ڕەسەنایەتی پاڵدەنێ خۆی دروست کراوی چەرخی مۆدێرنە. ئەگەر مۆدێرنیتە وەکو گشتێك نەك وەکو بونیادێکی ئەبستراکت سەیر بکەین دەرخستنی ئەو کارە نابێ هێندە دژوار بێ کە ئیدیعای ناوچەگەرەکان بۆ بوونی ڕەسەنایەتیی کولتووری خۆیان لە پەیوەست بوونیانە بە چەرخی نوێوە. بەلام دەرککردنی لایەنە پۆزەتیڤەکانی ناوچەگەرایی نابێ ببێتە هۆی پەسندکردنێکی بێ ڕەخنەگرتن، چونکە ناوچەگەرایی، هەم لە ڕووی ئەبستمۆلۆژی‌و هەم لە ڕووی ئەخلاقییەوە کەموکوڕی زۆری هەیە (٢٧) یەکەم، ئەنتۆلۆژی بونیادییانەو خودسازی ناوچەگەرایی کە هەموو شتێ بەشێوەی دژایەتییەکی دوولایەنە لە نێوان ((ڕەسەن))و ((بێگانە))دا دەبینێ، زۆربەی کات دەبێتە هۆی ڕەفزکردنی هەموو شتێکی ناناوچەیی‌و ناتەقلیدی لە ژێر ئالای ((بێگانەیەو ترسناکە)) (مقدم، ١٩٨٩، ٨٧). ((ڕەسەن پەرستی)) ناوچەگەرایانە زۆربەی کات لایەنگرەکان بەرەو ئینتیمایەکی توند بۆ بت سازی‌و ستایش کردنی جیاوازی هان دەدا. ئیدوارد سەعید بەسەیرکردنی ناوچەگەرایی وەکو قۆناغی منداڵی ناسیۆنالیزمی کولتووری لە

جیهانی سێیەمدا ڕەخنە لە نەبوونی یادەوەری مێژوویی دەگرێ، لەو بارەیەوە دەنووسێ: ((ناوچەگەرایی بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی ڕیوایەتی خەڵك خەڵەتێنە لەمەڕ ڕابردوو و واقیعیەت کە زۆربەی کات لە پێوەندی زەمانی جیهانی ئێستاش ئازادە. ئەو ئینتیمایە لە زاراوەی ڕەسەنایەتی ڕەشپێستەکانی (٢٨) لیوپۆڵدسدار سنگور یان بزووتنەوەی ڕاستافاریان (٢٩) یان بزووتنەوەی گەڕانەوە بۆ ئەفریقای گارڤیات (٣٠) بۆ ڕەش پێستەکانی ئەمەریکا، یان کەشفی دووبارەی خودە پاکە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی بەر لە ئیستیعمار، بەباشی دەبینرێ)) (سەعید، ١٩٩٣ ، ٢٢٨). سەعید لە درێژەی بابەتەکەیدا بەم جۆرە ڕاکردنی ناوچەگەرەکان لە مێژوو دەداتە بەر ڕەخنە: پەسندکردنی ناوچەگەرایی واتە پەسندکردنی دەرەنجامەکانی ئیمپریالیزم، ئەودابەشکردنە ڕەگەزی، مەزهەبیو سیاسییەی کە ئیمپریالیزم بەسەریدا سەپاندوون، وازهێنان لە جیهانی مێژووداربۆ مەراییو خۆبەستنەوە بە میتافیزیکی زاتی وەکو ((ڕەسەنایەتیی ڕەش پێستەکان))، ئێرلەندا گەرایی، ئیسلام، یان مەزهەبی کاتولیزم، واتە دەسبەرداربوون لە مێژوو لە پێناوی ئەو خودسازییانەیە کە هێزی ئەوەیان هەیە مرۆڤەکان لە گیانی یەکتر بەردەن، ئەو جۆرە وازهێنانە لە جیهانی نامەزهەبی ئەگەر خاوەن بنکەیەکی جەماوەری بێ،هەمیشە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لە هەزارەگەرایی، یان بۆتە شێتی کورتخایەنی تاکەکەسی، یان هانی ئیمپریالیزمی داوە بۆ پەسندکردنی ناعەقڵانی کڵێشە مەزهەبییەکان، ئەفسانەکان، دوژمنایەتییەکانو نەریتەکان. ئەوەی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارییە گەورەکان وەکو ئامانجی وێنای دەکەن، ناکرێ بەرنامەیەکی لەم چەشنە بێت (سەعید، ١٩٩٣، ٢٢٨ — ٢٢٩).

هەروەها دەکرێ ڕەخنەی ئاراستەی ناوچەگەرایی بکرێ بەهۆی کێشە پڕ لە هەراو هەنگامەکانی کە زۆربەی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەمی گرفتاری پەشێوی قاڵبی زەینی بیرتەسکانە، بیرتەمومژاوی، نامۆبوونو وڵات پەرستی کردووە. دەتوانین ناسیۆنالیزمی دژەبێگانە، زەینییەتی ئاژاوەچی، ڕووحییەتی میلیتاریستیو ئینتیمابەرەو دژە ڕۆژئاوایی بە ئامانجەکانی گوتاری ناوچەگەری دابنێین. هەروەها پێویست بەوتن نییە کە ئەو جۆرە بیروبۆچوونە، لەگەڵ ستایش کردنی بێ



ڕەخنەی ڕابردووو هەموو ئەو شتانەی لۆکالیین، دەتوانێ دەرەنجامێکی شوومی هەبێ بۆ پرۆژە پێشکەوتنخوازەکان.

## پەراوێزەکان

١-هیێشم جایت

٢-دەنووسێ: (( هەندێ لە تەکنەلۆژیاکان بۆ خۆیان مۆڵەت بە تاکەکان دەدەن بە ئیمکانیاتی خۆیان یان بەیارمەتیی کەسانی دیکە لەسەر جەستەکان، بیرەکان، کردەوەکان، شێوازەکانی وجوودی خۆیان، کۆمەڵەکارێك ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك لە خۆیاندا پێك بهێنن تا بەهۆیەوە بگەنە حاڵەتێکی دیاری کراو لە شادی، پاکی، عەقڵ، کەمال یان جاویدانی)) (فوکو،١٩٨٨، ١٨)

٣-فوکو، (١٩٦٥، ١٩٧٥، ١٩٧٩، ١٩٨٠).

٤- مەبەست لەو وشەیە کردەیە کی زمانییە کە کۆمەڵێك لە قەواعیدو ڕێسا بۆ شکڵدان بەشتی وتەبێژانو بابەتەکان بەکاردێنێ، فوکو گوتار (Discoure) بەزەمینەی مەفهەمێك دەزانێ کە تێیدا مەعریفە لە دایك دەبێ، بەڵام ئەو مەعریفەو گریمانانە، ڕێساو بەرنامەیکارەکانی هەموویان بەشێوەیەکی کۆ مەلایەتیو سیاسی دادەڕێژرێن، بە واتایەکی تر، بەدەنەکانی مەعریفە، بونیادی سەربەخۆی فیکری نین بەڵکو شوێنگەی دەسەڵاتیشن — ئەو شوێنگانەی کە تێیدا مەعریفەو دەسەڵات بە ئازادی ئاوێتەی یەکتر دەبن.

٥-فوکو ((کرداری گوتارە)) بەم جۆرە پێناسە دەکا: ((کۆمەڵە ڕێسایەکی بێ ناونیشانی مێژوویی کە لە زەمانو فەزایەکدا دەورانێکی دیاریکراو پێك دەهێنێو بۆ پانتایی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جوگرافی، یان زمانی دیاریکراو، بەردەوام هەلومەرجی کارکردن بەیانی دیاری دەکا)) (فوکو، ١٩٧٢، ١١٧).

٦- لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا فوکو ئا گاداری ئەو توانایی بوو کە زۆر بە توندی لە گوتاردا وجوودی هەبوو، فوکو لەو بارەیەوە نووسی: (( گوتارەکان بەردەوام لە بەرانبەر دەسەڵاتدا تەسلیم نابن بەڵکو زیاتر لەوەی ملکەچی بن لە دژی ڕادەپەڕن. پێویستە ئاگاداری ئەو ڕەوتە ئاڵۆزو ناجێگیرە بین کە گوتار لە ڕێگایەوە هەم دەتوانێ ئامرازو ئەنجامی دەسەڵات بێو هەم ئاستەنگ، ڕێگر، خاڵی

بەربەرەکانیّو سەرەتای خاڵێك بیّ بۆ ستراتیژییەکی پێچەوانە، گوتار دەسەلأت دەگوێزێتەوەو پێکی دێنیّ، بەهێزی دەکا بەلأم لاوازیشی دەکاو هەڕەشەشی لیّ دەکا، بۆ تێکشکان ئامادەی دەکاو هەلی بێبارگەکردنی پێك دەهێنیّ)) (فوکو، ١٠٠، ١٠١).

١- لایەنگری لە ئازادی ژنان .

**8- Salava Paradim**

٩- (**G.B.Vico** )، فەیلەسووفی ئیتالی (١٦٦٨- ١٧٤٤).

**10- Lettres Persanes**

**11- Hermeneutical**

١٢- مارشال بیرمەن لە کتێبە بەکەڵکەکەیدا چوار خەسڵەتی سەرەکی چەرخی مۆدێرنیتە بەم شێوەیە ناو دەبا:

١- مۆدێرنیتە دیاردەیەکی تایبەتە بە تاکی ئەورووپی،

٢- مۆدێرنیتە جەمسەربەندی تەقلیدی پێش مۆدێرنی لەمەڕ جیهانی وەهمی لە بەرانبەر جیهانێکی واقیعیدا گۆڕی،

٣- شۆڕشی بۆرژوازی بە پەردە هەڵماڵین لەسەر وەهمی مەزهەبیو سیاسی، ((هەڵبژاردنو ئومێدی تازەی کەشف کردووەو دۆزیوەتەوە))،

٤- بۆرژوازی نەتەنیا ئابووریيەکی ئازادی پێك هێناوە، بەڵکو ئازادی کڕینو فرۆشتنو هەوڵدان بۆ باشترین مامەڵەی سەرەڕای شتومەك لە زمینەی بیروبۆچوون، ئەنجوومەن، یاساو سیاسەتە کۆمەلأیەتییەکاندا پێك هێناوە (بێرمەن، ١٩٨٨، (١٣-٣٦)، (١٠٥-١١٤) ).

١٣- سەعید دەڵیّ: ((مێژووی ڕۆژهەلأت- بۆ هیگڵ، بۆ مارکسودواتر بۆ بورکهارت، نیچە، ئیشپنگلرو فەیلەسووفەکانی تری مێژوو- لەو ڕووەوە بە کەڵك بوو کە وێنەی سەردەمێکی درەخشانی نیشان دەدا کە هەردەبیّ بەسەرریدا تێپەڕین)) (سەعید،١٩٨٥، ٥).

١٤- فوکو (١٩٨٠، ١٠١) ئەگەری ((گوتاری ئاوەژووی)) وەکو کردەوەیەکی یاخییانە پەسند دەکرد، ئەو لەمەڕ هۆمۆسێکسوالیتی وەکو گوتارێکی ئاوا نووسی: ((بە نوێنەرایەتی لە لایەن خۆیەوە دەستی بەقسەکردن کردو خوازیاری ئەوە بوو کە ڕەوایی یان ((سروشتی بوونی)) پەسند بکریّ، لەو کارەدا ئەو بەردەوام هەمان ئەو وشەو چەمکانەی بەکاردەبرد کە هەر لەسەر بنەمای ئەوان لە ڕوانگەی پزیشکییەوە نەفی (ڕەفز) کرابوو))

١٥- (العظم) لە جیهانی عەرەبیو و لأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوێندوویەتی. نامەی دکتۆراکەی خۆی لەسەر فەلسەفەی ئەخلاقی هانری برکسۆن لە ساڵی ١٩٦١ پێشکەشی زانکۆی یێل کردو دەرچوو، پاش وانەوتنەوە لە لبنانو ئوردن گەڕایەوە سووریەو لە ساڵی ١٩٧٧وە لە زانکۆی دیمەشق مامۆستای فەلسەفەی مۆدێرنی ئەورووپا بووە، ئەلعەزم لە ڕابردوودا سەرنووسەری گۆڤاری خوێندنەوەی عەرەبی (**Arab studies Review**) بووە هەروەها ئەو کتێبانەی نووسیوە: النقدالذاتی بعد الهزیمە، نقد الفکر الدینی، هەروەها ثلاث محاورات فلسفیە: دفاعاً عن المادیە و التاریخ و أثر الپورە الفرنسیە هەروەها: **The Origins of Kant’s Arguments in the Antinomies (1972)**

١٦- من زاراوەی ((ڕۆژهەلأتناسی ئاوەژوو)) لەبەردووهۆ بەسەر ((ڕۆژئاواناسی))دا پەسند دەکەم، یەکەم لەجیاتی ئەوەی چاوپۆشی بکا لە ڕێبازە ئەنتۆلۆژی، میتۆدۆلۆژیو ئەپستمۆلۆژی ڕۆژهەلأتناسی، ئەو گوتارە (غسلی تعمیدی) بەکارهێنانی ئاوەژووی ئەو ڕێبازە دەکات، دووەم ئەولەوییەتی بەپلەی یەکەم لەسەر ڕوانین بۆ ناوەوەیە ( گرنگی دان بە تێگەیشتنی خودی ڕۆژهەلأتی) و تەنیا بە پلەی دووەم ڕوانین بەرەو دەرەوەیە (گرنگی دان بە ((ئەویتری)) ڕۆژئاوایی).

١٧- ئاشیس ناندی، بیرمەندی هندی، لە کتێبی دوژمنی محرم (١٩٨٣) و حسن حنفی، فەیلەسووفی مصری لە کتێبی مقدمە فی علم الأستغراب (١٩٩١) هەوڵێکی ئاگایانەیان داوە بۆ دوورخستنەوەی ئەو بونیادە زەینییە.

١٨- ئەلعەزم بیرمان دەخاتەوە کە ئەو زەمینەی لایەنگرانی هەردوو گوتار گرنگی پێدەدەن بریتییە لە شیکردنەوەی زمان، دەق، زمانناسی مێژووییو بابەتی لەم جۆرە.

١٩- فردریك جیمسون، ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەمریکی، ((ژێردەستەبوون)) ئاوا پێناسە دەکا: (( هەستی خۆ بەکەمزانینی زەینیو خوگرتن بە خزمەتکاریو ملکەچی کە بەناچاریو بەشێوەیەکی بونیادی لەهەلومەرجی زاڵ بووندا پەروەردە دەکریّ)) (جیمسون، ١٩٨٦، ٧٦).

**20- Steve Biko**

**21- Paolo Freire.**

**22- C.L.R. James**

**23- W. Rodny**

٢٤- هەروەها پێویستە ئەوەشمان لە یادبیّ کە هەر لەو سەردەمەدا بوو کە ڕێکخراوی زۆر بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی نەتەوەو ولأتا نی جیهانی شێیەم پێك هاتن، بزووتنەوەی بێلایەنەکان، کۆمکاری عەرەبی، ئۆپێك، ڕێکخراوی ولأتانی ئیسلامیو ڕێکخراوی ولأتانی ئەفریقیایی لەو جۆرە ڕێکخراوانە بوون.

٢٥- فانون لە دۆزەخییەکانی سەرزەوی بەڵگەخوازیی کە بۆ خەڵکی ئیستیعمارکراو توندوتیژی (کە ڕە نگە شکڵێکی سیمبۆلیکیشی هەبیّ) دەکریّ لە ڕووی دەروونییەوە شتێکی ڕزگاری دە بیّ، چونکە ((هێزێکی پاك کەرەوەیە)) کە ناوچەکان لە گرێی خۆبەکەمزانیو هەستی نائومێدی ئازاد دەکا.

٢٦- بۆ نموونەیەکی باش سەیری ئێرە بکە: العتاس، ١٩٩٣

٢٧- هەروەك ماکسیم ڕوونسۆن بەباشی دەریبڕیوە (( نابیّ واتەسەور بکەین هەموو ئەو کەسانەی دوژمنی دەسەلأتن، قارەمانی پاکنو بیروبۆچوونەکانیان هەقیقەتی بیّ غەلوغەشەو کردەوەکانیان

هێمای فەزیلەتو دڵسۆزییە)) (ڕۆدنسۆن، ١٩٨٠، Xiii)

٢٨- (negritude)، ئەو زاراوەیە زیاتر بەمانای ((ڕەش جوانە)) بەکاردێ.

٢٩- (Rastafarian) تاقمێکی مەزهەبییەو لە جامایکا سەریهەڵداو لەسەر ئەو بڕوایەبوو کە سەرەنجام ڕەش پێستەکان بۆ ئەفریقیا دەگەڕێنەوە.

30- Garveyite.

**ژێدەر**

بەشی یەکەمی کتێبی (روشنفکران ایرانیو غرب)، تألیف: مهزاد بروجردی
ترجمە: جمشید شیرازی، چاپی سێیەم، تاران، ١٣٧٨ — ١٩٩٩.

# چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١-راپسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر ،لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری

٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر

٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی

٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەڕ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا.

٥- دەرونزانی، وتار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە، یوسف عوسمان حەمەد

٦-عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە ، لێکۆڵینەوە ، ن: ئیسماعیل کوردە

٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن ، و: ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل

٨-عەلمانیەتو کاریگەرییەکانی ، ن:و: جەمال پیرە

٩-دەسەلآتو حەقیقەت ، و: ئیدریس شێخ شەرەفی

١٠-لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس، و: ئیسماعیل کوردە ، جەمال پیرە